# سیـــمیۆلۆژیای زمانـی سۆفیگەری
# لە شیعرەکانی (مەلای جەزیری) دا

ڕێڤەبەرێ گشتێ و سەرنڤیسەر

**مؤيد طيب**



مافێن چاپکرنێ د پاراستێ نە

©



**کوردستانا عێراقێ ـ دهۆك**

تاخێ مازی - جادا ئاشتی

ئاڤاهیێ سپیرێز

www.spirez.org

www.spirezpage.net

- **ژمارا وەشانێ: (٣٤٨)**
- **ناڤێ پەرتووکێ:** سیمیۆلۆژیای زمانی سۆفیگەری له شیعرەکانی (مەلای جزیری) دا
- **دانانا:** کامەران ئیبراهیم مشەختی
- **تیپچنین:** میدیا فتحی مصطفي
- **دەرهێنانا هونەری:** ناسر منبەری
- **بەرگ:** نەجمەدین بیری
- **سەرپەرشێ چاپێ:** شیروان ئەحمەد تەیب
- **چاپا: ئێکێ**
- **تیراژ:** (٧٥٠) دانە
- **ژمارا سپاردنێ ل پەرتوکخانا بەدرخانیان ل دهوك (٢٧٠٦) ل سالا ٢٠١١**
- **چاپخانەیا: خانی / دهۆك**

**دار سبيريز للطباعة والنشر**

**دهوك**

SPIREZ PRESS & PUBLISHER

DUHOK

# سیمیۆلۆژیای زمانی سۆفیگەری

## لە شیعرەکانی ( مەلای جزیری ) دا


دانانا

کامەران ئیبراهیم مشەختی



2011 سپیرێز

ئەڤ  کتێبە، نامەیەکە (ماستەر)ێ یە، ل سالا ٢٠٠٨ێ پێشکێشی کولیژا ئادابێ زانکۆیا دهۆکێ بوویە، وەکو پشکەك ژ پێدڤیێن پلا ماستەرێ د ئەدەبێ کوردی دا. نامە ب سەرپەرشتیا (د. کەمال مەعروف) بوو.

## پێشکەشە بە:

- گیانی بێگەردی دوو دڵسۆز: باوکی خۆشەویست و باپیری کۆلنەدەرم
- دایکی میهرەبان وهەموو خوشك و برا و خزم و کەس و کارم
- هەڤژین و خۆشتڤیا من میدیاخان کە هاندەر و پشتیوانێکی بەردەواممە
- هەر کەسێك کە پەیڤێکی فێرکردووم
- هەموو هەڤاڵەکانم و بەتایبەت(عبدالمناف و تارق و نزار و سلام و ئەمین و چیا و ماجد و جەنگاوەر و قادر)
- هەموو خەباتکار و شەهیدانی ڕێگای ئازادی کوردستان و بە تایبەت شەهیدانی دەڤەری شێخان

# ناڤەرۆك


پێشەکی.......................................................... ١٣

**بەشی یەکەم: سیمیۆلۆژیای زمان و ئەدەب**.................. ١٩

*باسی یەکەم: سەرهەڵدان، پێناسە،سنوورەکان*............................ ٢١

تەوەرەی یەکەم: مێژووی سەرهەڵدانی سیمیۆلۆژیا..................... ٢١

تەوەرەی دووەم: سیمیۆلۆژیا و پەیوەندی بە بوارەکانی ترەوە............ ٢٥

أ- سیمیۆلۆژیا و گرفتی بەرفراوانی .................................... ٢٥

ب- سیمیۆلۆژیا و زمانەوانی.............................................. ٣٢

ج- پەیوەندیی سیمیۆلۆژیا بە ئەدەبیاتەوە.......................... ٣٧

*باسی دووەم: هەندێ لە بنەماکانی سیمیۆلۆژیا*............................ ٤١

تەوەرەی یەکەم: بنەما سەرەکییەکان........................................ ٤١

أ- نیشانە................................................................ ٤١

- چەمکی نیشانە ............................................................ ٤١

- جۆرەکانی نیشانە.......................................................... ٤٦

- نیشانە زمانییەکان........................................................ ٥٠

ب- کاریگەریی سیاق........................................................ ٥٩

- نرخ و چەمك............................................................... ٦١

تەوەرەکانی سینتاگماتیك و پارادیگماتیك........................... ٦٦

تەوەرەی دووەم:هەندێ بنەما لاوەکییەکان................................ ٧٣

أ - نیشانە لە نێوان لێکولینەوە سنکرونیکی و دایکرونیکیەکان دا....... ٧٣

ب - نیشانە لە نێوان لانگ و پارۆل دا.................................... ٧٥

*باسی سێیەم: هەندێ لە دەسکەوتەکانی سیمیۆلۆژیای مۆدێرن*.................... ٧٨

أ - پەیوەندیی نیشانە بە کۆد و سیمبۆلەوە............................. ٧٨

ب - بەرفراونبوونی واتا، لێڵی ........................................... ٨٥

ج - نیشانە لە نێوان ئاخاوتن و نووسراو دا.................................. ٩٣
د- نیشانە لەپڕۆسەی خوێندنەوە دا........................................ ٩٥
و- پەیوەندی نێوان دەقەکان، دەقاوێزان:...................................... ١٠٠
**بەشی دووەم: گرفت و ئەدگارەکانی نیشانە لە شیعری سۆفیگەری دا........** ١٠٣
*باسی یەکەم: بۆچوونی سۆفییەکان دەربارەی واتای شیعرەکانیان..........* ١٠٥
أ- رۆلی ئیلهام و سەرچاوە میتافیزیکییەکان.................................. ١٠٥
ب- لاوازیی زمان لە پرۆسەی داهێنان و دەربڕین دا............................ ١١١
ج- جیاوازی مەبەست و واتا.................................................. ١١٦
*باسی دووەم: هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی نیشانە لە شیعری سۆفیگەری دا...* ١٢٢
أ- بە نیشانە کردنی ووردە تێکستەکان و کاریگەرییەکانی........................ ١٢٢
ب- لێك ترازانی دال و مەدلوولەکان، بەرفراوان بوونی زنجیرەی مەدلوولەکان............................................................... ١٢٥
ج- پەیوەندیی نیشانە بە ئەزموونی ئاینییەوە................................... ١٣٣
د- شیعری سۆفیگەری لە نێوان کۆدسازی و سیمبۆلسازی دا....................... ١٣٧
*باسی سێیەم: گرفتەکانی پەیوەست بە سیاق لە شیعری سۆفیگەری دا....* ١٤١
أ- دەستنیشانکردنی مەدلوولەکان بە بێ گرنگیدان بە سیاق........................ ١٤١
ب- کاریگەریی میراتی شیعری کلاسیکی و زیندانە نیشانەییەکان....... ١٤٣
ج- کاریگەریی دیاردەی فرەزمانی.............................................. ١٤٨
*باسی چوارەم: پەیوەندی نێوان دەقەکان(دەقاوێزان) و هاتنە کایەوەی تۆڕێکی نیشانەیی...............................................................* ١٥٠
أ- پەیوندی بە سەرچاوە شیعرییەکان و گرفتی لاساییکردنەوە.......... ١٥٠
ب- پەیوەندی بە سەرچاوە ناشیعرییەکان...................................... ١٥٦
*باسی پێنجەم: شیعری سۆفیگەری و گرفتی خوێندنەوە...............* ١٥٩
أ- خوێنەری تایبەت و دەست بژاردە.......................................... ١٥٩
ب- کێشەی فرە زمانی و کاردانەوەی خوێنەر..................................... ١٦١
ج- جیاوازیی خوێندنەوە بە پێی سەردەمەکان................................... ١٦٢
د- رۆڵی نێگەتیڤانەی فەرهەنگەکان و لێکدانەوە تایبەتیەکانی شیعری

سوفیگەری.......................................................... ١٦٣
**بەشی سێیەم: هەندێ لە رەهەندەسیمیۆلۆژییەکانی زمانی سۆفیگەری لە شیعرەکانی (مەلای جزیری)دا............................................ ١٦٧**
*باسی یەکەم: بەنیشانەکردنی وردەتێکستەکان................................ ١٦٩*
أ- بە نیشانە کردن لە سەر بناغەی ئایکۆنی.................................... ١٦٩
ب- بە نیشانەکردنی دوو لایەنە..................................................... ١٧٣
ج- بە نیشانەکردن بە هۆی کۆمەلێك پەیوەندی تر................................ ١٧٥
*باسی دووەم: هەندێ لە شێوازەکانی بەرفراوانکردنی زنجیرەی مەدلوولەکان....* ١٧٧
تەوەرەی یەکەم: سوود وەرگرتن لە لێکترازانی دال و مەدلوولەکان و هاتنە کایەوەی پەیوەندی ستوونی تازە........................................ ١٧٧
تەوەرەی دووەم: فرەواتایی و دوو زنجیرەی هاوتەریب............................ ١٨٣
أ- دالێك و دوو مەدلوولی جیاواز..................................................... ١٨٤
ب- مەدلوولێکی سەرەکی و مەدلوولێکی لاوەکی..................................... ١٨٥
تەوەرەی سێیەم:بەکارهێنانی ناوە تایبەتییەکان.................................... ١٨٧
*باسی سێیەم: پەیوەندی نیشانەکان بە ئەزموونی ئایینی،سازگاری و ناسازگاری..........................................................................* ١٩٠
أ- دالی شەرعی و مەدلوولی شەرعی.................................................. ١٩٠
ب- دالی ناشەرعی و مەدلوولی شەرعی.............................................. ١٩١
ج- دالی شەرعی و مەدلوولی ناشەرعی............................................... ١٩٣
*باسی چوارەم: سیاق و کاریگەرییەکانی لە شیعرەکانی (جزیری) دا ......* ١٩٧
تەوەرەی یەکەم: جیاوازیی کاریگەری و مەدلوولەکانی نیشانە بە پێی سیاق.................................................................................... ١٩٧
تەوەرەی دووەم: پەیوەندییە سینتاگماتیکییەکان و گۆڕینی ئەدگاری نیشانەکان............................................................................... ٢٠٢
أ- بە رووتەوەگەرایی................................................................... ٢٠٣
ب- بەرجستەگەرایی.................................................................... ٢٠٤
ج-  شتگەرایی........................................................................... ٢٠٦

د- زیندەوەرگەرایی .................................... ٢٠٨
- رووەك گەرایی.................................... ٢٠٨
- گیانەوەرگەرایی.................................... ٢١٠
- مرۆڤگەرایی.................................... ٢١١
تەوەرەی سێیەم: تایبەتمەندییەکانی تەوەرەی پاردیگماتیکی............ ٢١٤
أ- پەیوەندییە ئایکۆنییەکان.................................... ٢١٤
ب- گرنگترین کۆمەڵە پارادیگماتیکییەکان و کاریگەرییەکانیان.......... ٢١٦
- کێڵگەی جەنگ و ئامرازەکانی .................................... ٢١٦
- کێڵگەی ئەستێرە ناسی.................................... ٢٢١
- کێڵگەی زاراوە ئایینییەکان.................................... ٢٢٣
- کێڵگەی گوڵ و درەختەکان.................................... ٢٢٤
کێڵگەی مۆزیك و ئامرازەکانی.................................... ٢٢٥
- کێڵگەی مەی و مەی خواردنەوە.................................... ٢٢٦
- کێڵگەی جل و بەرگ و جوانکارییەکانی ئافرەت.................... ٢٢٨
ج- پەیوەندی و نزیکی دالەکان.................................... ٢٢٩
تەوەرەی چوارەم: گرفتی فرەزمانی.................................... ٢٣٠
تەوەرەی پێنجەم: گرفتی لاوازبوونی یەکێتی بابەت و هەولە پۆزەتیڤەکان.................................... ٢٣٢
أ- دووبارەکردنەوەی پەیڤێك.................................... ٢٣٣
ب- شێوازی دوابەسەر کردنەوەی نیشانەکان.......................... ٢٣٧
ج- دابەشکردنی واتا بە سەر چەند دێرێك.......................... ٢٣٩
*باسی پێنجەم:شیعرەکانی (حزیری) لە نێوان کۆدسازی و سیمبۆلسازی دا* ٢٤١
تەوەرەی یەکەم: هەندێ دیاردەی کۆدسازی و کاریگەرییەکانیان......... ٢٤١
تەوەرەی دووەم:سووانەوەی سیمبۆلەکان و لاوازبوونەوەیان.............. ٢٤٥
تەوەرەی سێیەم: بە سیمبۆل کردنی هەندێ لە کۆدەکان................. ٢٤٩
*باسی شەشەم: کاریگەریی پەیوەندییە دەقگیریەکان(دەقاوێزان)* ............ ٢٥٢
تەوەرەی یەکەم: دەقە شیعرییەکان.................................... ٢٥٢

أ- سەلما.......................................................... ٢٥٣
ب- داس و مەهێ نەو......................................................... ٢٥٦
ج- زۆلف و عەقرەب.......................................................... ٢٥٨
د- گۆی و چەوگان.......................................................... ٢٥٩
تەوەرەی دووەم: قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ)................. ٢٦١
*باسی هەفتەم:شیعرەکانی (حزیری) لە پرۆسەی خوێندنەوە دا............* ٢٦٤
تەوەرەی یەکەم: کاریگەری مەسەلەی(سەلما) لە سەر پرۆسەی خوێندنەوە دا............................................................. ٢٦٤
تەوەرەی دووەم: کاریگەری فەرهەنگەکان...................................... ٢٦٧
تەوەرەی سێیەم: کاریگەری گرفتی فرەزمانی................................ ٢٦٩
تەوەرەی چوارەم: کاریگەری سەردەم و جۆراوجۆری خوێندنەوەکان..... ٢٧١
**ئەنجامەکان**............................................................ ٢٧٣
**لیستی سەرچاوەکان**.................................................... ٢٧٩
**ملخص البحث** ............................................................ ٢٨٧
ABSTRACT.................................................................... ٢٨٨
**فەرهەنگۆك**.............................................................. ٢٨٩

# پێشەکی

(سیمیۆلۆژیای زمانی سۆفیگەری لە شیعرەکانی مەلای جزیری دا)،لێکۆلینەوەیەکی سیمیۆلۆژییە لە پێناو بەرجستە کردنی هەندێ لە ئەدگارەکانی نیشانە لە شیعرەکانی مەلای جزیری دا،ئەمەش لە کاتێك دا کە زمانی شیعرەکان ئەو ئاراستەیە دەگرنە بەر کە بە زمانی سۆفیگەری ناسراوە. سیمیۆلۆژیا یەکێك لە بوارە گشتگرەکانی ئەم سەردەمەیە کە لە زۆربەی بیاڤەکان دا سوودی لێ وەردەگیرێت، سیمیۆلۆژیا لە راستییەکانی ژیان دەکۆلێتەوە و وەکو سیستەمێکی نیشانەیی تەماشای ئەم گێتییە دەکات، ئەدەب و بە تایبەتی شیعر یەکێك لەو سیستەمە نیشانەییانەیە کە پێویستییێکی زۆری بە خزمەتگوزارییەکانی سیمیۆلۆژیا هەیە چونکە لەم سیستەمە دا رووی پەیام لە خودی پەیامە و نیشانەکان زیاتر ئاراستەیەکی ناوەکی دەگرنە بەر تاوەکو ئاراستەیەکی دەرەکی، سەرەرای ئەمە خودی سۆفیگەریش رێبازێکە کە زیاتر رێگای دەروون و ناوەوە دەگرێتە بەر بۆیە کاتێك کە شیعر و سۆفیگەری ئاوێتەی یەکتر دەکرێن، ئێدی سیمیۆلۆژیا دەبێت بە ئامرازێکی سەرەکی بۆ لێکدانەوەی شیعری سۆفیگەری، لەم لێکۆلینەوەیە دا هەولی ئەوە دراوە کە ئەم دوولایەنە واتە شیعر و سۆفیگەری کە لە ئەزموونێکی هاوبەش دا ئاوێتەی یەکتر کراون بخرێنە ژێر تیشکی لێکۆلینەوەیەکی سیمیۆلۆژیی.

(مەلای جزیری) وەکو پێشەنگێکی شیعری سۆفیگەری لە ئەدەبی کوردی دا خاوەنی کۆمەلە شیعرێکی وایە کە تێدا نیشانەکان ساتێکیش ئارام ناگرن و بەردەوام خەریکی گەمەکردنن، ئەمانە پەیوەستن بە کۆمەلە پەیوەندییێکی جۆراوجۆرەوە کە هەندێ جار لە خودی نیشانە و هەندێ جاری تر لە جەرگی دەق و هەندێ جاریش لە نێوان دەقەکانەوە سازدەکرێن،زمانی سۆفیگەری لە شیعرەکانی (جزیری) دا لەو پەڕی بەهێزی و جۆراوجۆری دایە بۆیە ئێمە بە پێی توانا هەولی ئەوەمان داوە کە رەهەندەکانی سیمیۆلۆژیای زمانی سۆفیگەری لە شیعرەکانی ئەم شاعیرە دا بەدیاربخەین و ئەم راستییە

بسەلمێنین کە شیعرەکانی خاوەنی کۆمەڵە ئەدگارێکن کە تەنیا بە هۆی سیمیۆلۆژیاوە روون دەبنەوە.

**هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە** بۆ لێکۆڵینەوە بۆ چەند هۆیێکی سەرەکی دەگەرێتەوە، گرنگترینیان ئەمانەن:

**یەکەم:** بە پێی زانیاری ئێمە تاوەکو ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی وا نەکراوە،تەنانەت گرنگیەکی واش بە سیمیۆلۆژیا نەدراوە، سەرچاوەکانی تایبەت بە سۆفیگەریش زیاتر خەریکی دووبارەکردنەوەی کۆمەڵە بیر و باورێکی سۆفیزمانەن کە زیاتر لەوەی بە شیعرەوە بەسترابن بە بیرەوە بەستراون، بۆیە بیرمان لەوە کردەوە کە بە هۆی ئامرازێکی سەردەمانەوە کە سیمیۆلۆژیایە لە شیعری سۆفیگەری کە لە ژێر کاریگەریی لێکۆلینەوە کۆنەکان دایە بکۆلینەوە، شیعرەکانی (جزیری)ش کە زیاتر لە شاعیرانی تر گیرۆدەی ئەم لێکۆڵینەوە دەرەکییانە بوونەتەوە کراون بە کەرستەی لێکۆلینەوە سیمیۆلۆژییەکەمان.

**دووەم:** جگە لە لێکۆلینەوە کۆنەکان لەوانەیە کۆمەڵە لێکۆلینەوەی بنیاتگەری یان شێوازگەریش لە سەر شیعرەکانی (جزیری) ئەنجامدرابن بەلاّم تایبەتمەندییێکی سیمیۆلۆژیا کە لەمانەی پێشوو جیای دەکاتەوە و هاندەرێك بوو بۆ هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بریتیە لەوەی کە سیمیۆلۆژیا سەرەرای ئەوەی کە زیاتر لە هەر فاکتەرێك گرنگی بە دەق دەدات، بە چەند شێوەی جۆراوجۆرەوە لە هەندێ فاکتەری گرنگی تریش کە پەیوەستن بە نیشانەکانەوە دەکۆلێتەوە بۆ نموونە روو لە خوێنەر یاخود دەقەکانی تر دەکات. شیعری (جزیری) وەکو دەقێك کە لە جەرگی کۆمەلگای ئیسلامی ئەو کاتە سەری هەڵداوە خاوەنی کۆمەڵە پەیوەندییێکی تایبەتە کە بە چەندین و لایەن و فاکتەری جیاجیاوە پەیوەستن و ناکرێت وەکو دەقێکی رووت و دوور لە دەوروبەرەوە لێك بدرێتەوە.بە کورتی لە لاییێکەوە نەمان ویست بە تەواوەتی بکەوینە داوی ئەو ئاراستە کۆنانەی کە لە شیعری سۆفیگەری کۆڵیویانەتەوە و لە لاییێکی ترەوە هەوڵمان داوە لە لێکۆلینەوەیەکی ووشکی فۆرمیش دووربکەوین.

**گرفتەکانی لێکۆڵینەوە:**لەو گرفتانەی کە لە کاتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکە هاتوونەتە رێمان،ئاماژە بەم دوو خاڵە دەدەین:

**یەکەم:** بەرفراوانی مەودای سیمیۆلۆژیا یەکێك بوو لە گرفتەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە،بە هۆی ئەو نزیکییە کە سیمیۆلۆژیا لەگەڵ هەندێ میتۆدی تری وەکو بنیاتگەری یان شێوازگەری یان هێرمۆنۆتیك دا هەیە زۆر جار دەستنیشانکردنی سنووری لێکۆڵینەوەکە تووشی گرفت دەبوو و لێکۆڵینەوە بەرەو یەکێك لەم میتۆدانەوە دەچوو، لە ڕێگەی بەکارهێنانی کۆمەڵە سەرچاوەیەکی تایبەت بە سیمیۆلۆژیا هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکەمان دا بەڵام گرفت لەوە دابوو کە لە خودی ئەم سەرچاوانەش دا ئەو سنووردارییە بە تەواوەتی بەدی نەدەکرا.

**دووەم:** کەمی سەرچاوەی زانستی وورد لەم بابەتە دا بە شێوەیەکی گشتی و نەبوونی بە زمانی کوردی بە شێوەیەکی تایبەتی بە گرنگترین گرفتی ئەم لێکۆڵینەوەیە دادەنرێت، دەکرا کۆمەڵە سەرچاوەیەکی تر کە پەیوەست بوون بە بنیاتگەری و لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانی بوواری ئەدەبیش بەکاربهێنین، ئەمەش بە هۆی ئەو لایەنە هاوبەشانەی کە لە نێوانیان دا بەدی دەکرێت بەڵام لە پێناو پاراستنی سنوورەکانی سیمیۆلۆژیا و ئاراستە نەکردنی لێکۆڵینەوەکە بەرەو میتۆدەکانی ترەوە تا پێمان کرا خۆمان لەم سەرچاوانە دوورخستەوە بۆیە لە بەشی یەکەم دا زیاتر بە دەوری چەند سەرچاوەی تایبەتی بە سیمیۆلۆژیاوە دەسووڕێینەوە، سەبارەت بە لایەنی سۆفیگەریش هەمان کێشە لە ئارا دا بوو، سەرەرای هەبوونی ژمارەیەکی زۆر لەو سەرچاوانەی کە تایبەتن بە سۆفیگەری بەڵام زۆربەی زۆریان لە ڕەهەندەکانی بیری سۆفیگەری دەکۆڵنەوە یاخود کەمتر بەرەو لایەنی زمانەوە دەڕۆن بۆیە زۆر جار لە بەشی دووەم دا پشت بە هەندێ سەرچاوە بەستراوە کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە بابەتەکەوە نییە یاخود جاری واش هەیە کە بە ناچارییەوە سەرچاوە بەکارنەهێنراوە.

**پرۆگرامی لێکۆڵینەوە:** لە سەر بناغەی ئەو ناونیشانەی کە هەڵمان بژاردووە لێکۆڵینەوەکەمان بە سەر سێ بەشەوە دابەشکردووە، واتە بەشێکمان تەرخان کردووە بۆ سیمیۆلۆژیا و لە بەشی دووەمەوە شیعری سۆفیگەریمان خستووتە ژێر ڕۆشنایی هەندێ لە ڕەهەندەکانی سیمیۆلۆژیاوە، لە بەشی سێیەمیش دا دوای ئاوێتە کردنی ئەزموونەکانی بەشی یەکەم و دووەم شیعرە سۆفیزمییەکانی جزیریمان خستووتە ژێر تیشکی

لێکۆڵینەوەیەکی سیمیۆلۆژی. بە گشتی پلانی لێکۆڵینەوەکەمان بەم شێوەیە دابەش کردووە:

**پێشەکی:** تێدا ناونیشان و گرنگیی و هۆی هەڵبژاردن و گرفتەکانی لێکۆڵینەوەکە روونکراونەتەوە، هەر وەها ئاماژە بە پلانی لێکۆڵینەوەکەش کراوە.

**بەشی یەکەم:** بۆ مێژووی سەرهەڵدان و سنوور و ئەو پەیوەندییە کە سیمیۆلۆژیا بە بووارەکانی ترەوە هەیە تەرخان کراوە،هەروەها باس لە بنەماکانی سیمیۆلۆژیاش کراوە، لە تەوەرەی یەکەم دا باسی لایەنی مێژوویی و سنووری سیمیۆلۆژیا و پەیوەندی بە زمان و ئەدەبەوە کراوە، لە تەوەرەی دووەمیش دا سەرەتا ئاماژە بە هەندێ لە بنەما سەرەتاییەکانی سیمیۆلۆژیای زمان و ئەدەب کراوە و لە تەوەرەی دووەم دا هەندێ لە بنەما و سەرباوەرەکانی سیمیۆلۆژیای نوێ باسکراون.

**بەشی دووەم:** ئەم بەشە بە سەر پێنج باسەوە دابەشکراوە، لە باسی یەکەم دا گرنگی بەو بۆچوونانەی سۆفییەکان دراوە کە کاریان کردۆتە سەر سیمیۆلۆژیای شیعری سۆفیگەری، لە باسی دووەم دا کۆمەڵێك لە تایبەتمەندییەکانی نیشانە لە شیعری سۆفیگەری دا خراونەتەروو وەکو لێکترازانی دال و مەدلوولەکان، پەیوەندیی نیشانەکان بە ئەزموونی ئاینییەوە، بەنیشانەکردنی نانیشانەکان، نیشانە لە نێوان کۆدسازی و سیمبۆلسازی دا، لە باسی سێیەم دا گرنگترین گرفتەکانی سیاقی شیعری سۆفیگەری باسکراون، لە باسی چوارەمیش دا باس لە دیاردەی دەقاوێزان یاخود پەیوەندی نێوان شیعری سۆفیگەری و دەقەکانی تر بە تایبەت دەقە شیعرییەکان لە رووی نیشانەییەوە کراوە، لە باسی پێنجەمیش دا کۆمەڵە گرفت و ئەدگاری پەیوەست بە خوێندنەوەی شیعری سۆفیگەری خراونەتە روو.

**بەشی سێیەم:** باس لە رەهەندەکان سیمیۆلۆژیا لە شیعرەکانی (جزیری) دەکرێت، ئەم بەشە بە سەر هەفت باسەوە دابەش کراوە لە باسی یەکەم دا چۆنییەتی بەگەڕخستنەوەی نانیشانەکان و بە نیشانەکردنیان لە شیعرەکانی (جزیری) دا باسکراوە، لە باسی دووەم دا ئاماژەکراوە بە هەندێ لە شێوازەکانی بەرفراوانکردنی واتا لە شیعرەکان دا، لە باسی سێیەمیش دا باس لە پەیوەندیی نیشانەکان بە ئەزموونی ئاینییەوە کراوە، باسی چوارەم بە سەر سێ تەوەرە دابەشکراوە لە هەندێ تایبەتمەندیی سیاقی شیعرەکان دەکۆڵێتەوە، لە تەوەرەی یەکەم باسی گرنگیی سیاق و

له تەوەرەکانی تریش ئاماژە بە هەندێ پەیوەندیی سینتاگماتیکی و پارادیگماتیکی لە شیعرەکانی (جزیری)دا کراوە، لە باسی پێنجەمیش دا رادەی سیمبۆلسازی و کۆدسازی لە شیعری جزیری دا هەڵدەسەنگێنرێت، لە باسی شەشەم ئاماژە بە هەندێ پەیوەندیی دەقاویێزانی گرنگ لە شیعرەکانی (جزیری) دەدریت و لە پەیوەندی نێوان دەقەکانەوە دەکۆلرێتەوە، لە باسی کۆتایش دا شیعرەکانی (جزیری) دەخرێنە نێو پرۆسەی خوێندنەوە دا و باس لە کۆمەڵە گرفتێك دەکرێت.

لە کۆتاییش دا گرنگترینی ئەو ئەنجامانەی لە لێکۆلینەوەکە دا پێگەیشتووین، خراونەتە روو.

# بەشی یەکەم:

# سیمیۆلۆژیای زمان و ئەدەب

# باسی یەکەم: سەرهەڵدان، پێناسە، سنوورەکان:

## • تەوەرەی یەکەم: مێژووی سەرهەڵدانی سیمیۆلۆژیا:

ئەگەر بمانەوێ لە سەرەتای هەر زانست یاخود بوارێك بکۆڵینەوە بە تایبەت ئەوانەی بە زانست یان بوارە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان لە قەڵەم دەدرێن لەوانەیە تووشی کۆمەڵێك گیروگرفت و کۆسپی بنەڕەتی و بۆچوونی جیاواز ببین، لەم رووەش یەکلاکردنەوە کارێکی قورسە، بەڵام لە بارەی سیمیۆلۆژیاوە ئەم گرفتە تارادەیەکی زۆر لە ئارادا نییە.

هەندێ لەوانەی کە دەربارەی سیمیۆلۆژیا رای خۆیان دەربڕیوە وا بۆ دەچن کە سەرەتای لێکۆڵینەوە لە سەر نیشانە و کۆمەڵە مەسەلەی تری پەیوەندیدار بە سیمیۆلۆژیا بۆ سەردەمانێکی کۆن دەگەڕێتەوە، هەندێ لەو هەوڵە سەرەتاییانە خزمەتێکی گەورەیان پێشکەش بە مەسەلەی نیشانە و لایەنی واتایی ووشەوە کردووە، وەك ئەوەی کە باسی نیشانە و دوو لایەنی بوونی نیشانە واتە دال و مەدلوولیان کردووە، لەوانەیە کە ئەم هەولانە بۆ سیمیۆلۆژیا سوودبەخش بووبن بەڵام ناتوانین بە سەرەتای سەرهەڵدانی سیمیۆلۆژیایان لە قەڵەم بدەین.

دەتوانین بڵێین کە ئەو هەوڵە سەرەتاییانەی کە لە پێناو روونکردنەوەی چەمکی نیشانە دراون، و ئەو پێشکەوتنەی کە لە بواری لێکۆڵینەوەی واتا دا هاتووتە ئاراوە، زەمینە خۆشکەرێك بووینە بۆ سەرهەڵدانی سیمیۆلۆژیا بەڵام ناکرێت ئەمانە بە سەرەتای سەرهەڵدانی سیمیۆلۆژیا وەکو زانست یان بوارێکی ئەم سەردەمە بژمێردرێن، "بە شێوەیەکی گشتی لە کولتووری رۆژئاوا دا هەرشتێك پێش زانای سویسری (فردیناند دیسۆسێر) و زانای ئەمریکی (چارلز ساندرز پیرس) دەربارەی نیشانەکان ووترا بێت لە روانگەی سیمیۆلۆژیای مۆدێرن بە سیمیۆلۆژیا لە قەڵەم نادرێت."[(1)] کەواتە سەرەتای

---

(١) آنه ماری دینه سن. درآمدی بر نشانه شناسی، ترجمه: مظفر قهرمان، نشر پرسش، آبادان، ١٣٨٠، ص٧.

سەرهەڵدانی ئەم زانستە یان بوارە تارادەیەکی زۆر دەستنیشانکراوە و ئەو تەم و مژییەی کە لە رووی مێژوویی بە بوارە مرۆڤایەتییەکانی ترەوە دیارە دەربارەی سیمیۆلۆژیاوە بە دی ناکرێت.

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم دا دوو بیرمەند لە دوو بسپۆری جیاواز یەکێك لە سویسرا و ئەوی تر لە ئەمریکا پەیوەندییێکی تازەیان لە نێوان نیشانە و زانست دا سازکرد، (فردیناند دیسوسیر) لە لۆزانی پاریس و (چارلسساندرز پیرس) لە زانکۆی شیکاگۆ بناغەکانی لێکۆلینەوەیەکی تازەیان بۆ نیشانەکان دامەزراند و رایان گەیاند کە مەسەلەی مەعریفە پەیوەستە بە ناسینی رەگەزەکانی زمان، زمانیش شتێك نییە جگە لە کۆمەڵە نیشانەیەکی رێکخراو.[1]

ئاراستەی لێکۆڵینەوەکانی هەر کامەیان جیاواز بوو لەوەی تر، "سۆسیر هەوڵی ئەوەی داوە کە مەسەلەی پەیوەندیکردنەوە لەسەر بناغەی نیشانەکان لێك بداتەوە، لەم رێرەوەش گرنگیی بە پێکهاتە کولتوورییەکان داوە، بە پێچەوانەوە (پیرس) کە گرنگیی بە مەعریفە داوە، بە بۆچوونی (پیرس) گەشەکردن و بەرفراوان بوونی سیستەمە زمانییەکان رۆڵی کاریگەریی هەیە لە بەدەستهێنان و تێگەیشتنی مەعریفی، سیمیۆلۆژیای (پیرس) زیاتر مامەڵە لەگەڵ وەسفکردنی دەلالەتەکان و کولتوور دەکات، بەم شێوەیە سیمیۆلۆژیا زەمینە و بناغەی گەشەکردن و بەرفراوان بوونی هەر جۆرە شیکردنەوەیەکە بۆ کولتوور"[2]

سەرەتا ئەوەی کە (سۆسێر) کردوویەتی زیاتر لە چوارچێوەی پێشبینیکردندا بووە، لە پەرتووکەکەی دا پێشبینی ئەوەی کردووە کە زانستێك بە ناوی (semiologie) سەرهەڵدەدات کە گرنگی دەدات بە رۆڵی نیشانە لە ژیانی کۆمەڵایەتی دا.[3] هەر لە کاتی بلاّوبوونەوەی ئەم کتێبە و بە پێی ئەو باسانەی کە سوسیر دەربارەی دەلالەت، دال و مەدلوول، نیشانە، سیستەمی زمان، پێکهاتنی نیشانەکان لە سەربناغەی رێککەوتن،

---

(١) محمد ضمیران. درآمدی بر نشانه شناسی هنر، چاپ دوّم، نشر قصه، تهران، ١٣٨٣، ص٨.
(٢) محمد ضمیران. همان مأخذ سابق، ص٩.
(٣) فردیناند دوسوسور. دوره زبانشناسی عمومی، ترجمه: کورش صفوی، چاپ دوم، نشر هرمس، تهران، ١٣٨٢، ص٢٤.

تەمايوزی بوونی واتا لە سيستەمی زمان دا، سنكرۆنيك بوونی زمان، و هەندێ بیر و چەمكی تر پێشكەش كرد، بناغەی سەرەتايی زانستی سيميۆلۆژيا دامەزرا.[1]

(پیرس)یش هاوكات لەگەڵ (سوسێر) بەلأم لە ئەمريكا بناغەی بۆ ئەم زانستە دامەزراند بەلأم لە ژێر ناوی زاراوەيەكی تر كە ئەويش سيميۆتيك (semiotics)ە، (پیرس) لە لێكۆڵينەوەكانی خۆی دا گرنگی بەو فاكتەرانە داوە كە كاردەكەنە سەر كرداری واتا وەكو رەنگدانەوە،شيكردنەوە ، بابەت، و هەر وەها بايەخی بە دابەشكردنی جۆرەكانی نيشانە داوە.[2]

لە سەرەتا دا سيميۆلۆژيای سۆسیر جيابووە لە سيميۆتيكی (پیرس) و چەند جياوازيێك لە نێوانيان دا هەبووە، ئەمەش بۆ ئەو ئاراستانە دەگەڕێتەوە كە هەڵيان بژاردبوو، واتە ئاراستەی كۆمەلأيەتی و لێكۆڵينەوەی زمانەوانی سۆسیر و ئاراستەی لۆژيكی و مەعريفی (پیرس)"بەم پێيە سيميۆلۆژيا زانستێكە كە لە لايەن (سۆسێر)ەوە پێشبينی كراوە و لە تايبەتمەندييەكانی نيشانە لە ژيانی كۆمەلأيەتی دا دەكۆلێتەوە بەلأم سيميۆتيك وەكو زانستێكی تێركراو بە لۆژيكەوە سەری هەڵداوە، ئەمە لە كاتێك دا كە پێش (پیرس)يش بەكارهێنانی جياوازی لە بواری فەلسەفە دا هەبووە، لە سەر ئەم بناغەيە دەتوانين بڵێين كە ئەم زانستە لە سەرەتای سەدەی رابردوو دا دوو جار لە دايكبووە".[3]

ئێستا پاش ئەو هەموو خزمەت و لێكۆڵينەوانەی كە لە بواری ئەم زانستە دا كراون و بە هۆی ئەو بەرفراوانی و پێشكەوتنەی كە بە خۆيەوە بينيوە، هەر دوو زاراوە واتە سيميۆلۆژيا و سيميۆتيك ئەوەندە لە يەكتر نزيكبوونەتەوە كە دەكرێت بە هاوواتای يەكتريان دابنێين. هەرچەندە كە تاوەكو ئێستاش كاريگەری ئەم جياوازييە ماوەتەوە و دەتوانين لە سيميۆلۆژيا دا باس لە رێرەوی ئەوروپی لە ژێر كاريگەری (سۆسێر) و رێرەوی ئانگلۆساكسۆنی لە ژێر كاريگەری (پیرس)دا بكەين چونكە"(سۆسێر) زياتر گرنگی بە ئەركی كۆمەلأيەتی نيشانە داوە، ئەمە لە كاتێك دا كە (پیرس) گرنگی بە بەكارهێنانی

---

(١) فرزان سجودی.نشانەنشناسی كاربردی،نشر قصە،تهران،١٣٨٣،ص١١.

(٢) همان مأخذ سابق، ص١١.

(٣) د.مولای علی بو خاتم.مصطلحات النقد العربی السيمياوی (الاشكاليە و الاصول و الامتداد)، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٥، الموقع: www.awu-dam.org.

لۆژیکی نیشانه داوه بەڵام ئەم دوو لایەنە پەیوەندییەکی پتەوییان بە یەکترییەوە هەیە بە شێوەیەکی وا کە ئەمڕۆ زاراوەکانی سیمیۆلۆژیا و سیمیۆتیك بۆ یەك بسپۆری بەکار دەهێنرێن، ئەوروپییەکان زیاتر زاراوەی سیمیۆلۆژیا و ئینگلیزی و ئەمریکییەکان زیاتر زاراوەی سیمیۆتیکی بۆ بەکاردەهێنن"[1]

راستە کە بنەڕەتەکانی ئەم زانستە لە لایەن (سۆسێر) و (پیرس)ەوە دامەزراون، بەڵام هیچ کامەیان بە شێوەیەکی سەربەخۆ یان لە چوارچێوەی پەرتوکێکی جیا دا باسی ئەم زانستەیان نەکردووە. کتێبەکەی (سۆسێر) (کۆرسی زمانەوانی گشتی) کە بریتیە لەو وانانەی کە لە لایەن قوتابییەکانییەوە لە دوای مەرگی کۆکراونەتەوە، گرنگی بە زمانەوانی گشتی دەدات، هەر چەندە ئەو مەسەلانەی کە بە دیاری خستوون بۆنەتە شەنگستەی سیمیۆلۆژیا بەڵام ئەوەی دەربارەی سیمیۆلۆژیا وتوویەتی تەنیا بریتیە لە پێشبینیی هاتنە کایەوەی ئەم زانستە و ئاماژەدان بە هەندێ لایەنی تیۆریی ئەم زانستە لە چوارچێوەی زمان دا.

(پیرس) یش لە چوارچێوەی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لە مەیدانی لۆژیك دا کردوویەنی بە شێوەیەکی لابەلا باسی بنەماکانی سیمیۆتیکی کردووە، (پیرس) هیچ کاتێك هەوڵی ئەوەشی نەداوە کە پێناسە یاخود روونکردنەوەیکی تەواو دەربارەی سیمیۆتیك بدات بە دەستەوە. خۆی وتوویەتی:" ئەوەندەی کە ئاگادارم، من دەست پێشخەرێك و پێشرۆیەکم، رێخۆشکەرەوەی زانستێکم کە ناوم لێناوە سیمیۆتیك، بریتیە لە رێ و رەسمی ناسینەوەی ماهییەتی بنەڕەتیی شێوە جۆراوجۆرەکانی نیشانە."[2]

بەم پێیە راستە کە (سۆسێر) و (پیرس) دامەزرێنەرانی سیمیۆلۆژیا یاخود سیمیۆتیکن بەڵام بە هۆی ئەوەی بواری سەرەکی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەیان سیمیۆلۆژیا نەبووە بۆیە ئەم زانستە لە سەر دەستی کۆمەڵە بسپۆرێکی ترەوە گەیشتووتە قوناغی چەسپاندن.

"هەندێکی تر بە درێژایی سەدەی بیستەم درێژەپێدەری رێگای ئەم دوو بنیاتنەرە بوون، بیرمەندانی وەکو (یێلمزلۆڤ، جاکۆپسن، رۆلان بارت، کریستوڤا، بۆدریار و ئەوانی

---

(١) پی یر گیرو. نشانه‌شناسی، ترجمه: محمد نبوی، چاپ دوم، انتشارات آگاه، تهران، ١٣٨٣، ص١٥.

(٢) بابك احمدی.ساختار و تأویل متن، چاپ هفتم، نشر مرکز، تهران، ١٣٨٤، ص٢١.

تر) شوێن هەڵگر و درێژەپێدەری سیمیۆلۆژیای (سۆسێر) بوون و بیرمەندانی وەکو (موریس، ئاگدن، ریچاردز، سبیوك و ئەوانی تر) گرنگییان بە بۆچوونەکانی (پیرس) داوە، هەندێ لە سیمیۆلۆژیستەکانی وەکو (ئێمبرتۆ ئێکۆ) هەوڵی ئەوەیان داوە کە لە دەستکەوتەکانی هەردوو ئاراستە سوود وەربگرن"[١]

جگە لەمە هەندێ بیرمەند و لێکۆڵەرەوەی تر هەن کە لەم بوارە دا خزمەتیان پێشکەش کردووە وەکو (جاك دریدا) و (تۆدۆرۆف) و ئەوانی تر کە بۆچوونەکانیان جێگای گرنگی پێدانن.

## • تەوەرەی دووەم: سیمیۆلۆژیا و پەیوەندی بە بوارەکانی ترەوە:

### أ- سیمیۆلۆژیا و گرفتی بەرفراوانی:

ئەگەر مەسەلەی دەستنیشانکردنی مێژووی سەرهەڵدانی سیمیۆلۆژیا بە قەد زانستەکانی تر گرفتی نەبێ ئەوا پێناسەکردنی سیمیۆلۆژیا و دەستنیشانکردنی سنوورە جیاکەرەوەکانی نێوان ئەم زانستە یاخود ئەم بوارە و زانست و بوارە دراوسێیەکانی کارێکی قورسە و لەوانەیە ئەستەمیش بێت.

سیمیۆلۆژیا وەکو (سۆسێر)ئاماژەی پێداوە "لە ووشەی (semon)ی یونانییەوە هاتووە بە واتای نیشانە. بەڵام ئەم زاراوەیە هەر لە کۆنەوە لە بواری پزیشکی دا بەکارهێنراوە و بریتی بووە لە نیشانەکانی هەر نەخۆشیێك کە لە نەخۆشەکان دا بەدی دەکرا و بە هۆیانەوە پزیشکەکان جۆری نەخۆشییان دەستنیشان دەکرد."[٢]

زاراوەی سیمیۆتیکی (پیرس)یش ریشەکەی"بۆ کۆتایی کتێبێکی(جان لاك) بە ناوی (نامەیەك بۆ تێگەیشتنی مرۆڤ - ١٦٩٠) دەگەڕێتەوە کە هەر بە شێوە یۆنانییەکەی بە کارهێنراوە، ئەم زاراوەیە هەر لەو سەدەیە دا واتا لە سەدەی هەڤدەیەم دا بۆ قوناغە سەرەتاییەکانی نەخۆشیی یاخود وورد بوونەوە لە نیشانەکانی نەخۆشی بەکارهێنراوە بەڵام (جان لاك) هاتووە و بە یەکێك لە لقە سەرەکییەکانی فەلسەفەی لە قەلەم

---

(١) فرزان سجودی، همان مأخذ سابق، ص١١.

(٢) محمد ضميران. همان مأخذ سابق، ص٧.

داوه."[1] بەم پێیە زاراوەکانی سیمیۆلۆژیا و سیمیۆتیك پێش ئەوەی لە چوارچێوەی زانستە هەنوکەییەکەیان دابن بریتی بووینە لە لێکۆلینەوەی شتێك لە پێناو دۆزینەوەی شتێکی تر(لێکۆلینەوە لە نیشانەکانی نەخۆشییێك بۆ دۆزینەوەی جۆری خودی نەخۆشییەکە)هەر چەندە ئێستا سیمیۆلۆژیا بە زانست یا خود بوارێکی بەرفراوان دادەنرێت بەلاَم هێشتا لە کرۆکی خۆی دا هەلگری ئەم چەمکەیە.

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی سیمیۆلۆژیا ئەمەیە کە زۆربەی جاران لێکۆلینەوەکان لە زەمینەی سیمیۆلۆژیا و لە هەمان کات دا زانستێکی تر ئەنجام دەدرێن، ئەم دیاردەیە لای تەواوی پێشەنگانی ئەم زانستە بەدی دەکرێت، دەبێت رەچاوی ئەوە بکەین کە مەیدانی تاقیکردنەوەکانی سیمیۆلۆژیا زۆر بەرفراوانە بۆیە زۆر سەختە کە بە زەمینەیەکی زانستی سەربەخۆ دابنرێت.

(رۆلان بارت) لەم بارەیەوە دەلێت کە "سیمیۆلۆژیا بە هۆی پەیوەندیی بە زانستەوە پێگەیشتووە، خۆی بریتی نییە لە لێکۆلینەوەیەك لە لێکۆلینەوەکان، بەلکو پەیوەندییێکی خزمەتگۆزاری لەگەلَ زانستەکانی تر دا سازدەکات، دەتوانێت خزمەتیان پێشکەش بکات، هاورێتییان بکات، یاخود بۆیان ببێت بە نموونەیەکی رێ پێشاندەر، سیمیۆلۆژیا نەهاتووە شوێنی لێکۆلینەوەیەکی تر بگرێت بەلکو دەستی یارمەتی بۆ تەواوی لێکۆلینەوەکانی تر درێژ دەکات".[2] (رۆلان بارت) ئاماژە بەمەش دەدات کە بەم شێوەیە سیمیۆلۆژیایەکی نێگەتیف دێتە ئاراوە بەلاَم هەر ئەم سیمیۆلۆژیای نێگەتیڤە کە بە سیمیۆلۆژیایەکی چالاك دەژمێردرێت.[3]

بە شێوەیەکی گشتی دەربارەی سنوورەکانی ئەم زانستە هیچ رێککەوتنێك لە ئارادا نییە، هەندێ کە خۆ پارێزن تەنیا لە بواری توێژینەوەی سیستەمەکانی پەیوەندیکردن کاردەکەن کە بریتین لە نیشانە نازمانییەکان، هەندێکی تریش بە پەیرەوی لە (سۆسێر) چەمکی نیشانە و کۆدەکان بەرفراوان دەکەنەوە و دەیبەستنەوە بە هەندێ لە شێوەکانی

---

(١) بابك احمدی. همان مأخذ سابق، ص٢١.

(٢) رولان بارط.درس السيميولوجيا، ترجمة: عبدالسلام بنعبدالعالی، تقـديم: عبـدافتاح كيليطـو، مـن منشورات: دارتوبقال، دارالبيضاء، ١٩٨٦، ص٢٥.

(٣) نفس المصدر السابق، ص٢٥.

پەیوەندیکردن وەکو رێ و رەسمەکان، بۆنەکان، داب و نەریتەکان، شێوەکانی هەڵسۆکەوت کردن...تاد، هەندێکیش هەن کە بڕوایان بەوە هەیە کە هونەر و ئەدەبیات شێوەیەکن لە شێوەکانی پەیوەندیکردن کە سوود لە سیستەمە نیشانەییەکان وەردەگرن.[1]

هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی هەندێ کەس لەم بڕوایە دا بن کە سیمیۆلۆژیا تەواوی قەلەمرەوی دەلالەت بە خۆیەوە دەگرێت، بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین کە دەکرێت هەر شتێك وەکو کەرەستەی سیمیۆلۆژیا بە کاربهێنرێت.

هەر لە سەر ئەم بناغەیە (ئیمبرتۆ ئیکۆ) وتوویەتی کە "سیمیۆلۆژیا لەگەڵ هەر شتێك کە بتوانێت وەکو نیشانە خۆی بنوێنێت مامەڵە دەکات، واتە تەواوی ئەو شتانەی کە دەتوانن لە جیاتی شتێکی تر واتا بگەیێنن واتە لە جیاتی ئەو شتانە کە ئیتر پێویستی بە هەبوونیان نییە و پێویست ناکات لەو شوێن و کاتەی کە نیشانە تێدا خۆی نوواندووە بەدەرکەون."[2]

لەگەڵ ئەم بەرفراوانییەش کە لە مەیدانی سیمیۆلۆژیا دا دەبینرێت هەر لە سەرەتاوە هەوڵی ئەوە دراوە کە ئەم زانستە پێناسە بکرێت یاخود ئەرك و بەشەکانی دەستنیشان بکرێن، سەرەرای ئەو جیاوازییەی کە لە نێوان بۆچوونەکان دا بە دەردەکەوێت لایەنی هاوبەشیش بەدی دەکرێت.

(سۆسێر) وەکو دامەزرێنەرێکی سیمیۆلۆژیا بۆچوونی تایبەتیی خۆی دەربارەی ئەم زانستە هەیە، لە پێشبینییەکەی دا وتوویەتی"دەتوانرێت بیر لە زانستێك بکرێتەوە کە گرنگی دەدات بە توێژینەوەی رۆڵی نیشانەکان لە ژیانی جڤاکی دا،ئەم زانستە بەشێکە لە سایکۆلۆژیای کۆمەلآیەتی و لە ئەنجام دا لقێکە لە سایکۆلۆژیای گشتی، ئێمە پێی دەڵێین سیمیۆلۆژیا..."[3]

(سۆسێر) سیمیۆلۆژیای بە بەشێك لە سایکۆلۆژیای کۆمەلآیەتی لە قەلەم داوە و بەو زانستەی زانیوە کە نیشانەکانی ناو ژیانی کۆمەلآیەتی دەکات بە کەرەستە، ئەمەی کە

---

(١) پی یر گیرو. همان مأخذ سابق، ص١٦.

(٢) بابك احمدی. همان مأخذ سابق ،ص ١٤.

(٣) فردیناند دیسوسور، همان مأخذ سابق ،ص٢٤.

(سۆسێر) سیمیۆلۆژیای بە سایکۆلۆژیا و ژیانی کۆمەڵایەتییەوە بەستووە بۆ بۆچوونی تایبەتی خۆی دەربارەی نیشانە و چۆنییەتی کارکردنی نیشانە دەگەڕێتەوە.

رەنگە سادەترین پێناسە بۆ سیمیۆلۆژیا ئەوە بێت کە بریتیە لە "خوێندنەوەیەکی سیستەماتیکی بۆ تەواوی ئەو فاکتەرانەی کە کاریگەرن لە پێکهاتن یاخود راڤەی نیشانەکان یان کرداری دەلالەت، سیمیۆلۆژیا وەکو زانستێکی فرە لق گرنگیەکی تایبەت دەدات بەو مەسەلانەی کە پەیوەستن بە پەیوەندیکردن و واتا و شێوەکەیان لە سیستەمە نیشانەییە جیاوازەکان دا "[1] بەم پێیە سیمیۆلۆژیا بەو چەمکە فراوانەی کە باسمان کرد خراوەتە روو، لە ژێر سایەی ئەم پێناسەیە دا زۆربەی ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیدارن بە واتا دەچنە چوارچێوەی سیمیۆلۆژیا.

بۆچوونی (رۆمان جاکۆپسن)یش وەکو کەسێك کە لەم بوارە دا خزمەتێکی شایانی پێشکەشکردووە لەمە نزیك دەبێتەوە، (جاکۆپسن) دەڵێت:"زانستی سیمیۆلۆژیا لەگەڵ ئەو بنەڕەتە کوللییانەی کە زەمینەسازی بنیاتی زانستیی هەر جۆرە نیشانەیەکن و هەر وەها لەگەڵ تایبەتمەندێتی بەکارهێنان و ئەدگارە تایبەتییەکانی سیستەمە نیشانەییە جۆراوجۆرەکان مامەڵە دەکات"[2] لە دیدی ((جاکۆپسن))یش مەودای سیمیۆلۆژیا زۆر بەرفراوانترە لەوەی کە لە چوارچێوەی سیستەمێکی نیشانەیی دا کورت بکرێتەوە بەڵکو هەموو سیستەمە نیشانەییەکان دەبن بە کەرەستەی سیمیۆلۆژیا.

(ئابرامز) لە فەرهەنگەکەی دا لە سەر بناغەی ئەم بەرفراوانییە، دەربارەی سیمیۆلۆژیا دواوە و وتوویەتی کە سیمیۆلۆژیا "تەنیا بریتی نییە لە توێژینەوەی نیشانەکان لە چوارچێوەی سیستەمە ئاشکراکانی پەیوەندیکردن وەکو زمان، پیتەکانی مۆرس، نیشانە و سیگنالەکانی هاتو چۆ، بەڵکو زۆربەی چالاکی و دەستکەوتەکانی مرۆڤ، بزاڤ و ئاماژەکانی لەش، رێ و رەسمە کۆمەڵایەتییەکان، جل و بەرگەکان، خواردەمەنییەکان، ئاواییەکان، و ئەو ئامرازانەی کە ئیشی پێ دەکرێت، هەڵگری واتایەکن کە لە نێوان تەواوی تاکەکانی نێو کولتوورێکی تایبەتی دا هاوبەشن، بۆیە دەتوانین وەکو ئەو نیشانە تایبەتییانەی کە لە

---

(١) آنه ماری دینه سن. همان مأخذ سابق ،ص٧.

(٢) مهيار علوى مقدم.نظریه‌های نقد ادبی معاصر، انتشارات سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها، تهران، ١٣٧٧، ص١٨٢.

سیستەمە دەلالییە جۆراوجۆرەکان دا بەکار دەهێنرێن شییان بکەینەوە..."[1] لە سەر ئەم بناغەیە سیمیۆلۆژیا پێش هەموو شتێك زانستێکە کە لە نیشانە دەکۆلێتەوە بە هۆی ئەوەش کە سیستەمە نیشانەییەکان زۆرن بۆیە سیمیۆلۆژیاش زانستێکی بەرفراوانە.

سیمیۆتیکیش کە ئێستا تا رادەیەکی زۆر هاوواتای سیمیۆلۆژیایە، ئەوەندە تێکەڵاوی لۆژیك بووە کە (پیرس) وتوویەتی "سیمیۆتیك روویێکی تری زانستی لۆژیکە..."[2] (پیرس) لەم بڕوایە دا بووە کە لۆژیك بە واتا گشتییەکەی بریتیە لە سیمیۆتیك، بۆیە زۆر بە راشکاوی وتوویەتی"ئۆمێدەوارم ئەوەم سەلماند بێت کە لۆژیك بە واتا گشتییەکەی تەنیا زاراوەیەکی ترە بۆ سیمیۆتیك"[3]کەواتە ئەگەر (سۆسێر) سیمیۆلۆژیای بە بەشێك لە سایکۆلۆژیای گشتی لە قەلەم دابێت، ئەوا (پیرس) هەنگاوێکی تری ناوە و سنوورە جیاکەرەوەکانی نێوان سیمیۆلۆژیا و لۆژیکی سڕیوەتەوە.

بە پێی ئەمانەی کە باسمان لێوە کردن سیمیۆلۆژیا بە گشتی لەمە دەکۆلێتەوە کە لە نیشانە دا شتێك دێت و شوێنی شتێکی تر دەگرێت، ئێمە بە هۆی ناسینەوەی شتی یەکەم لە شتی دووەمەوە دەگەین، هەر لە بەر تیشکی ئەم گەمەیەیە کە(ئێمبرتۆ ئێکۆ) وتوویەتی سیمیۆلۆژیا بیردۆزێکە دەربارەی درۆکردن."شتێك بە کەسێك پیشان دەدرێت و کابراش دەڵێت ئەمە شتێکی ترە."[4]

کارکردنی دوو لایەنەی سیمیۆلۆژیا یەکێکە لە ئەدگارە سەرەکییەکانی، بەلگەشمان ئەمەیە کە "ئەم زانستە لە قوناغە سەرەتاییەکانی پێکهاتنی خۆی لە فەرەنسا بەر لە هەموو شتێك هەوڵی ئەوەی دەدا کە ئەو ئایدۆلۆژیایە بەدیاربخاتەوە کە لە شێوەی راستی دا خۆی دەنوواند"،[5] کەواتە دەتوانین بڵێین سیمیۆلۆژیا بە گشتی لە کارکردن دا دوو ئاراستە دەگرێتە بەر ئاراستەی دەرەوە کە گرنگی بە شتە دیارەکان دەدات کە وەکو نیشانە

---

(١) ام. اچ. ابرامز. فرهنگ توصیفی اصطلاحات ادبی، ویراست هفتم، ترجمە: سعید سبزیان مرادبادی، انتشارات رهنما، چاپخانە: هاتف، تهران، ١٣٨٤، ص٢٣٧.

(٢) آنە ماری دینە سن. همان مأخذ سابق، ص٨٣.

(٣) پی یر گیرو. همان مأخذ سابق، ص١٤-١٥.

(٤) مهیار علوی مقدم، همان مأخذ سابق، ص١٠.

(٥) کاترین بلزی. عمل نقد، ترجمە: عباس مخبز، نشر قصە، تهران، ١٣٨٤، ص١٣٧.

دێنە بەرچاو و ئاراستەی ناوەوە کە لە واتا و چەمکە شاراوەکانی پشت شتی یەکەم دەکۆڵێتەوە.

دوواتر ئەوانەی کە لە بواری سیمیۆلۆژیا دا کاریان کردووە، هەر یەکێکیان هاتووە و بە پێی بسپۆری خۆی شوێنی سیمیۆلۆژیای دەستنیشان کردووە و بەستوویەتی بە هەندێ زانستی نزیك لە سیمیۆلۆژیاوە بۆیە"بە گشتی دەتوانین بڵێین کە لەم سەردەمە دا ئیتر سیمیۆلۆژیا لە لاییکەوە بۆتە لقێکی گشتگری زانستە مرۆڤایەتییەکان و لە لاییێکی ترەوە وەکو رەهەندێکی گرنگی فەلسەفە بەجێماوە."(١)

دەربارەی پەیوەندی سیمیۆلۆژیا بە زانستەکانی ترەوە زۆر شت ووتراوە، سیمیۆلۆژیا زانستێکە کە پەیوەستە بە زۆربەی بوارەکانی ترەوە تا ئەو رادەیە کە مەترسی ئەوەی لێ دەکرێت کە بە مشەخۆر دابنرێت، بەلاّم وەك (رۆلان بارت) ئاماژەی پێداوە هەر ئەم سیمیۆلۆژیای نێگەتیڤە کە بە سیمیۆلۆژیایەکی چالاك دادەنرێت. لەگەڵ ئەم گرفتانەی کە دەبارەی سنووری سیمیۆلۆژیاوە لە ئارا دان ئەوەی بەلامانەوە گرنگ بێت لە لاییێکەوە بریتیە لە پەیوەندیی نێوان زمان و ئەم زانستە و لە لاییێکی ترەوە پەیوەندیی لەگەڵ بوارەکانی وەکو ئەدەب و بنیاتگەرییەوە هەیە.

لێرەدا بەبیرهینانەوەی سەرنجێکی (رۆلان بارت) دەربارەی سیمیۆلۆژیا گرنگە کە وتوویەتی:"سیمیۆلۆژیا هێشتا لە سەرەتای رێگای خۆیەتی بەلاّم لە خودی (سۆسێر) بەدواوە و هەندێ جار جیا لە(سۆسێر)ەوە بەشێکی گەورە لە لێکۆڵینەوە هاوچەرخەکان بێ وەستان بۆ مەسەلەی دەلالەت دەگەڕێنەوە: سایکۆلۆژی، بنیاتگەری، سایکۆلۆژیایی ئایدیتیك، و هەندێ لە ئاستەکانی تازەی رخنەی ئەدەبی کە (باشلار) یەکەمین نموونەیانی پێشکەش کردووە، ئەمانە ئیتر نایانەوێ لە هیچ راستییێك جگە لەوەی کە دەلالەت دەکات بکۆڵنەوە، بۆیە بەمسۆگەر زانینی دەلالەتێك بریتیە لە داخوازی یارمەتی دان لە سیمیۆلۆژیا. نامەوێ بڵێم کە سیمیۆلۆژیا لە هەمان کات دا تەواوی ئەم توێژینەوانە بە شیوەیەکی یەکسان بە خۆیەوە دەگرێت، ئەم توێژینەوانە ناوەڕۆکی لە یەکتر جیایان هەیە بەلاّم بنەڕەتێکی هاوبەشییان هەیە، هەموویان لە زانستە نرخییەکانن، ئەمانە تەنیا

---

(١) آنە ماری دینە سن. همان مأخذ سابق، ص١٢

بەوە ناوەستن کە سەرەدەری لەگەڵ راستییەکان دا بکەن بەڵکو راستییەکان شی دەکەنەوە"[1]

مەسەلەیەکی تر کە دەربارەی سیمیۆلۆژیا وەکو زانستێك دێتە ئاراوە، ئەو نزیکییەیە کە لە نێوان سیمیۆلۆژیا و هێرمۆنۆتیك دا بەدی دەکرێت، ئەم نزیکییە تا رادەیەك بە هێزە کە هەندێ جار جیاکردنەوەیان لە یەکتر کارێکی قورسە و هەندێك وا بۆی دەچن کە هەردووکیان بە یەك بووار لە قەلەم دەدرێن.

(ژان ماری شیڤێر) داکۆکی لە سەر ئەمە دەکات کە سیمیۆلۆژیا بریتیە لە خوێندنەوەی نیشانەکان و کرداری راڤەکردنییان، لە سەر ئەم بناغەیە هەر شتێك تەنیا لەو کاتە دا بە نیشانە دادەنرێت کە راڤەکارێك وەکو نیشانەی شتێکی تر پەسندی بکات، بۆیە (ئێمبرتۆ ئێکۆ) لە ساڵی ١٩٨٨ ئاماژەی بەوە داوە کە پەیوەندییێکی قووڵ لە نێوان سیمیۆلۆژیا و هێرمۆنۆتیك دا هەیە، بەڵام بە راستی سیمیۆلۆژیای هاوچەرخ بە تەواوەتی سەربەخۆیە لە هێرمۆنۆتیکی نوێ.[2]

(میشێل فۆکۆ)ش لەم بارەیەوە وتوویەتی"هێرمۆنۆتیك لای ئێمە بریتیە لە کۆمەڵە تەکنیك و مەعریفەیەك کە وا لە نیشانەکان دەکەن کە بدوێن، ئەمەش ئەم دەرفەتەمان دەداتێ کە لە واتاکانییان بگەین، بەڵام سیمیۆلۆژیا لای ئێمە ئەو مەعریفە و تەکنیکانەن کە ئەو دەرفەتەمان پێ دەبەخشن کە بزانین نیشانەکان لە کوێن، و چی وای کردووە کە ئەمانە ببن بە نیشانە و هەر وەها بزانین کە ئەو پەیوەندی و یاسایانەی کە زاڵن بەسەر رێکخستن و بە دووایەك دا هاتنیان کامەن."[3]

هەرچەندە کە پەیوەندییێکی بە هێز لە نێوان سیمیۆلۆژیا و هێرمۆنۆتیك دا دەبینرێت بەڵام ئەم دوو بوارە هەر لە یەکترییەوە جیاوازن. گرنگترین جیاوازیش ئەوەیە کە هێرمۆنۆتیك خەمخۆری دۆزینەوەی واتا و تارادەیەك مەبەستە، ئەمە لە کاتێك دا کە سیمیۆلۆژیا زیاتر لە هەر شتێکی تر پەرۆشی چەمکی نیشانەیە.

---

(١) رولان بارت.اسطورة امروز، ترجمة: شيرين دخت دقيقيان، چاپ سوم، نشر مركز، تهران، ١٣٨٤، ص٣٣.
(٢) پی ير گيرو. همان مأخذ سابق، ص١٤٣.
(٣) همان مأخذ سابق، ص١٤٣.

## ب- سیمیۆلۆژیا و زمانەوانی:

ئەمە پەسند کراوە کە زمان لە کۆمەڵە نیشانەیەك پێکهاتووە، هەر لە سەر ئەم بناغەیە چەندین پێناسە بۆ زمان کراوە، ئەم بۆچوونە لەوانەیە بۆ سەردەمێکی کۆن بگەڕێتەوە، لە نێو هەندێ لە فەیلەسوفان و زمانەوانان دا باسی ئەوە کرابێت کە زمان بریتیە لە کۆمەڵە ووشە یان نیشانەیەك کە واتا دەگەیێنن، بەڵام لە چوارچێوەی سیمیۆلۆژیا دا ئەوەی کە (سۆسێر) وتوویەتی بە شەنگستەیەکی سەرەکی دادەنرێت:"زمان دەزگاییێکە لە نیشانەکان کە دەربڕی بیرەکانن، لەم رووەوە لەگەڵ خەت، ئەلیفبای کەڕ و لالەکان، رێ و رەسمە سیمبۆلییەکان، شێوەکانی هەڵسوکەوت کردن و رێزگرتن، سیگنالە سەربازییەکان دەگونجێت، هەر چەندە کە زمان گرنگترینی ئەم دەزگایانەیە"(١)

(سۆسێر) داکۆکی لە سەر ئەمە کردووە کە زمان سیستەمێکی نیشانەییە،دەکرێت لەگەڵ سیستەمەکانی تر بەراوورد بکرێت بەڵام ئەوەی کە لە ووتەکەی (سۆسێر) دا جێگای سەرنجە ئەمەیە کە (زمان) گرنگترین سیستەمی نیشانەییە.

(سۆسێر) دوای ئامـاژە دان بـە پێویـستیی سـیمیۆلۆژیا وەکـو زانـستێك دەربـارەی پەیوەندی زمانەوانی و سیمیۆلۆژیا وتوویەتی:"زمانەوانی تەنیا بەشێکە لە سیمیۆلۆژیا، ئەو یاسایانەی کە سیمیۆلۆژیا دەیان دۆزێتەوە دەکرێت لە زمانەوانی دا بەکاربهێنرێن،بەم شێوەیە زمانەوانی لە نێو کۆمەڵەی رووداوە مرۆڤاییەتییەکان دا،سەر بە قەڵەمرەوییێکی تەواو دیاریکراو دەبێت"(٢)

(سۆسێر) لە بەردەوامی قسەکانی دا جۆرە بڕیارێك لەمەڕ پەیوەندی زمانەوانی و سیمیۆلۆژیا پێشکەش دەکات و دەڵێت"ئەمە ئەرکی دەروونناسە کە جێگای ووردی سیمیۆلۆژیا دەستنیشان بکات،ئەرکی زمانەوان تەنیا پێناسەکردن و دەستنیشان کردنی ئەو شتانانەیە کە لە زمان دا هەن،واتە لە نێو کۆمەڵێك پێدراوی سیمیۆلۆژیایی دا،سیستەمێکی تایبەتی دەخولقێنێت"(٣)

---

(١) فردیناند دیسوسور، همان مأخذ سابق، ص٢٣-٢٤.

(٢) فردیناند دیسوسور، همان مأخذ سابق، ص ٢٤.

(٣) همان مأخذ سابق، ص٢٤.

(سۆسێر) لەم هەنگاوانە دا چەند خالی گرنگی دەستنیشان کردووە،زمانەوانی بەشێکە لە سیمیۆلۆژیا،لە کاتی ئەنجامدانی لێکۆلینەوە لە بواری زمانەوانی دا بۆ زمانەوان نییە لە سنووری خۆی تێپەڕ ببێت و بەرەو سیمیۆلۆژیا بە واتا بەرفراوانەکەی بچێت.

دوواتر ئەم هەلوێستەی (سۆسێر) بوو بە جێگای نارەزامەندی (رۆلان بارت)، ناوبراو هەرچەندە لە زۆر رووەوە سوودی لە (سۆسێر) بینیوە بەلاَم یەکێك لەو هەلوێستانەی (سۆسێر) کە (رۆلان بارت) رەتی کردۆتەوە مەسەلەی پەیوەندی سیمیۆلۆژیا بە زمانەوانی بووە،لە کتێبی رەگەزەکانی سیمیۆلۆژیا دا وەهای نووسیوە: "سیمیۆلۆژیا کاتێك کە تووشی دیاردە نازمانییەکان دەبێت،زوو یان درەنگ ناچار دەبێت کە بڕوانێتە زمان، نە وەك نموونەیەك،بەلکو وەکو ناوەڕۆکی لێکۆلینەوەی خۆی...بەم شێوەیە شوێنی سیمیۆلۆژیا لە ناو جەرگی زمانەوانی دایە.ئەوەی راستی بێت پێویستە ئێستا بڕیارەکەی (سۆسێر)پێچەوانە بکرێت:زمانەوانی بەشێك نییە لە زانستی گشتیی نیشانەکان،تەنانەت بەشێکی نایاب و رەسەنی سیمیۆلۆژیاش نییە،بەلکو سیمیۆلۆژیا بەشێکە لە زمانەوانی."[١]

هەر چەندە ئەم بۆچوونەی (بارت) کاریگەرییەکی گەورەی کردە سەر ئەو توێژینەوە سیمیۆلۆژییانەی کە لە دوواییدا ئەنجامدراون وەکو تیۆری ئەدەب،مەسەلە ئستاتیکییەکان،بە تایبەتی سیمیۆلۆژیای ئەدەب و بە گشتی لەو بەرهەمانە دا کە زمان لە سەنتەری گرنگی دایە،بەلاَم زۆر رەخنە لە بۆچوونی بارت گیراوە، ئەم چەندەش تارادەیەکی زۆر پەسند کراوە و زۆربەی سیمۆلۆژیستەکان لەو بڕوایەدان کە زمانەوانی لقێکی سیمیۆلۆژیایە.[٢] هیچ یەکێك لە نوێنەرانی بنیاتگەری بەمە قایل نەبووە بەلاَم زۆربەی زۆریان راستەوخۆ یان نەراستەوخۆ زمانییان بە بنەڕەتیی پێکهاتنی نیشانەکان زانیوە.[٣]

(پییێر ژیرۆ)لە پێناسەی خۆی بۆ سیمیۆلۆژیا جەختی لە سەر گرنگی ئەم لایەنە کردووە، "سیمیۆلۆژیا زانستێکە کە لە سیستەمە نیشانەییەکان دەکۆلێتەوە وەکو زمانەکان، کۆدەکان، سیستەمە سیگنالییەکان و ئەوانەی تر،لە سەر بناغەی ئەم پێناسەیە زمان

---

(١) مهيار علوى مقدم، همان مأخذ سابق، ص١٨٣.

(٢) همان مأخذ سابق، ص ١٨٣.

(٣) پى ير گيرو. همان مأخذ سابق، ص١٥٥.

بەشێکە لە سیمیۆلۆژیا"،[١] (پیر ژیرۆ) دەنگی خۆی دەخاتە پاڵ دەنگی (سۆسێر)ەوە و داکۆکی لەوە دەکات کە زمان تەنیا یەکێکە لە کەرەستەکانی سیمیۆلۆژیا.

(رۆمان جاکۆپسن)یش هەوڵی ئەوەی داوە کە بە شێوازێکی تایبەتی پەیوەندیی نێوان زمانەوانی و سیمیۆلۆژیا بەدیاربخاتەوە،ئەمەی کە (جاکۆپسن) دەیکات لە سنووری پەیوەندییێکی دوو لایەنە تێپەڕ دەبێت و پەیوەندی نێوان ئەم دوو بوارە و چەند زانستێکی تریش بە دیاردەخاتەوە.

(جاکۆپسن) زانستە مرۆڤایەتییەکان لە چەند ئەلقەیەکی لە ناو یەکتر دا کۆدەکاتەوە،زمانەوانی دەخاتە ئەلقەی ناوەندی،ئەم ناوەندەش کە زمان داگیری دەکات بۆ بنیاتە رێکخراو و سەربەستانەکانی ئاخاوتن دەگەڕێتەوە واتە ئەو رۆلە سەرەکییەی کە لە رۆشنبیری دا دەگێڕێت،هیچ دیاردەیەکی رۆشنبیری ،یان کردەوەیەکی کۆمەلآیەتی نییە کە پێویستی بە بەیەکەوەگەیشتن(التواصل) نەبێت:[٢]




بە بۆچوونی (جاکۆپسن) شێوەجیاوازەکانی بەیەکەوەگەیشتنە مرۆڤایەتییەکان تەنیا پاژەیەکی سادەیە لە کێلگەیەکی گشتگر کە ناوی لێناوە(رێگا و شێوازەکانی بەیەکەوەگەیشتن کە زیندەوەرەکان بە کاریان دەهێنن).[٣]

---

(١) همان مأخذ سابق، ص١٥٥.

(٢) فاطمة الطبال بركە. النظرية الالسنيه عند رومان جاكوبسون (دراسه و نصوص)، المؤسسة الجامعه للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت، ١٩٩٣، ص ١٤٩.

(٣) نفس المصدر السابق،ص١٤٩

دەربارەی سیمیۆلۆژیا و زمانـەوانی داکۆکی لەمـە کـردووە کـە"سـیمیۆلۆژیا ئـەو ئەلقـە ناوەندییەیە کە زمانەوانیی دەورەداوە،ئەو بەیەکەوە گەیشتنەی کە هـەوڵی چارەسـەری بـۆ دەدرێت لـە هـەر ئاستێك دا بێت پێویـستیی بـە ئـالوگۆرکردنی پەیامـەکان هەیە،هـەروەها ناکرێت ئاستی سیمیۆلۆژیا لە بیربکرێت کە رۆڵی سەرەکی بە زمان دەبەخـشێت، بـەم پێیـە پێویـستە مەسـەلەی سـیمیۆلۆژیا و بـە تایبـەت رەگـەزە زمانییـەکان پەیوەندیـدار بـن بـە هەموو شێوەکانی بەیەکترگەیشتنەوەی مرۆڤایەتی."(١)

لێـرە (جاکۆپـسن) بیرۆکەیـەکی تـازە دەخاتـە روو ،راسـتە کـە لـە بۆچـوونەکانی (جاکۆپسن) دا زمانەوانی لە سەنتەری گرنگی پێدانەوەیە بەڵام ئـەو رۆڵـە سـەرەکییەی کـە زمانەوانی دەیگێڕێت بە هۆی ئەو پەیوەندییەیە کە لەگەڵ سیمیۆلۆژیا دا هەیەتی،دەکرێت بڵێین بایەخپێدانی (جاکۆپسن) بـە سـیمیۆلۆژیا و زمانـەوانی لـە یـەك ئاسـت دایـە چـونکە هـەردووکیان پێکـەوە بـۆ ناسـینەوەی شـێوە جۆراوجۆرەکـانی بەیەکەوەگەیـشتن لـە بـوارە مرۆڤایەتییەکان دا بە پێویست زانـراون.پەیوەندی نێوان سیمیۆلۆژیا و زمانـەوانی ئەوەنـدە لەیەکـەوە نزیـك و بـەهێزە کـە ئەگـەر تەماشـای روونکردنـەوەکانی (مـوریس)لـە پێنـاو دەستنیشان کردنی لقـەکانی سیمیۆلۆژیا بکـەین دەبیـنین سـنوورەکانی نێـوان زمانـەوانی و سیمیۆلۆژیا بە تەواوەتی لە ناو یەکتر دا تێکچرژاون.

(مـوریس) سـیمیۆلۆژیای دابەشـی سـێ لـق کـردووە: پراگماتیك،سیمانتیك،سـینتاکس، پراگماتیـك لـە ئامرازەکـانی بەیەکترگەیـشتنەوە لـە نێـو پەیوەندییـە مرۆڤایەتییـەکان دا دەکۆڵێتەوە ، واتە چی لای مرۆڤێك روو دەدات کاتێك پەیامێك دەنێرێت یاخود دەبێت بـە وەرگری پەیامەکە،سیمانتیك لەو پەیوەندییەی کە لە نێوان نیشانە بـەکارهێنراوەکانی نێـو کـرداری بەیەکەوەگەیـشتن و ئـەو چـەمکانەی کـە لێیـان بەدەردەکـەون دەکۆڵێتەوە،بـەڵام سینتاکس بریتیە لە لێکدانەوەی شێوەکانی پەیوەندیکردن کە لـە نێـو نیـشانەکانی خـودی سیـستەمەکە دا دەبینـرێن.(٢) لێـرە دا بـە شـێوەیەکی ناراسـتەوخۆ پەیوەنـدیی نێـوان

(١) نفس المصدر السابق، ص٢٠٩.

(٢) ميلكا فيتش. اتجاهات البحث اللساني، ترجمة:سعد عبدالعزيز مصلوم و وفاو كامل فايد، الطبعة الثانية، المجلس الاعلى لثقافة، بلا، ٢٠٠٠، ص٣٥٢.

زمانەوانی و سیمیۆلۆژیا بەدیارخراوەتەوە، لە سیمیۆلۆژیا دا سوود لە ئاستەکانی زمان وەرگیراوە بەلاَم لە هەمان کات دا زمان بە هۆی سیمیۆلۆژیاوە شی دەکرێتەوە.

دەتوانین بلێین کە سیمیۆلۆژیا ئاراستەیەکی بەرفراوان و هەمەلایەن و فرە بوارییە،کە تەنیا گرنگی بە بابەتەکانی واتا و مەعریفە نادات،بەڵکو تەواوی دیاردە کولتووری و بەشێوەیەکی گشتی تاکەکەسی و کۆمەلاَیەتییەکان بە خۆ دەگرێتەوە، سیمیۆلۆژیا لەم رووەوە تەنیا جێگای گرنگی پێدانی زمانەوانەکان نییە بەڵکو بوارەکانی فەلسەفە،سایکۆلۆژیا و ئەنترۆپۆلۆجیا،هونەر و لێکۆلینەوە کولتوورییەکانیش بە خۆیەوە دەگرێت.هەر لەم رووەوە- هەرچەندە کە بڕیاردانێکی رەها لە ئارا دا نییە- چاکتر وایە کە زمانەوانی بە لقێکی سەرەکی سیمیۆلۆژیا،و زمانیش بە گرنگترین سیستەمی نیشانەیی لە چوارچێوەی سیمیۆلۆژیا دا بژمێردرێت.

مەسەلەی پەیوەندی زمانەوانی بە سیمیۆلۆژیا،بابەتێکی تریش دێنێتە ئاراوە،ئەویش پەیوەندی سیمیۆلۆژیا بە بنیاتگەری یاخود زمانەوانی بنیاتگەرایە،"سیمیۆلۆژیای مۆدێرن،وەکو بنیاتگەری لە ژێر کاریگەری (سۆسێر)ەوە گەشەی سەند بۆیە زۆربەی سیمیۆلۆژیستەکان بنیاتگەران،ئەوان کۆمەڵێك لە دیاردە یاخود دەسکەوتە کۆمەلایەتییەکان وەکو دەق دەخەنە ژێر تیشکی لێکۆلینەوە،واتە ئەو دیاردانەی کە بنیاتێکی کۆدئاسایان هەیە،سەرەرای چۆنییەتی واتا بەخشینی ئەم کۆدانە بۆ ئەندامانی کۆمەڵێکی تایبەتی."[1] کەواتە"سیمیۆلۆژیا لەگەڵ زمانەوانی بنیاتگەریدا دا سەری هەڵداوە و هاوکات و هاورێی بنیاتگەرییەوە گەشەی کردووە بۆیە زاراوەی سیمیۆلۆژیا هەمیشە بەبیرهێنەرەوەی زاراوەکانی زمانەوانی و بنیاتگەرییە."[2]

ئەو زمانەوانییەی کە بە شێوەیەکی تایبەت لە فەرەنسا زال بووە،لە راستی دا کەم یان زۆر لەگەڵ بزۆتنەوەی بنیاتگەری دا هاوکات بووە،هەندێ کەس ویستوویانە بە هۆی ئەم تایبەتمەندییە جۆرە بنیاتگەرییێك دەستنیشان بکەن و بیخەنە ژێر سایەی زاراوەیەکی

---

(١) ام.اچ.ابرامز. همان مأخذ سابق، ص٢٣٨.

(٢) عبدالملك مرتاض. التحليل السيميائى للخطاب الشعرى (تحليل بالاجرا و المستوياتى لقصيده شناشيل ابنه الجليى)، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٥، الموقع: www.awu-dam.org.

تایبـــەتیی بـــەلاّم ئـــەم هەولاّنـــە ســـەرکەوتنیان بـــە دەســـت نەهێناوە،تایبەتمەنـــدییێکی سیمیۆلۆژیای فەرەنسی ئەمەیە کە زۆر بەتوندی بە زمانەوانییەوە بەستراوە.[1]

بــە بۆچــوونی(گلــن وارد) بنیاتگــەری و ســیمیۆلۆژیا هاوواتــای یــەکتر نــین بــەلاّم "پەیوەنــدییێکی نزکیکیــان لەگــەڵ یــەکتر دا هەیــە،دەتوانین بڵــێین ســیمیۆلۆژیا لقێکــە لــە بنیاتگەری،هــەروەها دەتــوانین ئەمــەش رابگــەیێنین کــە ســیمیۆلۆژیا گرنگــی بــە لایەنــە کۆمەلاّیەتی و سیاسییەکانی نیشانە دەدات،لە کاتێك دا کە بنیاتگەری هەر وەك لە ناوەکەی دیــارە بــە شــێوەیەکی رووتــتر(مجــرد) لــە سیــستەمە گــشتییەکان و بنیاتــە شــاراوەکان دەکۆلێتــەوە، لەگەڵ ئەمــەش دا بــە شێوەیەکی کــارەکی جیاکردنەوەیــەکی رەهــا لــە نێــوان سیمیۆلۆژیا و بنیاتگەری دا بەدی نایەت."[2]

هەر لە سەر ئەم بنەمایــە ناکرێت پەیوەنــدیی ســیمیۆلۆژیا بــە شــێوازگەریش فرامــۆش بکرێت،شێوازگەریش بەهۆی ئەو نزیکییەی کە لەگەڵ زمانــەوانی و بنیاتگــەری دا هەیــەتی بە سیمیۆلۆژیاوە دەبەســترێتەوە بــەلاّم "ئەگــەر لــە رووی پۆلینکردنــەوە شــێوازگەری تــەنیا لقێکی زمانەوانی بێت ،بنیاتگەریش لە سەر بناغەی کۆششەکانی فۆرمالیــستە رووســەکان و بیردۆزەکانی (سۆسێر)ەوە دامەزرابێت،ئەوا سیمیۆلۆژیا ئاوێتەیەکی زمانەوانی و سینتاکسی و لەوانەیە رەوانبێژیش بێت".[3]

## ج- پەیوەندی سیمیۆلۆژیا بە ئەدەبیاتەوە:

هەرچــەندە کــە (سۆســێر) بــە دامەزرێنــەری زمانــەوانی بنیاتگــەرا و ســیمیۆلۆژیا-بــە چەمکە ئەوروپیەکانیان- دادەنرێت،بەلاّم رووانینەکەی بۆ ئەدەب شەقڵێکی تایبەتیی هەیە، کە ئەگەر بە هۆی ئــەو خزمەتانــەی کــە دوای ئــەوەوە کــراون نەبووایــە ئــەدەب تارادەیــەکی زۆر لە تیشکی خزمەتگوزارییەکانی ئەم دوو بوارە بێ بەش دەمایەوە.

---

(١) پی یر گیرو. همان مأخذ سابق، ص ١٥٤.

(٢) گلن وارد. پست مدرنیسم، ترجمە: قادر فخر رنجبری و ابوذر کرمی، نشر ماهی، تهران، ١٣٨٤، ص١٢٥.

(٣) عبدالملك مرتاض. نفس المصدر السابق.

(سۆسێر) و تەنانەت قوتابییەکەی واتە (بالی) گرنگییان بە لایەنی ئەدەب نەداوە،"تا ئەو رادەیە کە رازی نەبوون کە ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە ئەنجام بدرێن،بەلاّم ژمارەیەك لە قوتابییانی بالی ئەم بۆچوونەیان رەتکردەوە،بۆ نموونە (مارسیل کریسۆ) لەگەڵ رەتکردنەوەی ئەم بۆچوونە جەختی لەسەر ئەمە کردووە کە ئەدەب مەیدانی بێ رکەبەرە بۆ زانستی شێواز و لێکۆڵینەوەی زمانەوانی"،[1] (سۆسێر) لەسەر بناغەی کۆمەڵە بۆچوونێك کە خۆی بڕوای پێیان هەبووە ئەوەندە بەرەو مەیدانی ئەدەب نەرۆیشتووەبەلاّم بێ ئەوەی بیەوێ بۆچوونەکانی بەشێکی گرنگ لە بنەڕەتەکانی سیمیۆلۆژیا و بنیاتگەری دەقی ئەدەبیان پێکهێناوە.

هەر چۆنێك بێت سیمیۆلۆژیاش وەکو بنیاتگەری و شێوازگەری لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی کە تەنیا زمان و پێکهاتەکانی دەکردە کەرستە گوێزرایەوە بۆ مەیدانەکانی تر،کە لە هەموویان ئاشکراتر مەیدانی هونەر و بە تایبەتی ئەدەبیاتە.

سەبارەت بە سیمیۆلۆژیا و پەیوەندی بە ئەدەبیاتەوە ناکرێت بە هیچ شێوەیەك رۆڵی (پیرس) لە بیربکرێت،بە تایبەتی کاریگەری دابەشکردنەکەی بۆ جۆرەکانی نیشانە کە وەکو بنەڕەتێکی سیمیۆلۆژیا جێی خۆی گرتووە،ئەم دابەشکردنەی پیرس دەرفەتی ئەوە بە سیمیۆلۆژیا دەدات کە لە هەموو هونەرەکان بکۆڵێتەوە.

لە مێژووی مرۆڤایەتی دا هەر چەند بەرەو دواوە بگەرێینەوە دوو نیشانەی سەربەخۆ و یەکسان دەبینین، ئەوانیش بریتین"لە نەخش و ووشە،لە ووشەکان هونەرە ئاخاوتنییەکان و لە نەخشەکانیش هونەرە وێنەییەکان هاتوونەتە ئاراوە.ئەمە هەرچەندە دەربرینێکی سادەیە بەلاّم ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە ئەدەب هەر لە کۆنەوە سیستەمێکی نیشانەیی بووە کە لە سەر بناغەی نیشانە زمانییەکان هاتۆتە ئاراوە،هەروەها ئەوەشمان بۆ دەسەلمێنێت کە جیاوازییێك لە نێوان ئەدەب و هونەرەکانی تر لە رووی جۆری نیشانەکان لە ئارا دایە."[2]

---

(١) بيرجيرو. الاسلوب والاسلوبيه، ترجمه: منذر عياشي، مركز الانماو القومي، لبنان، بلا، ص٣٩.

(٢) ژان ايو تاديه.نقد ادبی در قرن بيستم، ترجمه:مهشيد نونهالی، انشارات نيلوفر، چاپخانه گولبان، تهران، ١٣٧٨، ص٢٤٢

کەرەستەی ئەدەب زمانە،دەتوانین بڵێین"تەنها کەرەستەی کە دەقی شیعر پێشکەشمان دەکات بۆ راڤەکردن، زمانی دەقە،واتە هەبوونی فیزیکیی راستەوخۆی لە سەر لاپەرە یان لە چوارچێوەی لایەنی دەنگی دا..."[1] بە دەربڕینێکی تر ئەدەب رووداوێکە لە ناو زمان دا روودەدات بۆیە لە بەرهەمی ئەدەبی دا بەر لە هەموو شتێك زمان جێگای گرنگی پێدان و بایەخە ،ئەدەب هەمان نیشانە زمانییانە بەکار دەهێنێت کە لە زمان دا باون بەلاّم شێوازی تایبەتی خۆی هەیە لە رێکخستن و بەکارهێنانی ئەم نیشانانەدا.

سیمیۆلۆژیای ئەدەب یاخود زانستی نیشانەکانی زمانی ئەدەبی لە روالەت دا لەگەڵ"بواری کارکردنی شێوە و لقەکانی تری سیمیۆلۆژیا بەیەکەوە دەگەن کە ئەوانیش گرنگی بە نیشانەکان دەدەن،لە زمانەوانییەوە بگرە کە لە دڵی سیمیۆلۆژیا دا جێگەی هەیە تا وەکو کۆمەڵناسی.بەرفراوانکردنی سیمیۆلۆژیای ئەدەب بە شێوەیەکی پراکتیکی بۆ هەوڵەکانی (ئێکۆ، گریماس، گیرۆتێل کۆل،ژولیاکریستوڤا و ئەوانەی تر) دەگەرێتەوە."[2]

سیمیۆلۆژیای هونەر یاخود بەکارهێنانی نیشانەکان بە شێوەیەکی داهێنەرانە،یەکێکە لە بوارە سەرەکییەکانی لێکۆلینەوە و توێژینەوەی قوتابخانەی زمانەوانی بنیاتگەری کە لە بیستەکانی سەدەی بیستەم بە قوتابخانەی پراگ ناسراوە ، یەکێك لە دیارترین نووسەرانی ئەم قوتابخانەیە(یان مۆکارۆفسکی)یە، ناوبراو لە ووتارێکی خۆی دا بە ناوی(لێکۆلینەوەی سیمیۆلۆژیای هونەر) داکۆکی کردۆتە سەر رۆڵی سیمیۆلۆژیا لە بواری هونەر دا،هونەری بە یەکێك لە گرنگترین لقەکانی لێکۆلینەوەی سیمیۆلۆژیایی زانیوە.(مۆکارۆفسکی) لەم ووتارە دا سروشتی نیشانە زمانییەکان لە دەقی ئەدەبی دا ،پەیوەندی ئەم بەرهەمە نیشانەییانە بە نووسەر و خوێنەرەوە، و ئەرکەکانی ئەم جۆرە نیشانانەی بەدیارخستەوە.[3]

(ئیمبێرتۆ ئیکۆ)لە(بەرهەمی کراوە-١٩٦٢) جەختی لە سەر ئەمە کردووە کە"بەرهەمی هونەری،ئەدەبی بێت یان بەرجستەیی یان مۆزیکال وەکو دەزگایەکە لە نیشانەکان کە لە

---

(١) کمال ابو دیب.فی الشعریە، مؤسسة الابحاث العربیە، بلا، ١٩٨٧، ص١٥.

(٢) ژان ایو تادیە، همان مأخذ سابق، ص٢٤٢.

(٣) یان موکارفسکی, مطالعە نشانەشناختی هنر، ترجمە: محبوبە مهاجر، مجلە بخارا، شمارە ٣٣و٣٤، سایت: www.bukharamagazine.com .

رووی شیکردنەوە بێ سنوورە، هەر بەرهەمێکی هونەری ئەگەرچی لە رووی فۆرمەوە بێ کەم وکۆڕییە و بە ووردی قەبارەکەی دەستنیشانکراوە و بە دەربڕینێکی تر داخراوە بەلاّم بە هۆی ئەوەی کە دەتوانین بە چەند شێوەی جیاواز راڤەی بکەین بەبێ ئەوەی کار بکاتە سەر تایبەتمەندییەکانی،بە بەرهەمێکی کراوە دەژمێردرێت".[1]

یەکێك لەو گرفتانەی کە هەندێ بە هۆیەوە هەوڵیان داوە بەرهەمی هونەری لە سنووری سیمیۆلۆژیاوە دووربخەنەوە بۆ تایبەتمەندییەکانی نیشانەی هونەری دەگەڕێتەوە،گرنگترینیان ئەمەیە کە هەمیشە"نیشانە رەهەندێکی کۆمەلاّیەتی هەیە،پەیوەندی لە نێوان دوو کەس دا ساز دەکات،ئەمە لە کاتێك دا کە لایەنی کۆمەلاّیەتی یاخود رێککەوتنی کۆمەلاّیەتی بە تەواوەتی لە نیشانە هونەرییەکان دا بە دیار ناکەوێت،ئەم نیشانانە زۆر جار لایەنی تاکەکەسی بە سەریان دا زالە بەلاّم ئەوەی راستی بێت دروستبوونی نیشانەکان لە سەر بناغەی رێککەوتن و کۆمەلاّیەتی بوونیان مەسەلەیەکی رێژەییە و دەکرێت رادەی کەم یان زۆر بێت".[2]

وەك ووتمان هونەرە پەیڤییەکان پەیوەندییێکی راستەوخۆیان بە زمانەوە هەیە چونکە هەمان کەرەستەی زمان واتە پیت و ووشە و رستەکانی بەکاردەهێنن بۆیە ئەو لێکۆلینەوە سیمیۆلۆژیانەی کە رەهەندی زمانەوانی بناغەی ئیشکردنیانە،دەتوانن لێرە دا رۆلی خۆیان ببینن.لە بەرهەمە ئەدەبییەکانیش دا شیعر زیاتر لە هەموویان پێویستی بەم جۆرە لێکۆلینەوانەیە هەیە چونکە لادان و زەفکردنەوە و گەمەکردن بە نیشانە زمانییەکان ئەوەندە بەرفراوانە کە تەنیا بە هۆی لێکۆلینەوەیەکی سیمیۆلۆژیایی وورد لایەنە شاراوەکانی بەدیاردەخرێنەوە.

---

(١) ژان ایو تادیە، همان مأخذ سابق، ص٢٤٥.

(٢) پی یر گیرو. همان مأخذ سابق، ص١٥٤.

# باسی دووەم: هەندێ لە بنەماکانی سیمیۆلۆژیا:

## • تەوەرەی یەکەم: بنەما سەرەکییەکان:

### أ- نیشانە:

### - چەمکی نیشانە:

دەربارەی سیمیۆلۆژیا ئاماژە بەوە کرا کە دەکرێت هەر شتێك بە کەرەستەی دابنرێت،لە لاییێکی ترەوە ئەوەش روون کرایەوە کە سیمیۆلۆژیا بە گشتی لە نیشانەکان دەکۆلێتەوە،ئەمانەش بەرەو ئەوەمان دەبەن کە بڵێین هەموو شتێك نیشانەیە، چاکتریش وایە کە بڵێین بەرفراوان بوونی چەمکی نیشانە کە کەرەستەی سیمیۆلۆژیایە بۆتە هۆی بەرفراوان بوونی چەمکی سیمیۆلۆژیا.

دەربارەی چەمکی نیشانە رێککەوتنێکی رەها بەدی ناکرێت،تەنانەت کۆسپ و تەگەرەکان لە سنووری چەمك و نەبوونی پێناسەیەکی هاوبەش تێپەڕدەبن و بەرەو مەسەلەی رێك نەبوون لەسەر بەکارهێنانی زاراوەیەکی دیاریکراویش دەچن.

لەگەڵ تەواوی ئەم ناکۆکییانە مەسەلەی دوولایەنی بوونی نیشانە وەکو چەمکێکی بنەڕەتی تارادەیەکی زۆر پەسند کراوە،واتە ئەم سەرباوەرە کە نیشانە بریتیە لە لایەنێك کە فۆڕمە و دەلالەت دەکاتە سەر لایەنێکی تر کە واتا یاخود چەمکە سەلمێنراوە و زۆربەی زۆری سیمیۆلۆژیستەکان-هەر چەند لەوانەیە بە شێوازی جیاواز و زاراوەی جیاوازەوە بێت- لە سەری رێککەوتوون.

رەنگە لە سادەترین پێناسە دا نیشانە(signe) بریتی بێت"لەو شتەی کە نوێنەرایەتی شتێکی تر دەکات،بە دەربڕینێکی تر دەلالەت دەکاتە سەر شتێکی تر کە خودی خۆی

نییه"، [١] بەم شێوەیە نیشانە ئەوەیە کە شتێك لە جیاتی شتێکی تر کە ئامادە نییە یان لەوانەیە بوونی نەبێت دەربکەوێت.

(سۆسێر) کاتێك کە باسی سیمیۆلۆژیای کردووە ئاماژەی بەوە داوە کە چەندین سیستەمی نیشانەیی لە ئارادان کە سیمیۆلۆژیا دەتوانێت لێیان بکۆڵێتەوە،بەلاّم کاتێك کە هاتۆتە سەر بابەتی نیشانە و ئەدگارەکانی ،دەکرێت بڵێین تەنیا گرنگی بە نیشانە زمانییەکان داوە،واتە لە چوارچێوەی زمانەوانییەوە وەکو لقێکی سیمیۆلۆژیا نەچۆتە دەرەوە چونکە بە بۆچوونی (سۆسێر) زمانەوانی بە لقێك لە لقەکانی سیمیۆلۆژیا دەژمێردرێت و ناکرێت زمانەوان سنووری نیشانە زمانییەکان ببەزێنێت و بەرەو جۆرەکانی تری نیشانە و لە ئەنجام دا سیمیۆلۆژیای گشتی بڕوات.

(سۆسێر)وێنەیەکی دوو لایەنانە یان دوو بەشمان لە نیشانە پێشکەش دەکات،لە دیدی (سۆسێر)ەوە نیشانە لە  فۆڕم یاخود(وێنە دەنگی) - واتە دال - و چەمك - واتە مەدلوول - پێکهاتووە[٢]




بە سادەترین شێوە (دال) شتێکی دەرەکی یاخود فۆڕمێکە کە دەلالەت دەکاتە سەر شتێکی تر کە ناوەڕۆك یاخود واتایە ولە ناوەوە دایە،هەر چەندە کە بۆچوونی (سۆسێر) روون نابێتەوە  تاوەکو لە نیشانە زمانییەکان نەدوێین بەلاّم لەگەڵ ئەمەش دا دەتوانین بڵێین کە لە نموونەکەی (سۆسێر) دا پەیوەندی نێوان ئەم دوو لایەنە واتە دال و مەدلوول دەبێتە هۆی هاتنە کایەوەی دەلالەت،کەواتە نیشانە بریتیە لە یەکگرتنی دال و مەدلوول کە ئەم پەیوەندییەش لە وێنەی سەرەوە بە هۆی تیرە ستوونییەکانەوە پیشان دراوە.

---

(١) ابوالحسن نجفي. مباني زبانشناسي و كاربرد آن در زبان فارسي، چاپ هشتم، انتشارات نيلوفر، تهران، ١٣٨٢، ص ١٤.

(٢) فرديناند دوسوسور. همان مأخذ سابق، ص٩٧.

(سۆسێر) له پێناسەی نیشانه دا دەڵێت که"نیشانه ئەوەیه که شتێك له جیاتی شتێکی تر به ڕێژه و توانایێکی تایبەتەوه بۆ کەسێك بەدیاربخرێتەوه، تەنیا لەم رووه که ئەم پەیوەندییه به ئامادەبوونی راڤەکارێك ئەنجام دەدرێت نیشانه دەتوانێت بۆ کەسێك دەربڕی شتێکی تر بێت ".[1]

به پێچەوانەی(سۆسێر)ەوه (پیرس) راستەوخۆ نموونەیەکی سێ لایەنەمان له نیشانه پێشکەش دەکات:

١- وێنەساز (تداعی – representamen) فۆڕمێکه که نیشانه به خۆیەوه دەگرێت و مەرج نییه که ماتریالی بێت.

٢- راڤەکردن (interpretant) مەبەست راڤەکار نییه،بەڵکو واتایەکه که له نیشانه بەدەستەوه دێت.

٣- بابەت (object) که نیشانه بۆی دەگەڕێتەوه[2]

(پیرس) بۆ باشتر گەیاندنی مەبەستی خۆی نموونەیەکی هێناوه، له ترافیکلایتەکان دا رووناکی سوور وێنەسازه یاخود فۆڕمی تەداعییه، ئۆتۆمبێلەکانیش به بابەت دەژمێردرێن،ئەمه له کاتێك دا که رووناکی سوور پەیوەسته به وەستان و به رەگەزی راڤەکردن دەزانرێت.[3]

نیشانه له شێوەی وێنەساز(representamen) دا شتێکه که له لاییکەوه به پێی گونجانی خۆی شوێنی شتێکی تر دەگرێتەوه،کەسێك به دەکات به موخاتەبی خۆی،واته له زەینی کەسەکه دا نیشانەیەکی یەکسان یان لەوانەیه بەرفراوانتر بەدی دەهێنێت.ئەو نیشانەیەی که (representamen) له مێشکی موخاتەب دا دەخولقێنێت به (راڤەکردن)ی نیشانەی یەکەم دادەنرێت،نیشانه شوێنی شتێکی تر دەگرێت که بابەتی نیشانەیه،پەیوەندیی نێوان (representamen)، بابەت و راڤەکردن لای (پیرس) به (سیمیۆسیس) ناسراوه.[4] دەتوانین بڵێین (پیرس) له سێ روانگه تەماشای نیشانەی

---

(١) رولان بارت. همان مأخذ سابق، ص١٠.

(٢) فرزان سجودی. همان مأخذ سابق، ص٣٠.

(٣) فرزان سجودی. همان مأخذ سابق، ص٣٠.

(٤) همان مأخذ سابق، ص٣٠.

کردووه،یەکەم ئامراز یاخود هەڵگرێك کە چەمکێك بۆ زەینی مرۆڤ دەگوێزێتەوە، (پیرس) بە فۆڕمی نیشانە یان دال لە قەلەمی داوە،دووەم ئەو چەمکەیە کە ئەرکی راڤەکردنی نیشانەیە (پیرس) بە مەدلوولی زانیوە ،سێیەم ئەو شتەی کە نیشانە دەلالەت دەکاتە سەری(پیرس)ناوی لێناوە بابەت. بە بۆچوونی (پیرس) راستی یان واتا لە ژێر تیشکی زمان دا کاتێك هەبوونی دەبێت کە چەمکێك لەگەڵ شتێکی تر کە لە زەینی شرۆڤەکار دا هەبوونی هەیە یەك دەگرن،ئاشکرایە کە پێناسەی (پیرس) بۆ راستی لەگەڵ ئەوەی کە(سۆسێر) ناوی لێناوە مەدلوول لە یەکەوە دەچن.لە دیدی (پیرس)ەوە مەدلوول رووداوێکی دەروونییە کە لە قووڵایی زەینی ئەوکەسەی کە راڤە دەکات بەدەردەکەوێت بەڵام لەگەڵ ئەم لێکچوونەدا لایەنی جیاوازیش لە نێوانیان دا بەدی دەکرێت، مەسەلەی راڤە کردنی نیشانە لای (پیرس) زۆر گرنگە،(پیرس) ئاماژەی بەوە داوە کە تەنیا کاتێك نیشانە بە نیشانە لە قەلەم دەدرێت کە راڤە(تأویل) کرا بێت.(1)

بەم پێیە (سۆسێر) بە هۆی چەمکی (مەدلوول)ەوە وەکو راستییێك لە زەینی مرۆڤ دا هەلوێستێکی فەلسەفی هەلبژارد و (پیرس) بە هۆی (فاکتەری راڤەکردن) سیمیۆلۆژیای خستە ناو جەرگی فەلسەفەی زانستەوە.(2)

روانینی (پیرس) بۆ نیشانە ئەوەندە بەرفراوانە کە وتوویەتی تەنیا لە ژێر رۆشنایی نیشانەکانە کە دەتوانین بیربکەینەوە(3) ئەگەر نیشانە لای (سۆسێر) تەنیا رێککەوتنێك بێت لە نێوان دال و مەدلوول ئەوا لای (پیرس) نیشانە چەمکێکی ئاوێتەترە،خۆی دەڵێت"مەبەستی من لە نیشانە کردار یاخود کاریگەریەکە کە لە ئەنجامی هەماهەنگیی سێ شتەوە پێك دێت: بنیاتی نیشانە، بابەت، فاکتەری راڤەیی،دەربارەی ئەمەش وتوویەتی:"نیشانە یان نیشانەیی شتێکە کە بۆ کەسێك لە رێککەوتێکی تایبەت وەکو نیشانەی شتێکی تر لە قەلەم بدرێت، واتە لە زەینی ئەو کەسە دا نیشانەیەکی هاوئاست یان تەواوتر بۆ ئەو شتە بخۆلقێنرێت،من بەم نیشانەی دووەمەدەلێم:فاکتەری راڤەیی".(4)

---

(1) محمد ضميران،همان مأخذ سابق، ص ١٢ – ١٣.
(2) بابك احمدی. همان مأخذ سابق، ص١٢.
(3) محمد ضميران،همان مأخذ سابق، ص٤٠.
(4) بابك احمدی. همان مأخذ سابق ، ص٢٢– ٢٣.

مەسەلەیەکی تر کە (پیرس) ورووژاندوویەتی ئەوەیە کە مەرج نییە هەموو سیستەمە نیشانەییەکان سیستەمی پەیوەندی کردنیش بن،بە تایبەت ئەوانەی لە سەر بناغەی ئایکۆنی یان ئیندێکسی هاتبنە ئاراوە، بۆ نموونە لە سیستەمێکی وەکو جل پۆشین دا دەلالەت لە ئارا دا نییە،بەلاّم لەوانەیە جۆرە پەیوەندییێك لە ئارادا بێت،چونکە لە زۆربەی کولتوورەکان دا ئامانج و مەبەستی سەرەکی جل پۆشینەوە پاراستن و پۆشینی لەشە لە زیانەدەرەکی و سروشتییەکان.[1]

دەربارەی پەیوەندی نیشانە بە مەسەلەی رێککەوتنی کۆمەلایەتی یان هەلبژادنی بوون و خۆبەخۆیی بوونی پەیوەندی نێوان دال و مەدلوول بۆچوونی جیاواز لە ئارا دایە،هەندێ لەگەڵ ئەوە دان کە نیشانە تەنیا ئەو کاتە بە نیشانە لە قەلەم دەدرێت کە پەیوەندی نێوان دال و مەدلوول پەیوەندییێکی خۆبەخۆیی بێت واتە پەیوەندییێکی سروشتی یان لۆژیکی لە ئارا دا نەبێت،بەلاّم هەندێکی تر هەن کە بە لایانەوە چەمکی نیشانە بەرفراوانترە لەوەی کە ئەم فاکتەرە بتوانێت سنووورداری بکات.

زۆربەی ئەو سەرچاوانەی کە تایبەتن بە سیمیۆلۆژیا داکۆکی دەکەنە سەر ئەوەی کە یەکێك لە مەرجەکانی نیشانە هەبوونی رێککەوتنێکی کۆمەڵایەتییە واتە پێویستە کۆمەڵە کەسێك وا راهاتبن کە شتێك بە نیشانەی

شتێکی تر بزانن، رادەی ئەم رێککەوتنەش لە نیشانەیەکەوە بۆ نیشانەیەکی تر دەگۆردرێت. دەکرێت بڵێین ئەوەندەی کە پەیوەندی سروشتی لە نێوان دال و مەدلوول دا بەهێزتر بێت ئەم رێککەوتنە کۆمەلایەتییەش بە هێز دەکەوێت،لە لاییکی ترەوە ئەم رێککەوتنە سروشتێکی ئاماریی هەیە،بە ژمارەی ئەو کەسانە بەستراوە کە لە کۆمەڵێکی دیاریکراو دا پەسندی دەکەن.ئەوەندەی کە رێککەوتنەکە بەرفراوان و وورد بێت نیشانە زیاتر بەرەو ئەوە دەروات کە ببێت بە کۆد.[2]

(موریس) دەربارەی نیشانە دەڵێت "هەر شتێك نیشانەیە , تەنیا لەم رووە کە وەکو نیشانەی شتێك لە لایەن راڤەکارێکەوە راڤە کراوە"،[3] بۆیە سیمیۆلۆژیا لەگەڵ

---

(١) هەمان مأخذ سابق، ص٤٧.

(٢) پی یر گیرو. هەمان مأخذ سابق، ص١٧.

(٣) رولان بارت. هەمان مأخذ سابق، ص١٠.

لێکۆڵینــەوەی جــۆرێکی دیــاریکراو لــە بابەتــەکان مامەڵــە ناکــات بــەڵکو لەگــەڵ بابەتــە ئاساییەکان سەرەدەری دەکات،تا ئەو رادەیە کە ئەم بابەتە لـە قەلـەمرەوی نیـشانە دا جێـی هەبێت.(ئیمبرتۆ ئێکۆ) لەگەڵ پەسـندکردنی ئـەم بۆچوونە دەڵێـت"لای مـن نیـشانە هـەر شتێکە کە بە پێی رێککەوتنێکی کۆمەلأیەتیی لە پێش بنیاتنراوەوە بریتی بێت لـە شـتێك کە لە شوێنی شتێکی تر پێشکەش کرا بێت"[1] واتە نیشانە لە شوێنێك دا هەبوونی دەبێت کـە کۆمـەڵێك کـەس ئـەو رێککەوتنـە پەسـند بکـەن و وەکـو نیـشانەی شـتێکی تـر بـەکاری بهێنن، بە بۆچوونی (ئێکۆ) ئەمـە مـەرجی هـەر نیـشانەیەکە کـە هەنـدێ کـەس لـە سـەری رێك بکەون و ئەو راسـتییە قـەبوول بکـەن کـە ئـەم شـتە ئامـاژە بـە شـتێکی تـر دەدات کـە ئامادە نییە.

مەسـەلەی رێککـەوتنی کۆمەلایـەتی هەنـدێ رەخنـەش دێنێتـە ئاراوە،بـەرەو ئـەوەمان دەبات کە هەست بـەوە بکـەین کـە کۆمەڵـە کەسـێك لـە ئـەنجامی چـەند کۆبوونەوەیـەك دا بریاری ئەوەیان داوە کە کام دال بـۆ کـام مـەدلوول بـە کاربهێنرێت، ئەمـە لـەو کاتـە دا کـە زۆربــەی جــاران رێککــەوتن لــە ســەر بناغــەی بریــاردانێکی ئاگایانــە و پــلان بــۆ دارژاو نییە،بــەڵکو رێککــەوتنێکی لــە پــێش پەســندکراوە کــە چــۆنیەتیەکەی بــە تــەواوەتی روون نییە.

ســەبارەت بــە هــەبوون یــان نــەبوونی پەیوەنــدییێکی سروشــتی لــە نێــوان دال و مەدلوولیش،هەندێ وا بۆی دەچن کـە تـەنیا پەیوەنـدی خۆبـەخۆیی نێـوان دال و مـەدلوول دەبێتـە هـۆی هاتنـە کایـەوەی نیـشانە وناکرێـت پەیوەنـدییێکی سروشـتی لـە نێوانیـان دا هەبێت،بەلاّم دەبینین کە لە لایەن هەنـدێ لێکۆڵـەرەوە بـە تایبـەت (پـیرس) ئـەم بۆچـوونە رەتکراوەتەوە، کاتێك کە تەماشـای جۆرەکـانی نیـشانە دەکـەین ئـەم راسـتییە بـە تـەواوەتی روون دەبێتەوە.

- **جۆرەکانی نیشانە:**

ئەگەر ژیان و کۆمەڵگا پڕ بن لە سیستەمە نیشانەییەکان،سەیر نییـە کـە پـۆلینکردنی نیشانەکانیش چەندین رەهەندی بەرفراوان و جیاواز بە خۆیەوە بگرێت،ئەم بەرفراوانییـە

(١) هەمان مأخذ سابق، ص١١.

وا له لێکۆڵەرەوەیەکی وەکو (سۆزان لانگر) دەکات کە لەو بڕوایە دا بێت کە (٥٩٠٤٩) جۆر نیشانە لە ئارا دان،ناوبراو لە ئەنجام دا و لە پۆلینکردنێکی گشتی تر ژمارەی ئەم نیشانانەی گەیاندۆتە (٦٦) جۆر.[1]

لەوانەیە پەیرەو کردنی ئەم بەرفراوانییە بنەما زانستییەکانی سیمیۆلۆژیا بخاتە مەترسییەوە،ئەم هەموو نیشانەیە وامان لێ دەکات کە بڵێین پۆلینکردنی جۆرەکانی نیشانە ئەستەمە بۆیە پێویستە لە بەدیارخستنەوەی جۆرەکانی نیشانە دا ڕێگاییکی سنوور دارتر بەکاربهێنرێت.

(پیرس)یش بڕوای بە جۆراوجۆری نیشانەکان هەبووە ، ناوبراو لە ڕێگەی بە کارهێنانی چەند پێوانەی جیاوازەوە شەست و شەش جۆر نیشانەی لە یەکتر جیا کردۆتەوە ئەم پۆلین کردنە بە هۆی ئەو ئالۆزی و گۆڕانکارییە بەردەوامانەی کە بە خۆیەوە دەبینێت جگە لە ڕاڤەکارانی بۆچوونەکانی (پیرس) نەیتوانیوە جێگایەکی تر بۆ خۆی بکاتەوە بەڵام هەندێ لەم جیاوازیانەی کە (پیرس) باسی لێوە کردوون وەکو جیاوازی نێوان ئایکۆن و ئێندێکس و سیمبۆل بە تەواوەتی لە مەیدانی سیمیولوژیا دا باویان سەندووە.[2]دواتر (پیرس) بە هۆی جۆری ئەو پەیوەندییەی کە لە نێوان دال و مەدلوول دا بە دی دەکرێت سێ جۆرە نیشانەی دەستنیشان کردووە:

أ- ئایکۆن: لە نیشانە ئایکونییەکان دا پەیوەندی نێوان دال و مەدلوول لە سەر بناغەی وەکیەکی بنیات نراوە، واتە دال لە هەندێ لایەنەوە (ڕووالەت، دەنگ، هەست، بۆن) لە مەدلوولەوە دەچێت، بە دەربڕینێکی تر خاوەنی هەندێ لە چۆنیەتیەکانی مەدلوولە، بۆ نموونە: وێنە،کاریکاتۆر،پەیوەندییە خواستنییەکان...تاد.

ب- ئیندێکس: دال لە نیشانە ئیندێکسیەکاندا خۆبەخۆیی و بە پێ ئارەزو نییە بەڵکو ڕاستەوخۆ و لە ڕێگاییێکی فیزیکیەوە (هۆکارییەوە) بە مەدلوولەوە بەستراوە. دەکرێت ئەم پەیوەندییە ببینرێت یاخود هەستی پێ بکرێت،نموونەی ئەم جۆرە نیشانانە وەکو (دووکەڵ،بروسکە،شوێن پێ...)، نیشانە پزشکیەکان(ژان،لێدانی دڵ، خوران) ئامرازەکانی ئەندازەگرتن یا خود پێوان (گەرمی پێو، کات ژمێر...).

---

(١) فرزان سجودی. همان مأخذ سابق، ص٣٢.

(٢) پی یر گیرو. همان مأخذ سابق، ص١٤٧.

ج- سیمبۆل: لە سیمبۆلەکاندا دال وەکو مەدلوول نییە بەڵکو بە پێی پەیوەندییێکی خۆبەخۆیی یا خود لە سەر بناغەی ڕێکەوتنەوە دەلالەت دەکاتە سەر مەدلوول، بە دەربڕینێکی تر ئەم پەیوەندییە پێویستیی بە فێربوونەوە هەیە،لە نیشانە سیمبۆلییەکان دەتوانین ئاماژە بدەین بە زمان بە شێوەیەکی گشتی(سەرەڕای زمانە تایبەتیەکان، پیتەکانی ئەلیفبێ ، نیشانەکانی خالبەندی ، ووشەکان، دەربڕینەکان، ڕستەکان،سیگنالەکانی مۆرس،گڵۆپەکانی ترافیکلایت...)(١)

لە نیشانە ئیندێکسییەکاندا پەیوەندی نێوان دال و مەدلوول پەیوەندییێکی هۆکارییە بەڵام لە نیشانە ئایکۆنیەکاندا وێنەییە بۆیە دەتوانین بڵێین پەیوەندی نێوان دال و مەدلوول لە نیشانە ئایکۆنیەکاندا زۆر بەهێزە و خۆبەخۆیی نییە ، لە نیشانە ئیندێکسییەکان دا ئەم پەیوەندییە لە ئارادایە بەڵام ڕادەکەی کەمترە . لە نیشانە سیمبۆلییەکان دا پەیوەندییێکی وا لە نێوان دال و مەدلوول دا بەدی ناکرێت، لە ئەنجامی ڕێکەوتنێك ئەم پەیوەندییە ساز کراوە بۆ نموونە هیچ پەیوەندییێك لە نێوان ڕەنگی سووری ترافیکلایتەکان و وەستانی ئۆتۆمبێلەکان دا نییە، یاخود هیچ پەیوەندییێکی وەکیەکی لە نێوان ووشەی کتێب و خودی کتێبەکە دا بەدی ناکرێت.

(پیرس) گرنگترین جۆرەکانی پەیوەندی نێوان دال و مەدلوولەکانی نێو ژیانی کۆمەلایەتی ڕەچاو کردووە،چونکە بە ڕاستی دەکرێت بڵێین سێ جۆر پەیوەندی لە نێوان دال و مەدلوولەکان دا بە دی دەکرێت، پەیوەندی لۆژیکی کە پەیوەندییێکی ئەقلییە لە نێوان ئەوەی کە مرۆڤ دەبینێت و ئەو واتایەی کە لە پشتەوەیە، وەکو بینینی دووکەل کە بەلگەیە بۆ هەبوونی ئاگر، پەیوەندی سروشتی کە تێدا جۆرە پەیوەندییێکی هەستیی یان خودی لە نێوان ئەوەی کە مرۆڤ هەستی پێ دەکات و ئەوەی کە مەبەست یان واتایە هەیە، پەیوەندی عورفی کە لە سەر بناغەی ڕێکەفتن و عورفەوە دامەزراوە. لە حالەتی یەکەم دا ئیندێکس، لە دووەم ئایکۆن و لە سێیەم سیمبۆل دێتە کایەوە.(٢)

---

(١) فرزان سجودی. همان مأخذ سابق، ص٣٣-٣٤.

(٢) کریم حسام الدین. ((التحلیل الدلالی)) اجراءاته و مناهجه، الجزء الاول، دار غریب لطباعة و النشر، بلا، ٢٠٠٤، ص ٥١.

(ویلیام پی ئالستۆن) دەربارەی ئەم نیشانانە دەڵێت:"ئایکۆن نیشانەیەکە کە ئاماژە دەدات بە فۆڕمێکی دەرەکی (یان مەدلوول) ئەم نیشانەیە تەنیا بە پاڵپشتیی تایبەتمەندییەکانی خۆی دەلالەت دەکاتە سەری، ئیندێکس نیشانەیەکە کە دەلالەت دەکاتە سەر شتێکی دەرەکی (یان مەدلوول) ئەمەش بە هۆی ئەوەی کە کەوتووتە ژێر کاریگەری ئەو شتە دەرەکییە بۆیە دەلالەت دەکاتە سەری ، سیمبۆلیش نیشانەیەکە کە بە هۆی ئەم راستییە کە وەکو نیشانە بەکار هێنراوە و بە نیشانە زانراوە، نیشانەیەك پێك دێنێت".[١]

لە لایێکی ترەوە بە بۆچوونی (پیرس)"هەمیشە تەواوترین جۆری نیشانە ئاوێتەیەکە لە سێ جۆری نیشانە واتە ئەو نیشانەیەی کە لایەنی ئایکۆنی و ئیندێکسی و سیمبۆلی لە پێکهاتەکەی دا بەدی بکرێت واتە یاساکانی لێکچوون ، پەیوەندی، رێککەوتن تێدا ئاوێتە کرابنەوە"[٢] بەلاّم زۆر جار ئەم مەسەلەیەش دێتە ئاراوە کە سنووری جیاکرەوە لە نێوان ئەم جۆرانە دا بەدی ناکرێت واتە هیچ نیشانەیەك بە تەواوەتی ئایکۆنی یان ئیندێکسیی یان سیمبۆلی نییە، ئەو سیفەتەی کە لە یەکێکیان دا زالە لەوانەیە لەوەی تریش هەبوونی هەبێت بەلاّم بە شێوەیەکی لاوازتر.

(سۆسێر) بڕوای بەوە هەبووە کە چەندین جۆر نیشانە لە ئارا دان چونکە ئاماژەی بەوە داوە کە چەندین سیستەمی نیشانەیی هەن کە زمان یەکێك یاخود گرنگترینیانە. لەگەڵ ئەمەش دا هەوڵی ئەوەی نەداوە کە لەم بارەیەوە پۆلین کردنێك پێشکەش بکات. (سۆسێر) تەنیا لە سەر نیشانەی زمانی کە دوو لایەنی (دال و مەدلوول) بە خۆیەوە دەگرێت دواوە. ئەوەی لێرەدا گرنگ بێت ئەوەیە کە لە دیدی (سۆسێر)ەوە تەنیا ئەوانە بە نیشانە دادەنرێن کە پەیوەندی نێوان (دال و مەدلوول) لە پێکهاتەیان دا پەیوەندییێکی خۆبەخۆیی و لە سەر بناغەی رێککەوتنەوە بێت، بەمەش (سۆسێر) بایەخ دەدات بە مەسەلەی کۆمەلاّیەتی بوونی چەمکی نیشانە،کاتێ کە دێینە سەر نیشانە زمانییەکان بە تەواوەتی ئەم رەهەندانە روون دەکرێنەوە.

---

(١) ویلیام پی الستون. فلسفه زبان، ترجمە: احمد ایرانمنش و احمد رضا جلیلی، دفتر پژوهش و نشر سهروردی، تهران، ١٣٨١، ص١٣٧-١٣٨.

(٢) بابك احمدی. از نشانەهای تصویری تا متن، نشر مرکز، تهران، ١٣٧١، ص٤٥.

دەكرێت لە رووییێكی ترەوە جۆرەكانی نیشانە بەدیاربخەینەوە لەم رووەوە یەكەم جار نیشانە سروشتییەكان لە نیشانە لە سەر رێكەوتووەكان جیا دەكەینەوە، نیشانە لە سەر رێكەوتووەكان ئەوانەن كە هیچ جۆرە لێكچوونێك لە نێوان دال و مەدوولەكانیان دا نابینرێت، خودی ئەم نیشانانەش دەبن بە دوو جۆر: نیشانە زمانی و نازمانییەكان.[1] لەم دابەشكردنە دا گرنگی نیشانە زمانییەكان بەدەردەكەوێت و ئەو بۆچوونەی سیمیۆلۆژیستەكان كە وتوویانە زمان گرنگترین سیستەمی نیشانەییە دەسەلمێنرێت.

جگە لە (پیرس) هەندێ لە رابەرانی سیمیۆلۆژیا لە هەندێ رووی ترەوە نیشانەكانیان بە سەر چەند جۆرێك دابەشكردووە،بۆ نموونە (پییێر ژیرۆ) لە سەر بناغەی تێگەیشتنی بینراو و نەبینراو و (رۆلان بارت) لە سەر بناغەی دەلالەت و مەبەستەوە باسی جۆرەكانی نیشانەیان كردووە بەلاَم ئەوەی كە بەلامانەوە گرنگە دابەشكردنەكەی (پیرس)ە چونكە لە رووییێكەوە وەكو بنەماییێكی سیمیۆلۆژیا شوێنی خۆی گرتووە و پەسەندكراوە و لە لاییێكی ترەوە لە زۆربەی شیكردنەوە سیمیۆلۆژییەكان دا سوودبەخشە.

## - نیشانە زمانییەكان:

دەربارەی پەیوەندی سیمیۆلۆژیا و زمانەوانی چەند سەرنجێك بەدیارخرا،ئەوەش روونكرایەوە كە زمان گرنگترین سیستەمی نیشانەییە،سەرەرای ئەمەش"نموونەیەكە بۆ ئەوەی لە سیستەمە نیشانەییەكانی تر بكۆلینەوە،بە پێی بۆچوونی (سۆسێر) نموونەی كۆكەرەوەی (Lepatrongeneral) سیمیۆلۆژیایە."[2]

كرداری دووان دوو لایەنی هەیە،یەكێكیان ماددییە كە مەبەستمان دەنگە بێژراوەكانن و ئەوەی تر ژیرییە كە لایەنی واتا بە خۆیەوە دەگرێت.بەم پێیە پێویستە شیكرنەوەی زمان لە سەر دوو هێلی هاوتەریب دا بڕوات.[3] ئەم دوو لایەنی بوونەی زمان بەرەو ئەوەمان دەبات كە بلێین زمان سیستەمێكی نیشانەییە بە تایبەتی كە هەمیشە لایەنی

---

(١) مهیار علوی مقدم. همان مأخذ سابق، ص١٧٥-١٧٦.

(٢) فرزان سجودی.همان مأخذ سابق،ص٤٨.

(٣) ستیفن اولمان. دور الكلمه فی اللغه، د.ترجمه:كمال بشر، الطبعة الثانیة، دار غریب للطباعة و النشر و التوزیع، القاهره، بلا، ص٣٧.

یەکەم لە پێناو دەلالەتکردن لە سەر لایەنی دووەمەوە بەکاردەهێنرێت،واتە لایەنی دەنگی وەکو دال دەلالەت دەکاتە سەر لایەنی واتا وەکو مەدلوول.

با لە (سۆسێر)ەوە دەست پێ بکەین کە وەکو یەکێك لە دامەزرێنەرانی سیمیۆلۆژیا زیاتر لە هەر شتێك گرنگی داوە بە نیشانە زمانییەکان،(سۆسێر) لە نموونەیەکی سادە دەست پێ دەکات، ووشەی(ARBOR)ی بە واتای درەخت و (EQUOS) بە واتای ئەسپ – ووشەکان لاتینین – وەك نموونە دێنێت،دوواتر باسی پەیوەندی دال و مەدلوول لەم دوو ووشەیە دا دەکات، ئەگەر بیر لە پەیوەندی نێوان یەکێیان بۆ نموونە (ARBOR) و درەختێك بکەین،دوو جۆرە بیرکردنەوەی جیاوازمان دێتە بەردەم، ئەویش ئەوەیە کە ئایا ماهییەتی ناوەکە دەنگییە یاخود دەروونییە،لەوانەیە بکەوینە گۆمانەوە و بڵێین ئەم پەیوەندیە بریتیە لە پەیوەندی نێوان(شتێك و ناوێك)، مەبەست لە شتێك درەختەکەیە و ناویش ئەو پیتانەن کە دراونەتە پاڵ یەکتر و ووشەی (ARBOR) یان پێکهێناوە.بەلام (سۆسێر) دژ بەم بۆچوونە دەوەستێت و بەدیاری دەخات کە بە راستی نیشانەی زمانی بریتی نییە لە کۆکردنەوەی ناو و شت بەڵکو بریتیە لە کۆکردنەوەی چەمکێك و وێنەیەکی دەنگی،وێنەی دەنگی ماددی نییە کە سیفەتی فیزیکی هەبێت بەڵکو بریتیە لە کاریگەریی ئەم دەنگە و ئەو نمایشکردنەی کە هەستەکانمان لەو دەنگە پێشکەش دەکەن. نیشانەی زمانی هەست پێکراوە، بۆیە کاتێك کە ئێمە بە ماددی لە قەلەمی دەدەین تەنیا بۆ ئەوەیە کە بەرامبەرییێك لەگەڵ رووەکەی تری زمان کە چەمکە ساز بکەین،ئەم رووەش زۆربەی جاران رووتترە لە رووەکەی تر.[1] بە پێی ئەم بۆچوونەی (سۆسێر) نیشانە دەبێت بە دیاردەیەکی دەروونی، لەوانەیە ئەمە وای لە سۆسێر کردبێت کە سیمیۆلۆژیا بباتە چوارچێوەی زانستی سایکۆلۆژیا گشتی.

(سۆسێر) لەگەڵ ئەوە دا نییە کە زمان بە گۆگاییێك لە ووشەکان دابنرێت بە شێوەیەك کە ووشەکانیش بریتی بن لە پەیوەندی نێوان شتێك و ناوێك ،بەڵکو لەگەڵ ئەوە دایە کە بریتیە لە کۆکردنەوەی ئەو وێنە دەنگییەی کە لە ژێر کاریگەری دەنگەوە لە مێشك دا دروست بووە و ئەو چەمکەی کە لە ئەنجامی کاریگەرییەکەی دا دێتە ئاراوە.بە شێوەیەکی گشتی (سۆسێر) لایەنی دەنگی بە دال و لایەنی واتا و چەمکی بە مەدلوول زانیوە.[2]

---

(١) فردیناند دوسوسور، همان مأخذ سابق، ص٩٥– ٩٦.

(٢) همان مأخذ سابق، ص٩٦.

لـەم رووانگەیـەوە نیـشانەی زمـانی جەوهـەرێکی زەینییـە کـە دوو ئاراسـتەی هەیـە و دەکرێت بە یارمەتی وێنەی خوارەوە روون بکرێتەوە.[١]




ئـەم دوو رەگـەزە بـە تـەواوەتی بـە یەکـەوە بەسـتراون،هەر یـەکێیان ئـەوی تـر دێنێتـە بیرەوە.تیرە ستوونییەکانیش ئەو پەیوەندییە دوو لایەنانەی کە لە نێوان دال و مەدلوول دا هەیە بە دیار دەخەنەوە، بۆیە نیشانە بریتی نییە لە لایەنی دەنگی یـان لایـەنی چـەمك و واتا بەڵکو بریتیە لەو دیاردەیـەی کـە لـە ئـەنجامی کۆکردنـەوەی هـەردوویان پێکـەوە دێتـە ئاراوە،بۆیە بە هیچ شێوەیەك ناکرێت ئەم دوولایەنە لە یەکتر جیابکرێنەوە تەنیا لە پێناو لێکۆلینەوەوە نەبێت،(یێلمزلۆڤ)لەم بارەیەوە دەڵێت ئەو رۆڵـەی کـە واتـا و فـۆڕم بەیەکـەوە دەبەسـتێت بـە راسـتی خـۆی بنەماییێکـە بـۆ پێکهاتن،ئەمـەش پێـی دەووترێـت(کـاری نیشانەیی).[٢]

(یێلمزلـۆڤ) دەربـارەی نیـشانەی زمـانی وتوویـەتی کـە"دەکرێـت بـە دوو شـێوە پێناسـە بکرێت،بە پێی پێناسەی کۆن بریتیە لەو شتەی کـە شـتێکی ترمـان پیـشان دەدات،ئەمـەش بـە راستی لەگـەڵ پێناسـەی گـشتگری زمـان یـەك ناگرێـت، بـە پێـی ئـەم بۆچـوونە ووشـە بریتیە لە نیشانەیەکی فۆڕمی کە بۆ واتایەك بـە کاردەهێنرێت. پێناسـەیەکی تـر لـە سـەر ئەم بڕوایە دامەزراوە کە نیشانە بریتیە لە گشتێك کـە بـە هـۆی هـەبوونی پەیوەندییـەوە، پەیوەندی یان رۆڵێك لە نێوان واتا و فۆڕم دا سازدەکات".[٣] بەمەش جیاوازیی نێوان دال و نیـشانە روون دەبێتـەوە،دال تـەنیا روویێکـی نیـشانەیە،ئەمە لـە کاتێـك دا کـە نیـشانە لـە ئەنجامی پەیوەندی نێوان دال ومەدلوولەوە دێتە ئاراوە.

---

(١) هەمان مأخذ سابق، ص٩٧.
(٢) آنە ماری دینە سن. هەمان مأخذ سابق، ص٦٤.
(٣) هەمان مأخذ سابق، ص٥٧.

هەر چەندە کە (سۆسێر) ئاماژەی بەوە داوە کە زمان بریتیە لە کۆمەڵە نیشانەیەك بەلاّم هەندێ لە سیمیۆلۆژیستەکان و زمانەوانان لەگەڵ ئەم ڕایەدا نین کە تەواوی کەرەستەکانی زمان بە کەرستەی سیمیۆلۆژیا دابنرێن یان بە دەربڕینێکی تر هەر هەموویان نیشانە نین.(یێلمزلۆڤ) لەگەڵ ئاماژەدان بەم مەسەلەیە وتوویەتی کە"نیشانەکان لە هەندێ شێوە دروستکراون کە خۆیان نیشانە نین، بنیاتی دەروونی نیشانە زمانییەکان لە پلەی یەکەم دا شتێکی ترە،ئەوان هەندێ سیستەمی فۆڕمین کە بۆ پێکهێنانی نیشانە سوودیان لێ وەردەگیرێت"،[1] واتە لە ئەنجامی "شیکردنەوەی (ئەزموونی- پێوانەیی) زمان بە هەندێ پێکهێنەر دەگەین کە ئیتر دابەش ناکرێن، ئەمانە بەشەکانی شتێکن.هەندێ جۆری ئەمانەش بە بەشە نەگۆڕەکان دەناسرێن:ووردە تێکستەکان، گلۆسیمەکان ،نانیشانەکان، ..."[2]

(ئەندرییە مارتین)یش جەختی لە سەر ئەم خاڵە کردووە، لەم بارەیەوە دەڵێت"هەر زمانێك لە دوو ئاست دا شیاوی شیکردنەوەیە،یەکەمیان شیکردنەوەی ئەو یەکانەیە کە یەك لە دوای یەك و بە شێوەیەکی هێل ئاسا دێن و دەبنە پێکهێنەری ئاخاوتن ،دەتوانین بەمانە بڵێین نیشانە و لە مۆرفیمەکان پێکهاتوون ، هەر یەکێك لەم یەکانە لە یەکەمین هەنگاو دا واتا و فۆڕمی دەنگیی تایبەتیان هەیە بەلاّم لە شیکردنەوەی دووەم دا هەندێ یەکەی بچووکتر یان فۆنیم کە نیشانە نین خۆیان دەنوێنن،ئەمانە ڕۆلی واتاییان نییە."[3]
لە ئەنجام دا دەکرێت بڵێین تەنیا ئەو بەشانەی زمان بە نیشان دادەنرێن یاخود دێنە چوارچێوەی سیمیۆلۆژیاوە کە واتادار بن.

لە باسی جۆرەکانی نیشانەدا ئاماژە بەوە کرا کە (سۆسێر) و (پیرس) لە سەر ئەوە ڕێککەوتوون کە زمان سیستەمێکی نیشانەییە کە پەیوەندی نێوان دال و مەدلوول لە سەر بناغەی حەز و ویستنی کۆمەڵگا سازکراوە و پەیوەندییێکی سروشتی لە نێوانیان دا نییە،بۆنموونە هیچ پەیوەندییێکی سروشتی لە نێوان ووشەی (درەخت) و ئەو چەمکەی کە دەلالەت دەکاتە سەری لە ئارا دا نییە،تەنیا لە ئەنجامی ڕێککەوتنێکی کۆمەلایەتییەوە

---

(١) آنه ماری دینه سن. همان مأخذ سابق، ص٥٥.
(٢) همان مأخذ سابق، ص٦٥.
(٣) محمد ضمیران. همان مأخذ سابق، ص١٦٦.

پێکەوە بەستراون،جا (سۆسێر) لە ژێر تیشکی زاراوەی نیشانە بەگشتی و (پیرس) لەژێر ڕۆشنایی زاراوەی سیمبۆلەوە کە جۆرێکە لە جۆرەکانی نیشانە ئاماژەیان بەمە داوە.

پەیوەندیی نێوان دال و مەدلوول لە نیشانەی زمانی دا لە ئەنجامی هەڵبژاردنەوە هاتۆتە کایەوە،مەبەستمان لە نیشانە ئەنجامی گشتی پەیوەندیی نێوان فۆڕم و واتایە،دەتوانین بە سادەیی بڵێین نیشانەی زمانی لە سەر بناغەی هەلبژاردنەوە پێکهاتووە،(سۆسێر) ووشەی خۆشك(SOEUR) لە زمانی فەرەنسی وەك نموونە دەهێنێت و دەڵێت کە هیچ پەیوەندییێکی دەروونی تایبەت نییە کە چەمکی خۆشك بە زنجیرەی دەنگیی (SOEUR) ببەستێتەوە،(سۆسێر) ئاماژەی بەوە دەدات کە جیاوازی نێوان زمانەکان باشترین بەلگەیە بۆ سەلماندنی ئەم راستییە[1] چونکە ئەگەر پەیوەندییێکی وا لە ئارا دا بێت پێویستە لە هەموو زمانەکانی جیهان هەمان زنجیرەی دەنگی بەکاربهێنرێت.

بەم پێیە لە ئەنجامی رێککەوتنێکی کۆمەلایەتی لە نیشانەی زمانی دا فۆڕمێك بۆ واتایەك هەڵبژێرراوە و پەیوەندییێکی خۆبەخۆیی لە نێوان دال و مەدلوول دا دەبینرێت،لەگەڵ ئەمەش دا چۆنییەتی رێککەوتنە کۆمەلأیەتیەکە و شێوەی ئەم هەلبژاردنەش بۆمان روون نەبۆتەوە.

هەندێ لە زمانەوانان بڕوایان بەوە هەیە کە پەیوەندییێکی لۆژیکی لە نێوان دال و مەدلووله زمانییەکان دا هەیە،وەکو بەلگە ووشە لاسایکراوەکان(onomatopeia) دەهێنن وەکو(شرشر،خرپەخرپ،...)، زمانەوانی هۆلەندی (پۆس – pos) هەوڵی ئەوەی داوە کە پەیوەندییێك لە نێوان ئاوازەی دەنگەکان و دەلالەتەکانیان بدۆزێتەوە ،بەلأم ئەمە نابێت بە بەلگەی ئەوەی کە پەیوەندییێکی وا لە نێوان دالە زمانییەکان و مەدلوولەکانیان دا لە ئارادایە.[2]

(سۆسێر) دەربارەی ئۆنۆماتۆپیا دەڵێت کە ئەمانە هیچ کاتێك لە رەگەزە پێکهێنەرەکانی زمان نین،جگە لەمە ژمارەیان لەوەی کە بۆی دەچین زۆر کەمترە،ئەوەی راستی بێت هەندێ لەم ووشانە ئۆنۆماتۆپیا نین و ئەوانەی کە بە تەواوەتیش

---

(١) فردیناند دوسوسور. همان مأخذ سابق، ص٩٨.

(٢) د. کریم زکی حسام الدین. نفس المصدر السابق، ص٥٧ – ٥٨.

ئۆنۆماتۆپیان نابن بە بەڵگە بۆ ئەوەی کە پەیوەنـدییەکی لۆژیکی لـە نێـوان دال و مـەدلوول هەیە،چـونکە ئەمانــەش تــا رادەیــەکی زۆر لــە جــۆرە هەڵبژاردنێکــەوە هاتوون،ئەگــەر پەیوەندییەکی سروشتی لە نێوانیان دا هەبێت پێویستە لـە هـەموو زمانـەکان دا وەکو یـەك بـن ،ئەمــە لــە کاتێــك دا کــە وا نییــە و لــە هــەر زمانێــك دا بــە شــێوەیەکی تایبــەت بەکاردەهێنرێن.[1]

(ویلیام پی.ئالستون) بەگۆمانەوە تەماشای مەسەلەی رێککەوتن لـە نیشانە زمانییـەکان دا کردووە،بە بۆچوونی ناوبراو ناکرێت بڵێین کـە بـە پێـی رێککـەوتنێکی کۆمەڵایەتییـەوە هاتۆنەتەکایـەوە چـونکە ئەمـە وەکـو ئـەوە وایـە کـە کۆبوونەوەیـەك لـە لایـەن کۆمەڵـە کەسێکەوە کرا بێت و بڕیاریان لە سەری دابێت،کە ئەمەش شتێکی هەڵەیە چونکە لە زمان دا بڕیـار لـە ئـارا دا نییـە. نـاوبراو داوا دەکات لە جیـاتی زاراوەی(رێککـەوتن) کـە هەنـدێ واتــای لێــل و ئاوێتــە دەگــەیێنێت لــە زاراوەی (لــە ســەر بنــەمای یاســاکان)ەوە ســوود وەربگرین.[2]

ئەوەی راستی بێت هیچ پەیوەنـدییەکی سروشـتی لـە ئـارا دا نییـە کـە بـۆ پێوانـەکردنی نیشانە زمانییـەکان گونجاو بێت،لـە روویێکی تـرەوە هـیچ یـاسایـێك بـۆ بەدیـارخـستنی چـۆنییەتی رێککەوتنــە کۆمەلایەتییەکــەش لــە ئــارا دا نییە،بۆیــە زمــان لــە روویێکــەوە پێویستە واتە (ئاخاوتنکەری زمان ناچارە پەسندی بکات و پێویستە بەو شێوەیە کـە هەیـە بەکاری بهێنێت) و لە لاییکی تریشەوە سیستەمێکی هەڵبژاردنییە واتە ( لە توانای دایە بـە هەر شێوەیەکی تر بێت)، بە کورتی زمان رێککەوتنە، بەڵام لە رێککەوتنەکانی تر جیایە.

هـەر ئـەم نیـشانەی زمـانی کـە لـە دوو لایـەنی فـۆڕم و واتـا یـاخود دال و مەدلوولـەوە پێکهاتووە هەمیشە خاوەنی سیما و ئەدگارێکی چەسپاو و نەگۆڕ نییە واتە بە پێی ئەرك و چۆنییەتی ئاراستەکردنی زمـان رەنـگ و بـۆیێکی تـازە بـە خۆیـەوە دەگرێـت و ئـیتر مـەرج نییە کە ئەم چوارچێوە ووشکە وەکو خۆی بمێنێت بەڵکو بەرفراوانی بە خۆیەوە دەبینێت بە تایبەت ئەگەر باس لە ئەرکی شیعریی زمان بکرێت.

---

(١) فردیناند دوسوسور. همان مأخذ سابق، ص١٠٠ – ١٠١.

(٢) ويليام پی آلستون. همان مأخذ سابق، ص١٤٠.

زمانی ئەدەب و بە تایبەتی شیعر جیاوازە لەو زمانەی کە لە ئاخاوتنی رۆژانە دا بەکاری دەهێنین، کاتێك (رۆمان جاکۆبسێن) ئەرکەکانی زمانی بەدیارخستەوە ئەرکی شیعریی یاخود ئستاتیکی زمانی لە ئەرکەکانی تر جیاکردەوە. (جاکۆپسن) وا تەماشای ئەرکی هونەری یان ئیستاتیکی زمان دەکات کە بریتیە لە پەیوەندی نێوان پەیام و خودی خۆی ، نموونەی هەرە دیاری ئەرکی ستاتیکیی زمان لە بەرهەمە هونەرییەکاندا دەبینرێت. لە شوێنێکدا کە روی پەیام لە خودی پەیامە ، ئەم پەیامە ئیتر ئامرازی پەیوەندی کردن نییە بەڵکو بابەتەکەیەتی،[1] بەلأم سەرەرای ئەم جیاوازییە (جاکۆپسن) دەڵێت کە "بیرێکی بێ بناغە و سادەیە کە بتوانین بە شێوەیەك لە شێوەکان سنووری کارکردنی شیعریی زمان تەنیا بدەینە پاڵ شیعرەوە، یان هەوڵی ئەوە بدرێت کە شیعر لە چوارچێوەی ئەرکی شیعری زمان سنوردار بکرێت،ئەمە تەنیا ئەرکی زالە لە شیعردا، ئەرکی شیعریی زمان لە هەموو کار و چالاکیەکانی تری ئاخاوتن دا رۆڵی لاوەکی دەبینێت ،ئەم ئەرکەی زمان بە هۆی بەرجستەتر کردنی نیشانە و هەڵوەشاندنی پەیوەندی نێوان نیشانە و شتەکانەوە بە هێز دەخرێت".[2]

لێلی و ناروونی ئەدگارێکی ئاسایی هەر نامەیێکە کە لە سەر خودی خۆی بنیاتنرا بێت, بە کورتی مولکێکی پێویستی شیعرە, (ئیمبسن) لەم بارەیەوە دەڵێت "لێلی و ناروونی لە رەگ و ریشالەکانی خودی شیعر دان , لێرەدا تەنیا نامەکە ناروون نییە بەڵکو نێرەر و وەرگریش تووشی ناروونی دەبن".[3]

سەرەتای باسکردن لە رۆڵی ئەدەبی زمان بۆ بۆچوونەکانی (شۆلۆڤسکی)ی رووس و فۆرمالیستە رووسەکان بە تایبەتی (مۆکارۆڤسکی) و (هاورانگ) دەگەرێتەوە. فۆرمالیستەکان دوو کردەوەی زمانیان لە یەکتر جیا کردەوە بۆ ئەم دوو کردەوەیە"زاراوەکانی خۆکاری و زەقکردنەوەیان بە کار هێنا، بە بوچوونی هاورانگ

---

(١) پی یر گیرو. همان مأخذ سابق، ص٢٢

(٢) راجر فالر و رمن جاکوبسن و دیوید لاج. زبانشناسی و نقد ادبی، ترجمە: مریم خوزان و حسین پاینده، نشر نی، تهران، ١٣٧٧، ص ٧٩.

(٣) رومان جاکوبسن. القضایا الشعریە، ترجمە: محمد الولی و مبارك دنوز، من منشورات دار توبقال، بلا، دارالبیضاء، ص ٢٤.

کردەوەی خۆکاری زمان لە بنەڕەت دا بریتیە لە بە کار هێنانی ڕەگەزە زمانییەکان بە جۆرێك کە مەبەستی گەیاندنی بابەتێك بێت, بێ ئەوەی کە چۆنیەتی دەربڕین جێگای سەرنج بێت, بەلاّم زەفکردنەوە بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی زمانە بە جۆرێك کە چۆنییەتی دەربڕین جێگای سەرنج بێت,واتە ئاشنا نەبێت و بەرامبەر بە دیاردەی خۆکاریی زمان ناخۆکارانە بێت".[1]

(مۆکارۆڤێسکی) لە ووتارێکی خۆی دا لە ژێر ناوی (کلاسیك) وا بە دیار دەخات کە زمانی شیعر خاوەنی ئەو پەڕی زەفکردنەوەیە.بە بۆچوونی (مۆکارۆڤێسکی) زەفکردنەوە لادانە لە پێکهێنەرە پێوانەییەکانی زمان . (مۆکارۆڤێسکی) لە ڕێگەی بەرفراوانکردنی ڕووانگەی هاورانگ گەیشتە ئەم ئەنجامە کە زمانی ئەدەب بۆ سازکردنی پەیوەندی نییە بەڵکو بو ڕوولەخۆکردنە, ئەمەش هەمان ڕووانگەی (جاکۆپسێن)ە کە زمان لەو کاتەدا خاوەنی ڕۆڵی شیعرییە کە ڕووی پەیام لە خودی پەیام بێت.[2]

بەم شێوەیە زمانی ئەدەب و بە تایبەتی شیعر لە سەر بناغەی لادان لە پێوەرەکانی زمانی ئاسایی و ڕۆژانە هاتووتە کایەوە،" لانەدان تەنیا یەك جۆرە،بەلاّم گەیشتن بە لادان لە پێوەرەکانی واتا دەکرێت بە چەند شێوەی جیاواز بەجێ بهێنرێت"[3] بۆیە شیعر سەرەرای لادان لە ئاخاوتنی ڕۆژانە،لەرووی لادانیش بەرفراوانی و جۆراوجۆرییێکی زۆر بەخۆیەوە دەگرێت،بە شێوەیەك کە دەستنیشانکردی هەموویان ئەستەمە،ئێمە وا ڕاهاتووین کە کاتێك چاومان بە شتێك دەکەوێت بە ناوێکی تایبەتییەوە دەیبەستینەوە و پۆلینی دەکەین، لەم ڕێرەوە دا لە ڕەهەندە قوولەکان تێپەر دەبین ، یەکێك لە ئەرکە تایبەتی و بنەڕەتیەکانی شیعر سەیر پێشاندانی ئەو دیاردانەیە کە بۆمان ئاشنا بۆنەتەوە.

(کاسیر) ئەوەمان بۆ دیار دەخاتەوە کە"ووشە دوو ڕۆڵی جیاوازی هەیە،ئەمانەش بە کۆرتی بریتین لە ڕۆڵی واتایی و جادوویی ووشەکان،تەنانەت لەو زمانانەی کە بە سەرەتایی دادەنرێن،ڕۆڵی واتایی ووشە هەبوونی هەبووە،بەلاّم ڕۆڵی جادوویی ووشە زیاتر کاریگەر

---

(١) کورش صفوی.از زبان شناسی به ادبیات، جلد اول، نشر چشمه، تهران، ١٩٧٣، ص ٣٦.

(٢) هەمان مأخذ سابق، ص ٣٦.

(٣) برناردکامری، جان ماونتفورد، ویون لا،اکروز. زبانهای دنیا چهار مقالە در زبانشناسی، ترجمه: کورش صفوی، انتشارات سعاد، سلسله متن فکر، تهران، ١٣٨٤، ص ١٢٨

بووه. زمانیش بۆ ئەوەی کە ببێت بە ئاخاوتنێکی پیرۆز هاوکات لەگەڵ کەمکردن لە باری واتایی ووشە،ووزە جادووییەکەی زیاد دەکات،بەم شێوەیە ورووژان دروست دەبێت،(کاسیر) ئەمەش بە دیاردەخاتەوە کە یەکێك لە ئەدگارەکانی ئەم ووشانە ئەوەیە کە ناوەڕۆك و واتای بینراویان نییە،بەڵکو بە هۆی ئەو سەقا بەسۆزەی کە دەوروبەرییانی گرتووە کاریگەری دەنوێنن". [1] دەکرێت بڵێین لە شیعریش دا ئەم هەوڵە بەدی دەکرێت واتە رۆڵی جادوویی ووشە زالە بە سەر رۆڵە واتاییەکەی.

کاتێك کە نیشانەی زمانیی دەچێتە چوارچێوە شیعرەوە جۆری پەیوەندیی نێوان دال و مەدلوول بە تەواوەتی دەگۆڕدرێت و شێوازێکی تایبەت بە خۆیەوە دەگرێت،ئیتر پەیوەندییەکە بەو شێوەیە نییە کە بە ئاسانی ئەو مەدلوولانەی کە داللەکان دەلالەت دەکەن سەریان دەستنیشان بکرێن ،واتە دال و مەدلووڵە ئاساییەکان تووشی لێکترازان دەبن و لە یەکتر دووردەکەونەوە.

شیعر لە سەر بناغەی ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییەی کە لە نێوان دال و مەدلوولی نیشانەی زمانیی و هەر وەها ئەو پەیوەندییەی کە نیشانە بە چەمکەوە هەیە بنیاتنراوە,"دەقی شیعریی بریتیە لە هەندێ یەکەی کۆن کە لە نێوانیان دا پەیوەندیی تازە و داهێنەرانە ساز کراوە،بەم شێوەیە نامۆیی لە شیعر دا سەر هەڵدەدات و وا لە شیعر دەکات کە ئەو شتانە بەکاربهێنێت کە لە زمانی ئاسایی دا بوونیان نییە..." [2] ئەمەش وا ل لە شیعر دەکات کە "ئالییەتی پەیوەندیی نێوان دال و مەدلوولی زمانی ئاسایی دا رەتبکاتەوە، کەواتە لە شیعردا ئەو پەیوەندییە لە سەر رێککەوتوویەی کە لە نێوان دال و مەدلوولی ووشەیەك دا هەیە دەگۆڕدرێت بۆ پەیوەندییێکی نوێ واتا بۆ دال و مەدلوولێکی تر،کاتێك کە ووشە دێتە ناو تان و پۆی شیعر بریتی دەبێت لە داللێك بۆ مەدلوولێکی تر کە جیاوازە لەو مەدلوولە ناسراوەی کە لە ئارادا بووە..." [3]،ئیشی شاعیر "یەکسان کردنی ووشە و واتاکان نییە،بەڵکو رۆڵی بەهێزی ووشەکان دەچەسپێنێت،کاتێك کە بە چاوی

---

(١) محمد رضایی راد. نشانەشناسی سانسور و سکوت سخن، نشر طرح نو، تهران،١٣٨١. ص٧٧-٧٩.

(٢) فاطمة الطبال برکه. نفس المصدر السابق، ص١٧.

(٣) نفس المصدر السابق، ص٥٩.

نیشانەی زمانی بڕوانینە سیمبۆلەکانی شیعرێك،دەبینین کە شیعرەکە سیاقێکی تەواو جیاواز بە خۆیەوە دەگرێت".[1]

بەم شێوەیە لە شیعر دا بە پێی ئەوەی کە نیشانە زمانییەکان تووشی گۆڕانی بنەڕتی دەبن و دال و مەدلوولەکان شێوازێکی تازە بە خۆیانەوە دەگرن،ئەوا ئەو ڕێکەوتنە کۆمەلایەتییەی کە نیشانە بە هۆیەوە جێگیر بۆتەوە پێشێل دەکرێت و شێواز ڕۆلی خۆی دەبینێت،جگە لەمەش ڕادەی خۆبەخۆیی بوونی پەیوەندیی نێوان دال و مەدلوولەکانیش گۆڕانی بە سەر دا دێت چونکە کۆمەڵە پەیوەندییێکی ئایکۆنیش کاریگەر دەبن.

## ب- کاریگەری سیاق:

ئەگەر لێکۆلینەوەکەمان تەنیا لە چوارچێوەی پەیوەندی دوولایەنەی نێوان دال و مەدلوول دا خۆل بخواتەوە واتە وا تەماشای نیشانە بکەین کە تەنیا لە فۆڕم و واتایەك پێك هاتووە ئەوا تووشی هەلە دەبین چونکە لە لاییێکەوە لە چوارچێوەی زمانەوانی کۆن دا گیرمان خواردووە و لە لاییێکی ترەوە ناتوانین جاری ئەوە لێ بدەین کە خەریکی لێکۆلینەوەی دەقین، ئەمانەش دەبنە هۆی ئەوەی کە بلێین لێکۆلینەوەکەمان نەچووتە چوارچێوەی سیمیۆلۆژیاوە.لە هەمان کات دا کە کرداری دەلالەت بە ئاشکرا بریتیە لەو پەیوەندییە دوو لایەنەی کە لە تاکە نیشانە دا هەیە،ئەوا پەیوەندییێکی تر لە ئارا دایە کە بریتیە لە پەیوەندی نیشانە لەگەڵ نیشانەکانی تری ناو سیستەمەکە دا.

نیشانە زمانییەکان"گشتێکی هاوبەند و ڕێکخراو ساز دەکەن کە یەکە یەکەی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی بە پێی بنەما و یاسای تایبەتەوە کە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازن بە یەکەوە بەستراون.بە شێوەیەکی وا کە هەندێ کەس ئەوەیان ڕاگەیاندووە کە ئەگەر پاژەیەك تووشی شێوان یان گۆرانکاری ببێت ئەوا پێویستە پاژەکانی تریش بە پەیرەوی کردن لەو پاژەیە تووشی شێوان و گۆڕانکاری ببن، ئەم کۆمەڵەیە کە لە هەندێ پاژەی بە یەکەوە بەستراوەوە پێك هاتووە لای (سۆسێر) بە (سیستەم) ناوزەد کراوە".[2]

---

(١) نورتروپ فرای. تحليل نقد، ترجمه: صالح حسينى، انشارات نيلوفر، تهران، ١٣٧٧، ص ٩٩.

(٢) ابوالحسن نجفى. همان مأخذ سابق، ص١٩.

(سۆسێر) له (کۆرسی زمانەوانی گشتی)دا له هەموو شوێنێك زاراوەی سیستەمی به کار هێناوه بەلاّم دواتر زاراوەی (بنیات) شوێنی سیستەمی گرتووه ئەمەش دوای ئەوه که زمانەوانی رۆس(نیکۆلای ترۆبنێسکۆی) ئەم زاراوەیەی به کار هێناوه.(سۆسێر) بەم هۆیه زاراوەی سیستەمی به کار هێناوه که بڕوای بەمه هەبووه که (لانگ)به هۆی سیستەمەوه له (پارۆل) جیادەبێتەوه[1]

لەم رووەوه"سیستەماتیك بوونی لانگ مەرجێکی گۆمان لێ نەکراوی هەر زمانێکه بەلاّم له پارۆل دا لەوانەیه ئەم سیستەمه تووشی کەم و کوڕی ببێت ، ئەمەش به پێی سەلیقەی تاکه کەسەکانەوه، (سۆسێر) لەم بڕوایەدایه که ناکرێت چەمکەکان به شێوەیەکی پۆزەتیڤانه به هێز بخرێن بەڵکو پێویسته له نێوان یەکەکانی تری هەمان سیستەم دا پێناسه بکرێن، هەر شتێك به هۆی بەرامبەری لەگەڵ چەمکەکانی ترەوه به دیار دەخرێت، بەم واتایه که هەر شتێك به پێی ئەو ئەدگارانەی له خودی خۆی دا بوونیان نییه پێناسه دەکرێت..."[2]

وورد بوونەوه له چەمکی سیستەم یاخود بنیات بەرەو چەمکێکی گەورەترمان دەبات که ئەویش پێکهاته یاخود سیاق (Context)ه، دەکرێت بڵێین له ئەنجامی بەفراوانبوونی سیستەم له زمان دا و کەوتنه تەك یەکی ژمارەیەك له رسته و دەربڕینەکان سیاق یاخود کۆنتێکس دێته ئاراوه ، خودی ئەمەش به بیرهێنەرەوەی چەمکی دەقه که بێ گومان به سیستەم و سیاقەوه بەستراوه.

ووشەی سیاق لەم سەردەمەدا بۆ چەندین واتای جیاواز بەکار دەهێنرێت، واتا باوەکەی بریتیه له"رێکخستنی ووشه و شوێنی له سیستەم دا بەلاّم به واتایەکی بەرفراوان تەنیا ووشه و رسته و ئەو یەکانه که دەکەونه پێش و پاشی ووشەکه به خۆیەوه ناگرێت بەڵکو تەواوی پارچەیەك یان کتێبێك به خۆیەوه دەگرێت ، واته هەر شتێك که پەیوەندی به ووشەوه هەبێت له رووی شوێن و دەور و بەر و رەگەزه نازمانییەکان که پەیوەستن بەو دۆخەی که ووشه تێدا دەر بڕاوه".[3]

---

(١) بابك احمدی.ساختار و تاويل متن، همان مأخذ سابق، ص١٦.

(٢) محمد ضميران. همان مأخذ سابق، ص٤٤.

(٣) ستيفن اولمان. نفس المصدر السابق، ص٦٨.

هەنـدێ لـە زمانـەوانان بڕوایـان وایـە کـە جیـاوازی هەیـە لـە نێـوان سروشـتی ووشـە و نیشانە، هی یەکەم خودییـە(Sabjective) و هـی دووەم بابەتییـە(Objective)، لـە رووی واتاییەوە نیشانە بریتیە لە شتێك یان چەمکێکی دیاریکراو و دەستنیـشانکراو بـەڵام ووشـە وەکـو یەکەیـەکی فەرهـەنگی (Lexicalanit) فرەواتاییـە و واتاکـەی بـە شـێوەیەکی وورد دەستنیشان ناکرێت بۆیە جیاوازی هەیە لە نێوان ووشە کاتێك وەکو یەکەیـەکی فەرهـەنگی تەماشـای دەکـەین و کاتێـك کـە لـە نـاو سـیاق دا بـەکار دەهێنرێت،زمانــەوانی چـیك (کرامێـسکی) بـەدیاری خـستووە کـە ووشـە کاتێـك وەکـو یەکەیـەکی فەرهـەنگی دوور لـە سـیاقەوە تەماشـا دەکرێـت سـیفەتی نیـشانەی شـاراوەی هەیە،بـەڵام کاتێـك دەبێـت بـە نیشانەیەکی راستەقینە (Actal sign) کە لە سیاق دا بە کار هێنرا بێت.(١)

راسـتە کـە دەووترێـت نیـشانە بـە هـۆی ئـەو رۆڵـەی کـە هەیـەتی و ئـەو واتایـەی کـە هەڵگرییەتی پێناسە دەکرێت بەڵام"واتا بوونێکی سەربەخۆی نییە و هەمیشە بەرامبەر بە رەگەزەکانی تری ناو سیستەم بوونێکی رێژەیی هەیە و بەستراوە بە سیاقەوە،نیـشانە خـۆی واتایەکی سەربەخۆی نییە،تـەنیا لـە سیاق دایـە کـە واتـا وەردەگرێت، بـە دەربڕینێکـی تـر واتای نیشانە بەستراوە بە رەگەزەکانی دەوروبەرییەوە.(٢)

## نرخ و چەمك:

چـەمکی سیـستم لای (سۆسـێر) لـە سـەر بناغـەی دوو ئاراسـتە واتـە نرخـی نیـشانە و چەمکی نیشانە دامەزراوە،ئەگەر سەرنجی ئەم دوو ئاراستەیە بدەین بـە باشـترین شـێوە لـە سروشتی نیشانەی زمانی و پەیوەندیی هەر نیشانەیەك بە نیشانەکانی تری ناو سیستەم دا دەگەین.

ژمارەیەکی زۆر لەوانەی کە لە بەرهەمەکانی (سۆسێر) کۆڵیویانەتـەوە ئـەوەیان لـە یاد کردووە کە (سۆسێر) نرخ و چەمکی لە یەکتر جیاکردۆتـەوە،و ئـەوەی راسـتی بێـت بـە دوو شێوازی جیاواز بۆ لێکدانەوەی نیشانەی زمانی لە قەلەمیان داوە.(٣) (سۆسـێر) لـەوە دەسـت پێ دەکات کە هزرەکان تەنیا بریتین لە کۆمەڵەیەکی بێ وێنە و نادیار،ئەگەر زمان لـە ئـارا

---

(١) كريم زكي حسام الدين. نفس المصدر السابق، ص ٦١.

(٢) آنه ماری دینه سن، همان مأخذ سابق، ص٥٤

(٣) آنه ماری دینه سن، همان مأخذ سابق، ص٥٩

دا نەبووایە هیچ کاتێك سنووری جیاکەرەوەی نێوان دوو بیری جیاواز روون نەدەبووەوە، هیچ بیرێك پێش سەرهەڵدانی زمان دیار نەبووە،سەبارەت بە جەوهەری دەنگیش وا بە دیار دەخاتەوە کە ئەمانە چەسپاوتر و خۆراگرتر لە هزرەکان نین،ئەو قالبە نین کە وەك فۆڕم و حالەتێك لایەنی هزرییان قەبوول کردبێت،ئەمانە کەرەستەیەکی گۆڕاون کە بۆ پێشکەش کردنی فۆڕمە پێویستەکانی هزر بەکار دەهێنرێن،دابەشی چەند پاژەیەکی جیاواز دەبن،بۆیە دەکرێت راستی زمان لە دوو ئاراستە دا پیشان بدرێت،ئاستی نادیار و تێکچرژاوی بیرەکان(A) و ئاستی نادیار دەستنیشان نەکراوی دەنگەکان(B):[1]




(سۆسێر) وا بەدیاردەخاتەوە کە چەمك (مەدلوول) خالی بەرامبەری وێنەی دەنگییە، کاتێك تەماشای نیشانە وەکو بازنەیەکی داخراو دەکەین هەموو شتێك لە نێوان دال و مەدلوول دا روو دەدات .لێرەدا دوو نەگونجان بەدەردەکەون ، لە لایێکەوە چەمك وەکو خالی بەرامبەری وێنەی دەنگی لە چوارچێوەی نیشانەدا پیشان دەدرێت، و لە لایێکی ترەوە هەر ئەم نیشانەیە واتە پەیوەندی نێوان ئەم دوو رەگەزە خالی بەرامبەری نیشانەکانی تری زمانە .لەم رووەوە کە زمان دەزگاییێکە کە تەواوی رەگەزەکانی بە یەکەوە بەستراون و دەستنیشانکردنی نرخی هەر رەگەزێك تەنها بە هۆی ئامادەبوونی رەگەزەکانی ترەوە مومکینە:




(١) همان مأخذ سابق، ص ١٦٤– ١٦٥

ئەگەر نرخ و مەدلوول بە یەك شت دابنرێن هەر وەكو ئەوەیە كە ئەو پەیوەندییەی كە بە هۆی تیرە ستونییەكانەوە-لە تاكە نیشانەیەك دا- ساز كراوە لەگەڵ ئەوەی كە لە وێنەی سەرەوە بە هۆی تیرە ئاسۆییەكانەوە ساز كراوە وەكو یەك دابنرێن. بەم پێیە دوو بنەمای ناسازی كە زالن بەسەر هەموو نرخەكانی زمان بەدەردەكەون.[1]

دەكرێت ووشەیەك لەگەڵ شتێكی جیاواز لە خۆی وەكو بیر ئال و گۆر بكرێت و دەتوانێت لەگەڵ شتێك لە جۆری خۆی واتە ووشەیەكی تر پێوانە بكرێت، بۆیە تا ئەو كاتە كە بیر لەوە بكەین كە ووشە لەگەڵ چ چەمكێك دا ئال و گۆر دەكرێت واتە چ واتایەك دەبەخشێت نرخەكەی دەستنیشان ناكرێت،جگە لەمە پێویستە لەگەڵ نرخە هاوشێوەكانی واتە ووشەكانی تریش پێوانە بكرێت ،ناوەرۆكی ئەم نیشانەیە تەنیا بە یارمەتی ئەوەی كە لە دەرەوەی سنوری ئەم ووشەیە دێتە ئاراوە روون دەبێتەوە.لەم رووەوە كە ووشە بەشێكە لە دەزگاییێك بۆیە تەنیا واتایەكی دیاریكراوی نییە بەڵكو جگە لەمە نرخێكیش بە خۆیەوە دەگرێت كە مەسەلەیەكی تەواو جیاوازە.[2]

لە زمانێكدا ئەو ووشانەی كە چەمكەكانیان لە یەكەوە نزیكە واتە یەكتر سنووردار دەكەن وەكو هاوواتاكان تەنیا لە رێگەی بەرامبەركردنیان خاوەنی نرخن بۆ نموونە ئەگەر ووشەی (برا) لە ئارادا نەبێت واتای ووشەی خوشك بە تەواوەتی روون نابێتەوە هەر وەها هەندێ ووشەی تر وەكو (دایك،باوك،خێزان،....هتد) بەم شێوەیە رۆڵی خۆیان دەبینن ، لێرەدا ووشەیەك بە هۆی بەرامبەریی لەگەڵ ئەو ووشانەی كە لێیەوە نزیكن نرخی خۆی بەدەست دەهینێت،مەبەستمان ئەوە نییە كە ئەمە تەنیا لایەنی چەمكیی زمان بە خۆیەوە دەگرێت بەڵكو لە لایەنی ماددی زمانیش بەدەردەكەوێت،ئەمەش تەنیا لە رێگای پەیوەندی و جیاوازیی نێوان یەكەكانی تری زمانەوە دێتەكایەوە، تەنیا دەنگەكان لە ئارادا نین بەڵكو جیاوازی نێوان دەنگەكانە كە دەبێتە هۆی جیا كردنەوەی (تمایز) ووشەیەك لە ووشەكانی ترەوە، ئەم جیاوازیانەن كە واتا دەخولقێنن، تەنانەت ئەم خالە بە سەر نووسراویش كە سیستەمێكی تری نیشانەییە پراكتیزە دەبێت، ئەم نیشانانەش هەلبژاردنین بۆ نموونە هیچ پەیوەندییێك لە نێوان پیتی نووسراوی (T) و ئەو دەنگەی كە بۆی هەڵبژێراوە نییە ،

---

(١) همان مأخذ سابق، ص ١٦٦.

(٢) همان مأخذ سابق، ص١٦٦.

نرخی نووسراو به تەواوەتی نێگەتیڤە، بۆیە دەکرێت ئەم دەنگە بە چەند شێوازی جیاواز بنوسرێت،تەنیا ئەمە گرنگە کە لە نووسیندا جیاوازی لە نێوان ئەم پیتە نووسراوە و پیتە نووسراوەکانی تر لە ئارادابێت، ئامرازی خولقاندنی نیشانەکان گرنگ نییە،ئەرزشی خەت تەنیا لە رێگای بەرامبەریکردنی لە چوارچێوەی دەزگاییێکی دیاریکراود کە لە کۆمەڵێکی دیاریکراو لە دەنگەکان پێك هاتووە بە دیار دەکەوێت.هەرگیز هیچ پاژەیەکی زمان ناتوانێت لە کۆتایی مەسەلەکەدا جگە لەو جیاوازیەی کە لە نێوان ئەو و یەکەکانی تری زمان دا هەیە لە رێگاییێکی ترەوە دەستنیشان بکرێت بەم پێیە هەلبژاردنی بوون و جیاواز بوونی نیشانەکان دوو ئەدگاری پێکەوە بەستراون.(١)

(سۆسێر) ئەوەمان بۆ بەدیار دەخاتەوە کە دەنگ لە زماندا شتێکی لاوەکییە واتە کەرەستەیەکە کە زمان بە کاری دەهینێت،زمان لە جەوهەری خۆی دا دەنگی نیە، بەڵکو ئەبستراکییە واتە رووتە و لە رێگەی جەوهەرە مادییەکەی دەرناکەوێت بەڵکو بە هۆی ئەو جیاوازیانە هاتووتە ئارا کە لە نێوان وێنە دەنگیەکاندا هەیە و لە یەکتر جیایان دەکاتەوە.

زمان لە سەر بنیاتی سیستەمێك لە رەگەزەدەنگیەکان بنیاتنراوە هەر یەکێك لەم رەگەزانە یەکەیەکن کە سنوریان بە تەواوەتی دیاری کراوە، بە پێچەوانەی بۆچوونی هەندێ کەس پۆزەتیڤانە نین بەڵکو تەنیا ئەم خالە لە ئارا دایە کە لەگەڵ یەکتر بە هەلە وەرناگیرێن، یەکە دەنگییەکان پێش هەر شتێك هەندێ رەگەزی رێژەیی و نێگەتیڤن کە لەگەڵ یەکتر لە دۆخی بەرامبەری دان،ئەوەی کە لە چەمك یان کەرەستەی دەنگی نیشانە دێتە ئاراوە بە نیسبەت ئەو نیشانانەی کە لە دەورەبەریدان گرنگیەکی کەمتری هەیە ، بەلگەی ئەم راستیەش ئەوەیە کە نرخی رەگەزێك دەکرێت بە بێ گۆڕانی واتاکەی یان دەنگەکانی و تەنیا بە هۆی ئەوەی کە یەکێك لە رەگەزە دراوسێیەکانی گۆڕاوە تووشی گۆڕانکاری ببێت.(٢)

هەر چەندە کە واتا و فۆڕم هەر کامەیان بە شێوەیەکی جیاواز تەنیا جیاکەرەوە و نێگەتیڤن بەلاّم بەهۆی لێکدانەوەیان رووداوێکی پۆزەتیڤ دێتە کایەوە ئەمەش رووداوێکە

---

(١) همان مأخذ سابق، ص١٦٦.

(٢) همان مأخذ سابق، ص ١٦٩-١٧١

که تەنیا لە زماندا روو دەدات.کاتێك کە نیشانەکان وەکو رەگەزە پۆزەتیفیەکانی زمان لەگەڵ یەکتر بەراورد بکرێن ئیتر ناتوانین باس لە جیاوازی بکەین ئەمانە ئیتر لەگەڵ یەك جیاواز نین بەڵکو تەنیا لە بەرامبەری دان.[1] لەو کاتەی کە نیشانە لە تەواوەتی خۆی دا بکەوێتە بەر لێکۆلینەوە شتێك لە بەر دەممان دەردەکەوێت کە تەواو پۆزەتیفە،"سیستەمی زمان کۆمەڵێك لە جیاوازییە دەنگییەکان کە بە کۆمەڵە جیاوازییەکی واتاییەوە بەستراون پێك دێت. هەندێ لە نیشانە دەنگییە دیاری کراوەکان لەگەڵ هەندێ لە پارچەکانی هزری مرۆڤ هەلدەبژرێردرێن، ئەمانە سیستەمێك لە نرخەکان دەخولقێنن، هەر ئەم سیستەمە پەیوەندی راستەقینەی نێوان رەگەزە دەنگیەکان و رەگەزە زەینیکانی ناو نیشانەکان پێك دەهێنێت".[2]

سەبارەت بە چەمکی نرخ پێویستە دال و مەدلوول بە شێوەیەکی لە یەکتر جیا دیراسە بکرێن، کاتێك کە دال و مەدلوول جیا لە یەك دیراسە دەکرێن تەنیا جیاوازییەکان و دەربڕینە ئالۆزەکان واتە بەرامبەرییەکان لە ئارادان،پێویستە ئاماژەش بەوە بدرێت کە تەنیا چەمکی نرخە کە لە سەر بناغەی جیاکردنەوەی تەواوی ئەم دوو رووە بنیاتنراوە،"رەخنەگرانی بۆچوونەکانی (سۆسێر) دوای ئەو ئاماژەیان بەوە داوە کە چەمکی نیشانە تەنیا لە سەر بناغەی جیاوازی بنیاتنراوە ،بەلاّم لە دیدی (سۆسێر)ەوە ئەم مەسەلەیە تەنیا لەو کاتە راستە کە دال و مەدلوول بە شێوەیەکی جیاواز دیراسە بکرێن نرخ لای (سۆسێر) بریتیە لەوەی کە دال و مەدلوول لە یەکتر جیابکرێنەوە و دوواتر بە شێوەیەکی لەیەکتر جیا لە هەر کامەیان بکۆلرێتەوە،بەلاّم واتا یاخود چەمك بریتیە لە لێکۆلینەوەی دال و مەدلوول بە شێوەیەکی یەکگرتوو،(سۆسێر) داکۆکی لەوە دەکات کە پێویستە بە شێوەیەکی لە یەکتر جیا لە دال و مەدلوول بکۆلرێتەوە".[3]

(سۆسێر) ئاماژە بە دوو پلە لە هەڵبژاردنی بوون دەدات ،رەها و رێژەیی،"رەها ئەو کاتە کە واتا و فۆڕم جیا لە یەکتر دیراسە بکرێن و رێژەیی کاتێك کە نیشانە وەکو گشتێك

---

(١) همان مأخذ سابق، ص١٧٣

(٢) همان مأخذ سابق، ص١٧٣.

(٣) آنه ماری دینه سن. همان مأخذ سابق، ص٣٥-٣٦

دیراسە بکرێت".[1] واتە کاتێك کە لە بازنە داخراوەکەی دال و مەدلوولەوە تەماشای نیشانەی زمانی دەکەین دەبینین کە تەواو لە سەر بناغەی ڕێککەوتن و هەلبژاردنەوە پێکەوە بەستراون،بەلاّم کاتێك تەماشا دەوروبەری نیشانەکە دەکەین دەبینین کە نیشانەکانی تر دەبنە هۆی سنووردارکردنی ئەم ڕێککەوتن و هەڵبژاردنی بوونەی نیشانەی زمانی.بەم پێیە نیشانە گیرۆدەی ئاراستەیەکی دەلالەت بەخشی دەروونی و ئاراستەیەکی جیاکەرەوەی دەرەوەیە.لەوانەیە لە دیدی هەندێ کەسەوە ئەمە جۆرە نەگونجان و نەسازییێك بێت لە بۆچوونەکانی (سۆسێر) دا،"واتە لە ڕوویێکەوە دەلالەت لە سەر بنەمایێکی پۆزەتیڤانە دێتە کایەوە و لە لاییێکی ترەوە نیشانە نرخی خۆی لە بەرامبەری لەگەڵ نیشانەکانی تری ناو سیستەمێکی گشتی دا بە دەست دەهێنێت"[2] کە سروشتێکی نێگەتیڤانەی هەیە.

## ـ تەوەرەکانی سینتاگماتیك و پارادیگماتیك:

لە ئەنجامی گرنگیدان بە مەسەلەی سیستەم و لێکۆڵینەوە لە هەر دوو ئاراستەی چەمك و ئەرزش لە نیشانەدا و تەماشاکردنی نیشانە وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو کە لە پەیوەندییێکی بەردەوامدایە لەگەڵ یەکەکانی تر وردە وردە بەرەو ئەوە دەچین کە ئەو پەیوەندیانەی کە بە هۆی سیستەمەوە هاتوونەتە ئاراوە پۆلین بکەین.

بە بینینی (سۆسێر) ئەو پەیوەندی و جیاوازیانەی کە لە نێوان ڕەگەزەکانی زمان دا هەن لەسەر دوو بواری جیاواز دابەش دەبن کە هەر کامەیان خولقێنەری دەستەیەکی دیاریکراو لە نرخەکانە ئەو بەرامبەرییەی کە لە نێوان ئەم دوو دەستەیە لە ئارادایە ئەدگارەکانی هەر یەکێکیان بە دیار دەخاتەوە.ئەم دوو دەستەیە بە دوو جۆر لە چالاکیەکانی مرۆڤەوە بەستراون کە بۆ ژیانی زمان بە پێویست دەژمێردرێن ، ئەمانەش بریتین لە پەیوەندییە سینتاگماتیکی و پارادیگماتییەکان.[3]

---

(١) همان مأخذ سابق، ص٣٥.

(٢) فرزان سجودی. همان مأخذ سابق، ص٢٧.

(٣) فردیناند دوسوسور. همان مأخذ سابق، ص ١٧٦.

ئەرزشی هەر نیشانەیەك لە رێگەی پەیوەندییە سینتاگماتیکی و پارادیگماتیکییەکانەوە روون دەبێتەوە. لە روانگەی زمانەوانییەوە تەوەرەکانی سینتاگماتیگ و پاراتیگماتیك زەمینەیەك ساز دەکەن بۆ ئەوەی نیشانەکان بتوانن واتا ببەخشن، بە دەربڕینێکی تر لە مەودای ئەم دوو تەوەرەیە دا نیشانەکان دەبن بە کۆد.

ووشەکان بە هۆی بەدوای یەکدا هاتنیان لە ئاخاوتن دا هەندێ پەیوەندی لە نێوان خۆیاندا ساز دەکەن کە لە سەر بناغەی هێڵ ئاسابوون و تاك رەهەندێتی زمانەوە بنیاتنراوە، ئەم تایبەتمەندییە دەرفەتی ئەوەمان ناداتێ کە دوو رەگەز پێکەوە و لە یەك کاتدا زار بکەین. بەم هۆیە ئەم رەگەزانە یەك لە دوای یەك لە سەر زنجیرەی ئاخاوتن دا رێك دەخرێن. ئەم پێکهاتانە کە پشتیان بە درێژایی کاتەوە بەستووە لە ئەنجامی ریز بوونیان جۆرە پەیوەندییێك دەخولقێنن کە دەکرێت ناوی لێ بنێین(زنجیرە).[١]

رۆیشتن لە سەر هێلێك تەنیا تایبەت نییە بە زمان"هەر نیشانەیەك کە بە کاتەوە بەستراو بێت سروشتێکی هێڵ ئاسای هەیە چونکە خاوەنی ئەو ئەدگارانەیە کە دەدرێنە پالّ کاتەوە"،[٢] زنجیرە هەمیشە لە چەند رەگەزێك پێك هاتووە،ئەگەر بمانەوێت نرخی نیشانەیەك بەتەواوەتی روون بکەینەوە پێویستە گرنگی بەو بەرامبەرییە بدەین کە لە نێوان ئەو نیشانەیە و نیشانەکانی دەور و پشتی لە ئارا دایە، پەیوەندیی زنجیرەیی پەیوەندییێکی (ئامادە)یە ، واتە لە نێوان چەند رەگەزێك کە لە نێو چەند رەگەزێکی تر دا بوونیان هەیە و ئامادەن. [٣]

بە بۆچوونی (جاکۆپسن) پەیوەندییە سینتاگماتیکیەکان بریتین"لەو پەیوەندییانەی کە لە نێوان ئەو یەکانەی سەر بە ئاستێکن و لە یەکەوە نزیکن و لە چوارچێوەی ووتەیێکی دیاریکراو یان دەربڕینێکی دیاریکراودا دەبینرێن."[٤]

(رۆلان بارت) لەم بارەیەوە وتوویەتی کە ئاخاوتن بنیاتێکی ئاسۆیی هەیە، نهێنیەکان لە سەر هەمان هێلن کە ووشەکان لە سەرینە،ئەوەی کە دەشاردرێتەوەش لە بەردەوامی

---

(١) همان مأخذ سابق، ص ١٧٦-١٧٧.

(٢) ابوالحسن نجفی، همان مأخذ سابق، ص٢٧.

(٣) فردیناند دوسوسور. همان مأخذ سابق، ص١٧٧

(٤) فاطمة الطبال برکە، نفس المصدر السابق، ص٣٦.

زنجیرەکەدا ئاشکرا دەبێت بۆیە دەتوانین پەیوەندیە سینتاگماتیکیەکانی ناو زمان بە پەیوەندیی ئاشکرا لە قەلەم بدەین، ئەمەش تایبەتمەندییەکە کە دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی زمان لە سیستەمە نیشانەییەکانی تر، ووشەکان ئەلقە بەیەکەوە بەستراوەکانی زنجیرەیەکن ، رستەکان وەکو زنجیر سەرەتا و ناوەند و کۆتاییان هەیە،کە چی لە سیستەمە نیشانیەکانی تردا پەیوەندییەکی بەم شێوەیە نابینرێت.[1]

بە بۆچوونی (ئالبێرت ویست) گرنگترین گۆرانکارییەکانی تەوەرەی سینتاگماتیك بریتین لە دوو دیاردەی زیادکردن و سڕینەوە،[2] واتە دەکرێت نیشانەیەك لە زنجیرەی نیشانەکان لابدرێت یاخود زیاد بکرێت، بەبێ ئەوەی ببێتە هۆی لادانی نیشانەیەکی تر.

شیکردنەوەی کەرەستەکانی تەوەرەی سینتاگماتیك لە دەق دا هاوشانە لەگەڵ لێکۆلینەوەی بنیات و پەیوەندیی نێوان پاژەکانەوە، سیمیۆلۆژیستە بنیاتگەرەکان سەرنجییان داوەتە دەستنیشانکردنی رەگەزە بنەڕەتییەکانی پێکهاتنی دەق، لە راستی لە رێگەی لێکۆلینەوە لە پەیوەندییە سینتاگماتیکییەکان کۆمەڵە یاسایەکی پێکهێنەر دێنە ئاراوە کە ژێرخانی پێکهاتن و راڤەکردنی دەقەکانن.[3]

(جاکۆپسن) وا دەروانتێ پەیوەندییە سینتاگماتیکیەکان کە بناغەن بۆ دروستبوونی مەجازی سەربەست لە زماندا، واتە مەجاز بەهۆی ئەو گۆرانکاریانە دێتە ئاراوە کە لە تەوەرەی ئاسۆیی واتە سینتاگماتیکدا روودەدەن ،لێرەدا دیاردەی هەماهەنگی(تنسیق) گرنگە،هەرنیشانەیەك بریتیە لە کۆمەڵێك لە یەکە زمانییەکان کە بچووکترن لە خودی خۆی و لە هەمان کاتدا دەچێتە چوارچێوەیەکی بەرفراوانتر کە لە چەندین نیشانەی ئاوێتە پێکهاتووە .ئەم سیفەتە مەرجی هەر یەکەیەکی زمانییە کە دێتە چوارچێوەی پەیوەندییە سینتاگماتیکیەکان.[4]

---

(١) رولان بارت. درجه و سفر نوشتار ،ترجمە: شيرين دخت دقيقيان، نشر هرمس، تهران، ١٣٧٨، ص٣٧.

(٢) محمد ضميران، همان مأخذ سابق، ص٨٨.

(٣) فرزان سجودى. همان مأخذ سابق،٧٢.

(٤) فاطمة الطبال بركه، نفس المصدر السابق، ص٣٩.

دەتوانین لەم خشتەیە دا گرنگترین تایبەتمەندییەکانی پەیوەندییە سینتاگماتییەکان بەدیاربخەینەوە:[١]

| بابەت | کردەوە | پەیوەندی | تەوەرە | بوار | هۆکاری زمانەوانی |
|---|---|---|---|---|---|
| مەجازی سەربەست | هەماهەنگی(تنسیق) | بەدوای یەك دا هاتن | ڕێکخستن | سینتاکسی | واتا لە سیاق دا |

لە لایێکی ترەوە لە دەرەوەی چوارچێوەی پارۆل، ووشەکان هەندێ لایەنی هاوبەشیان هەیە و لە مێشك دا لەگەڵ یەکتر لە پەیوەندی دان و بەم شێوەیە هەندێ گروپ پێك دەهێنن کە لە نێوانیان دا پەیوەندیی جۆراوجۆر لە ئارا دایە، بۆ نموونە ووشەی فێرکردن بێ ئەوەی کە بمانەوێ واتە نائاگایانە کۆمەڵێك ووشەی تر لە زەینی مرۆڤ دان دەورووژێنێت وەکو فێربوون، زانیاری گەیاندن، گۆرانکاری، وەزارەتی پەروەردە... تاد، ئەمانە پشت بە درێژایی کاتەوە نابەستێن واتە کاتی نین، جێگەیان لە مێشك دایە، ئەمانە بەشێکن لە گەنجینەی دەروونی مرۆڤ کە زمانی هەر تاکە کەسێك ساز دەکەن، (سۆسێر) ئەم جۆرە پەیوەندییانەی بە پارادیگماتیك ناوزەد کردووە، لە پەیوەندییە پارادیگماتیکییەکان رەگەزە نائامادەکان لە زنجیرەیەکی زەینی بە هێز دا بەیەکەوە دەبەسترێن. پەیوەندییە پارادیگماتیکیەکان بە پێچەوانەی پەیوەندییە سینتاگماتیکییەکان کاتی نین بەڵکو شوێنین.[٢] کاتێك دەتوانیین بڵێین کە نیشانەکان لە پەیوەندیی پارادیگماتیکی دان کە هەلبژاردنی یەکێکیان ببێتە هۆی لادانی یەکێکی تر.[٣]

لە پەیوەندییە پارادیگماتیکییەکاندا ووشەکان"لە سەر بناغەی لێکچوونی نێوان مەدلوولەکان یاخود داللەکانیان پۆلین دەکرێن، دەربارەی مەدلوولەکان وەکیەکی و دەربارەی داللەکان یەکسان بوونی هەندێکیان جێگای گرنگییە"[٤] بۆیە دەتوانین بڵێین

---

(١) نفس المصدر السابق.ص٥٥.
(٢) فردیناند دوسوسور. همان مأخذ سابق، ص١٧٧.
(٣) محمد ضمیران. همان مأخذ سابق، ص٨٠.
(٤) آنه ماری دینه سن. همان مأخذ سابق، ص٣١.

پەیوەندییە پاراتیگماتییەکان هەم لە ئاستی دال و هەم لە ئاستی مەدلوولەکان دا و لە هەندێ حالەت لە هەر دوو ئاست دا روودەدەن.

لە سەر ئەو ووشانەی کە لە پەیوەندیی پارادیگماتیکی دان"رێکخستنێکی تایبەت لە ئارا دا نییە چونکە ژمارەیان گەلێك زۆرە، لەوانەیە ئەم پەیوەندییە تەنیا لە چوارچێوەی زمانێك دا روو نەدات بەڵکو لە نێوان ئەو زمانانەی کە هاو خێزاننیش روو بدات،ئەمە چالاکییەکی زەینییە و تەنیا پەیوەست نییە بە پارۆلەوە. پەیوندییە پارادیگماتیکیەکان یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی هەر سیستەمێکی نیشانەیین،واتە لە رێگەی ئەزموونەکانی جێنشین کردن و ئالۆ گۆڕ کردن دا ئەم راستیەمان بۆ روون دەبێتەوە کە ئایا سیستەمێك یاخود زمانێك سیستەمێکی نیشانەیی یە یان نە".[1]

(تۆدۆرۆف) وا بەدیاردەخات کە تەوەرەی پارادیگماتیك شوێنی کارکردنی خواستنە بە بۆچوونی ئەو سێ کۆمەڵەی پارادیگماتیکی لە کرداری خواستن دا رۆل دەبینن، بۆ نموونە ووشەی (دڕك) هێناوە:

١- ئەو ووشانەی کە هەمان رۆڵی دەستووریيان هەیە وەکو: گوڵ، درەخت، ئاسمان.... تاد.

٢- ئەو ووشانەی کە واتایەکی بەستراو بە ووشەی دڕکییان هەیە وەکو هاوواتاکان و هەندێ کۆمەڵەی وەکو:تیغ، دەزوولە...تاد.

٣- ئەو ووشانەی کە هەمان نموونەی دەنگییان هەیە.[2]

بە بۆچوونی (جاکۆپسێن)یش پەیوەندییە پارادیگماتیکییەکان بناغەن بۆ دروست بوونی خواستن(ئیستیعارە)، لێرەدا باس لە مەسەلەی وەرگرتن (ئینتیقا ) دەکرێت،هەر نیشانەیەك لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو دا دەردەکەوێت واتە لە ئەنجامی ئاڵۆگۆڕکردنی لەگەڵ نیشانەیەکی تر کە لە هەندێ لایەنەوە وەکو ئەوە بەڵام لە هەمان کات دا لە هەندێ لای ترەوە لێی جیاوازە.[3]

---

(١) همان مأخذ سابق، ص٣٢-٣٣.

(٢) رابرت اسکولز. درآمدی بر ساختارگرایی در ادبیات، ترجمه: فرزانه طاهری، نشر آگـه، تهـران، ١٣٧٩، ص٣٩.

(٣) فاطمة الطبال برکه، نفس المصدر السابق، ص٣٩.

جاكۆپسێن لەم خشتەیە دا ئەدگارەكانی خواستن و پەیوەندیی بە تەوەرەی پارادیگماتیكی بە دیار دەخاتەوە:[1]

| بابەت | كردار | پەیوەندی | تەوەرە | بوار | فاكتەری زمانەوانی |
|---|---|---|---|---|---|
| خواستن | وەرگرتن(انتقاو) | وەكیەكی | جێنشین كردن | واتایی | واتا لە سیستەم دا |

دەكرێت چەمكی پەیوەندییە سینتاگماتیكی و پارادیگماتیكییەكان بەرفراوان بكرێت بە شێوەیەكی وا كە لە سنووری تاكە رستەیەك تێپەڕ ببن و سیاق یاخود تەواوی دەقێك بەخۆیانەوە بگرن،بە دیدێكی فراوانتر وەكو (چندلر) وتوویەتی"پەیوەندییە سینتاگماتیكییەكان لە ناو دەق دا پەیوەستن بەو واتایانەی كە لە چوارچێوەی هەمان دەق دا ئامادەن،ئەمە لە كاتێك دا كە پەیوەندییە پاردیگماتیكییەكان لە دەرەوەی دەقەوە پەیوەستن بەو واتایانەی كە لە چوارچێوەی دەقەكە دا ئامادە نین".[2]

هەر وەكو چۆن نیشانە لە شیعر دا تووشی گۆڕانی بنەڕەتی دەبێت ئەوا تەوەرەكانی سینتاگماتیك و پارادیگماتیكی شاعیریش تووشی وەرچەرخانێكی گەورە دەبن كە لێكدانەوەیان بۆ بە دیارخستنەوەی ئیستاتیكای شیعر بە پێویست دەزانرێت.

شاعیر لە تەوەرەی سینتاگماتیك دا وا لە ووشەكان دەكات كە ئەدگارە ئاساییەكانی خۆیان لە دەست بدەن و كۆمەڵە تایبەتمەندییێكی نوێ وەربگرن بۆ نموونە وا لە شتە مەعنەوییەكان دەكات كە وەكو شتی بەرجستە بێنە بەرچاو یاخود بە پێچەوانەوە وا لە شتە بەرجستەكان دەكات كە سیفەتی مەعنەوی وەربگرن،جاری واش هەیە كە نازیندەوەرەكان دەكات بە زیندەوەر یاخود زیندەوەرەكان وەكو شتی بێ گیان پیشان دەدات،هەر لەم پێناوە جاری وا هەیە مرۆڤ وەكو گیانەوەر یاخود گیانەوەرانی تر و

---

(١) نفس المصدر السابق. ص٥٥.

(٢) محمد ضميران.همان مأخذ سابق، ص٨٩.

شتەکان وەکو مرۆڤ پیشان دەدرێن[1] ئەمە و کۆمەڵێکی تر لە پەیوەندییە جۆراوجۆرەکان کە بە لادان لە زمانی ئاسایی لە قەلەم دەدرێن و شاعیر بە هۆیانەوە هەول دەدات کۆمەڵە پەیوەندییەکی سینتاگماتیکیی تایبەت بە زمانی شیعر بخوڵقێنێت و خۆی لە زمانی ئاسایی دووربخاتەوە،بە گشتی ئەگەر لە پەیوەندییەکانی ئەم تەوەرەیە لە زمانی شیعردا بکۆلینەوە دەبینین کە زۆربەیان یان لە مەجازەوە نزیکن یان سەر بە هەندێ هونەری تری رەوانبێژیین کە لە مەجازەوە نزیکن ب تایبەت لێکچوواندن.

شاعیر سوودێکی گەورە لە پەیوەندییەکانی تەوەرەی پاردیگماتیك وەردەگرێت وەکو ورووژاندنی ووشەکانی کێلگەیەك بەهۆی بەکارهێنانی یەکێك لە ووشەکانی ئەو کێلگەیە یاخود سازکردنی پەیوەندی لە نێوان ئەو ووشە و هاوفۆڕمەکانی، دیسانەوە شاعیر لە تەوەرەی پاردیگماتیکی و لە رێگەی سازکردنی پەیوەندییێکی ئایکۆنی کۆمەڵە پەیوەندییێکی تر دێنێتە ئاراوە.

تەوەرەی پارادیگماتیکی شاعیر لەگەڵ سیستەمێك مامەڵە دەکات کە لەگەڵ ئەوەی قسەکەرانی ئاسایی زمانێك بەکاری دەهێنن جیاوازە،"مەبەست ئەوەیە کە کاتێك شاعیر ووشەیەك بۆ شیعری خۆی هەڵدەبژێرێت کۆمەڵێك توانایی و توانست چالاك دەکاتەوە کە لە سەر بناغەیان لەگەڵ ئەوەی کە لە ئاخاوتنی رۆژانەمان دا هەیە جیاوازە. کاتێك کە شاعیر بیری خۆی چالاك دەکات،گەنجینەیەك لە ووشەکان دەخرێتە بەردەمی، کە چ لە رووی رێکخستن یان بەرفراوانییەوە جیاوازە لە مرۆڤێکی ئاسایی،لە راستی سیستەمی پارادیگماتیکی شاعیر سنکرۆنیکی نییە بەڵکو دایکرۆنیکییە.بۆ نموونە شاعیری ئینگلیزی(پۆپ) سەرەرای زال بوون لەسەر زمانی ئینگلیزی سەردەمی خۆی ئاگاداری زمانی زۆر لە شاعیرانی پێش خۆی وەکو درایدن،شکسپیر،...تاد بووە. کۆمەڵە جێنشینییەکانی شاعیردایکرۆنیکین،بەهۆی ئەو سرۆشتەی کە تا قووڵاییەکانی مێژووی شیعر درێژەی هەیە، ووشەکان بە ئاگاییەوە لە رابردوو دەهێنرێن، واتە ئەمانە ئازادانە لە رابردوو دا کار

---

(١) فرزان سجودی. درآمدی بر نشانەشناسی شعر، مجموعه مقالات چهارمین کنفرانس زبانشناسی، سایت : www.degaran.com.

دەکەن"،[1] بە گشتی ئەگەر بڕوانینە ئەو هونەرە ڕەوانبێژییانەی کە پەیوەستن بەم تەوەرەیە دەبینین کە زۆربەیان دەچنە ژێر چەتری خواستنەوە.

## • تەوەرەی دووەم: هەندێ بنەما لاوەکییەکان:

### أ- نیشانە لە نێوان لێکولینەوە سنکرۆنیکی و دایکرۆنیکیەکان دا:

ئەگەر (سۆسێر) بە بنیاتنەری تەواوی بنەماکانی زمانەوانی نوێ لە قەلەم نەدرێت بەلأم نکۆلی لەوە ناکرێت کە بۆچوونەکانی ئەوەندە کارێگەریان کردۆتە سەر زمانەوانی نوێ کە ناتوانین لەم سەردەمە دا لێکولینەوەیەکی زمانەوانی بدۆزینەوە کە شوێن پەنجەی ڕێبازی بنیاتگەری (سۆسێر)ی پێوە دیار نەبێت.

لە مێژووی زمانەوانی نوێ هەندێ لە بۆچوونەکانی (سۆسێر) یەکجار کاریگەر بووینە وەکو شەنگستەی زمانەوانی نوێ پەسەند کراون،یەکێکیان مەسەلەی هەبوونی ڕەهەندی سنکرۆنیکی و دایکرۆنیکییە لە لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکان دا،"ڕەهەندی سنکرۆنیکی کە بە هۆیەوە هەر زمانێك لە سەردەمێکی دیاری کراو وەکو سیستەمێکی پەیوەندی کردنی سەر بەخۆ باسی لێوە دەکرێت و لێی دەکۆلرێتەوە بەلأم دایکرۆنیك ئەوەیە کە بە هۆیەوە لەو گۆڕانکارییە مێژووییانە کە بە تێپەڕبوونی کاتەوە لە زمانەکان دا ڕوو دەدەن دەکۆلینەوە، دەکرێت بە لێکۆلینەوە سنکرۆنیکییەکان بلێین لێکۆلینەوەی وەسفی و بە دایکرۆنیکیەکان بلێین لێکۆلینەوەی مێژوویی".[2]

لە سەر ئەم بناغەیە (سۆسێر) دوو جۆرە زمانەوانی تر دەست نیشان دەکات، زمانەوانی هاوکاتی یان سنکرۆنیك و زمانەوانی نێوکاتی یاخود دایکرۆنیك، هەر بەم پێیەش داوای ئەوە دەکات کە لە کاتی لێکۆلینەوە دا ئەم دوو جۆرە تێکەلأوی یەکتر

---

(١) رابرت اسکولز.همان مأخذ سابق،ص٥٢-٥٣.

(٢) ار.اچ.روبینز.تاریخ مختصر زبانشناسی، ترجمه:علی محمد حق شناس، چاپ پنجم، نشر مرکز، تهران، ١٣٨١، ص ٤١٨.

نەکرێن. (سۆسێر) لێکۆلینەوە دایکرونیکیەکانی کە رەهەندی مێژوویيان هەیە لە تەوەری ستوونی و لێکۆلینەوە سنکرۆنیکییەکانی لە تەوەرەی ئاسۆیی دا بە دیار خستووتەوە.[١]

(سۆسێر) خۆی داوای ئەوەی کردووە کە بۆ بەدیارخستنەوەی ئەدگارەکانی زمان گرنگی بە تایبەتمەندییە هەنۆکییەکانی زمان بدرێت، واتە زمانی قۆناغ یاخود سەردەمێکی دیاریکراو وەك نموونە وەربگرین و لە چوارچێوەی هەمان قۆناغ لە تایبەتمەندییەکانی بکۆلینەوە بە بێ ئەوەی گرنگی بە لایەنی مێژوویی بدەین، لایەنی مێژوویی فاکتەرێکی وا نییە کە ببێت بە پێوانە بۆ بە دیارخستنەوەی زمانی سەردەمێکی دیاری کراو[٢]،بەلأم ئەو سیستەمەی کە شاعیر بەکاری دەهێنێت ئەوەندە بەرفراوانە کە ناکرێت تەنیا لە چوارچێوەی لێکۆلینەوەیەکی سنکرۆنیکی دا لێك بدرێتەوە،لە شیعردا پەیوەندییە دایکرۆنیکییەکان گرنگتر و بەرجستەترن لە پەیوەندییە سنکرۆنیکییەکان.

ئەم بۆچوونەی (سۆسێر) کە پێویستە لێکۆلینەوە سنکرۆنیکی و دایکرۆنیکییەکان لە یەکتر جیابکرێنەوە، لە لایەن هەموو شوێن هەلگرانی (سۆسێر) لە بواری ئەدەب دا پەسند نەکراوە، بۆ نموونە (جاکۆپسێن) داکۆکی لە سەر ئەمە کردووە کە پێویستە لە دیراسەکردنی ئەدەب دا گرنگی بە هەردوو رەهەند بدرێت، ئەو لێکۆلینەوانەی کە لە سەر ئەدەب ئەنجام دەدرێن بە تایبەت شیعر لە سەر بناغەی دوو کۆمەلە لە مەسەلەکان دامەزراون: مەسەلە سنکرۆنیکییەکان و مەسەلە دایکرۆنیکییەکان. بە بۆچوونی (جاکوپسێن) روانگەی سنکرۆنیکی لە ماوەیەکی دیاریکراو تەماشای ئەدەب ناکات بەلکو دەروانێتە ئەو بەشەی کەلەپۆر کە بە زیندوویی ماوەتەوە و لەو ماوە دیاریکراوەی کە لێی دەکۆلرێتەوە زیندووکراوەتەوە. (جاکۆپسێن) رەخنە لەم جیاکردنەوەیە دەگرێت و بە پێویستی نازانێت - تەنانەت لە بواری زمانیش دا — بە بۆچوونی ئەو هەر دەقێك کۆمەلە رەگەزێك بە خۆیەوە دەگرێت کە لە رووی کۆنییەوە لە یەکتر جیاوازن، هەموو راستییە زمانییەکان وەکو یەك و بە خێراییێکی دیاریکراو گەشە ناکەن، بەم پێیە لێکۆلینەوەی سنکرۆنیکی ئۆرجینال لە ئارا دا نییە.[٣]

---

(١) فردیناند دوسوسور. همان مأخذ سابق، ص١١٤.

(٢) همان مأخذ سابق، ص ١٤٥–١٤٧.

(٣) فاطمة الطبال برکه، نفس المصدر السابق، ص ٣٤–٣٥.

هەر چەندە کە لەوانەیە ئەم بۆچوونەی (جاکۆپسێن) بە تەواوەتی لە بواری زمان دا پراکتیزە نەکرێت یاخود بە تۆندرۆیی لەقەلەم بدرێت بەلأم لە بواری ئەدەب و بە تایبەتی شیعر دا دەکرێت سوودێکی زۆری لێ وەربگیرێت,نکۆلیش لەوە ناکرێت کە پەیرەوکردنی ئەم جۆرە لێکۆلینەوانە لە بواری شیعردا و گرنگی پێدانیان هاندەرێك بووینە بۆ وروژاندنی دیاردەی دەقاوێزان و پەیوەندی دەقەکان بە یەکترەوە.

## ب- نیشانە لە نێوان لانگ و پارۆل دا:

(فردیناند دی سۆسێر) یەکەمین لیکۆلەرەوەی بواری زمانەوانی بوو کە بە روونی ئەم دوو ئاراستە یان دوو جۆری جیاوازی زمانەوانی لەیەکتر جیاکردەوە،ئەم جیاکردنەوەیە گۆڕانێکی گەورەی نە تەنیا لە بواری زمانەوانی دا بەڵکو لە بوارە مرۆڤایەتییەکانی تریش دا هێنایەکایەوە.

لانگ یاخود زمان لای (سۆسێر) "ئەو بەشە ئۆرجینالەیە کە لە جەوهەری خۆی دا کۆمەلایەتییە و سەربەخۆیە لە تاکەکەسەوە،زمان بابەتەکەیەتی،ئەم بەشە تەنیا لایەنێکی دەروونی بەخۆیەوە دەگرێت".[1] بەم پێیە زمان سیستەمێکە کە لە کۆمەڵە یاسا و پێوەرێکی چەسپاو پێك دێت و بە شێوەیەکی روون لە مێشکی تاکەتاکەی قسەکەرانی زمانێك دا هەیە و لە سەری دەچن.

پارۆل یان ئاخاوتن لای (سۆسێر) بریتیە لەو بەشەی زمان کە لە رووی گرنگییەوە دەکەوێتە پلەی دووەمەوە ، "ئەمەش بەشە تاکە کەسییەکەی توانایی دووانە، واتە ئاخاوتن کە لایەنی پەرەزمانیش بە خۆیەوە دەگرێت ، ئەم بەشە فیزیکی- دەروونیە"[2] کەواتە پارۆل یاخود ئاخاوتن ئەو بەشەیە کە دیاردە تاکەکەسیەکانی زمان بە خۆیەوە دەگرێت، یاسا و دەستوورە چەسپاوەکانی زمان بەرپرسیار نین لەو شێوازەی کە قسەکەر لە زمانی رۆژانە دا بەرکاری دێنێت، لەوانەیە زۆرجار لەم یاسایانە لا بدات بەلأم ئەمە پەیوەندیی بە جەوهەری زمان واتە لانگەوە نییە بەڵکو دەچێە چوارچێوەی پارۆلەوە.

---

(١) فردیناند دوسوسور. همان مأخذ سابق، ص٢٨

(٢) همان مأخذ سابق، ص٢٨.

به دەربڕینێکی تر دەتوانین بڵێین"لانگ سیستەمێکە لە کۆدە دەنگییەکان کە لە زەینی تاکەتاکەی کەسانی سەر بە جڤاکێکی هاوزمان دا کۆبوونەتەوە، بەڵام پارۆل چالاکییێکە کە ئەم کۆدانە دەگوێزێتەوە بۆ هەندێ کۆدی کارەکی و راستەقینە."([1])

ئەم جیاکردنەوەیە لای (سۆسێر) ئەوەندە بە هێزە کە پێشنیار دەکات دوو جۆرە زمانەوانی لە ئارادابن، زمانەوانی لانگ و زمانەوانی پارۆل.[2] ئەم بۆچوونە جگە لە زمان لە چەند روویێك کاری کردۆتە سەر بواری هونەر و ئەدەب و چەندین بواری تری مرۆڤایەتی، مەسەلەی پارۆل بە شێوازەوە دەبەسترێت چونکە هەر لادانێك لە لانگ خۆی داهێنانی شێوازێکی تازەیە.

بەم شێوەیە بیرۆکەی پارۆل بووە بە یەکێك لە هۆیە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی شێوازگەری لە زمان دا ، ئەم لقە تازەیە زمانی ئاسایی خەلکی کرد بە کەرستە بۆ لێکولینەوەکانی خۆی، لە سەرەتا دا گرنگیان بە زمانی ئەدەب و نووسین نەدەدا مەبەستیان لە زانستی شێواز لێکۆلینەوەی شێوازی ئەدەبی نەبوو،[3] بەڵام دواتر ئەم لقە گوێزرایەوە بۆ مەیدانی لێکۆلینەوە ئەدەبیەکان، ئەم زاراوەیە لە مەیدانی لێکۆلینەوەی ئەدەبی دا دەلالەت لە سەر ئەو شتە ئاشکرایانە دەکات کە لە زمانی دەقی ئەدەبی دا بەدەردەکەون،سەرەڕای هونەر و پێکهاتە رەوانبێژییەکان کە خالێکی سەرەتایین لە شێوازگەریی زمانی دەقی ئەدەبی دا.[4]

بەکورتی گرنگی جیا کردنەوەی لانگ و پارۆل لەوەدایە کە دەکرێت وەکو پێوانەیەك بە کار بهێنرێت بۆ دەست نیشانکردنی ئەو لادانانەی کە لە دەستوورە ستاندەرەکانی لانگەوە ئەنجام دەدرێن و دەبنە هۆی ئەوەی زمان بەرەو پارۆلەوە بڕوات، ئەمە خۆی رۆلێکی گرنگی هەیە لە دەستنیشان کردنی لایەنی شێواز و ئێستاتیکای دەقە هونەری و

---

(1) ستيفن اولمان، نفس المصدر السابق، ص٣٧

(2) فردیناند دوسوسور. هەمان مأخذ سابق، ص٣٠

(3) گراهام هاف.الاسلوب و الاسلوبيه، ترجمه:كاظم سعدالدين، دار آفاق عربيه،ب غداد،١٩٨٥، ص٣٨-٣٩.

(4) على الطاعي.الشعر و المناهج النقديه الحديثة (مهرجان المربد الشعرى الثالث عشر، بحوث الحلقه الدراسيه)، دار الشؤون الثقافة العامه، بغداد، ١٩٨٨،ص١٢.

**ئەدەبییەکان، جگە لەمە دەتوانین لە زۆربەی بوارە مرۆڤایەتییەکان دا سوودی لیَ وەربگرین و لە هەلسوکەوتی نیشانە لە نێوان لانگ و پارۆل دا بکۆلینەوە.**

**تایبەتمەندییەکانی زمانی شیعر وامان لیَ دەکەن کە بیر لەوە بکەینەوە کە ئایا نیشانەکان لە مەودای شیعر دا زیاتر سەر بە لانگن یاخود بە پێچەوانەوە لە چوارچێوەی پارۆلەوە پۆلین دەکرێن.ئەمە خۆی دەبێتە هۆی ئەوەی کە بابەتێکی نویَ بێتە ئاراوە ،ئەگەر لە زمانی رۆژانە دا کۆمەڵە لادانێك بەدی دەکرێن ئەوا ئەدەب پرِیەتی لە لادان و شێوازی تاکەکەسی ، بۆیە ئەم بابەتە کە ئایا ئەدەب سەر بە لانگە یان پارۆلە بووە بە یەکێك لە گرفتەکانی لێکۆلەرەوەکان.**

**شیعر لە جەوهەر و یاساکانی زمان لادەدات بەلاَم لە هەمان کات دا زۆر جیاوازیشە لە ئاخاوتنی رۆژانە کەواتە لە ئاخاوتنی رۆژانەی نێو خەلکیش لادەدات،بۆیە دەکرێت بلێین"ووتەی پارۆلی شاعیر بەرهەمی سیستەمی لانگە،جیاوازە لەوەی کە قسەکەرانی ئاسایی بە کاری دەهێنن".[1]**

---

(١) رابرت اسکولز.همان مأخذ سابق، ص٥٢.

## باسی سێیەم: هەندێ لە دەسکەوتەکانی سیمیۆلۆژیای مۆدێرن:

**أ- پەیوەندیی نیشانە بە کۆد و سیمبۆلەوە:**

کاتێك کە باسی نیشانە دەکەین، بێ ئەوەی بمانەوێ زاراوە سیمبۆلیش دێتە مەیدانەوە،لە بواری سیمیۆلۆژیا دا کاتێك کە ئەم دوو زاراوەیە دەکەونە بەرامبەر یەکترەوە کۆمەڵێك گرفت و کۆسپ دێنە ئاراوە کە لەوانەیە تا ئێستاش چارەسەر نەکرابن.

(سۆسێر) و (پیرس) سوودیان لە زاراوەی سیمبۆل بینیوە بەلاّم لە رووی بەکارهێنانەوە رێرەوەکانیان تەواو لە یەکتر جیاوازە،ئێستا زۆربەی زمانەوانان ئەمەیان پەسەند کردووە کە زمان بریتیە لە کۆمەڵێك لە نیشانە سیمبۆلییەکان،بەلاّم (سۆسێر) بەمە قایل نەبووە،چونکە لە بەکارهێنانی رۆژانە دا ئەم زاراوەیە واتایەکی تایبەت دەبەخشێت و زیاتر هەندێ راستی وەکو ئەوەی کە تەرازوو سیمبۆلی دادوەرییە بە خۆیەوە دەگرێت، بە بۆچوونی (سۆسێر) ئەم نیشانانە بە هیچ شێوەیەك خۆبەخۆیی نین.[١]

زۆربەی سەرچاوەکانی زاراوەناسی بە تایبەت ئەوانەی رەگ و ریشەی ئانگلوساکسۆنییان هەیە،"نیشانە سروشتییەکان و نیشانە هەڵبژاردنییەکان لە ژێر تیشکی زاراوەکانی ئایکۆن و سیمبۆل لە یەکتر جیا دەکەنەوە، بەلاّم ئەم کەم و کوڕییە لە ئارادایە کە ئەمە دەبێتە هۆی دروستبوونی ئاژاوە لە بەکارهێنانی زاراوەی سیمبۆل دا. ئەوەی راستی بێت و بە پێی نەریتەوە سیمبۆل بە هۆی پەیوەندییێك بنیاتنراوە کە بناغەکەی لێکچوونە، بۆیە ئەدگارێکی ئایکۆنیی هەیە".[٢]

---

(١) محمد ضمیران. همان مأخذ سابق، ص٥٠.

(٢) پی یر گیرو. همان مأخذ سابق، ص٤٥.

(سۆسێر) وەكو یەكێك لە دامەزرێنەرانی سیمیۆلۆژیا و زمانەوانی نوێ بە گۆمانەوە تەماشای زاراوەی سیمبۆلی كردووە و وتوویەتی"ووشەی سیمبۆل بۆ نیشانەی زمانی یان بە شێوەیەكی ووردتر بۆ ئاماژە دان بەوەی كە ئێمە فۆڕمی پێ دەڵێین بەكارهێنراوە بەڵام بۆ قەبوولكردنی ئەم زاراوەیە هەندێ ئاریشە لە ئارا دان، یەكێك لە تایبەتمەندییەكانی سیمبۆل ئەمەیە كە هیچ كاتێك بە تەواوەتی هەلبژاردنی نییە بەڵكو تێدا جۆرە پەیوەندییێكی سروشتی هەر چەندە كەمیش بێت لە نێوان فورم و واتادا هەیە، بۆ نموونە ناتوانین كالیسكەیەك لە جیاتی تەرازوو كە سیمبۆلی دادوەرییە دابنێین[١]

(سۆسێر) لەو بڕوایە دایە كە نیشانەی زمانی ئەو نیشانەیەیە كە پەیوەندی نێوان دال و مەدلوول بە تەواوەتی لە سەر بنەمای هەلبژاردن بێت و هیچ جۆرە پەیوەندییێكی سروشتی لە نێوانیان دا نەبێت، لە هەر نیشانەیەك دا هەر وەكو (سۆسێر) پێشانی داوە سێ ئاست هەبوونیان هەیە واتە دال، مەدلوول و دەلالەت كە بەهۆیەوە دال و مەدلوول بە یەكەوە دەبەسترێن ، ئەم سێ ئاستە لە سیمبۆلیش دا هەن بەڵام بەرفراوانی هەر كامەیان بێ كۆتاییە، ئەمە لە كاتێك كە لە نیشانە دا پێویستە مەدلوول راستەوخۆ و ئاشكرا بێت، دەكرێت دال لێل و ناروون بێت بەڵام پێویستە مەدلوول شەفاف و رووناك بێت، پێویستە دەلالەتێكی روونی هەبێت هەر چەندە كە نیشانەكان لە سووڕانێكی بێ كوتایی دان بەڵام بە هەر حاڵ سیستەمی دەلالەت لە نیشانە دا پێویستە ببێتە هۆی ئاشكرا بوونی مەدلوول.[٢]

بە پێچەوانەی (سۆسێر)، (پیرس) نە تەنیا لە بەرژەوەندی نیشانە سیمبۆلی دوورنەخستووتەوە، بەڵكو هاتووە و لە ژێر چەمكی نیشانە پۆلینی كردووە، دەكرێت بڵێین ئەوەی كە (سۆسێر) بە سیمبۆلی زانیوە لای (پیرس) بریتیە لە ئایكۆن و ئەوەی (سۆسێر) بە نیشانەی زانیوە لای (پیرس) بریتیە لە سیمبۆل.

(پیرس) هەول دەدات ئەمە بسەلمێنێت كە لە"ئەبستراكترین و شاعیرانەترین جۆرەكانی سیمبۆلیش دا رەگەزی رێككەوتن دەبینرێت و بوونی هەیە،ئەمەش گەلێك جار بە هۆی

---

(١) فردیناند دوسوسور. همان مأخذ سابق، ص١٠٠.

(٢) محمد رضایی راد. همان مأخذ سابق، ص٣١-٣٢

گەڕانەوە بۆ بنەما مێژووییەکانی سیمبۆل روون دەکرێتەوە".[1] لە دیدی (پیرس)ەوە سیمبۆل بریتیە لەو جۆرە نیشانەیە کە"دەلالەت دەکاتە سەر شتێك،تاوەکو لە چوارچێوەی بڕیارێك دەلالەتێکی وا ساز بکات،دیارە کە ئێمە بـە پێی یاسا و پەیوەندییێکی مەعریفی یان نەریتییەوە  سیمبۆلەکان شی دەکەینەوە.سیمبۆل لە رێگەی ئایدیای بەکارهێنەرەکەی دەلالەت دەکاتە سەر بابەتەکەی،بێ گۆمان ئەگەر شیکەرەوەیەك لە ئارا دا نەبووایە،نیشانە ئەدگار و تایبەتمەندییەکانی خۆی لە دەست دەدا،دەکرێت بڵێین سیمبۆلەکان بریتیینە لەو نیشانە هەڵبژاردنییانەی کە بەستراون بە سروشتی مرۆڤ و ئەو شتانەی کە وەریان دەگرێت. لەم رووە سیمبۆلەکان بریتین لەو نیشانانە کە گرنگی و پەیوەندییەکانیان بە پێی نەریت و ئەو حەزەی کە بۆ شیکرنەوەیان هەیە دەستنیشان دەکرێن."[2]

تێکەل بوونی پێناسەی سیمبۆل و نیشانە بەلگەی چەسپاو نەبوونی ئەم چەمکانەیە، پێناسەی ئەم زاراوانە لە زانستەکانی واتا و روونبێژی دا گەلێك جیاوازن لەگەڵ پێناسەکانیان لە سیمۆلۆژیای نوێ دا. لەم بارەیە لە لای خودی سیمیولۆژیستەکانیش رێککەوتنێك لە ئارادا نییە. ئەوەی کە لە لای (سۆسێر) بە سیمبۆل ناسراوە لە لای (پیرس) نیشانەیە، یان ئەوەی لای کەسێك ئیندێکسە لای ئەویتر ئایکۆنە،[3] (رۆلان بارت)لەم بارەیەوە دەڵێت کە"ئیستا ئیتر ئەم دەربڕینە واتە نیشانە بە هۆی ئەوەی کە لە فەرهەنگە جۆراوجۆرەکان (ئیلاهیات، پزیشکی...تاد) دەدۆزرێتەوە و مێژوویەکی زۆر دەولەمەندی هەیە و زۆر گرنگیی پێدراوە بۆیە بە بوارێکی وورد ناژمێردرێت، نیشانە خراوەتە نێو کۆمەڵە زاراوە و دەربڕینێکی جوراوجۆر کە یان لێی نزیکن یان لە نێوانیان دا لێکچوونێك نییە وەکو سیگنال، سیمبۆل، ئایکۆن، ئیندێکس، ئەمانە بە رکەبەرانی نیشانە لە قەلەم دەدرێن."[4]

لای ئەو راڤەکارانەی کە سەر بە نەریتێکی کۆنتر لە زانستی واتا و روونبێژین نیشانە و سیمبۆل دوو چەمکی تەواو جیاوازن. (سۆسێر) سەرەڕای ئەوەی کە چوارچێوەی

---

(١) بابك احمدى. از نشانەهای تصویری تا متن، همان مأخذ سابق، ص ٤٥.

(٢) محمد ضمیران. همان مأخذ سابق، ص٥٣-٥٤.

(٣) محمد رضایی راد، همان مأخذ سابق، ص١٠٨.

(٤) همان مأخذ سابق، ص ١٠٩-١١٠.

زمانەوانی نوێی داناوە و پێشبینی کەرەوەی سیمیۆلۆژیاش بووە بەڵام دەربارەی سیمبۆڵ و نیشانە بۆچوونەکانی پێش خۆی پەسەند کردووە و نەیتوانیوە شوێنی هەر یەکێکیان دەست نیشان بکات،(رۆلان بارت) دەربارەی هەلوێستی (سۆسێر) دەڵێت"کاتێك کە (سۆسێر) بە دوای دەستنیشانکردنی پەیوەندییەکانی دەلالەتەوە بووە،بێ گیرۆ بوون چەمکی سیمبۆلی خستۆتە پەراوێزەوە، ئەم خستنە پەراوێزەی سیمبۆل لە پێناو چەمکی نیشانە یان بنەڕەتی هەلبژاردنی بوونی نیشانە بووە،کە پێی دەڵێت ڕێککەوتن،ئەم ڕێککەوتنە خۆی نیشانەی یەکگرتنی دال و مەدلوول بووە."[1]

(بلۆمفیلد)یش ئاماژەی بەم ئاریشەیە داوە,بە بۆچوونی ئەو"نیشانە تەنیا واتایەکی دیاریکراوی نییە هەر داللێك تەنیا مەدلوولێك ساز ناکات بۆیە پەیام و واتا یەك نین، ئەمەش بەرەو ئەوەمان دەبات کە بیر لە سیمبۆل بکەینەوە، ئەم سیمبۆلە هەر چەندە لە لایەن هەموو سیمۆلۆژیستەکانەوە پەسند نەکراوە بەڵام جیایە لە نیشانەی ئاسایی چونکە مەودای واتایی مەدلوول زۆر بەرفراوانترە."[2]

(تۆدۆرۆف) لەم بارەیەوە وتوویەتی "پێویستە دیاردەی دەلالەت کە تێیدا داللێك ئاماژە دەکات بە مەدلوولێك لە دیاردەی (سیمبۆل سازی) کە تێدا مەدلوولێك دەبێت بە دال بۆ مەدلوولێکی تر جیا بکرێتەوە. دەلالەت لە ووشەکانی زمان کار دەکات، سیمبۆل سازی لە زنجیرەی ئاخاوتن (پارۆل)."[3]

هەر دوو بەشی سیمبۆل واتە فۆڕم و واتا یان بە دەربڕینێکی تر دال و مەدلوول بە پێچەوانەی نیشانە بێ کۆتایی کراوە و بەرفراوانن، فۆڕمی سیمبۆلە کە تەنها بەشی بینراو و ناسراوەکەیەتی ،مەدلوول فرەواتایە و زۆربەی جاران هەندێ سیفەتی نابەرجستە و هاودژیش تێدا بە دی دەکرێن.[4] لە فەرهەنگی فەلسەفی(لالاند) دا هاتووە کە"بە پێچەوانەی نیشانە تەکنیکیەکان کە تەواو ڕووناکن و تەنیا ئاماژە دەدەن بە مەدلوولی خۆیان نیشانە سیمبۆلییەکان تەواو مژاوین(ڕوون نین) چونکە یەکەمین واتا یاخود واتای

---

(١) محمد رضایی راد، همان مأخذ سابق، ص١١٠-١١١.

(٢) بابك احمدی. از نشانەهای تصویری تا متن، همان مأخذ سابق، ص٥٤.

(٣) تزوتان تودورف. بوطیقای ساختارگرا، ترجمە: محمد نبوی، تهران، نشر آگاه، تهران، ١٣٧٩، ص ٣٦.

(٤) محمد رضایی راد. همان مأخذ سابق، ص١١٠.

سەرەتایی یان واتای رووالەتی و زمانیی  ئاشکرا  لە رێگەی وەکیەکییەوە ئاماژە بە واتایەکی تر یاخود بە واتایەکی لاوەکی دەدات،ئەم ئاماژە و دەلالەتە تەنیا لە رێگەی هەمان واتای سەرەتاییەوە پێك دێت نە لە رێگایەکی تر."[1]

(نورسرب فرای) بە شێوەیەکی تر نیشانە و سیمبۆل لە یەکتر جیادەکاتەوە،بە بۆچوونی  هەر کاتێك شتێك دەخوێنینەوە،هەست بەوە دەکەین کە زەینمان لە یەك کات بە دوو ئاراستە  دەروات،یەکێك ئاراستەی دەرەوە یان دەرەکییە کە تێیدا بەردەوام بۆ دەرەوەی دەق دەچین،واتە لە تاکە تاکەی ووشەکان بۆ ئەوەی واتا دەبەخشێت،لێرەدا گرنگی بەو پەیوەندییە عۆرفیانە دەدەین کە لە مێشك دا هەن،ئاراستەی دووەم ئاراستەیەکی دەروونی یان ناوەکییە،لەم ئاراستەیە دا هەول دەدەین لە ووشەکان چەمکێکی گەورەتر بخولقێنین کە خودی ووشەکان سازیان کردووە، لە ئاراستەی یەکەم دا کە ووشەکان بە پێی رێککەوتن بۆ هەندێ شت دەگەرێنەوە کە دەکەونە دەرەوەی شوێنی روودانیان دەتوانین زاراوەی نیشانەیان بۆ بەکاربهێنین،بەلاّم لە ئاراستەی دووەم دا سەرەدەریمان لەگەلّ سیمبۆلەکان یاخود (نیشانە دانراوەکان)ە.[2]

لە رووی کومەلایەتیشەوە سیمبۆل بە پێچەوانەی نیشانە پێویستی بە ژیانێکی کۆمەلایەتی نییە دەتوانرێت تاکە کەسانە بنیات بنرێت، ئەمە بە پێچەوانەی نیشانەوە کە ناکرێت تاکەکەسی ویژدانی و گۆڕاو بێت.[3]

مەسەلەیەکی تر کە جێگای گرنگی پێدانە ئەمەیە کە مەرج نییە سیمبۆل هەر وەکو خۆی بمێنێت یان نیشانە بەرەو تەم و مژێتی نەروات و بەرگی سیمبۆل نەکاتە بەر،بە هۆی گۆڕاو بوونی ئەو سنوورەی کە لە نێوانیان دا هەیە لەوانەیە نیشانەیەك بەرەو ئەوە بڕوات کە ببێت بە سیمبۆل یان بە پێچەوانەوە بە هۆی روون بوونەوە واتای سیمبۆلەکە لای هەموو کەسێك وورد وورده سیمبۆلێکیش بەرەو ئەوە بڕوات کە ببێت بە نیشانە.

لەم روانگەیەوە ناتوانین سیمبۆلێك دەستنیشان بکەین کە لە هەموو قوناغەکانی مێژوو دا بە سیمبۆل ژمێردرا بێت یان لە ئایندەش دا وەکو سیمبۆل خۆی

---

(١) همان مأخذ سابق، ص ١١١.

(٢) نورتروپ فرای. همان مأخذ سابق، ص ٩٣-٩٤.

(٣) محمد رچایی راد.همان مأخژ سابق،ص١٠٨.

بنوێنێت،(نورسرب فرای) لە ژێر ناوی (کۆنە نموونەکان)ەوە باسی ئەم کۆمەڵە سیمبۆلانە دەکات، وا بەدیاردەخات کە ئەمانە لەگەڵ نیشانەکان جیاوازن، لەم جۆرانە دا کۆمەڵێك پەیوەندیی ئاوێتە لە ئارا دان بەڵام بە هۆی ئەوەی کە خەلك بە شێوەیەکی بەرفراوان سوودیان لێ بینیوە و واتاکانیان لای هەموو کەسێك روون بۆتەوە بۆیە ئەو سیمبۆلییەتی جارانیان لە لا بەدی ناکرێت،بۆ نموونە وەکو ئەوەی کە بلێین تاریکی سیمبۆلی ترس و رەنگی سەوز سیمبۆلی ئۆمێدەوارییە.[(١)]

ئەگەر لە روانگەی پەیوەندی کردن و پەیامەوە بڕوانینە مەسەلەی جیاوازی نێوان نیشانە وسیمبۆل ، هەندێ چەمك و زاراوەی تریش دێنە مەیدانەوە کە گرنگترینیان چەمکی ( کۆد) و لایەنی هێرۆنۆتیکی هەندێ لە نیشانەکانە.

لە هەندێ حالەت دا سیستەمە دەلالییەکان ئەوەندە ئاشکران کە نیشانەکان تەنیا بریتین لە هەندێ رێککەوتنی کۆمەڵایەتی زۆر سادە، لەم حالەتە دا دەتوانین زاراوەی (کۆد)یان بۆ بە کاربهێنین،ئەمە لە کاتێك دا کە هێرمۆنۆتیك بریتیە لە سیستەمێکی نیشانەیی راڤەیی و ناراستەوخۆ و لێل کە ئەمەش لە تایبەتمەندییەکانی سیمبۆلە.[(٢)]

کۆد چەمکێکە کە بە پەیامەوە بەستراوە"هەر جۆرە سیستەمێکی نیشانەیی یان سیگنالی کە بۆ ناردنی پەیام بەکاربهێنرێت کۆدە،نێرەرەکان پەیامی خۆیان دەکەن بە کۆد(encode)، ئەم زاراوەیە تایبەت بۆ ئەو دەزگایانە بەکاردەهێنرێت کە کۆمەڵێك لە نیشانەکان دەگۆردرێن بۆ کۆمەڵێکی تر لە نیشانەکان.هەر دەزگایێکی نیشانەیی لە ئامادەکردن واتە (کۆدسازی – encoding) و شیکردنەوە (کردنەوەی کۆدەکان – de coding) پێك هاتبێت لەوانەیە سیستەمێکی کۆدی بێت".[(٣)]

بەم پێیە لە کۆد دا پەیامێك هەیە کە نێرەری کۆد بە شێوەیەکی زۆر ئاشکرا پێشکەش بە وەرگری دەکات،ئەمە لە کاتێك دا کە لە سیستەمێکی هێرمۆنۆنیکی دا وانییە واتە

---

(١) نورتروپ فرای، همان مأخذ سابق، ص١٢٧.

(٢) محمد ضمیران، همان مأخذ سابق، ص ١٠٨.

(٣) ابـراهیم چـکنی(د.). فـرهنگ دائـره المعـارفی زبـان و زبانهـا، نـشر بهنـام، تهـران، ١٣٨٣، ص٨٢– ٨٣.

وەرگر بە هۆی لێلی پەیامەوە ناچار دەبێت لە ئامرازە شیکەرەوەکانی خۆی سوود وەربگرێت و لەم چوارچێوەیە دا لێکی بداتەوە.[1]

راستە کە زۆربەی جاران نیشانە و سیمبۆل لە یەکتر جیاکراون بەلاَم سەختە کە لە بواری سیمبۆلۆژیا دا سیمبۆل بە چەمکی بەرامبەری نیشانە لە قەلەم بدرێت چونکە هەرچۆنێك بێت نیشانە بنەڕەتی سیمیۆلۆژیایە و خودی سیمبۆلیش جۆرە نیشانەیەکە بۆیە چاکتر وایە نیشانە بە چەمکێکی گشتی دابنرێت و دابەشی دوو چەمکی تر واتە کۆد و سیمبۆل بکرێت،کۆدەکان ئەو نیشانانەن کە بۆ ناردنی پەیام بە شێوەیەکی ئاسایی بەکاردەهێنرێن واتە نزیکن لە ئەدگارەکانی نیشانە لە ئاخاوتنی رۆژانە دا بەلاَم سیمبۆل بە واتا ئەدەبییەکەی و دوور لە روانگەی (پیرێس)ەوە ئەو نیشانانەن کە خاوەنی زنجیرەیەك لە مەدلوولەکانن یاخود بنیاتیان تووشی گۆڕانکاریی بۆتەوە و بۆ ناردنی پەیام بە شێوەیەکی ئاسایی بەکارناهێنرێن و بە گشتی دۆخی ئاسایی خۆیان لە دەست داوە.

نیشانە ئستاتیکیەکان "بە هۆی سروشتی ئایکۆنیکیان گەلێك کەمتر لە نیشانە لۆژیکیەکان لە سەر بناغەی رێککەوتنەوە بنیاتنراون بۆیە زۆر کەمتر لەوانە کۆدسازی کراون واتە لایەنی کۆمەلاَیەتی بوونی نیشانە لاوازترە،هەلبەت ئەم نیشانانە ئەوەندەش لە رێکەوتنەوە بە دوور نین،تەنانەت هەندێ جار گەلێکیش هەلبژاردنین بەلاَم هەلبژاردن لەمانەدا هەرگیز ئەدگاری سنووردارکردن و پێویست بوون و گشتی بوونی نیشانە لۆژیکیەکان بە خۆیەوە ناگرێت،نیشانەی ئستاتیکی نیشانەیەکی ئایکۆنیك و بنیاتنراو لە سەر بناغەی وەکیەکییە، بە پێچەوانەی نیشانە لۆژیکیەکان"،[2] هەر بۆیە لە شیعر دا سیمبۆلەکان زیاتر رۆلی خۆیان دەبینن و ئەوەندەی کە ژمارەی سیمبۆلەکان زۆرتر بێت ئەوەندەش ئیستاتیکای شیعرەکە بەرز دەبێت و بە پێچەوانەوە ئەوەندەی کە شاعیر روو لە کۆدەکان بکات شیعرەکانی زیاتر لە ئاخاوتنی رۆژانەوە نزیك دەبن و لەئەنجام لایەنی ئیستاتیکییان نزم دەبێتەوە.

---

(١) آنە ماری دینە سن. همان مأخذ سابق، ص٣٤-٣٥.

(٢) پی یر گیرو. همان مأخذ سابق، ص٩٦-٩٧.

**ب- بەرفراوانبوونی واتا، لێلی:**

هێزی ووشەیەك بۆ دەربڕینی چەندین مەدلوولی جیاواز ئەدگارێکە لە ئەدگارە سەرەکییەکانی زمانی مرۆڤ و ئەو کاریگەرییانەی کە لە ئەنجامی فرەواتایی ووشەکانەوە دێنە ئاراوە مەوداکەیان زۆر بەرفراوانە.هەبوونی ووشەی سەربەخۆ بۆ هەر شتێك لە شتەکان کە هەلسۆکەوتمان لەگەڵیان دا هەیە دەبێتە هۆی ئەوەی کە قۆرساییێکی یەکجار زۆر بکەوێتە سەر هۆشی مرۆڤ.(١)

با یەکەم جار لەو فرەواتاییە بدوێین کە هەر لە کۆنەوە باسی لێوە کراوە،ئەمەش بریتیە لەوەی کە ووشەیەك چەند واتای جیاوازی هەبێت یان چەند ووشە بۆ واتایەکی دیارکراو بەکار بهێنرێن، دەکرێت لە ژێر ناوی هەر دوو زاراوە(Polsemy) و (homonymi)باسی ئەم دیاردەیە بکرێت.

فرەواتایی لە هەموو زمانەکان دا هەیە بریتیە لەوەی کە  ووشەیەك چەندین واتای هەبێت،لێرە دا سیاقە کە واتای مەبەستمان بۆ دەستنیشان دەکات.فرەواتایی ئەم دەرفەتەمان دەداتێ کە لێلی و ناروونی کە ئەدگارێکی شێوازە بخوڵقێنێن،ئەمەش لە رێگەی بەکارهێنانی لە سیاقە جیاوازەکان دا.فرە واتایی لە دوو شێوە دا خۆی دەنوێنێت:لەوانەیە ژمارەیەك لە داللەکان بە مەدلوولێکەوە بەستراو بن یاخود بە پێچەوانەوە واتە پەیوەندی لە نێوان چەندین مەدلوول و داللێکی دیاریکراو دا بێت.زاراوە پۆلیسیمی(polysemy) بۆ حالەتی یەکەم و زاراوەی هاوبەشیی فۆڕمیی (homonymi) بۆ دیاردەی دووەم بەکار دەهێنرێت.(٢)

دوای سەرهەڵدانی ئاراستەی پۆست ستراکچریزم لە بواری زمانەوانی نوێ دا کە رووانینێکی جیایان دەربارەی چەمکی پەیوەندیی زمانیی نێوان دال و مەدلوول پێشکەش کرد.وا بۆی چوون کە"دال  یاخود ووشە چ لە فەرهەنگ یان ناو دەق دا تەنیا ئاماژە بە دەلالەتێکی تاکانە یان مەدلوولێکی نەگۆر نادات بەڵکو ئاماژە بە زنجیرەیەکی بێ کۆتایی لە دەلالەتەکان دەدات،بەم پێیە واتای ووشەکان وەکو ئەوەی کە لە فەرهەنگ دا هەیە تەنیا خالێکە بۆ دەست پێکردن، گەڕانێکی بێ کۆتاییە لە دوای واتایەك کە جۆراوجۆری و

---

(١) د.كريم زكي حسام الدين، نفس المصدر السابق، ص٢٧.

(٢) نفس المصدر السابق، ص ٢٧.

جیاوازی بە خۆیەوە دەبینێت،بە پێی جیاوازی سیاق و دەقەکانەوە،مەسەلە لێرەش ناوەستێت بەڵکو ئێمە دەبینین کە لەوانەیە واتا لە خوێنەر یاخود شیکەرەوەیێك جیاواز بێت بۆ خوێنەر یان شیکەرەوەییێکی تر". (۱)

هەندێ لە بیرمەندانی پۆست مۆدێرن نکۆلی لە پەیوەندیی نێوان دال و مەدلوول دەکەن و جارِی ئەوە لێ دەدەن کە تەنیا دەکرێت پشت بە داللێکی جوولاو ببەسترێت،چەمکی دالی جوولاویش لای هەر یەکێکیان جیاوازە "لێرەدا دەکرێت هەر داللێك بە هەر مەدلوولێك ببەسترێت، واتە هەر شیکەرەوەیێك دەتوانێت هەر مەدلوولێك کە بە دڵییەتی بە داللێکی دەستنیشانکراوەوە ببەستێت، بە دەربرِینی (جاناتان کالر) بیردۆزەوانانی پۆست مۆدێرن برِوایان بە(دالی نێو ئاوەلاّ)هەیە". (۲)

کاتێك پۆست ئستراکچریزمەکان بەلاوەخستنی مەدلوولەکانیان پێشنیار کرد، ئاراستەیەکی تازەیان گرتەبەر کە بریتی بۆ لە"نەگەرِانەوە بۆ جیهانی راستییەکان،رۆیشتن بەرەو جیهانێك کە شتێکی تێدا نییە جگە لە داللەکان. (۳)

دەکرێت پەیوەندیی نێوان دال و مەدلوول زۆر لێلتر و زەینی تر بێت،لە ئەنجامیش دا رادەی کۆد بوونی بەرەو کەمی یان زیادی دەروات"لە کەمترین ئاست دا لەگەڵ هەندێ سیستەمی کراوە رووبەروو دەبین کە ئەستەمە زاراوەی (کۆد)یان بۆ بەکاربهێنین، چونکە ئەم سیستەمانە تەنیا سیستەمی هێرمۆنۆتیکین،ئەمەش سنوورێکە کە سیستەمە لۆژیکییەکان لە سیستەمە هونەرییەکان جیا دەکاتەوە،هەر وەکو ئەوەی کە هەندێ لە سیستەمەکان بە توندی کۆدسازی کرا بن". (٤)

هەر وشەیەك لە سەرەتا دا خاوەنی واتایەکی ئاشکرا و لە پلەی دووەم دا واتایەکی ناوەکی و ناراستەخۆیە.لە پلەی یەکەم دا وشە لە چوارچێوەی چەمکیی یان راستییەوە بە کار دەهێنرێت،بۆ نموونە مەبەست لە دایك ژنێکە کە منداڵی هەیە بەلاّم کاتێك کە دەڵێین دایك و هەستی قووڵی دایکێتی وەکو خۆشەویستی لە رِادەبەدەر و فیداکاری دێنە

(۱) نفس المصدر السابق ،ص د– هـ.
(۲) محمد ضميران. همان مأخذ سابق، ص۷۳.
(۳) ريچارد هارلند. ابرساختگرايى و فلسفه ساختگرايى و پسا ساختگرايى، ترجمه: فرزان سجودى، نشر سورهو مهر، تهران، ۱۳۸۰، ص ۳۲.
(٤) پى ير گيرو. همان مأخذ سابق، ص٤٢.

مەیدانەوە ئیتر سەرەدەریمان لەگەڵ واتای ناوەوەیە.(رۆلان بارت)ئەوەی راگەیاندووە کە زمانەوانی (سۆسێر) زیاتر لە هەر شتێك لە سەر لایەنە راستەوخۆ و ئاشکراکانی دەلالەت کار دەکات بۆیە گرنگیی بە پلەکانی دەلالەت و واتای ناوەوە و لایەنی راڤەی نادات[1]واتە "نموونەکەی (سۆسێر) بۆ نیشانە تەنیا شیکەرەوەی واتای راستەوخۆیە، (سۆسێر) لە واتای ناوەوە و چۆنییەتی نەکۆلیوەتەوە، ئەمە لە لایەن بیردۆزەوانانی دوای ئەوەوە ئەنجامدراوە".[2]

نیشانە لای (سۆسێر) بریتیە لە دال و مەدلوول،ئەم دووە پێکەوە نیشانەن.فۆڕمی ووشەی (کەر) ئاماژە دەدات بە وێنەی زەینی گیانەوەرێك لە جیهانی دەرەوە دایە، (رۆلان بارت) بەم قۆناغە دەڵێت ئاستی یەکەمی دەلالەت،لەم ئاستە دا واتایەك بۆ داللێك دادەنرێت،بەلاّم خودی ئەم مەدلوولە دەتوانێت ببێت بە دالی مەدلوولێکی تر ،لێرەدا ئیتر مەدلوول گیانەوەرە گوێ درێژەکە نییە،بەڵکو مەبەستمان مرۆڤێکی گێل و تێنەگەیشتووە،(بارت) بەم قوناغە دەڵێت ئاستی دەلالەتی لاوەکی یاخود دەلالەتی ناوەکی،لێرە دا ئیتر دال تەنیا فۆڕمی ووشەی کەر نییە بەڵکو وێنەیەکی زەینی ئەویشە،بۆیە بە بۆچوونی بارت لە ئاستی دووەم دەلالەت دا دال بریتیە لە (واتا-فۆڕم) و مەدلوولیش ئیتر چەمکە.بە بۆچوونی بارت ئاستی دەلالەتی لاوەکی ئاستێکە کە تێدا میسیۆلۆژیا دێتە ئاراوە،بەلاّم میسیۆلۆژیا لای (بارت) گەڕانەوەیە بۆ واتا ریشەییەکەی لە یۆنانی دا،واتە جۆرە ووتار یان بە دەربڕینێکی ووردتر جۆرە پەیامێکە،بۆیە لە دیدی (بارت)ەوە پێکهاتەی کۆتایی واتا یان مەدلوول لە ئاستی دەلالەتی یەکەم کە پەیوەستە بە زمانەوانییەوە یەکسانە لەگەڵ پێکهێنەری سەرەتایی یان (واتا-فۆڕم) لە ئاستی دەلالەتی لاوەکی یان ئەفسانەیی دا[3] بە بۆچوونی بارت ئایدۆلۆژیا لە قوناغی سێیەمی دەلالەت دا خۆی دەنوێنێت،[4] بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین لە ئەنجامی پەیوەندیی نێوان دال و مەدلوول داللێکی نوێ سەرهەڵ دەدات.

---

(١) محمد ضميران. همان مأخذ سابق، ص١٢٠.

(٢) فرزان سجودى. نشانه شناسى كاربردى، همان مأخذ سابق، ص١٠٢.

(٣) محمد رضايى راد.همان مأخذ سابق، ص٧٧.

(٤) همان مأخذ سابق، ص١٢٤.

پلەی یەکەمی دەلالەت، دەلالەتی ئاشکرایە لەم قۆناغە دا نیشانە لە دال و مەدلوولێك پێکهاتووە، دەلالەتی ناوەوە پلەی دووەمی دەلالەتە واتە ئەو نیشانەیەی کە خاوەنی دەلالەتی ئاشکرایە (دال و مەدلوول) وەکو داللێك رۆڵی خۆی دەبینێت و مەدلوولێکی نوێی پێ دەبەسترێت. لەم چوارچێوەیە دا ئەو نیشانەیە کە خاوەنی دەلالەتێکی ناوەکییە، نیشانەیەکە کە لە دالی ئەو نیشانەیە وەرگیراوە کە خاوەنی دەلالەتی ئاشکرایە، بۆیە دەلالەتی ئاشکرا دەبێتە هۆی دروست بوونی زنجیرەیەك لە دەلالەتە ناوەکییەکان:(1)

| | |
|---|---|
| دال | مەدلوول |
| نیشانە=دال | مەدلوول |
| نیشانە | |

لەم رووەوە دەتوانین بڵێین نیشانەکان زیاتر خاوەنی چۆنییەتیی و رەوشتێکی چەند واتایین،دەکرێ راڤەکردن و شیکردنەوەی جیاجیایان بۆ بکرێت.

بە بۆچوونی (رۆلان بارت) دەق"بەهۆی دوواخستنی مەدلوولەکان و جەخت کردن لە سەر داللەکان،قەلەمرەوی خۆی دەستنیشان دەکات،قەلەمرەوییێك کە جۆرە بەرفراوانی و گەمەکردنیی بەردەوامی تێدا دەبینرێت، لێرە دا دەق لە بەرامبەری ئەو هەوڵانەی کە لە پێناو دەستنیشانکردنی واتاکەی دەدرێن خۆراگری دەکات،بەم شێوەیە دەق ئایرۆنی و لە بنەڕەت دا سیمبۆلیکە".(2)

بە پێی دەقەکانەوە، یەك یان چەند توێکل لەوانەیە لە هەلومەرجە جیاوازەکان دا بە خۆراگرتر و سەرەکی تر دابنرێت، هەندێکی تریش ئەوەندە خۆراگر نەبن و بگۆردرێن. (بارت) لە بارەیەوە چەمکی لەنگەر (anchorag)ی بەکارهێناوە. بە دەربڕینێکی تر هەندێ لە رەگەزەکانی دەق دەتوانن وەکو لەنگەرێکی چەسپێنەر رۆڵی خۆیان ببینن و بەمەش سنوورێك بۆ دیاردەی جوولانەوەی بەردەوامی نیشانەکان دابنێن.(3)

---

(١) رولان بارت. اسطوره امروز، همان مأخذ سابق، ص٣٧ – ٣٨.

(٢) مايكل پين. بارت فوكو التوسر، ترجمه: پيام يزدانجو، ويراست دوم، نشر مركز، تهران، ١٣٨٢، ص ١١.

(٣) بابك احمدی.ساختار و تاويل متن،همان مأخذ سابق، ص١٥٨.

(دریدا)ش بە ئاشکرایی رایگەیاندووە کە مەرج نییە هەر داللێك بە مەدلوولێکی تایبەتییەوە ببەسترێت،بە دەربرینێکی تر ناکرێت پەیوەندیی نێون دال و مەدلوول وەکو پەیوەندیی نێوانن ئاوێنە و جەستە بزانرێت،چونکە هیچ لێکچوونێکی بینراو و راستەوخۆ لە نێوانیان لە ئارا دا نییە، ئەمرۆ لە نێوان دال و مەدلوولەکان دا کەلێنێکی قوول دروست بووە،واتە لەگەڵ تووانەوەی پەیوەندییە کۆنەکانی نێوان دال و مەدلوول دا،دالە جیاوازەکان لەگەڵ مەدلوولە جۆراوجۆرەکان لە لێکدانێك دان کە خۆراگر و هەمیشەیی نییە.[1]

لە لای تیۆرییەوە هەر پەیوەندییێك کاتێك بە پەیوەندییێکی کاریگەر دادەنرێت کە تێیدا"تەنیا دال و مەدلوولێك لە پەیوەندی دا بن،داللێك تەنیا ئاماژە بە مەدلوولێك دەدات،زمانە زانستییەکان و کۆدە لۆژیکییەکان بەم شێوەیەن ،خۆی لە خۆی دا کۆدی چەند واتایی لە ئارا دا نییە،بەڵکو هەندێ سیستەمی بەیانی لە ئارا دان کە بەشێوەیەکی هاوکات سوود لەم جۆرە کۆدانە وەردەگرن،لێرە دا مەسەلەی شێواز بوونی خۆی دەسەلمێنێت کە لە ئەنجامی هەڵبژاردنەوە دێتە ئاراوە".[2] لەم بارەیەوە نیشانەی تاك واتایی ووردترە لە نیشانەی چەند واتایی،دەلالەتی ئاشکراو و بینراو ووردترە لە دەلالەتی ناوەوە و زەینی،نیشانەی ئاگایانە ووردترە لە نیشانەی نائاگایانە.[3]

ئەم خەیالە کە "واتاکان شتێکن کە لە هەندێ لایەنەوە شیاوی دەستنیشان کردنن هەلەیەکی بنەڕەتییە،ئەگەر هەول بدەین وەکو کۆمەلەیەکی ناسراو باسی واتاکان بکەین , ناچار دەبین ئەوەش بڵێین کە واتاکان ئەوەندە تایبەت بە خۆیانن کە دەرفەتی ئەوەمان نادەن کە لە چوارچێوەی زاراوە یان چەمکەکانی ترەوە وەسف بکرێن."[4] ناتوانین واتایەکی دیاری کراو لە نیشانەیەك پێشکەش بکەین کە لە هەموو دۆخەکان دا بە کار بهێنرێت.

---

(١) محمد ضمیران. همان مأخذ سابق، ص٧٣.

(٢) پی یر گیرو.همان مأخذ سابق، ص٤٦

(٣) همان مأخذ سابق، ص٤٣.

(٤) ویلیام پی الستون. همان مأخذ سابق، ص٦٣.

سیمیۆلۆژیستەکان ئەوە رادەگەیێنن کە هیچ نیشانەیەك بە تەواوەتی واتایەکی ئاشکرای نییە بەڵکو هەموو کاتێك واتای ئاشکرا بەرەو بواری ناوەوە و لایەنی راڤەیی دەڕوات.جیاکردنەوەی واتای ئاشکرا و ناوەوە کارێکی زۆر ئەستەمە, کۆشش لەم زەمینەیە دا لە زۆربەی حالەتەکان دا تووشی نسکۆ دەبێت و چونکە ناتوانین تێگەیشتن (وەرگرتن) و راڤەکردن لە یەکتر جیا بکەینەوە،ئەم دووانە هەمیشە شان بە شانی یەکترەوە لە زەینی مرۆڤ دا پێك دێن.لە قەلەمرەوی دەلالەتە ناراستەوخۆیەکان ئێمە لەگەڵ مامەڵە لەگەڵ زەینی تاکەکەسەکان دا دەکەین,ئاساییە کە ناکرێت واتای ناوەوە تەنیا بە تاکەکەسی لە قەلەم بدرێت چونکە پەیوەندییە نێو زەینییەکان رۆڵێکی گەورەیان لە پێك هێنانی دا هەیە, بۆ نموونە هەموو کەسێك دەزانێت کە لە کەلتوری رۆژئاوا دا ئۆتۆمبێل بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ هەڵگری واتای ئازادی هێز و پیاوەتییە.[1]

زاراوەی واتای ناوەوە ئاماژە دەدات بە" لایەنی (کۆمەلایەتی - کولتووری، کەسایەتی، ئایدۆلۆژی و عاتیفی و...)ی نیشانە, فاکتەرەکانی وەکو چین، تەمەن، رەگەز، هاوبەشی نەتەوایەتی و ئەتنیکی وەرگر و هەندێ فاکتەری تر لە پێکهاتنی واتای ناوەوە دا رۆلی خۆیان دەبینن. هەرچەندە کە خاوەن بیردۆزەکان جیاکردنەوەی واتای ئاشکرا و واتای ناوەوەیان لە پێناو شیکردنەوەوە بەسوود زانیوە، بەلأم وا دیارە کە ناکرێت لە پراکتیزەکردن دا هێلێکی جیاکەرەوەی رەها لە نێوانیان دابنرێت، زۆربەی سیمیۆلۆژیستەکان لەو بڕوایە دان کە هیچ نیشانەیەك بە تەواوەتی ئاوەلاْ نییە لە واتای ناوەوە".[2]

جگە لەم بەرفراوانییە کە زیاتر رەهەندێکی ستوونیی هەیە بەرفراوانبوونێکی تریش بەدی دەکرێت کە رەهەندێکی ئاسۆیی هەیە و لە جەرگی سیاق و لە نێو ووشەکان دا روودەدات،لەوانەیە (جاك درێدا) زیاتر لە هەر کەسێك گرنگی بەم بەرفراوانییەدا بێت،ناوبراو لە بارەیەوە ئاماژەی بەوە داوە کە"واتا بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە نیشانەدا بوونی نییە،چونکە واتای نیشانە بەوە بەستراوە کە نیشانە چی نییە،بۆیە بە پێچەوانەی (سۆسێر) کە دەیویست بسەلێنێت نیشانە چییە،(درێدا)هەول دەدات کە بسەلێنێت نیشانە

---

(١) محمد ضمیران. همان مأخذ سابق، ص١٢١- ١٢٢ .

(٢) فرزان سجودی. نشانه شناسی کاربردی، همان مأخذ سابق، ص١٠٢- ١٠٣.

چی نییە، ئەوەی ڕاستی بێت واتای نیشانەیەك لە نێوان داللە جۆراوجۆرەكان دا بلاّو و پەرتەوازەیە، بۆیە ناتوانین بە ڕوونی دەستنیشانی بكەین،كەواتە خودی واتا لە نیشانە دا ئامادە نییە بەڵكو لە قەڵەمرەوی داللەكان دا لە دۆخی ئامادەبوون و ئامادەنەبوون دایە،خوێندنەوەی دەقێك زیاتر بریتیە لە گەڕان بە دوای واتاكان،(درێدا) ئەوەش ڕوون دەكاتەوە كە بنیاتی نیشانە بەستراوە بەو كاریگەرییەی كە كاراكەی لە دۆخی ئامادە نەبوون دایە.بەم دیاردەی ئامادە نەبوونی واتش دەڵێت(ئەوی تر),ئەم (ئەوی ترە) خۆی بە (ئەوی ترەكان)ی ترەوە دەبەسترێت و وەكو زنجیرەیەك لە ( ئەوی تر)ەكان كە خۆیان هەڵگری نیشانەن تا بێ كۆتایی بەردەوام دەبێت، بەم واتایە هەر داللێك بەرەو داللێكی ترمان دەبات". [1]

بەم شێوەیە (درێدا) بڕوای بەوە هەیە كە داللەكان تەنیا نیشانەی بێ لایەنی سەر ڕووی كاغەز نین،واتابەخشن و دوور لە خودی خۆیان ئاماژە بە داللەكانی تریش دەدەن,لە بیردۆزی زمانیی (درێدا)دا كۆتایی هاتن بە بزاڤ لە دالەوە بۆ مەدلوول بوونی نییە چونكە دال لە بزاڤی خۆی بۆ گەیشتن بە مەدلوول ناگاتە ئارامی و وەستانەوە هەر وەها بزاڤێكی تریش هەبوونی هەیە كە ناگاتە وەستان و ئارامییەوە ئەویش ئەو بزاڤەیە كە لە داللێكەوە بۆ داللێكی تر بوونی هەیە، [2] (درێدا) وا بۆ دەچێت كە"واتای واتا پێویستییێكی بێ كۆتاییە،بریتیە لە گەڕانێكی بێ كۆتایی لە داللێكەوە بۆ داللێكی تر،هێزەكەی جۆرە ئیلهامێكی تەواو و بێ كۆتاییە،كە كاتێكیش دەرفەتی لەنگەر گرتن و وەستانەوە بە مەدلوول نادات،بەڵكو بەبێ وەستان لە سیستەم دا بەردەوامە،بە شێوەیەكی بەردەوام دەلالەت دەكات و دووا دەكەوێت". [3]

لە ڕووانگەی (درێدا)وە زمان لە حالەتی بلاّوبوونەوەی بێ كۆتایی دایە لەم ڕووەوە خاوەنی هاوسەنگی و هاوكێشی نییە،ئیتر ووشەكان بە شێوەیەكی هاوكات فشار ناخەنە سەر یەكترەوە, بەڵكو بە شێوەیەكی یەك لە دوای یەك و لە زنجیرەیەكی هۆیی دا لە سەر یەكتر كار دەكەن و هەر یەكێكیان ئەویتر سەرنخون دەكات[4]

---

(١) محمد ضميران. همان مأخذ سابق، ص٧٣.
(٢) فرزان سجودی. نشانه شناسی کاربردی، همان مأخذ سابق، ص٩٨.
(٣) همان مأخذ سابق، ص٩٨.
(٤) همان مأخذ سابق، ص٩٩-١٠٠.

(ئێمبێرتۆ ئێکۆ) مەسەلەی بەدوای یەکدا هاتنەوەی واتاکانی لە ژێر زاراوە (نیشانەکاری بێ سنوور) دا پێناسە کردووە.ئەمەش هەر ئەو چەمکەیە کە لە لایەن پۆست ستراکچریزمەکانەوە بە شێوەیەکی تۆندرۆیانەتر دەربڕاوە،[1] ئەگەر مەسەلەی بەرفراوانبوونی واتا لە ئاخاوتنی ئاسایی دا رۆلێکی لاوەکی هەبێت ئەوا لە بواری ئەدەب و بە تایبەتی شیعر دا رۆلێکی سەرەکی و کاریگەریی لە خۆلقاندنی کەش و هەوای هونەریی و بەرزکردنی رادەی ناروونی و لێلی هەیە"لە تەواوی بنیاتەکانی ئاخاوتنی ئەدەبی دا رێرەوی واتا بەرەو ناوەوەیە،لە ئەدەب دا پێوەرە واتاییە دەرەکییەکان فاکتەرێکی لاوەکین چونکە هەوڵدان بۆ وەسفکردن یان بەپۆزەتیڤکردن لە بەرهەمی ئەدەبی دا رێ بۆ شوێنێك نابات.لەم رووەوە ئاراستەی بەرهەمی ئەدەبی ئاخاوتنی راست نییە، ئاخاوتنێکی درۆش نییە،لە هەمان کات دا حەشووش نییە،ئەو وەسفەی کە دەتوانین بدەینە پاڵ واتای ئەدەب ئەوەیە کە بڵێین گریمانەییە".[2]

لە مەیدانی رەخنە دا ئەگەر بڵێین واتای راستەقینەی ئەم پارچە شیعرە ئەمەیە و دوواتر بیخەینە چوارچێوەی پەخشانەوە هەلەیەکی گەورەمان کردووە چونکە ئەوەی راستی بێت بەرفراوانیی واتا لەو ئاستەدایە کە دەستنیشانکردنی مەدلوولێکی چەسپاو و دیاریکراو کارێکی ئەستەمە،لەم رووەوە دەتوانین بڵێین کە زانستەکان بەو دەستە لە پەیامەکان بەستراون کە تێدا دەلالەتی راستەوخۆ زالە و هونەرەکان سەر بەو دەستە لە پەیامەکانن کە تێدا دەلالەتی ناوەوە کاریگەر دەبێت،"بنیاتی ئەدەب ئایرۆنییە چۆنکە لە رووی جۆر و پلە هەمیشە لەگەڵ (ئەوەی کە مەبەستە) جیاوازە بە پێچەوانەی نووسراوی ئیستیدلالی کە ئەوەی دەگووترێت نزیکە لەوەی کە مەبەستە واتە ووتە و واتا یەکسانن".[3]

کاتێك کە لە شیعر دا دال و مەدلوولەکان تووشی لێکترازان دەبن و سیمبۆلسازی بە سەر کۆدسازی دا زال دەبێت کەش و هەوا بۆ ئەوەی نیشانەکان بە چەندین شێواز لە رووی واتاییەوە بەرفراوان بکرێن هەموار دەکرێت،جاری وا هەیە کە شاعیر بە هۆی داللێکەوە

---

(١) هەمان مأخذ سابق، ص٣١.

(٢) نورتروپ فرای. هەمان مأخذ سابق، ص٩٤.

(٣) هەمان مأخذ سابق، ص١٠٣.

ئاماژە بە چەند مەدلوولێك دەدات یاخود چەند پلەی دەلالی بۆ ووشەیەك دەخۆلقێنێت یاخود سوود لە تەوەرەی ئاسۆی وەردەگرێت و بەردەوام هەوڵی دوواخستنەوەی واتا دەدات،ئەمە جگە لە سوود وەرگرتن لە هەندێ ووشە کە مەودایێکی واتایی بەرفراوانییان لە پشتەوەیە،بە گشتی بەرفراوانیی واتا و ناروونی و ئاراستەکردنی واتا بەرەو ناوەوە لە تایبەتمەندییەکانی شیعرن،ئەگەر شیعر ئاراستەیەکی پێچەوانە بگرێتە بەر ئەوا بە قەد ئەوەی کە واتا بەرەو روونی دەروات شیعرییەتی دەق زیاتر دەکەوێتە گۆمانەوە.

## ج- نیشانە لە نێوان ئاخاوتن و نووسراو دا:

لە زمان دا سیستەمی دەنگیی نیشانە زمانییەکان جیاوازە لە سیستەمی نیشانەیی پیتە نووسراوەکان، ئاشکرایە کە لەم سیستەمە دا داللەکان لە رووی ماددی و سیفەتەکانییانەوە تەواو لە یەکتر جیاوازن،لە سیستەمی یەکەم دا نیشانەکان لە ئەنجامی پەیوەندیی نێوان دەنگەکان و لە سیستەمی دووەم دا لە ئەنجامی هاوبەندیی پیتە نووسراوەکانەوە دێتە ئاراوە.

(سۆسێر) لەم بڕوایەدا نییە کە بۆ تێگەیشتن لە چەمکی نیشانە,نیشانەیەکی نووسراو گرنگتر بێ لە نیشانەیەکی ووتراو, بەڵکو بە پێچەوانەوە وا بۆی دەچێت کە نووسراو وێنەیەکە لە ئاخاوتن و بەرزتر بوونی پایەی نووسراو لە ئاخاوتن رەت دەکاتەوە , تەنانەت بە شێوەیەکی ئاشکرا ئاماژە دەداتە ئەو ستەمەی کە نووسراو بە درێژای مێژوو لە ئاخاوتن کردوویەتی، (سۆسێر) ئاماژە بەوە دەدات کە زارکردنی ووشەیەك هیچ پەیوەندیی بە رێنووسەکەی نییە.(سۆسێر) لە نووسینەکانی خۆی دا چەندین جار داکوکی لە سەر گرنگی ئاخاوتن بە بەراوورد کردنی لەگەڵ نووسراو دا کردووە. [(١)]

بە بۆچونی (درێدا)کاتێك کە (سۆسێر) زاراوەی زانستی زمانەوانی بە کار هێناوە مەبەستی زمانەوانی و ووشەکانی ئاخاوتن بووە نەك نووسراو , فۆڕمی ئاخاوتن بابەتی سەرەکی زمانەوانییەکەیەتی , (سۆسێر) بە تەواوەتی خۆی لە تەوەرەی ئاخاوتن و دەنگەکان سنووردار کردووە, خۆی ووتویەتی کە نووسراو فۆڕمی لاوەکی و جێگری ئاخاوتنە،"(درێدا)پشتی بە هەندێ قسەکانی (سۆسێر) بەستووە کە تێیدا نووسراو بە

---

(١) آنە ماری دینەسن. همان مأخذ سابق، ص٢٥

لاوەکی و ناسەرەکی دادەنرێت, یەکەمین راستی ئاخاوتنە کە بۆتە بنەمای لێکۆلینەوەکانی (سۆسێر), (درێدا)وا بۆی دەچێت کە ئەم ئاراستەیە لە کاری سۆسیر دا بۆتە هۆی ئەوەی کە تووشی هەلە ببێت،نووسراو خۆی هەلگری هەندێ توانایی وەکو دووبارەکردن و گرنگە پێدانەوەیە , بریتیە لە کۆمەلێك لایەنی هەلوەشاوە کە لە شێوەی رێککەوتنەوە هاتوونەتە ئاراوە . نووسراو و ئاخاوتن لە رووی ئەدگارەوە ئەوەندە لە یەکتر جیان کە ناتوانین بلێین نووسراو لە ئەنجامی داڕشتنی ئاخاوتنەوە لە دایکبووە, بەلام بە پێچەوانەوە دەکرێت بلێین نووسراو و ئاخاوتن خاوەنی هەندێ هاوبەشین کە لە زۆربەی خالەکان بە نووسراوەوە دەبەسترێن چونکە لایەنی نووسین لە زمانی نووسراو دا توانایی بەردەوامی پێدان بە نیشانەکان دەبەخشێت". [1]

لە نووسراو دا "دال بەردەوام لە زاوزێ کردن دایە و بەم شێوەیە رەهەندێکی کاتی لە کرداری دەلالەت دا رۆلی خۆی دەبینێت کە دەبێتە هۆی هەلکەندنی بنیاتی هەر جۆرە ئاوێتەبوونێك لە نێوان دال و مەدلوول دا, نیشانە نووسراوەکان خاوەنی جۆرە سەربەخۆییێکی سیمیۆلۆژین کە تێدا هەر چەندە واتا لە رێگەی جیاوازی نێوان نیشانەکان دەخۆلقێنرێت ـ بەو شیوەیەی کە (سۆسێر) ووتویەتی ـ بەلام سەربەخۆیی سیمیۆلوژیایی نووسراو وا دەکات کە واتا بەردەوام دووابخرێت...چۆنیەتیی شیکردنەوەی (درێدا) بنیاتی ئاخاوتنە ئاساییەکان سست دەکاتەوە چونکە لەو بڕوایەدایە کە واتا هیچ کاتێك بە تەواوەتی ئامادە نییە, بەلکو هەمیشە دوادەخرێت."[2]

مەسەلە لە دیدی (درێدا)وە تەواو جیاوازە ئەوەی کە"لە زەینی نووسەر دایە گرنگتر نییە لە ووتنی ووشەکان , نووسەر تەنیا لە کاتی نوسین دا واتای ووشەکانی خۆی دەدۆزێتەوە. (درێدا)لە لایەن هەموو نووسەرانەوە دان بەوە دەنێت کە بۆ من دال دەربڕی شتێکە کە زیاترە لەو واتایەی کە رەچاوم کردووە،ئەو واتایەی کە مەبەستمە فەرمانبەرە نەك فەرماندار. بە دەربڕینی (هارلێند) نیشانەی نووسراو نانێردرێت بەلکو تەنیا وەردەگیرێت، تەنانەت خودی نووسەریش تەنیا خوێنەرێکی ترە". [3]

---

(١) محمد ضمیران.همان مأخذ سابق، ص٥٧.

(٢) فرزان سجودی.درآمدی بر نشانەشناسی شیعر، همان مأخذ سابق.

(٣) فرزان سجودی.نشانەشناسی کاربردی، همان مأخذ سابق، ص٩٦.

(جاكۆپسێن)یش هەوڵی داوە وەسفێکی گشتی لە کرداری پەیوەندی کردنەوەمان بدات بە دەستەوە بۆیە ناچار گرنگی نەداوە بە جیاوازیی نێوان ئەو پەیوەندییەی کە لە نووسراو دا هەیە و ئەو پەیوەندییەی کە لە ئاخاوتن دا بەدی دەکرێت , بەڵام"کرداری پەیوەندی کردن لە ئاخاوتن دا لەوانەیە خاوەنی تەواوی رەگەزەکانی پەیوەندی کردنەوە بێت کە (جاكۆپسێن) ئاماژەیان پێ داوە وەکو (سیاق، نێرەر، وەرگر، پەیام، گەیشتن، کۆدەکان...تاد)، بەڵام لە نووسراو دا ئەوەی کە هەیە زۆربەی جاران تەنیا خودی پەیامەکەیە، بە تایبەت کە خودی نێرەریش ئامادە نییە, زۆربەی جارانیش کاتێك کە شتێك دەخوێنین نووسراوەکە لە بنەڕەت دا بۆ ئێمە ئاراستە نەکراوە".[١]

## د- نیشانە لەپرۆسەی خوێندنەوە دا:

ئەوەی کە کام یەك لە جەمسەرەکانی بەرهەم جێگای گرنگی پێدان و بایەخە و شیکردنەوەی دەبێتە هۆی بەدیارخستنەوەی رەهەندە شاراوەکانی بەرهەمی ئەدەبی هەر لە مێژە بە یەکێك لە گرفتە سەرەکییەکانی مەیدانی رەخنەی ئەدەبی دەژمێردرێت.ئایا لێکۆڵینەوە لە ژیان و کەسایەتی نووسەر یان لێکدانەوەی پەیوەندییە ناوخۆییەکانی نێو دەقێك یان کاردانەوەی خوێنەری دەق بە بنەما دادەنرێت،سیمیۆلۆژیا لەم بارەیە روانینی تایبەت بە خۆی هەیە کە زیاتر لە سەر بناغەی پەیوەندییەکانی نێو خودی دەقەکە و لەوەش گرنگتر رۆڵی خوێنەر بنیاتنراوە.

ژیانی نووسەر وەکو"خۆلقێنەری پارچە کاغەزێك سەرچاوەی دەستنیشانکردنی کۆدە شاراوەکانی خودی بەرهەمەکە نییە،بەڵکو بەسەرهاتێکە وەکو هەموو بەسەرهاتەکانی تر کە پەیوەستن بە واتای بەرهەمەکەوە".[٢] "هەر شتێك دەربارەی نییەتی نووسەرەوە بووترێت تەنانەت ئەگەر بەڵگە و دیکۆمێنتی تەواویش بۆی بهێنرێت جێی گۆمانە چونکە لەوانەیە کە دید و بۆچوونی بگۆردرێت،یاخود هەر لە بنەڕەت دا مەبەستی شتێك بووە ولە ئەنجام دا شتێکی تری پێشکەشکردووە".[٣]

---

(١) رابرت اسکولز. همان مأخذ سابق، ص٥٠.
(٢) مایکل پین. بارت فوکو التوسر، همان مأخذ سابق، ص ١٥.
(٣) نورتروپ فرای. همان مأخذ سابق، ص ١٠٩.

لەوانەیە یەکێك لەو رەخنانەی کە ئاراستەی رەخنەی ئەدەبیی بنیاتگەرا دەکرێت ئەمە بێت کە" کاتێك دەگاتە ئاستی تاکە دەقێك ئیتر گیر دەخواتەوە و دەوەستێت ، هەر وەکو ئەوەی کە بنیاتگەری دەقەکەمان بۆ ناخوێنێتەوە،بەلأم هۆیەکەی تەنیا لەمەدایە کە هیچ میتۆدێك هەولی خوێندنەوەی دەق نادات،خوێندنەوە چالاکییێکی تاکەکەسییە،بە قەد ژمارەی خوێنەرانی دەقێك خوێندنەوە لە ئارا دا هەیە."[١]

لەم روانگەیەوە خوێندنەوە "بریتیە لە دۆزینەوەی واتاکان یان بە دەربڕینێکی نزیکتر بریتیە لە بەرهەمهێنانی واتاکان چونکە لەوانەیە زاراوەی دۆزینەوە لای هندێکیان بریتی بێت لە پشکنین و گەڕان بە دوای هەندێ واتای دەست نیشان کراو.لە روویێکی ترەوە واتای واتا پەیوەستە بە خویندنەوەی دەق،ئەو دەقەی کە شیاوی چەندین خوێندنەوە بێت بێ گۆمان لە روی ماناشەوە بەرفراوان دەبێت , جۆراوجۆری خویندنەوەکان دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چەندین راڤەی جۆراوجۆر کە ئەمانە خۆیان دەبنە هۆی بەرفراوانبوونی واتای دەقەکان".[٢]

(رۆلان بارت)"ئاماژەی بە واتای سێیەم داوە , ئەم واتایە شاراوەیە زۆر بەرفراوان و بێ سنووورە, بۆیە لای (بارت) خۆینەری دەق بەرهەمهێنەرە نەك بەکارهێنەر"،[٣] دیسانەوە دەربارەی گرنگی خوێنەر و نرخی خوێندنەوە بە درێژایی لە ووتارێك دا بە ناوی (مەرگی نووسەر) دواوە,"باسی ئەوەی کردووە کە کاتێك نووسراو لە دەستی نووسەرەوە دەردەچێت دەبێت بە مولکی خوێنەر کە لەگەڵی دا دەژیت . هەر وەها ووتویەتی لە دایکبوونەوەی خوێنەر پێویستە لە سەر حیسابی مەرگی نووسەر بێت, کاتێك کە نووسەر دەمرێت زمان دەکەوێتەوە قسەکردن".[٤]

بە بۆچوونی (رولان بارت)"نووسراو ئامرازێك نییە لە پێناو هزر کردن و رەنگدانەوەی ئەو هزرانەی کە پێشتر لە لایەن نووسەرەوە ئامادە کراون. بەڵکو پێویستە بە گەمەی داللەکان ناوزەد بکرێت کە مەدلوولەکانیان لە خوێندنەوە دا دەست نیشان

(١) رابرت اسکولز, همان مأخذ سابق، ص٢١

(٢) عبدالقادر الرباعی(د.).جماليات المعنى الشعرى((التشكيل و التاويل))، المؤسسه العربيه للدراسه و النشر، بيروت، ١٩٩٩، ص١٩٥- ١٩٦.

(٣) نفس المصدر السابق، ص١٩١.

(٤) نفس المصدر السابق، ص١٩٤.

دەكرێن."[1] یەكانگیری دەق بە هیچ شێوەیەك لە سەرچاوەكەی شیاوی بە دیار خستنەوە نییە , بەڵكو پێویستە لە كۆتایی دا بە دوای دا بگەڕێین واتە ئەو كاتەی كە دەچێتە نێو پرۆسەی خوێندنەوە دا،بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین كە هەر جار دەقێك دەخوێنرێتەوە جارێكی تر بە شێوەیەكی نائاگایانە سەر لە نوێ دەنووسرێتەوە،واتە خوێندنەوە جۆرە بنیاتنانێكە.

(رۆلان بارت) باس لە دیاردەی فرەخوێندنەوە لە بواری ئەدەبی دا دەكات،ئەمەش بە هۆی زیادبوونی ژمارەی نووسراوەكانەوە دێتە ئاراوە،"زۆر بوونی نووسراوەكان ئەدەبێكی نوێ دێنێتە بەرهەم،ئەدەبێك كە ئەوەندە داهێنەری زمانی خۆی نییە كە برۆژەیەكە،بەم شێوەیە ئەدەب ئۆتۆپیای زمانە،هەر وەها ئەدەب بریتی دەبێت لە دەق و خوێنەر،بەڵام دەق بوونێكی لێل و ناروونی هەیە وەكو خەونێكی هەڵواسراوە،ئەم خەونە بەدی نایەت تەنیا بە بوونی خوێنەرێك نەبێت.لێرەش دا گرنگی خوێنەرمان بۆ بەدەردەكەوێت و مەترسیدار بوونی خوێندنەوە وەكو چالاكیێكی سەرەكی بۆ هاتنەكایەوەی ئەدەب خۆی دەنوێنێت ،خوێندنەوە لای بارت بریتیە لە كرداری دەسنیشانكردنی چارەنووسی دەق".[2]

(درێدا)ووتویەتی كە هیچ شتێك لە دەرەوەی دەق دا بوونی نییە , كەواتە لێرەدا دەق خاوەنی واتایەكی ئیستیعارییە, دەتوانێت هەموو كاروبارەكانی جیهان بە خۆیەوە بگرێت , بۆیە كاتێك كە تەواوی هەبوون وەكو دەق راڤە بكرێت توانایی خویندنەوەش تا بێ كۆتایی شیمانەی بۆ دادەنرێت , ئیتر ئامادەبوونی واتا بە مەسەلەیەكی ئاسایی ناژمێردرێت و یەكەمین واتا نابێتە هۆی ئەوەی كە قووڵ بوونەوە و لێكۆلینەوەكان لەنگەر بگرن و بوەستن بەڵكو دەبێتە فاكتەرێك بۆ ئەوەی كە زەمینەی بەردەوامی پێدان بۆ گەڕانێكی زیاتر و بەرفراوانتر هەموار ببێت . لێرەدایە كە ئیتر بابەتی مەرگی نووسەر و خۆلقێنەری بەرهەم دێتە ئاراوە و بە هۆی نەبوونی مەدلوولێكی رەها نییەتی نووسەریش تووشی هەمان چارەنووسی نووسەر دەبێت بۆیە زیاتر داكوكی دەكرێتە سەر جادوویی بوونی دەق.[3]

---

(١) محمد ضميران. همان مأخذ سابق، ص١٢٧.

(٢) د.مولای علی بوخاتم.نفس المصدر السابق.

(٣) محمد ضميران. همان مأخذ سابق، ص٣٩.

پەیام واتا نییە،"واتا لە کۆتایی رووداوی ئاخاوتن دا دێتە ئاراوە.هەر وەکو(دایڤید بیرلۆ) دەڵێت ئەمە تەنیا پەیامە کە دەگوێزرێتەوە نە واتا،واتا هەمیشە لای وەرگرە،بەم شێوەیە پیام واتادار دەبێت".[1]وەرگر داللەکان دەخاتە نێو زەمینەیەك و لە رێگەی دۆزینەوەی دەلالەتەکانیان کۆدەکانی پەیام دەکاتەوە،(جاکۆپسن) دەڵێت کە "زەمینە لای هەندێ کەس بە شێوەیەکی ناروون بە مەدلوولیش ناوبراوە، ئەمەش ئەوەمان پیشان دەدات کە زەمینە زۆر لە مەدلوولەوە نزیکە لەو رادەی کە دەکرێت بەهەلە لە جیاتی ئەوەوە دابنرێت.وەرگر کۆدەکان لە رێگەی ئەو زەمینەیەی کە خۆی دەی ناسێت دەیکات بە مەدلوول،ئەمەش تارادەیەك هەمان رەگەزی رێککەوتنە".[2] خوێنەر لە رێگەی پیاسە کردن لە وێرانەکانی دەق و ئامادە کردنی گیانی ووشە و دەربڕینە قوربانی کراوەکان دەقی نموونەیی خۆی دەخوڵقێنێت.

"خوێنەر بەردەوام خەریکی سازکردنی گریمانەیە و تێ دەکۆشێت پەیوەندی ساز بکاتەوە, کەلێنەکان پڕ بکاتەوە و وەرگێراوەکانی خۆی رێك بخاتەوە... ئەوەی راستی بێت دەق بۆ خوێنەر تەنیا بریتیە لە کۆمەڵە نیشانەیەك،ئەو نیشانانەی کە وا لە خوێنەر دەکەن کە واتایان پێ ببەخشێت... خوێنەر لەم نوێژەنکردنە دا بەشێك لە زانیارییەکانی خۆشی دەخاتە نێو دەقەوە"،[3] (رۆمان سلدن) لەم بارەیەوە ووتویەتی کە"کاتێك دەقەکان هەل و مەرجی لێکدانەوەی واتامان لە لایەن خوێنەرەوە بۆ دەستنیشان دەکەن کۆکراوەکانی مێشکی خودی خوێنەریش لەم کردارە دا رۆلی خۆیان دەبینن".[4](تێری ئیگلتون)یش ووتویەتی کە"ئەو خوێنەرەی کە تێ دەکوشێت بۆ ئەوەی هاوبەش بێت لە خولقاندنەوەی واتای دەق  پێویستە زانیاری لە سەر زانستێك هەبێت کە بریتیە لە

---

(١) رابرت اسکولز. همان مأخذ سابق، ص٤٦.
(٢) راجر فالر و رمن جاکۆبسن و دیوید لاج. همان مأخذ سابق، ص٧٧.
(٣) تری ایگلتون. پیشدرآمدی بر نظریه ادبی، ترجمه: عباس مخبر، چاپ سوم، نشر مرکز، تهران، ١٣٨٣، ص١٠٥-١٠٦.
(٤) رامان سلدن. راهنمای نظریه ادبی معاصر، ترجمه:عباس مخبر، نشرطرح نو،تهران، ١٣٧٢، ص٢٣.

ناسینەوەی کۆمەڵێك لە نیشانەکان. مەبەست لەم زانستە ئەو یاسایانەن کە بە شێوەیەکی ڕێکخراو زالن لە سەر ئەو شێوانەی کە بەرهەم تێدا واتادار دەبێت". [١]

بە پێی بۆچوونەکانی (بارت) هەر کاتێك کەسێك خەریکی خوێندنەوەی بەرهەمێك دەبێت،چەند لایەنێکی ئاوێتە و ئالۆز لە ئارادان،"لێرە دا خوێنەر لەگەڵ تۆرێك لە داللەکان ڕووبەڕوو دەبێتەوە کە کۆگاییێکە لە پەیوەندییە دەقاوێزانییەکان ،ئاماژەکان، گێرانەوەی ئاخاوتنە پێچاوپێچ و تێکچرژاوەکان کە لە سیاقی کولتوورێك دا بوونیان هەیە.خوێندنەوە گەمەکردن نییە لەگەڵ دەقێك بەڵکو دووبارە خۆلقاندنەوەی چالاکانەی گەمەی چەند واتایی بوونی دەقەکەیە،خوێندنەوە وەکو کارێك پێویستی بە دووبارە خوێندنەوە هەیە". [٢]

خوێندنەوە لای لێکۆلەرەوەی ئەلمانی (ئیزەر) بریتیە لە"کردارێك کە دەچێتە ناو دینامیکییەتی گەڕان بە دوای مەدلوولەکانەوە لە پێناو دەقێتیێك کە ئەستەمە بە بێ گەڕانێکی بەردەوام لە لایەن خوێنەرەوە لە ئارا دا بێت ، واتە تووانەوەی بیردۆزی دەق دەبێتە هۆی هاتنە کایەوەی بیردۆزی خوێندنەوە.بەم شێوەیە کرداری خوێندنەوە لای ئیزەر بریتیە لە کارلێك کردنی نێوان دەق و خوێنەر". [٣]

(موریس) لەم بارەیەوە بۆچوونێکی گرنگی هەیە ئەویش ئەمەیە کە"ڕاڤەی هەر نیشانەیەك بەستراوە بە بیرکردنەوە و ئەزموونەکانی پێشووی ئەوکەسەی کە هەوڵی ڕاڤە کردن دەدات.زمانی دەقی ئەدەبی خۆی لەو ڕاستییانەیە کە پێویستە خوێنەر بیاندۆزێتەوە , بۆیە ناسینەوەی ئەو هێزانە کە لە ڕێرەوی دۆزینەوەی واتا کار دەکەنە سەر مێشك یان دەیگۆڕن هەر ئەوەندە گرنگیان هەیە کە ناسینەوەی پەیوەندییەکانی دەق جێگای بایەخن, بە دەربڕینێکی تر دەق و هێزە کاریگەرەکانی پێکەوە واتا دەخۆلقێنێن". [٤]

---

(١) تری ایگلتون. همان مأخذ سابق، ص١٠٨.

(٢) مایکل پین. بارت فوکو التوسر، همان مأخذ سابق، ص١٦ – ١٧.

(٣) د.مولای علی بوخاتم. نفس المصدر السابق.

(٤) بابك احمدی. ساختار و تاویل متن، همان مأخذ سابق ، ص٢٩.

### و- پەیوەندیی نێوان دەقەکان، دەقاوێزان:

پەیوەندیی نێوان دەقەکان یاخود دەقاوێزان کە لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەی (Intertextuality) و لە زمانی فەرەنسیدا زاراوەی (Intertextualite) بۆی بەکار دەهێنرێت, بریتیە لە یەکێك لە چەمکە نوێیەکانی سیمۆلۆژیا، رۆڵێکی سەرەکی لە بواری شیعر و شیکردنەوەی بونیادگەریدا هەیە بابەتێکە لەو بابەتانەی  کە لە لایەن پێشەنگانی سیمۆلۆژیاوە ئاماژەی پێکراوە و پێش ئەوانیش لە لایەن زانایانی رەوانبێژی و رەخنەگرە کۆنەکان گرنگی پێدراوە[1]

زاراوەی دەقاوێزان لە فەرهەنگی سیمیۆلۆژی دا چەمکێکە کە ناوەرۆکەکەی بریتیە لە کارلێك کردنی نێوان ئەدەبەکانەوە، بۆ یەکەمین جار لە لایەن (میخائیل باختین)ەوە وروژێنراوە،[2] بەلاّم لە بواری سیمیۆلۆژیا دا بۆ یەکەمین جار (ژولیا کریستۆڤا) لەو لێکۆلینەوەیەی کە لە سەر چەمکی گفتوگۆی (باختین) دا کردوویەتی بەکاری هێناوە ,دوواتر"ناوبراو لە نامەی (دەقی چیرۆك)دا ئەم زاراوەیەی بەکار هێناوە مەبەستی ئەو کاتە بووە کە چەند سیستەمێکی سیمیۆلۆژیی جیاواز ئاوێتەی یەکتر دەبن و لەگەڵ یەکتر پێوانە دەکرێن. دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە دەق هێچ کاتێك سیستەمێکی داخراو و خۆبەخۆیی نییە بەڵکو بەرفراوان و بێ کۆتاییە . لەم رووەوە ناتوانین هیچ دەقێك بە کارێکی تەواو و پێگەیشتوو بزانین. (کریستۆڤا) لە سەر بنەمای دوو تەوەرەی سەرەکی لە دەق دەکۆلێتەوە : یەکێك تەوەرەی ئاسۆییە کە خولقێنەری دەق بە خۆێنەرەوە دەبەستێت و تەوەرەی ستوونی کە دەقێك بە دەقەکانی ترەوە دەبەستێتەوە , دەتوانین بلّێین هەر دەقێك لە سەرەتا دا لە ژێر کۆنترۆلی دیالۆگەکانی ترەوە بووە کە بوارێکی تایبەتیان بۆ هەموار کردووە".[3]

مەبەست لە شێوەی نێودەقی،"شێوازێکە کە لە چوارچێوەکەی دا ئەم گریمانەیە لە ئارا دایە کە لە نێوان دەقەکان یاخود نووسراوەکان دا جۆرە پەیوەندی و نزیکبوونەوەیەك هەیە،دەتوانین بلّێین کە دەقەکان بە بەردەوامی لەگەڵ یەکتر گفتوگۆ و هامشۆ دەکەن.

---

(١) د. مولای علی بوخاتم. نفس المصدر السابق .

(٢) محمد ضمیران. همان مأخذ سابق، ص١٧٥.

(٣) د. مولای علی بوخاتم. نفس المصدر السابق .

کاتێك ووشەی دەقاوێزان بەکاردەهێنین مەبەستمان ئەمەیە کە  لە خوێندنەوەی دەقەکان دا رەچاوی نووسراوەکانی تریش دەکەین و تێدەکۆشین تا وەکو لێکچوون و جیاوازی نێوانیان بدۆزینەوە و دەستنیشانیان بکەین،سەرەرای ئەمە هەندێ لە توێژینەرەوە هاوچەرخەکان لەو بڕوایە دان کە تەواوی نووسراوەکان و بە شێوەیەکی گشتی دەقەکان بە ئاوێتەیەکی کۆمەلأیەتی-کولتووری-مێژوویی دەژمێردرێن کە تێگەیشتن لە هەر کامەیان بەستراوە بە لێکدانەوەی ئەو تۆرەی کە دەقەکە تێدا جێگیر بۆتەوە،لە لایێکی ترەوە دەقاوێزان هەوڵی ئەوە دەدات کە سەربەخۆیی و خۆبەخۆیی دەقێك تووشی کۆسپ و تەگەرە بکات". (١)

پێش سەرهەڵدانی رێبازی پوست ستراکچریزم"هەر نووسراوێکی ئەدەبی دیاردەیەکی سەربەخۆ و تایبەت بە خۆی دەژمێردرا, بە دەربرینێکی تر وایان دەزانی کە هەر دەقێك لە پشت مێژوو و زەینی خولقێنەرەکەی دەروات. (رۆلان بارت) و (جاك درێدا)ئەم سەربەخۆییەی دەقیان خستە گومانەوە.ئەم تێپەربوونە لە سەربەخۆیی دەق و رۆیشتن بەرەو مەیدانی دەقاوێزان چوار ئەنجامی گرنگی هەبوو:

**یەکەم:** گرنگی دان بە رەسەنایەتی دەق شوێنی خۆی بە چۆنیەتی ئەدەب بەخشی.

**دووەم:** ئەوەی کە کرداری خوێندنەوە لە سەرنجدان بە ژیاننامە و بە سەرهاتی خولقێنەری دەق پاشگەز بووەوە .

**سێیەم:** سەرچاوە و توانایی خولقێنەری دەق درایە پاڵ خوێنەری دەق.

**چوارەم:** ئەوەی کە دەق و زەمینەی ئایدۆلۆژی دەقەکە جێی یەکێتی و ئۆرجینال بوونی دەقی گرتەوە". (٢)

(درێدا)دەڵێت کە"سەربەخۆیی دەق جاڕدانێکی نابەجێیە , چونکە فەزای هەر دەقێك بە بیرهێنەرەوەی دەقەکانی پێش خۆیەتی , دەروازەیەکە بەرەو دەقەکانی تر , لە راستی دا دەق لای ئێمە بریتیە لە زنجیرەیەك لە داللەکان کە لە رابردووەوە بەرەو ئایندە لە بەردەوامی دان". (٣)

---

(١) نفس المصدر السابق.

(٢) محمد ضميران.همان مأخذ سابق، ص١٧٤.

(٣) همان مأخذ سابق، ص١٧٤.

(بارت) رایگەیاند کە هەر دەقێك مەودایەکی چەند بواری بە  خۆیەوە دەگرێت کە لە جۆرەها نووسراوی تێکچرژاو پێك هاتووە کە هەندێ جار لەگەڵ یەکتری دا خەریکی ململانێن, بەم پێیە نابێت بە رەسەن یان ئۆرجینال لە قەلەم بدرێن.[1] لە راستیدا هەر سیاقێك خۆی مەودایەکە لە دەقەکانی تر کە لە چوارچێوەکەیدا دەخولقێنرێن لەم رووەوە ناتوانین سنورێك بۆ دەق دابنێین و ئەگەریش سنورێکی وا دابنرێت , بە سنورێکی رێژەیی دەژمێردرێت."دەق هیچ کاتێك رەچەلەك و سەرەتایەکی وەستاوی نیە ، بەڵکو هەمیشە واتای خۆی لە تەواوی دەقەکانی پێش خۆی کە ئامادە نین وەردەگرێت، لە ناویاندا بەرفراوان دەبێت و لە رێگەیانەوە بوونی خۆی دەسەلێنێت."[2]

لێکۆلەرەوە(ئەی مارلۆ)لەم بارەیەوە گەیشتوتە ئەم ئەنجامە کە"بەرهەمی هونەری تەنیا بەرهەمهێنای هونەرمەند یاخود داهێنەرەکەی نییە بەڵکو لە ئەنجامی لێکخشان و کارلێك و کاریگەری نێوان بەرهەمەکەی و بەرهەمە هونەریەکانی تر هاتووتە ئاراوە...لە نێوان ژمارەیەکی زۆر لە دەقەکان(بەرهەمە ئەدەبیەکان ) هیچ شتێك لە ئارا دا نییە جگە لە هەندێ بنیاتی دەلالی و سینتاکسی و جۆرە ئاراستە کردنێکی هاوبەش."[3]

بەلأم ئەوەی لە رەخنەی هاوچەرخدا دەبینرێت ئەوەیە کە لێکۆلینەوە ئەدەبیە هاوچەرخەکان وەکو ئامرازێکی زمانەوانی ئەم زاراوەیان بە کار هێناوە و هەندێ جار لەگەڵ هەندێ دیراسەی تر کە لێیەوە نزیکن تێکەل کراوەتەوە وەکو ئەدەبی بەراورد یان لێکۆلینەوەی سەرچاوەکان و دزییە ئەدەبیەکان.[4]

---

(١) همان مأخذ سابق، ص ١٧٦.

(٢) فرزان سجودی. نشانەشناسی کاربردی، همان مأخذ سابق، ص ١٠١.

(٣) د.مولای علی بوخاتم..همان مأخذ سابق.

(٤) نفس المصدر السابق.

# بەشی دووەم:

# گرفت و ئەدگارەکانی نیشانە
# لە شیعری سۆفیگەری دا

# باسی یەکەم : بۆچوونی سۆفییەکان دەربارەی واتای شیعرەکانیان

## أ- رۆڵی ئیلهام و سەرچاوە میتافیزیکییەکان:

هەر لەو کاتەوە کە مرۆڤ هاتووتە سەر رووی ئەم زەمینە کۆمەڵە کەسێك جارِی ئەوەیان لێداوە کە لە دەرەوەی جیهانی ماتریالی سروش یان ئیلهامیان بۆ دێت،لێرەدا مەسەلەی راست بوون یان راست نەبوونی ئەم راگەیاندنە گرنگ نییە بەڵکو ئەوەی جێگەی بایەخ پێدانە کاریگەری و شوێن پەنجەی بڵاْبوونەوەی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە چونکە دوای ئەوەی خەلکانێك برِوایان بەم مەسەلەیە هێنا و کەوتنە ژێر کاریگەری رەهەندەکانی، ئیتر مەسەلەکە دەبێت بە راستی و مێشکی خەلکانێك داگیر دەکات.

کاتێك کە ئەم بیرۆکەیە پەسند دەکرێت ئیتر ئەو وشانەی کە لە لایەن خاوەنی جارِدانەوەکە دەردەبرِێن لە لایەن خەلکەوە بە چاوێکی ئاسایی سەیر ناکرێت،ووشەکان بە پیرۆز دادەنرێن، ئەم بە پیرۆز راگرتنە تەنیا لایەنی واتا و مەدلوولەکان بە خۆیەوە ناگرێت بەڵکو مەترسی لەوەدایە کە داللەکان ببنە شوێنی رێزگرتن تا ئەو رادەیە کە بە سەر مەدلوولەکان دا زال ببن،بەم پێیە لەبەرکردنەوە و پاراستنی داللەکان بە گرنگتر دەژمێردرێت لە زانین و ئاشنا بوون لەگەڵ واتا و مەدلوولەکان.

ئەم گرفتە لە دوای بڵاْبوونەوە ئایینی ئیسلام لە نێو گەلە موسلمانەکان دا زیاتر تەشەنەی کرد و لە لایەن عەرەبەکانەوە رۆژ بە رۆژ تۆکمەتر کرا،بە سوود وەرگرتن لە مەسەلەی سروش و پەیوەندی زمانی عەرەبی بە ئیسلامەوە جارِی ئەوە لێدرا کە زمانی عەرەبی بەشێکە لە ئایین و دەبێت وەکو شتەکانی تر کە لە ئەنجامی سروشەوە هاتوون مامەڵەی لەگەڵ دا بکرێت،ئەمانە وا تەماشای زمانی عەرەبیان دەکرد کە لە لایەن خواوە هاتووە و هەر لە سەرەتاوە خوا بە کاملترین شێوە خۆلقاندوویەتی،تەواوی ئەدگارەکانی ئەم زمانە لە خواست و کردەوەی خوای گەورەن،ئەمانە تا ئەو رادەیە رۆیشتن کە ووتیان

زمانی دانیشتووانی بەهەشت عەرەبییە، ئەمەش وای لە زۆربەی موسلمانە ناعەرەبەکان کرد کە هەوڵی فێربوونی زمانی عەرەبی بدەن.[1]

ئەمە یەکێك بوو لەو هۆیانەی کە میللەتە موسلمانە ناعەرەبەکان بۆ ماوەیەکی زۆر پشت لە زمانی نەتەوایەتی خۆیان بکەن و هەوڵی ئەوە بدەن کە لە نووسین دا زمانی عەرەبی بەکاربهێنن،ئەمە باشترین بەلگەیە بۆ سەلماندنی ئەم راستییە کە تێهەڵکێشانی هەر ووتارێك بە مەسەلەی سروش یان ئیلهام تا چ رادەیەك دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دیاردەی(دال پەرستی).

شیعر بە هۆی سروشتی تایبەتی خۆی زیاتر لە هەر هونەرێکی تر بە ئیلهام و سروشەوە بەستراوە، هەر لە شارستانیەتی یۆنانی کۆنەوە بگرە تا وەکو عەرەبەکانی سەردەمی جاهلی ئەم بڕوایە لە ئارا دا بووە کە هێزێکی میتافیزیکی دەرەکی هەیە کە وەکو نێرەری شیعر کار دەکات و شاعیریش تەنیا وەرگرێکە کە وەکو دارێژەری ئەم پەیامە ئیشی خۆی رادەپەرێنێت،عەرەبەکانی سەردەمی جاهلی بڕوایان بەوە هەبووە کە هەر شاعیرێك جنۆکەی تایبەت بە خۆی هەیە کە دەربڕینە جادووییەکانی خۆی پێشکەش بە شاعیر دەکات بۆیە دەبینین کە چۆن شاعیر بە نەبی چوێنراوە تا ئەو رادەیە کە قۆرەیشییەکان جیاوازییان نەخستووتە نێوان ئەو سروشەی کە بۆ پێغەمبەر هاتووە و ئەو ئیلهامەی کە بە شاعیرانەوە دەلکێنرا،بۆیە زۆر جار تۆمەتی ئەوەیان لە پێغەمبەر داوە کە شاعیرە.[2] کە واتە ئەم مەسەلەیە لە شیعری عەرەبی دا مێژوویێکی کۆنی هەیە کە لەگەڵ بلاّو بوونەوەی ئیسلام کەوتووتە دۆخێکی تایبەتییەوە بەلاّم بە راستی سۆفییەکان رۆڵی سەرەکییان لە بووژاندنەوە و سەر لە نوێ ورووژاندنەوەی ئەم بیرۆکەیەدا هەبووە.

ئەم جۆرە گرنگی پێدانە زیاتر بۆ سروشتی خودی سۆفیگەری دەگەرێتەوە،چونکە سۆفییەکان" گرنگیەکی وا بە عەقل نادەن، ئەمانە وا بۆی دەچن کە عەقل ئامرازی مەعریفەیە بەلاّم ئەم جۆرە مەعریفەیە رێ بۆ راستییە شاراوەکان نابات بەلکو راستییە شاراوەکان لە رێگەی ئەزموونێکی دەروونییەوە روون دەکرێنەوە، (ل) زاراوەی زانستی

---

(١) د.علی وردی. اسطورة الادب الرفيع، الطبعة الثانية، دار كوفان، لندن،١٩٩٤، ص ٦٦.

(٢) عدنان حسين العوادي. الشعر الصوفي حتى افـول مدرسـه بغـداد و ظهـور الغزالـي، دار الحريـه للطباعة، بغداد، بلا، ص١٧.

موکاشیفە یاخود زانستی دەروون(باگن)ی بۆ ئەم مەعریفەیە بەکارهێناوە"[1] کەواتە ئەو ڕێگایەی کە مەعریفەی سۆفییەکان دەگرێتە بەر (زەوقی، قەلبی، کەشفی)یە و ئەو ئەنجامانەی کە بەدەستیان دەهێنێت ئەوەندە لەگەڵ میتۆدی عەقلی دا ناگونجن کە لە سەر بناغەی خوێندنەوە و بەلگەهێنان و لۆژیکەوە دامەزراوە،(ئیبن عەرەبی)یش ئاماژەی بەمە داوە و وتوویەتی"ئێمە لەوەی کە دەڵێین تەنیا پشت بە خوا و ئەوەی بۆمانی ناردووە دەبەستین نەك بەوەی کە ووشەکان هەڵگریانن."[2]

تێگەیشتنی سالیك و عاریف لە هەبوون (وجود) گرفتاری چوارچێوەکان نییە،ئەم زمانە – بە قسەی خۆیان – "لە ژێر کاریگەری کەسەوە نییە بە تایبەت خودی عاریف کە پەیرەوی لە هیچ کوت و بەندێك ناکات ، بۆیە لە زمانی عاریف دا ئەوەی بە هۆی ئیلهامەوە دێت ئۆرجینالە نەك پەیوەندییە لۆژیکییەکان، زمانی عاریف بە هۆی ئەو داهاتە ئیشراقییانەی کە لە حال و کات دا ڕوودەدەن پێك دێت،واتە ئیلهام پێکهێنەری زمانی سۆفییەکانە".[3]

ژمارەیەکی زۆر لە عاریف و سۆفییە ناودارەکان ئەوەیان ڕاگەیاندووە کە بەرهەمەکانیان جا شیعر بن یان پەخشان لە ژێر کاریگەریی ئیلهامەوە نووسراون، بۆ نموونە (شیخ شەهابەدینی سوهرەوەردی) دەربارەی کتێبی خۆی واتە (حکمە الاشراق)ەوە دواوە و لە شوێنێك دا وتوویەتی کە" کتێبەکەی بە تەئییدی خودای گەورە و لە ڕێگەی ئەو ئیلهامەی کە لە خوا بۆی هاتووە نووسیوە".[4] کاتێك کە ئەم جاڕدانە پەسند بکرێت ئیتر ئەم مەسەلەیە دەورووژێنرێت کە کتێبەکە ڕەها و گۆمان لێنەکراوە.

---

(١) حنا فاخوری و خلیل جر. تاریخ فلسفە در جهان اسلام، مترجم: عبدالمحمد آیاتی، چاپ هفتم، انتشارات علمی فرهنگی، تهران، ١٣٨٨، ص ٢٩٥-٢٩٦.

(٢) امین یوسف عودە. تأویل الشعر و فلسفته عند الصوفیە (ابن عربی)، من منشورات رابطة االکتاب الاردنیین، عمان،١٩٩٥، ص ٥٨-٥٩.

(٣) د.محمد ضرابیها. زبان عرفان (تحلیلی بر کاربرد زبان در ادبیات و دریافتهای عرفانی)، انتشارات بینادل، تهران، ١٣٨٤، ص ١٦.

(٤) د.عبداقادر موسی المحمدی.الاغتراب فی تراث صوفیە الاسلام، بیت الحکمە، بغداد، ٢٠٠١، ص١٤٠,

دەربارەی (ئیبن عەربی)یش دەیگێرنەوە کە لە نووسین دا شێوازێکی سەیری هەبووە، ناوبراو لە ژێر کاریگەری ئیلهام و لە حالەتی بێ ئاگایی دا بەرهەمەکانی خۆی نووسیوە،واتە بە پێچەوانەی نووسرانی ترەوە ئەوەی کە وتوویەتی زادەی مێشکی خۆی نییە بەڵکو لە سەرچاوەیەکی پیرۆز و بەرزەوە هاتوون، بەبێ ئەوەی کە نووسەر دەستکاریانی کردبێت،[1] ئیبن عەرەبی خۆی داکۆکی لە سەر ئەمە کردووە کە کتێبەکانی لە نووسین و دانانی خۆی نین بەڵکو بریتین"لە هەندێ نامە کە خوا داوای لێ کردووە بلاّویان بکاتەوە و بە خەلکی رابگەیێنێت،بۆ نموونە کتێبەکەی (مواقع النجوم) تەنیا بریتیە لە بەرهەمی ئەو چاوپێکەوتنەی کە لەگەڵ خوا دا هەی بووە،ئەمەش لە خەون دا رووی داوە،خوا کتێبەکەی پێداوە و داوای لێکردووە کە پێشکەش بە خەلکی بکات".[2]

راستە کە(ئیبن عەرەبی) ویستوویە خۆی لەو تۆمەتە کە خۆی بە پێغەمبەر زانیوە رزگار بکات و وتوویەتی

"ئەوەی کە دەنووسم هەمووی بۆم هاتووە سەرەرای ئەمە من نەبی یاخود پێغەمبەر نیم بەڵکو میراتگرێکم کە دوارۆژی خۆم دەپارێزم"[3] بەلاّم ناکرێ نکۆلی لەوە بکرێت کە ناوبراو ووشەکانی خۆی بردووتە ریزی ووشە پیرۆزەکانەوە ،ئەوەی کە (ئیبن عەرەبی) رایگەیاندووە گەورەترە لەوەی کە بە ئیلهام دابنرێت،ئەوەی راستی بێت لە خۆبایی بوونێکی زۆر لە ووتەکانی دا دەبینرێت کە زۆر ئەستەمە بە شتێکی مەعقول دابنرێت یاخود پەسند بکرێت،"ئەم پیاوە هەستێکی وای هەبووە کە زانستی خۆی نە لە دەمی پێغەمبەر کە دەڵێت بینیوییێتی و نە لە رێگەی فریشتەکانەوە بەڵکو تەنیا لە ووتەی خوای گەورە ئەویش لە چاوپێکەوتنێکی راستەوخۆ دا وەرگرتووە، (ئیبن عەرەبی) خۆی چەندین جار دەربارەی چاوپێکەوتنی خۆی لەگەڵ خوای گەورە دواوە".[4]

(ئیبن عەرەبی) بۆ شیعر و شاعیرانیش زاراوەیەکی تایبەتی بەکارهێناوە ،ئەویش (حەزرەتی ئیمدادی شاعیران)ە،لە ووتەکانی (ئیبن عەرەبی) دا وا بەدەردەکەوێت کە ئەمە

---

(١) نفس المصدر السابق، ص١٥٩.
(٢) د. نصر حامد ابو زيد.هكذا تكلم ابن عربي، الهيئة العامة للكتاب، القاهرة، ٢٠٠٢، ص ١٣١.
(٣) د.عبداقادر موسى المحمدي، نفس المصدر السابق، ص ١٥٩.
(٤) نفس المصدر السابق، ص ١٥٩

پلەیەکی هەبوونە،ئەدگارەکانی بریتین لە جوانی ،جوانی رۆخسار،رێکخستن، کە تایبەتیە بە شاعیران،ئەوانەی هەست بە جوانی یاخود پێچەوانەی دەکەن،ئەمانەش جیاوازن لە کەسانی تر، چەمکی ئیمدادی شاعیران لە مەسەلەی ئیلهامەوە تێپەڕ نابێت".[1]

ئەمە شتێکی تایبەتی نییە بە(ئیبن عەرەبی)وە بەڵکو زۆربەی سۆفی وعاریفە بەناوبانگەکان بە شێوەی جیاواز ئەم جارەیان لێداوە،ئەگەریش وایان نەکردبێت خەلکانێك ئەم ئەدگارەیان پێوە لکاندووە و بەم شێوەیە بەرهەمەکانیان خراونەتە نێو جیهانێکی تایبەتی کە دوورە لە هەلە و چەوتی،بۆ نموونە نازناوی زمانی غەیب (لسان الغیب)یان داوەتە پاڵ شاعیری ئێرانی (حافزی شیرازی)، ئەمە لەو بڕوایە هەڵقوولاوە کە ناوبراو ئاگاداری نهێنییە غەیبییەکان بووە و سەرچاوەی شیعرەکانی بۆ جیهانی میتافیزیکی دەگەڕێتەوە.

بە گشتی تەشەنە کردنی ئەم بۆچوونە کاریگەریەکی نێگەتیڤانەی بە سەر شیعری سۆفیگەری هەبووە،لەوانەیە بۆ سۆفیگەری وەکو رێبازێك بەسوود بووبێت بەلاّم دەتوانن بلێین کاریگەریەکی چاکی لە سەر شیعری سۆفیگەری وەکو بەرهەمێکی ئیستاتیکی نەبووە، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بە توندی کاری کردۆتە سەر هەموو رەهەندەکانی سیمۆلۆژیای زمانی شیعری سۆفیگەری، هەر لە مەسەلەی خوێندنەوە و کاردانەوەی وەرگرەوە بگرە تاوەکو بەهێزکەوتنی دیاردەی لاسایکردنەوە.

لە ڕووانگەی ئیلهامەوە نیشانەکان لە ئەنجامی ئەزموونە خودییەکان سۆفی کە یارمەتیی دەدەن بۆ ئەوەی پەیوەندی بە سەرچاوەیەکی میتافیزیکی بکات بەرهەم دەهێنرێن،سۆفییەکان ئەزموونی خۆیان بە ئەزموونێکی ئۆرجینال دادەنێن و وا بۆی دەچن ووشەکانیان کە لە ئەنجامی ئیلهامەوە ریزکراون و دەربڕین لە ئەزموونێکی نموونەیی و ناوێزە دەکەن"بەم واتایە کە ئەزموونەکەیان لە هەندێ رێگای مەعریفیی زۆر ئاوێتەوە سازدەکرێت و بەرهەم دەهێنرێت بەلاّم بیرۆکەی ئەزموونی ئۆرجینال لە چاکترین حالەت دا ئەگەر نەسازیی دەروونی تێدا نەبێت بیرۆکەیەکی پووچە،سەر لە نوێ دیراسەکردنی ئەم راستییە کە خودی ئەزموونەکە وەکو فۆڕمێکە کە بە هۆی ئەو چەمکانەوە پێك هاتووە کە عاریف لەگەڵ خۆی دا هێناویانەتە نێو ئەزموونەکە ئەم

---

(١) امین یوسف عودة، نفس المصدر السابق، ص١٣٢

راستیەمان بۆ دەسەلمێنێت"،[1] واتە پێویستە وەکو دەقێکی ئەدەبی کە لە کۆمەلێك نیشانە کە بە شێوەیەکی تایبەتی ریزکراون تەماشای ئەم بەرهەمانە بکەین،ئەم بەرهەمانەش لە ئەنجامی کۆمەلە پەیوەندی نێوان دەقەکانەوە بەهێزکراون کە خودی ئەم خالە زیاتر لە مەسەلەی ئیلهام شیاوی گرنگی پێدانەوەیە،ئەمانە ئەو بەرهەمانە نین کە لە ئاسمانەوە هاتبن و لە تەواوی پەیوەندییەکانی جیهانی ماتریالی دابڕابن و ڕێگە و شوێنێکی تەواو جیاواز و سەربەخۆیان هەبێت.

مەسەلەی پەسەند کردنی بیرۆکەی ئیلهام – هەرچۆنێك بێت - وامان لێ دەکات کە هەمیشە بە دوای مەدلوولێکی بەرز و نموونەییەوە وێل بین،لە واتاوە تێپەڕ ببین و بەرەو دۆزینەوەی مەبەست هەنگاوهەلێنین،لە هەموویان ترسناکتریش ئەوەیە کە هەول دەدەین بۆ پاراستنی داللەکان و بە گەنجینەیەکی پیرۆزیان لە قەلەم دەدەین،ئەو ئیستاتیکایەی کە لە واتای روالەتی یاخود واتای مەجازی دا هەیە تووشی مەحکوم بوون دەبێت و هەمیشە بە واتا و راستییێکی بێ بناغە دەژمێردرێت.

راستە کە بە هۆی ئەو گۆڕانکارییانەی کە ئەمرۆ بەدی دەکرێن مەسەلەی ئیلهام یاخود سروش لای شاعیر یاخود سۆفی کەوتووتە گۆمانەوە،بەلام هەیانە کە هێشتا – بە شێوازی جۆراوجۆرەوە – بڕوایان بەم بیرۆکەیە هەیە، ژمارەیەکیش بێ ئاگایانە لە ژێر کاریگەریی ئەم بۆچوونە دان،لەگەلَ ئەمەش دا ناکرێت ئەم هێزە بهێنرێت نێو فەزای دەقەوە و لە سەر کارکردنی نیشانەکان دا زال بکرێت،ئەگەر ئەمە پەسند بکرێت ژیانی نیشانەکان تووشی شێوان دەبێت چونکە لەم کاتە دا هەندێ لایەنی تری وەکو ژیانی نووسەر و دەوروبەرە کۆمەلایتییەکەی کە زەقتر و گرنگترن لە مەسەلەی ئیلهام خۆیان دەنوێنن و بە ناچاری دەبێت لەوانەش بکۆلینەوە،لە ئەنجام دا فاکتەرە دەرەکییەکان لە سەر خودی دەق و لایەنە سیمیۆلۆژییەکانی زال دەبن.

ژمارەیەکی زۆر لەوانەی کە لە شیعری سۆفیگەری دەکۆلنەوە بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ لە ژێر کاریگەری بیرۆکەی ئیلهام دان،زۆربەی زۆریان لە ژێر پەردەی

---

(١) اسیتون کتز. ساختگرایی سنت و عرفان پژوهشی در زمینه عرفان، ترجمه و تحقیق: سید عطاء انزلی، نشر آبان عشق، چاپخانه: زیتون، تهران، ١٣٨٣، ص ٣٨.

زاراوەکانی (موکاشەفە،واریدات،تەجەلیات،...تاد) بەرەو ئەم ئاراستەیە دەچن و بەردەوام لە دوای ئەو گەوهەرە نایابانە دەگەڕن کە گوایە لە قووڵایی شیعرەکان دا دەدۆزرێنەوە.

## ب- لاوازیی زمان لە پرۆسەی داهێنان و دەربڕین دا:

زۆربەی سۆفییەکان بەچاوێکی پۆزەتیڤانە تەماشای زمان ناکەن، لە دیدی ئەوانەوە زمان ئامرازێکی لاوازە و خیانەت لە ئەزموونی سۆفییەکان دەکات بەڵام لە هەمان کات دا بەکاری دەهێنن و دەیکەن بە ئامرازی دەربڕینیان، هەر لەم روانگەیەوە جۆرە نەگونجانێك دێتە ئاراوە.

سۆفییەکان لەو بڕوایەدان کە هەستکردنیان بە واتا گەورەتر و قووڵترە لەوەی کە زمان بتوانێت بە خۆیەوە بگرێت،"(ئەبوحەیانی تەوحیدی) لەم بارەیەوە وتوویەتی کە زمان تەسکە و واتا بەرفراوانە،پێش ئەویش(نیفەری) ئاماژەی بەوە داوە کە ئەوەندەی واتا بەرفروان بێت هەر بەو شێوەیە زمانیش بەرتەسکتر دەبێت"[1] بە دەربرینێکی تر"هەر کۆششێك کە بۆ شیکردنەوەی دیاردەکانی سۆفیگەرییەوە بکرێت تووشی شکەستە دەبێت چونکە دۆخەکانی سۆفی دەروونین و ئەزموونەکانی کەسین،ووشەکانمان توانایی بەدیارخستنەوەیانی نییە، زمان زادەی ئەزموونە و بۆ ئەزموونی سۆفیەکانیش زمانێکی وا لە ئارا دا نییە کە رۆشنگەری چۆنییەتییەکەی بێت بۆیە سۆفییەکان بە ناچار روویان کردۆتە ئەو زمانە بەربلاوەی کە خەلك بەکاری دەهێنن و بۆ قەرەبۆکردنی ئەو کەموکوڕییە هەندێ واتای تازە کە لە دەرەوەی سنووری زمانی ئاسایین پێ دەبەخشن،هەر لەم رووەوە هەندێ لە شێخەکانی رێبازی سۆفیگەری کاتێك کە گەیشتوونەتە هەندێ حالەتی تایبەتیەوە بێ دەنگی و قسەنەکردنیان هەڵبژاردووە بە بیانوی ئەوەی کە ئەو شتەی کە دۆزیویانەتەوە بەرزترە لە هەر دەربڕین و وێنەیەك".[2]

ئەمانە لەم بڕوایە دان کە"سۆفی کە تووشی نیستی(فناو) دەبێت دەگاتە حالەتێك کە ناتوانێت تەعبیر لەوەی کە دۆزیویەتییەوە بکات ، هەر وەها ناتوانێت بیگوێزێتەوە یا

---

(١) امين يوسف عودة.، نفس المصدر السابق، ص١٣٢
(٢) حنا فاخوری و خليل جر. همان مأخذ سابق،ص٢٩٠

وەسفی بکات،زمانی دەگرێت و لە قسەکرن دەکەوێت،هەر ئەمەیە کە لە لای (ئیبن عەرەبی) بە دووەم نیشانەی پێگەیشتنی ئەزموونی سۆفییەکان لە قەلەم دەدرێت".[١]

سۆفییەکان لە روانگەیەکی تریش تەماشای مەسەلەکە دەکەن،"ئەگەر عیرفان کۆششێك بێت لە پێناو بەدەستهێنانی مەعریفەیەکی دەروونی لە رێگەی پاککردنەوەی دەروونەوە، ئەوا ئەم مەعریفەیە دەکەوێتە نێوان لایەنێك کە لە دەروون و ناوەوەمان دایە و لایەنێکی تر کە خوا و ئەدگارەکانی خوان، بە هۆی ئەوەی کە خوا وەسف ناکرێت لە ئەنجامدا ئەم تایبەتمەندییە بۆ لایەنەکەی تر کە ئەزموونە دەروونییەکەی عاریفە دەگوێزرێتەوە بۆیە داهاتە دەروونییەکانیش وەسف ناکرێن،ئەگەر خوا لە وەسفەوە بەدەر بێت، ئەزموونە دەروونییەکەش لە ئاستی وەسفکردنەوە تێپەر دەبێت".[٢]

ئەم دیاردەیە تەنیا تایبەت نییە بە سۆفیگەری ئیسلامییەوە بەڵکو ئەدگارێکی گشتی سۆفیگەرییە لە سەر ئاستی جیهانی،(ولیەم جیمس) و هەندێ نووسەری تر توانیویانە هەندێ لیستە بە ناوی (لە توانا دا نییە وەسف بکرێت) ئامادە بکەن،ئەمەش وەکو یەکێك لە تایبەتمەندییە گشتییەکانی سۆفیگەری لە هەموو شوێن و کولتوورێك دا،بەم شێوەیە دەربڕینی (لە توانا دا نییە وەسف بکرێت) تەنیا ناونیشانی گرفتێکە کە بە کتوپڕی لەواتاکەی ناگەین.[٣] تەنانەت سۆفییێکی هاوچەرخی وەکو (پێرگسۆن)یش وەکو لەمپەرێك تەماشای زمان دەکات، بە بۆچوونی ناوبراو"ئەو کۆسپانەی کە مرۆڤ لە ئاگایی و بەردەوامی پێدانەوە دووردەخەنەوە سێ شتن: کار،کۆمەڵگا،زمان".[٤]

بە پێی ئەم بۆچوونەی سۆفییەکان ئەو واتا و مەدلوولانەی کە لە ئەزموونەکەیانەوە هەڵدەقووڵێن ئەوەندە گەورە و ئاوێتەن کە داللەکانی زمان ناتوانن وەسفیان بکەن،واتە هاوسەنگی لە نێوان دال و مەدلوولەکان دا نییە یاخود بە دەربڕینێکی تر ئەم چەمکانە ئەوەندە تایبەت بە خۆیانن کە هەر ناتوانین بە مەدلوولیش لە قەلەمیان بدەین،بەڵام پەسندکردنی ئەم بیرۆکەیە ئەوەندە ئاسانیش نییە،زۆربەی سەرچاوە عــەرەبی و

---

(١) د.عبداقادر موسى المحمدي. نفس المصدر السابق، ص٧٢.
(٢) د.محمد ضرابيها. همان مأخذ سابق، ص١٢.
(٣) ولتر ستيس. التصوف و الفلسفه، الترجمه و التقديم: د. امام عبدالفتاح. من منشورات مكتبه المدبولي، بلا، ١٩٩٩، ص ٣٣٥.
(٤) سعيد الغانمي. اقنعة النص، دار الشؤون الثقافية العامة، بلا، ١٩٩١، ص٨٩.

فـارسييەكان زۆر بە سادەييەوە لە سەر ئەم خـالە تێپەڕيون و ئەم هەلوێستەيان پەسند كردووە،بەلاَم ( ولتر ستيس) لە كتێبی خۆی واتە ( سۆفيگەری و فەلسەفە) زۆر بە ووردی لەم خالەی كۆليوەتەوە و چەندين بۆچوونی جياجيای خستووتە روو كە جێگەی بايەخ پێدانن.

سەيرە كە سۆفييەكان سەرەرای ئەم راگەياندنەيان كە"زمان ناتەواوە و پڕبە پێستی ئەزموونەكەيان نييە دێن زمان وەكو ئامرازێك بۆ گواستنەوەی ئەزموونەكانيان بەكاری دەهێنن، لە لايێكەوە دەڵێن وەسف ناكرێت و لە لايێكی ترەوە وەسفی دەكەن،زمان بەكاردەهێنن و دوواتر دەڵێن ئەوەی كە ويستوويانە دەرنەبڕاوە، تەواوی ووشەكان ناتوانن دەربڕين لە ئەزموونەكەيان بكەن"،[1] سەيرە كە ئەوەی دەڵێن ناكرێت دوواتر هەر خۆيان دەيكەن و زۆربەی جارانيش ئەنجامەكە بە شێوەيەكی سەركەوتووانە پێشكەش دەكرێت،"لێرە دا ئەگەر ئەم هەلوێستە پەسند بكەين پێويستە بە ناچارييەوە بڵێين كە دەربڕينەكانی سۆفی يان درۆن و واتايان نييە يان ووشەكان دەربڕی شتێك نين جگە لە حالەتێكی عاتيفی،ئەگەريش وەكو پاژەيەك لە ئەزموونەكەی دابنرێن كە بە جوانی وەسفكراوە،پێويستە دان بەوە بنێين كە تووشی هەلە بووە كاتێك كە وتوويەتی زمان ناتوانێت دەربڕين لە ئەزموونەكەی بكات".[2]

لە سەر بناغەی ئەم هەلوێستە دوو گرفتی تريش سەرهەڵدەدەن،يەكەميان ئەوەيە كە ئايا دەكرێت ووشەكان لە كاتی ئەزموونی سۆفی دا دەرببڕێن و دووەميشيان ئەمەيە كە ئايا دەكرێت ووشەكان دوای ئەزموونەكە كە سۆفی هەوڵی بەبيرهێنانەوەی دەدات بەكاربهێنرێن،ئەستەمە كە بتوانرێت لە كاتی ئەزموونەكە وەسفی حالەتەكان بكرێت بۆيە ئەم ئيشە دوواتر ئەنجام دەدرێت[3] لە ئەنجام دا ماوە دەكەوێتە نێوان ئەزموونێكی ئالۆز و وەسفكردنێكی تەماوی، هەر ئەم گرفتە بۆتە هۆی هاتنە كايەوەی هەندێ بيردۆزی تازە لەم بارەيەوە.

---

(١) ولتر ستيس. نفس المصدر السابق، ص٣٣٧

(٢) نفس المصدر السابق، ص ٣٦١.

(٣) نفس المصدر السابق، ص٣٦٠.

هەندێ وا بۆی دەچن کە سۆفی تووشی وەسفکردنێکی هەلە بووە واتە ئەوەی دەبینێت ئەوەندە ئالۆزە کە بە شێوەیەکی تر دەری دەبڕێت[1] هەندێکی تریش لەم بڕوایە دان کە سۆفی تەنیا تووشی کۆمەڵە وەهمێك بووە کە بە راستی پێویستیان بە شیکردنەوەیەکی سایکۆلۆژی هەیە[2] یاخود لە ئـەنجامی ورووژانەوە سۆفی تووشی ئەم حالەتە دەبێت هەر وەکو گەنجێك کە لە یەکەمین چاوپێکەوتن و هەست بە خۆشەویستی کردن دا زمانی دەگیرێت[3] بەڵام رایێکی تر هەیە کە لەمانە لۆژیکی ترە ئەویش ئەوەیە کە ئەو رێگایەی کە سۆفی بۆ تێگەیشتنی خۆی بەکاری هێناوە ئالۆزە بۆیە ئەم ئالۆزییە لە زمانەکەشی دا سەر هەڵدەدات.[4]

بۆچوونی (والتر ستیس) دەربارەی ئەم دیاردەیە ئەمەیە کە ئەو زمانەی کە سۆفی بە ناچاری بەکاری دەهێنێت بە راستی دەربڕین لە ئەزموونەکەی دەکات.ئەمەش بۆ رەگ و ریشەکانی هەست بە رارایی کردنی لەگەڵ زمان دا دەگەرێتەوە،سۆفی  هەست بە رارایی دەکات چونکە هەموو کاتێك لە جیهانێکی تایبەتی دا ناژیت و زۆربەی ساتەکانی خۆی وەکو خەلکانێکی ئاسایی بە سەر دەبات، بۆیە کاتێك کە لە جیهانی ئاسایی دادەبڕێت و دووبارە بۆی دەگەرێتەوە حەز دەکات ئەزموونی خۆی بۆ خەلکانی تر بگوێزێتەوە بۆیە ووشەکان بە رارایی و سەرسوڕمانەوە لە دەمی دەردەکەون و زۆر جاریش شتی دژیەك و نەگونجاویش دەگوترێت،بەم هۆیەیە  کە زمان ناتوانێت ئەزموونەکەی بگوێزێتەوە.[5]

هەر چۆنێك بێت ناتوانین بە تەواوەتی نکۆلی لە ئەزموونی سۆفییەکان بکەین، هەر چەندە لەوانەیە ئەم ئەزموونە بەو شێوەیە نەبێت کە خەلکانێك بۆی دەچن،لەوانەیە بە ورووژان یاخود هەڵچوون یاخود جۆرە نەگونجانێکەوە بەستراو بێت بەڵام ئەم ئەزموونەی کە سۆفی تێدا تێپەڕیوە خاوەنی هەندێ چەمك و حالەتی تایبەتە کە لە ژیاتی رۆژانەمان دا دالێکی تایبەت بۆی دانەنراوە،تەنانەت لەوانەیە وەکو مەدلوولیش باس نەکرا بێت واتە

---

(١) نفس المصدر السابق، ص ٣١٦.
(٢) نفس المصدر السابق، ص٣٤٠.
(٣) ولتر ستيس. نفس المصدر السابق، ص ٣٥١.
(٤) نفس المصدر السابق، ص ٣٥٩.
(٥) نفس المصدر السابق، ص ٣٦٦ – ٣٦٧.

له ئەنجام دا دەتوانین بڵێین کە وەکو نیشانە لە ئارا دا نین،سۆفیش وەکو مرۆڤێکی هەستیار دەیەوێ دەربڕین لەم حالەتە بکات،بۆیە پەنا دەباتە بەر ئەو ووشانەی کە لە زمانی خەلك دا هەن بەم جیاوازییە کە واتای تازەیان پێ دەبەخشێت،لە پاڵ ئەمەش دا کۆمەڵێك ووشەی تازەش دەخولقێنێت،لێرە دا گرنگیی شیعر بۆ سۆفی بەدەردەکەوێت چونکە زمانی شیعر زۆر گونجاوە بۆ ئەم جۆرە دەربڕینانە، زۆربەی سۆفییە گەورەکان پەنایان بردۆتە بەر شیعر،سۆفی لە شیعر دا گیانێکی تازە بە نیشانەکان دەبەخشێت و بە ناچاری پەنا دەباتە بەر هونەرە رەوانبێژییەکان،بەم رێگایەوە زمانێك دەخوڵقێنرێت کە زمانێکی نەئاسایی و سەیرە،ئەمەش لە چوارچێوەی هونەرێك کە خۆی پاڵپشتی شتی نەئاسایی دەکات،واتە شیعر بۆ وەسفکردنی حالەتێکی ئالۆز و ئاوێتە کە ئەزموونی سۆفییە بەکار دەهێنرێت،ئەمانە هەموو پێکەوە هاندەرن بۆ سەرهەڵدانی لێلی و ناروونی لە شیعری سۆفیگەری دا،ئەمەش دەبێتە هۆی لێکترازانی دال و مەدلوولەکان ،نە تەنیا ئەو دال و مەدلوولانەی کە لە ئاخاوتنی رۆژانە دا لە تەك یەکتر دانراون بەڵکو ئەو دال و مەدلوولانەی کە لە سیمبۆلە شیعرییەکان دا بەرەو سووان و دووبارە بوون رۆیشتوون و پێویستیان بە گیانێکی تازە هەیە.

ناکرێت ئەوەش فەرامۆش بکەین کە مەرج نییە تەواوی شاعیرە سۆفییەکان بەم جۆرە ئەزموونانە دا تێپەڕی بن،ئەگەر چەمکی شیعر بخەینە پێش چەمکی سۆفیگەرییەوە دەتوانین بڵێین لە توانای شاعیر دا هەیە بە هۆی ئەو زەمینە مێژووییەی کە لە مەیدانی سۆفیگەری دا سازکراوە وەسفی ئەزموونێکی وا بکات یاخود مەرج نییە هەموو ئەو شیعرانەی کە خراونەتە قالبی سۆفیگەرییەوە بە ئەزموونەوە بەستراو بن.

مەسەلەی پەیوەندی نیشانەکان بە ئەزموونی سۆفییەوە ئەوەندە ئالۆزە کە تەنیا دەکرێت بە شێوەیەکی تیۆری باسی لێوە بکرێت و لە پراکتیك دا ئەستەمە بوونی بسەلمێنرێت چونکە پەیوەندی بە هەندێ رەگەزی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و میتافیزیکی هەیە کە سەلماندنیان کارێکی ئاسان نییە.

## ج- جیاوازی مەبەست و واتا:

ئەگەر تەماشای ئەو بەرهەمانە بکەین کە سۆفییەکان پێشکەشیان کردووە دەبینین زۆربەی جاران دوو مەسەلە بە زەقی بەدیاردەکەون یاخود جەختیان لە سەر دەکرێت یەکەمیان تەم و مژی لە زمان و نووسین دا و ئەوی تر کە لە شیعر دا زەقترە ئەو بۆچوونەیە کە زمانەکەیان روالەت و ناوەوەی هەیە، روالەتەکە بۆ مرۆڤە ئاساییەکانە و ناوەوەش بۆ ئەوانەی کە خاوەن دڵن و ئاشنای نهێنییەکانی سۆفیگەرین.

ئەم دوو دیاردەیە کە لە یەکتر جیاناکرێنەوە،لە ژێر چەتری  مەسەلەی ئیلهام و بڕوا هەبوون بە بەرتەسکیی  مەودای زمان تارادەیەکی زۆر پێگەیشتوونەتەوە، بەڵام کۆمەڵە هۆکار و فاکتەری تریش هەن کە رۆڵی کاریگەرییان لەم بوارە دا هەبووە.

بە گشتی سۆفییەکان حەزیان لە شاردنەوە و پۆشین بووە و نەیان ویستووە بیرەکانیان بە شێوەیەکی راستەوخۆ و ئاشکرا دەربڕن،زۆرجاریش ویستوویانە رەنگ و بۆیێکی شەرعی بەم شێوازە ببەخشن، بۆ نموونە (ئەبو عەلی فارمەدی) وتوویەتی کە"شەوێك خەریکی بیرکردنەوە دەربارەی ئەوەی کە سۆفیگەری چییە بووە کە لە خەون دا پێغەمبەری بینیوە،پرسیارەکەی ئاراستەی جەنابیانی کردووە و حەزرەتیان لە وەڵام دا فەرموویەتی کە سۆفیگەری بریتیە لە بە جێهێشتنی داوا و شاردنەوەی واتا". (١)

سەرهەڵدانی ئەم بیرۆکەیە لەوانەیە بۆ جەوهەری خودی سۆفیگەری بگەڕێتەوە"سۆفیگەری بەرەو ئەوە دەرۆیشت کە تێگەیشتنێکی ناوەکی و دەروونی بۆ عیبادات و حوکمە ئایینییەکان  پێشکەش بکات و لەسنووری فقهی ووشکەوە بیانباتە دەرەوە،ئەمانەش وەکو هەر کۆمەڵەیەکی ئیسلامی ویستیان بۆچوونەکانی خۆیان لەسەر بناغەی قورئان و سوننەتەوە دابمەزرێنن بەڵام سروشتی سۆفیگەری وای لێکردن کە بەرەو واتای ناوەوە و راڤەکردنەوە بچن. (٢)

---

(١) مجید یکتائی. شناسائی راه و روش علم و فلسفه، انتشارات نقش جهان، چاپ سوم، ١٣٥٤، تهران، چاپخانه مسعود سعد، ص ٢٣.

(٢) د. محمد جلال شرف. دراسات فی التصوف الاسلامی شخصیات و مذاهب، دار النهضة العربیه، بیروت، ١٩٨٠، ص٢١.

سۆفییەکان بەم دیدە تەماشای قورئانیان دەکرد و لەم بڕوایە دا بوون کە قورئانیش دوو ئاستی واتایی هەیە،واتای ئاشکرا و واتای شاراوە، واتای ئاشکرا بۆ خەلکی ئاسایی و واتای ناوەوە بۆ زانایان و عاریفانی ڕێگای ڕاستییە.

هەر لەم پێناوە دا جیاوازیان خستە نێوان زاراوەکانی (ئیشارەت) و (عیبارەت)،" ئیشارەت تەنیا ئاماژەدانە بە واتایەك بێ ئەوەی کە دەستنیشان بکرێت، ئەم جۆرە ئاماژەدانە وا لە واتا دەکات کە ئاسۆی واتا هەمیشە کراوە بێت، بەلاّم (عیبارەت) بریتیە لە دەستنیشانکردنی واتایەك کە وا لە ئاسۆی واتا دەکات کە داخراو بێت و کۆتایی پێ بێت کە ئەمەش لەگەڵ سروشتی ووتەکانی خوا ناگونجێت،ئەم جیاکردنەوەیەی نێوان زاراوەکانی (ئیشارەت) و عیبارەت) لە سەر بناغەی ئەو جیاوازییە دامەزراوە کە سۆفییەکان لە نێوان واتای ڕوالەتی ووتەکانی خوا و دەلالەتە ناوەکییەکانی بەدیاردەخەن،ڕوالەت ئەوەیە کە ووتەکانی خوا ڕاستەوخۆ دەلالەت دەکەنە سەری واتە زمانی مرۆڤەکان،ئەمە لە کاتێك دا کە واتای ناوەوە بریتیە لە ئاستی زمانی خوایی، ئەگەر تێگەیشتنی فەقیهەکان لە ئاستی واتای ڕوالەتی تێ ناپەڕێت،ئەوا ئیشی عاریفەکانە کە واتای ناوەوە بەدیاربخەنەوە". (١)

(ئیبن عەرەبی) هاتووە و ئەم دوو چەمکەی لە یەکتر جیاکردووە،"لێکدانەوەی کۆدەکانی ووتاری خودایی بە کردارێك زانیوە و زاراوەی (علم)ی بۆ بەکارهێناوە ئەمە لە کاتێك دا کە لێکدانەوەی کۆدەکانی ئەو ئاخاوتنەی کە خودایی نییە بە (تێگەیشتن) ناوزەدکردووە". (٢)

ئەم بڕوایە کە لێکدانەوەیەکی دووانەیی لە ووتەکانی خوا دا هەیە،وای لە سۆفییەکان کرد کە نووسراوەکانیانیش بەو شێوەیە بن واتە واتایەکی سادە و ئاشکرا کە هەموو کەسێك تێی دەگات و واتایەکی شاراوە کە تەنیا خودی سۆفییەکان تێی دەگەن.

ئەم جۆرە بیرکردنەوانە بوونەتە هۆی ئەوەی کە نەگونجان لە نێوان فەقیهەکان کە بە تۆندی بە ڕوالەتەوە بەستراو بوون و سۆفییەکان کە بەرەو واتای ناوەوە و ڕاڤەکردنەوە دەچوون سەرهەلّبدات،ئەو ناکۆکییانەی کە لە نێوان ئەزموونی سۆفییەکان و ئەزموونی

---

(١) د.نصر حامد ابو زيد. نفس المصدر السابق، ص١٤٠.

(٢) سعيد الغانمي، نفس المصدر السابق، ص٩٠.

ئایینی ئاساییەوە رووی دا بوو بە هۆی رووداني كۆمەلێك رووداوی خوێناوی وەكو كوشتنی (مەنصوری حەلاج) و رشتنی خوێنی (سوهرەوەردی)، بەم شێوەیە هێرشی فەقیهەكان بەردەوام بووە و هەوڵی ئەوەیان داوە كە تۆمەتی كۆفر و هەلگەڕانەوە لە سۆفییەكان بدەن.[1]

ئەمە خۆی هاندەرێكی تازە بوو بۆ ئەوەی كە ووتاری سۆفییەكان زیاتر بەرەو شاردنەوە و ئاوێتە بوون بڕوات،لێرەدا هەستی ترس هاتە مەیدانەوە، ئەم بیرۆكەیە هاتە ئاراوە كە لەوانەیە سۆفییەكان بـە هـۆی بیرە تایبەتییەكانیانەوە تووشی ئەشكەنجە و كوشتن ببن،هەر بۆیە سۆفییەكان زیاتر گرنگیان بە زمان دا،هەوڵیان دا لە جیاتی زمانی ئاسایی زمانێكی پڕ لە هێما و سیمبۆل بەكاربهێنن، ئینجا بۆ شیكردنەوەی قورئان یان لە پێناو دەربڕینی ئەزموونە تایبەتییەكانی خودی خۆیان بێت.[2]

(جونەیدی بەغدادی) لە یەكێك لە نامەكانی خۆی دا زۆر بە ئاشكرا داوای لە قوتابیانی كردووە كە ئامۆژگارییەكانی خۆیان زۆر بە نهێنی بلاّو بكەنەوە،هەول بدەن لە چوارچێوەی هەندێ دەربڕینی شاراوە و تایبەت دا دایانبڕێژن بۆ ئەوەی هەموو كەسێك ئاگاداری واتایان نەبێت،[3](ئیبن عەرەبی)یش وا دەروانێتە بابەتەكە" كە هـێما و مەتەل ئامرازەكانی سـۆفیگەریین كـە بـۆ دەربڕینی مەبەستەكان بەكار دەهێنرێن، گەورە شێخەكانی رێبازی سۆفیگەری زمانێكی وایان هەیە كە پڕیەتی لە هێما و مەتەل، هۆی بەكارهێنانی ئەم زمانە ئەوەیە كە سۆفییەكان بەم شێوەیە دەتوانن لە لاییێكەوە ئەو واتایانە دەربڕن كە لە نێوانیان دا باوە و لە لاییێكی ترەوە بەرچاوی ئەوانەی كە دوژمنی سۆفیگەرین پەردەپۆشیان بكەن، واتای ئەم زمانە بۆ ئەوانەی ئاشنای سۆفیگەری نەبن زۆر ئالۆز و لێلە".[4]

لە ئەنجامی ئەمە بەرتەسكی و ناروونی بوون بە ئەدگارەكانی شیعری سۆفیگەری و"شیعری سۆفیگەری وەكو مەتەلێك خۆی نوواند،تەنانەت خودی سۆفییەكانیش رای

---

(١) د. نصر حامد ابو زيد. نفس المصدر السابق، ص ١٢٨– ١٢٩.

(٢) د. نصر حامد ابو زيد. نفس المصدر السابق، ص ١٥٨.

(٣) عدنان حسين العوادي، نفس المصدر السابق، ص٧٤–٧٥.

(٤) د. عبداقادر موسى المحمدي، نفس المصدر السابق، ص ٧٣.

جیاوازیان دەربارەی لێکدانەوەی هێماکانیان پێشکەش کرد،تا وای لێ هات کە سۆفی لە سۆفی تێ نەدەگەیشت،بە تایبەت ئەگەر هەر یەکێکیان ڕێبازێکی جیاوازی هەلبژاردبێت،ئەم ئالۆزییە تا ئەو رادەیە رۆیشت کە گەلێك جار شیکردنەوەی شیعرەکانی سۆفی وەکو خودی شیعرەکانی ئالۆزیان تێدا بەدی دەکرا".[1]

سەیرە کە ئەم دەربڕینە ئالۆز و ئاماژە شاراوانە کە گوایە زۆر سەختە تێیان بگەین و مەبەستیان دەستنیشان بکەین و تەنیا تایبەتن بە سۆفییەکانەوە دوو روویان هەیە، روویەك کە سۆفی دەی شارێتەوە و روویەکی تر کە بەهۆیەوە هەول دەدات ئاخاوتنی خۆی راڤە بکات بە شێوەیەك کە لەگەڵ ئایین دا بگونجێت"،[2] بۆ نموونە(ئیبن عەرەبی) سەرەتا شیعرەکانی دیوانی (ترجمان الاشواق)ی بۆ وەسفکردنی جوانی و خەسلەتەکانی کچێك نووسیوە بەلاّم دوواتر کە بیستوویەتی هەندێ لە فەقیهەکانی شاری حەلەب ئەویان بە کوفر تۆمەتبار کردووە،هاتووە و شیکردنەوەیەکی عیرفانی بۆ شیعرەکانی خۆی داناوە، بە شێوەیەك کە گوایە تەواوی شیعرەکان دەربڕین لە حەقیقەتەکانی سۆفیگەری دەکەن.[3]

لە شیکردنەوەی ئەم شیعرانە دا (ئیبن عەرەبی) ئاماژەی بەوە داوە کە" شیعرەکانی خۆی لە دوو ئاست دا بەگەڕخستووە،ئاستی روالەتیی دەق کە بریتیە لە دەربڕینە غەزەلییەکان کە ئاراستەی کچەکە کراون و ئاستێکی قووڵ و ناوەکی کە بریتیە لەو دەربڕینانە کە ئاماژە خوداییەکان بەدەردەخەن و هەلگری رۆشنایی خوایی و نهێنییە رووحانی و زانستە ژیریی و ئاماژە شەرعییەکانن"،[4] ئەمە خۆی نەگونجانێکە، لە لاییێکــەوە دەلێت کە زمــانەکەی دوو ئــاستی هەیە واتە ئاشکرا و شاراوە ، لە لاییێکی ترەوە رادەگەیێنێت کە ئەوەی شاراوەیە تەنیا بۆ زانایان و عاریفانە و ناکرێت بۆ هەموو کەسێك بەدیاربخرێتەوە،لە دواییش دا خودی خۆی هاتووە و شیعرەکانی خۆی شیکردۆتەوە، بەم شێوەیە ئەوەی کە لەم شیکردنەوانە دا ووتراوە نابێت بە پێوەر چونکە لەوانەیە لە ئەنجامی ترس و وەکو بەرگری کردنەوەیەك نووسرا بێت بەلاّم تا وەکو ئێستا ئەم

---

(١) عدنان حسين العوادي، نفس المصدر السابق، ص٧٣.

(٢) د. محمد جلال شرف. نفس المصدر السابق، ص٢٥٦.

(٣) سعيد الغانمي، نفس المصدر السابق، ص٨٧.

(٤) سعيد الغانمي، نفس المصدر السابق، ص ٨٧.

شیکردنەوەیەی (ئیبن عەرەبی) بۆتە بناغەی زۆربەی ئەو فەرهەنگانەی کە بۆ زاراوە عیرفانییەکان دانراون.

سۆفییەکان دەڵێن"مەجاز دەروازەی راستییە،خۆشەویستی سکسی وا لە سالك دەکات کە ئاگای لە خۆ نەمێنێت و چاو لە خۆشەویستی خۆی هەڵنەگرێت، دوواتر کاتێك کە سۆفی دێتە سەرخۆ دەبینێت خۆشەویستەکەی تەنیا تیشکێکی لاواز بووە کە لە خۆشەویستی ئەزەلییەوە هاتووە، لەم کاتە دا روودەکاتە خۆشەویستی راستەقینە و پەرۆشی دەبێت"،[1] بەم شێوەیە سۆفی لە شیعرەکانی دا زۆر باسی (خۆشەویستی) و (مەی)ی کردووە،تا ئەو رادەیە کە مرۆڤ دەکەوێتە گۆمانەوە کە ئایا تەواوی ئەم شیعرانە لە پێناو خۆشەویستیی خوایی هۆنراونەتەوە، مەرج نییە هەمیشە وا بێت،تەنانەت"لەوانەیە لە نێو سۆفییەکان دا هەندێ رێچکە و رێبازی تر کە دژ بە ئیسلام بووینە خۆیان حەشاردابێتەوە و لە ژێر پەردەی سۆفیگەرییەوە کاری خۆیان راپەڕاندبێت"[2]

ئەم بڕوایە وەها رەگی داکوتاوە کە سۆفی باسی هەر شتێکی کردبێت، خەلکانێك هاتوونە و بە خۆشەویستیی خوایی بەستوویانەتەوە، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە ئیتر جێگیر بۆتەوە و تاوەکو ئێستاش بەردەوامە، سۆفی لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دوورخراوە،هەوڵی ئەوە دراوە کە سیفەتە مرۆڤایەتییەکانی لێ بستێنرێت و وەکو سەرچاوەیەکی پاك و جیاواز لە کۆمەلگاوە پیشان بدرێت،لەوانەیە ئەمەش وای لە سۆفییەکان کردبێت کە ئیتر لە چوارچێوەی شیعر دا بە کەیفی خۆیان بدوێن،باسی هەموو شتێك بکەن تا ئەو رادەیە کە هاتوونە و شیعریان بۆ رەگەزی نێر ووتووە و خۆشەویستیی بەرامبەر بە رەگەزی نێریان هەڵبژاردووە.

هەندێ کەس ئیتر نەیان توانیوە بێ دەنگ بمێنن و ئەم نەریتە کۆنەیان پەسند نەکردووە، بۆ نموونە (د.علی وردی) دەربارەی ئەو شیعرانەی کە بۆ رەگەزی نێر ووتراون دەکەوێتە گۆمانەوە و وا بە دیاردەخات کە سەرهەڵدانی ئەم جۆرە شیعرە تەنیا لە

---

(١) ادوارد براون. تاريخ الادب فى ايران، الجزء الاول بابان الثالث و الرابع، الترجمه: احمد كمال الدين، من منشورات المجلس الاعلى للثقافة، القاهره،٢٠٠٥، ص٣٥٥.
(٢) حنا فاخورى و خليل جر. هەمان مأخذ سابق، ص ٢٦٩.

ئەنجامی بیرێکی عیرفانییەوە نەبووە، بەڵکو لادانی سکسی و ئەم جۆرە حەزانەش رۆڵی خۆیان بینیوە.(١)

دەربارەی دیوانەکەی (حافزی شیرازی)یش کە نزیکەی چوار پێنج هەزار دێڕە شیعری بەخۆیەوە گرتووە و زیاتر لە هەزار جار زاراوەکانی تایبەت بە مەی و بادە و مەستی تێدا بەکارهێنراون،ناکرێت تەواوی ئەمانە بە شێوەیەکی عیرفانی راڤەبکرێن و بەردەوام بووترێت مەبەستی حافیز بادەی مەعریفەیە نەك ئەو بادەیەی کە لە ئاوی ترێ دروست دەکرێت.(٢)

(محمد علی بامدادی) بۆچوونێکی جوانی لەم بارەیەوە هەیە، ناوبراو دەڵێت کە"ئەم گرنگی دانە و بڕوا هەبوون بە مەعنەوییەتی حافیز وامان لێکردووە کە لە کەسایەتی ئەم شاعیرە گیانێکی رووت دروست بکەین و ئامادە نین بە هیچ شێوەیەك واتایەکی ئاسایی و سادە بدەینە پاڵ شیعرەکانی،پێویستە بێین و لە ووشەکانی مەی و بادە،خۆشەویستی و یار و چەنگ و نەی واتای خوایی بخوڵقێنین."(٣)

ئەمانەمان بەدیارخست بۆ ئەوەی بسەلمێنین کە مەرج نییە شیعری سۆفیگەری هەمیشە ئامرازێك بووبێت بۆ دەربڕینی خۆشەویستی خودایی،هەر چەندە زۆربەی جاران ئەم رێرەوەی گرتۆتە بەر بەلاّم سەپاندنی بە سەر دەقەوە بە بێ ئەوەی کە سیاق دەرفەتی ئەوەمان بداتێ کارێکی رەوا نییە.

لە لێکدانەوەیەکی سیمیۆلۆژیی دا هەر دوو هەلوێست شیاوی گرنگی پێدانن،یەکەمیان ئەوەی کە هەمیشە واتاکان بەرەو رێبازێکی خوایی دەبات و دووەمیان کە تەماشای دەق و هەندێ فاکتەری تر دەکات و زۆر لەو واتا خواییانە دەخاتە ژێر تیشکی گۆمانەوە چونکە هی یەکەمیان سەرەرای ئەوەی کە هەندێ جار جێگەی گۆمان لێکردنە بەلاّم کارێکی زۆری کردۆتە سەر پرۆسەی خوێندنەوە و لێکدانەوەی شیعری سۆفیگەری جگە لەمە کۆمەڵێك کاریگەریی تریشی لە سەر ئەم جۆرە شیعرە هەبووە و ناکرێت بە ئاسانی پشت گوێ بخرێن،دووەمیشیان رێگا خۆشکەرێکە بۆ لێکدانەوەیەکی تازە و سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی پرۆسەی خوێندنەوەیەکی کراوە بۆ نیشانەکان لە شیعری سۆفیگەری دا.

---

(١) د.علي وردی. نفس المصدر السابق، ص ٧٨.

(٢) سعید کرمانی. حافظ شناسی، بخش اول،چاپ سوم، انتشارات پاژنگ، تهران، ١٣٦٧، ص٧.

(٣) همان مأخذ سابق، ص١٠.

# باسی دووەم :هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی نیشانە لە شیعری سۆفیگەری دا :

## أ- بە نیشانە کردنی نانیشانەکان و کاریگەرییەکانی:

ئەوەمان بەدیارخست کە نیشانە خۆی لە هەندێ بەش پێکهاتووە کە نیشانە نین،ئەمانەش بە بەشەکانی نیشانە یان نانیشانەکان ناوزەدکراون، نانیشانە لە نیشانەی زمانی دا تەواوی فۆنیمەکان و زۆربەی مۆرفیمە ڕێزمانییەکان بە خۆیەوە دەگرێت.

لە ئەدەبیاتی سۆفیگەری دا گۆڕانێکی بنەڕەتی لە هەلسوکەوت کردنی شاعیران بەرامبەر بە نانیشانەکان دەبینرێت،سۆفی هەوڵی ئەوە دەدات کە بزاڤێکی نوێ بخاتە نێو ئەم دەنگانە و وایان لێ بکات کە لە قالبی ووشکی خۆیان دەرکەون و وەکو نیشانە خۆیان بنوێنن.

هەر چەندە رەگ و ریشەی ئەم دیاردەیە لە کولتوورە کۆنەکانەوە دێت،بەلاّم سۆفییەکان توانیویانە ئەم ئەدگارە لە نێو بەرهەمەکانیان دا بەهێز بخەنەوە و دوواتر وەکو نیشانەیەکی هونەری لە نێو شیعرەکانیان دا بە کاری بهێنن.

(ئیبن عەرەبی) تا ئەو رادەیە رۆیشتووە کە لە کتێبی (فتوحات المکیە) دا،جگە لە واتای تایبەتی بۆ هەر دەنگێك هاتووە و سروشتی تایبەتیان بۆ داناوە،بۆ نموونە هەندێ دەنگی وەکو (ا، ه، ز، ... تاد) بە گەرم و هەندێ دەنگی وەکو(ب،و،ی،...تاد) بە سارد و هەندێکی تری وەکو (ج، ز، ك) بە ووشك و(د، ح، ل...تاد) بە شێدار لە قەلەمداوە،[1] لەوانەیە ئەم جۆرە لێکدانەوەیە لە روانگەی زمانەوانی نوێ دا بێ بناغە بێت،بەلاّم لە رووی ئەدەبییەوە گرنگی خۆی هەیە،شێوازی بیرکردنەوەی سۆفیمان دەربارەی دەنگەکان

---

(١) عاطف جوده نصر. الرمز الشعری عند الصوفیه، دارالاندلس للطباعة و نشر و التوزیع، بیروت، ١٩٧٨، ص٤١١.

پیشان دەدات، هەر چەندە ناتوانین بڵێین کە ئەم جۆرە روانینە لای هەموو سۆفییەکان بوونی هەبووە،یاخود لای هەموویان بەم شێوەیە بووە بەلاّم دەتوانین بڵێین کە بە گشتی سۆفییەکان بڕوایان بە واتادار بوونی دەنگەکان هەبووە.

(شەمسەدین موحمدی ئامولی) لە روانگەی واتادار بوونی دەنگەکانەوە دەربارەی دەنگی (س) وتوویەتی کە "سێسەد و حەفتا فریشتە ئەم دەنگەیان هێناوەتە خوارەوە، ددانی یەکەمی(س) ئاماژەیە بۆ راستیی ناوەوەی قەلەم، هی دووەم ئاماژەیە بە راستیی زانست و هی سێیەم ئاماژەیە بە راستیی ئەمر، ئەم دەنگە یەکێکە لەو دەنگانەی کە لە پێکهێنانی (ئیسمی ئەعزەم) دا بەشداریان کردووە، روالەتی دەنگەکە لە عەرش و کورسییەوە دەچێت، هەر بۆیە لە(بسم الله) دا کەوتووتە دوای (ب)."[1] دەربارەی دەنگی (ح)ش وای بەدیارخستووە کە "دەنگێکە کە لە نهێنییەکانی ژیانەوە هەڵقوولاوە، لە گیانەکەی دا شێوەیەك هەیە کە خوا لە عالەمی کورسی دا خۆلقاندوویەتی، هەرکەسێك لە کاتی هەڵهاتنی خۆر و لە کاتی گەرما دا ناوێك لەو ناوانەی خوا کە دەنگی (ح) ی تێدایە زاربکاتەوە گەرما کاری تێ ناکات"[2] لێرەدا تەنیا فۆنیمەکان نابن بە نیشانە بەڵکو هێزێکی جادووییشیان پێ دەبەخشرێت، جگە لەمە بە خوا و قورئان و فریشتەکانیشەوە دەبەسترێن و لە ئەنجام دا بە پیرۆز دەزانرێن، ئەوەی کە مرۆڤ لە گەرما و تیشکی خۆر دەپارێزێت ناوی خوا نییە بەڵکو دەنگی (ح)ە کە لە پێکهێنانی ناوەکە دا بەکارهێنراوە.

(ئیبن عەرەبی) داکۆکییێکی یەکجار زۆری لە سەر دەنگی (الف) کردووە ئەمەی بە دیارخستووە کە (الف) لە رووی ئەدگارە دەنگییەکان و لە رووی نووسین و رێکخستنەوە لە دەنگەکانی تر جیاوازە،بە یەکەم دەنگ دادەنرێت لە نێو دەنگەکان دا واتە پێشەنگە، بە ئازادی و بەبێ ئەوەی شتێك ببێت بە بەربەستی زار دەکرێت، واتە بەبێ ئەوەی تووشی پچڕان ببێت لە دەمەوە دەردەکەوێت،هەر وەها تەنیا دەنگە کە لە رووی فۆڕمەوە وەستاوە و بە شێوەیەکی لار نانووسرێت،و لە کۆتایی دا گوایە ئەم دەنگەیە کە دەبێتە هۆی دروستبوونی دەنگەکانی تر.[3]

---

(١) د. ذبيح الله صفا. همان مأخذ سابق، ص١٨٢.
(٢) د.ذبيح الله صفا.نفس المصدر السابق، ص١٨٣.
(٣) امين يوسف عودة.نفس المصدر السابق، ص ٦٢-٦٣.

(ئیبن عەرەبی) تەنیا گرنگی بە واتای دەنگەکان نەداوە بەڵکو هاتووە بیری لە شوێن و شێوەی زارکردن و رۆلیان لە پێکهاتنی دەنگەکانی تر دا کردووە و دوواتر واتایان پێ بەخشیوە.

جاری واش هەیە کە سۆفییەکان بەپێی واتای ووشەکان دەلالەتیان بۆ دەنگە پێکهێەرەکانیان دەستنیشان کردووە،بۆ نموونە (غەزالی) شیکردنەوەیەکی تایبەتی بۆ ووشەی (سماع) پێشکەشکردووە و وای بەدیارخستووە کە گوایە هەر پیتێك لە پیتە پێکهێنەرەکانی ئەم ووشەیە واتای تایبەتیان هەیە[1]

ئەگەر تەماشای ئەم نیشانە تازە خۆلقێنراوانە بکەین،دەبینین کە دال و مەدلوول بە شێوەیەکی تەواو جیاواز لە دال و مەدلوولەکانی تر بە یەکەوە بەستراون، لێرە دا مەدلوولی یەکەم یاخود واتای راستەوخۆ لە ئارا دا نییە و ئەوەی کە پێشکەش دەکرێت تەنیا راڤەیەکە کە دەکرێت بە واتای شاراوە یاخود ناوەوە دای بنێین، ئەگەر لە روانگەی (پیرس)ەوە تەماشای ئەم نیشانانە بکەین دەتوانین بڵێین ئەمانە زۆربەی جاران سیمبۆلن چونکە هیچ پەیوەندییێکی سروشتی یان لۆژیکی لە نێوان دال و مەدلوول دا بەدی ناکرێت، بەم پێیە ئەو سروشتەی کە لە نیشانە زمانییەکان دا بەدی دەکرێت لەم جۆرە نیشانەیەش دا بوونی خۆی دەسەلمێنێت،بەلاّم ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی کە ئەمانە بە نیشانەی زمانی لە قەلەم بدرێن.

لە شیعری سۆفیگەری دا گۆڕانی بنەڕەتی لەم بووارە دا روودەدات، ئەم نیشانە تازە خۆلقێنراوانە ووردە وورده لە نیشانە زمانییەکانی تر دوور دەکەون و ئیتر بە پێی دابەشکردنەکەی(پیرس) ناتوانین بە سیمبۆل لە قەلەمیان بدەین بەڵکو زیاتر وەکو نیشانەیەکی ئایکۆنی جێگیر دەبن،وا دیارە ئەمەش زیاتر لەگەڵ سروشتی شیعر وەکو بەرهەمێکی ئیستاتیکی دەگونجێت چونکە بەمە ئەو رەهەندە فەلسەفی و هزرییە قوولانەی کە لەگەڵ سروشتی شیعر دا گونجاو نەبووینە بەلاوە خراون،بۆ نموونە پیتی ئەلیف بە هۆی راستبوونەوە لە نووسین دا لە بەژن و بالای خۆشەویستەوە دەچێت، پیتی نوون(ں)

---

(١) حسين حيدرخاني. سماع عارفان بخشی کامل و فراگير پيرامون سماع، چاپ دوم، انتـشارات سـنائی، تهران، ١٣٧٦، ص٢٥.

له برۆ و چاوی کچە جوانەکان و میحرابی مزگەوتەکان دەچێت،ئیتر پەیوەندی نێوان دال و مەدلوول لە سەر بناغەی ئەو لێکچوونەیە کە لە نێوان دال و مەدلوول بەدی دەکرێت.

بە کارهێنانی ئەم جۆرە نیشانانە لە شیعری سۆفیگەری دا بۆتە هۆی ئەوە کە رادەی تەم و مژێتی شیعری سۆفیگەری بەرزتر ببێتەوە ،دوواتر شیعرە بەرەو سوود وەرگرتن لە نیشانە ئایکۆنییەکان بڕوات و لە ئەنجام دا خۆی لە زمانی هونەرە وێنەییەکان نزیک بکاتەوە.

**ب - لێکترازانی دال و مەدلوولەکان،بەرفراوان بوونی زنجیرەی مەدلوولەکان:**

شیعری هونەری و راستەقینە ئەو شیعرەیە کە تێدا دال و مەدلوولەکان بەو شێوەیە هەلسوکەوت نەکەن کە لە ئاخاوتنی رۆژانە دا بەکار دەهێنرێن،ئەگەر وا نەبێت مەسەلەی شیعرییەتی دەق دەکەوێتە گۆمانەوە،لەوانەشە بووترێت کە دەقەکە بەرەو شیعری میللی رۆیشتووە.

شیعری سۆفیگەری یەکێکە لەو جۆرە شیعرانەی کە تێدا دال و مەدلوولەکان لە دۆخی مەلەکردن دان و هەر ساتێك لێکترازان و دوورکەوتنەوەی نێوان دال و مەدلوولەکان بەردەوامە،واتاکان بەردەوام لە گۆڕان و جێگۆرکێ دان،واتای جیاواز و دوور لە واتای فەرهەنگی بە ووشەکان دەدرێت،ئەمەش خۆی رێ خۆشکەرێکە بۆ بەرفراوان کردنی پرۆسەی خوێندنەوە واتە خوێنەر چالاکانە بەشدار دەبێت لە دۆزینەوە و خۆلقاندنی واتای تازە(١) بەلاّم ئایا ئەم دۆخە کە دال و مەدلوولەکان تێدا کاردەکەن تەنیا زادەی بیرێکی ئیستاتیکی شاعیرە سۆفیەکانە، بێ گۆمان هەمیشە وا نییە بەلّکو سانسۆر و سەرکوت کردنەوەی ووتاری ئازادیش رۆلی خۆی بینیوە،ئەم دوو فاکتەرە پێکەوە رۆلی کاریگەرییان لەم بوارە دا گێڕاوە.

ئامانجی شاعیری عەرەب"ئەمە نەبووە کە بیرێکی تازە بێنێتە کایەوە ،بەلّکو مەبەستی وەرگرتنی بیرێکی کۆن و دوواتر بۆیاخکردنی بووە،ئەمەش تەنیا لە پێناو ئەوەی کە هێزی خۆی لە دەربڕین دا پیشان بدات"[1] ئەم ئەدگارە لە شیعری عەرەبی دا گوێزراوەتەوە بۆ ئەدەبیاتی میللەتە موسلمانەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست و کاریان تێکردووە،یەکێك لە

---

(١) سعيد الغانمي. اقنعة النص، نفس المصدر السابق، ص ١٠٠.

دیارترینی ئەم ئەدەبانەش ئەدەبی فارسییە،"ئەمانە لە جیاتی ئەوەی هەندێ ڕەگەزی تازە لە سروشت و ژیانەوە بهێننە ناو جەرگی شیعر و هەوڵی بەرفراوان کردنی ڕەگەزەکانی خەیالی خۆیان بدەن، بەردەوام لە چوارچێوەی پەیوەندییە خشتەییەکان خۆیان حەشارداوە، لە نێو ئەو ڕەگەزانەی کە پێشینیان هێناویانە ناو شیعرەوە،بۆیە لە تەواوی شیعرەکانیان دا جۆرە ووردەکارییێك بەدی دەکرێت کە تەنیا بەرهەمی بیرکردنەوەیە و هەست و سۆز ڕۆلێکی وای نییە."[1]

سۆفییەکان بەهێزترین گروپی شیعری بوون کە لە هەولێکی بەهێز دا ئەم قالبەیان شکاند،ئەو ئەقلییەتەی کە لە شیعری کلاسیکی پێش ئەوان دا باو بوو خرایە ژێر زەبری گورزە بەهێزەکانی ئەزموونی دەروونیی سۆفی کە زیاتر لە هەر شتێك پێویستیی بە دەربڕینی هەست و سۆزەوە هەبووە.

"سۆفییەکان لەگەڵ عەقلگەرایی و بەلگەهێنانەوە و فەلسەفە دا یەك نەبوون،بە چاوێکی کەمەوە تەماشای فەیلەسۆفەکانیان دەکرد، ئەمانە دەیان گوت کە بۆ دۆزینەوەی ڕاستی پێویستە گرنگی بە کەشف و شهود و کەرامات و ڕەقس و سەماع و شۆر وحالەوە بدرێت نەك بە بەلگەهێنان و عەقل و بیرکردنەوە"، [2] ئەم ئاراستەیە کە تەواو جیاواز بوو لەگەڵ عەقلییەتی شاعیرانی پێشوو،وای کرد کە زەمینەی شۆرشێکی بنەڕەتی لە بوواری شیعردا ساز بکرێت،گیانێکی تازە لە بەر نیشانەکان بکرێت،ئەو شیعرەی کە بەرەو کۆنی و سووانەوە ڕۆیشتبوو و ئیتر خوێنەران ئاشنای شوێن پێی نیشانەکان لە تانوپۆی ئەم جۆرە شیعرە دا بووبوون، تووشی هەلگەڕانەوە بوو.

سۆفییەکان کۆمەڵە زاراوە و ووشەی تایبەتیان بەکارهێنا بۆ دەربرینی ئەزموونەکەیان وەکو(مەقام و حال و سلوك و تەریقەت و ئیرادە و مۆرید...تاد)، لە لایێکی ترەوە هەوڵی بەهێزخستنی لایەنی ڕاڤەیی شیعریان دا،ئەمەش لە ڕێگەی وەرگرتنی ژمارەیەکی زۆر لەو ووشانەی کە لە شیعری خۆشەویستی و مەیگێڕییەوە بەکاردەهێنران و بەخشینی واتایەکی تازە بەم ووشانە بە شێوەیەك کە لەگەڵ حەزەکانیان دا بگونجێن.

---

(١) د.محمد رضا شفیعی کدکنی.. صور خیال در شعر فارسی تحقیقی انتقادی در تطور ایماژهای شعر پارسی و سیر نظریه بلاغت در اسلام و ایران، چاپ نهم، تهران، ١٣٨٣، ص٢١٦.
(٢) همان مأخذ سابق، ص٤٧.

بەم شێوەیە رەهەندەكانی ئەم شۆڕشە سیمیۆلۆژییە بەدیاردەكەوێت،لە لایێكەوە هەندێ نیشانەی تازە دێنە مەیدانەوە كە خوێنەران ئاشنای رێگە و شوێنی  نێوان دال و مەدلوولەكانیان نین و لە لایەكی ترەوە ئەو نیشانانەی كە خوێنەر ئاشنایانە و لە سەری راهاتووە تووشی گۆڕانكاریی گەورە دەبن بە شێوەیەكی وا كە خوێنەر  تووشی سەرسۆڕمان دەبێت چونكە بۆ ئەوەی بیەوێ سەرەرای مەدلوولە تازەكان ئەوانەی كۆنیش لە مێشكی دا دێن و دەچن و دەبنە هۆی دروستبوونی سەقاییێكی تازە.

لەوانەیە لە شیعری عەرەبی دا ئەم شۆرشە زۆر سەركەوتوو نەبووبێت بە هۆی ئەو رەگ و ریشانەی كە  شیعری كۆنی عەرەبی هەیبووە،ئەم دەرفەتە بە شیعری سۆفیگەری نەدراوە كە بە تەواوەتی جێگیر ببێت،تەنانەت نووسەرێكی ئەم سەردەمە وتوویەتی كە"ئەم  ئالۆزییەی كە لەم جۆرە شیعرە دا هەیە لە قوولایی بیركردنەوە و ووردبوونەوە لە واتاوە نەهاتووە بەڵكو لە ئەنجامی بەكارهێنانی ژمارەیەكی دیاریكراو لە ووشەكانەوە هاتووە كە واتایەكی قوول و وورد لە ژێریانەوە نییە،سۆفییە عەرەبەكان هەر هەموویان شارەزای سۆفیگەری بوون بەلأم بەشیان لە سروشتی سۆفیگەری كەم بووە هەر بەم پێیە بەشیان لە سروشتی ئەدەبیش لاواز بووە."[1] لە ئەنجامی خۆ سنووردارکردنی سۆفییەكان بە زاراوەكانی فەرهەنگێكی دیاریكراو،"شیعری خۆیان لە دەولەمەندیی زمان و بەرفراوانبوونەوەی واتاكان و بەهێزیی لایەنی مۆسیقی بێ بەشكردووە.هەر وەها لە جۆراوجۆری رێگاكانی دەربڕین و شێوازەكانی داڕشتن كە لە شیعری عەرەبی دا بەدی دەكرا بێ بەش ماونەوە،تەنانەت شیعرەكانیان لەوە نزیك بۆتەوە كە بە یەكجاری لە واتا و هەر وێنەیەكی مەجازی ئاوەلاْ ببێت،ئەمانە تەنیا گرنگیان داوە بە بەرامبەریی فۆڕمیی بێ كەلك یان لێكچوواندنی لاسایكراوی دوور لە كاریگەری و خەیالەوە."[2]

شیمانەی ئەوە هەیە كە جۆرە زێدەرۆییێك لەم بۆچوونە دا هەبێت كە پەیوەندیی بە عەقلییەتی رەخنەی عەرەبییەوە هەیە بەلأم لەگەلْ ئەمەش دا ئەگەر تەماشای ئەو شیعرە سەرەتاییانە بكەین كە بە ناوی سۆفیگەرییەوە هاتوونەتە ئاراوە ئەم راستییەمان بۆ روون دەبێتەوە كە ئەم بۆچوونە تارادەیەكی زۆر لە جێگەی خۆی دایە.

---

(١) عدنان حسين العوادى، نفس المصدر السابق، ص ٣٦.

(٢) نفس المصدر السابق، ٢٤١.

ئەگەر بڕوانینە شیعرەکانی (حەلاج) کە بە یەکێك لەو شاعیرە سۆفییانەش دادەنرێت کە گۆڕانێکی گەورەی لە بواری زمانی سۆفیگەری دا هێناوەتە کایەوە دەبیین کە لە رووی زمان و واتاکانەوە زۆر سادە و لاوازن و لە ئاستێکی بەرزی شیعری دا نین[1] لەوانەیە ئەم جۆرە شێوازە لە سەرەتاوە لە لایەن سۆفییەکانەوە بۆ دەربڕینی بۆچوونەکانیان بەکارهێنرابێت و دوواتر کەوتبێتە چوارچێوەی سانسورکردنەوە.

لە شیعری فارسی دا مەسەلەکە تەواو پێچەوانەیە،پێش ئەوەی کە سەدەی شەشەمی کۆچی کۆتایی پێ بێت شاعیرانی ئێرانی خەریکی نووسینی جۆرە شیعرێکی دەستکرد بوون،عیرفان و داهێنانی شاعیرە سۆفییەکان بوو کە گۆڕانی بە سەر بارودۆخەکە دا هێنا و شیعری فارسی بووژاندەوە.[2] بە راستی شیعری عیرفانی فارسی مەیدانی داهێنان و شۆرەشی نیشانەکانە،دوواتر کە ئەم ئەزموونە بۆ ئەدەبی کوردی گوێزرایەوە زمانی عیرفان و سۆفیگەری لە شیعردا گەیشتە لوتکەی داهێنان و ئیستائیکا،مەبەستمان لەم روونکردنەوانە ئەمەیە کە تایبەتمەندییەکانی نیشانەکان لە شیعری سۆفیگەری عەرەبی زۆر جیاوازە لە شیعری فارسی و دوواتر کوردی کە لە سەر بناغەی گەنجینەیەك لە نیشانە جۆراوجۆرەکانەوە دامەزراوە.

عاریفەکان سەرەتا هەلوێستی خۆیان بە ئاشکرا دەردەبڕی بەلاّم لە ئەنجامی دەمارگیری و توند و تیژییەوە گۆڕانکاری بە سەر شێوازەکەیان دا هات و"بۆ دەربڕینی بیرەکانیان شێوازی روون و ئاشکرایان بەلاوەنا و زمانێکی تریان بۆ خۆ هەلّبژارد کە پڕ بوو لە هێما و دڕکە،بەم شێوەیە ئەدەبی عیرفانی هاتە ئاراوە و لە سەدەی پێنجەم و شەشەم بە دواوە لەگەلّ سەرهەلّدانی شاعیرانی وەکو (شیخ ئەبو سەعیدی ئەبوخەیر و سەنائی و عەتاری نیشابوری و جەلالەدینی رومی و حافز) سۆفیگەری هاتە ناو شیعر و پەخشانی فارسی،لە ترسی فەقیهەکان و موتەشەریعەکان لە ئەدەبی سۆفیگەری دا واتایەکی تر درایە پالّ ووشەکان بۆ نموونە عاشق واتە سۆفی،مەعشوق واتە خوا یان شیخ،مەستی بە واتای شور و حالی عاریفانە، پیری مەی فرۆش و پیری مەیگێر و پیری موغان و پیری

---

(١) د. يوسف زيدان. الحلاج و محاولة تفجير اللغة، الموقع: www.islamicmanuscript.com
(٢) د. محمد رضا شفيعى كدكنى..همان مأخذ سابق ص ١١٨.

تەریقەت و پیری سوحبەت بە واتای قوتب و رێبەری سۆفییەکانە، لەم رووەوە شیعری ئەمانە پڕیەتی لەم جۆرە هێما و زاراوە تایبەتییانە."[1]

شیعری سۆفیگەری وورده وورده بەرەو لێلی رۆیشتووە ، لێکترازانی نێوان دال و مەدلوولەکان لە سەردەمێك بۆ سەردەمێکی ترەوە جیاوازە،وا دیارە ئەوەندە کە فشار لە سەر سۆفیگەری بەرەو بەهێزی رۆیشتووە بە هەمان قەبارە زمانیش بەرەو ناوەوە کشاوە،سەرەتا شیعر ئامرازی گەیاندنی بیرەکان بووە و دوواتر بۆ داپۆشینی بۆچوونەکان بەکارهێنراوە،ئەم ئاراستەیە بۆتە هۆی ئەوەی کە یاسایەکی چەسپاو بۆ شیکردنەوەی نیشانەکان لە شیعری سۆفیگەری دا دابنرێت،واتە زاراوەکان لەم جۆرە شیعرە دا دوو ئاستی واتاییان هەیە،واتای یەکەم واتایەکی راستەقینە نییە و راستیمان نادات بە دەستەوە و واتای دووەم یاخود واتای شاراوە کە بە واتایەکی راستەقینە دەژمێردرێت و بە هەڵگری مەبەستی شاعیر دەزانرێت،کە واتە ئەم جاڕدانە کە درووشمەکەی بریتی بوو لەوەی کە ( ئەوەی کە دەووترێت مەبەست نییە) بوو بە مۆرکێکی هەرە دیاری زمانی سۆفیگەری،بەم پێیە راڤەیەکی هەمیشەیی بەڵام لە هەمان کات دا سنووردار بوو بە هاوتەریبی زۆربەی ئەو ووشانەی کە لە شیعری سۆفیگەری دا بەکاردەهێنران.

ئاماژە بەوە کرا کە چۆن (ئیبن عەرەبی) شیعرەکانی خۆی شیکردەوە و بۆ زاراوەکانی نێو شیعرەکانی واتای تایبەتی – کە لە دیدی پیاوە ئایینییەکانەوە ئابرومەند بوون-دەستنیشان کرد، ئەمەش وەکو بناغەیەکی پتەو بۆ شیکردنەوەی شیعری سۆفیگەری شوێنی خۆی گرت. ئەگەر تەماشای لێکدانەوەکانی (ئیبن عەرەبی) بکەین دەبینین کە تەنیا بڕوای بە دوو مەدلوول هەبووە،مەدلوولی یەکەمی نیشانە کە مەدلوولێکی ئاساییە و گوایە هەموو کەسێك تێی دەگات و مەدلوولی دووەم کە مەدلوولێکی شاراوە و ناوەوەیە و راستییە عیرفانییەکان بە خۆیەوە دەگرێت، کەواتە زنجیرەی مەدلوولەکان لە دوو هەنگاو تێناپەڕێت،بەم شێوەیە مەودای واتایی نیشانەکان سنووردار دەکرێت،لە لایێکی ترەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە ئەوەی راستی بێت سۆفییەکان بڕوایان بە بەرفراوانیی و بێ کۆتایی بوونی واتا نییە چونکە واتای دووەم واتایەکی گۆمان لێنەکراو و راستە و

---

(١) خسرو فرشيد ورد. درباره ادبيات و نقد ادبى، چاپ چهارم، جلد اول، مؤسسة انتشارات امير كبير، تهران، ١٣٨٢، ص. ٣٢٩.

**پێویستە لە ڕاڤەکردن دا هەوڵی چەسپاندنەوەی ئەم مەدلوولە بدرێت،لەم نموونانەی خوارەوە دا دەبینین کە چۆن سنوور بۆ نیشانەکان دانراوە:**

| دالی یەکەم | (مەدلوولی یەکەم)(دالی دووەم) | مەدلوولی دووەم |
|---|---|---|
| بەلقیس | ئافرەتێکە کە لە سەربووردەکانی سلیمان پێغەمبەر دا ئاماژەی بۆ کراوە | ڕەحمەت وحیکەمەتی خوایی[1] |

**لەم نموونەیە دا زنجیرەی مەدلوولەکان بە ڕەحمەت یاخود حیکمەتی خودایی کۆتایی پێ هێنراوە،هەر وەکو ئەوەی کە دەیانەوێ ئەو دەرفەتە بە خوێنەر نەدرێت کە زیاتر لەمە بڕوات، لە ڕوویێکی ترەوە ئەو دەرفەتەشمان پێ نادرێت کە واتای یەکەم بە ڕاستەقینە بزانین:**

| دالی یەکەم | (مەدلوولی یەکەم)(دالی دووەم) | مەدلوولی دووەم |
|---|---|---|
| بەحر | دەریا, لە ڕووی جۆگرافییەوە خاوەنی کۆمەڵە تایبەتییێکە | بوونی ڕەها و هەبوونی حەق[2] |
| بەرق | دەرەوشانەوە | ڕۆشنایی عیشق،ئەو شەوقەی کە خوا بۆ دڵی سالیك دەنێرێت[3] |
| خەمر | مەی، شەراب | عیشقی خوایی[4] |
| جەرەس | زەنگ، ئاوازی نزم | هاتنی بانگەوازی خوا بۆ ناو دڵی عاریف[5] |

**بەم شێوەیە ئەم عەقلییەتە پەسند کراوە کە زاراوە عیرفانییەکان تەنیا لەم دوو ئاستە دا خۆیان دەنوێنن،هەر یەکێك لەم زاراوانە لە هەر شوێنێك دا هاتبن هەر ئەم واتایانە**

---

(١) د.گل بابا سعیدی. فرهنگ اصطلاحات عرفانی ابن عربی، انتشارات شفیعی، تهران، ١٣٨٣، ص١٤٨.
(٢) همان مأخذ سابق، ص١٣٨- ١٣٩
(٣) همان مأخذ سابق، ص١٤٢.
(٤) همان مأخذ سابق، ص٢٦٧.
(٥) همان مأخذ سابق، ١٩٢.

دەدەن بەدەستەوە ، ئەوەی کە عاریفەکان خۆیان ئاماژەیان پێداوە بناغەیە بۆ شیکردنەوەی نیشانەکان لە شیعری سۆفیگەری دا،ئەو نیشانانەی کە (ئیبن عەرەبی) شیانی کردۆتەوە دوواتر بۆ لێکدانەوەی شیعری سۆفیگەریی فارسی و کوردیش بەکارهێنراون بە بێ ئەوەی چەند خالی گرنگ بەرچاوبگیرێن ،یەکەمیان ئەوەی کە شیعری سۆفیگەری دوای ئەوەی کە چۆتە ناو ئەدەبی گەلانی تر گۆرانکاریی بنەڕەتیی بە سەر داهاتووە و واتای جۆراوجۆر و بەرفراوان دراونەتە تەك ئەم ووشانە ،دووەمیان ئەوەی چۆن دەکرێت مەسەلەی سانسۆر و ئاراستە کردنی واتای ئەم شیعرانە بەرەو

رێرەوێکی شەرعی لە پێناو خۆپاراستنەوە فرامۆش بکرێت،سێیەمیان چۆن دەکرێت ئەوە لە بیربکەینەوە کە ئێمە مامەڵە لەگەڵ بەرهەمێکی ئیستاتیکی دەکەین کە ناکرێت سنووری رەها بۆ مەدلوولەکانی دابنرێت،چوارەمیان و لە هەموویانیش گرنگتر ئەوەیە کە چۆن دەتوانین رۆلی سیاق لە بیر بەرینەوە و واتای چەسپاو بۆ ووشەکان دابنێین،ئەمە و چەندین گرفتی تر کە لە ئەنجامی لێکۆلینەوەوە گەلالە دەبن ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن کە ناتوانین ئەم عەقلیەتە کۆنەی کە بۆ لێکدانەوەی نیشانەکان لە شیعری سۆفیگەری دا دانراون بۆ لێکدانەوەی شیعری سۆفیگەری لە لوتکەی داهێنان و پەرەسەندنی خۆی دا بەکاربهێنین.

لە شیعری سۆفیگەری دا تەنیا پلەی یەکەم و دووەمی دەلالەت بەدی ناکرێت بەڵکو پلەی سێیەم و و چوارەم و لەوانەیە چەندین پلەی تریش بوونیان هەبێت کە زیاتر لە چوارچێوەی سیاقەوەوە بەدەردەکەون و لەو کاتەیە کە دەولەمەندیی زمانی شیعری سۆفیگەری خۆی دەنوێنێت،دەتوانین وەك نموونە ئاماژە بەو ئەفسانانە بدەین کە سۆفییەکان لە بەرهەمەکانیان دا ئاماژەیان پێ دەدەن" تەنانەت روونینیان بۆ ئەو ئەفسانانەی کە پێش ئەوانیش باو بوونە جیاوازە،بەلام یەکێك لەو ئەفسانانەی کە هەر لە نێو سۆفییەکان دا بڕەوی سەندووە کەسایەتی (حەلاج) و سەر بووردەکانییە، ئەگەر تەماشای (تزکرە الاولیاو)ی (عەتاری نیشابووری) بکەین دەبینین کە (حەلاج) وەکو کەسایەتییێکی ئەفسانەیی پیشان دراوە"[1]، بەم پێیە کاتێك کە حەلاج وەکو نیشانەیەك لە شیعردا بەکاردەهێنرێت زنجیرەیەکی بێ سنوور لە دال و مەدلوولەکان لە دوای یەك دا

---

(١) د. محمد رضا شفیعی کدکنی. همان مأخذ سابق، ص٢٤١.

ریزدەبن و چەندین ئاست و پلەی دەلالی دەبەزێنن.دوور لە کاریگەرییەکانی سیاق دەتوانین هەندێ لە ئەلقەکانی زنجیرەی دال و مەدلوولەکانی (حەلاج) وەکو نیشانەیەك دەست نیشان بکەین:

حەلاج← کەسایەتییێکی سۆفی ← راستی و بوێری ← شەهید بوون ← حلوول...

بەم پییە زنجیرەی دال و مەدلوولەکان دەگاتە دەلالەتی ئەفسانەیی و لێی تێپەر دەبێت و بەرەو ئاستێك دەروات کە ئایدۆلۆژیای پێ دەلێن،ئەوەندە ئەم زنجیرە دەلالییە بەرفراوان دەبێت کە ئیتر لە توانامان دانییە کە سنووری بۆ دابنێین،لەمە گرنگتر ئەوەیە کە نازانین چۆن لە زنجیرەیەك دا ریزیان بکەین،ئەم گرفتە بەهێزتر و بەرفراوانتر دەبێت ئەگەر بێین و ئەم نیشانەیە لە چوارچێوەی دێرە شیعرێکی سۆفیگەری دا لێك بدەینەوە.

سۆفییەکان ئەوەندە بەرەو مەسەلەی راڤەکردنەوە رۆیشتوون کە هەولیان داوە ئامرازەکانی مۆسیقاش بخەنە ژێر تیشکی راڤەکردنەوە دا و بەم شێوەیە سەما و گۆرانی و مۆزیکیان لەگەڵ شەرع دا گونجاندووە،بەمەش بەردەوامیان بە سەما و حال و زەوقی خۆیان داوە.

(دەف) ئامرازێکی زەربییە لە بواری مۆسیقا دا بەلام کە تەماشای مەدلوولەکانی دەکەین دەبینین کە چۆن شارەزایانە راڤە کراون، گوایە دەربارەی دەف و نای و ئامرازەکانی تر کە لە سەماعی سۆفییەکان دا بەکاردەهێنرێن"روالەت بینان تەنیا وێنەی روالەتی ئەم ئالەتانە دەبینن بەلام ئەولیای خوا لە فۆرمەوە بەرەو ناوەرۆك دەچن و هەندێ واتای نوێ دەدۆزنەوە، لای ئەمانە دەف ئاماژەیە بە (دائرە الاكوان)،پێستی رووی دەف ئاماژەیە بە بوونی رەها،ئەو زەبرانەی کە لە دەفەوە دەدرێن ئاماژە دەدەن بە هاتنی واریداتی خوایی،پێنج زەنگۆلەی دەفیش ئاماژەن بە پلەکانی پێغەمبەرێتی و یلایەت و ریسالەت و خیلافەت و ئیمامەت،دەنگی ئەم زەنگۆلانەش ئاماژەیە بە بەدیارکەوتنەوەی تەجەلیاتی خوایی لە دڵی ئەولیای خوا دا."(1)

ئەم نموونەیە داکۆکی لە سەر خالەکانی پێشوو دەکات، یەکەمیان ئەوەی کە چۆن هەول دراوە بۆ گونجاندنی مۆزیك لەگەڵ شەرع و ئاراستکردنی بەرەو رێرەوێکی ئایینی،دووەمیان ئەوەی کە چۆن واتای چەسپاو بۆ ئەم ئامرازانە دادەنرێت تەنانەت

---

(١) حسين حيدرخاني، همان مأخذ سابق، ص ١٠٦.

لەمەش تێپەڕ دەبن و بۆ بەشەکانی هەر ئامرازێکیش واتای چەسپاو و نەگۆر دادەنێن، ناکرێت بڵێین تەواوی شاعیرە سۆفییەکان ئاگاداری ئەم لێکدانەوەیانە بووینە بەڵکو لەوانەیە هەر کامەیان بە جۆرێك رووانیبێتە ئەم ئامرازانە، هەر وەها مەرج نییە ئەم واتایانە لای ئەو ڕێبازە سۆفیگەرییانەی کە بڕوایان بە سەما و بەکارهێنانی مۆزیك لە کاتی زیکر دا هەبووە و ئەوانەی کە ئەم نەریتەیان رەتکردووە وەکو یەك وابێت.

بە کورتی ناکرێت بە هیچ شێوەیەك ئەو نیشانانەی کە لە شیعری سۆفیگەری دا بەکار دەهێنرێن بە زنجیرەیەکی واتایی دوو هەنگاوی نەگۆڕ سنوور دار بکرێن،ئەگەر بە چاوی شیعر وەکو بەرهەمێکی ئیستاتیکی بڕوانینە ئەم بەرهەمانە و خۆمان لە شێوازی بیرکردنەوەی کۆن رزگاربکەین و بچینە سەر ڕێرەوێکی سیمیۆلۆژیایی دەبینین کە لەژێر هەر یەکێك لەم نیشانانە زنجیرەیەکی واتایی هەیە کە زۆربەی کاتەکان لە توانامان دا نییە کە سنوورێکی دیاریکراویان بۆ دابنێین،هەرچەندە کە ئەو ئالییەتەی کە لە فەرهەنگەکان دا بەکاردەهێرێت تارادەیەك سوودبەخشە و چەند لایەنێکمان بۆ روون دەکاتەوە بەڵام لە دیدێکی سیمیۆلۆژییەوە ناتوانێت رەهەندەکانی ئەو گەمەیەی کە لە شیعری سۆفیگەری دا بە نیشانەکانەوە دەکرێت بەدیاربخاتەوە و مەودای بەرفراوان بوونی واتامان بۆ پیشان بدات.

### ج- پەیوەندیی نیشانە بە ئەزموونی ئایینیەوە:

ئاماژە بەوە درا کە ئەم بیرۆکەیە کە زاراوەکان لە شیعری سۆفیگەری دا خاوەنی دوو مەدلوولن،مەدلوولی یەکەم کە روالەتییە و خۆی دەبێت بە دال بۆ مەدلوولی دووەم، مەدلوولی دووەمیش راستەقینەیە و بریتیە لە مەبەستی شاعیر،تا رادەیەکی زۆر لە مێشکی شیکەرەوەکانی شیعری سۆفیگەری داجێگیر بووە،،هەرچەندە ئەوەمان لە روانگەیەکی سیمیۆلۆژیاییەوە رەتکردەوە، بەڵام دەتوانین بۆ بەدیارخستنی هەندێ رەهەندی ئیستاتیکی کە لە ئەنجامی پەیوەندیی نێوان مەدلوولی یەکەم و دووەم دا دێنە ئاراوە و پەیوەستن بە ئەزموونی ئایینیەوە سوودی لێ وەربگرین،لەوانەیە زنجیرەی مەدلوولەکانی هەر نیشانەیەك وەکو سۆفییەکان بۆی دەچن بریتی نەبێت لە چەند هەنگاوی دیاریکراو

بەلأم زۆربەی جاران لە سەرەتای زنجیرەکە دا مەدلوولێکی ئاساییە و لە کۆتایی زنجیرەکەش دا مەدلوولێکی ترە کە ئاوێتەکراوە بە مەسەلە خوایی و عیرفانییەکان.

هەندێ جار بێ ئەوەی هۆیەکەی بزانرێت هەندێ لە نیشانەکان لە شیعری سۆفیگەری دا تام و چێژێکی تایبەتی دەبەخشن ،ئەم نیشانانە لە کاتی خوێندنەوە دا زەقترن،وا هەست دەکرێت کە ئەو ئیستاتیکایەی کە لەم نیشانە دا هەیە لەوانەی تر دا بەدی ناکرێت.

هەر لەم روانگەیەوە ئەگەر چاك لەو نیشانە تایبەتییانەی کە سۆفییەکان بە کاریان دەهێنن ووردبینەوە، دەتوانین دوو دەستە نیشانە لە یەکتر جیا بکەینەوە،یەکەمیان ئەوانەی کە گونجانی شەرعی لە نێوان مەدلوولی یەکەم و مەدلوولی دووەم دا هەیە و دووەمیان ئەوانەی کە پەیوەندییەکی ناشەرعیانە لە نێوان ئەم دوو مەدلوولە دا بەدی دەکرێت،یان دەتوانین بڵێین جۆرە پارادۆکسێك لە نێوان ئەم دوو مەدلوولە دا بەدی دەکرێت،لێرە دا هەول دەدەین چەند نموونەیەك بۆ هەر یەکێك لەمانە بە دیاربخەینەوە.

ژمارەیەکی زۆر لە زاراوەکانی شیعری سۆفیگەری بە تایبەت ئەوانەی کە لە سەر دەستی(ئیبن عەرەبی) بڕەویان سەندووە خاوەنی ئەم خاسیەتەن کە جۆرە گونجانێکی شەرعی لە نێوان مەدلوولی یەکەم و دووەم دا هەیە،ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکن:

| دالی یەکەم | (مەدلوولی یەکەم)(دالی دووەم) | مەدلوولی دووەم |
|---|---|---|
| جەبەرووت | گەورەیی،خۆبەگەورە زانیین | پلەی یەکگرتن، حەقیقەتی موحەممەدی[1] |
| حەرف | پیت،بچووکترین یەکەی زمان | ئەوە دەربرینانەی کە لە خواوە دێن[2] |
| ئیسماعیل | ناوی پێغەمبەرێکە | خاوەن پلەی بەرز لە لایەن خواوە[3] |

لەمانەی سەرەوە و چەندین نموونەی تر،ئەم دیاردەیە بەدی دەکرێت،ئەم ووشانە لە ئیسلامەوە بەدوور نین و لە سەرچاوە ئیسلامییەکان دا دەبینرێن، جگە لەمە نەسازییەکی وا لە نێوان جەبەرووت و گەیشتن بە پلەیەکی عیرفانی یاخود لە نێوان پیتەکان و

---

(١) د.گل بابا سعیدی.همان منبع سابق، ص١٩٠

(٢) همان منبع سابق، ص٢١٤.

(٣) همان منبع سابق، ص٨٧.

ووتەکانی خوا یان لە نێوان ئیسماعیل و حیکمەتی بەرز لە ئارا دا نییە، زۆربەی ئەمانە هەر لە سەرچاوە ئایینیەکانەوە هەڵێنجراون.

لە هەندێ نموونەی تر کە لە سەڤا نائیسلامییەکانەوە وەرگیراون، ئەم نەگونجانە نابینرێت، هەرچەندە ژمارەی ئەم زاراوانە لە سەرەتای سەرهەلدانی شیعری سۆفیگەری کەم بووە بەلاّم دوواتر لە شیعری سۆفیگەری میللەتە موسلمانە ناعەرەبەکان دا ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەم جۆرە نیشانانە هاتوونەتە ناو شیعری سۆفیگەری دا،ئەم دەستەیەش دەبێت بە دوو جۆر، هی یەکەمیان ئەوەیە کە مەدلوولی یەکەم لە رووی شەرعەوە گونجاو نییە بۆیە لە مەدلوولی دووەم دا بەرەو رێرەوێکی شەرعییەوە ئاراستە دەکرێت:

| دالی یەکەم | (مەدلوولی یەکەم)(دالی دووەم) | مەدلوولی دووەم |
|---|---|---|
| خەرابات | وێرانە،شوێنی فاحیشە | ئاماژەیە بۆ پاکبوونەوە[1] |
| ساقی | مەیگێر | خۆشەویستی،دیاربوونی زاتی خوا،رێبەر[2] |
| خەمر | شەراب،مەی | زال بوونی عەشقی خوایی[3] |

لەمانەی سەرەوە دا مەدلوولی یەکەم و دووەم لە نەسازی دان،چۆن دەبێت وێرانە و فاحیشەخانە یان لایەنە سکسییەکانی پەیوەست بە ئافرەت یان شەراب و مەی کە لە روانگەی ئیسلام لە بوواری خوداییەوە دوورن دەربڕی کۆمەڵە بیرۆکەیەکی خوایی بن کە لەگەڵ ئایین دا سازگارن.

ئەم جۆرە نیشانانە لەگەڵ پەرەسەندنی شیعری سۆفیگەری دا روویان لە زیادبوون کردووە، لە شیعری فارسی دا ژمارەیەکی زۆر لەم نیشانانە بەکارهێنراون، ژمارەیەك لەمانە لە ئەفسانە و ئایینە کۆنەکانی ئێران وەرگیراون وەکو (پیری موغان، دێری موغان،

---

(١) د. گل بابا سعیدی. همان مأخذ سابق، ص ٢٤٥ -٢٤٦.
(٢) د. سعید جعفر سجادی. فرهنگ اصطلاحات و تعبیرات عرفانی، چاپ چهارم، چـاپخانه گلـشن، تهران، ١٣٧٨، ص ٤٥٢.
(٣) امین یوسف عودة، نفس المصدر السابق، ص ١٠٦.

خەراباتی موغان، موغ بە چە، سیمورغ، جەم، پەهلەوی، و...تاد)،[1] زۆربەی ئەمانە لەگەڵ بیری ئیسلامی دا گونجاو نین بەڵام لە شیعری سۆفیگەری دا دەلالەتێکی شەرعییان پێ بەخشراوە، بۆ نموونە (پیری موغان) کە بریتیە لە پیاوی ئایینی زەردەشتییەکان لە شیعری سۆفیگەری دا بەرەو ئاراستەیەکی عیرفانی براوە، وا دیارە بە هۆی ئەو نەگونجانە شەرعییە بەرفراوانەی کە لە نێوان نیشانە و مەبەستەکەی دا لە ئارادایە شیکەرەوەکانی شیعری سۆفیگەری مەدلوولێکی ناوەندیان خستۆتە نێوانیان، بەم شێوەیە کە گوایە"مەبەست لە پیری موغان هەمان سەرۆکی مەیخانەیە کە لە ئەنجام دا ئاماژەکردنێکە بە مورشیدی کامیل."[2]

ووشەی موغبەچەش کە بە واتای ئەو کوڕە جوانانە دێت کە خزمەتی ئایین زەدەشتی دەکەن جگە لەوە کە لە رووی باوڕەوە لەگەڵ ئیسلام دا ناگونجێت،هەڵگری هەستێکی سکسی نێربازانەشە،سەرەرای ئەمە لە کۆتایی زنجیرەی دەلالەت دا واتایەکی عیرفانی و خودایی بۆ ئەم نیشانەیەش دادەنرێت.

هەر بەم شێوەیە (لێو و چاو و بەژن و باڵای کچان، مەی و مەیخانە،مەستی، دێر،بت،بتخانە ،سەما، زونار،لەیلا،مەجنوون، شیرین، فەرهاد و...تاد) ئاماژە بە کۆمەڵە واتای خوایی و عیرفانی دەدەن، ئەمە لەو کاتە کە بریتین لە کۆمەڵە چەمکێکی دونیایی کە لە دیدی فەقیهەکانەوە لەگەڵ ئایین دا گونجاو نین.

هەر لە سەر بناغەی لێکدانەوەی دەستەی یەکەمی نیشانەکان و ئاوێتە کردنیان بە جۆری یەکەمی نیشانەکانی سەر بە دەستەی دووەمەوە،جۆری دووەمی نیشانەکانی ئەم دەستەیەش گەڵاڵە دەبن، ئەویش ئەو نیشانانەن کە لە مەدلوولی یەکەم دا واتایەکی شەرعی دەبەخشن بەڵام لەو مەدلوولانەی کە لە دوای مەدلوولی یەکەم لە زنجیرەی مەدلوولەکان دا دێن کۆمەڵە واتایەکی دوور لە شەرع پێیان بەخشراوە وەکو (حەجەری ئەسوەد ، شەوی قەدر ،میحرابی نوێژ....تاد)، لە فەرهەنگەکان دا کەمتر گرنگی بەمانە دراوە و زیاتر لە ئەنجامی لێکدانەوەی سیاقی شیعرەکانەوە بەدەردەکەون،لەم نیشانانە دا

---

(١) سعید کرمانی، همان مأخذ سابق، ص ٩- ١٨.

(٢) مسعود خالد گولی. فەرهەنگوکا کلاسیکێن کورد، دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی موکریـانی، چاپخانەی خەبات، دهوك، ٢٠٠١، ل ٢٥.

مەدلوولی یەکەم خۆی سیمایێکی شەرعیی هەیە و لادانەکانی مەدلوولی دووەم پەردەپۆش دەکات.

هەرچەندە لە رووی سیمیۆلۆژییەوە ئەم جۆرە سنوور دار کردنە پەسند نییە بەلاّم ئەگەر لەمانەی پێشوو ووردبینەوە دەگەین بە ئەنجامێکی گرنگ،ئەویش ئەوەیە کە لە دەستەی یەکەمی نیشانەکان دا مەدلوولی یەکەم و مەدلوولی دووەم لە رووی ئایینیەوە لەگەڵ یەکتر دەگونجن، بەلاّم لە دەستەی دووەمی نیشانەکان نەسازی لە نێوانیان دا بەدی دەکرێت، بۆیە لە جۆری یەکەمەوە مەدلوولی دووەمە کە مەدلوولی یەکەم ئاراستە دەکات، واتە مەدلوولی دووەم یاخود ئەو راڤەکردنەی کە بۆ نیشانە دەکرێت بەرگێکی شەرعی دەکاتە بەر مەدلوولی یەکەم، و لە جۆری دووەم مەدلوولی یەکەم رەنگ و بۆیێکی شەرعی بە مەدلوولی دووەم دەبەخشێت، بەم پێیە دەتوانین بڵێین دەستەی دووەمی نیشانەکان بریتین لە گرنگترین شێوازەکانی سانسۆرکردنی نیشانەکان لە شیعری سۆفیگەری دا و ئەوەی راستی بێت چێژبەخشترن لە دەستەی یەکەمی نیشانەکان.

### د- شیعری سۆفیگەری لە نێوان کۆدسازی و سیمبۆلسازی دا:

ئاماژەمان بەوە دا کە شیعری سۆفیگەری سەرەتا لە شێوەی شیعری زوهد سەری هەڵداوە،لە شیعری زوهد و قوناغە سەرەتاییەکانی شیعری سۆفیگەری دا زمانێکی روون و ئاشکرا بۆ دەربڕین بەکارهێنراوە، دوواتر سروشتی سۆفیگەری و بارودۆخی دەورووبەر کاریان لە شیعری سۆفیگەری کردووە بۆ ئەوەی ئەم شێوازە بە جێ بهێڵن،ئەمانە دوو خالی گرنگن بۆ لێکدانەوەی لایەنی کۆدسازی و سیمبۆلسازی لە شیعری سۆفیگەری دا.

شیعری زوهد لە سەدەی دووەمی هیجری وەکو هونەرێکی بەرفراوان و نوێ لە شیعری عەرەبی دا سەری هەڵدا و ژمارەیەکی زۆر لە شاعیران بوون بە شوێن هەڵگری ئەم جۆرە شیعرە،دیارترینی ئەم شاعیرانە(ئەبو عەتاهیە) بووە،کە ژمارەیەکی زۆر لە شیعرەکانی دەربارەی زوهدن، بەلاّم نابێت ئەوەش فرامۆش بکرێت کە پارچە شیعرەکانی (رابیعەی

عەدەوی)ش دەچنە نێو ئەم چوارچێوەیە دا،[1]ئەم شیعرانە کە دەتوانین بڵێین لە سۆفییە زاهیدەکانەوە گوێزراونەتەوە زیاتر خاوەن مەبەستێکی ئاکاری و خواپەرستین، لە زۆربەیان دا ئاراستەیەکی گیانیی بەرەو ناوەوە بەدی دەکرێت،گرنگترین بابەتی ئەم شیعرانە بریتی بووە لە پشت کردن لە ژیانی دونیا و دەربڕینی هەستی پەشیمانی بەرامبەر بە ژیانی رابردوو.[2]

شیعری زوهد بە گشتی شیعرێکی سادە بوو،مەبەست لە نووسینی ئەم جۆرە شیعرە سازکردنی پەیوەندی لەگەڵ خەلك دا بووە،هەر خۆشیان بەمەیان زانیوە ، بۆ نموونە رۆژێك یەکێك داوای لە (ئەبو عەتاهیە) کردووە کە شیعری بۆ بخوێنێتەوە،ناوبراو وتوویەتی دەزانم شیعرەکانم خراپن چونکە پێویستە شیعر وەکو شیعری شاعیران پێشوو بێت واتە وەکو شیعرەکانی (بەشار) و (ئیبن هەرەمە) ، ئەگەر وا نەبێ وەکو شیعرەکانی من دێنە بەرچاو کە ووشەکانیان شتێك لە جەماوەری خەلك ناشارنەوە، بە تایبەت ئەو شیعرانەی کە لە بواری زوهد دا ووتراون، زوهد رێبازی پاشاکان نییە، رێبازی گێرەرەوەکانی شیعر و قوتابییەکان و فەقیهەکان و ریاکارانیش نییە.[3]

بە پێی ئەمانەی باسمان کردن شیعری سۆفیگەری لە سەرەتاوە واتە ئەو کاتەی کە لە چوارچێوەی زوهد دا پەنگی خوارد بوو، زیاتر لە سەر بناغەی ووتارێکی روون و ئاشکرا و ئاراستەکراو بۆ جەماوەرەوە بنیاتنرا بوو،ئەمەش بەم واتایەیە کە ئەم جۆرە شیعرە زیاتر لە سەر بناغەی کۆدەکانەوە هاتووتەکایەوە و کۆدسازی دیارترین ئەدگاری سیمیۆلۆژیی ئەم شیعرانەیە.

لە شیعری زوهد دا زنجیرەی واتا زۆربەی جاران لە مەدلوولی یەکەم دا کۆتایی پێ دێت،یاخود ئەگەر جۆرە بەردەوامی پێدانێکیش لە زنجیرەی مەدلوولەکان دا هەبێت ئەوەندە سوواوە و ئاشکرایە کە توانای زەقکردنەوەی نییە بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە شیعرە بە واتایەکی ئەدەبی بە هۆی سیمبۆلەکانەوە دروست نەکراوە بەڵکو دەتوانین

---

(١) عدنان حسين العوادى، نفس المصدر السابق، ص ١١٤.
(٢) نفس المصدر السابق، ص١١٣.
(٣) د. زكى مبارك. التصوف الاسلامى فى الادب و الاخلاق، الجزء الاول، مكتبه الثقافة الدينيه، القاهره، ٢٠٠٤، ص١٠٠.

بیانبەینە ریزی ئەو شیعرانەی کە لە ئاخاوتنی ئاساییەوە دەچن واتە لەوانەیە زۆربەی جاران لە توانامان دا بێت کە بیانخەینە ریزی شیعرە مللیەکانەوە.

شیعری سۆفیگەری گۆڕانێکی بنەڕەتی لەم زەمینەیە دا هێناوەتە کایەوە، لەم شیعرە دا ئیتر واز لە بابەتە سوواوەکانی زوهد هێنراوە وەکو پشت بە دونیا کردن،بیرهێنانەوەی مەرگ، ژیانی دووارۆژ و ئەوانەی تر وەکوخۆبەستنەوە بە زوهد و خۆدوورخستنەوە لە خۆشییەکان و ئامادەکردنی دەروون بۆ ژیانێکی تازە و گرنکیدان بە مەسەلە ئایینیەکان، بەمەش سۆفیگەری و شێوازە تایبەتییەکەی سەریان هەڵداوە، بەلاّم ئەمە بەو واتایە نییە کە شیعری سۆفیگەری بە تەواوەتی لە شیعری زوهدەوە دابڕاوە،لە شیعری سۆفییەکان دا ئاماژە بە هەندێ بابەتی وەکو (سەبر،تەوەکول،رەزا،یەقین،...تاد) کە لە مەقامات و ئەحوالی سۆفییەکانن دراوە کە زیاتر لە قورئان و سوننەتەوە وەرگیراون بەلاّم ئەمانە هاتوون کۆمەڵە زاراوەیەکی تایبەت بە خۆشیان بەکارهێناوە و گرنگیان پێداوە.(١)

بەم پێیە  دەکرێت بڵێین شیعری سۆفیگەری وردە وردە لە کۆدسازیی بەرەو سیمبۆلسازییەوە رۆیشتووە و ئەوەندەی کە لە سیمبۆلسازییەوە نزیك بووە بە هەمان شێوە لە زوهدەوە دوور کەوتووە و بەرەو سۆفیگەرییەوە رۆیشتووە، لە شیعری سۆفیگەری دا هەر کاتێك پاشماوەکانی زمانی زوهد یاخود پەیامەکانی ئەزموونی ئایینی سادە سەرهەڵدەدەن یەکسەر کۆدەکان هێزی خۆیان دەنوێنن و بەرەو ئەوە دەچن کە بە سەر سیمبۆلەکان دا زاڵ ببن،بە هەمان شێوە دووركەوتنەوە لە ئەزموونی ئایینی سادە و لایەنەکانی زوهد کاریگەریی پێچەوانەی دەبێت.

ناکرێت ئەو گرفتە لە بیربەرینەوە کە شیعری سۆفیگەری تووشی بۆتەوە، ئەویش گرفتی لاسایی کردنەوە و بەکارهێنانی دەربڕینە سوواوەکانە،هەرچەندە ژمارەیەکی یەکجار بەرچاو لە سیمبۆلەکان هاتوونەتە مەیدانی شیعرەوە بەلاّم دوواتر زۆربەی شاعیرە سۆفییەکان دەرگای داهێنانیان لە سەر خۆ بەستووە و خەریکی بەکارهێنانی  سیمبۆلە کۆنەکان بوونەتەوە،لە ئەنجامی دووبارەکردنەوەی ئەم سیمبۆلانە ئیتر جۆرە ئاشناییەك لای خوێنەران هاتووتە کایەوە،رۆڵی نێگەتیڤانەی فەرهەنگەکانی تایبەت بە زاراوە سۆفیگەرییەکانیش هاندەرێکی تر بووە بۆ سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە، بەم شێوەیە ئەو

---

(١) عدنان حسين العوادى، نفس المصدر السابق، ص٥٢ – ٥٣.

سیمبۆلانەی کە بەشێوەیەکی  داهێنەرانە هاتبوونە مەیدانی شیعرەوە وورد وورده بەرەو سووانەوە رۆیشتن،ئەوەندە بـەکـارهـێـنران و لاسایی کران کە دەتوانین بیانخەینە ژێر تیشکی  زاراوەی (کۆنە نموونەکان) کە (نورسرب فرای) بەکاری هێناوە، ئەم زاراوانە رۆژ بە رۆژ ئەدگارە سیمبۆلیکییەکانی خۆیان لە دەست داوە و بەرەو ئەوە رۆیشتوون کە ببن بە کۆد و بۆ پەیوەندی کردن زیاتر لەبار بن، لەگەڵ ئەمەش دا ئەم بزاڤە نەگەیشتووتە ئەو رادەیە کە بڵێین سیستەمی کۆدسازی بە سەر سیمبۆلسازی دا زاڵ بۆتەوە بەڵام ئەو سیمبۆلسازییەی کە شیعری سۆفیگەری لە لوتکەی پەرەسەندنی خۆی دا پێی گەیشتووە دوواتر بەرەو لاوازی رۆیشتووە هەرچەندە ناکرێت رۆڵی هەندە لە گەورە شاعیرانی ئەم رێبازە فرامۆش بکرێت کە کۆمەڵە سیمبۆلی تازەیان پێشکەش بە شیعری سۆفیگەری کردووە کە یارمەتیدەرێك بووینە بۆ سەرکوت کردنی رۆڵی کۆدەکان.

# باسی سێیەم: گرفتەکانی پەیوەست بە سیاق لە شیعری سۆفیگەری دا

## أ - دەستنیشانکردنی مەدلوولەکان بە بێ گرنگیدان بە سیاق:

گرنگی دان بە رۆڵی سیاق لە لێکدانەوەی شیعری سۆفیگەری دا تا رادەیەکی زۆر فرامۆش کراوە،بۆ هەر یەکێك لە زاراوەکان واتایەکی رەها دانراوە،گوایە لە هەموو شوێنێك ئەم زاراوەیە تەنیا هەڵگری هەمان مەدلوولە،"ئەمانە بە هۆی لێکدانەوەی روالەتیانەی ئەو گوزارشتە عیرفانییەی کە لێی دەکۆڵنەوە تووشی هەلە بوونەتەوە،واتە ئەو وەسفکردنە روالەتییانەی کە بە یەکسان دێنە بەرچاو بە راستی وەکو یەك نین و ئاماژە نادەن بە ئەزموونێکی دەستنیشانکراو،بەلگەی ئەمەش ئەوەیە کە زمان خۆی زەمینەدارە و ووشەکان تەنیا لە سیاق دا واتا دەبەخشن، ووشەکانی وەکو جوان، شکۆدار، راستی، دەتوانن بۆ زیاتر لە یەك راستی بەکاربهێنرێن."[1]

پێویستە گرنگی بەم مەسەلەیە بدرێت چونکە"لێکدانەوەیەکی وا بۆ زاراوەکانی تایبەت بە عیرفان جۆرە بیرکردنەوەیەکی تریش دێنێتە ئاراوە ئەویش ئەوەیە کە تەواوی عاریفەکان یەك ئەزموونی هاوشێوەیان هەیە یاخود کاردانەوەیان بەرامبەر بە تەواوی چەمکەکان وەکو یەکە"[2]کە ئەمەش خۆی لە خۆی دا رۆڵی تاکە کەس و مەسەلەی داهێنان وتازەگەری دەخاتە گۆمانەوە.

ئەم بیرکردنەوە هەلەیە وەها رەگی داکوتاوە کە قورسە بە سادەیی تووشی گورانکاری ببێت، کاتێك وا دابنرێت کە زاراوە سۆفیگەرییەکان کۆمەڵە واتایەکی دیاریکراوییان هەیە کە لە فەرهەنگە تایبەتییەکان دا بەدیارخراون، زۆر فاکتەری گرنگ پش گوێ دەخرێنەوە،ئەگەر بە دیدێکی فراوانەوە بڕوانینە زەمینەی دەق واتە ژیانی نووسەر و

---

(١) اسیتون کتز. همان مأخذ سابق، ص٧٧.

(٢) همان مأخذ سابق، ص ٧٦.

بارودۆخی سەردەمەکەی و ئەو ڕێبازە سۆفیگەرییەی کە هەڵی بژاردووە ڕەچاو بکەین،دەبینین تەواوییان فرامۆش کراون، جا ئەگەر ئەمانە پشت گوێ خرابنەوە بێ گۆمان نابێت چاوەڕوانی ئەوە بین کە گرنگی بە پەیوەندییەکانی نێو خودی دەقەکە درا بێت.

دەکرێت بڵێین سیاق ئەو فاکتەرەیە کە لە لایەن شیکەرەوەکانی شیعری سۆفیگەرییەوە کەمتر لە فاکتەرەکانی تر گرنگی پێدراوە، (سعیدی کرمانی) لە باسی شیعرەکانی (حافیزی شیرازی)دا دەنگی نارەزایی بەرزکردووە، لەم بارەیەوە دواوە کە گوایە تا لێکۆلەرەوەکان دەگەن بە یەکێك لەو زاراوە عیرفانییانەی کە لە شیعری حافیز دا بەکارهێنراون یەکسەر لە جیاتی ئەوەی کە لە دەق یاخود ژیان و سەردەمی شاعیر بکۆلنەوە بەرەو فەرهەنگەکان یاخود سەرچاوەکانی سۆفیگەری دەچن،بۆ نموونە دەڵێن فلان شێخ دەربارەی واتای (سەما) وای ووتووە،لە فلان فەرهەنگ دا وا هاتووە،ڕۆژێك لە ڕۆژان فلان شێخ لە سەما دا وای کردووە و...تاد[1] ئیتر بەم شێوەیە ووردە ووردە شیکەرەوە لە شیعر بەدوور دەکەوێت و بەرە و سۆفیگەری وەکو ڕێبازێك دەچێت ئەمە لەو کاتە دا کە بەکارهێنانی ئەم وشە و زاراوانە زۆربەی جاران هەڵگری ئەو مەدلوولانە نییە کە ئەوان ئاماژەیان پێداوە.

ئەگەر تەماشای ئەو پەیوەندییە سینتاگماتیکیانەی کە لە شیعری سۆفیگەری دا باون بکەین ناتوانین بڵێین کە ووشەی (خەرقە)واتە جلی تایبەت بە سۆفییەکان وەکو نیشانەیەك کە لە ئاستی سیمبۆلەکان دایە لە هەموو شوێنێك دا واتایەکی دیاریکراو دەبەخشێت[2] واتە زنجیرەی مەدلوولەکان بە پێی جۆر و شێوەی پەیوەندییەکانەوە گۆڕانی بە سەر دا دێت، بۆ نموونە با بڕوانینە ئەم پەیوەندییانەی خوارەوە:

(١) خەرقە ⟵ بێزار بوونی خوا لە خەرقە ⟵ ڕیاکاری

(٢) خەرقە پۆشی ⟵ ئامرازێك بۆ پۆشاندنی کەم و کوڕییەکان

(٣) خەرقە ⟵ زاهدی ڕواڵەت پەرست ⟵ شاردنەوەی زوننار لە ژێر خەرقە

(٤) خەرقە ⟵ شووشتنەوەی خەرقە بە مەی ⟵ جل و بەرگی مەیفرۆشان چاکترە لە خەرقە

---

(١) سعید کرمانی. حافظ شناسی، بخش دوم، چاپ سوم، انتشارات پاژنگ، تهران، ١٣٦٨، ص١٩١.
(٢) همان مأخذ سابق ، ص ١٩٢-١٩٨.

لەمانەی سەرەوە دا نە تەنیا گۆڕان بە سەر واتای ووشەکە دا دێت بەڵکو شێوازی دەربڕین و کاریگەریەکانیشی دەگۆردرێن، زۆر سەختە بە هۆی ئەم پەیوەندییانەوە ئەو واتا عیرفانییەی کە لە فەرهەنگەکان دا هاتووە بە سازگار بزانرێت، لەم نموونانەی سەرەوە دا خەرقە هەڵگری کۆمەڵە مەدلوولێکی نێگەتیڤانەیە و توانجی بۆ ئاراستە دەکرێت،جا هەنە ئەوانەی کە وەستایانە دێن و ئەم بیرە نێگەتیڤانە دەخەنە ڕێرەوێکی پۆزەتیڤانە بە شێوەیەك کە لە بەرژەوەندیی ئایین و سۆفیگەری دا بێت.

هەر وەها (مەی) وەکو زاراوەیەکی سۆفیگەری بە پێی شوێنی خۆی لە سیاق دا زنجیرە مەدلوولی تایبەت و جیاوازی دەبێت، بۆ نموونە کاتێك کە ئەحمەدی خانی دەڵێت " ئەمما ژ مەیا ئەلەستێ مەستن"[1] ڕەهەندێکی تەواو سۆفیانە بە ووشەی (مەی) دەبەخشێت، ئیدی ناکرێت بە هاوشێوەی ئەو بەکارهێنانانە دابنرێت کە لە پاڵ مەیخانە و موغبەچە و سەماکردن دا خۆیان دەنوێنن.

لە شیعری سۆفیگەری دا نیشانەکان لە دۆخی مەلە کردن دان بۆیە هەر ووشەیەك بەردەوام خەریکی گۆڕینی مەدلوولەکانییەتی و بەرگی تازە دەکاتە بەر خۆی، دانانی مەدلوولێکی ڕەها بۆ نیشانەکان بەبێ بەرچاوگرتنی شوێن و پەیوەندییەکان گەورەترین ستەمە کە لە شیعری سۆفیگەری دەکرێت.

### ب- کاریگەریی میراتی شیعری کلاسیکی و زیندانە نیشانەییەکان:

ئەوەی کە گۆمانی لێ ناکرێت ئەوەیە کە شیعری کلاسیکی فارسی و کوردی لە زۆر رووەوە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری شیعری کۆنی عەرەبییەوە،هەر لە کێش و سەرواوە بگرە تا وەکو بنیات و قالبی شیعرەکان و هەندێ مەسەلەی پەیوەست بە ناوەڕۆکەوە.

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی شیعری عەرەبی کە تا ماوەیەکی زۆر کاری کردۆتە سەر شیعری کلاسیکی مللەتانی دراوسێ نەبوونی یەکێتی بابەتە کە لەوانەیە بە گرنگترین فاکتەری سنووردارکردنی سیاقی شیعرەکان دابنرێت.

---

(١) ئەحمەدی خانی. مەم و زین، ڤەژاندنی: پەروێزێ جیهانی، ناوەندا وەشانێن فەرهەنگ و ئەدەبا کوردی، انتشارت صلاح الدین، ارومیە، ١٣٦٧، ل ١٧٨.

ئەمە راستییێکە کە"شیعری عەرەبی تا ئەم دووابیانەش ئاشنای مەسەلەی یەکێتی بابەت نەبووبوو،لەوانەیە هۆی ئەمەش ئەوە بێت کە شاعیرانی عەرەب لە سەردەمەکانی ناوەراست وەکو نموونەیەك تەماشای شیعری جاهلیان دەکرد،ئەمە لە کاتێك دا کە یەکێتی بابەت لە شیعری جاهلی دا بە هیچ شێوەیەك بوونی نییە،شیعری جاهلی زۆر لە سەفای بیابانەوە دەچێت کە تێدا هەموو شتێك دەگونجێت."(١)

عەرەبەکان "وەکو ئەوەی کە لەم سەردەمە دا باوە شیعریان بە ئەزموونێکی مرۆڤایەتی لە قەلەم نەدەدا،لە توانایان دا نەبوو کە شیعری خۆیان بۆ بابەتێکی دیاریکراو تەرخان بکەن، ئەمانە تەنیا بە دەوری بابەتی سەرەکی دەسووڕانەوە بەبێ ئەوەی کە دیاردەی بە سەنتەر کردنی بابەتی سەرەکی لە شیعرەکانیان دا بەدی بکرێت، ئەمانە هەستیان بەوە نەدەکرد کە خەریکی ئافراندنی بەرهەمێکی عاتیفین کە پێویستە وەکو ئەزموونێکی تەواو دەربکەوێت، شیعری ئەمانە وەکو هەندێ بیرەوەری کاتی دێنە بەرچاو کە ناگەنە ئاستی ئەزموونێکی شیعری تەواو."(٢)

رەخنەی عەرەبی کۆنیش وای بە چاك زانیوە کە هەر دێرێك لە رووی واتاوە سەربەخۆ بێت، تەنانەت ئەگەر بکرێت نیوە دێر یاخود چواریەکی دێڕە شیعریش لە رووی واتاوە سەربەخۆ بێت، ئەمانە شانازییان بە (نابیغەی زوبیانی) کردووە کە دێڕە شیعرەکانی هەر وەها زۆر جار نیوە دێر و چواریەکی دێڕە شیعرەکانی لە رووی واتاوە سەربەخۆن و پەیوەندییان بە پاژەکانی دەوروبەری خۆیان نییە.(٣)

( ئیبن خەلدوون) لە سەر ئەم بنیاتە تەماشای شیعری کردووە، وتوویەتی کە " شیعر ئاخاوتنێکی رەوانە کە لە سەر بنیاتی خواستن و وەسفکردنەوە دامەزراوە، بەشەکانی بە هۆی کێش و رەوییەوە لە یەکتر جیاکراونەتەوە، هەر بەشێکیش لە رووی ئامانج و مەبەستەوە لەوانەی کە دەکەونە پێش و پاشی جیایە"(٤) (ئیبن ئەسیریش) کاتێك دەربارەی (تەسریع) دواوە، ئاماژەی بەوە داوە کە"ئەوەی لە تەسریع گرنگترە ئەوەیە کە

---

(١) د. شوقی ضیف.فی النقد الادبی، دار المعارف، القاهره، بلا، ص ١٥٥.
(٢) نفس المصدر السابق، ص١٤١.
(٣) حياة جاسم. وحدة القصيدة العربي حتى نهاية العصر العباسى، دار الحرية للطباعة، مطبعة الجمهورية، بغداد، ١٩٧٢، ص٦٠.
(٤) حياه جاسم. نفس المصدر السابق، ص٧٧.

هەر نیوە دێرێك لە رووی واتا و چەمکەوە سەربەخۆ بێت، بە شێوەیەك کە پێویستیی بەوەی کە لە پێش یان لە دووایەوە دێت نەبێت..."[1]

(ئیبن ئەسیر) زیاتر رۆیشتووە و داوای کردووە کە هەر نیوە دێرێك لە رووی واتاوە سەربەخۆ بێت، ناوبراو نە تەنیا بڕوای بە یەکێتی بابەت لە شیعر دا نییە بەڵکو بڕوای بە یەکێتی واتا لە ئاستی تاکە دێڕێکیش دا نییە.(قودامە بن جەعفەر)یش داکۆکی لە سەر ئەم ئەدگارە دەکات و بە پێویستی دەزانێت بەڵام تۆندرۆیانە تر دەروانێتە بابەتەکە و وا بە دیاردەخاتەوە کە ئەگەر دوو دێر لە رووی واتاییەوە بەیەکەوە بەستراو بن ئەوا لە رووی کێشیشەوە شیعرەکە  تووشی کەم و کوڕی دەبێت ، دەبێت واتا ئەوەندە بێت کە لە توانای عەرووز دا بێت لە تاکە دێرێك دا ئەو واتایە بگونجێنێت و بە سەرواوە کۆتایی پێ بێت.[2]

(د.غونەیمی هیلال)یش وا بۆی دەچێت کە رەخنەگرە عەرەبەکان نەگەیشتوونەتە ئەم تێگەیشتنە کە بڕوا بە یەکێتی بابەت و پێکهاتنی بەشەکان لە ناوەوە و تەنانەت یەکێتی ئەزموونیش بهێنن[3] (د.عزالدین اسماعیل)یش ئاماژەی بەوە داوە کە رەخنەی عەرەبی لە سەر بنیاتی تاکەدێڕ بنیاتنراوە نەك یەکێتی شیعرەوە، رەخنەگرە عەرەبەکان گرنگیان بە تاکەدێڕ داوە و وا بیریان نەکردۆتەوە کە یەکێتی هەستە کە پێویستە لەم بووارە رۆڵی خۆی  ببینێت[4]

هەندێ کەس دێن ئەم کەم و کۆڕییە بە زمانی عەرەبییەوە دەبەستن، گوایە کە"زمانی عەرەبی حەز لە کورتبڕی دەکات، تاکە دێریش دیلی زمانەکانە و خەلك حەزیان لەوەیە کە بیگێڕنەوە، بۆیە چاکتر وایە کە لە رووی واتاوە کامیل بێت و پێویستی بە دێڕەکانی دوای خۆی نەبێت"[5]،بەم پێیە زۆربەی زۆری رەخنەگرە عەرەبەکان دانیان بەوە ناوە کە یەکێتی بابەت لە شیعری کۆنی عەرەبی دا بەرچاو نەگیراوە و تەنانەت بە کەم وکوریش لە قەلەم دراوە.

---

(١) نفس المصدر السابق، ص٧٧.
(٢) نفس المصدر السابق، ص٧٨.
(٣) د. غنيمي هلال. النقد الادبي الحديث، دار و مطابع النهضة، القاهره، بلا، ص٢٠٣.
(٤) د. عزالدين اسماعيل. اسس الجماليه فى النقد العربى، القاهره، ١٩٦٠، ص١٣٦.
(٥) د. احمد حمد بدوي. اسس النقد العربى عند العرب، مطبعة الرساله، القاهره، بلا، ص٦٠.

ئەم دیاردەیە  بە زەقی کاری کردۆتە سەر شیعری فارسی و کوردی ، لەو شیعرانەی کە لە ژێر کاریگەری شیعری کلاسیکی عەرەبی بنیاتنراون زۆربەی جاران پەیوەندییەکی وا لە نێوان دێڕەکان دا بە دی ناکرێت،بۆیە زۆر جار دەتوانین شوێنی نێوە دێڕەکان بگۆڕین بە بێ ئەوەی کە گۆڕانێکی وا لە واتای شیعرەکە دا  روودبدات،ئەمە خۆی خۆلقێنەری گەورەترین زیندانی سیاقییە بۆ نیشانەکان،پەیوەندیی نێوان نیشانەکان تەنیا لە چوارچێوەی دێڕە شیعرێك دا بەدەردەکەوێت و کاتێك کە لە دێڕێکەوە تێپەڕی،ئیتر سیاق چەمکی خۆی لە دەست دەدات.

جگە لە مەسەلەی نەبوونی یەکێتی بابەت لە شیعر و رەخنەی عەرەبی دا زیندانێکی تری سیاقی بەدی دەکرێت ئەویش ئەو دەستوورە ستوونییەیە کە بۆ دێڕەکانی شیعر لە رووی واتا و مەبەست دانراوە، لێرە دا سەرەتا و ناوەند و کۆتایی شیعر دەستنیشانکراوە، دەستوورێك بۆ شاعیر دانراوە کە دەبێت چۆن و لە چییەوە دەست پێ بکات و بەرەو چی بڕوات و لە کۆتایی دا چی بکات.

(ئیبن قوتەیبە) لەم بارەیەوە وتوویەتی لە"هەندێ لە بسپۆرانی ئەدەب بیستوومە کە دەیانگوت مەبەستی شیعر ئەوەیە کە لە بە بیرهێنانەوەی یار و وڵات و شێنوارەکان و گریانەوە دەست پێ بکات و بەرەو... بڕوات، شاعیری چاك ئەوەیە کە ئەم شێوازانە بپارێزێت و هاوسەنگییێك بخاتە نێوانیان بە شێوەیەك کە یەکێکیان لەوەی تر بەرفراوانتر نەبێت.[1]

شیعری عەرەبی تا ماوەیەکی زۆر گیرۆدەی ئەم گرفتە لە تەوەرەی ستوونیی شیعر دا بووە ، وەستان لە سەر ئەتلال و وێرانەکان ،گریان بۆ خۆشەویست و وەسفی ووشتر و رێگە و نوواندنی رێگە و شوێنە بیابانییەکان لە مەرجەکانی شیعر بوون، دەبووایە هەر یەکێك لەم مەبەستانەش لە شوێنی تایبەتی خۆیان باسکرابانەوە.

(د.عەلی وەردی) لەم بارەیەوە وتوویەتی کە"کاتێك شیعری عەرەبی لە بادییەوە دەرچووە و بەرەو شارستانییەتەوە هاتووە، هێشتا بە زۆربەی واتا و چەمکەکان ژیانی بەدەوییەوە بەستراو بووە، ئەم دیاردە کۆمەلایەتییە سەرنج راکێشەرە،وای لە شاعیران کردووە کە لە شیعرەکانیان دا بە زۆربەی نرخەکانی کۆمەڵگای جاهلییەوە بەستراو بن، سەرەرای ئەوەی کە ژیانی بادییەیان بە چاوی خۆ نەبینیوە و تێدا  نەژیاون"[2]

---

(١) عبدالله بن مسلم ابن قتيبه. الشعر و الشعراء، دار الثقافة، بيروت، ١٩٦٤، ص ١٨٢- ١٨٣.

(٢) د. علي وردي.نفس المصدر السابق، ص ١٠١.

ئەمەش زیندانێکی تری سیاقییە کە بۆ نیشانەکان دانراوە لێرە دا تەنانەت لە چوارچێوەی دێرێکیش ئازادی تەواو بەدی ناکرێت و شاعیر بە کۆمەڵە چەمکێکی کۆنەوە بەستراوە، دەبێت شاعیر ئاگاداری بابەتەکان بێت بزانێت کەی کۆتایی بە یەکێك لە بابەتەکان دەهێنێت بۆ ئەوەی بچێتە سەر بابەتێکی تر، راستە لەوانەیە کە ئەم فاکتەرە کەمتر کاری کردبێتە سەر شیعری فارسی و کوردی بەلاّم لە گەلّ ئەمەش دا ناتوانین نکۆڵی لە کاریگەرییەکانی بکەین.

دوایین زیندانی سیاقی کە سیستەمی نیشانەیی دەورەداوە بنیات و قالبی شیعری کۆنی عەرەبییە بە تایبەت کێشی شیعر و سەروای یەکگرتوو،"کاتێك شاعیر لە چوارچێوەیەکی تایبەتی واتە کێش و سەروایێکی دیاریکراوەوە شیعر دەنووسێت زنجیرەی ووشەکان لە تەوەرەی سینتاگماتیك دا لەگەڵ جۆرە سنوور داربوونێك رووبەروو دەبێت،ئەم سنووردار‌بوونە لە ئەنجامی بەرتەنگ بوونی رادەی گونجانی نیوە دێرەکان و کێش و سنووری سەروا دێتە ئاراوە، ئەم فاکتەرانە دەبنە هۆی سنووردار کردنی چۆنییەتی بیرکردنەوە و زنجیرەی پەیوەندییە پارادیگماتیکییەکان، بۆیە ئەم شیمانەیە لە ئارادایە کە شیعری دوو شاعیر لە یەکەوە بچن بە بێ ئەوەی کە شیعری یەکتریان بینی بێت"[(١)]

(ئیبن رەشیق) یش ئاماژەی بەمە داوە و وتوویەتی کە"کاتێك شاعیرێك خەریکی نووسینی شیعرێك دەبێت لە سەر بناغەی سەروا و کێشی شاعیرانی پێش خۆی شیعر دەنووسێت، کێش وسیاقی شیعرەکان ناچاری دەکەن کە هەندێ جار هەمان ووتەی شاعیرانی پێش خۆی دووبارە بکاتەوە"[(٢)]

(د. شەفیعی کەدکونی) ئاماژەی بەوە داوە کە ئەم جۆرە ئەدگارە و بیرکردنەوانەی کە لە شیعر و رەخنەی عەرەبی دا باویان هەبووە کارێکی گەورەی کردۆتە سەر شیعری فارسی و بە گشتی تەوەرەی ستوونی شیعریان لاواز کردووە، تەواوی داهێنانەکان لە تەوەرەی ئاسۆیی دا ئەنجام دەدرێن لێرەش دا بە هۆی ئەو سنووردارکردنەوانەی باسمان کردن زۆربەی ئەم داهێنانە لە سەر بناغەی دووبارەبوون و دزی پێشکەش کراون.[(٣)]

---

(١) د. محمد رضا شفيعى كدكنى.. همان مأخذ سابق، ص ٢١٤.
(٢) همان مأخذ سابق، ص ٢١٤.
(٣) همان مأخذ سابق، ص١٧٠.

ئەم سێ زیندانی نیشانەیی کاریان کردۆتە سەر شیعری کلاسیکی کوردی بەلاّم رادەی کاریگەری هەر یەکێکیان لەوەی تر جیاوازە، شیعری سۆفیگەریش وەکو بەشێك لە ئەدەبی کلاسیکی کاردانەوەی جیاوازی بەرامبەر بەم کۆتانە هەبووە، بە گشتی نەیانتوانیوە خۆیان لە کوتی یەکەم رزگار بکەن بەلاّم بە هۆی ئەوەی کە سۆفییەکان خاوەنی ئەزموونێکی دەروونی تایبەتن بۆیە هەندێ شێوازیان بەکارهێناوە کە جۆرە یەکگرتنێك لە نێوان دێڕەکان دا سازدەکەن، بەمەش دەبنە هۆی بەرفراوانبوونی سیاق، سەبارەت بە کۆتی دووەم سۆفییەکان گۆڕانێکی گەورەیان خستووتە ئەو ریزبەندییە کە لە تەوەرەی ستوونی دا باو بووە، دەکرێت بلّێین پەیگیریان بە هیچ یاسایەکی دیاریکراو نەکردووە، جۆرە رەنگاورەنگییێکی تەواویان خستووتە بنیاتی شیعرەوە، بەجۆرێك کە ناتوانین چاوەروانی بابەتێکی دیاریکراو یاخود رێکخستنێکی چەسپاو بین، دەربارەی کۆتی سێیەمیش دەتوانین بلّێین گۆڕانێکی وای بەسەر دا نەهاتووە و هەر هێز و کاریگەریی خۆی بە سەر شیعری سۆفیگەری دا هەبووە.

### ج- کاریگەریی دیاردەی فرەزمانی:

ئەگەر بڕوانینە شیعری سۆفیگەری، دەبینین کاتێك لە ئەدەبی عەرەبی دا بە شێوەیەکی سەرەتایی سەری هەلّداوە زیاتر زاراوەکانی خۆی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگرتووە، نموونەی ئەم راستییەش ئەو زاراوانەن کە (ئیبن عەرەبی) بەکاریانی هێناوە.

دوواتر کە سۆفیگەری بەشێوەیەکی بەرفراوان و بەهێز لە نێو میللەتانی ترەوە سەری هەلّداوە مەسەلە چوارچێوەیەکی تری بە خۆیەوە گرتووە، بۆ نموونە زۆربەی ئەو زاراوانەی کە لە شیعری سۆفیگەری عەرەبی دا باو بووینە هاوکات لەگەلّ کۆمەلّێکی زۆر لە ووشە عەرەبییەکان گوێزراونەتەوە بۆ نێو شیعری سۆفیگەری فارسی، شاعیرە فارسەکانیش کۆمەلّێك زاراوەی نوێیان کە لە زمانی فارسی و کەلەپۆری ئێرانەوە وەرگرتبوو خستە نێو شیعری سۆفیگەرییەوە،لێرە دا ژمارەی ووشە عەرەبییەکان ئەوەندە زۆرە کە ناتوانین بلّێین کە سیاقی ئەم شیعرە تەنیا لە سەر بناغەی زمانی فارسی دامەزراوە بەلّکو زمانی عەرەبی ئەوەندە چالاکە کە لە تەك زمانی فارسی لە مێشکی شاعیر دا خەریکی نواندنی چالاکییە. کاتێك کە شیعری سۆفیگەری لە ئەدەبی کوردی دا سەری هەلّداوە ئەزموونی نیشانەیی شیعری سۆفیگەری عەرەبی و فارسی گوێزراوەتەوە بۆ نێو

ئەم شیعرە دا و مەودای پەیوەندییە نیشانەییەکانی نێو سیاقەکە یەکجار بەرفراوان بووە،شاعیر تەنیا سوودی لە نیشانەکانی زمانی کوردی وەرنەگرتووە بەڵکو رووی کردۆتە زمانی عەرەبی و فارسی بەمە شاعیری سۆفی لە ئەدەبی کوردی دا خاوەنی سێ کۆمەڵی نیشانەیی بەهێزە کە پێکەوە کار دەکەن ئەمە سەرەرای ئەو ووشانەی کە سەربە زمانەکانی ترن وەکو زمانی تورکی بەلاٚم هێزی ئەم زمانە لەو ئاستە دا نییە کە وەکو کۆمەڵەیەك چالاکی بنوێنێت،بەم پێیە بوواری نیشانەیی لە شیعری سۆفیگەری کوردی دا بەرفراوانترە لە هاوتاکانی خۆی لە شیعری فارسی و عەرەبی دا.

لە سەر ئەم بناغەیە پەیوەندییە سینتاگماتیکی و پارادیگماتیکییەکانی شیعری سۆفیگەری کوردی تایبەتی خۆیانیان هەیە، جۆراو جۆری پەیوەندییە سینتاگماتیکییەکان و هەبوونی چەند چینی فرەزمانی لە پەیوەندییە پارادیگماتیکییەکان دا گرنگترین تایبەتمەندیی زمانی شیعری سۆفیگەری کوردین.

ئەم فرە زمانییە لە شیعری سۆفیگەری دا ئەوەندە بەهێزە کە زۆر جار ووشە عەرەبی و فارسییەکان زال دەبنە سەر ووشە کوردییەکان و ئەگەر پەیوەندییە سینتاکسییەکان لە ئارا دا نەبن ناتوانین بڵێین کە شیعرەکە بە زمانی کوردی نووسراوە،ئەگەر ئەم دیاردەیە لە هەندێ رووەوە بە دیاردەیەکی نێگەتیف دابنرێت ئەوا لە دیدێکی سیمیۆلۆژییەوە گرنگی خۆی دەبێت، ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین کە شاعیری سۆفی لە ئەدەبی کوردی دا کاتێك خەریکی نووسینی شیعر دەبێت سێ کۆمەڵەی پارادیگماتیکی جیاواز لە مێشکی دا چالاك دەبن ، بە شێوەیەك کە ناتوانین پێشبینی ئەوە بکەین کە پەیوەندییە پارادیگماتیکییەکان هەتا کوێ دەرۆن و لە کوێ لەنگەر دەگرن.

# باسی چوارەم: پەیوەندی نێوان دەقەکان (دەقاویزان) و هاتنە کایەوەی تۆڕێکی نیشانەیی

## أ- پەیوندیی بە سەرچاوە شیعرییەکان و گرفتی لاساییکردنەوە:

ئەم قسەیە زۆر جار دووبارە کراوە کە لاسایکردنەوە یەکێکە لە ئەدگارەکانی ئەدەبیاتی کلاسیزمی بەلآم ئەم لاسایکردنەوەیەی کە مەبەستمانە لە سنووری شێواز و کێش و قالبەکانەوە تێپەر دەبێت بەرەو هاوبەشی لە نیشانەکان و وەرگرتنی دەقاودەق و جۆرە دزیێکی نیشانەیی دەروات.

دزیی ئەدەبی"شوێنێکی فرەمەزنی لە رەخنەی ئەدەبی عەرەبی دا داگیرکردووە،لە راستی دا زاراوەی دزیی زاراوەیەك نییە بۆ لۆمەکردن بەڵکو زاراوەیەکی گشتی یە بە جۆرەها وەرگرتن دەگوترێت هەندێ جار بۆ مەبەستی شکاندنی شاعیر و کەمکردنەوەی رەسەنایەتی بەکاردێت، وەرگرتن لە پێشوونان، وەرگرتن نەك بە رێگای گواستنەوە، بەڵکو وەرگرتنی کەرەستەی سەرەتایی بۆ پیشەکەی و پاشان داهێنان و ئەفراندنی تێدا بکات، کێشەی دزیی ئەدەبی، کێشەی نێوان شیعری کۆن و شیعری نوێ یە، کێشەی رەسەنایەتی یە،کێشەی لاسایی کردنەوە و نوێ کردنەوەیە لە شیعر دا، کێشەی کارتێکردن و کارلێ کردنە لە شیعردا"،[1] لە شیعری عەرەبی کۆن تەنانەت لە سەردەمی جاهلیش دزی ئەدەبی لە ئارا دا بووە و هەندێ شاعیر دزییان لە یەکتر کردووە، ئەمەش بە چەندین شێوازی جیاوازەوە[2]، ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکە کە (ئیبن رەشیق) وتوویەتی "ئەمە بابەتێکی زۆر بەرفراوانە هیچ یەکێك لە شاعیران لێی رزگار نەبوونەتەوە".[3]

---

(١) د. کەمال مەعروف، ئەدەبیاتی کلاسیکی نوێخوازی کوردی، چاپخانەی: ژین،سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٤٧.

(٢) د. هند حسین طه. نفس المصدر السابق، ص ١٨١.

(٣) نفس المصدر السابق، ص١٩٠.

سەیر ئەوەیە کە رەخنەگرە عەرەبەکان  بە دیدێکی تایبەتەوە سەیری مەسەلەکەیان کردووە و زۆربەی جاران بە نەریتێکی  پۆزەتیڤانەیان زانیوە، بۆ نموونە (ئیبن قوتەیبە) وەکو هونەرێك روانیوەتە ئەم دیاردەیە و ئاماژەی بە بیرۆکەی دزیی چاکی داوە،ئەمەش ئەوەیە کە شاعیر ئاماژەی پێ دابێت و هەندێ شتی نوێ لە سەری زیاد کردبێت، بەمەش ویستوویەتی مەسەلە لە بازنەی تاوانبار کردنەوە بباتە دەرەوە.(١)

بە گشتی ئامانجی شاعیری عەرەب"ئەمە نەبووە کە بیرێکی تازە بدۆزێتەوە یاخود بەرامبەری خۆی بخاتە ژێر کاریگەریی رەسەنایەتی بیرەکانەوە، بەڵکو مەبەستی وەرگرتنی بیرێکی کۆن و بۆیاخکردنییە ، ئەمەش بە پێی ئەو هێزەی کە هەیەتی ،لە پێناو ئەوەی کە لە دەربڕین دا بە سەر هاوتاکانی خۆی لە شاعیران زاڵ ببێت."(٢)

ئەگەر تەماشای ئەو نووسراوە رەخنەییانە کە دەربارەی دوو شاعیری عەرەب واتە (ئەبی تەمام) و (بوحتوری) نووسراون بکەین، زۆر لە رەهەندەکانی کێشەکە بۆمان روون دەبنەوە،شاعیری یەکەم کۆمەڵە داهێنانێکی لە شیعردا پێشکەش کردووە،کەچی هی دووەم خۆی بە پەیرەوی شاعیرە کۆنەکانەوە بەستووە و تا رادەیەکی زۆر لە رێبازیان لای نەداوە.

(ئامەدی) کتێبێکی تایبەتی بۆ بەراوورد کردن لە نێوان ئەم دوو شاعیرە داناوە کە تێدا بەردەوام رەخنە ئاراستەی (ئەبی تەمام) دەکرێت و ستایشی (بوحتوری) دەکرێت،لە شوێنێکی ئەم بەرهەمە دا یەکێك لە سەیرترین بۆچوونەکانی رەخنەی عەرەبیمان بەرچاو دەکەوێت،ناوبراو وا بەدیاردەخاتەوە کە زۆربەی واتاکان گشتین و تەواوی شاعیران تێدا هاوبەشن بە بێ ئەوەی یەکێکیان بالادەست بێت بە سەر ئەوەی تردا و ناکرێت بڵێین هی دووەم لە هی یەکەم وەری گرتووە، ئەوەی دەکەوێتە پێشەوە هیچ بالادەستییێکی بە سەر ئەوەی کە لە دواوە دێت نییە، ئەوانەی وەرگیراو بن یاخود دزراو بن

---

(١) نفس المصدر السابق، ص ١٨٨.

(٢) د. محمد رضا شفیعی کدکنی. هەمان مأخذ سابق، ص ٢١٥-٢١٦.

ئەو واتا تایبەت و نوێیانەن کە شاعیران تێدا هاوبەش نین"،[1] کەواتە بۆ شاعیر هەیە ئەو دەربڕینە سوواوانەی کە زۆرکۆن بوونەتەوە وەربگرێت و لە شیعری خۆی دا بەکاریان بهێنێت بەلاّم ناکرێت ئەگەر شاعیرێك شتێکی نوێی داهێناوە سوود لێی وەربگرێت چونکە بە دزی دادەنرێت ،ئەمەش خۆی داواییێکە بۆ سووڕانەوە لە بازنەیەکی دیاریکراو دا کە کۆمەڵە نیشانەیەکی دەستنیشانکراو بە خۆیەوە دەگرێت، لە سەر ئەم بناغەیە (ئەبی تەمام) تاوانبار دەکرێت و (بوحتوری) بە شاعیرێکی رەسەن دادەنرێت.

(ئیبن موعتەز)یش هەڵوێستێکی دووانەیی بەرامبەر بە شیعرەکانی (ئەبی تەمام) هەبووە ئەو شیعرانەی بە گرنگ و چاك لە قەلەم داوە کە تێدا رێگە و رێبازی پێشینیانی گرتۆتە بەر و جاریش بە توندی ئەو شێوازەی رەت کردووە کە لە نەریتی شیعری پێشینان دابڕاوە،[2] ئەمەش خۆی داواکردنێکە لە شاعیرە نوێیەکان کە لە شیعرەکانیان دا تەنیا سوود لەو نیشانانە وەربگرن کە پێشینان بەکاریان هێناوە،بە گشتی "زۆربەی زمانزانان هەلوێستێکی ئاشکرایان بەرامبەر بە شیعری نوێ هەبووە بە تایبەت شیعری (ابی تمام)، ئەمانە لە شتی نوێ دا هیچ چاکییێك بەدی ناکەن و تەنیا پاڵپشتی شتە کۆنەکانن."[3]

روانینی رەخنەی عەرەبی بۆ زمانی شیعر زۆر نامۆیە، بۆ نموونە (عەلی بن عەبدولعەزیزی جورجانی) ئاماژەی بەوە داوە کە هاوسەردەمەکانی زۆر لە دزییەوە نزیك بوونەتەوە، ئەمەش لە ناچارییەوە هاتووتە ئارا چونکە گوایە پێشینیان زۆربەی واتاکانیان بەدیارخستووە و شتێکی وایان بۆ ئەوانەی لە دواوە هاتوون بەجێ نەهێشتووە، شاعیرانی سەردەمەکەی تەنیا دەتوانن سوود لە پاشماوەکان وەربگرن کە شاعیرانی پێشوو یان پشتیان لێکردووە یان ئەوەندە قورس و دوورەدەستن کە لە توانایان دا نییە بیاندۆزنەوە. بۆچوونی لەم شێوەیە زۆر بووە وای لە شاعیران کردووە کە هەستێکی قووڵ لایان دروست ببێت سەبارەت بەوەی کە پێشینان واتاکانیان بەدیارخستووە و شتێك بۆیان بەجێ نەماوە

---

(١) د. شوقي ضيف.. البلاغة تطور و تاريخ، الطبة الحاديه عشره، دار المعارف للنشر، بلا، بلا، ص ١٣٤ - ١٣٦.

(٢) د. وليد محمود خالصي. الدرس النقدى القديم بين النظرية و المصطلح، من منشورات، مؤسسه الوراق للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠٠٢، ص.

(٣) د. وليد محمود خالصي. نفس المصدر السابق، ص ١١٨

کەمێك نەبێت، ئەمەش لە سەدەی چوارەمی کۆچی دا تەواو پەسند کراوە،بەمەش شیعری عەرەبی تووشی وەستان بووە و شاعیران هەوڵی دۆزینەوەی واتای تازەیان نەداوە و تەنیا کاریان لە سەر واتا کۆنەکان کردووە(١)

بەم پێیە دەتوانین بڵێین کە ئیتر شاعیر بە دوای نیشانە و سیمبۆلی تازە نەبووە بەڵکو ویستوویەتی داهێنانی خۆی بە هۆی ئەو نیشانە کۆنانە کە پەیوەندییێکی تازەی لە نێوانیان دا خۆلقاندووە بەدیاربخاتەوە.

شیعری کلاسیکی عەرەبی شیعرێکی تەواو سنووردار بووە، رەخنەگرە عەرەبەکان بە توندی دژی هەر نوێکردنەوەیەك وەستاون،یەکێك لەم تۆندرۆیانە (ئیبن قوتەیبە) بووە کە لە (شیعر و شعراو) دا ئاماژەی بەوە داوە کە"بۆ شاعیرە نوێیەکان رەوا نییە لە شێوازی پێشینان دووربکەونەوە، لە بەرامبەر خانوویەکی ئاوەدان بوەستن و بۆ ئاواییە بەرزەکان بگرین چونکە پێشینیان لە سەر کلاوەکان و ئاواییە کۆن و داروخاوەکان وەستاون و گریاون، هەر وەها نابێت بارهەڵگری شاعیر ئێستر یاخود وولاخێك بێت کە شاعیری وەسفی دەکات چونکە پێشینیان سواری ووشتر بوونەتەوە،رەوا نییە لە رێگەی گەیشتن بە بارەگای ستایشکراو لە دەشت و نێرگزەجارە و گولزارەکان گوزەر بکات چونکە پێشینان بیابانە پڕ درك و داڵەکانیان بڕیوە."[1] ئەمە لە رادەی سنووردارکردنەوەی نیشانەکانیش تێپەر دەبێت و بەرەو چەمکێکی تر دەروات کە دەتوانین ناوی لێ بنێین (دیکتاتۆریەتی نیشانەکان).

شیعری عەرەبی لەم رووە کارێکی گەورەی کردۆتە سەر شیعری فارسی،گوایە لە نیوەی دووەمی سەدەی پێنجەم بە دواوە زۆربەی شاعیرە بەناوبانگەکانی ئێران جگە لە دزین و وەرگرتن شتێکی تریان نەکردووە،ئەمەش خۆی نیشانەی داروخانی شیعری فارسی بووە.[2]

رەخنەگرە کۆنەکان نە تەنیا بیرۆکەی لاسایکردنەوەیان بە هێز دەخست بەڵکو هەندێ رێگای پراکتیکیشیان بۆ دادەنا، بۆ نموونە (نیزامی عەرووزی) دەربارەی شاعیر ئاماژە بەوە دەدات کە"شاعیر ناگاتە قوناغی پێگەیشتن و مانەوە تەنیا لەو کاتە دا نەبێت کە لە

---

(١) د. شوقي ضيف.. البلاغه، تطور و تاريخ، نفس المصدر السابق، ص١٣٧.
(٢) عبدالله بن مسلم ابن قتيبه. نفس المصدر السابق، ١٩٦٤، ص ١٤-١٥

تەمەنی گەنجێتی دا فێری بیست هەزار شیعر لە شیعری شاعیرانی پێشوو ببێت و دە هەزار ووشە لە بەرهەمەکانیان رەچاوبکات، بەردەوام دیوانی مامۆستاکانی خۆی بخوێنێتەوە و فێریان ببێت"[1]

بەم شێوەیە شیعری کلاسیکیی عەرەبی و فارسی فەرهەنگێکی داخراویان هەبووە،دەکرێت بۆ خواستن و لێکچوواندن و هێماکانیان خشتەی تایبەتی دابنرێت و سنووریان بۆ دەستنیشان بکرێت،بۆ نموونە دەتوانین کتێبەکەی (انیس العشاق)ی (شەرەفودینی رامی) وەك بەلگە بهێنین.

نووسەر لەم کتێبە دا هاتووە و ئەو لێکچوواندن و خواستنانەی کە لە شیعری فارسی دا باو بوون، کۆ کردووە و بە سەر چەند بەشێك دا بەشیان کردووە،ئەم کتێبە کە بریتیە لە نۆزدە بەش و کۆتاییێك، تەنیا بریتیە لەو خواستن و لێکچوواندنانەی کە شاعیران دەربارەی ئەندامەکانی لەشی خۆشەویست بەکاریان هێناوە، بەشی یەکەم لە سیفەتەکانی قژ ، دووەم ناوچاوان، سێیەم برۆ، چوارەم چاو، و...تاد(١)لە شوێنێك کە نووسەر باسی ئەو لێکچوواندنانە دەکات کە بۆ قژ بە کارهێنراون دوای دەستنیشان کردنیان دەچێتە سەر شیعرێکی (ڤوهیرەدینی فاریابی) کە تێدا زولفی بە جادوو چوواندووە و لەم بارەیەوە دەڵێت کە ئەم لێچوواندنە (موختەریع)ە، لە ریزی لێکچوواندنەکانی قژ دا نەیهێناوە جونکە جەماوەری شاعیران لە بەکارهێنانی دا رێك نەکەوتوون[2]

ئەم جۆرە سنووردارکردنەوانە بۆنەتە هۆی ئەوەی کە شیعری کلاسیکی عەرەبی و فارسی ووردە ووردە بەرەو دارووخان برۆن و ئیتر شتێکی نوێیان پێ نەبێت، ئەمە پەیوەندییێکی دەڤگیریی ناچارانە بووە کە شاعیران تووشی بونەتەوە، ئەو دەڤاوێزانەی کە گەورەترین کەرستەی دارمانی ئەدەبەکەیان بووە.

(د. شوقی چیف) لەم بارەیەوە دەڵێت" هەر ئەدەبێك خاوەنی ئەدگار و سروشتەکانی خۆیەتی،خواستن و لێکچوواندن و مەجازی تایبەت بە خۆی هەیە کە دەتوانین بە وێنەکانی لە قەلەمیان بدەین، ئەو وێنە گیانییانەی کە لە جەوهەری بوونی نەتەوەکە و گیانەکەی دا نەخشیان بەستووە،هەر لێرەوەیە کە دەتوانین هەست بە کەوتنی هونەرمەند

(١) د. محمد رضا شفیعی کدکنی. هەمان مأخذ سابق، ص ٢٠٧

(٢) د. محمد رضا شفیعی کدکنی. هەمان مأخذ سابق، ص ٢٠٤.

بکەین کاتێك کە بە هۆی وێنە کۆنەکانەوە کە مۆلکی ئەوانی ترن داهێنان دەکات و ژیان دەباتە سەر"[1]

شیعری سۆفیگەری توانی کۆمەڵێك گۆڕانکاری گەورە دژ بەم پەیرەوە بهێنێتە کایەوە بەڵام لەگەڵ ئەمەش دا ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین کە ئەمانەش دوواتر کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەم دیاردەیە،راستە ئەمانە کۆمەڵە واتای نوێیان پێشکەش کردووە بەڵام بەشی زۆریشیان وەرگیراون،هەر بۆ نموونە ئەو"وەسفەی کە لە لایەن سۆفییەکانەوە بۆ خەمر و مەی کراوە پێش ئەوانیش بە جیاوازییێکی کەم بوونی هەبووە بەڵام شاعیرە کۆنەکانی ئەم بوارە وەسفێکی مادییان بۆ کردووە ، ئەمە لەو کـاتـە دا کە گوایە سۆفییەکان وەسفێکی مەعنەوییان بۆ کردووە و جاڕی ئەوەیان لێداوە کە مەبەستیان مەیی راستەقینە نییە."[2]

بە گشتی نکۆڵی لە داهێنانی سۆفییەکان ناکرێت،"شاعیرە سۆفییەکان بۆ دەربڕینی خۆشەویستی خوایی پەنایان بردۆتە بەر هەندێ شێواز کە لە شیعری غەزەلی پێش خۆیان باو بوون،بەمەش تانوپۆیێکی شیعرییان خۆلقاندووە کە لە رووی دەلالەتە دەرەکییەکانەوە ئاشکرا بووە بەڵام دەلالەتی ناوەکی ئاوێتەی هەبووە."[3]

شیعری سۆفیگەری لە سەرەتای سەرهەڵدانی خۆی دا داهێنەرانە بووە چونکە رەنگ و بۆیێکی تازەی بە زمان بەخشیوە لێرە دا وەرگرتنی کەرەستە زمانییەکان راستەوخۆ و دەقاودەق نەبووە بەڵام ئەوەی کە کارێکی نێگەتیڤانەی کردە سەر ئەم جۆرە شیعرە ئەو پەیوەندییە دەڤگیرییانەی کە لە نێو خودی شاعیرە سۆفییەکان دا باوی سەند، ئەم شاعیرانە لاسایی یەکتریان کرد و بەردەوام نیشانەیان لە یەکتر وەردەگرت، ئیتر تا رادەیەکی زۆر دەرگای داهێنانیان لە سەر خۆ گرتەوە، دانانی فەرهەنگە تایبەتییەکانیش بۆ شیکردنەوەی زاراوەکانی سۆفیگەری یەکێك لە گرنگترینی ئەم فاکتەرانە بوو کە کاری کردە سەر قووڵکردنەوەی ریشەکانی ئەم دیاردەیە لە شیعری سۆفیگەری دا.

شاعیرە فارس نووسەکان توانیویانە کۆمەڵێکی زۆر لە نیشانەکان پێشکەش بە شیعری سۆفیگەری بکەن وەکو(ئاتشکەدە، زەردەشت، موغان، رۆستەم،...)بەڵام دوواتر ئەم پرۆسەی

---

(١) د. شوقي ضيف.. في النقد الادبي، نفس المصدر السابق، ص ١٦٨

(٢) امين يوسف عوده. نفس المصدر السابق، ص١٩٠.

(٣) د. عبداقادر موسى المحمدى. نفس المصدر السابق، ص ٧٤-٧٥.

داهێنانە بەرەو داخرانەوە رۆیشتووە و شاعیران خەریکی لاسایکردنەوەی ئەم نیشانانە بوونەتەوە.

لە شیعری کوردیشدا ئەم دیاردەیە بەدی دەکرێت ، شاعیرە سۆفییەکانی کورد ژمارەیەکی زۆر لە نیشانەکانیان لە ئەدەبی سۆفیگەریی فارسی و عەرەبی وەرگرتووە،بەلاَم سەبارەت بەوە نیشانە تازانەی کە لە لایەن شاعیرە کوردەکانەوە خراونەتە سەر ئەم گەنجینەیە دەتوانین بلێین کە گواستنەوە و وەرگرتنی ئەم نیشانانە لە نێوان خودی ئەم شاعیرانە دا کەمتر بەدی دەکرێت،رەنگە گرنگترین هۆکاری ئەم دیاردەیەش دابڕانی مێژوویی نێوان سەردەمەکانیان و دووریی جۆگرافی و جیاوازیی دیالێکتەکان بێت.

ژمارەی ئەو نیشانانەی کە بە چەمکێکی ئەدەبییەوە لە ئاستی سیمبۆل دا بن و لە لایەن شاعیرە کوردەکانەوە داهێنرابن بە بەراوورد کردن لەگەڵ هاوتاکانیان لە زمانی عەرەبی و فارسی کەمترە، شیعری کلاسیکی کوردی کە سەری هەڵداوە ،شیعرێکی سۆفیگەری بووە،بە پێی ئەو ئەدەبە نووسراوەی کە پێمان گەیشتووە پێش شیعری سۆفیگەری شیعری خۆشەیستی رووت یان شیعری مەی و مەیگێری دوور لە رەنگ بۆی سۆفیگەریمان نەبووە بۆیە ئەم جۆرە شیعرە زیاتر لە سەر بناغەی شیعری سۆفیگەری فارسی و عەرەبی دامەزراوە، پەیوەندییە دەقگێرییەکانی نێوان شیعری سۆفیگەری کوردی و هاوتاکانی لە زمانی فارسی و عەرەبی بەهێزترە لەو پەیوەندییە دەقگێرییانەی کە لە نێوان شاعیرە سۆفییەکانی کورد دا بەدی دەکرێت.

### ب- پەیوەندیی بە سەرچاوە ناشیعرییەکان:

کۆمەڵێك سەرچاوە هەن کە شاعیرە سۆفییەکان بە بەردەوامی سوودیان لێ بینیوە،ئەمانە وەکو بووارێکی کراوە بوون کە سۆفییەکان روویان تێ دەکرد،سوودیان لەو نیشانانە وەردەگرت کە لەم بووارانە دا بەکار دەهێنران.

قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر یەکێك بوون لەو سەرچاوە سەرەکییانەی کە شاعیرە سۆفییەکان سوودیان لێ بینیوە،" هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی شیعری سۆفیگەرییەوە واتە سەدەی سێیەمی کۆچی سۆفیەکان سەرنجیان داوەتە ئایەتە قورئانییەکان، ئەم سەرنجدانەوەیەش جەوهەری مەعریفەی زەوقیمان بۆ روون دەکاتەوە

که له ئەنجامی خەباتێکی زانستی و نزیکبوونەوە له ئاکاری قورئان و پەیرەوی کردن له پێغەمبەرەوە هاتووە"[١]

به گشتی ئەمە یەکێکە لەو خالانەی که پێویستە لە کاتی لێکۆلینەوە له رەوانبێژی عەرەبی دا گرنگی پێ بدرێت،"زەمینەی توانایيەکانی قورئان لە دەربڕین دا هەمیشە جێگەی گرنگی پێدانەوەی بسپۆرانی رەوانبێژی بووە، تێکۆشان و ماندوو بوونی بسپۆرانی ئەم بووارە زیاتر له پێناو شیکردنەوەی ئەو هونەرانە بووە که لە قورئان دا بەکارهێنراون، تا ئەو رادەیە که دەتوانین بڵێین ئەگەر لە قورئان دا هەندێ هونەری تری رەوانبێژی به کار هێنرابان، ئەوا هەندێ رێگەی تریش بۆ دەربڕین لە شیعردا دەهاتە ئاراوە."[٢]

له رووی سیمیۆلۆژییەوە ئەو کەرەستانەی که لەم سەرچاوانە وەردەگیرێن خاوەنی کۆمەلێك تایبەتمەندین که لە کەرەستەکانی تر جیایان دەکاتەوە، یەکەمین دیاردە که له ئەنجامی ئەم کاریگەرییە دێتە ئاراوە ئەوەیە که نیشانەکانی ئەم بووارە زۆربەی جاران دەقاودەق  یاخود بە فۆڕمێکی نزیك لە سەرچاوە سەرەکییەکەوە وەردەگیرێن، بەم شێوەیە نیشانە زۆربەی جاران ووشەیەکی عەرەبییە، لەگەڵ ئەمەش دا کەش و هەوایێکی ئایینی دەگوێزرێتەوە بۆ ناو تان و پۆی  شیعرەکە دا ، خوێنەریش هەوڵی لێکدانەوەیەکی دوو لایەنە دەدات، واتای نیشانەکان لە سەرچاوە ئایینیەکە و لێکدانەوەی لە سیاقی خودی شیعرەکە دا.

بەکارهێنانی ئەم جۆرە نیشانانە تەنیا بریتی نییە لە گواستنەوەی نیشانەکان بەڵکو بە هۆی ئەوەی که نیشانەکان لە سیاقێکی دیاریکراو و نەگۆڕەوە دەگوێزرێنەوە تا رادەیەك خودی ئەو سیاقەش دێتە مەیدانی شیعرەوە،بۆ نموونە بەکارهێنانی ووشەیەك که لە ئایەتێکی قورئانییەوە وەرگیراوە بەبیرهێنەرەوەی تەواوی ئایەتەکە و هۆی هاتنەخوارەوە و کۆمەلێك فاکتەر و شیکردنەوەی ترە که لە دەور و پشتی ئایەتەکە دان،زۆربەی جاران ئەم تایبەتمەندییە دەبێتە هۆی ئەوەی که ئەو چێژەی که لە شیعری سۆفیگەری  دا هەیە روو لە کەمی بکات و بەرەو ئەوە بڕوات که پێویستیی بە لێکدانەوەیەکی ئایینی

(١) امين يوسف عوده، نفس المصدر السابق، ص٦٠.
(٢) د. محمد رضا شفيعى كدكنى. همان مأخذ سابق، ص ١٢٩.

هەبێت بەڵام ناكرێت ئەوەش فرامۆش بكرێت كە زۆرجاریش واتای ئەم نیشانانە بە تەواوی دەگۆڕدرێن و مەدلوولی تازەیان دەدرێتە پاڵ. جگە لەمە سۆفییەكان سوودیان لە كۆمەڵێك سەرچاوەی زانستیی سەردەمی خۆیان بینیوە وەكو ئەستێرەناسی و زانستەكانی تایبەت بە ئایینەوە، بەكارهێنانی ئەم زاراوانە و گواستنەوەیان بۆ ناو شیعری سۆفیگەری بۆتە هۆی ئەوەی كە ئەم جۆرە شیعرە زیاتر بەرەو ناروونی و لێلی بڕوات چونكە ژمارەیەكی كەم لە خوێنەرا ن ئاگاداری زاراوەكانی ئەم بووارەن و لێكدانەوەیان پێویستی بە شارەزایی و توانستەوە هەیە.

# باسی پێنجەم: شیعری سۆفیگەری و گرفتی خوێندنەوە:

**أ- خوێنەری تایبەت و دەست بژێر:**

زۆر جار باس لەوە دەکرێت کە شیعری سۆفیگەری شیعرێك نییە کە ئاراستەی خەلکی سادەی نێو کۆمەلگا کرا بێت بەلکو ژمارەیەکی تایبەت لە خوێنەران دەتوانن سوود لە خوێندنەوەی وەربگرن.

مەسەلەکە هەر لێرەوە ناوەستێت بەلکو داوای ئەوەش دەکرێت کە ئەم شیعرە بە پلەی سۆفی لە میعراجە گیانییەکەی دا ببەسترێت،"ئەوەندەی کە پلەکەی بەرزتر بێت واتای شیعرەکانیشی قوولتر دەبن، بەم پێیە واتا پەیوەستە بە مەقامات و ئەحوال و ئەو کاتەی کە سۆفی تێدایە بۆیە واتاکان لە یەکترەوە جیاوازن ئەمەش لە پلە نەك لە جۆر دا."(١)

خوێنەر جگە لەوەی کە دەبێت ئاگاداری سیستەمی نیشانەیی شیعری سۆفیگەری بێت، پێویستە ئاشناییێکی تەواوی لەگەڵ کەسایەتی خودی شاعیر و ئەو پلە و مەقامانەش هەبێت کە دراونەتە پاڵ شاعیرەوە،ئەمەش لە توانای خوێنەری ئاسایی بەدەرە.

ئەم بۆچوونە لە ئارا دایە کە" زنجیرەیەکی واتایی لە شیعری سۆفیگەری دا هەیە کە بەرەو ئامانجێکی تایبەتیمان دەبات ئەمەش لە رێگەی ئەو زاراوانەی کە لە شیعری سۆفیگەری دا هەن واتە لە کۆتایی دا واتایەك هەیە کە دەرفەت بە چەند واتایی نادات"(٢) ئەم بیرکردنەوەیەش کار دەکاتە سەر پرۆسەی خوێندنەوە ، خوێنەر وا بیردەکاتەوە کە رێرەوی نیشانەکان لەم جۆرە شیعرە دا ئەوەندە ئالۆزە کە ئەگەر پیاوانی رێگای سۆفیگەری نەبن کەس ناتوانێت سوودی لێ وەربگرێت، خوێنەر لە ژێر کاریگەریی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە دا بە گۆمانەوە دێتە مەیدانی خوێندنەوە لە ئەنجام دا چێژی پێویست لە پرۆسی خوێندنەوەوە وەرناگیرێت.

---

(١) امين يوسف عوده، نفس المصدر السابق، ص٦٢.
(٢) سعيد الغانمي، نفس المصدر السابق، ص ٩٩.

لێرەدا کۆمەڵێك گرفت دێنە ئاراوە، یەکەمیان سەبارەت بە خوێنەری دەست بژێرە کە پێویستە ئاگاداری رێ و رەسم و بۆچوونەکانی سۆفیگەرییەوە بێت، دەتوانین بڵێین ئەمە هەمیشە مەرجێکی بنەڕەتی لە پرۆسەی خوێندنەوەی شیعری سۆفیگەری دا نییە، سۆفیگەری رێبازێك بووە کە لە لاییێکەوە هەلسوکەوتی لەگەڵ چینی هەژار و رەش و رووتی ناو کۆمەڵگا کردووە و لە لایەکی تریشەوە رێگەی شاردنەوە و دەربڕینی ئالۆزی بە هۆی کۆمەڵە فاکتەرێکەوە گرتۆتە بەر،هەر بەم هۆیە شیعرێکی وای ئافراندووە کە زۆربەی جاران خاوەنی دوو ئاستی واتاییە، ئاستێکی سادە وئاشکرا و ئاستێکی شاراوە.

ئایا تەنیا ئەو خوێنەرانە مافی مەلەکردنیان لە نێو نیشانەکان دا هەیە و تەنیا ئەوانە دەتوانن بە دوای ئەو دوڕە شاردراوانە بگەرێن کە گوایە لە ژێر دەریای سیستەمی نیشانەیی شیعرەکان دان، یاخود ئەو خوێنەرانەش دەتوانن سوود لێ وەربگرن کە تەنیا واتا روالەتییەکە وەردەگرن، بێ گۆمان ئەگەر شیعری سۆفیگەری لە بنەڕەت دا خاوەنی دوو ئاستی واتایی بێت ئەوا دوو جۆرە خوێنەریش دەتوانن سوودی لێ وەربگرن، ئەمە خۆی پاڵپشتی ئەم راستییەیە کە شیعری سۆفیگەری دەقێکی کراوەیە، لە هەمان کات دا چەمکی خوێنەری دەست بژاردەش تا رادەیەکی زۆر دەکەوێتە گۆمانەوە.

هەندێ بابەتی وەکو جوانیی ئافرەت و مەی و مەی خواردنەوە و ئەفسانە کۆنەکان و بەزاندنی هەندێ سنووری شەرعی و زۆر شتی تری نامۆ سەقاییێك دەخوڵقێنن کە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەیان دا هەست بە چێژێکی تایبەتی دەکات، ئەو عەقلییەتە کە هەوڵی ئەوە دەدات خوێنەری ئاسایی لە خوێندنەوەی ئەم جۆرە شیعرانە بە دووربخاتەوە زیاتر بەرگری لە رێبازی سۆفیگەری دەکات و دەیەوێ بنەماکانی بپارێزێت ئەگینا شیعر تووشی هیچ گرفتێك نابێت ئەگەر بێت و خوێنەر روو لە واتا روالەتیەکان بکات کە زۆربەی چێژی شیعر لە ناخیان دایە و ئەو خوێنەرە دست بژاردانە کە سۆفییەکان خۆیان لێ دووردەخەنەوە.

ئاستی یەکەمی واتا لە شیعری سۆفیگەری خاوەنی زنجیرەیەکی بەرفراوانە لە دال و مەدلوولەکان و خوێنەر دەتوانێت چێژ لەم گەمە نیشانەییە وەربگرێت، ئەمە لە کاتێك دا کە بیرۆکەی رەها بوونی ئاستی دووەمی واتا وەکو کۆتێك مێشکی خوێنەری بەستووە و نایەلێت کە خوێنەر بە ئارەزووی خۆی چێژ لە خوێندنەوەی شیعرەکان وەربگرێت، لەوانەیە ئاستی یەکەمی واتا لە شیعری سۆفیگەری دا و زنجیرە مەدلوولەکانی بناغەی

چێژبەخشین بن لە شیعری سۆفیگەری دا ، لەم ئاستە دایە کە خوێنەر هەست بە چێژ و تامێکی تایبەتی دەکات کە ئەمە خۆی ئامانجی شیعرە،بەلاّم ئاستی دووەمی واتا زیاتر لەوەی کە شیعر بێت بریتیە لە کۆمەڵە بیر و باورێکی سۆفیزمانە بۆیە بۆ دۆزینەوەی واتا و مەبەست لەم ئاستە دا زیاتر پێویستیمان بە شارەزاییێکی بوواری سۆفیگەرییەوە هەیە تاوەکو خوێنەرێك کە حەز لە خوێندنەوەی شیعر دەکات.

هەر خوێنەرێك دەتوانێت بە شێوەیەك چێژ لە شیعری سۆفیگەری وەربگرێت،هەر یەکەیان بە پێی دید و تێگەیشتنی خۆیان دەتوان ئەم شیعرانە بخوێننەوە، ئەرکی ئێمە ئەوە نییە کە پاڵەپەستۆ بخەینە سەر خوێنەران کە دەبێت بەرەو واتا نادیارەکان بچن و رەهەندە خواییەکانی شیعرەکە بەدیاربخەنەوە ئەمە لە کاتێك دا کە زۆربەی چێژی شیعرەکان لەو شوێنانە دایە کە باسی مەی و مەیخانە و کچی جوانی کردووە،بەم پێیە ئەفسانەی خوێنەری تایبەتی یان ئەو خوێنەرەی کە دەبێت خاوەن رێباز و دڵێکی سۆفیزمانە بێت دەکەوێتە گۆمانەوە و خوێنەری تازەی شیعر دێتە مەیدانەوە کە ئامانجی چێژ وەرگرتنە لە ئیستاتیکای شیعری سۆفیگەری.

## ب- کێشەی فرە زمانی و کاردانەوەی خوێنەر:

پێشتر ئاماژەمان بە کێشەی فرە زمانی لە شیعری سۆفیگەری و بە تایبەت شیعری سۆفیگەری کوردی دا،شاعیری سۆفی کورد کە لە کاتی نووسینی شیعردا سێ کۆمەڵەی سەرەکی لە نیشانەکان دەخاتە گەڕ کۆمەڵێك پەیوەندیی بێ سنوور و زنجیرەی دەلالی بێ کۆتایی ساز دەکات،بەلاّم لێرە دا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئایا تا چ رادەیەك خوێنەری وا دەست دەکەوێت کە شارەزای ئەم سێ زمانە بێت.

بێ گومان دۆزینەوەی خوێنەرێکی وا کارێکی ئاسان نییە بۆیە کێشەکە لە رێگەی بەکارهێنانی فەرهەنگی فارسی و عەرەبییەوە چارەسەر دەکرێت بەلاّم لە رووی سیمیۆلۆژییەوە پرۆسەی خوێندنەوە تەواو نابێت چونکە تەنیا زانینی واتای ووشەکان رەهەندە ئیستاتیکییەکانی شیعرەکە بە دیارناخاتەوە بەڵکو دەبێت خوێنەر ئاگاداری ئەو پەیوەندییە سینتاگماتیکی و پارادیگماتیکییانە بێت کە نیشانەکان لە زمانی فارسی یاخود عەرەبی بەخۆیانەوە دەگرن، هەر نیشانەیەك لە زمانی سەرەکی دا کۆمەڵەی پارادیگماتیکی تایبەت بەخۆی هەیە کاتێك کە دێتە ناو شیعری سۆفیگەری کوردی دا

لەوانەیە پەیوەندیی تازە لەگەڵ سیستەمی نیشانەیی زمانی کوردی یان زمانەکەی تر ساز بکات، ئەم پەیوەنییە بەرفراوانەی کە لە ئەنجامی ئاوێتەکردنی نیشانەکانی چەند زمانێك هاتووتە ئارا پێویستی بە خوێنەرێکی فرەزمانیش هەیە چونکە لە رێگەی فەرهەنگەکانەوە بە تەواوەتی چارەسەر ناکرێت هەر بۆیە زۆربەی جاران پرۆسەی خوێندنەوەی ئەم جۆرە شیعرە لە ئەدەبی کوردی دا ناتەواوە.

ئەگەر بە ووردی تەماشای شیعری سۆفیگەریی کوردی بکەین دەبینین ئەو ناروونیەی کە بۆ خوێنەر دێتە ئارا زیاتر لە ئەنجامی ئەم فرەزمانییەیە کە لە شیعری سۆفیگەری دا بەدی دەکرێت، ئەوەندە کە ئەم پەیوەندییە نوێیانە ئالۆزی دەخۆلقێنن خودی واتای شیعرەکان ئالۆزی ناخۆلقێنن،لە ئەنجامی ئەم گرفتەیە کە ژمارەی خوێنەرانی شیعری سۆفیگەری لە ئەدەبی کوردی دا کەمە.

## ج- جیاوازیی خوێندنەوە بە پێی سەردەمەکانەوە:

شیعری سۆفیگەری دەقێکی نووسراوە کە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر دەگوێزرێتەوە، بۆیە خوێندنەوەکانیش بەردەوام تووشی گۆڕانکاری دەبن،ئەمە خۆی نیشانەی زیندوو بوونی شیعرە کە فاکتەری کات ناتوانێت گورزی کۆتایی لێبدات و بیخاتە چوارچێوەی فرامۆشکردنەوە .

لەو سەرچاوانەی کە تایبەتن بە سۆفیگەرییەوە بەردەوام ئەم هەوڵە دەدرێت کە جۆرە گونجاندنێك لە نێوان واتای شیعرەکانی ئەو سەردەمەی کە شاعیر تێدا ژیاوە سازبکرێت،ئەمە خۆی بزاڤێکی پۆزەتیڤانەیە و سوودی تایبەتی خۆی هەیە بەڵام کاتێك کە بە بەردەوامی بسەپێنرێت وخوێنەر وا بیربکاتەوە کە پێویستە هەمیشە لە خوێندنەوە دا رەچاوی ئەم خالە بکات تووشی بێزاری دەبێت ، لە لاییێکەوە گەڕانەوە بۆ سەردەمەکە و دۆزینەوەی پەیوەندییە هزرییەکانی ئەو سەردەمە ئاسان نییە و لە لاییێکی ترەوە ئەو بارودۆخەی کە خوێنەر تێدایە تەواو جیاوازە لەگەڵ ئەو بارودۆخە دەروونی و کۆمەلایەتییەی کە شاعیر تێدا ژیاوە.

با دەرگای لێکدانەوە و راڤەکردن بۆ خوێنەران کراوە بێت، ئێمە لەوە بەرپرسیار نین کە پارێزگاری لە کەسایەتیی شاعیر بکەین و ئاکارێکی شەرعی بە شیعرەکانی ببەخشین و بەردەوام داوای ئەوە بکەین کە شیعرەکانی ئەم شاعیرە لەم جۆرە واتایانە بەدوورن.

سۆفییەکان لەم بڕوایە دان کە بە قەد ژمارەی مرۆڤەکان رێگای گەیشتن بە خوا هەیە، بۆیە سروشتییە ئەگەر بە قەد ژمارەی خوێنەران راڤەکردن و لێکدانەوەی جیا جیاش لە ئارا دا بێت،جاری وا هەیە کە لە شیعری سۆفیگەری دا ئەم دەرگایە تا رادەیەکی زۆر دادەخرێت،ئەمەش لەو کاتە دا کە بە شێوەیەکی   روون باسی سەرباوەرەکانی سۆفیگەری دەکرێت بەڵام کاتێك کە شێوازی تایبەتی بەکاردەهێنرێت واتای شیعرەکە بەرەو لێلی و ناروونی دەڕوات و وەکو سۆفیەکان دەڵێن دوو ئاستی واتایی بە روونی بەدەردەکەون, ئیتر خوێنەر ئازادە لە لێکدانەوە و خویندنەوەی تایبەتی خوی.

**د- رۆڵی نێگەتیڤانەی فەرهەنگەکان و لێکدانەوە تایبەتیەکانی شیعری سوفیگەری:**

ئەزموونە عیرفانییەکان"بە هیچ شێوەیەك ناسەلمێنرێن و ناکرێت بە بێ بەر و بێ واتا دا بنرێن, هەر وەها ناکرێت بڵێین کە بریتین لە کومەڵێك حالەتی دەروونی کە هەستی مرۆڤ پیشان دەدەن، بۆیە دەتوانین بە بڕوایەکی تەواو بڵێین کە ئەزموونە عیرفانییەکان بنەمای هیچ جۆرە بەرگریکردنەوەیەکی بنەڕەتی لە چۆنیەتی و راستیی هەلوێستێکی ئایینی یان فەلسەفی و بە تایبەت هیچ بڕوایێکی خوایی رەها و تایبەت نین و لە رووی لۆژیکیشەوە ناتوانین پەیوەندییەکی ئەقلانی لە نێوان دەربڕینەکاندا بدۆزینەوە."[1]

بەم پێیە سۆفیگەری سەرباوەر یاخود مەزهەبێك نییە بەڵکو حەز و مەیلێکی خودی و تەئەمولییە کە لە سەر بناغەی خەیال و ئەزموونەوە بنیاتنراوە و بەردەوام لە گۆڕان دایە و ناتوانین بە شێوەیەکی دیاریکراوەوە دەری ببڕین، بەڵکو بە پێچەوانەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕدرێت، مەیدانێکی بەرفراوانە بۆ بەدەرکەوتنی جیاوازی نێوان کاردانەوە

---

(١) اسیتون کتز. هەمان مأخذ سابق، ص٣٤.

و كاریگەرییەكان كە زۆر ئاوێتەن،[1] خودی سۆفیش كوڕی كاتی خۆیەتی، بەواتایەكی تر لە تاكەشتێك دا واتای جۆرواجۆر دەبینێت، ئەمەش بە پێی ئەو دۆخەی كە لەو كاتە تێدا تێپەر دەبێت."[2]

ئەمانە هەموویان بەڵگەی دوو راستین یەكەمیان ئەوەی كە ناكرێت خەریكی لێكدانەوەی شیعری سۆفیگەری بین و چاوەڕووانی ئەوە بكەین كە هەڵوێستی رەهای شاعیر بدۆزینەوە، زۆر جار بینیومانە كە بە پێی ژمارەی لێكۆڵینەوەكان هەلوێستی جیاواز لە ئارا دایە، هی دووەمیش ئەوەیە كە ناكرێت فەرهەنگێكی رەها بۆ زاراوەكانی شیعری سۆفیگەری دابنرێت چونكە ئەمانە بەردەوام لە گۆڕان دان و مەدلوولەكانیان چەسپاو نین.

بە پێچەوانەی ئەم راستییانە ئەوانەی لە شیعری سۆفیگەری كۆڵیویانەتەوە روویان كردۆتە ئەو فەرهەنگانەی كە پێشتر بۆ زاراوەكانی شیعر سۆفیگەری دانراون ، بەم پێیە گوایە كە هەر زاراوەیەك لە شیعری سۆفیگەری دا واتایەكی چەسپاو و نەگۆڕی هەیە، لێرە دا جگە لە فرامۆش كردنی رۆڵی سیاق، رۆلی خوێنەریش پشت گوێ دەخرێت، خوێنەر دەبێت هەنگاو بە هەنگاو رەچاوی فەرهەنگەكان بكات، لە كاتی خوێندنەوە دا ووشەكان وەربگرێت و بە پێی ئەو فەرهەنگە تایبەتیانەی بوواری سۆفیگەری لێكیان بداتەوە.

كاتێك (ئەحمەدی شاملو) وەكو خوێنەرێكی شارەزای بوواری شیعر بۆچوونی تایبەتیی خۆی دەربارەی كۆمەلێك لە شیعرەكانی حافیز دەربڕیوە، ئەوا ( مورتەچا موگە هەری) دەنگی نارەزایی بەرزكردووە كە گوایە ئەم جۆرە راڤەكردنانە لەگەڵ سروشتی حافز گونجاو نین و ئەم جۆرە واتایانە لە جەنابیان ناوەشێتەوە، داواش لە شاملۆ دەكات كە لە شیكردنەوەی شیعرەكانی حافیز دا سوود لەو فەرهەنگانە وەربگرێت كە زانایانی ئەم بوواره دایان ناوە،[3] لێكدانەوە و شیكردنەوەیەكی نوێ یەكسەر تووشی مەحكوم بوون دەبێت،تەواوی راڤەكردنەكان دەبێت لە دەرەوەی سنووری فەرهەنگەكان دەرنەكەون.

بەم شێوەیە خوێنەر تووشی حالەتێكی نێگەتیڤانە دەبێت بە چاوێك تەماشای زاراوەكان دەكات و بە چاوێكی تر دەروانێتە فەرهەنگە تایبەتییەكان بۆ دۆزینەوەی واتای

---

(١) عدنان حسين العوادی، نفس المصدر السابق، ص٢٦.
(٢) امين يوسف عودة، نفس المصدر السابق، ص ٩٥-٩٦.
(٣) سعيد كرمانی.حافظ شناسی، بخش اول، هەمان مأخذ سابق، ص٧.

عيرفانی و راستەقینەی ئەو زاراوانە،یەکەم جار دەرفەتی بیرکردنەوە و قووڵبوونەوە بە خۆی نادات و لە پلەی دووەم دا ستەمێك لە شیعرەکەش دەکات چونکە لە لاییکەوە گرنگی بە رۆڵی سیاق نادات و لە لاییکی ترەوە مەسەلەی کراوە بوونی شیعری سۆفیگەریش دەخاتە گۆمانەوە.

خوێنەری فەرهەنگ دۆست ئازادی خۆی لە دەست دەدات و خەریکی خوێندنەوەی دەقێك دەبێت که گوایە نیشانەکانی مەدلوولی دیار و چەسپاویان هەیە بۆیە زیاتر وا دێتە بەرچاو کە خەریکی خوێندنەوەی دەقێکە کە تەواوی نیشانەکانی کۆدن و زنجیرەی مەدلوولەکانیان لە شوێنێکی دیاریکراوەوە کۆتایی پێ دێت، بەمەش وورد وورده ئەم هەستە لای دروست دەبێت کە تەواوی شیعرە سۆفیگەرییەکان وەکو یەکن.

ناکرێت مێشکی خوێنەری شیعری سۆفیگەری دیلی فەرهەنگە تایبەتییەکانەوە بێت، ئەوەی راستی بێت (ئیبن عەرەبی) کە شیعرەکانی خۆی شیکردۆتەوە و بناغەی جۆرە فەرهەنگسازییێکی بۆ شیعری سۆفیگەری دانـاوە تـەنیا خوێندنەوەیەك لە خوێندنەوەکانی شیـعری خـۆی پیـشکەش کردووە، ناکرێت ئەم خوێندنەوەیە کە لەوانەیە هەر لە بنەڕەت دا سانسۆر کراویش بێت بە بناغەی شیکردنەوەی شیعری سۆفیگەری لە سەردەمی (ئیبن عەرەبی)ەوە تاوەکو ئێستا دابنرێت و بکرێت بە بناغە بۆ لێکدانەوەی تەواوی سامانی شیعری سۆفیگەری،بێ گومان ئەوەی (ئیبن عەرەبی) وتوویەتی بە خاڵی کۆتایی شیکردنەوەی شیعرەکانی خودی خۆشی دانانرێت و لەوانەیە خوێنەران بە شێوەی جیاوازەوە شیعرەکانی لێك بدەنەوە،ئینجا چۆن دەتوانین ئەم شیکردنەوانەی (ئیبن عەرەبی) بۆ تەواوی شیعرەکانی رێبازی سۆفیگەری بە دروست و رەوا لە قەڵەم بدەین.

# بەشی سێیەم:

# هەندێ لە ڕەهەندە سیمیۆلۆژییەکانی زمانی سۆفیگەریی لە شیعرەکانی (مەلای جزیری) دا

# باسی یەکەم: بەنیشانەکردنی نانیشانەکان:

دیاردەی بەکارهێنانی نانیشانەکان و بە نیشانەکردنیان لە شیعرەکان مەلای (جزیری) دا بە بەرفراوانی دەبینرێت،راستە کە ئەم دیاردەیە پێش مەلای (جزیری) لە شیعری فارسی و عەرەبی باو بووە بەلاَم (جزیری) گرنگیەکی زۆری بەم جۆر نیشانانە داوە، زۆربەی ئەو جۆرانەی کە لە شیعری سۆفیگەری پێش سەردەمەکی باو بووینە لە شیعرەکانی دا دەبینرێن،جگە لەمە چەند شێوازی جۆراوجۆری بۆ بەگەڕخستنی ئەم نانیشانانە بەکارهێناون کە ئەمانە گرنگترینیانن:

### أ- بە نیشانە کردن لە سەر بناغەی ئایکۆنی:

زۆربەی ئەم نیشانانە لە شیعرەکانی (جزیری) دا لە سەر بناغەیەکی ئایکۆنی بنیاتنراون،شێوە و فۆڕمی پیتەکان لە نووسین دا بە شتێك کە زۆربەی جاران ئەندامێکی دەم و چاو یاخود روومەتی خۆشەویستە دەچوێنرێت،بەربلاَوترین جۆری ئەم نیشانانە پیتی (نوون)ە کە لە رێنووسی عەرەبی کۆن سەرەو ژێر(ݩ) دەنووسرا، ئەم پیتە وەکو داللێك دەلالەت دەکاتە سەر برۆ کەوانەییەکانی خۆشەویست:

"ب شـــیرینـــی ب زیبـــایـی ب رەفـــتاری ب بـالایـێ
بنێ نوونێن د طوغرایێ ل بالا هەر دوو فال ئەبرو"[١]

"گۆشەیێن نوونان ب سەر بادان ژ قـەوسێ بێ وەتــەر
میسلێ ئەنگوشتا نەبی سەد سەیر بەیاندن ماهێ نەو"[٢]

---

(١) احمد بن الملا محمد الزفنكى. العقد الجوهرى فى شرح الديوان الجزرى، الجزء الثاني، الطبـة الثانيـة، مطبعة الصباح، ١٩٨٧، ص ٥٩١.
(٢) نفس المصدر السابق، ص ٦١١

"نـوورا ژ قــودرەت لێ دوو نــوون ژێرا دنالن ئــەرغــەنــوون
وەر ئایـەتا عـیشقێ بخوون، خوەش نوسخەیەك مەستووره دل"[١]

(جزیری) زیاتر له هەر پیتێك گرنگی به پیتی (ن) داوه بەڵام بەکارهێنانی ئەم نیشانەیە هەمیشە شێوازێکی دیاریکراوی نییە بەڵکو هەر جار بە زنجیرەیەکی تایبەتی تێپەڕ دەبێت و شێوازێکی تازە بە خۆیەوە دەگرێت، واتە هەمیشە بە شێوەیەکی راستەوخۆ بە چاو و برۆکانی خۆشەویستەوە نابەسترێت:

"دا ژ مـیحـرابا دوو نـوونان سەجدە بەت ئەسوەد حەجەر
دل ب میزان مـــاهێ نـەو ئەبرو نومـایی راست و چەپ"[٢]

(نوون) بە میحراب چوێنراوە و لە پەیوەندییێکی تر دا شوێنی چاوی گرتووە.

"میــسلێ وێ قـــەوسێ هیــلالێ کــو دوو نــوون رەیـحانی
کـــێ نـیـــشان دانــە ژ شیـــراز و کێ ئانیـنە ژ یەنگ"[٣]

(نوون) بۆ چاو بەکارهێنراوە بەڵام لە هەمان کات دا بە هیلالیش چوێنراوە.

ئەم نیشانەیە جگە لەوەی کە لە پەیوەندییێکی ئایکۆنی دا بریتییە لە داللێکی وێنەیی و مەدلوولێك کە برۆکانی خۆشەویستن ، هەمیشە بەبیرهێنەرەوە هەندێ وێنەی تریشە کە بوونەتە هاورێی، ئەوانیش بریتین لە(میحراب،هیلالی مانگ،کەوان)،شاعیر لە رێگەی بەکارهێنانی ئەم ووشانە زیاتر پەیوەندییە ئایکۆنییەکانی ئەم نیشانەیە بەرفراوان دەکات.

---

(١) احمد بن الملا محمد الزفنكي. العقد الجوهرى فى شرح الديوان الجزرى، الجزء الاول، الطبـة الثانيـة، مطبعة الصباح، بدون مكان، ١٩٨٧، ص ٤٠٩.
(٢) نفس المصدر السابق، ص٩٠.
(٣) نفس المصدر السابق، ص ٣٩١

جگە لە(ن) پیتەکانی (د) و (ر) و (ل) یش بەکارهێنراون،(د) و  بۆ بسکی چەماوە یاخود گۆشەی چاوەکان و (ل)یش بۆ کەزی و بسکی درێژ و پێچ خواردوو:

"دانـــــەیـــێن عـــــەنبـــــەر ل نـــەسرینان رەشاندن خال خام
ســــووســــــنێن نــــــازك ل ســـــەرخـالان جڤاندن دال دام"(١)

"بـــەژنا شـــەپاڵ دێمێ ب خـال، ئیعراب و دال قـەوسێ هیلال
نەقشێ جـەلال، جاما زەلال، خەمرا حەلال، صوحبەت ب حال"(٢)

"ســــــەجــــدەیـــا بەر نوون و دالان، من طەوافا زولف و خالان
ئـەڤ بـــەســـە صـــاحیـب جــەمالان، دا بچین لێ عومـرەیە"(٣)

"جـــەبـــهەت و دێمێ  لێ قودرەت، لێ نڤیـسی حەرف و حـەرف
کـاکـــولان تـــاتـــا ل ســـــەر حـــەرفـــان کشانـدن لام لام"(٤)

لە پاڵ ئەمانەش پیتی(ص) بۆ چاوی تەنگ و ناسکی شۆخەکان و (ئەلیف) بۆ بەژنی ڕاست و بەرزیان بەکارهێنراون و بەم جۆرە کراون بە نیشانە:

"عـــەرعـــەرا قامــــــەت ئـــەلیف نـــەی شەکەرا شۆخ و شەپال
نـــازکا سیــــم تـــــەن و خـــەســـــرەوێ زەریـــن کولـــەهێ"(٥)

"هـات پـادیشاهێ پوڕ سـوپاه، قامەت ئەلیف دێم شوبهێ ماه
داد و مــەدەد،ســەد ئـاه و ئاه، زولفان عـەقارب تـێنە سەر"(٦)

---

(١) نفس المصدر السابق، ص ٤٢٤.
(٢) نفس المصدر السابق، ص ٣٦٦
(٣) نفس المصدر السابق، ج ٢، ص٥٥٧
(٤) نفس المصدر السابق، ج ١، ص ٤٢٤
(٥) نفس المصدر السابق، ج ٢، ص ٧١٠.
(٦) نفس المصدر السابق، ج ١، ص، ٢٤٧.

"مـن ل سـەر بەدرێ مـونیر مـەکتوب دییـە نـەقشێ سەواد
سـەر ب یــەك ئـانی دوو نوونان خەتێ رەیحانی دوو صاد"[1]

"بـنێ نــوونێن ل ســـەر صــادان کـو کاتب گوشە لێ بادان
ســـەراســـەر قــاف تـــا قافە رموزا (حـکمە الـعین)ێ"[2]

"گـەزمــەیێن وان نــوون و صــادان، ئاورێن ئەسوەد عیونان
رادکــەن و قـــەتل و خوونان، من دییە و دل شەهدەیە"[3]

لە پاڵ ئەم نانیشانانە کە زۆر جار کراون بە نیشانە هەندێکی تر هەن کە بە رێژەیەکی کەمتر بە کارهێنراون وەکو پیتی (ر) کە بۆ برۆی نازداران و جەزمەی عەرەبی کە بۆ خاڵ و نیشانەکانی روومەتی خۆشەویست و (ھ)کە بۆ دەمی غونچەئاسا بە کارهێنراون،ئەمانە زیاتر لە پاڵ نانیشانەکانی تر بەدی دەکرێن.

جاری وا هەیە کە شاعیر لە دێڕە شیعرێك دا زیاتر لە دوو جار سوودی لە نانیشانەکان بینیوە،واتە چەند نانیشانەی لە دێڕە شیعرێك دا کۆکردۆتەوە،بەمەش هەست بەوە دەکرێت کە شاعیر خەریکی نیگارکێشانە و دەیەوێ بە هۆی هەر یەکێك لەم نیشانانە بەشێك لە روومەت و جوانیی خۆشەویستی خۆی وەکو نیگارێك پیشان بداتەوە،لە ئەنجام دا دێڕە شیعرەکە وەکو کەوالێك دێتە بەرچاو و پەیوەندییە ئایکۆنییەکان تا رادەیەکی زۆر زاڵ دەبن:

"تـــە دیـــدارێ، تـــە رەفــتارێ، تـــە ئەلماسێن شـەکـەربـاری
ب عەینێ رێ ل سەر صادان، دوو نوون رەیحان نومان ئەبرو"[4]

---

(١) نفس المصدر السابق، ج ٢، ص ٤٤٩.
(٢) نفس المصدر السابق، ص ٧٦٦.
(٣) نفس المصدر السابق، ص ٥٥٢.
(٤) نفس المصدر السابق، ص٦٠٨ .

"دێمێ ب خـال، ئـەو نوون و دال،ئیـسمێ جـەلال، بەژنا شەپاڵ
یــەکتــا ئـــەلیف، نایێ وەسف، مـن عەقل طفلی مەزهەبە"[1]

ئەم نانیشانانە کە کراون بە نیشانە زۆربەی جاران مەدلوولە لاسایکراوەکانی خۆیانیان پاراستووە،واتە ئەو پەیوەندییە ئایکۆنییە کە لە نێوان دال و مەدلوول سازکراوە دۆخێکی چەسپاوی بەخۆ گرتووە و ووردە ووردە بەرەو سووانەوە رۆیشتووە،ئەمەش لە ئەنجامی کاریگەری کەلەپۆری شیعری کلاسیکیی رۆژهەلاتەوە کە کاری کردۆتە سەر شیعری (جزیری)، بەلاّم جاری وا هەیە کە (جزیری) خۆی لەو پەیوەندییە سوواوانە رزگار کردووە و بە شێوەیەکی نوێ سوودی لەم نانیشانانە وەرگرتووە:

"نــە تنێ زەوق و صـــەفا کر مــە ب ســەیێـن دلبــەرێ را
سـەرنــخوون گەه شوبی نوون، گەه وەکو دالی شەب و روز"[2]

لەم نموونەیە دائیتر (ن) بۆ برۆ و (د) بۆ بسك و گۆشەی چاوی دلبەر بەکار نەهاتوونە بەڵکو بووینە بە دوو نیشانەی تازە کە مەدلوولیان بە تەواوەتی لەوانەی پێشوو جیاوازە و دەلالەت دەکەنە سەر حالەتی خودی شاعیر،واتە لە بارەگای خۆشەویست دا عاشیق جار وەکو ( . ) سەرەوژێرە و جاریش وەکو(د) خۆی خۆی دەچەمێنێت، کرنووش بردنەوە دۆخێکە کە لە ( . ) دەچێت و (رکوع)یش ﷺ فۆڕمی پیتی (د)ەوە نزیکە،ئەمەش پەیوەندییێکی ئایکۆنیی تازەیە کە لە پرۆسەی بە نیشان کردن دا دراوەتە پاڵ ئەم نانیشانەیە.

**ب- بە نیشانەکردنی دوو لایەنە:**

شێوازێکی تر کە (جزیری) بەکاری هێناوە خولقاندنی نیشانەیەکی زمانی ئاساییە لە رێگەی کۆکردنەوەی نانیشانەکانەوە، واتە سەرەرای ئەوەی کە نانیشانەکان بە هۆی

---

(١) نفس المصدر السابق، ص ٥٨٩.
(٢) نفس المصدر السابق، ج١، ص ٢٧٨.

پەیوەندییێکی ئایکۆنییەوە دەبن بە نیشانە لە ئەنجامی لێکدانەوەشیان نیشانەیەکی زمانیی ئاسایی دێتە کایەوە،لەوانەیە بەکارهێنانی ئەم شێوازە زیاتر رادەی ناروونی و ئالۆزی شیعرەکان بەرز بکاتەوە چونکە ناکرێت نکۆلی لەو پەیوەندییە کە لە نێوان مەدلوولی نانیشانەکان و مەدلوولی ئەو ووشەیەی کە لە ئەنجامی کۆکردنەوەیانەوە دێتە ئاراوە بکرێت:

"شـــەربـــەتـــا لام و بـــێیـــان ئـــەز ب حـــەیـــاتێ نادم
بـــادەیـــــا لــــــەعلێ ب ئـــاڤا ظـــولـــوماتێ نـادم"(١)

(ل) دەلالەت دەکاتە سەر بسك و داوی پرچی پێچ خواردوو، (ب)ش لە لێو دەچێت(خالی پیتەکە لەو قوولاییە دەچێت کە لە سەر چەناگەی هەندێ لە کچان بەدی دەکرێت،لە ئەنجامی لێکدانەوەی هەر دوو پیت(ل+ب) ووشەی (لەب)ی فارسی دێتە کایەوە کە لە رووی واتاییەوە تەواو بە مەدلوولی نانیشانەکانەوە بەستراوە.

"من دیت ل دور بـەدرا تەمام، حەرفێن د مەکتوب دال و لام
وێ پێشـرەوێ بـاطـن رەڤـام، یــەغـما کـرم سـیمین بـەرێ"(٢)

پیتەکانی (دال) و (لام) جگە لەوەی کە دەلالەت دەکەنە سەر ئەو مەبەستانەی کە پێشتر ئاماژەمان پێدا،لە ئەنجامی لێکدانەوەیانیش ووشەیەکی تازە کە (دڵ)ە دێتە کایەوە،ئەم ووشەیە خۆی هێمای خۆشەویستییە و جەخت لە سەر مەدلوولی نانیشانەکان دەکات.

"ئــەلیــف و دوو لام و هــێ دیـــن مـــە د ئـایەتا جـەمـالێ
ژ جـەگـــەر مە کر تەسەللی و ژ سینە دەست فەشاندن"(٣)

---

(١) نفس المصدر السابق، ص ٤١٣.
(٢) نفس المصدر السابق، ج٢، ص٧٣٢.
(٣) نفس المصدر السابق، ص٤٥٢.

جگە لەو مەدلوولانەی کە نانیشانەکان دەلالەتیان لە سەر دەکەن، لە ئەنجامی کۆکردنەوەیان ووشەی (الله) دێتە کای٨ەوە کە ناوی خوای گەورەیە، بەم شێوەیە جوانیی ئافرەت بە خوا و خۆشەویستی خوا دەبەسترێت، و لەوانەیە ئاماژەیەك بێت بۆ مەسەلەی فەنا بوون.

## ج- بە نیشانەکردن بە هۆی کۆمەڵێك پەیوەندی تر:

لە شیعرەکانی (جزیری) دا کۆمەڵێك لە نانیشانەکان لە سەر بناغەی ئایکۆنی نابن بە نیشانە بەڵکو کۆمەڵێك پەیوەندی تر دێنە ئاراوە کە زۆربەیان پەیوەستن بەو پیرۆزییەی کە بە دەنگان بەخشراوە:

"میـــم مـــەطلە عێ شـــەمسا ئـــەحـــەد ئـاییـنە سیفـەت کر
لامـیـــع ژ عـــــەرەب بـــەرق ل فـەخـخـارێ عـەجـەم دا"[1]

"غەیب و مـیـثالن هەر دوو سیلك، پەیوەستە ئانین میمێ مولك
ئـەو کـاتـبێ ئـەلـماس گلك، ژ وی خـامەیێ ئـەو رەشحە دا"[2]

لەم دوو دێڕە شیعرە دا لەوانەیە پیتی (م) کورتکراوەی ناوی (محمد) واتە پێغەمبەر(د.خ) بێت واتە میمی سەرەتای ناو لە جیاتی تەواوی ناوەکە بەکارهێنراوە،ئەم کردەوەیە دەبێتە هۆی ئەوەی کە نە تەنیا پیتی (م) بەرەو نیشانە بوون بڕوات بەڵکو جۆرە پرۆزییێکیش دەدرێتە پاڵ دالەوە کە پیت (م)ە.

"دەســـــتێ جـبـــریـــل کو هـــەلاڤێت ژ بـــەژنا تە نیـقابێ
ب یـــــەقـین قـــافـــە ل رۆژێ وەرە دەر سینە نیـقابـــە"[3]

لەوانەیە پیتی (قاف) یش لەم دێڕە شیعرە دا کورتکراوەی ووشەی (قورئان) بێت، بە هەمان شێوەی پێشوو پیتی سەرەتای ناوەکە دەلالەت دەکاتە سەر کتێبی قورئان، ئەم

---

(١) نفس المصدر السابق، ج ١، ص ١١.
(٢) نفس المصدر السابق، ج ٢، ص ٨٦٥.
(٣) نفس المصدر السابق، ص٥١٠.

نانیشانەیە کە خۆی بەشێکە لە دالی نیشانەیەك ئێستا تەواوی ئەرکەکەی پێ سپێرراوە، بەلاَم لێکدانەوەی ئەم شێوازە بەم ئاسانیەش نییە کە ئاماژەمان پێدا چونکە هەمیشە بەلگەیەکی لە سەداسەد بەدەستەوە نییە کە پەیوەندی ئەم پیتانە بەو ووشانەی کە لێی وەرگیراون روون بکاتەوە، لەوانەیە پیتەکە لە ووشەیەکی ترەوە وەرگیرا بێت کە لە مێشکی شاعیر دا شاردراوەتەوە،هەر بۆیە بەکارهێنانی ئەم شێوازە رادەی ناروونی واتای شیعرەکان بەرز دەکاتەوە.

"بورهانێ عەقل ئەو کر قیاس، ئیسم و کەمالاتێن د خاص
ئەوەل ئەلیفێ پێ بناس ڤێ نوورێ ئەو پەرتەو ڤەدا
یەك بوو ئەلیف، یەك نوقطە کر، چەند شکلێ دی لێ زێدە کر
هەردەم پەیاپەی صیفرە کر، بالا ب بالا روتبە دا"[1]

لەم دوو دێرەی سەرەوە دا (ئەلیف) دەلالەت دەکاتە سەر خوا یاخود خولقێنەری جیهان کە لە زاتی خۆی تەواوی بوونی هێناوەتە کایەوە ،زیاتر هەست بەوە دەکرێت کە پەیوەندییێکی هۆکاری لە ئارا دابێت،بە هۆی ئەو کۆمەڵە سیفاتانەی کە لە پیتی ئەلیف دا بەدی دەکرێت ـ پێشتر لە زاری ئیبن عەرەبییەوە ئاماژەمان پێداون ـ ئەم پیتە بۆ زاتی خوا بەکارهێنراوە.

لە پاڵ ئەمانەی کە باسمان کردن لە هەندێ حالەتی دەگمەن دا نانیشانەکان بە شێوەیەکی وەها ئالۆز بە گەڕخراون کە ئەستەمە تەنیا ئاماژە بە یەك جۆر پەیوەندی وەکو پەیوەندی ئایکۆنی لە نێوان دال و "مەدلوولەوە بدەین،واتە زیاتر لە پەیوەندییێك لە نێوان دال و مەدلوول دا بەدی دەکرێت:

خەنجەر و شیر و رمێن قەتتالان نەظە رێ وەر بدە صاحیب حالان
کو ئەسیرین ددەست حەییالان لەو ئەلیف تێ مە د حەرفێ فالان"[2]

(ئەلیف) لەم دێڕە شیعرە دا جگە لەوەی کە دەلالەت دەکاتە سەر بەژنی بەرز و رێکی کچان، لەوانەیە هەندێ دەلالەتی تریش کە پەیوەستە بە پیرۆزی و بەرز راگرتنی پیتی ئەلیف ببەخشێت وەکو ئەوەی کە ئەلیف پیتی یەکەمی ئەلفبایە و هێمایەکە بۆ زاتی خوای گەورە.

---

(١) نفس المصدر السابق، ص ٨٦٥

(٢) نفس المصدر السابق، ج ٢، ص ٨٢٦.

# باسی دووەم: هەندێ لە شێوازەکانی بەرفراوانکردنی زنجیرەی مەدلوولەکان:

## • تەوەرەی یەکەم: سوود وەرگرتن لە لێکترازانی دال و مەدلوولەکان و هاتنە کایەوەی پەیوەندی ستوونی تازە:

نیشانەکان لە شیعری سۆفیگەری دا بەردەوام لە دۆخی مەلەکردن دان واتە زۆربەی جاران ئەو پەیوەندییە ئاساییەی کە لە نێوان دال و مەدلوولەکان دا هەیە تووشی گۆڕان دەبێت، شاعیرە سۆفییەکان بەردەوام خەریکی گەمەکردن بە نیشانەکانن،لە شیعرەکانی جزیریش ئەم دیاردانە بە بەرفراوانی دەبینرێن، بە تایبەت کە بە هۆی سوود وەرگرتن لە شیعری سۆفیگەری عەرەبی و فارسی سنووری ئەم دیاردانە بەرفراوانتر بۆتەوە.

ئەم گەمەکردنە بە نیشانەکان و لێکترازانی دال و مەدلوولەکان لەو کاتە دا دەگاتە لوتکەی بەهێزییەوە کە وەسف کردنی ئافرەت و جوانییەکەی دەبێتە ڕێرەوی سەرەکی زنجیرەی مەدلوولەکانی هەر نیشانەیەك،لەم دۆخە دا شاعیر پەنا دەباتە بەر کۆمەڵێکی زۆر لە ووشەکان و هەول دەدات کە گۆڕانی واتاییان بە سەر بهێنێت و زنجیرە مەدلوولێکی تازەیان بۆ بخۆلقێنێت دیسانەوە کاتێك کە باس لە حالەتی خودی شاعیر دەکرێت و بێ بزەیی خۆشەویستەکەی پیشان دەدرێت ئەم دیاردەیە بەهێز دەکەوێت،لەم پێناوە دا لەوانەیە شاعیر رووبکاتە چەندین ووشە و دەربڕینی وا کە لە رووی لۆژیکییەوە زۆر لە جوانی ئافرەتەوە دوورن، ووشەکان لە کێلگەیەکی واتایی یەکجار دوورەوە ئاراستەی ئەم ڕێرەوە دەکرێن و بەم شێوەیە لێکترازانێکی بەهێز یاخود کەلێنێکی گەورە لە نێوان دال و مەدلوولەکان دا دێتە کایەوە:

"زۆر بــەوە تێتن عـــــەرەب، تـێك چــڤــانـدن قــەصـەب
قەنج ب چەهڤان مەدی جەنگ و جیـدالا جـــەمـــەل"[1]

زۆربەی ووشەكان دۆخی ئاسایی خۆیان لە دەست داوە، ئەو دال و مەدلوولانەی كە لە ئاخاوتنی ئاسایی دا كەوتوونەتە تەك یەكترەوە تووشی دابڕان بوونەتەوە و داللەكان ئاراستەیەكی تر بە خۆیانەوە دەگرن، ووشەی عەرەب بۆ داوە پرچی رەش یاخود برژانگەكانی خۆشەویست و (قەصەب)كە قامیشە بۆ سەری تیژی داوی بسكەكان و (جیدالا جەمەل) كە خۆی شەرێكی ناوخۆیی نێو موسلمانەكانە كە لە سەرەتاكانی سەرهەڵدانی ئیسلامەتییەوە رووی داوە بۆ حالەتی بەیەكەوە گەیشتن و تێكەلاو بوونی داوەكانی پرچی خۆشەویستەوە بەكارهێنراوە،نیشانەكان پەیوەستن بە توند و تیژی و كوشتنەوە كەچی لە بەكار هێنان دا بە جوانی و ناسكی ئافرەتەوە بەستراون.

"حـــــەجـــەرێ ئـــەسوەد بـــــدرت دەست زیـارەت بـكـرم
نــــەزرێ مــن بــت بـگـرم خــــاس طـە ریقا مــەكـەهێ"[2]

(حەجەرێ ئەسوەد) واتە بەردی رەش بۆ ووردە خالەكانی سەر رووی خۆشەویست و (مەككە) بۆ رووی خۆشەویست یاخود دیداری خۆشەویست بەكار هێنراون،ووشەكان لە كێلگەیەكی ئایینی گوێزراونەتەوە بۆ كێلگەیەكی تازە كە پەیوەستە بە جوانی و ناسكی ئافرەتەوە.

"حـەرفـێن ژ قـودرەت نـوقطە پـوڕ، مادارێ حەوزا لەعل و دوڕ
ئەڤ رەنگە كێ دی وە ب سوڕ، قودرەت نموون زەنگارێ خەط"[3]

لەعل و دوڕ كە دوو بەردی بە نرخن بۆ لێوەكانی خۆشەویست بە كار هێنراون جگە لە هەندێ ووشەی تر وەكو (حەرف) و (نوقطە) ە كە ئەوانیش بۆ مەبەستێكی تازە بەكارهێنراون.

---

(١) نفس المصدر السابق، ج ١، ص ٤٠٤.
(٢) نفس المصدر السابق، ج ٢، ص ٧١٥.
(٣) نفس المصدر السابق، ج ١، ص ٣١٨.

"شاه ب قـەصدێ کوشـتنا مـن رم هـەژاندن راسـت و چـەپ
دامـــە چـەشمێ رەنـج و خـەشمێ گوتە من کانێ ئەدەب"[١]

(شاە) کە خوندکار و فەرمانرەوایە بۆ خۆشەویست، (رم) بۆ مژوولانك یاخود برژانگەکانی بەکارهێنراون، ووشەکان لە کێلگەی جەنگ و فەرمانرەواییەوە بۆ بوارێکی تازە کە زۆر دوورە لە جەنگ و توند و تیژییەوە گوێزراونەتەوە.

دەستنیشانکردنی نموونە بۆ ئەم دیاردەیە لە شیعرەکانی (جزیری) دا کارێکی ئاسانە و زۆربەی دێڕە شیعرەکانی (جزیری) ئەم حالەتەیان بە خۆ گرتووە، بەلاَم ئەم دیاردەیە زەمینە خۆشکەرێکە بۆ بەرفراوانبوونی واتا و زنجیرەی مەدلوولەکانی هەر نیشانەیەك چونکە کاتێك کە لێکترازان لە نێوان دال و مەدلوولی نیشانەیەك دێتە کایەوە مەدلوولی ئاسایی ئەم نیشانەیە بە تەواوەتی فەرامۆش ناکرێت بەڵکو دەبێت بە ناوەندێکی یارمەتیدەر بۆ سەرهەڵدانی پلەیەکی تازە لە زنجیرەی مەدلوولەکان دا، واتە مەدلوولە ئاساییەکە دەبێت بە دالی دووەم بۆ ئەو مەدلوولە تازەییەی کە شاعیر لە ڕێگەی گەمەکردن بە نیشانەکان گیانی پێ بەخشیوە،ناکرێت ئەوەش لە بیر بەرینەوە کە ئەمە خۆی تا رادەیەکی زۆر پەیوەندی بە گۆرانکاری لە تەوەرەی پاردیگماتیکییەوە هەیە.

پلەکانی دەلالەت یاخود زنجیرەی مەدلوولەکان لەوانەیە کۆتاییەکی دیاریکراویان نەبێت، لە لاییەکی ترەوە لەوانەیە ئەوەی کە لە مێشکی شاعیر دا بوونی هەبووە و ئەوەی کە هەر خوێنەرێك بە سەلیقەی خۆی لێکی دەداتەوە تەواو لە یەکتر جیاواز بن،جیاوازی خودی خوێندنەوەکانیش کۆمەڵێك زنجیرەی جۆراوجۆر دێنێتە کایەوە بۆیە ئەوەی لێرە دا باسی لێوەدەکەین تەنیا شیمانەیەکە کە لە پێناو بەدیارخستنەوەی دیاردەی بەرفراوانبوونی پلەکانی دەلالەتەوە خراوەتە روو، بۆ لێکدانەوەی ئەم دیاردەیەش پشتمان بە شێوازی(رۆلان بارت) بەستووە:

"گــەه دل و گــەه جـان دبـن تـورکێن تـە تێن
نـــاکـــرن یـــەغـــمـــا و تـــالانـێ غـەلـەط"[٢]

---

(١) نفس المصدر السابق، ص٧٠.
(٢) نفس المصدر السابق، ص ٣٣٦.

ووشەی تورك دەلالەت دەكاتە سەر چاوەكانی خۆشەویست،ئەم ووشەیە تاوەكو گەیشتووتە ئەم ئاستە واتاییە بە چەند پلەیەكی دەلالییەوە تێپەڕیوە واتە زنجیرەی مەدلوولەكان بەرفراوانتر بووە،ئەمەش سرۆشتییە چونكە ووشەی تورك و مەدلوولەكانی لە زمانی رۆژانە دا زۆر لەو مەبەستەی كە بۆی بەكارهێنراوە دوورە،لەم نموونەیە دا دەتوانین ئەم پلانەی خوارەوە دەستنیشان بكەین:

| | | |
|---|---|---|
| دال | (مەدلوولی یەكەم) (دالی دووەم) | (مەدلوولی دووەم) |
| تورك | نەتەوەیەكی ناسراوە بە جەنگ و كوشتن | چاوەكانی خۆشەویست |

لەوانەیە بتوانرێت چەند پلەیەكی تریش بەسەر ئەم زنجیرەیە زیاد بكرێت بەلاّم ئەمانە یان لە دەستەلاتی سیاقەوە بەدەرن یان پێویستیان بە راڤەكردنێكی زۆرەوە هەیە بۆیە هەر لەم پلانە دەوەستین،دەتوانین بە(نەتەوەیەكی ناسراو بە جەنگ و كوشتن) بڵێین ئاستی یەكەمی دەلالەت یان واتای ئاسایی یان واتای ئاشكرا و بە(چاوەكانی خۆشەویست) بڵێین ئاستی دووەمی دەلالەت یان ئاستی ئەفسانەیی واتا،سەبارەت بە ئاستی سێیەمی واتا یاخود ئاستی ئایدۆلۆژی واتا كە بە پێی بیركردنەوەیەكی سۆفیزمانە دەتوانین باس لە بوونی بكەین بەلگەیەكی وا بە دەستەوە نییە كە لە (چاوی خۆشەویست)ەوە بمانگوێزێتەوە بۆ ئەم ئاستە واتاییە.

"دبت بێژن وی سـولتانی ب هەفـت ئـایـاتێ فـورقانی
ل مەحبووبان تو خـاقانی وەرە دەربـێ ل قەیصەر دە"(١)

لەم دێڕە شیعرە گرنگی بە هەلسۆكەوتی ووشەی (خاقان) دەدەین، ئەم ووشەیە بۆ خۆشەویست بەكارهێنراوە،بەلاّم تاوەكو گەیشتووتە ئەم ئاستە واتاییە بە پلەیەكی تر تێپەڕیوە هەروەها شیمانەی ئەمەش لە ئارا دایە كە پێگەیەك بێت بۆ رۆیشتن بەرەو پلەیەكی دەلالیی تازە:

---

(١) نفس المصدر السابق، ج ٢، ص ٤٩٥.

| دال | (مەدلوولی یەکەم)(دالی دووەم) | (مەدلوولی دووەم)(دالی سێیەم) | مەدلوولی سێیەم |
|---|---|---|---|
| خاقان | شاھ یان سولتان | خۆشەویست | خوای گەورە |

خاقان داللێکە کە بە یارمەتی چەند دال و مەدلوولێکی تر کە لە دوای دا ریز دەبنەوە و مەودایێکی واتایی بەرفراوان دێنە کایەوە، بەم پێیە (شاھ،سولتان) بریتیە لە ئاستی ئاسایی یاخود لۆژیکی واتا کە ئەمەش ئاستی یەکەمی واتایە، (خۆشەویست)یش ئاستی دووەمی واتایە کە دەتوانین پێی بلێین ئاستی ئەفسانەیی واتا بەلاّم (خوای گەورە) کە ئاستی سێیەمی واتایە،دەکرێت بە ئاستی ئایدۆلۆژی واتا ناوزەد بکرێت، ئەم ئاستە لە سەر بناغەی ئاستی دووەمەوە بنیاتنراوە، سیاقی دێڕە شیعرەکە دەرفەتی ئەوەمان دەداتێ کە ئاماژە بەم ئاستە بکەین بەلاّم ناکرێت نکۆلی لە رۆلی راڤەکردن و پەنابردنە بەر هێرمۆنەتیك بکەین،ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە ئەوەندەی لە پلەی یەکەمی واتا دووردەکەوینەوە مەسەلەی ئاسایی بوونی پەیوەندییەکان بەرەو لاوازی و نەمانەوە دەروات.

"پـــەروانــە و بـــولبـــول ب دلـن شوعـــلەیـێ عـیشقێ
لێ گـەر تـــو نـەظە ر دی ب خوە ئـــەو گـولشـەنێ رازن"(١)

ووشەی پەروانە لەم دێڕە شیعرە دا خاوەنی پلە دەلالییەکانی خۆیەتی، وەکو ئاشکرایە بۆ خۆشەویستی راستەڤینە بەکارهێنراوە،بەلاّم دەتوانین چەند پلەیەکی واتایی بۆ دەستنیشان بکەین:

| دال | (مەدلوولی یەکەم)(دالی دووەم) | (مەدلوولی دووەم)(دالی سێیەم) | مەدلوولی سێیەم |
|---|---|---|---|
| پەروانە | واتە پەپوولە | خۆشەویستی راستەڤینە | بەندە و سۆفی راستەڤینە |

---

(١) نفس المصدر السابق، ج ١، ص ٤٣٦.

پەروانە خۆی یەکەمین داله، واتای ئاسایی ووشەکە واته پەپووله ئاستی ئاسایی واتایە،لە بەردەوامی زنجیرەی دەلالەت دا خۆشەویستی راستەقینە و فیداکار وەکو ئاستی ئەفسانەیی واتا خۆی دەنوێنێت، سۆفی راستەقینەش کە بەرهەمی کۆتایی زنجیرەی مەدلوولەکانە دەکرێت بە پلەی سێیەمی دەلالەت یاخود پلەی ئایدۆلۆژیی واتا بژمێردرێت.

جاری وا هەیە کە هەندێ ووشە زنجیرەی مەدلوولەکانیان ئەوەندە ئالۆزە کە پلەکانی دەلالەت بەم روونییەی نموونەکانی پێشوو گەلالە نابێت:

"قـەدەحــەك بـادە ب دەسـتێ خـوە ل قـەلبێ مـە برێژ

عــاشــقێ ســۆخـتـە بـێ ئـاتەشی سـەییال چ حــەظ"[١]

ووشەی بادە لەم دێڕە شیعرە دا خاوەنی چەند پلەیەکی واتاییە، لە لێکدانەوەیەکی روالەتییانە و بە یارمەتی سیاقیش بە تەواوەتی زنجیرەی مەدلوولەکانی روون نابێتەوە بەڵام نکۆلی لەوە ناکرێت کە ووشەکە لە واتای ئاسایی خۆی لای داوە، لادانێکی وا کە ناتوانین بە تەواوەتی پلەکانی دەلالەت دەستنیشان بکەین،جگە لە هەندێ شیمانەی رێژەیی نەبێت:

| دال | (مەدلوولی یەکەم)(دالی دووەم) | (مەدلوولی دووەم) |
|---|---|---|
| بادە | مەی، شەراب | هیدایەت، رۆشنایی خوایی |

مەی یاخود شەرابی سەرخۆشکەر مەدلوولی یەکەمە،مەدلوولی دووەم کە رۆشنایی خوایی و هیدایەتە دەکرێت بە پلەی ئایدۆلۆژی واتا لە قەلەم بدرێت هەرچەند لە پلەی دووەم دا واتای ئەفسانەیی خۆی دەنوێنێت بەڵام لێرەدا ئەوەندەی کە تەماشا دەکرێت هەست بە بوونی ناکرێت لەوانەیە پێویستی بە راڤەکردنێکی زۆر هەبێت تا وەکو ئەم پلەیە بەدیاربخرێتەوە هەر وەها لەوانەشە کە لە کردەوەیەکی ئالۆز دا پلەی ئەفسانەیی و ئایدۆلۆژی واتا ئاوێتەی یەکتر کرا بن.

---

(١) نفس المصدر السابق، ص٣٤٠

گەلێك جار دەستنیشانکردنی پلەی ئایدۆلۆژیی واتا کارێکی مەحاله یاخود پێویستی به راڤەکردنێکی وا هەیە کە تەواو لە سەر بناغەی شیمانە و لێکدانەوەیەکی سەلیقەیی دامەزراوە،بەم شێوەیە نکۆلی لە بوونی ناکرێت بەلأم چاکتر وایە کە بە خالێکی لێل و ناروون دابنرێت کە پەیوەستە بە کردەوەی خوێندنەوە:

"قـــەوسێ دوو هیـلالان کو ل سـەر بورجێ ئەسەد بت
بـو شوهرە د عـامی عـەمەل ئەنگوشت نـومـا گرت"[(١)]

(هیلال) ووشەیەکە کە بۆ برۆ کەوانەییەکانی خۆشەویست بەکارهێنراوە،ئەگەر پلە دەلالییەکانی ئەم نیشانەیە لێك بدەینەوە ناتوانین پلەی سێیەمی واتا دەستنیشان بکەین:

| | | |
|---|---|---|
| دال | (مەدلوولی یەکەم)(دالی دووەم) | (مەدلوولی دووەم) |
| هیلال | مانگی تازە | برۆی کەوانەیی |

لە لێکدانەوە ووشەی (هیلال) دەتوانین (مانگی تازە) بە پلەی یەکەمی واتا یاخود پلەی ئاسایی واتا لە قەلەم بدەین،(برۆ کەوانەییەکان)یش وەکو پلەی دووەمی واتا یاخود پلەی ئەفسانەیی واتا خۆی دەنوێنێت.

## • تەوەرەی دووەم: فرەواتایی و دوو زنجیرەی هاوتەریب:

هەندێ جار لە شیعرەکانی (جزیری) دا ووشەیەك بەکار دەهێنرێت کە لە بنەڕەت دا دوو واتای جیاوازی هەیە،واتە دالی نیشانەکە لە دوو نیشانەی جیاواز دا بەکار دەهێنرێت،لەوانەشە شاعیر بە هۆی ئەو کەش و هەوایەی کە لە سیاقەوە خولقاندوویەتی وا لە ووشەیەك بکات کە جگە لە زنجیرەی واتایی سەرەکی ئاراستەیەکی تریش بگرێت بەر و زنجیرەیەکی واتایی لاوەکیش بداتە پاڵ ووشەکە،بۆیە دەتوانین دوو جۆری فرەواتایی لە شیعرەکانی (جزیری) دا بدۆزینەوە:

---

(١) نفس المصدر السابق، ص١٢٢.

**أ- دالليَك و دوو مەدلوولی جیاواز:**

ئەمە لە (homonymi)ەوە نزیکە واتە ووشەیەك دوو واتا دەبەخشێت یاخود شاعیر بە هۆی ئەو گۆرانکارییانەی کە لە سروشتی نیشانەکان و سیاقی شیعرەکە دا کردوویەتی وا لە ووشەیەك دەکات کە دوو ئاراستەی واتایی جیاواز بگریّتە بەر، هەر دوو واتا یاخود مەدلوولیش بۆ لیّکدانەوە لە بارن، دەتوانین لە لیّکدانەوە دا هەر جارە و لە سەر بناغەی یەکێك لە مەدلوولەکان دێڕە شیعرەکە لێك بدەینەوە،سیاقیش وا هەموار کراوە کە هەر دوو واتا بۆ لیّکدانەوە لە بار بن، ئەمە یەکێکە لە گرنگترین شێوازەکانی بەرفراوانکردنەوەی واتا،کە زۆربەی جاران هەر دوو واتای جیاواز پەیوەندییێکی پتەویان بەیەکترەوە هەیە:

"هۆستاییٚ عیشقیٚ دل هەڤوت، سەرتا قەدەم هـــنگی دسۆت
رەمزا (انا الحق) هــەر دگوت بـاور بـکـەن مـەنـصورە دل"[(١)]

ووشەی (مەنصور) لە لاییێکەوە واتایەکی فەرهەنگی هەیە، ئەویش (سەرکەوتوو)ە،لە لاییێکی ترەو ناوی یەکێك لە گەورە پیاوانی رێبازی سۆفیگەری واتە (مەنصوری حەلاج)ە،هەر دوو مەدلوول پێکەوە بەستراون، لە لاییێکەوە دڵی شاعیر سەرکەوتووە واتە گەیشتووتە قوناغی پێگەیشتنەوە و لە لاییێکی ترەوە وەکو(مەنصوری حەلاج)ی لێهاتووە و گەیشتووتە ئەو پلانەی کە حەلاج پێیان گەیشتووە، هەر یەکێك لە مەدلوولەکان تەواوکەری ئەوی ترە.

"جـــــانــــا ژ جـــــەفـــایـــا تـــە و زۆلیٚ چ خـــەبـــەر دین
کـــــو تـــیر ژ جـــــەورا تـــــە د دل دا مـــــە بـــگـــازن"[(٢)]

(گاز) لە لاییێکەوە بریتیە لە سکالا و و گازندە کردن و لە لاییێکی ترەوە بە واتای گەزی ددان و هەر وەها گەزی پێوانیش دێت،هەر سیٚ واتا بۆ لیّکدانەوە گونجاون،واتە شاعیر لە لاییێکەوە هەست بە ئازار و نەخۆشی دەکات و لە لاییێکی ترەوە گازندە و سکالای هەیە و

---

(١) نفس المصدر السابق، ص ٤٠٨.

(٢) نفس المصدر السابق، ص ٤٣٥

ناتوانێت قەبارەی ئەو ئازارانە دەستنیشان بکات،هەر یەکێك لە مەدلوولەکان تەواوکەری ئەوی ترە.

## ب - مەدلوولێکی سەرەکی و مەدلوولێکی لاوەکی:

ئەم شێوازە لە شیعرەکانی (جزیری) دا زیاتر لە دیاردەی پێشوو باوە،شاعیر هاتووە لە ووشەیەك یاخود چەند ووشەیەکی بەکار هێناوە کە لە یەك کات دا ئاماژە بە دوو واتا یاخود دوو مەدلوولی جیاواز دەدەن بەڵام بە پێی سیاقەوە دەکرێت یەکێك لە مەدلوولەکان بە زاڵ و سەرەکی دابنرێت و ئەوی تر بە لاوەکی، بەڵام ئەم واتا لاوەکییە زۆربەی جاران وەکو فاکتەرێك وایە کە زیاتر داکۆکی لە مەدلوولی سەرەکی دەکات و واتاکەی بەهێزتر دەخاتەوە:

"هەر دوو ئیلانێن تە دێ طە وقێ گەردەن کر مودام
دامە هەر بێتن تەبەسوم وەك گولا ضەحجاك رووح"(١)

(ضەحجاك) ووشەیەکی عەرەبییە واتە (زۆر بە پێکەنین) مەبەستیش گوڵی جوان و پشکۆتووە، بەڵام ئەگەر لە دێڕە شیعرەکە وورد بینەوە دەبینین کە ووشەکە واتایەکی لاوەکیشی هەیە، (ضەحجاك) ناوی بە عەرەبکراوی ئەژدیهاکە واتە ئەو پاشا ستەمکارەی کە لە ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەر دا رۆڵێکی نێگەتیڤانەی هەیە،ئەوەی وامان لێ دەکات کە بیر لەم واتایەش بکەین ئەو وەسفەیە کە لە نیوە دێری یەکەم دا دراوەتە پاڵ خۆشەویست ئەویش وەسفکردنی هەردوو کەزییەکانی بە دوو مارە، ئەمەش خۆی ئاماژەیە بە کەسایەتی ئەژدیهاك کە گوایە دوو ماری خوێن مژ لە سەر شانەکانی رووابوون،واتای یەکەم زاڵە و زیاتر لە بارە بۆ لێکدانەوە بەڵام مەدلوولی دووەمیش پاڵەپەستۆ دەخاتە سەر واتای دێڕە شیعرەکە و زیاتر وێنەی خۆشەویستەکەی شاعیرمان پیشان دەدات.

"د چەرخێ وەك نجووم دێم دوڕ، سەما هاتن ڤیرانا یەك
هەییڤا بەدر بوو ئەو سۆڕپەری مـن دی د رەقسێ دا"(٢)

---

(١) نفس المصدر السابق، ص ١٩١.

(٢) نفس المصدر السابق، ص ٤٦.

له نیوه دێری یەکەم دا ووشەی چەرخ دوو مەدلوولی جیاوازی هەیە،یەکەمیان چەرخی سەما و سووڕانەوەی سەماکەرانە و ئەوی تر چەرخی ئاسمان و سووڕخواردنەوەی حەسارەکانە،ووشەی (سەما)ش بەهەمان شێوە دوو مەدلوولی هەیە یەکەمیان (گۆڤەند و هەڵپەرکێ)یە و ئەوی تر (ئاسمان)ە، ووشەکانی (نجووم، هەیڤ، بەدر) بیرمان بەرەو واتای دووەمی ووشەکان و ووشەی (رەقس) بەرەو واتای یەکەمیان دەبن، بەلاّم بە حوکمی سیاق و دێڕە شیعرەکانی دەور و پشتی ئەم شیعرە مەدلوولی یەکەمی ووشەکان زاله و بۆ لێکدانەوە لەبارترە، لەگەڵ ئەمەش دا مەدلوولی دووەمی هەر دوو ووشە لەکارن وا لەم گۆڤەند و هەلپەڕکێیە دەکەن کە وەکو بزاڤی حەسارە و ئەستێرەکانی ئاسمان بێتە بەرچاو، شاعیر لەم رێگەیە سەما تایبەتییەکەی خۆی دەباتە تاقی ئاسمان و لە سەما ئاساییەکانی تر جیای دەکاتەوە.

"نــــە ب قــــانــــوون کـــو ئیـشارەت ب شیــفایێ بـــکرت
ئـــــەز هیـــــلاکێ خـوە د عیـشقێ ب نـەجاتێ نـادم"[١]

وەکو ئاشکرایە (قانوون) بریتیە لە یاسا و (ئیشارەت) ئاماژەیە و (شیفا)ش چاکبوونەوەیە،بەلاّم لە هەمان کات دا ئەمانە ناوی سێ کتێبی زانای ناودار (ئەبو عەلی سینا)ن و هەر سێکییان لە بواری پزیشکی دا نووسراون،وا دیارە کە مەدلوولە سەرەتاییەکان زالن بەلاّم ئەوەی راستی بێت بە هۆی مەدلوولی دووەمەوە پاڵپشتیان لێ دەکرێت و واتایان خەستتر دەبێت،بە تایبەت کە ئاماژە دان بە مەسەلەی (هیلاك) و (نەجات) زیاتر بیرمان بەرەو ئەم مەدلوولانە دەبات.

"ئایەتێ حـوسنێ مـوفەصصەل کە ژ کــەشافێ جـەمال
عــلمێ عــیشقێ بــکە تەفسیر ژ دەفتەر مەکە بەحث"[٢]

له نیوه دێری یەکەم دا ووشەی (موفەصصەل) بە واتای بە چڕوپڕی هاتووە، (کەشاف)یش بریتیە لە (بەدیارخەرەوە)، ئەم مەدلوولانە لە لێکدانەوەی دێڕە شیعرەکە

---

(١) نفس المصدر السابق، ص٤١٦.
(٢) نفس المصدر السابق، ص١٥٣.

پارسەنگیان زیاترە بەڵام ئەمانە ناوی دوو تەفسیری قورئانی پیرۆزیشن کە بە هۆی ووشەکانی (ئایەت،تەفسیر) کە لە دێڕە شیعرەکە دا بەکارهاتوون سەرنجمانی رادەکێشن و وامان لێ دەکەن کە بیر لەم مەدلوولانەش بکەین کە رۆلێکی بەرچاویان لە خەستکردنەوەی کاریگەری مەدلوولی یەکەمی هەر یەکێك لەم ووشانە دا هەیە.

## • تەوەرەی سێیەم: بەکارهێنانی ناوە تایبەتییەکان:

کاتێك کە (جزیری) رووودەکاتە بەکارهێنانی هەندێ ووشە یاخود دەربڕینی دیاریکراو کە مێژوو یاخود سەربووردەییێکیان لە پشتەوەیە زۆربەی جارانیش ئەم ووشانە بریتین لە هەندێ ناوی تایبەتی،بەم شێوەیە ئیتر تەنیا مەسەلەی ریزبوونی دال و مەدلوولەکان و هاتنەکایەی زنجیرەیەکی دەلالی ستوونی لە ئارا دا نییە بەڵکو چەندین لقی واتایی لە ووشەکە دەردەچن و تەواوی ئەو گەنجینەیەی کە لە ژێر چەتری واتایی ووشەکەدایە دێتە مەیدانەوە وچەندین ئاراستەی واتایی ئاوێتەی یەکتر دەبن،زۆربەی ئەو ووشانەی کە (جزیری) بەکاریان هێناوە سامانێکی ئەفسانەیی یان داستانی یان ئایینی یان مێژوویی گەورەیان لە پشتەوەیانە:

"روسـتەم و جـەمشید و خالد، حەمزە یان شێرێ عەلی
ئافـەرین یـا شـەهسوارێ تـورك و رمـبازێ عەرەب"(١)

ئەگەر بە دوای زنجیرەی مەدلوولەکانی هەر یەکێك لە ووشەکانی(رۆستەم، جەمشید، خالد، حەمزە، عەلی)بگەڕێین لە رێگەی ریزکردنەوەی یەك لەدوای یەکیان رەهەندە واتاییەکان بە تەواوەتی روون نابنەوە،هەر یەکێك لەم پاڵەوانانە سەربووردە و ئەدگاری تایبەت بە خۆی هەیە، لە کاتی خوێندنەوەی ئەم دێرە دا هەر یەکێك لەم ناوە تایبەتییانە کۆمەڵێك وێنەی کەلەکەکراوی ناو مێشکمان دەورووژێنن،بەم شێوەیە خودی ووشەکە و ئەو مێژووییەی کە هەیەتی دەبنە هۆی بەرفراوانبوونی واتا و زنجیرەی مەدلوولەکانەوە.

---

(١) نفس المصدر السابق، ص٧٢

"مــن ژ صـەفـەيـنـان ژ نـيـڤا مـــەقتەلێ رم تێنـە دل
لێ ل وان دەســتان نــهن خوون و غەزايە ئەز شەهيد"[١]

ووشەی (صەفەین) وە نەبێت کە تەنها بە بیرهێنەرەوەی جەنگێك بێت،بەڵکو تەواوی ئەو ڕووداوانەی کە لە نێو خودی موسلمانەکان دا ڕوویان دا و بۆ بەهۆی ڕوودانی ئەم جەنگە ناوخۆییە و ئەنجامەکانیشی بەبیرمان دەهێنێتەوە،هەرچەندە ئەم ووشەیە بۆ مەبەستێکی تر بەکارهێنراوە بەڵام لە خوێندنەوە دا ناتوانین پشت لە دەلالەتە مێژووییەکانی بکەین.

"ژ رەعـــنا نــێرگـزێن تـەی مـەست و خـوون ریــز
زەمـــان بــوو عــەهدێ جەنـگ ئەنـگیزێ چەنگیز"[٢]

ووشەی (چەنگیز) تەنیا ناوی سەرکردەییێکی مێژوویی نییە بەڵکو بە هۆی ئەو مێژوویەی کە چەنگیزخان و مەغولەکان هەیانبووە، ووشەکە هەستی توند و تیژی و ترس و جەنگاوەریش بۆ ناو دێرە شیعرەکەدا دەگوێزێتەوە.

"مـــەی نـــەنــووشـی شیـخێ صـەنـعانی غـەلەط
ئـــەو نـــەچـوو نـيــڤ ئــەرمــەنـستانێ غـەلـەط
مـــيـــسلێ مـــوســـا وی تـــەجـــەلایـا تە دیت
بـێـــژە مـــن کـــانێ غـــەلەط، هــانێ غـەلەط"[٣]

لەم پارچە شیعرە دا هەر یەکێك لە ناوەکانی (شیخی صەنعانی) و (موسا) چەند سەر بووردەیەکیان لە پشتەوەیە،یەکەمیان خۆشەویستی و سۆفیزمانەیە و ئەوی تر ئایینییە و بە پیرۆز دەژمێردرێت،ئەمانە تەنیا زنجیرە مەدلوولێکی ستوونی بە خۆیانەوە ناگرن

(١) نفس المصدر السابق، ص٢٢٧.
(٢) نفس المصدر السابق، ص٢٧٠.
(٣) نفس المصدر السابق، ص٣٢٧.

بەڵکو لە رووی واتاییەوە دەولەمەندن،لە لایێکی ترەوە شاعیر ئەم دوو نیشانەیە دەخاتە دۆخی بەراووردکردن و بەمەش واتا بەرفراوانییێکی زیاتر بە خۆیەوە دەبینێت.

"ژ گـــولـــستـــانـــا جـــەمـــالا تـــە گولەك بێتە ظهـــورێ
ژ دنـــێ دێ بـــچتـــن نـــاڤێ بـــەهـــەشـــتا ئیرەمێ"(١)

بەهەشتی ئیرەم ئەو بەهەشتە دەستکردەیە کە گوایە (شەدداد) لە کاتی خۆی دروستی کردووە بۆ ئەوەی ببێت بە جێنشینی بەهەشتی راستەقینە،سەربووردەکە و ئەنجامەکانی لە قورئانی پیرۆز دا هاتوون، شاعیر لە رێگەی بەکارهێنانی ئەم ووشەیە ناچارمان دەکات کە تەواوی سەربووردەکە و مەسەلەکانی دەوروپشتی وەکو بەشێك لە گەنجینەی واتایی ووشەکە لێکبدەینەوە و بیان هێنینە ناو تان و پۆی شیعرەکەوە.

"حـوسن و حـوب بێ یەکدوو نابن دێ بکن شاه و گەدا
نـــوور نـادەت شوعلـەیا مەحموود بێ نوورێ ئەیاز"(٢)

(مەحموود) و (ئەیاز) دوو ناوی تایبەتین و دەلالەت لە سەر دوو کەسایەتی مێژوویی واتە (شاهـ مەحموودی غەزنەوی) و خزمەتکارە شارەزاکەی(ئەیاز) دەکەن،جگە لەمەش بە بیرهێنەرەوەی ئەو سەربووردانەن کە دەربارەی پەیوەندی نێوان ئەم دوو کەسایەتییە دەگێڕدرێنەوە، هەر وەها ووروژێنەرەوەی ئەو هێماکارییەیە کە لە دەور و پشتی ئەم پەیوەندییە دا سازکراوە.

ئەمانە بە گشتی هەندێ قالبی ئامادەن و شاعیر لە رێگەی بەکارهێنانیان سوود لەو واتایە دەبینێت کە بە درێژایی مێژوو لە سەریان کەلەکەکراوە،نموونەی ئەم نیشانانەش لە شیعری (جزیری) دا زۆرە وەکو (لەیلا، مەجنوون،زین،بەلقیس،....تاد).

---

(١) نفس المصدر السابق، ج ٢، ص ٦٨٤.
(٢) نفس المصدر السابق، ج ١، ص ٢٦٣.

# باسی سێیەم: پەیوەندی نیشانەکان بە ئەزموونی ئایینی، گونجان و نەگونجان:

لە لێکدانەوەی ئەو ڕێرەوەی کە کە ووشەکان لە شیعرەکانی سۆفیگەری گرتوویانەتە بەر ئاماژەمان بەوە دا کە سۆفییەکان بۆ ئەوەی کە لە ڕاڤەکردن دا گونجانی شەرعی لە نێوان دال و مەدلوولەکان دا هەبێت چەند جۆر نیشانەیان بەکار هێناوە،(جزیری) یش سوودی لەم دیاردەیە بینیوە،هەرچەندە لەوانەیە کە ئەو مەدلوولانە کە لە مێشکی (جزیری) دا لە دوای هەر یەکێك لەم ووشانە ریز بوونەتەوە لە شاعیرانی تر جیاواز بێت بەلاّم بێ گومان هەمیشە لە ڕاڤەکردن دا زنجیرەی مەدلوولەکان گۆڕانی بە سەر دا دێت،لەگەڵ ئەمەش دا ناتوانین نکۆلی لەوە بکەین کە (جزیری) سوودی لەم سەقایە بینیوە،واتە ئەو سەقایەی کە لە شیعری سۆفیگەری دا چەسپێنراوە و بە هۆیەوە شاعیری سۆفی دەتوانێت زۆر شتی جیاواز و تەنانەت لە دەرەوەی شەرعیش بەدیاربخات چونکە هەمیشە لە ڕاڤەکردن دا سەقاییێکی شەرعی و ئیسلامی بە ووشەکان دەبەخشرێت:

**أ- دالی شەرعی و مەدلوولی شەرعی:**

ژمارەی ئەو دێرانەی کە تەواوی نیشانەکانیان لەم جۆرە بن زۆر کەمە،زیاتر لەو شیعرانە دا دەبینرێن کە دیاردەی کۆدسازی بەسەر تەواوی شیعرەکە یان چەند دێڕێکی شیعرەکە دا زالە:

"یــا رەب ژ چ روو لـــەب ب ثـەنـایـا تـــە گــوشـایـم
(سـبـــحـــانــــك لـــن احــــصــی فی شـانك حمدا)"[(١)]

---

(١) نفس المصدر السابق، ص ١٤.

ووشەکانی (ڕەب، ثەنا، سبحانك، حمدا) خۆیان لەگەڵ شەرع و سۆفیگەریی تیۆرییەوە گونجاون و مەدلوولەکانیشیان لادان و ناسازگاری و نەگونجانی شەرعیان تێدا بەدی ناکرێت.

"سـاليــك كـيـيـه؟ هاتـى ژ مـهجازى ب حــهقيـقهت
صــورهت نــهشوناسى و ب مـهعنى نــه فهنا گرت"(١)

ووشەکانی (ساليك،مەجازی،حەقيقەت،صورەت،فەنا)کۆمەڵە ووشەیەکن کە لە مەدلوولی یەکەم و دووەم دا واتایەکی سۆفیزمانەیان هەیە،کۆمەڵێك لە ووشە ئاساییەکانی پەرتووکەکانی سۆفیگەرین، نەگونجانێکی وا لە نێوان مەدلوولی ئەم ووشانە و ئەزموونی ئایینی ئاسایی لە ئارا دا نییە.

"تـه غهرهض ڤـێك كـهتنا يـهك وهليـيـهك مـورشيد بت
ســالــيــك و طــالـبى ئـيــرشاد ب بــهغداد چ كت؟
جههده و سهعى و طهلهبـێ ئـهثهرهك صــافى نــهن
تــو نــهبى پــهردهنــشين، چـاكـر و قـهواد چ كت"(٢)

(جەهد،سەعی، طەلەب، ساليك، وەلی، مورشيد، ئيرشاد)کۆمەڵە ووشەیەکن کە لە سەرچاوە سۆفیگەرییەکان دا باون، لە ڕووی واتاییەوە زنجیرەی مەدلوولەکان نەسازییێکی بنەڕەتی لەگەڵ ئەزموونی ئایینی ئاساییەوە نییە، مەدلوولی یەکەم مۆرکێکی سۆفیزمانە و ئایینی هەیە و مەدلوولی دووەمیش هەمان ڕێچکەی گرتۆتە بەر.

**ب- دالی ناشەرعی و مەدلوولی شەرعی:**

لەم جۆرە نیشانانە دا ووشە لە مەدلوولی یەکەمی خۆی دا دەلالەت دەکاتە سەر چەمك یان واتایەك کە لەگەڵ ئەزموونی ئایینیی ڕوالەتی یاخود بیرکردنەوەیەکی شەرعی ووشك ناگونجێت بۆیە لەوانەیە لە مەدلوولی دووەم دا واتایەکی شەرعی بە نیشانەکە بەخشرا

---

(١) نفس المصدر السابق، ص ١١٤.
(٢) نفس المصدر السابق، ص ١٣٤ - ١٣٥.

بێت یاخود ئاراستەی راڤەکردن(تأویل) بەم شێوەیە بێت،ئەم جۆرە نیشانانەن کە دەبنە جێگای نارەزایی دەستەلاتی ئایینی روالەت پەرست و لە هەمان کات دا بە یەکێك لە چێژ بەخشترین جۆرەکانی نیشانە لە شیعرەکانی (جزیری) لە قەلەم دەدرێن:

"دیسا ژ نو بێ حالە دل ساقی وەرین جاما زوجاج
موشتاقێ خەمرا ئالە دل لێ خۆش ئانی بت میزاج
ساقی کو دێم مەهوەش بتن، کاکول ژ شیڤا رەش بتن
قەرقەف بلا ئاتەش بتن، ئەم دێ ب وێ دل کین عیلاج"(١)

لە نموونەی سەرەوە دا (ساقی، جام، خەمر، قەرقەف) لە بواری شەرع و ئایین دابە قەغەکراو لە قەلەم دەدرێن کەچی شاعیر هاتووە و لە چوارچێوەی شیعرێکی سۆفیگەری دا بەگەڕیان خستووە،دیسانەوە ئەو سیفەتانەی کە دراونەتە پاڵ ساقی وەکو (مەهوەش،کاکول رەش) و بەندن بە جوانی ئافرەتەوە زیاتر ئەم هەستە بەهێز دەخەنەوە،لێرە دا سەرەرای ئەوەی کە زۆربەی جاران بەرەو راڤەکردن دەرۆین بۆ نموونە دەلێین کە ساقی مورشیدی راستەقینەیە بەلاّم ئەوەی راستی بێت چێژی شیعرەکە لە مەدلوولی یەکەم و ئەو واتا و مەدلوولانەیە کە لە ژێر کاریگەری سیاقەوە لە دەور و پشتی ریز دەبنەوە.

"للە وەرە ساقی ب دوو جامان مە جوان کە
موطریب ب دەفێ را بدە سیگاه و شەبابێ"(٢)

ووشەکانی(ساقی، جام، موگریب، سیگاه، شەباب) لەگەڵ کەش و هەوای ئایینی گونجاو نین، (جزیری) بە سوود وەرگرتن لەم نیشانانە سەقایێکی نائیسلامی سازدەکات،ئەو سەقایەی کە گوایە راستییێکی نایابی ئایینی لە پشتەوەیە، لەم رێگەیە ئەو ووشانەی کە لە رێگەی پیاوانی ئایینی روالەت پەرستەوە دوورخراونەتەوە دووبارە دەگەرێنەوە باوەشی شیعرەوە، ئینجا ئەو شیعرەی کە مۆرکێکی ئایینیشی پێوە دیارە،(جزیری) ئەو هەلامەتە واتاییانەی کە لە دەوری ئەم نیشانانە کۆکراونەتەوە دەخاتە گۆمانەوە و ئەو بیرکردنەوە

---

(١) نفس المصدر السابق، ص ١٧٦ – ١٧٧.
(٢) نفس المصدر السابق، ج ٢، ص ٦٤٨.

نێگەتیڤانەی کە لە سەر باری واتاییان کەلەکەبوونەتەوە بەرەو ڕێرەوێکی پۆزەتیڤانە دەبات و بۆ کۆمەڵێك مەبەستی بەرز و بەنرخ بەکاریان دێنێت، ئەگەر مەسەلەی راڤەکردنی شیعرەکانی جزیریش پەسند بکەین واتە بڵێین لە پشت هەر یەکێك لەم نیشانانە مەدلولێکی ئایینی شاردراوەتەوە لە نرخی ئەم نیشانانە کەم نابێتەوە چونکە لە لایەن شاعیرەوە نرخی تایبەتیان پێدراوە.

"دل گـەشتـــەمـــە ژ دیــــرێ ناچـم کـەنیشتـەیێ قــەط
میـــحـــرابـــا وێ ب مـــن دا وەرە دا بــچیــنــە لالــەش"[1]

"طەـــرح و طــەرزی بـــوونە زونــنار و چــەلیپا یەك ب یەك
لـــەو مـــە زونـــنار و چـــەلیپا یــەك تنێ یەکجار بەس"[2]

لەم دوو دێرە و چەندین دێڕە شیعری تریش دیاردەیەکی گرنگ بەرچاو دەکەوێت،هەندێ ووشەی وەکو(دێر،کەنیشتە،لالش،زوننار،چەلیپا،...تاد) کە لە روانگەی پیاوە ئایینیە رادیکالییەکانەوە بە دیدێکی نێگەتیڤانەوە سەیر دەکران بە جوانترین شێوە خراونەتە ناو تان و پۆی شیعرەوە و بارێکی واتایی تازە و پۆزەتیڤانەیان خراوەتە سەر،ئەم ووشانە کە پەیوەندییان بە ئایینەکانی ترەوە هەیە خراونەتە تەك بیرە ئیسلامییەکانەوە بەمەش شاعیر بەرەو یەکێتی ئایینەکان دەچێت و دان بە هەموو ئایینەکانی تر دەنێت و بواری نیشانەیی شیعرەکانی خۆی بەرفراوان دەکات.

## ج- دالی شەرعی و مەدلوولی ناشەرعی:

لێرەدا (جزیری) سوودی لە کۆمەڵێك زاراوە یاخود چەمکی ئیسلامی بینیوە و واتە مەدلوولێکی وایان پێ بەخشیوە کە لە دیدی ئەزموونی ئایینی ئاساییەوە رەت دەکرێت و مۆری قەدەغەبوونیان لە سەر دەدرێت،ئەم ووشانە جیاوازییێکی وایان لەگەڵ ووشەکانی پێشوو نییە تەنیا ئەوە نەبێت کە ئاراستەیەکی پێچەوانەیان گرتۆتە بەر،ئەگەر ئەو

---

(١) نفس المصدر السابق، ج ١، ص٢٩٣.
(٢) نفس المصدر السابق، ص ٢٨٦.

ووشانە بە هۆی نەگونجانیان لەگەڵ شەرعەوە پشت گوێ خرابن،ئەوا ئەمانە ئەوەندە بە پیرۆز دانراون کە مافی گەمە پێکردن و دەستکاری کردنیان بە شاعیر نادرێت،،لەم نموونانەی خوارەوە دا دەبینین کە چۆن (جزیری) ئەم ووشانەی خستووتە نێو گەمەی نیشانەکان،مەدلوولی یەکەمی ئەم نیشانانە ئەوەندە پیرۆزە کە لە توانای دا هەیە ئەو مەدلوولانەی کە لە پلەکانی دووەم و سێیەمەوە بەدی دەکرێن سانسۆر بکات و روویێکی شەرعیان پێ ببەخشێت:

"سۆفییێن خەلوەنشین بینە سجوود
هەر دوو برهێن تەنە میحرابێ دوعا"(١)

"تنێ ئەو سەجدەیا شوکرێ تە بر میحرابێ قەوسەینان
کو دەلق و شەمل و سەجادە ب ڤێ ئاڤێ قەسارەت کر"(٢)

لە دێری یەکەم و دووەم دا ووشەکانی(سجوود،میحراب،دوعا،سەجدە،شوکر) کە هەندێ چەمکی پیرۆزی ئایینی و ئیسلامیان لە پشتەوەیە خراونەتە نێو گەمەی نیشانەکانەوە و کۆمەڵە مەدلوولێکی دوور لە شەرعی ووشکیان دراوەتە پاڵ،برۆکانی یار بە میحرابی نوێژ چوێنراون و سۆفییەکان پێویستە روو تێ بکەن و لەوێ بپاڕێنەوە.هەر وەها(دەلق،شەمل،سەجادە، سۆفی و خەلەوەنشین)یش کە کۆمەڵە ووشەیەکی پەیوەست بە شەرع و سۆفیگەری ووشکن بوێرانە لە سیستەمێکی تازەی نیشانەیی دا بەکارهێنراون، ئەرکی روالەتی و فۆڕمی خۆیان لە دەست داوە هاتوونەتە نێو بووارێکی تازە کە نرخێکی تازە وجیاوازیان پێ دەخشێت.

"گەر بدەن دەست طەوافا پی و دەستان بکرم
وێ مەجالێ ب وقووفا عەرەفاتێ نادم"(٣)

"ژ بەردێمێ نیقاب هاڤێت و دەستوورا طەوافێ دا
د سەعی و بەیت و ئیحرامێ و من ئەسودد زیارەت کر"(٤)

---

(١) نفس المصدر السابق، ص ٥٦.
(٢) نفس المصدر السابق، ص ٢٤٣.
(٣) نفس المصدر السابق، ص٤١٤.
(٤) نفس المصدر السابق، ص٢٤١.

مەدلوولەکانی کۆمەڵێك ووشەی پەیوەست بە رێ و رەسمەکانی حەج وەکو(طەواف، سەعی، بەیت، ئیحرام، حەجەری ئەسوەد) تەواو سەرەو ژێرکراون، تەواف کە سووڕانەوەیە بە دەوری کەعبە بە دیداری یار و (حەجەری ئەسوەد)یش بە خالی سەر رووی یار زانراون،(سەعی و بەیت و ئیحرام)یش کۆمەڵێك مەدلوولی تازەیان هەیە کە پەیوەستن بە دیداری یار و خۆ ئامادەکردن بۆ خزمەت کردنی.

"طەلبە کـر وەصلێ ژ دلبــەر مە ب عیــنوانـێ زەکـــات
گــــو تــو عەبـدی و ب عــەبـدێ خــوە زەکـاتێ نادم"[١]

ووشەی زەکات کە بیرۆکەیەکی تەواو ئایینی لە پشتەوەیە و لە بوواری فیقهـ و شەرعی ئیسلامییەوە بەکاردەهێنرێت تووشی گۆڕانکارییێکی بنەڕەتی بۆتەوە، ئیتر زەکات دۆخێکی عاتیفیە کە لە نێوان شاعیر و خۆشەویستەکەی دا روودەدات،جوانیی خۆشەویستەکەی ئەوەندە زیادی کردووە کە زەکاتی لێ دەکەوێت، بەم پێیە ووشەکە بەرەو ئاراستەیەکی دوور لە ئایینەوە براوە.

"ئــەز و یــار شـــەڤەکێ هــەر دوو هـــەم ئــاغوش ببین
(لیلة القدر)ە مـــە ئــــەو شـــەڤ ب بـــەراتـــێ نـــادم"[٢]

شەوی قەدر شەوێکی پیرۆزە لای موسلمانەکان،لەم شەوە دا قورئان بە تەواوەتی هاتووتە خوارەوە و گوایە پلەکەی لە هەزار مانگی ئاسایی بەرزترە،بەڵام لەم دێڕە شیعرە دا بۆ مەبەستێکی تەواو جیاواز بەکارهێنراوە کە ئەویش بەیەکگەیشتنی دوو خۆشەویستە،چەمکێکی دونیایی دراوەتە پاڵ ئەم شەوە کە خۆی چەمکێکی مەعنەوی لە پشتەوەیە،هەر ئەم دەولەمەند بوونەی مەدلوولی یەکەم لە رووی ئایینیەوە دەرفەت بە ئاراستەکردنی مەدلوولی دووەمیش بەرەو ئاراستەیەکی مەعنەوی دەدات.

نموونەی وا لە شیعرەکانی (جزیری) دا بە بەرفراوانی بەدی دەکرێن، شاعیر کۆمەڵێکی زۆر لە ووشەکانی پەیوەست بە ئایینی ئیسلامی بۆ ئەم مەبەستە بەکارهێناوە و گرنگی بەو سنوورە قەدەغەکراوانە نەداوە کە ئەم ووشانەیان ئابلۆقە داوە.

---

(١) نفس المصدر السابق، ص٤١٧.

(٢) نفس المصدر السابق، ص٤١٥.

جوانی و ناسکی شیعرەکانی (جزیری) لەو کاتە دا دەگاتە قۆناغێکی تر کە جۆری دووەم و سێیەمی نیشانەکان لە دێڕە شیعرێك دا ئاوێتەی یەکتر دەکرێن،بەم شێوەیە نیشانەکان لە دێڕە شیعرێك دا دوو ئاراستەی جیاواز دەگرنە بەر:

"گـــەر بـــدیـــا ئـــەو صـــەنـــەمـــا ســـور جـــەمـــیـــل
نـــــازلـــێ عـــــەردان نـــــەدبـــــوو جـــــبـــرئـــیـــل"(١)

(صەنەم) بە مانای بت دێت،ئەوەی کە دەستکردە و لە شوێنی خوا یان ئامرازێك بۆ گەیشتن بە خوا دەپەرسترێت،ئەمە لە کاتێك دا کە(جبریل) ئەو فریشتەیەیە کە سروشی بۆ پێغەمبەر دەهێنا،ئەو پێغەمبەرەی کە دژی پەرستنی بتەکان وەستاوە،بەم شێوەیە ئاراستەی واتایی هەر یەکێك لەم ووشانە کار دەکاتە سەر ئاراستەی واتایی ووشەکەی تر،واتا دەتوانین مەدلوولێکی ئایینی بدەینە پاڵ ووشەی (صەنەم).

"حـــەتـــا ب نـــوورا بـــادەیێ رەنـــگـیـن نـــەکی سەجادەیێ
دووری ژ وێ شـــەهزادەیێ، دوورِدانـــەیا گـەردەن ژ عاج"(٢)

(بادە) مەی یاخود ئەو شەرابەیە کە بە حەرام لە قەڵەم دەدرێت،سەجادە بەرماڵەی نوێژە،لە شۆڕشێکی نیشانەیی دا ئەم دوو نیشانەیە پێکەوە کۆکراونەتەوە و لە گەمەیەکی نیشانەیی بەهێز دا مەدلوولەکانیان بە یەکەوە بەستراون.

"فـەیـضـا عـلـووم و حـیـکـمـەت، جـامـا صـەدەف کو گێرا
مە ژ دەستێ موغبەچان دیت ب مەصحەف و ب ئایەت"(٣)

(فەیچ،مەصحەف،ئایەت) کۆمەڵە ووشە و چەمکی ئیسلامی و سۆفیزمانەن،لە کاتێك دا کە(جام) واتە مەی و (موغبەچە) واتە بەچکە زەردەشتییەکان لەگەڵ ئەزموونی ئایینی ئاسایی دا نەسازن، نیشانەکان دوو ئاراستەی جیاوازیان هەیە،سەرەرای ئەمە هەرکامەیان کاردەکاتە سەر ئاراستەی ئەوی تر .

---

(١) نفس المصدر السابق، ص٣٩٥.
(٢) نفس المصدر السابق، ص١٧٨.
(٣) نفس المصدر السابق، ص١٣٧.

# باسی چوارەم: سیاق و کاریگەرییەکانی لە شیعرەکانی ( جزیری ) دا:

## • تەوەرەی یەکەم: جیاوازیی کاریگەری و مەدلوولەکانی نیشانە بە پێی سیاقەوە:

ئاماژە بەوە درا کە بیرۆکەی هەبوونی واتایەکی دیاریکراو و چەسپاو بۆ هەر نیشانەیەك لە شیعری سۆفیگەری دا جارڕدانێکی بێ بناغەیە،شیعرەکانی (جزیری)یش داکۆکی لە سەر ئەم خالە دەکەن،ئەگەر بڕوانینە ئەو ووشانەی کە لە شیعرەکانی (جزیری) دا بەکارهێنراون،دەبینین کە زۆربەی زۆری ووشەکان هەر جارە و بە پێی ئەو سیاقەی کە تێدا رۆلی خۆیان دەبینن مەدلوول و کاریگەری جیاواز دەنوێنن،سیاقی شیعرەکان ئەو دەرفەتە بە ووشەکان نادات کە هەر جارە و هەمان کاریگەری پێشوویان هەبێت،بۆ لێکدانەوەی ئەم راستیەش پێویستە وەکو دەقێکی نووسراو بڕوانینە ئەم شیعرانە،ووشەیەك هەلبژێرین و ئەو دێرانەی کە ووشەکە تێدا بەکارهێنراوە لەگەلّ یەکتر دا بەراوورد بکەین،لەم حالەتە دا بۆمان دەردەکەوێت کە چۆن دەستەلاتی سیاق گۆڕانی بنەڕەتی بە سەر زنجیرەی مەدلوولەکانی هەر نیشانەیەك دا دێنێت.

بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەم راستییە چەند نموونەیەك بەدیاردەخەینەوە،لەوانە ووشەی (ئەلماس) کە چەند جارێك لە شیعرەکانی (جزیری) دا بەکارهێنراوە:

"یـــاقــووت فــرۆشــان د کــەف ئــەلـماس شکەستن
ئـــەڤ صــەفحەیێ ئـەلـماس کـو نـەقاش رەقەم دا"(1)

لەم دێڕە شیعرە دا دوو جار ووشەی (ئەلماس) دووبارەکراوەتەوە،زنجیرەی مەدلوولەکانی ووشەکە لە نیوە دێری یەکەم تەواو جیاوازە لە هاوتاکەی لە نیوە دێری

---

(1) نفس المصدر السابق، ص١٣.

دووەم دا،لە نیوە دێری یەکەم دا ووشەی (ئەلماس) ئەوەندە لە واتای ئاسایی خۆی دوور نەکەوتووتەوە بەلاّم لە نیوە دێری دووەم دا ئەوەندە بەرفراوانە کە چەندین لقی لێ دەردەچێت و ئەستەمە بە تەواوەتی سنوورێکی بۆ دابنرێت.لە لاییێکەوە خولقاندنی ئەم ئەلماسە دراوەتە پالّ(نەقاش) کە لە پەیوەندییێکی پاردیگماتیکی دا لەوانەیە شوێنی خوای گەورەی گرتبێت،بۆیە ئەلماس لەم نیوە دێرە دا واتای ئاسایی خۆی لە دەست داوە و زیاتر دەلالەت دەکاتە سەر روومەت و رووی جوان و ناوێزە، ئەم شیمانەیە لە ئارادایە کە ئەم شیعرە لە پەسنی پێغەمبەر(د.خ) نووسرا بێت،ئەگەر وا بێت ئەو مەدلوولانەی کە دەدرێنە پالّ ووشەی ئەلماس لە نیوە دێری دووەم دا شێوەیەکی تر بە خۆیانەوە دەگرن و دەتوانین مۆرکێکی ئایینی بە سەریان دا بسەپێنین. با تەماشای هەلسۆکەوتی ووشەکە لەچەند دێرێکی تر دا بکەین :

"شـــیرێ ئـــەلـماسی کشینت، تـو ژ لامـیع دە خەبەر
ڤەکرت حوققەییّ یاقووت ژ گەوهەر مەکە بەحث"[1]

"ئـەلـمـاس نـــومـــانـــە شـوبــهی مــیـصــری
دانـــیـــن جـــەگـــەرێ مـــە دل کـــر ئـامـاج"[2]

(ئەلماس) دراوەتە پالّ شیر و میصری کە خۆی جۆرە شیرێکە و باس لە درەوشانەوەی کراوە، لەوانەیە ووشەکە لە پەیوەندییێکی پاردیگماتیکی دا و لە پێناو بەرفراوانکردنەوەی دەلالەت بۆ ڤامکە ناسکەکانی دلبەر بەکارهێنرابێت.

"تــە دیـدارێ تـە رەفـتارێ، تـە ئـــەلـمـاســێن شــەکـەر باری
ب عەینێ رێ ل سەر صادان دوو نوون رەیحان نومان ئەبرو"[3]

---

(١) نفس المصدر السابق، ص ١٥٦.
(٢) نفس المصدر السابق، ص١٧٠.
(٣) نفس المصدر السابق، ج ٢، ص ٦٠٨.

لێرەدا (ئەلماس) کەوتووتە تەك سیفەتی (شەکەربار) کە بە پێچەوانەی هەر دوو دێری پێشوو وێنەیەکی ناسکمان لە ئەلماس کە بۆ ئەندامێکی جەستەی خۆشەویست خوازراوە پێشکەش دەکات.

"نــەقــشێ ئــەلـماسـی ل ئەلماسی بنێ گرتییە حەرف
خەتێ یــاقووتی ل یــاقووتێ شــکیــناندییە نەرخ"(١)

دووبارە ووشەی ئەلماس دوو جار لە دێڕە شیعرێك دا دووبارە کراوە و دیسانەوە هەر جارە و چەند مەدلوولێکی جیاوازی هەیە،(ئەلماس)ی یەکەم لەوانەیە لە پەیوەندییێکی تازە دا جێنشینی پێستی سپی و ناسکی خۆشەویست کرا بێت کە توانج و تان ئاراستەی ئەلماسی دووەم دەکات کە تا رادەیەکی زۆر واتای ئاسایی خۆی لە دەست نەداوە.

لە ئەلماسەوە بەرەو هەندێ ووشەی تر دەچین کە بە رێژەیەکی زۆرتر بەکارهێنراون،یەکێك لەمانە ووشەی (زولف)ە کە لەم نموونانەی خوارەوە دا هەر جارە و کاریگەریەکی جیاوازی هەیە:

"ســوونــد ب وێ زولفــا ســیاه ئــەز عـابدێ حوسنا تەمە
خــەف دنووشم وێ شەرابێ، خوەش شەراب و قەهوەیە"(٢)

"تــرسم مــوخالــف با دەتێ، زولــفێن د دۆرا جــەبــهــەتێ
راکــت قــیــامــا ســاعەتێ، عــالەم بــبت زیــر و زەبـەر"(٣)

لەم دوو دێڕە شیعرە دا ووشەی (زوڵف) تا رادەیەکی زۆر دەلالەت دەکاتە سەر زولفی کچان بەڵام لەگەڵ ئەمەش دا هەلسۆکەوتی ئەم ووشەیە لە دێری یەکەم دا تەواو جیاوازە

---

(١) نفس المصدر السابق، ج ١، ص ٢١٢.
(٢) نفس المصدر السابق، ج ٢، ص ٥٠٥.
(٣) نفس المصدر السابق، ج ١، ص ٢٥٠.

له هی دووەم،له دێری یەکەم دا وەکو شتێکی پیرۆز تەماشا کراوە،شاعیر سوێندی پێ دەخوات،بەلاّم له دێڕە شیعری دووەم دا رەگەزێکی سەرەکییه له پێکهێنانی وێنەیەکی شیعری ناسك.هەر ئەم ووشەیه واته (زوڵف) لەم دێڕە شیعرەی خوارەوە دا رێرەوێکی تەواو جیاواز دەگرێته بەر:

"سـەد گـرەھ مـن د دلـن لـەو كـو چـەپ و راست دكر
شـاهێ حـوسنـێ قيـدەمێ زولـفێ گرەهدارێ حدوث"[1]

ئیتر (زولف) به تەواوەتی له واتای ئاسایی خۆی دوورکەوتووتەوە،ووشەکه خراوەته نێو سیاقێکی تایبەت که پەیوەسته به خوای گەورە و مەسەلەی خولقاندنی مرۆڤ، ووشەکه له ژێر کاریگەری دوو زاراوەی فەلسەفیی (حدوپ) و (قیدەم)دا کۆمەڵێك مەدلوولی ئاوێته و ناڕوون به خۆیەوە دەگرێت که تەواو جیاوازن له هاوتاکانیان له نموونەکانی پێشوو دا.

هەر وەها ئەگەر بڕوانینه ووشەکانی(مەی،خەمر،جام،قەدەح،بادە) که له شیعرەکانی (جزیری) دا به بەرفراوانییەوە بەکارهێنراون و زیاتر وەکو چەند نیشانەیەکی سوواوە دێنه بەرچاو، بۆمان دەردەکەوێت که به پێی شوێنیان له سیاق دا مەدلوول و کاریگەریی جیاوازیان هەیە:

"حـەيـاتـا دل مەيـا بـاقی، بـنوشين دا ب موشتاقی
الا يـا أيـها الـساقـی ادر كـاسـا و نـاولهـا"[2]

ووشەی (مەی) له نێو سیاقێکی وا دا هاتووە که مرۆڤ هەست بەوە ناکات که له مانای ئاسایی خۆی دوورکەوتبێت،بۆیه له لێکدانەوەی ووشەکه دا پەنا بۆ راڤەکردنکردن و دۆزینەوەی مەبەست دەبرێت.

"ژ دوعـایـێ قـەدەحـەك دەر دەسـتـە
هـەر سەحەر مەستـێ مـەيـێ نـابێ دوعا"[3]

(١) نفس المصدر السابق، ص ١٥٩.
(٢) نفس المصدر السابق، ص ٢.
(٣) نفس المصدر السابق، ص٥٧.

له پەیوەندییێکی سینتاگماتیکی دا ووشەکانی (مەی)و(قەدەح) دراونەتە پاڵ دوعای بەیانیان،لەم سیاقە دا ووشەی(مەی) کاریگەریەکی جیاوازی دەبێت و دەتوانین بەرەو ئاراستەیەکی ئایینی ببەین.

"ژ رەنـــــگ و زەرقــیٚ دا دل بـشــۆتـــن
جـاما ســەدەف بیـن رەند و کەرامەت"[1]

"زاهـیـدیٚ هـــشك طـەبـــع ســـەودایــە
ب دوو جـامان طـــەبیعەتیٚ تــەڕ کە"[2]

"ب مەیـیٚ صـافـی بدیـن خرقەییٚ زەرقیٚ
ب خەراباتـیٚ مــوغان ئــەر بـرەسین"[3]

لەم دێڕە شیعرانەی سەرەوە دا (مەی)و(جام) خراونەتە دۆخی بەراوورد کردنەوە لەگەڵ هەندیٚ نیشانەی ترەوە کە دەلالەت لە سەر ئایینی روالەتی و زوهدی ووشك دەکەن وەکو(رەنگی زەرق،زاهیدیٚ هشك،خەرقەییٚ زەرق)، ئەم پەیوەندییە دەرفەتی ئەوەمان دەداتیٚ کە هەندیٚ چەمکی سۆفیگەری بدەینە پاڵ ئەو ووشانەی کە پەیوەستن بە مەی و مەی خواردنەوەوە.

"جــامیٚ عـیشقیٚ پــاکیٚ رووحـــانی طــــهوورا بـــاطینـە
ییٚ نـــەنــــووشی هـەر وەها حەتتا ئەبەد ناپاك رووح"[4]

ووشەی جام لە سەقایێکی تەواو سۆفیزمانە دا بەکارهێنراوە بۆیە دەتوانین بە موتمانەیەکی زۆرەوە مەدلوول و واتایەکی خوایی بدەینە پاڵ ئەم ووشەیە.

---

(١) نفس المصدر السابق، ص١٤٢.
(٢) نفس المصدر السابق، ج ٢، ص ٥٧٩.
(٣) نفس المصدر السابق، ج ١، ص ٤٧٤.
(٤) نفس المصدر السابق، ص ١٨٨.

"دلبــەر ب لــەعــلێن خۆی شەفاف، دا من مەیا گولگون و صاف
دەریایێ عیشقێ قـاف و قـاف پـەیوەسـتە تێتن جەزر و مەد"(1)

ئەو مەیەی کە لە لەعلەکان واتە لێوەکانی خۆشەویستەوە وەردەگیرێت مەیێکی تایبەتییە کە بە هەستی خۆشەویستی بەرامبەر بە دلبەرەوە ئاوێتە کراوە،یاخود لەوانەیە هەر بەیەکگەیشتنی شاعیر و خۆشەویستەکەی بێت یان بریتی بێت لەو قسە شرینانەی کە لە دەمی خۆشەویستەوە دەردەچن کار لە سەر شاعیر دەکەن.

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە دەستنیشانکردنی واتایەکی دیاریکراو و چەسپاو بۆ ووشەکان تەنیا بیرۆکەیەکی کۆنە کە لە ژێر دەستەلاتی سیاقەوە تووشی مەحکوم بوون دەبێت و مۆری رەتکردنەوەی لێ دەدرێت،راستە کە لەوانەیە نیشانەیەکی ئەوەندە سوواوە لە ئارا دا هەبێت کە پەیوەندییەکانی بە تەواوەتی روون کرابنەوە بەلاّم لە لایێکەوە لەوانەیە ئەم دیاردەیە خۆی لە ژێر کاریگەری بیرۆکەی چەسپاو بوونی مەدلوولی ووشەکانەوە هاتبێتە ئاراوە، لە لایێکی ترەوە ناتوانین ئەم راستییە رەت بکەینەوە کە کاریگەری نیشانەکە لە دێڕێکەوە بۆ دێڕێکی تر دەگۆردرێت.

## • تەوەرەی دووەم: پەیوەندییە سینتاگماتیکییەکان و گۆڕینی ئەدگاری نیشانەکان:

لە شیعرەکانی مەلای (جزیری) دا پەیوەندییە سینتاگماتیکییەکان گرنگیی تایبەتیی خۆیانیان هەیە،لێرەدا تەنیا گرنگی بەو گۆرانکارییانە دەدەین کە دەبنە هۆی ئەوەی گۆڕانی بنەڕەتی بە سەر ئەدگار و تایبەتییەکانی نیشانەیەك دا بێت،لە تەوەرەی سینتاگماتیك دا کۆمەلێك پەیوەندیی تازە لە نێوان نیشانەکان دا ساز دەکرێن ئەم پەیوەندییانە لە زمانی ئاسایی دا باو نین و لە مەدلوولەکانی ووشەکە ناوەشێنەوە بەمەش سروشتێکی تازە دەدرێتە پالّ ووشەکە کە جیاوازە لە سروشتی ئاسایی خۆی،ئەمەش فاکتەرێکە بۆ بەهێزکردنی زمانی سۆفیگەری:

---

(١) نفس المصدر السابق، ص٢٣٣.

**أ- به رووته‌وه‌گه‌رایی:**

ئه‌م دیارده‌یه له شیعره‌كانی (جزیری) دا زیاتر په‌یوه‌سته به كۆمه‌ڵه چه‌مكێكی میتافیزیكییه‌وه به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌مه‌ش دا سوود له هه‌ندێ چه‌مكی تریش وه‌رگیراوه،له‌م گه‌مه‌یه دا شاعیر ئه‌دگاری (+ رووت) ده‌داته پاڵ نیشانه‌یه‌ك كه خۆی له بنه‌ڕه‌ت دا(- رووت)ه:

"نـه‌فـه‌سـه‌ك بێ تـه مـه نــایێ بـالله
نــه تنێ رووحــی تــو روح و جــانی"[1]

(تو) خه‌سله‌تی (+به‌رجسته) واتا (-رووت)ی هه‌یه چونكه مه‌به‌ست مرۆڤێكه كه بوونێكی ماددی هه‌یه،به‌ڵام كاتێك ووشه‌كانی(روح) و (جان)ی ده‌درێته پاڵ ئیتر ئه‌م مرۆڤه ئه‌دگاری(+رووت)ی ده‌خرێته پاڵ و سیفه‌تی (- به‌رجسته) تا راده‌یه‌كی زۆر جێگیر ده‌بێت.

"ژ دوعــایێ قــه‌ده‌حــه‌ك ده‌ر ده‌سـتـه
هه‌ر سه‌حه‌ر مه‌ستێ مه‌یێ نابێ دوعا"[2]

(مه‌ی) له رووی پێكهاتنه‌وه خاوه‌نی سیفه‌تی (+به‌رجسته) و (- رووت)ه به هۆی ئه‌وه‌ی كه دراوه‌ته پاڵ ووشه‌ی (دوعا) گۆڕانی به سه‌ر داهاتووه و سیفه‌تی(+رووت) دراوه‌ته پاڵ.

"(لیله القدر) و به‌راتن زولف و جـه‌بهه‌ت صـوبحێ عید
دێم وه‌كو فـه‌صـلا بــوهارێ لێ قـیامه‌ت قـه‌د و قام"[3]

(زوڵف) له رووی واتاییه‌وه(+به‌رجسته) و (-رووت)ه، به‌ڵام كه له په‌یوه‌ندییێكی سینتاگماتیكی دا به شه‌وی قه‌در و به‌رات چوێنراوه،ئه‌م ئه‌دگاره به‌ره‌و لاوازییه‌وه

---

(١) نفس المصدر السابق، ج ٢، ص٧٤٣.
(٢) نفس المصدر السابق، ص٥٧.
(٣) نفس المصدر السابق، ص٤٢٥.

رۆیشتووه و سیفەتی(+رووت) بە سەری دا زال بووه،ووشەکە مادديیەتی خۆی لە دەست داوه و بەرەو ئەوە دەروات کە ببێت بە ناوێکی مەعنەوی.

"ئەڤ شکل و صورەت صەورین، ئەصلێن ل بالا زەیینین
نیسبەت ب وان ئەم سایەیین، تەرتیبێ خەللاقی وە دا"[1]

(ئەم) دەلالەت لە سەر مرۆڤ دەکات کە سیفەتی(+بەرجستە) و (-رووت)ی هەیە،کاتێك کە لەگەڵ (سایە) دا دەخرێتە دۆخی لێکچوواندنەوەدا سیفەتی (+رووت)ی دەخرێتە پاڵ.

"گولدەستەیێ نوورین قیدەم، دەستان ژ ئەنگوشتا قەلەم
ئەو لالەیێ باغێ ئیرەم، ماوەر ل بەلگان ژالە کر"[2]

(گولدەستە) خۆی (+بەرجستە)و(- رووت)ە بەڵام کاتێك دەدرێتە پاڵ گرێی (نورین قیدەم) ئەم بەرجستە بوونە دەکەوێتە گۆمانەوە و سیفەتی (+رووت) بە سەری دا زال دەبێت.

### ب- بەرجستەگەرایی:

دیاردەی بەرجستەکردن بە شێوەیەکی بەرفراوان لە شیعرەکانی (جزیری) دا بەکارهێنراون،بە شێوەیەك کە زالە بە سەر رەوتی بە رووتەوە کردن دا،لەم کردەوەیە دا ووشەیەك کە خاوەنی سیفەتی(-بەرجستە) یاخود (+رووت)ە،سیفەتی(+بەرجستە)ی دەرێتە پاڵ و لە سروشتی رووتی خۆی دووردەکەوێت:

"یـــەك دەم ڤــەنــەهشتن تـە دهـامــوونـێ فیراقێ
بـێ هـەمــدەمی دەردان کو چ فـەریـادرەسـی تو"[3]

---

(١) نفس المصدر السابق، ج ٢، ص ٨٥١.
(٢) نفس المصدر السابق، ص١٢٧.
(٣) نفس المصدر السابق، ص٦٢٩ .

فیراق هەڵگری چەمکێکی مەعنەوییە واتە(+رووت)و(-بەرجستەیە) بەڵام کە ووشەی هاموون واتە بیابان دەدرێتە پاڵ ئەم ووشەیە،چەمکی مەعنەوی (فیراق) لاواز دەبێت وەکو شوێنێك پیشان دەدرێت و ئەدگاری(+بەرجستە) وەردەگرێت.

"میننەت ژ خـودایێ کـو ب عـەبـدێ خـو مەلایـی
ئێکسـیرێ غـەمـێ عـیـشقێ نـە دیـنـار و درەم دا"[١]

ووشەی غەم بە پێی مەدلوولە ئاساییەکانی خۆی (+ رووت)و(- بەرجستە) یە بەڵام کاتێك وەکو ئەو مسەی کە دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئکسیر و دەبێت بە ئالتون سەرەدەری لەگەڵ دا دەکرێت کۆمەڵێك سیفەتی ماددی دەخرێنە سەر باری واتایی ووشەکە و سیفەتی(+بەرجستە)خۆی دەنوێنێت.

"قـەدەحـەك تـازە ژ عـیشقێ د ئـەزەل دامـە حـەکیمی
ژێ دنووشین هـەی و هـەی هێ ب خوە جامە لەبالەب"[٢]

"فـەلـەکا ئـەطلەسێ سـەرگەشتە د جـاما مـە حـوبـابە
مەوج ددەت قولزومـێ عیشقێ مە ل سەر دەست غورابە"[٣]

عیشق خۆی (+رووت) و (-بەرجستە)یە،چەمکێکی تەواو مەعنەوییە بەڵام کاتێك دەخرێتە نێو قەدەحەوە کە هەڵگری شتی ماددییە،یان باس لە قولزوم یاخود دەریای عیشق دەکرێت سیفەتی (+بەرجستە) و (- رووت) بە سەر ووشەکە دا زال دەبێت و سروشتی ووشەکە تووشی وەرچەرخانێکی گەورە دەبێت.

"لـەشـکرێ قـەهر و غـەمان چـوون حـیسارا دل بـدەن
کـەعبـە و بیـت الحرامة لێ ب نـوور بـیـتن رەجەب"[٤]

---

(١) نفس المصدر السابق، ج ١، ص ١٤.
(٢) نفس المصدر السابق، ص ٦٩.
(٣) نفس المصدر السابق، ج ٢، ص ٥٠٨.
(٤) نفس المصدر السابق، ج ١، ص ٧٤.

قەهر و غەم (- بەرجستە) و (+ رووت)ن، بەلاّم کە باس لە لەشکر کرا ئەدگارەکانی (+ بەرجستە) و(- رووت) دەخرێنە سەریان و تارادەیەك بە سەریان زال دەبن.

**ج- شتگەرایی:**

لەم کردەوەیە دا کۆمەلێك ووشە کە لە مەدلوولە ئاساییەکانیان دا ئەدگاری(+شت) بەدی ناکرێت واتە شت نین وەکو شت مامەڵەیان لەگەڵ دا دەکرێت و ئەدگاری (+شت)یان دەخرێتە سەر،ئەم کردەوەیە لە شیعرەکانی (جزیری) دا بە زەقی بەدەردەکەوێت،هەندێ لەو نموونانەی کە لە(بەرجستە گەرایی) دا ئاماژەیان پێدرا دەچنە ژێر سایەی کردەوەی (شتگەرایی)، بەلاّم لێرە دا ئاماژە بەو نموونانە دەدەین کە لە سەر حیسابی بە(-زیندوو) کردنەوە دێنە کایەوە:

"زانـم تـە کـوهێ طورە دل، لەو هـەر ب نـار و نـوورە دل
شـەهکاسەیا فەرفوورە دل، لەو مەست و سەکرانی مەلا"[1]

(دڵ) ئەندامێکی لەشی مرۆڤە ئەدگارەکانی بریتین لە (+زیندوو) و (-شت) لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەم ووشەیە لە دۆخێکی وا کە بە کێوی تور و شەهکاسەی فەرفوور چوێنراوە و کەوتووتە ژێر کاریگەری ئاگر و رووناکبوونەوە دا بۆیە ئەدگارە بنەڕەتییەکانی تووشی گۆڕان دەبن و سیفەتی(-زیندوو) و (+شت) بە سەری دا زال دەبن.

"جـارنـان بـەندەیێ دل سۆهتیێ مـەهجور ڤـەنێر
ب لەبێ لـەعلێ شـەکەربـار ژ عـەیـنێ کـەرەمـێ"[2]

(لەب) واتە لێو کە(+زیندوو) و (-شت)ە بەلاّم بەهۆی ئەوەی کە ووشەی لەعل کە بەردێکی بەنرخە دراوەتە پاڵی، ئەم ئەدگارانە بەرەو لاوازییەوە دەرۆن و (+شت) و (-زیندوو) دەچنە تەك سیفەتەکانی لێو.

---

(١) نفس المصدر السابق، ج ٢، ص ٦٣٩.
(٢) نفس المصدر السابق، ص ٦٨١.

"تـــو بــــمـــەش كـــوك ب ســـەر دەرێ قـــەصـــرێ
ب خـــــــوە كـــو، كـــی؟ ل شـــاه و قـــەیصەر كـــە
وەرە وەك رۆژ ب ســــــەر دەرێ كــــــەلـــــهـــــــێ
عـــــــالـــەمـێ تـــــێـــك مــــونـــــەوەر كــــە"[١]

(تو) كە مرۆڤە و بەپێی لۆژیكەوە(-شت) و (+زیندوو)ە كاتێك كە بە خۆر چوێنراوە ئەم سیفەتانەی تا رادەیەكی زۆر لە دەست داوە و بەرەو ئەوە رۆیشتووە كە ببێت بە (-زیندوو) و (+شت) كە ئەم خۆی مەبەستی شاعیرە كە بەردەوام دەیەوێ خۆشەویستی خۆی لە سیفەتە مرۆڤایەتییەكانی خۆی بەدووربخاتەوە.

"قـەلبێ مـە شوبهی زێر ژ فـــەیضا تـە جـــەلاگرت
مـا روسیەهـ و صیفر سیفەت رەنگێ صەفا گرت"[٢]

(+زیندوو) و (-شت) گرنگترین سیفەتەكانی قەلب یاخود دڵن،لە تان و پۆی ئەم دێڕە شیعرە دا دڵ جارێ دراوەتە پاڵ مس وجارێكی تریش كراوە بە زێڕ بەمەش دڵ بەرەو ئەوە دەروات كە ببێت بە (+شت) و (-زیندوو).

"نـەی شەكەرا گەردن ژ عاج، دیسا ژ رەشتوزێن صەمەد
قـەوسێن ل بـالا فەرق و تاج كەیبەر رەشاندن بێ عەدەد"[٣]

(گەردن) كە بەشێكە لە جەستەی مرۆڤ سیفەتی (-شت) و (+زیندوو)ی هەیە بەڵام كاتێك كە لە گەمەیەكی تایبەتی دا كرا بە عاج ئیتر ئەم سیفەتە بنەڕەتی و ئاساییانە بەرەو لاوازی دەچن و ئەدگارەكانی(+شت) و (- زیندوو) لە مەدلوولەكانی ووشەكە دا زیاتر بەرجستە دەبن.

"گــەر تـــە دڤـــێتن بـــبـــڕی ســـەر بكە فەرمان
دا ڤێ سەعەتێ سەر ببڕم خوەش مەقەسم ئەز"[٤]

---

(١) نفس المصدر السابق، ص ٥٧٧.
(٢) نفس المصدر السابق، ج ١، ص١١٢.
(٣) نفس المصدر السابق، ص٢٣٠.
(٤) نفس المصدر السابق، ص٢٥٥.

(ئەز) ئاماژە دەداتە بە خودی شاعیر کە بریتیە لە مرۆڤێك کە ئەدگارەکانی ئاشکران بەلام کاتێك کە شاعیر خۆی بە مەقەس دەژمێرێت، هەندێ ئەدگاری دوور لە سروشتی مرۆڤ خۆیان دەنوێنن وەکو(-زیندوو) و (+شت)، بەمەش (ئەز) سرۆشتە مرۆڤایەتییەکانی خۆی لە دەست دەدات و بەرەو بەشت بوون دەروات.

**د- زیندەوەرگەرایی :**

ئەم دیاردەیە زیاتر لەوانەی پێشوو لە شیعرەکانی (جزیری) بەدی دەکرێت بەلام ناتوانین بە جۆرێکی دیاریکراوەوە سنوورداری بکەین، هەندێ لە جۆرەکانی (بەرجستەگەرایی) هاوکاتن لەگەڵ زیندەوەرگەرایی واتە سیفەتی (+زیندوو) هاوکات لەگەڵ سیفەتی(+بەرجستە) کە دەدرێتە پاڵ ووشەیەك کە لە بنەڕەت دا (+بەرجستە) و (-زیندوو)ە سەرەرای ئەمە لە هەندێ حالەتی تر دا سیفەتی(+زیندوو) تووشی گۆڕانکارییێکی بنەڕەتی نابێت بەڵکو تووشی گۆڕانێکی چۆنیەتی دەبێت،لەمانەی خوارەوە دا دەتوانین گرنگترین جۆرەکانی ئەم گەمەکردنە لە تەوەرەی سینتاگماتیکی دا بەدیاربخەینەوە:

**- رووەك گەرایی:**

شاعیر لەم گەمەیە دا سیفەتی(+ رووەك) دەداتە پاڵ ووشەیەك کە خاوەنی ئەم خەسلەتە نییە،بەم شێوەیە ووشەکە لە مەدلوولەکانی خۆی دا هەندێ سیفەتی رووەکی وەردەگرێت و مەدلوولەکانی لە سروشتی خۆیان دوور دەکەون:

"شاهیدێ گول رەنگ ساقی بەلکە نەسرینێن بەشەر
ئێ دلبسێ ئەرغەوانی، نێرگزێن عەرعەر خەرام"[(١)]

(شاهید) کە لە پەیوەندییێکی پارادیگماتیکی دا خاوەنی ئەدگاری(+مرۆڤ)ە چونکە دەلالەت دەکاتە سەر کچی جوان و ناسك بەلام بە هۆی بەکارهێنانی لە تەك هەندێ

---

(١) نفس المصدر السابق، ص٤٢١.

ووشەی وەکو(گول رەنگ،نەسرین، ئەرغەوان، نێرگز، عەرعەر) سیفەتی(+رووەك)بە سەر ووشەکە دا زال دەبێت و سیفەتی(+مرۆڤ) بەرەو لاوازی دەروات.

"وەك گـولـەك زەردی، بـوغچـەیا تەمە ئەز
تــو مــە تێکەل خـوە وەك گـولا زەر کـە"[(١)]

(تە) جێناوە،دەلالەت لە سەر مرۆڤ دەکات بۆیە گرنگترین سیفەتی(+مرۆڤ) و (-رووەك)ە، بەلام لە ئەنجامی لێکچوواندنی بە گولْ و خولقاندنی هەندێ پەیوەندی تر سیفەتی(+رووەك) بە سەر ئەم جێناوە دا زال بووە و سیفەتی(+مرۆڤ) کاریگەریی پێشووی نەماوە.

"گــولێ ئـیـقـبـال ژ گــولـزارێ قــەبــوول
مـــە چـنـی بـوو د شــەکر خـوابێ دوعا"[(٢)]

ووشەکانی ئیقبال و قەبوول لە رووی واتاییەوە(-بەرجستە)و(-گیان) و(-رووەك)ن،بەلاّم لە گۆڕانێکی گەورە دا کۆمەڵە ئەدگارێکی تەواو پێچەوانە دراونەتە پالْ ئەم دوو ووشەیە،ئەم ئەدگارانەش بریتین لە(+بەرجستە) و (+گیان) و(+رووەك).

"هـەر کەس سـەحەرێ طالبێ تشتەك ب چـەمەن هات
هـن سوسـن و هـن سونبول و هن زولفێ دووتا گرت"[(٣)]

زۆر بە ناسکی ووشەی زولف کە لە زمانی ئاسایی دا (- رووەك)ە سیفەتی (+رووەك)ی خراوەتە سەر و رووەك هامشۆی لەگەلْ دا کراوە، (سوسن) و (سونبول) و (زولف) لە یەك ریز دا هێنراون، شوێنەکەیانیش چەمەنە ئەمە خۆی هاندەرێکە بۆ ئەوەی بیر لە رووەك بوونی زولف بکرێت.

---

(١) نفس المصدر السابق، ج ٢، ص ٥٧٨.
(٢) نفس المصدر السابق، ج ١، ص ٥٧.
(٣) نفس المصدر السابق، ص١١٦.

**ـ گیانەوەرگەرایی:**

بریتیە لەوەی کە ئەدگاری (+گیانەوەر) بدرێتە پاڵ ووشەیەك کە خۆی لە زمانی ئاسایی دا خاوەنی ئەم ئەدگارە نییە،(جزیری) بە شێوەیەکی بەرچاو ئەم شێوازەی بەکار هێناوە:

"غونچە لەبا ژ رەنگ گولێ، دێمێ ب سەیر نوما (مەلێ)
شوبهەتی بولبولان سەحەر، لەو مە فیغان و نالە کر"[1]

(مە)واتە ئێمە سیفەتەکانی مرۆڤ وەردەگرێت(+مرۆڤ) بەڵام لەم دێڕە شیعرە دا بە بولبول چوێنراوە و سیفەتی(+باڵندە)ی دراوەتە پاڵ بۆیە لە سیفەتە مرۆڤییەکانی خۆی دوورکەوتووە.

"هات پادیشاهێ پوڕ سوپاه، قامەت ئەلیف دێم شوبهی ماه
داد و مەدەد صەد ئاه و ئاه، زولفان عەقارب تێنە سەر"[2]

زوڵف خۆی(-گیانەوەرە)،بەڵام کاتێك کە (عەقرەب) دراوەتە پاڵی وەرچەرخانێك هاتووتە ئارا و سیفەتی (+گیانەوەر) لە زنجیرەی مەدلوولەکانی ئەم ووشەیە دا خۆی نوواندووە،ئەمەش لەو کاتە دا کە بە عەقرەب واتە دووپشك چوێنراوە.

"صەد جەور و جەفا دی ب مە ناچین ژ دەرێ تە
یەکسەر تو نەباتی و ل تەبعێ مەگەسم ئەز"[3]

(ئەز) بۆ مرۆڤ دەگەرێتەوە کە گیانەوەرێکی ئاسایی نییە و گرنگترین سیفەتی جیاکەرەوەی (+مرۆڤ)ە،بەڵام کاتێك کە شاعیر خۆی بە (مەگەس) واتە مێشوولە دەزانێت ئەوا پێ لە هەندێ لە ئەدگارە مرۆڤییەکانی خۆی دەنێت سیفەتی(-مرۆڤ) تا رادەیەك جێگیر دەبێت و سروشتی زیندەوەرەکانی تر دەخرێتە سەر سروشتی ئەم مرۆڤە.

---

(١) نفس المصدر السابق، ص ٢٣٩.
(٢) نفس المصدر السابق، ص٢٤٧.
(٣) نفس المصدر السابق، ص ٢٥٤.

"هــەر دلێ بازی سیفەت دێ صەیدێ تەیغو نك وەبێ
فەڕ و پەروازێ هۆمای و پەنجەیێ شونقار بت"[1]

(دڵ) وەکو ئەندامێکی لەشی مرۆڤ (-گیانەوەر) بەڵام لە چالاکییێکی سینتاگماتیکی دا بە باز کە باڵندەیەکی شیکارییە چوێنراوە و سیفەتی(+باڵندە)واتە(+گیانەوەر) خراوەتە سەری،سیاقی دێڕە شیعرەکەش بە گشتی پشتیوانی ئەم ڕەوتە دەکات چونکە ناوی چەند باڵندەیەکی تری وەکو(تەیغو،هۆما،شەنقار) باس کراوە.

"مــاهرۆیی میـسك بۆیی، سۆڕپـلەنگی شـێرخۆیی
وێ ب زولفا شوبهی گـۆیی، دل ژمن بـر دل ژمـن"[2]

(وێ) کە ئاماژە بە ئافرەتێك دەدات(+مرۆڤ)ەبەڵام کاتێك کە سیفەتەکانی(سۆڕ پلەنگ) و (شێر خۆ) دەدرێنە پاڵی سرۆشتەکەی دەگۆردرێت هەندێ لە ئەدگارەکانی مرۆڤ بوون بەرەو نەمان دەچن و ئەدگاری گیانەوەرانی تر زال دەبن بە سەری.

"ئـەو کـەبـکێ خـەرامان کـو د کـوزێ ل قـەبو هات
شـــاهـینێ قـەضـایێ ب تـەغافۆل ژ خوە را گرت"[3]

(قەزا) ووشەیەکی مەعنەوییە واتە رووتە،ئەدگارەکانی بریتین لە(-بەرجستە)،(-گیانەوەر) بەڵام لەم دێڕە شیعرە دا بە شێوەیەکی تر مامەڵەی لەگەڵ دا کراوە،دراوەتە پاڵ شاهین کە ناوی باڵندەیەکی شیکارییە و بەم جۆرە سەرەرای بەرجستەکردنی وەکو گیانەوەرێکیش تەماشاکراوە واتە ئەدگاری(+باڵندە) خراوەتە سەری.

**- مرۆڤگەرایی:**

ئەمەش یەکێکە لە بەرفراوانترین چالاکییەکانی تەوەرەی سینتاگماتیکی،لێرە دا کۆمەڵێك ئەدگار و سیفەتی تایبەت بە مرۆڤ دەدرێنە پاڵ ئەو ووشانەی کە دەلالەت لە سەر مرۆڤ ناکەن بەمەش ئەدگاری(-مرۆڤ) لاواز دەبێت و بەرەو (+مرۆڤ) دەچێت، ئەم

---

(١) نفس المصدر السابق، ص ١٠٨.
(٢) نفس المصدر السابق، ج ٢، ص ٤٨٣.
(٣) نفس المصدر السابق، ج ١، ص ١١٨.

کردەوەیە لە شیعرەکانی (جزیری) دا کردەوەییێکی زالە بە سەر تەوەرەی سینتاگماتیکی دا هەر وەکو ئەوەی کە شاعیر دەیەوێ تەواوی ووشەکان بهێنێتە نێو جیهانی مرۆڤەکان و ئەدگاری مرۆڤایەتییان پێ ببەخشێت:

"من دی سەحەر زولفێن د مەست، هاتن سەما ئیحرام بەست
چوون سوجدەیا خالی ب قەست لەو حاجیبان میحراب دا"[1]

زولف لە رووی واتاییەوە (-مرۆڤ)ە بەلاَم بە هۆی ئەوەی کە سیفەتی مەستی و سەما کردن و ئیحرام بەستن تەنیا لە مرۆڤ دەوەشێنەوە بۆیە ئەدگاری(+مرۆڤ) بە سەر ووشەکە دا زالّ بووە.

"واژگون دەورێ نوما من چەرخ و بایێ لەولەبان
کەوکەبان سەیرا موخالیف گرت و تێکەل کر حیساب"[2]

کەوکەب یاخود حەسارە (- مرۆڤە)ە بەلاَم وەکو مرۆڤێك مامەڵەی لەگەڵ دا کراوە ئەمەش لە کاتێك دا کە هەستی ورووژان و کردەوەی تێکەل کردنی حیسابەکانی دەدرێتە پالّ کە تەنیا لە مرۆڤ دەوەشێنەوە.

"گوهدە زیکرێ حال و جۆشا بادەیێ
وێ ب بولبول را دخوونت بولبولە"[3]

(بادە) یاخود (مەی) لە رووی سروشتەوە(-مرۆڤ)ە بەلاَم کاری زیکردن کە تایبەت بە مرۆڤە دراوەتە پالّ ئەم بادەیە،بەمەش سروشتێکی مرۆڤایەتی بە خۆیەوە گرتووە و بووە بە (+مرۆڤ).

"کەوکەب و قەوس و قوزەح، لوئلویێ بەندا حەیدەری
تێن طەوافا زولف و خالێن دلرۆبایێ راست و چەپ"[4]

---

(١) نفس المصدر السابق، ص ١٦.
(٢) نفس المصدر السابق، ص ٨٠.
(٣) نفس المصدر السابق، ج ٢،ص ٥٨٠.
(٤) نفس المصدر السابق، ج ١، ص ٩٣.

(کەوکەب) و (قەوس و قوزەح) و (لوئلو) هەموویان بێ گیانن واتە (-زیندوو) و (-مرۆڤ)ن،لێرەدا سەرەرای  ئەوەی گیانیان پێ بەخشراوە سیفەتی(+مرۆڤ)یش خراوەتە سەریان چونکە تەوافکردن رێ و رەسمێکە کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات.

"وەرین جـامــا هیـلالی دا ژ عــەکسێ مــاهێ نــەو بـیـنی
کـو خـانێ میهر و جەرگێ چەرخ و خوانێ روزە غارەت کر"[1]

(ماهێ نەو) واتە مانگی نوێ لە رووی واتاییەوە (-مرۆڤ)ە بەلاّم کاتێك کە لە نیوە دێری دووەم دا کاری (غارەت کر) واتە تالانی کرد دراوەتە پالّ، ئیتر ئەدگاری (+مرۆڤ) خۆی دەنوێنێت.

"ئـەی نـەسیمێ سـەحەرێ ما د مەجالا صەبەحێ
صەد سـەلامان بـگەهینێ ژ مــە وێ پادشەهێ"[2]

(نەسیم) خۆی (-زیندەوەر) و (-مرۆڤ)ە،کاتێك کە وەکو پیامنێرێك مامەڵەی لەگەلّ دا دەکرێت هەر دوو ئەدگاری (+زیندەوەر) و (+مرۆڤ)ی دەدرێتەپالّ و سروشتی ئاسایی خۆی لە دەست دەدات.

ئەمانە چەند نموونەیەك بوون لەو گەمەکردنانەی کە لە تەوەرەی سینتاگماتیکی شیعرەکانی (جزیری) لە ئارادان و دەبنە هۆی ئەوەی کە نیشانەکان لە سروشتی ئاسایی خۆیان دەربکەون و جۆرە گۆرانکارییێك لە پەیوەندی نێوان دال و مەدلوولەکان دا بێتە ئاراوە.

---

(١) نفس المصدر السابق، ص٢٤٠.
(٢) نفس المصدر السابق، ج ٢، ص ٧٠٩.

## • تەوەرەی سێیەم: تایبە تمەندییەکانی تەوەرەی پارادیگماتیکی:

### أ- پەیوەندییە ئایکۆنییەکان:

ئەمە پەیوەندییێکی دەستکردە کە بە داهێنانی خودی شاعیر یان تایبەتمەندێتییێکی شیعر دەژمێردرێت، لە شیعرەکانی (جزیری) دا ژمارەی ئەم جۆر پەیوەندییانە لە رادەبەدەرن ئینجا چ ئەوانە بن کە لە داهێنانی خودی خۆینە یان ئەوانەی وەکو بەشێك لە میراتی شیعری کلاسیکی رۆژهەلاتی ئیسلامی وەریانگرتووە.

کە باس لە مەسەلەی بەرفراوانی واتا و پلەکانی دەلالەت لە شیعری (جزیری) دا کرا لە باسی مەدلوولی دووەم و سێیەم دا ئاماژە بە کەرەستەکانی ئەم پەیوەندییە درا بەلآم ئەوەی راستی بێت و بە پێی لکێدانەوەیەکی پارادیگماتیکیانەوە ئەم پەیوەندییە ئەدگارێکی ئایکۆنی هەیە، واتە مەدلوولی دووەم و سێیەم لە سەربناغەیەکی ئایکۆنی بەیەکەوە دەبەسترێن:

"نـەی شەکەرا شـیرین قـەد،مە ژ دەستێ تە مەی دڤێت
دا سینە پێ جـەلا دەیـن رەوشـەن بـکین دلێ رەش"[(١)]

ووشەی(نەی شەکەر) واتە قامیشی شەکر دەلالەت دەکاتە سەر رووەکێك کە وەکو قامیش بەرزە و لە بواری پیشەسازی شەکر دا بەکاردەهێنرێت، تا ئەم پلەیە نیشانەی زمانی کە لە پۆلین کردنەکەی (پیرێس) دا خراوەتە ریزی (سیمبۆل)ەکانەوە،ئەدگارە ئاساییەکانی خۆی پاراستووە واتە پەیوەندی نێوان دال و مەدلوول پەیوەندییێکی خۆبەخۆییە بەلآم لە پلەی دووەمی دەلالەت دا کاتێك کە (نەی شەکەر) و (خۆشەویست) بەیەکەوە دەبەسترێن ئیتر جۆرە پەیوەندییێکی تر دێتە ئاراوە چونکە ئەم دوو مەدلوولە بە هۆی ئەو لێکچوونەی کە لە نێوانیان دا هەیە چ لە رووی شیرینی و چ لە رووی بالآ بەرزییەوە بەیەکەوە بەستراون بۆیە دەتوانین بلێین پەیوەندییێکی ئایکۆنی لە ئارا دایە بەمەش گەورەترین بزاڤ بۆ ئاوێتە کردنی جۆرەکانی نیشانە خۆی دەنوێنێت.

---

(١) نفس المصدر السابق، ج ١، ص ٢٩٦.

"تیرەك ژ كـــــەمانێ غــــەزەبێ دا جــەگەرێ ریـــش
مــــل دانە بــــەر و سەر ژ دوو گوشان ڤەوەشاندن"(١)

(تیر) بریتیە لەو پەیكانەی كە لە جەنگ دا بەكاردەهێنرێت بە هۆی كەوانەوە دەهاوێژرێت، ئەمە مەدلوولی ئاسایی ووشەكەیە كە لە چوارچێوەی پەیوەندییێكی خۆبەخۆییەوە تێناپەرێت،بەلاّم لە ئەنجامی خوێندنەوەی ئەم دێرە شیعرە وا بۆمان دەردەكەوێت كە دال و مەدلوولەكان تووشی لێكترازان بوونەتەوە و ئیتر نرخی پێشوویان نەماوە و تەنیا وەكو پردێك رۆلی خۆیان دەبینن كە لە پێناو گەیشتن بە پلەی دووەم و هاتنەكایەوەی پەیوەندییێكی تازە بنیاتنراوە،لێرەدا تیر بە ئاورەكانی خۆشەویستەوە دەبەسترێت ئەمەش لە سەر بنەمای لێكچوونەوە دێتە كایەوە بۆیە دەتوانین هەست بە پەیوەندییێكی ئایكۆنی بكەین كە وەكو پەیوەندیی پلەی یەكەمی دەلالەتەوە خۆبەخۆیی نییە.

"ب حـــوبابێ مـــەبە مـەغرور وەهە سەرگەشتە مەلا
بـــاڤبەر كـــەفتییە وێ بێهودە سەرگەشتە حوباب"(٢)

(حوباب) واتە ئەو بلّقانەی كە لەسەر رووی ئاوەوە بە شێوەیەكی كاتی دێنە كایەوە و زۆر زوو لە ناو دەچن،ئەمە ئەو پەیوەندییە ئاساییە خۆبەخۆییەكەیە كە دوواتر تووشی لێكترازانەوە دەبێت و لە پلەی دووەمی دەلالەت تا رادەیەكی زۆر نرخی خۆی لە دەست دەدات چونكە حوباب و جیهان بەیەكەوە دەبەسترێن ئەمەش بێ گۆمان لە سەر بنەمای لێكچوونێكی فۆرمییەوە بنیاتنراوە، كاتی بوون و زوو لە ناوچوونی حوباب دەدرێتە پالّ جیهانەكەمان واتە ئیتر جیهانیش بە شتێكی كاتی و پووچ لە قەلەم دەدرێت كە لەوانەیە لە هەر ساتێك دا لە ناو بچێت،ئەمەش بێ گۆمان خۆلقێنەری پەیوەندییێكی ئایكۆنییە.

"پــەیوەســتــە دوو فــیرس ژ مـــەرا دابــرەزیـــن دل
زولفان ب چــەپ و راست ل ئۆغلمە جەما گرت"(٣)

---

(١) نفس المصدر السابق، ص٤٧٧.
(٢) نفس المصدر السابق، ص٦٣.
(٣) نفس المصدر السابق، ص ١٢٢.

(فیرس) واتە جەنگاوەری چاك یاخود مرۆڤی ئازا لە شەڕ و كوشتار دا،ئەمە ئەو واتا ئاساییەیە كە لە زمانی رۆژانە دا بەدی دەكرێت بەلاَم لە پلەی دووەمی دەلالەت دا لە سەر بناغەی لێكچوونەوە فیرس و برۆكەوانەییەكانی خۆشەویست یاخود چاوەكانی بەیەكەوە بەستراون،واتە پەیوەندییێكی ئایكۆنی خۆی دەنوێنێت،چۆن جەنگاوەرە چالاكەكان شەڕ دەكەن و هێرش دەبەن هەر بەم شێوەیە چاو و برۆكانی خۆشەویستیش لە ئاوڕدانەوە و روانین دا ئەم ئیشە ئەنجام دەدەن و توند و تیژییان پێوە دیارە.

ئەم جۆرە پەیوەندییە لە تەوەرەی پاردیگماتیكی دا و لە پلەی دووەمی دەلالەتەدا بە چەندین شێوازی جۆراوجۆرەوە خۆی دەنوێنێت بەلاَم ئەوەندەی كە بەرەو قوولایی دەلالەت و پلەكانی تری واتا دەرۆین ئەم پەیوەندییە سەرەرای ئەوەی كە بە تەواوەتی سیفەتی ئایكۆنی بوونی خۆی لە دەست نادات بەلاَم بەرەو ئالۆزی و نارروونی دەروات.

## ب- گرنگترین كۆمەڵە پارادیگماتیكییەكان و كاریگەرییەكانیان:

(جزیری) بۆ گەمەكردن بە نیشانەكان لە تەوەرەی پارادیگماتیكی دا چەند كۆمەڵەیەكی هەڵبژاردووە،ئەم كۆمەڵە وشانە دابەشی چەند كێڵگەیەكی نیشانەیی دەبن،بە دیارخستنەوەی ئەم كۆمەلاَنە و چۆنیەتی بەكارهێنانیان لە پەیوەندییە پارادیگماتیكییەكان چەندین رەهەندی شاراوەی زمانی سۆفیگەری لە شیعرەكانی (جزیری)مان پیشان دەدات،ئەمانەی خوارەوە گرنگترینی ئەو كۆمەلانەن كە (جزیری) رووی تێیان كردووە:

### - كێڵگەی جەنگ و ئامرازەكانی جەنگ:

چەك و جۆرەكانی چەك و ئامرازەكانی تری تایبەت بە جەنگ یەكێێك لە گرنگترینی ئەو كۆمەلاَنەن كە (جزیری) گرنگیی پێیانداوە،لەوانەیە بتوانین بلێین كە ئەمە یەكێك لەو خالە گرنگانەیە كە شێوازی شیعرەكانی (جزیری) لە شاعیرە سۆفییەكانی تر جیا دەكاتەوە،هەر چەندە ئەم دیاردەیە لە شیعری شاعیرە سۆفییەكانی تریش دا دەبینرێت بەلاَم لە شیعرەكانی (جزیری) دا بەكارهێنانی زاراوەكانی ئەم بوارە ئەوەندە باو وبەرفراوانە كە لە زۆربەی شیعرەكان دا شوێن پەنجەیان بەدی دەكرێت.

ژمارەی ئەو ووشانەی کە بۆ ئەم بووارە خوازراون گەڵێك زۆرە، دەتوانین ناوی زۆربەی ئەو چەکە جەنگی و زاراوە لەشکرییانەی کە لەو سەردەمە دا باو بووینە لە شیعرەکانی (جزیری) دا بدۆزینەوە، بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بەمانە بدەین (تیر، پەیکان، شیر، رم، دۆخ، میزراق، میصری، کێر، فیرس، خەدەنگ، تیغ، نەشاب، خەنجەر، تەبەر، جەوشەن، تۆخ، عالا، گەزمە، چەپەر،فاق، ئۆغلمە، رمباز، عەسکەر، کەیبەر، سەواش، باروت، تفەنگ.. تاد)

زۆربەی ئەم ووشانەی کە سەر بە کێلگەیەکن زۆر جار دەتوانن شوێنی یەکتر بگرن یاخود بەبیرهێنەرەوەی یەکترن چونکە زۆربەی جاران ووشەکانی ئەم کێلگەیە لە گەمەیەکی پارادیگماتیکی دا بۆ وەسفکردنی رۆخسار و دەم وچاوی خۆشەویستەوە بەکاردەهێنرێن:

"شاه ب قەصدێ کوشتنا من رم هەژاندن راســت و چـەپ

دامــە چەشمێ قــەهر و خــەشمێ رم ل دل دا کو ئەدەب"[1]

ووشەی رم لەم کێلگەیە خوازراوە و لەوانەیە بۆ برژانگەکانی خۆشەویست بەکار هێنرابێت.

"کوشتم ب دەربا کــەیبەران، گــەزمە و خەدەنگا ئاوران

رەمــز و ئیشارات و سوڕان،دان دل ژ نـیـڤا پەنجەرێ"[2]

ئەو ووشانەی کە لەم کێلگەیە خوازراون بریتین لە (کەیبەر) کە جۆرە رمێکی کورتە،(گەزمە) کە جۆرە تیرێکە،هەر وەها (خەدەنگ) کە ناوی درەختێکە کە جۆرە تیرێکی چاکی لێ درۆست دەکرێت، رەنگە کەیبەر بۆ برژانگەکانی خۆشەویست و گەزمە و خەدەنگیش بۆ چاوەکانی بەکارهێنرا بن،سەرەرای ئەوەی کە (گەزمە) و (خەدەنگ) لە گەمەیەکی سینتاگماتیکیش دا بەکارهێنراون.

---

(١) نفس المصدر السابق، ص٧٠.

(٢) نفس المصدر السابق، ج٢ ، ص ٧٢٩.

"هەر مەجالا ئەو د جەنگێ بێت و رەت هەر جارەكێ
راست و چەپ دێ بێختن صەد صەد ب میزراق و قەصەب"[1]

میزراق رمی كورتە و لەوانەیە دەلالەت بكاتە سەر برژانگەكانی خۆشەویست، جەنگیش دەلالەت دەكاتە سەر لەنجە ولاری خۆشەویست و كاریگەرییەكانی.

"هەر دوو قەوسێن تە ژ قودرەت نە ژ یەنگ
ژێ ب میزان برەشینن مە خەدەنگ"[2]

(قەوس) كەوانەیە و دەلالەت دەكاتە سەر برۆكانی خۆشەویست،یەنگیش كە جۆرە تیرێكە لەوانەیە بۆ برژانگەكانی و خەدەنگیش بۆ ئاورەكانی بەكارهێنرابن.

"دلبەرێ ئیرو سەحەر هاڤێتە جەرگێ من دوو دۆخ
یەك ل سینە یەك د دل دا، لەو ژ من تێن ئاخ و ئۆخ"[3]

(دۆخ) كوتەكی سەر بە بزمار یاخود دۆقە كە بۆ ئاورە جەرگ برەكانی خۆشەویست بەكار هێنراوە.

"تێن سینەیان پەیكان نهین، ئامانجێ وان تیران ئەمین
داما بەلایێ دەر كەمین، هەر گۆشە دۆرماداریێ چەرخ"[4]

(تیر) و (پەیكان) لەم كێلگەیەوە خوازراون و بۆ هەمان مەبەستانەی پێشوو بەكارهێنراون.

"دل ب رم هاڤێت وێ لێ باركر قەوسێ شەڤین
دێ بدەت بەر گەزمەیان بێ سووچ ئەو سەففاك رووح"[5]

---

(١) نفس المصدر السابق، ج ١، ص ٧٢.
(٢) نفس المصدر السابق،ج ٢، ص ٨٣١.
(٣) نفس المصدر السابق، ج ١، ص ٢٠٧.
(٤) نفس المصدر السابق، ص ١٩٨.
(٥) نفس المصدر السابق، ص١٩٢.

(رم، قەوس، گەزمە) لە ووشەکانی ئەم کێڵگەیەن بۆ وەسفی هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆخساری خۆشەویست وەکو چاو و برۆ و برژانگ و زولفەکانی بەکارهێنراون، سەرەرای ئەمە ووشەی (سەففاك) واتە خوێنرژیش لە رووی سروشتەوە لە ووشەکانی ئەم کێڵگەیەوە نزیکە.

بەکارهێنانی ئەم نیشانانە لە شیعرەکانی (جزیری) دا زۆر باوە و دەتوانین لە زۆربەی شیعرەکانیدا بیاندۆزینەوە, راستە کە ئەم ووشانە لە مەدلوولی دووەمی خۆیاندا ئاماژە بە جوانییەکانی ئافرەت دەدەن بەڵام لەگەڵ ئەمەش دا سەقای توند و تیژی دەهێنێنە ناو سیاقی شیعرەوە, بەم شێوەیە یەکێك لە گەورەترین کۆمەڵە پارادیگماتیکیەکانی شیعرەکانی (جزیری) بەدەردەکەوێت و دەتوانین لە سەر ئەم بناغەیە بۆ هەر یەکێك لەم ووشانە کۆمەلە ووشەیەکی جێنشین دابنێین, بۆ نموونە دەتوانین لە باتی ووشەی (تیر) لە زەینی خۆمان دا ووشەکانی (خەدەنگ، میزراق، ڕم, پەیکان... تاد) دابنێین.

(جزیری) هەر لەم رێرەوە دا ناوی کۆمەڵە نەتەوەیێك کە لەو سەردەمەدا بە شەڕ و جەنگاوەری بە ناو بانگ بوون بە کار هێناوە و خستوویانەتەوە نێو گەمەی نیشانەکانەوە, مەدلوولی ئەم ووشانە بە تەواوەتی روون نابێتەوە تەنیا لەو کاتە نەبێت کە بە پێی سیاق و لە تەوەرەی پارادیگماتیکییەوە لێکیان بدەینەوە گرنگترینی ئەم نەتەوانە بریتین لە(رۆم, عەجەم, عەرەب,حەبەش, نووبی, فەرەنگ, کرمانج):

"تۆخ و عـــالا کـــو خۆیا بـــوون ژ عەجەم
عـــەرەبان تیپ شکەستن چەپ و راست"(١)

بە پێی سیاقی شیعرەکە کە لە وەسفی خۆشەویست دایە ئەم راستییەمان بۆ روون دەبێتەوە کە مەبەست لەم نەتەوانە واتە عەرەب و عەجەم،ئەو مەدلوولە ئاساییانە نین کە لە زمانی رۆژانەدا بە دی دەکرێن, لەوانەیە مەبەست لە عەرەب کەزییە رەشەکانی خۆشەویست و عەجەمیش دەستە سپییەکانی بن, ئەمەش بێ گەمان لە سەر بناغەی پەیوەندییەکی ئایکۆنی دێتە ئاراوە.

"زەنـگـیـان جـــەوشەن ڤـــەبەستن پێشبەرێ جۆقا حـەبەش
دابڕستن یەك بـــە یەك چوون بەر لیوایێ راست و چەپ"(١)

---

(١) نفس المصدر السابق، ص ٩٩.

زەنگی کە نەژادی رەش پێستە و حەبەشیش نەتەوەیەکی رەشپێستن , لە پەیوەندییەکی پارادیگماتیکیدا و بە پێی گۆڕانێك کە لە زنجیرەی مەدلوولەکان کراوە،بۆ هەر دوو کەزی یاخود بسکە ڕەشەکانی خۆشەویست بە کار هێنراون. دەتوانین ناوی ئەم نەتەوانەش کە بەردەوام لە جەنگ دان بەڵام جەنگێکی نیشانەیی کە لە پێناو خۆڵقاندنی کەشێکی ئیستاتیکی لە ئارادایە بە کۆمەڵەیەکی تر دا بنێین کە بە کار هێنانی هەر ووشەیەك لە ووشەکانی ئەم کۆمەڵە دەبێتە هۆی بیر هێنانەوەی ووشەکانی تر.

ئەم گرنگی دانەوەی (جزیری) بە کەش و هەوای جەنگ و عەسکەرتارییەتی نیشانەکان وای کردووە کە دوو کۆمەڵەی تری نیشانەییش لە شیعرەکانیدا بڕەوییان هەبێت, ئەوانەش نیشانەکانی تایبەت بە راوکردن و سەقای کۆشك و سەرای پاشایەتین.

کۆمەڵێکی زۆر لەو ووشانەی کە لە شیعرەکانی جزیریدا بە کار هێنراون تایبەتن بە حوکمڕانی و پاشایەتی و سەرکردایەتی, ئەم سیفەتانە بەردەوام دەدرێنە پاڵ خۆشەویست و لەم رێگایەوە پلە و پایەی خۆشەویست بەرز دەکرێتەوە:

"ئیــرۆ بــەراتا ئـەحمەدی طوغرا نیشان زەرکـەش مەدی
خــەتێ هۆمایون کێ وە دی شیرین و مەعناداری خەط"(٢)

گوغرا مۆری پاشایەتییە،لە بەر نەقش و پێچاوپێچەکانی بۆ زوڵفی تێك ئاڵاوی دڵبەر بە کار هێنراوە هۆمایونیش ووشەیەکە کە بۆ سولتان و فەرمانرەوایان بە کار دەهێنرا , بەڵام لێرەدا دەلالەت دەکاتە سەر گەورەیی خۆشەویست , خودی ووشەی (زەرکەش)یش کە جۆرە کووتاڵێکی گران بەهایە،تایبەتە بە کوشك و سەرای پاشایەتی .

"ل تــــەختێ دلــــبەرێ روونــــی ب شــاهی
ل تە شـــاهی مـــوبارەك بــت موبارەك"(٣)

---

(١) نفس المصدر السابق، ص ٩٤.
(٢) نفس المصدر السابق ، ص٣٢٢.
(٣) نفس المصدر السابق، ص٣٧٦.

ووشەکانی تەخت و شاه لەم کۆمەڵەیە وەرگیراون و دراونەتە پاڵ خۆشەویستەوە، کەش هەوایێکی تەواو ئۆرستۆکراسی لە دێڕە شیعرەکە دا خوڵقێنراوە.

"وێ بەگلەرێ پوڕ کوشتنە، ئـەنـگوشت ب خـوونێ رشـتنە
ما ئـەهلێ دل قـەت هشتنە؟ سوهتینە میسلێ مەجمەرێ"[1]

(بەگلەر) نازناوی میری میران بووە، بۆ خۆشەویست بەکارهێنراوە،بەمەش پلەیەکی یەکجار بەرزی دراوەتە پاڵ خۆشەویستەوە.

"خەمری د رەش بسکا حـەریر، وەربـوون ل دۆر بـەدرا مۆنیر
بـورجا کو حـاکم لێ دوو میر، من دیت ل تەختێ کیشوەرێ"[2]

دیسان (حاکم،میر،تەختێ کیشوەر) ئەو ووشانەن کە پەیوەندییان بە دەستەلاتەوە هەیە و بۆ خۆشەویست و رادەی کاریگەریی بەکارهێنراون.

"شـەهسووارێ ئـیرۆ کـەمەند ئـاڤێهتنە قـەلبێ (مەلێ)
بـەند نـاکەت غەیری فیتراکا تە صەد فیتراك رووح"[3]

(کەمەند) و (فیتراك) دوو ووشەن کە لە بوواری نێچیر و راوکردن دا بەکاردەهێنرێن،کەمەند گوریسی تایبەت بە راو و شیکارە، فیتراکیش بریتیە لە بەن سامورتەی راوکەران کە بۆ رادەی کاریگەریی خۆشەویست و چۆنیەتی هەلسوکەوت کردنی بەکارهێنراون.

**ـ کێلگەی ئەستێرە ناسی:**

(جزیری) لە شیعرەکانی دا گرنگیی بە ووشەکانی بوواری ئەستێرەناسی داوە بە تایبەت ناوی هەندێ لە بورج و هەسارەکان،یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ووشانە ئەوەیە کە هەمیشە دۆزینەوەی پەیوەندییەکان لە تەوەرەی پاردیگماتیکی دا ئاسان

---

(١) نفس المصدر السابق، ج ٢، ص ٧٢٤.
(٢) نفس المصدر السابق، ج ٢، ص ٧٢٨.
(٣) نفس المصدر السابق، ج ١، ص ١٩٣.

نییە،ئەمانە زۆر جار ناروونی دەخەنە نێو تان و پۆی شیعرەوە، ئەمە جگە لە هەندێ ووشەی وەکو (هیلال،مانگ،رۆژ) کە جۆرە ئاشنایێك لای خوێنەر بەرامبەر بە مەدلوولەکانیان هاتووتە ئاراوە یاخود بە دەربرینێکی تر سوواوەن:

"دێ ژ چەرخ پەنجەمین بێتن تەنەزول کەت مەریخ
میسلێ شەمسێ گەر کشینیتن ل وان تیغێن غەضەب"[1]

(چەرخ،مەریخ،شەمس) سێ ووشەن کە لەم کێلگەیەوە خوازراون،سەرەرای ئەوەی کە ئەمانە لە بوواری ئەستێرەناسی دا واتای تایبەتی خۆیانیان هەیە بەلاّم نکۆلی لەوەش ناکرێت کە هەر کامەیان خاوەن زنجیرە پەیوەندییێکی ستوونی یاخود پرادیگماتیکی تازەن کە دۆزینەوەیان کارێکی ئاسان نییە.

"زوهرە و عیقدا سورەییایێ کەشفی بوون د شەرق
سایەیا بەختێ مە دایێ ما ل سەر پەردە و نیقاب"[2]

دیسانەوە (زوهرە و عیقدا سورەییا) لەم بووارەوە خوازراون، جگە لەو واتا ئاساییەی کە هەیانە لە پەیوەندییێکی تازە دا شوێنی هەندێ جوانکاری و شتی نایبەت بە خۆ رازاندنەوەی ئافرەتانیان گرتووە وەکو گەردن بەند.

"صەنەمێ ژ قەوسێ ئەبرو دو هیلالێ نەو نوماندن
دوو کەمان ل بورجێ میزان ب غەضەب ل من کشاندن"[3]

(هیلال)و(بورجی میزان) لە ووشەکانی بوواری ئەستێرە ناسین کە بۆ چاو و برۆکانی خۆشەویست بەکارهێنراون.

بە هۆی سوود وەرگرتنێکی زۆر لە ووشەکانی ئەم کێلگەیەوە لە کاتی بە کارهێنانی هەر ووشەیەك لە ووشەکان تەواوی ووشەکانی تری ناو کێلگەکەش لە پەیوەندییێکی پارادیگماتیکی دا خۆیان دەنوێنن،بۆیە تەنیا پەیوەندییێکی ئایکۆنی لە ئاردا نییە بەلکو پەیوەندییێکی کێلگەیش رۆلی خۆی دەبینێت.

---

(١) نفس المصدر السابق، ص ٧١.
(٢) نفس المصدر السابق، ص ٧٩.
(٣) نفس المصدر السابق، ج٢ ، ص ٤٥١.

**ـ کێڵگەی زاراوە ئایینییەکان:**

پێشتریش ئاماژەمان بەم زاراوانە داوە بەڵام لێرەدا وەکو کێلگەیەکی تایبەتی لێیان دەکۆلینەوە و وەکو کۆمەڵەیەکی پارادیگماتیکی تەماشایان دەکەین،ئەم ووشە و زاراونە سەرەرای ئەو گەنجینە واتاییەی کە لە پشتەوەیانە، رۆلێکی چالاکانەش لە پەیوەندییە پارادیگماتیکییەکان دا دەبینن،لە نیشانەکانی ئەم کێلگەیە کە لە شیعرەکانی (جزیری) دا بەکار هێنراون دەتوانین ئاماژە بە بەمانە بدەین (نوێژ،رۆژوو،زەکات، حەج، حەجەری ئەسوەد،تەواف،شەوی قەدر، شەوی بەرات، ئاوی زەمزەم و... تاد)، زۆربەی زۆری ئەم زاراوانەش لەو پەیوەندییە پاردیگماتیکییە تازەیەی کە شاعیر خۆلقێنەرێتی بە ئافرەت و جوانی و کاریگەرییەکانی ئەم جوانییە دەبەسترێنەوە:

"هەر ل دۆرا حەجەر ئەسوەد حەبەشان چـەرخ و طەوافە
تــێن وقــوفا عــەرەفاتێ ب سـەمــــا نـــوبی و زەنـگ"(١)

ووشەکانی (حەجەر ئەسوەد، تەواف،عەرەفات) تایبەتن بە بواری ئایینیەوە، خراونەتە نێو گەمەی نیشانەیی و لە پەیوەندییێکی تازە دا دەلالەت لە سەر خالەکانی رروومەتی یار و کاردانەوەی عاشیقان بەرامبەر بەم خالانە و جوانی خۆشەویستەوە بەکارهێنراون، بەم شێوەیە تەوەرەی پارادیگماتیکی تووشی گۆرانێکی بنەرەتی بووە بەلآم لێرە دا تەنیا ئەو پەیوەندی ئایکۆنییە تازەیە نییە کە رۆل دەگێرێت بەڵکو پەیوەندی هەر یەکێك لەم ووشانە بە کۆمەڵێك لەو ووشانەی کە لە کێلگەکە دا هەن رووییێکی تری ئەم کاریگەرییەن کە پێویستە لێی بکۆلرێتەوە.

"ژ ویــصالا خــوە زەکـــاتێ بدە مسکین و فەقـیران
کــو جـەمالا تەیە کامیل د کەمالا خوە نیصابە"(٢)

ووشەکانی (زەکات،نیصاب) لە کێلگەی زاراوە ئایینییەکانەوە خوازراون، ووشەکان تووشی لێکترازانی دال و مەدلوولەکان بوونە و زۆر لە واتای ئاسایی خۆیان دوور کەوتوونە،

---

(١) نفس المصدر السابق، ج ١، ص٣٩٢.
(٢) نفس المصدر السابق، ج ٢، ص ٥١٦.

پەیوەندییێکی ئایکۆنی لە تەوەرەی پارادیگماتیکی دا جێگیر کراوە بەڵام سەرەرای ئەمانە و بە هۆی بەکارهێنان و سوود وەرگرتنێکی بەرچاوی شاعیر لە نیشانەکانی ئەم کێڵگەیە کۆمەڵێك ووشەی تری کێڵگەکەش لە پەیوەندییێکی پارادیگماتیکی بەرفراوانەوە دەردەکەون وەکو (نوێژ، رۆژوو، حەج،..تاد).

## کێڵگەی گوڵ و درەختەکان:

ووشەکانی ئەم کێڵگەیەش بە تایبەت ناوی گوڵەکان جێگەی گرنگی پێدانی شاعیر بووینە، شاعیر بۆ زیاتر بەرجستەکردنی جوانی خۆشەویستی خۆی سوودی لەمانە بینیوە، هەندێ لەم گولانە بریتین لە(نێرگز، نەسرین، ئەرغەوان، یاس، یاسەمین،بنەفش،سونبول،چیچەك ...تاد) ،سەبارەت بە درەختەکانیش زیاتر ئەوانە بەکارهێنراون کە راست و بەرزن وەکو( عەرعەر، سەرو، شمشاد) ئەمانە جگە لەوەی کە کێڵگەیەك پێك دەهێنن دەتوانن بەبێ هیچ گرفت و گۆڕانکارییێك شوێنی یەکتر بگرن:

عـەرعـەران تـا دشـەپـالن، وەرەقـان جـەزبەیـە ڤێرا
نـیـێرگـزان سـەر دگـرانـن، ل بـنەفشان خـەم و تـابە
چیچەکێن قەوس و قۆزەح رەنگ هەزار رەنگ سەمایە
سـونـبـولان گـرتـی خـوناڤ و ل گـولان تازە گولابە(١)

ژمارەیەکی زۆر لەو ووشانەی کە بە پێی مەدلوولە ئاساییەکانی خۆیان دەلالەت دەکەنە سەر جۆرە گوڵ یا خود رووەکێك لەم دوو دێڕە شیعرە دا بەکارهێنراون، ئەمانەش بریتین لە(عەرعەر، نێرگز، بنەفشە، چیچەك، سونبول، گوڵ)، تەواوی ئەمانە بۆ جوانییەکانی ئافرەت بەگەڕخراون و ئیتر واتای ئاسایی خۆیان لە دەست داوە، بە هۆی پەیوەندییە سینتاگماتیکییەکانەوە سیفەتی(+مرۆڤ)یان دراوەتە پاڵ، جگە لەمە لە تەوەرەی پارادیگماتیکیش دا ئەم ووشانە کۆمەڵە پەیوەندییێکی تازەیان سازکردووە کە گرنگترینیان پەیوەندییێکی ئایکۆنییە کە لە نێوان مەدلوولی یەکەمی لادراو و مەدلوولی دووەمی تازە دا سازکراوە لە پاڵ ئەمەش پیوەندییێکی تر لە تەوەرەی پارادیگماتیکی دا بوونی هەیە

(١) نفس المصدر السابق، ص ٥١٤

ئەویش بە هۆی کاریگەریی پەیوەست بوونی هەر کامەیان بە کێلگەکەیەوە هاتووتە ئاراوە، واتە هەر یەکێك لەمانە ووشەکانی تری کێلگە و ئەو شیمانانەی کە دەتوانن لە شوێنی جێگیر ببن بەبیرمان دەهێننەوە.

**ـ کێلگەی مۆزیك و ئامرازەکانی:**

(جزیری) لە شیعرەکانی خۆی دا گرنگیەکی زۆری بە مۆزیك و ئامرازەکانی داوە،ئەمەش میراتێکی نیشانەییە کە لە شاعیرە سۆفییەکانی پێش ئەوەوە بۆی بەجێماوە و پەیوەندیی بە نزیکی سۆفیگەری لەگەڵ مۆزیك و گۆرانی و سەماکردن دا هەیە، لە نیشانەکانی ئەم کێلگەیە کە لە لایەن (جزیری)یەوە بەکارهێنراون دەتوانین ئاماژە بەمانە بدەین(قانوون، عوود، روود، ئاواز، سیگاه، شەباب، نای، دەف، تەمبوور، موترب، چەنگ، سەما، ساز)، دەستنیشانکردنی ئەو پەیوەندییە نوێیانەی کە ئەمانە لە تەوەرەی پارادیگماتیکی شیعرەوە سازیان دەکەن کارێکی ئاسان نییە و زۆربەی جاران دۆزینەوەیان ئەستەمە،لەوانەی هۆی ئەم دیاردەیە ئەوە بێت کە ئەمانە زۆبەی جاران بە ئافرەت و جوانی ئافرەتەوە نابەسترێن و لە لایێکی تریشەوە شاعیر نایەوێ پەیوەندییێکی ئایکۆنی تازە سازبکات کە شیاوی دۆزینەوە بێت بەڵام ئەمە بەڵگەی ئەو راستییە نییە کە پەیوەندییێکی پارادیگماتیکی لە ئارا دا نییە:

"نـەوایا مـوطریب و چەنگێ فیغان هاڤێتە خەرچەنگێ
وەرە ساقی هـــەتا کـەنگی نەشووین دل ژ ڤێ ژەنگێ"[(١)]

(موگریب) و (چەنگ) دوو ووشەی تایبەتن بە بوواری مۆزیکەوە، لە تواناماندا نییە کە وەکو کێلگەکانی پێشوو پەیوەندییێکی ئایکۆنیی تازە بنیاتنراو دەستنیشان بکەین بەڵام لەگەڵ ئەمەش دا پەیوەندییێکی تری پارادیگماتی خۆی دەنوێنێت کە لە سەر بنەمای کێلگەی نیشانەییەوە بنیاتنراوە،بە هۆی گرنگیدانەوەی شاعیر بە زاراوەکانی ئەم بووارە، کێلگەکە لە مێشکی خوێنەر دا جێگیر دەبێت بۆیە لە پەیوەندییێکی بەرفراوان دا هەر یەکێك لەم ووشانە لە پلەی یەکەم دا بەبیرهێنەرەوەی هەندێ لە ووشەکانی تری کێلگەکە

(١) نفس المصدر السابق، ج ١، ص ١.

و دوواتر تەواوی کێڵگەکەیە، موتریب بە نای و دەف و سەماوە دەبەسترێت و دواتر تەواوی وشەکانی تری ئەم کێڵگەیە خۆیان دەنوێنن، (چەنگ)یش لەگەڵ ئاواز و ساز و دوواتر تەواوی ووشەکانی تری بووارەکە پەیوەندی ساز دەکات.

"دێ بیــشارەت ب ئیشـارەت ژ نـــەیێ بێتە سەماع

تــو ژنـــایێ د ســەمایێ بکە باور مەکە بەحث"(١)

(نەی ونای،سەماع) ووشەکانی تایبەت بەم کێڵگەیەن، بە پێی سیاق و لێکدانەوەی تەوەرەی سینتاگماتیکییەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ووشەکان لە سروشتی ئاسایی خۆیان دوورکەوتوونەتەوە چونکە ئەدگاری(+مرۆڤ)یان دراوەتە پاڵ ئەمەش بە هۆی هەندێ کار و سیفەتی وەکو بیشارەت و باوڕکردنەوە کە تەنیا لە مرۆڤ دەوەشێنەوە بەڵام لە تەوەرەی پارادیگماتیکی دا دۆزینەوەی پەیوەندییێکی ئایکۆنی و پلەی دووەمی دەلالەت تەنیا بەهۆی راڤەکردنەوە نەبێت کارێکی قورسە،لەگەڵ ئەمەش دا پەیوەندی هەر یەکێك لەم ووشانە بە کێڵگەکەیانەوە زۆر بەهێزە و وەکو نموونەکانی پێشوو پەیوەندییێك بەرفراوان ساز دەکەن.

## ـ کێڵگەی مەی و مەی خواردنەوە:

ئەمە یەکێکە لەو کێڵگە تەقلیدییانەی کە لە شیعرەکانی (جزیری) دا سوودێکی زۆریان لێ وەرگیراوە، گرنگترین ووشەکانی ئەم بووارە بریتین لە (مەی، مەیخانە، ساقی، بادە، جام، قەدەح، خەمر، مەستی، سەرخوش، شەراب،...تاد)، زۆربەی جاران لە نێوان مەدلوولی یەکەم و دووەمی ئەم ووشانە پەیوەندییێکی ئایکۆنی لە ئاردا نییە و زیاتر لە سەر بناغەی راڤەکردنەوە بە یەکەوە دەبەسترێن بەڵام لە هەمان کات دا پەیوەندییێکی پارادیگماتیکی بەهێز لە سەر بنەمای کێڵگە نیشانەییەکەیان سازدەکەن،هەر کامەیان لە کاتی بەکارهێنان دا زۆربەی ووشەکانی تری کێڵگەکە بۆ لای خۆیان رادەکێشن،گرنگتر لەمە ئەوەیە کە ووشەکانی ئەم کێڵگەیە سەرەرای ئەوەی کە ووشەکانی کێڵگەکەیان بە بیردەهێنەوە ووشەکانی کێڵگەی مۆزیکیش دەبزوێنن ئەمەش بێ گۆمان لە ئەنجامی ئەو

---

(١) نفس المصدر السابق، ص١٥٢.

پەیوەندییە هاتۆتە کایەوە کە بە درێژایی مێژووی شیعری سۆفیگەرییەوە لە نێوان ووشەکانی هەر دوو کێلگە دا بوونی هەبووە،ئەمە لە پاڵ کۆمەڵە ووشەیەکی تر کە پەیوەستن بە ئافرەت و جوانییەکەی هەر وەها هەندێ ووشەی تر کە پەیوەندییان بە ئایینەکانی ترەوە هەیە وەکو ئایینی زەردەشتی:

" مـــەی کــو بــچت ســاغەرێ هێژ ددەت دلبەرێ
ســـووندێ ب خـــالق دخۆم رۆژە د بورجا حەمەل
دێم د جــامێ مە دی، ســۆڕ د مـــەدامێ مـــەدی
لـــەو مە ژ مەیخانەیێ گرتییە بەر دەر مەزەل"(١)

چەند ووشەیەکی کێلگەکە بەکارهێنراون وەکو(مەی،جام،ساغەر،مەیخانە)، بەکارهێنانی ئەم ووشانە لەم دوو دێڕە شیعرە دا بۆتە هۆی سەرهەڵدانی شۆرشێك لە تەوەرەی پارادیگماتیکی دا، ئەمانە نە تەنیا تەواوی ووشەکانی کێلگەکەمان بە بیر دەهێننەوە بەڵکو هەندێ ووشەی تری وەکو (پیری موغان،موغبەچە، سەما، ساز،تەمبوور،خۆشەویست..تاد)یش لە مێشك دا دەبووژێننەوە،ئەمانە زۆر جار دەبنە بەشێك لە کێلگەی مەی و مەیخواردنەوە و دەتوانن لە پەیوەندییێکی پارادیگماتیکی دا شوێنی ئەوان بگرن:

پـــیرێ مــوغان ژ شـیشەیێ دا مە ســەفینــەکا مـەیێ
شــوکرێ خودێ کو قولزمەك من ژ خۆ را قەبالەکر"(٢)

لە پەیوەندییێکی پارادیگماتیکی دا پیری موغان شوێنی ووشەی ساقی گرتووە بۆیە هەر جار کە بەکار دەهێنرێت بە بیرهێنەرەوەی ساقی و ووشەکانی تری کێلگەکەیە بەڵام ئەمە نابێتە بەڵگە بۆ ئەوەی کە (پیری موغان) تەواوی مەدلوولەکانی ساقی وەردەگرێت و لە واتا ئایینییەکەی خۆی ئاوەڵا دەبێت، هەر چۆنێك بێت جۆرە ئاوێتەبوونێك لە نێوان کێلگەکانەوە دەبینرێت هەر وەکو ئەوەی کە کێلگەی مەی و مەیخواردنەوە کێلگەیەکی ناوەندییە و چەند کێلگەیەکی تر بە دەوری دا دەسووڕێنەوە.

---

(١) نفس المصدر السابق، ص ٤٠٢-٤٠٣.

(٢) نفس المصدر السابق، ص ٢٣٨.

**ـ كێڵگەی جل و بەرگ و جوانكارییەكانی ئافرەت:**

ئەمانەش دابەشی چەند لقێك دەبن،لقێكیان بریتیە لە ناوی ئەو كووتاڵانەی كە لەو سەردەمە دا بۆ جل و بەرگی ئافرەتان بەكار دەهێنران وەكو دیبا، مەخموور، قەدیف، زەركەش، تێلی...تاد) و ئەوەی تریان ناوی هەندێ جل و جوانكاری تری ئافرەتانە وەك(عیصابە،شەتری،بەندا حەیدەری،..تاد) و هەروەها (میسك، عەنبەر، زوباد،گولاڤ، ماوەر...تاد)، ئەمانەش بە هۆی دووبارە بوونیان وەكو كێڵگە شوێنی خۆیان گرتووە و دووبارە بوونی هەر كامەیان بەبیرهێنەرەوەی ئەوانەی ترن:

"بشـــكفت ژ غـــونـچە نــێرگـــزا مــــەست
بـــۆ فــــەرق ژ ســــەر قــــەدیــفە دیـــباج"[1]

"ل بـەر رۆژێ ببێت خـێلی، بـنـێرم قـامـەتـا عـیلی
قــەدیف و زركـەش و تێلی، زەباد و مـیسك، عەنبەر دە"[2]

(قەدیف، دیباج، زەركەش، تێلی) و (زەباد، میسك، عەنبەر) لەم كێڵگانە خوازراون، كۆمەڵەی یەكەمی ووشەكان ناوی چەند جۆرە كووتاڵێكن كە جلی ئافرەتانیان پێ دروست دەكرا، خودی ئەمانە بەبیرهێنەرەوەی جۆرەكانی تری كووتاڵ و لە هەمان كات دا خودی ئافرەت و جوانییەكەین، ئەوانەی تریش ناوی سێ بۆن خۆشكەرن كە بە هەمان شێوە رۆڵی خۆیان دەبینن،خێلیش كە تارای ئافرەتانە و لە دێڕە شیعرەكە دا بەكارهێنراوە سەر بە ووشەكانی ئەم كێڵگەیەیە.

"زولـفــا سـیــاه عـەنـبـەر بكە، خـەمـلێ ژ زیـڕێ زەر بــكە
زەربـاڤ و دیـــبـا بـــەر بــكە، مـیسـك و گـولاڤێ لێ رەشـین
مــــاوەركـە طـەرح و پشكوان، جــــیرانێ بــەرگ و لـۆئلۆئان
ئــەو عەرعەر و سەلوا جوان، شەتری ب مەستی لێ خوشین"[3]

---

(١) نفس المصدر السابق، ص ١٦٩.
(٢) نفس المصدر السابق، ص٤٩٢.
(٣) نفس المصدر السابق ، ج ٢، ص ٤٦٦.

ووشەکان(عەنبەر، زێڕ، زەرباف، دیبا، میسك، گولاب، ماوەر، بەرگ، لۆئلۆ، شەتری) ئەو ووشانەن کە لەم کێلگانەوە خوازراون و بە هەمان شێوە کاریگەری دەنوێنن،هەر کامەیان لە پەیوەندییێکی پارادیگماتیکییەوە پەیوەندی بەوانەی ترەوە هەیە و زۆر جاریش شوێنی یەکتر دەگرن.

سەرەرای ئەم کێلگانەی کە باسمانکردن کۆمەڵە کێلگەی تریش هەن کە لە شیعرەکانی (جزیری) دا رۆڵی خۆیان دەبینن بەڵام ئەمانەی کە ئاماژەمان پێدان زیاتر لە هەموویان بەشداری لەو چالاکییە دەکەن کە لە تەوەرەی پارادیگماتیکی و لە سەر بناغەی کێلگەکانەوە دامەزراون.

## ج- پەیوەندی و نزیکی داللەکان:

ئەم جۆرە پەیوەندییە لە نێوان ووشەیەك کە لە شیعردا بەکارهێنراوە و ئەو ووشانەی کە لە رووی فۆرمەوە لێی نزیکن دێتە ئاراوە،ئەم دیاردەیە لە شیعری (جزیری) دا بەدی دەکرێت بەڵام زۆر جار ئەو بریارەی کە سەبارەت بەم جۆرە پەیوەندییانە دەدرێت لەوانەیە سەلیقەیی بن بۆیە پێویستە سیاقی شیعریش ئەو دەرفەتەمان بداتێ کە بیر لەم جۆرە پەیوەندییانە بکەینەوە:

"ب سیـــماڤێ، ب زیـــراڤێ، تـــو رۆژێ نـــەقشەکێ پاڤێ
کـــو ئەرژەنگ ژ وێ ناڤێ ل بەر رۆژێ نەبت پەردە"[(١)]

(ئەرژەنگ) ووشەیەکی فارسییە، ناوی وێنەنامەکەی (مانی)یە،ناوبراو کە گوایە لە نیگارکێشان دا شارەزا بووە لە سەردەمی ساسانییەکان دا جاڕی پێغەمبەرێتی لێداوە و کۆمەڵێك لە جوانترین نیگارەکانی خۆی لەم وێنەنامەیە دا پێشکەش کردووە،سیاقی دێڕە شیعرەکە یارمەتیمان دەدات کە ووشەی (ژەنگ) کە لە رووی فۆڕمەوە لە (ئەرژەنگ)ەوە نزیکە بە بیربهێنینەوە،لە نیوە دێری یەکەم دا هەر دوو ووشەی (سیماڤ) واتە ئاوی زیو و (زێراڤ) واتە ئاوی زێر کە هەردووکیان دژی ژەنگ هەڵهێنانن بەکارهێنراون و دراونەت پاڵ خۆشەویستەوە،شاعیر توانجی ئاراستەی (ئەرژەنگ) کردووە کە بەرامبەر بەم (سیماڤ) و (زێراڤە)ی خۆشەویست باوی نییە،خودی ئەمەش وامان لێدەکات کە بیر لە ووشەی (ژەنگ) بکەینەوە.

---

(١) نفس المصدر السابق، ص ٤٩٣.

## • تەوەرەی چوارەم: گرفتی فرەزمانی:

مەلای (جزیری) وەکو پێشەواییێکی شیعری سۆفیگەری لە ئەدەبی کوردی دا نەریتی فرەزمانی کە لە شیعری زۆربەی مللەتانی ئیسلامیی رۆژهەلاتی ناوەراستەوە باو بووە پاراستووە،کاریگەری دوو زمانی عەرەبی و فارسی لە تەك زمانی سەرەکی واتە زمانی کوردی لە سەر شیعرەکانی بەدی دەکرێن،جگە لەمەش رێژەیەکی بەرچاو لە ووشە تورکییەکانیش بوونیان هەیە کە جێگەی گرنگی پێدانن و وەکو هێزێکی زمانی لە تەك زمانی سەرەکی و هەر دوو زمانی عەرەبی و فارسی رۆلی خۆیان دەبینن:

"کەسك و سۆرێن ژ رەنگێ قەوس و قوزەح
ژ سەراپا گولاڤ و ماوەر کە
سۆرمە پۆشین سۆرِی ب سەر کل دە
عاقیلان لێ خراب و ئەبتەر کە"[1]

(کەسك و سۆر) ووشەیەکی کوردییە کە هاوواتای (قەوس و قوزەح)ی عەرەبییە،هەر دووکیان لە نیوە دێری یەکەم لە تەك یەکتر بەکارهێنراون، ووشە کوردییەکە بە واتایەکی تر بەکارهێنراوە کە بریتیە لە جل و بەرگی رەنگاورەنگی ئافرەتان و ئەو خشلە سەوز و سوورانەی کە لەبەریان دەکەن،ئەمانەش بە(قەوس و قۆزەح)ەوە چوێنراون، بەم شێوەیە دیاردەی فرەزمانی رۆلێکی گرنگی بینیوە، راستە کەسك و سۆری کوردی بۆ واتایەکی تر بەکارهێنراوە بەلاّم لەو کاتە دا کە دراوەتە پالّ (قەوس و قۆزەح)ی عەرەبییەوە واتای یەکەمی ووشەکە کە بریتیە لە پەلکە زێرینە لە خوێندنەوە دا خۆی دەنوێنێت،لە هەمان دێر دا هەر دوو ووشەی (گولاڤ)و(ماوەر) لەگەلّ یەکتردا بەکارهێنراون،ئەم دوو ووشەیە هاوواتای یەکترن و یەك مەدلوولیان هەیە ،ئەوەی کە لە یەکتر جیایان دەکاتەوە جیاوازی داللەکانە،یەکێکیان کوردی و ئەوەی تریان عەرەبییە، هەر یەکێك لەم ووشانە ئەگەر بە تەنیاش بەکار بهێنرێن دەتوانن بەبیرهێنەری ئەوەی تر بن،ئەمەش بەرەو ئەوەمان دەبات کە بیر لە پەیوەندیێکی پاردیگماتیکی و سینتاگماتیکی وا بکەین کە تێدا داللەکان رۆل دەگێرن.

---

(١) نفس المصدر السابق، ص٥٧٥-٥٧٦.

له دێری دووەمیش دا دیاردەی فرەزمانی کاری کردۆته سەر سیاق و پەیوەندی نیشانەکان بە یەکەوە،سۆرمە ووشەیەکی فارسییە لە تەك ئەم ووشەیە هاوواتا کوردییەکەی واتە (کل) بەکارهێنراوە،مەدلووله ئاساییەکانی هەر دوو ووشەکە لە زمانی ئاسایی دا وەکو یەکن و تەنها داللەکانیان جیاوازە بەلاّم لێرە دا ووشە کوردییەکە بە هۆی ئەو گۆرانکارییە نیشانەییانەی کە شاعیر پێشکەشیان کردووە دەلالەتی ئاسایی خۆی لە دەست داوە ئەمە لە کاتێك دا کە ووشە فارسییەکە تارادەیەکی زۆر دەلالەتی ئاسایی خۆی پاراستووە، شاعیر داوا لە خۆشەویستەکەی دەکات کە ئەم (کل)ە ئاساییە بە سەر (سۆرمە) سرۆشتییەکە دا بهێنێت،ئەم فرە زمانییە سیاقی دێرە شیعری دووەمی ئالۆز کردووە و دۆزینەوەی پەیوەندییەکان کارێکی قورسە،جگە لەمە هەر دوو ووشەی (سۆرمە) و (سۆر) بە بیرهێنەری ووشەی سۆر واتا رەنگی سوورن.

"دلبــەرێ سـەرداریٚ خـوبان ئـەز نـزام ئاگەهـ هەیە
حــەبس و زیندان و ئەسیر و گرتی و دەرماندەیە"(١)

ووشەکانی(حەبس) و (ئەسیر)ی عەرەبی بە واتای بەندکراو و (گرتی) کوردیش بە هەمان واتا بەکار هێنراون لە پاڵ ئەمانە ووشەی (زیندان) کە لە نێوان کوردی و فارسی دا هاوبەشە بەدی دەکرێت،ووشەی فارسیی (دەرماندە)ش بە واتای سەرگەردان لە تەك ووشەکانی پێشوو دا دەرکەوتووە،واتای ئەم ووشەیەش لە واتای ووشەکانی پێشووەوە نزیکە،ئاشکرایە کە دیاردەی فرە زمانی پاڵدەرێکی گەورە و بەهێزە بۆ قووڵکردنەوەی چەمکی دیلێتی و ئازارچەشتنەوە،شاعیر ووشەکانی سێ زمانی لە تەك یەکتر کۆکردووە و بەمەش دیاردەی زاڵ بوونی رۆڵی داللەکان خۆی دەنوێنێت.

"گــەر بــپرست جــارەکێ خــاتوون ل حــالێ ســوختــەیێ
قــوفل و زنجــیردێ ڤــەبن بێ ئیسم و دەست و مفتەیە"(٢)

---

(١) نفس المصدر السابق، ج٢، ص٤٩٧.

(٢) نفس المصدر السابق، ص ٤٩٨.

(سوختە) لە زمانی کوردی دا بەو تازە فەقییانە دەووترێت کە خەریکی خوێندنی زانستە سەرەتاییەکانی پەیوەست بە ئایینەوەن بەڵام لەم دێڕە شیعرە دا لە پەیوەندییێکی پارادیگماتیکی دا ووشەی (سوختە)ی فارسی بە واتای سووتاومان بەبیر دێتەوە،سیاقی دێڕە شیعرەکەش یارمەتیمان دەدات کە بەرەو واتا و مەدلوولێکی وا بچین، ئەمە جگە لەوەی کە ئەم فرەواتاییە لە ژێر کاریگەریی فرە زمانییەوە هاتووتە ئاراوە.

"دبـێن خـاوەر پـەرستی تـو نـزانی من دکەشفێ دا
نـومـاین مـن د شەرقێ نازکا گەردەن شەمال ئەبرو"[١]

(خاوەر) ووشەیەکی فارسییە بە واتای ڕۆژهەلات،لە بەرامبەری ئەم ووشەیە ووشەی باختەر واتە ڕۆژئاوا بەکار دەهێنرێت،ووشەی (شەرق) لە نیوە دێری دووەم دا ووشەیەکی عەرەبییە و هاوواتای خاوەری فارسییە و لە بەرامبەری ووشەی (غەرب) بەکار دەهێنرێت،لە کاتی خوێندنەوەی ئەم دێڕە شیعرە دا و بە هۆی پەیوەندییێکی پارادیگماتیکی ووشەکانی(باختەر)و(غەرب) خۆیان دەنوێنن، ئەم ووشانە سەر بە کێلگەی ئاراستەکانن بەڵام دوو کێلگەی جیاواز، یەکێکیان لە زمانی فارسی و ئەوی تر لە زمانی عەرەبی،بەم شێوەیە هەر دوو کێلگە ئاوێتەی یەکتر کراون و کێلگەیەکی تازە کە ووشەکانی هەر دوو کێلگە بە خۆیەوە دەگرێت هاتووتە کایەوە،ئەمەش خۆی بریتیە لە بەرفراوانکردنی داللەکان.

## • تەوەرەی پێنجەم: گرفتی لاوازبوونی یەکێتی بابەت و هەوڵە پۆزەتیڤەکان:

بە شێوەیەکی گشتی (مەلای جزیری) نەیتوانیوە خۆی لە ژێر کاریگەریی نەبوونی یەکێتی بابەت کە نەریتێکی بە جێماوی ئەدەبی کۆنی ڕۆژهەلاتی ناوەراستە رزگار بکات،لە شیعرەکانی (جزیری) دا زۆربەی جاران هەر دێڕە شیعرێك سیاقی خۆی هەیە و پەیوەندییێکی راستەوخۆی بەو دێرانەی کە دەکەونە پێشی یاخود لە دواوە دێن نییە:

---

(١) نفس المصدر السابق، ص٥٩٣.

"دل کــەمەر بــەستەیێ عــیشقە ب خــوە زونار پەرستین
مــەی و مــەعــشوقــە دوعــایێ مــە و سەجادە قیبابە
ژ حــیــجابێ وەرە دەر نـــازك و مــەســتانــە ب مــەش تو
تــە جــیهان زیــر و زبــەر کر ب خودێ ئەڤ چ حیجابە"[(١)]

لە نێوان نیشانەکانی ئەم دوو دێڕە شیعرە کە لە دوای یەك دا هاتوونە پەیوەندییێکی راستەوخۆ لە ئارا دا نییە،هەر دێڕە شیعرێك تا رادەیەکی زۆر خاوەنی سیاقێکی سەربەخۆیە، بۆ لێکدانەوەی هەر کامەیان پێویستی بە تێگەیشتن و لێکدانەوەی نیشانەکانی دێرەکەی تر نییە، راستە کە جۆرە پەیوەندییێك لە نێوان هەر دوو دێر دا بە دی دەکرێت واتە هەر دووکیان بە دەوری بابەتی سەرەکی شیعرەکە دا دەسووڕێنەوە بەلاّم ئەم پەیوەندییە لەو ئاستە دا نییە کە بلّێین یەکێتی بابەت یاخود پەیوەندییێکی زیندوو و راستەوخۆ لە نێوانیان دا هاتۆتە ئاراوە.

نموونەی وا لە شیعرەکانی (جزیری) دا بە بەرفراوانی دەبینرێن و دەکرێت بلّێین کە نیشانەکان لە شیعرەکانی (جزیری) دا تارادەیەکی زۆر دیلی ئەم زیندانە نیشانەییەن،بەلاّم ئەمەش نابێتە بەلگە بۆ ئەوەی کە لە نێوان تەواوی دێڕە شیعرەکانی (جزیری) دا ئەم دۆخە بەم شێوەیە بێت واتە ئەگەر بە ووردی لە شیعرەکانی بکۆلینەوە دەبینین کە شاعیر بۆ زیاتر پتەو کردنی زمانی سۆفیگەریی لە شیعرەکانی خۆی دا هەندێ جار لە رێگەی بە کارهێنانی هەندێ شێوازەوە هەولّی لاوازکردنەوەی ئەم زیندانە نیشانەییەی داوە بەمەش پەیوەندی لە نێوان نیشانەکان بەرەو بەهێزییەوە رۆیشتووە،هەرچەندە کە لەوانەیە ئەم هەولاّنە لەو ئاستە دا نەبن کە ئەم نەریتەی شیعری کۆن بە تەواوەتی لە ناوبەرن و ببن بە خۆلقێنەری یەکێتی بابەت بەلاّم لەگەلّ ئەمەش دا شیاوی گرنگی پێدانن:

### أ- دووبارەکردنەوەی پەیڤێك:

ئەم شێوازە تا رادەیەك باوە لە شیعرەکانی (جزیری) دا،شاعیر زۆر جار هەولّی ئەوەی داوە کە لە رێگەی دووبارەکردنەوەی پەیڤێك جۆرە هاوبەندییێك لە نێوان نیشانەکانی شیعرێك دا بهێنێتە کایەوە و تا رادەیەك سیاقی شیعرەکەی پێ بەرفراوان بکاتەوە،

---

(١) نفس المصدر السابق، ص ٥٠٩.

زۆربەی جاران ئەم ووشەیە هەڵگری بیرۆکەی سەرەکی شیعرەکەیە،ئەو بیرۆکەیەی کە دێڕە شیعرەکان بە دەوری دەسووڕێنەوە.

ئەم دیاردەیەش لە شیعرەکانی (جزیری) دا دوو جۆرە،یەکەمیان شاراوەیە واتە ووشەکە لە تان و پۆی شیعردا دووبارە دەکرێت و ناتوانین سیستەمێکی چەسپاو بۆ ئەم دووبارەکردنەوەیە دەستنیشان بکەین، هەر وەها لەوانەیە هەندێ جار هاوواتاکانی ووشەکە یان ئەوانەی لێ نزیکن دووبارەبکرێنەوە،ئەم جۆرە دووبارەکردنەوەیە جگە لەوەی کە یارمەتیدەرێکە بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی دیاردەی نەبوونی یەکێتی بابەتەوە، رێگەیێکیشە بۆ سازکردنی ریتمێکی واتایی ناوەکی کە زیاتر ئیستاتیکای شیعرەکە بەرز دەکاتەوە،

بەلأم جۆری دووەم ئەوەیە کە ووشەکە وەکو پاش سەروا(رەدیف) دووبارە بکرێتەوە،ئیتر ئەم ووشەیە دەچێتە چوارچێوەی سەرواسازییەوە و شاعیر ناچارانە دووبارەی دەکاتەوە،زۆربەی جاران ئەم پاش سەروایانە هەڵگری بیرۆکەی سەرەکین کە دووبارەکردنیان دەبێتە هۆی بەهێزکردنەوەی پەیوەندی لە نێوان نیشانەکانەوە،هەر چەندە کە دوواتر خودی ئەم پاش سەروایە کە بۆتە بەشێك لە سیستەمی سەرواسازییەوە وەکو لەمپەرێك لە رێگەی بزاڤی نیشانەکانەوە دێتە بەرچاو.

لە شیعرەکانی (جزیری) دا دەتوانین چەندین نموونە بۆ جۆری یەکەم بدۆزینەوە بەلأم بە هۆی راستەوخۆ نەبوونی شێوازەکە پێویستیمان بە خوێندنەوەییێکی وورد هەیە، بۆ نموونە لە شیعرێکی (جزیری) دا ووشەی (فیرقەت) کە هەڵگری بیرۆکەی سەرەکی شیعرەکەیە ناوە ناوە دووبارە کراوەتەوە جگە لەمە کۆمەڵێك لەو ووشانەی کە لە رووی واتاییەوە لێی نزیکن بەکارهێنراون:

"ب نــارێ فــیرقــەتێ سۆهتم ژ فەرقێ سەر حەتا پێ دا
خــەدەنــگا غــەفــلەتێ نــۆهتم، ژ بــەرقا لامــیـعا تێدا
خــەدەنـگا فــیـرقەتێ رەعــدە دلێ ئــەو غــەفلەتێ لێدەت
دبــێژم وەر جـەبــەل بت ئەو بـکەر بت ئـەو د گـاڤێ دا
هــەچی فیرقەت نـەدی هیجران نەبێ من داغ و کەی لێنە
ژ بـل دەربێ د هـیـجـرانێ، فیراقا رووح و جان کێ دا"(١)

---

(١) نفس المصدر السابق، ج ١، ص ٣٥-٣٦.

له هەر سێ دێڕە شیعری سەرەتای شیعرەکە ووشەی (فیرقەت) دووبارەکراوەتەوە، جگە لەمە ووشەی (فیراق) کە هاوواتای فیرقەتە و هەر وەها (هیجران) کە لە رووی واتاییەوە لێی نزیکە لە دێری سێیەم دا بەکارهێنراون، بەم پێیە ناتوانین نکۆلی لەو پەیوەندییە بکەین کە لە نێوان نیشانەکانی ئەم چەند دێڕە شیعرەوە بەدی دەکرێت.ئەم رەوتە بە درێژایی شیعرەکە دا بەردەوامە ووشەی فیرقەت وەکو سەنتەرێکی واتایی رۆلی خۆی دەگێڕێت، تەنانەت جاری وا هەیە کە هاودژەکەی بە کاردەهێنرێت:

"گـەلۆ دیـــسان ببینم ئـەز چـرایێ وەصـلەتێ هـل بـت
بـسۆژم شـوبهی پەروانێ د بەر وێ نوور و شەوقێ دا"[١]

لێرەش دا ووشەی (وەصلەت) کە لە رووی واتاییەوە پێچەوانەی فیرقەتە بەکارهێنراوە،ئەمەش بەلگەی ئەو راستییەیە کە تەواوی شیعرەکە بە دەوری کێشەی (فیرقەت و وەصلەت)دوە واتە لەیەکتر دابڕان و بە یەکتر گەیشتنەوەوە دەسوورێتەوە، (جزیری) لە رێگەی بەگەڕخستنەوەی ئەم شێوازە توانیویێتی تارادەیەك بە سەر کێشەی نەبوونی پەیوەندییێکی زیندوو لە نێوان نیشانەکانەوە زال ببێت،ئەمەش لەوانەیە بەرهەمی ئەزموونە سۆفیانەکەی بێت،ئەو ئەزمونە دەروونییەی کە دەرفەتی ئەوەی بە شاعیر نەداوە کە لە کەش و هەوای (فیرقەت و وەصلەت)ەوە بە دوور بکەوێتەوە.

(جزیری) لە (١٩) شیعری خۆی دا پاش سەروای بەکار هێناوە،ئەمەش دەکاتە نزیکەی(٢٠٪) شیعرەکانی (جزیری)،ئەمە جگە لە هەندێ حالەتی تری دووبارەبوونەوە کە پەیوەستن بە هونەرەکانی سەرواسازییەوە وەکو تەشتیر[٢] یان ئەو قالبە شیعریانەی کە لە کۆتایی پارچەکانەوە نیوە دێرێك یاخود دێڕێکی تەواو دووبارە دەکرێتەوە،ئەمە خۆی نیشانەی گرنگی دانەوەی (جزیری) بە پێکەوە بەستەوەی نیشانەکان لە رێگەی دووبارەکردنەوەیان لە چوارچێوەی سیستەمی سەرواسازی دایە.

---

(١) نفس المصدر السابق، ص٤٠.
(٢) د. عەزیز گەردی. سەرواسازی لە شیعرەکانی جزیری دا، گۆڤارا زانکۆیا دهوك (ژمارا تایبەت ب کونگرا زانستی یا ئێکێ، پەربەندێ ٢، هژمارە ٦، نیسان، ١٩٩٩، ص ٨١٥.

هەندێ لەو پاش سەروایانەی کە (جزیری) بەکاریان هێناوە هەلگری بیرۆکەی سەرەکی شیعرەکەن، بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بەمانە بدەین (دوعا، حدوث، عەبەث، روح، رەقص، غەلەط،...تاد)،لێرەدا وەك نموونە ئاماژە بە ووشەی (حدوث) دەدەین:

"تو سەحەرگەه ب تەماشا وەرە بازارێ حدوث
لێ تە بێ فایدە ئازار نەدت خارێ حدوث
دێ ژ دل غونچە لەبەك نازك و تەڕدانە بژێری
ب تەبەسوم ب تە ڕا بێتە ژ گولزارێ حدوث"[١]

لەم شیعرە دا ووشەی(حدوث) کراوە بە پاش سەروا ،بەمەش زۆربەی ووشەکان لە تان و پۆی شیعرەکە دا بە دەوری واتای ئەم ووشەیە دەسووڕێنەوە و لە خزمەتی دان، مەسەلەی (قیدەم و حدوث) ئەو بابەت سەرەکییەیە کە شاعیر دەیەوێ ئاماژەی پێ بدات بۆیە بە پاش سەروا کردنی (حدوث) یارمەتیدەرێکە بۆ ئەوەی دێڕە شیعرەکان لەم بابەتە دوورنەکەونەوە بەمەش جۆرە پەیوەندییێك لە نێوان نیشانەکانەوە سازدەکرێت،لە دێری نۆیەمی ئەم شیعرە دا شاعیر دەلێت:

"تو حدوپی وە مەبین قەنج نەڤهر دی جارەك
ل ئەساسێ قیدەمێ دانییە دیوارێ حدوث"[٢]

لەم دێڕە شیعرە دا جگە لەوەی کە (حدوث) وەکو پاش سەروا بەکارهێنراوە،لە سەرەتای دێڕە شیعرەکەش دووبارەکراوەتەوە،لەگەڵ ئەمەش دا ئاماژە بەو چەمکە دراوە کە پێچەوانەی (حدوث)ە،واتە ووشەی قیدەم بەکارهێنراوەتەوە،بەم شێوەیە ووشەی (حدوث) کە پاش سەروایە رۆلی سەرەکی بینیوە لە کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی دیاردەی نەبوونی یەکێتی بابەت.

---

(١) احمد بن الملا محمد الزفنكي. ج ١، نفس المصدر السابق، ص ١٥٨.
(٢) نفس المصدر السابق، ص ١٦١.

**ب- شێوازی دووابەسەر کردنەوەی نیشانەکان:**

ئەمە خۆی جۆرە دووبارەکردنەوەییکی ووشەییە بەلاّم بە هۆی ئەوەی کە لە لاییکەوە شێوازی تایبەتی خۆی هەیە و لە لاییکی ترەوە بە شێوەیەکی بەرچاو لە شیعرەکانی (جزیری) بەکارهێنراوەتەوە بۆیە وامان بە چاك زانی کە لە جۆرەکانی تری دووبارەکردنەوەی ووشەییەوە جیای بکەینەوە.

خۆدی ئەم شێوازە پەیوەستە بە هونەرە ڕەوانبێژییەکانەوە،بریتیە لەوەی کە ئەو ووشە یاخود فرێزەی کە لە  دێری یەکەم دا بەکارهێنراوە لە دێری دووەمیش دا دووبارە بکرێت،لە شیعرەکانی (جزیری) دا ئەم شێوازە زیاتر دووابەسەر کردنە واتە ئەوەی لە کۆتایی نیوە دێری دووەمی دێری یەکەم دا بەکاردەهێنرێت لە سەرەتای نیوە دێری یەکەمی دێری دووەم دا دووبارەدەکرێتەوە،بەم شێوەیە دێڕە شیعرەکان وەکو زنجیرەیەك دێنە بەرچاو، هەر دێرێك وەکو ئەلقەییکی زنجیر بە دێڕە شیعرەکانی پێش و دوای خۆی دەبەسترێتەوە،بەمەش لە کرداری خوێندنەوە دا دەرفەتی پچرانی تەواو بە خوێنەر نادرێت و خوێنەر هەست بەوە دەکات کە خەریکی خوێندنەوەی شیعرێکە کە دێڕەکانی بەیەکەوە بەستراون.

بە شێوەیەکی گشتی  ئەم دیاردەیە لە شیعری کۆنی کرمانجی ژووروودا باو بووە و زۆربەی شاعیرانی ئەم دیالێکتە سوودیان لیّ بینیوەی بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە شیعرەکانی(فەقیێ تەیران،مەلایێ باتەیی) بدەین،مەرج نییە ئەم هونەرە لە تەواوی دێڕە شیعرەکانی هۆنراوەییێك دا بەکارهێنرا بێت واتە لەوانەیە ناوە ناوە یاخود لە چەند دێڕێکی بەدوای یەك دا سوودی لیّ وەرگیرا بێت،جگە لەمە لەوانەیە لە جیاتی دووبارەکردنەوەی ووشەکە هاوواتاکەی بەکاربهێنرێت و بەمە لە جیاتی دووبارەکردنەوەی نیشانەیی پەنا بۆ دووبارەکردنەوەی مەدلوولی دەبرێت، مەرجیش نییە هەمیشە ئەم شێوازە بریتی بێت لە دووابەسەر کردن واتە جاری وا هەیە کو شوێنەکان دەگۆڕدرێن و شێوازی جیاواز بە خۆیانەوە دەگرن.نموونە بۆ ئەم شێوازە واتە دووابەسەرکردنەوە لە شیعرەکانی (جزیری) دا بە فراوانی دەدۆزرێتەوە و ئەمەی خوارەوە نموونەیەکە بۆ بەکارهێنانی:

"ئـــيـرۆ ژ نـو پـــورِ ئـاتـــەشـم، ديـــسا ژ رەمــزا دلــبـەرێ
مـــەجــرووحـێ قـــەوسا پەرِ وەشــم، تیر دانە نیڤا جەگەرێ
تـــيـــردان ژ قـــەوسـێ ئـــەسوەدە، شـــەهزادەیا شیرین قەدە
کوشـــتینە وەك مـن چـەند ســـەدە، وێ پـادشاه و بـەگلەرێ
وێ بــەگـلەرێ پـورِ کـوشتنە، ئـەنگوشت ب خـوونـێ رشـتنە
مـــا ئـەهلـێ دل قەت هشتنە، صوهتیمە میسلێ مەجمەرێ"(١)

(تیر دان) لە کۆتایی دێری یەکەم و سەرەتای دێری دووەمەوە بەدی دەکرێت، هەر وەها ووشەی (بەگلەر) لە کۆتایی دێری دووەم و سەرەتای دێری سێیەم دا بەکارهێنراوە،راستە کە ئەم شێوازە ناتوانێت گرفتی نەبوونی یەکێتی بابەت و پێکەوە بەسترِاو نەبوونی نیشانەکان چارەسەر بکات بەلاَم بێ کاریگەریش نییە،کە لە خوێندنەوەی دێری یەکەمەوە تەواو دەبین و بەرەو دێری دووەمەوە دەچین کاری (تیردان) وامان لێ دەکات کە بەشێك لە واتای دێری یەکەم ئاوێتەی دێری دووەمەوە بکەین، دیسانەوە کە لە دێری دووەمەوە بەرەو دێری سێیەمەوە دەچین ووشەی (بەگلەر) هەمان ئەرکی پێشوو دەگێرِێت بەم شێوەیە پەیوەندییێکی ناراستەوخۆش لە نێوان دێری یەکەم و سێیەمەوە ساز دەکرێت،دێرِەکان وەکو ئەلقەکانی زنجیر بەیەکەوە دەبەسترِێن و بەم شێوەیە جۆرە بەرفراوانییێك لە سیاقی شیعرەکە دا دێتە ئاراوە و پەیوەندیی نێوان نیشانەکان بە هێزتر دەبێت،ئەم شیعرە لە (٣٢) دێرِە شیعر پێك هاتووە،لە(٣١) دێری سەرەتای شیعرەکە دا ئەم شێوازە بەکارهێنراوەتەوە بەلاَم لە نێوان دێری(٣١) و (٣٢) دا پچرانێك بەدی دەکرێت چونکە ئەم هونەرە بەکار نەهێراوەتەوە،شاعیر لە دێری کۆتایی دا دەلێت:

"ئــەو نازکا نیسبەت گولێ، جـامە ژ کـەوسەر دا (مەلێ)
مــەستم ژ بـەر قـالوبەلێ، حەتتا ب رۆژا مـەحـشەرێ"(٢)

---

(١) نفس المصدر السابق، ج ٢، ص ٧٢٣-٧٢٤.
(2) نفس المصدر السابق، ص ٧٣٧.

ئەم دێڕە شیعرە لە رووی واتاییەوە جیاوازە لە دێڕە شیعرەکانی پێش خۆی، ئاماژە بە بیرۆکەیەکی سۆفیگەری کراوە ئەمە لە کاتێك دا کە دێڕەکانی پێشوو بەدەوری خۆشەویستی و وەسفی جوانی ئافرەتەوە دەسووڕێنەوە، هەر وەکو ئەوەی کە ئەم پچرانە لە دێری کۆتایی دا ئاماژەیە بە گۆڕانێکی واتایی کە هەڵگری پەیام و شێوازێکی جیاوازە لە دێڕەکانی پێشوو،ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەم شێوازە هەمیشە تەنیا بۆ جوانکاری یاخود بە رێککەوتەوە بەکار ناهێنرێت بەڵکو کاریگەریی واتاییشی هەیە و زۆر جاریش بە شێوەیەکی ئامانجدار بە کار دەهێنرێت.

## ج- دابەشکردنەوەی واتا بە سەر چەند دێڕێك:

لە شیعرەکانی (جزیری) دا جاری وا هەیە کە چەند دێڕێك بە شێوەیەکی راستەخۆ بەیەکەوە دەبەسترێن ئەمەش زۆربەی جاران لەو کاتە دا دێتە ئاراوە کە شاعیر شێوازی گێڕانەوەی یاخود چیرۆك ئاسای بەکارهێنا بێت بۆ نموونە لە چەند شیعرێکی (جزیری) دا بە یارمەتی سەربووردەکەی (هودهود و بەلقیس) یاخود پەیکە سوواوەکەی شیعری کلاسیکی واتە (بای سەبا) جۆرە کەش و هەواییێکی وا دەخوڵقێنرێت، واتە چەند دێڕێك تەرخان دەکرێن بۆ گێڕانەوەی سەربووردەی شاعیر کە چۆن داوا لە هۆدهۆد یاخود با دەکات کە پەیامەکەی بە خۆشەویست بگەیێنێت، هەروەها ئاماژە بە ناوەڕۆکی پەیام و چۆنییەتی گەیشتنی پەیامنێرەکان بە بارەگای خۆشەویست و کاردانەوەی وەڵامی خۆشەویست و کاریگەرییەکانی دەکرێت،بەم شێوەیە تا رادەیەکی زۆر سیاق بەرەو بەرفراوانییەوە دەروات و پەیوەندیی نێوان نیشانەکان بەهێز تر دەبێت:

"ئـــیـــرو ژ مــە ل بـەدرا تەمام، عەنبەر فشان بن سەد سەلام
ئـــەی هــۆدهــۆدێ شـــیریـــن کـــەلام، اهـلاً و سـهلاً مرحبا
مـــن دلبـــەرەك وەك دوڕ هـەیە، مـەحبووبێ شیرین سۆڕ هەیە
حوسن و جـەمالەك پوڕ هەیە، بەلقیس سیفەت مەسکەن سەبا
شـــۆخ و شـــەپالا مـــەی پـــەرست، ئـەو زالـما هشیار و مەست
ڤـــی نـــامـــەیێ خـــەف دی ڤە دەست، في طـیها نـــشر النـــبـــا

بـێـژ ئـەو نـــەســرینا سۆڕ پەری، دوڕدانەیـا ئەز موشتەری

کـــا عــەهد و پـەیـمانا بەری، بێ فایدە چوون شوبهی هەبا"[١]

دوای ئەوەی کە سلاو ئاراستەی هۆدهۆد دەکرێت،داوای لێ دەکات کە پەیامی شاعیر بە خۆشەویستەکەی بگەیێنێت،دوواتریش ناوەڕۆکی پەیامەکە دەخرێتە روو لە دوای ئەم چەند دێرەش باس لە گەیشتنی هۆدهۆد و وەڵامی خۆشەویست و کاریگەرییەکانی ئەم وەڵامە دەکرێت ،بەم شێوەیە دێڕەکان بە توندی بەیەکەوە بەستراون،ناکرێت شوێنیان لەگەڵ یەکتر دا ئالوگۆڕ بکرێت.

---

(١) نفس المصدر السابق، ج ١، ص ٢٧–٢٨.

# باسی پێنجەم: شیعرەکانی ( جزیری ) لە نێوان کۆدسازی و سیمبۆلسازی دا:

بە چەمکێکی ئەدەبییەوە زۆربەی نیشانەکان لە شیعرەکانی (جزیری) دا لە سەر بناغەی سیمبۆلسازییەوە بنیاتنراون، واتە دەتوانین لە دیدی رەخنەی ئەدەبیی باوەوە بڵێین زۆربەی نیشانەکان لە شیعری (جزیری) دا ئەرکێکی ئیستاتیکی بەجێ دەگەیێنن و زیاتر سیمبۆلن تاوەکو کۆد بن،بە گشتی سیستەمی کۆدسازی لە شیعرەکانی (جزیری) دا لاوازە، کەمتر دەبینین کە شیعری خۆی کردبێتە ئامرازێك بۆ دەربڕینی بیرەسۆفیگەرییەکانی خۆی بە شێوەیەکی راستەوخۆ، واتە ئەگەر شاعیر ناوەناوەش بیر و بۆچوونەکانی خۆی ئاوێتەی شیعر کردبێت بەلگەیەکی وا بە دەستەوە نییە کە بتوانرێت واتایەکی دیاریکراو و مەبەستێکی چەسپاوی بۆ دابنرێت و تەنیا بە سۆفیگەرییەوە ببەسترێت،زۆربەی ئەو نموونانەی کە لە بەشەکانی پێشوو بە تایبەت لە باس بەرفراوانبوونی واتا دا ئاماژەمان پێدا دەچنە ژێر سایەی ئەم جۆر نیشانانە.

## • تەوەرەی یەکەم: هەندێ دیاردەی کۆدسازی و کاریگەرییەکانی:

لە پاڵ دۆخی سیمبۆلسازییەوە کە بە سەر زۆربەی زۆری شیعرەکانی (جزیری) دا زاڵە جاری وا هەیە کە کۆدسازی بە سەر دێرێك یاخود چەند دێرێك یان سەرتاپای شیعرێکەوە زاڵ دەبێت، نیشانەکان لەم جۆرە شوێنانە دا چ لە رووی پەیوەندیی زنجیرەی مەدلوولەکانەوە چ لە رووی پەیوەندییە سینتاگماتیکی و پارادیگماتیکییەکانەوە لە ئاستی شیعرەکانی تری (جزیری) نین، لەوانەیە ئەم دێڕە شیعرانە هەلگری حیکمەتێکی گەورە یان فەلسەفەییێکی قووڵ یان بیرۆکەیەکی گرنگ بن بەلام کاتێك کە شیاوی لێکدانەوەیەکی راستەوخۆ بن و لە توانا دا بێت باس لە مەدلوولەکانیان بکرێت ئەوا سیفەتی سیمبۆل بوونیان نامێنێت و زیاتر بە کۆد لە قەلەم دەدرێن،ئەم نیشانانەن زیاتر لەوەی کە ئامانجێکی ئیستاتیکیان هەبێت ئامرازێکن بۆ گەیاندنی پەیام:

"حوسن و حوب ذاتێ قەدیمن، لێ جودا بوون ئەو ژ یــەك
لێ نها ئــسمێ حــدوثی حیــكمەت و تــەفصیل وەبــوو
یــەك د زاتێ ســوڕ شــرینان بــوو جەمال و حوسن و سوڕ
یــەك د قــەلبێ ئــەهلێ دلێ نار و جەلال و جــەزبە بوو
عاشق و مەعشووق ئــەلـحەق هــەر دوو مــیرئــاتێ یــەكن
لــەو د ئــەصلێ جـەمع دا ئــەصــلێ قەدیم ئایینە بوو"[١]

ئەم سێ دێڕە شیعرە لە شیعرێكی مەلای (جزیری)ەوە هەڵبژێراون كە هەر لە بنەڕەتەوە بۆ گەیاندنی بیر و پەیامی شاعیرەوە نووسراوە،زۆربەی ووشەكان زنجیرە مەدلوولێكی وایان نییە كە بتوانین مۆركی ئیستاتیكی شیعرەكانی تریان لێ بەدی بكەین،لەوانەیە لە كاتی خوێندنەوەی ئەم شیعرە هەست بە ئالۆزی بكرێت بەڵام ئەوەی راستی بێت ئەم ئالۆزییە زیاتر زادەی خودی ئەو بیرۆكەیەیە كە خراوەتە نێو ئەم دێرانە دا و ئەگەر بسپۆرێكی بواری سۆفیگەری لێی بكۆڵێتەوە دەتوانێت بە ئاسانی مەبەستی شاعیر دەستنیشان بكات بە واتایەكی تر ئالۆزی و نارروونی زادەی گەمەكردن بە نیشانەكان نییە،نیشانەكان لە پێناو ناردنی پەیامەوە بەگەڕ خراونەتەوە و دەتوانین بە زۆربەیان بڵێین كۆد.

"سرێ وەحــدەت ژ ئەزەل گرتییە حەتتا ب ئەبەد
واحــد و فــەردە ب زاتــێ خـوە وی نین چو عەدەد
★★★
چ زەمــان و چ مــەكــان و چ جــیــهات و چ حــدود
چ مـــەقــادیر و تـــەفاصیل و حـــیسابن چ عـــەدەد

چ مـونــافــات و لــــزومن، چ قــیــاس و چ میــثــال
ئـەڤ چ تــەولید و چ تـەركیبە، چ روحن چ جەسەد
ســەر ب عیــجزێ ددرت قــوەتێ دەرراكــەیێ مــا
(رجـع الـــعــقــل كـلیــلا و مـــتی قـــام قعد)"[٢]

---

(١) نفس المصدر السابق، ج ٢، ص ٦١٥-٦١٦.
(٢) نفس المصدر السابق، ج ١، ص٢١٦-٢٢١.

لەم چەند دێڕە شیعرە دا کۆمەڵێك زاراوەی تایبەت بە بواری سۆفیگەری یان حیکمەت و لۆژیك و فەلسەفەی ئیسلامی بەکار هێنراون،بەم شێوەیە شیعرەکە تەواو لە سەر بناغەی کۆدەکانەوە بنیاتنراوە،فرە واتایی یاخود بەرفراوانبوونەوەی واتا یان پەیوەندییێکی ئایکۆنی لە زنجیرەی مەدلوولەکانی ئەم نیشانانە دا بەدی ناکرێت، شیعر لە شێوەی پەیامێك نووسراوەتەوە و ئاراستەی ئەوانە کراوە کە لە کردنەوەی ئەم کۆدانە دا شارەزاییان هەیە،ئەگەر خوێنەر شارەزای سۆفیگەری و فەلسەفە و لۆژیکی ئیسلامی بێت دەتوانێت بە ئاسانی لێکیان بداتەوە،ئەم ووشانە لە پێناو چێژوەرگرتنەوە پێشکەش نەکراون،کاریگەری ئیستاتیکیان کەمە،دەکرێت بە شێوەیەکی لۆژیکی لێك بدرێن بۆیەش دەتوانین بڵێین کە واتای ناوەوە لە ئارادا نییە و کراوە بوونی دەقیش دەکەوێتە گۆمانەوە.

"کـەس ب دادا مــە نــەپـرست گـلە و داد چ کــت

"تە نـــەبت دادرەســـەك بیهودە فـــەریاد چ کـەت

ب شــرینێ نەگــەهت دەســت ئــەگـەر رۆستەم بـت

دێ ب بــازوو و مــلان شــوبهەتی فــەرهادی چ کـت

فــاعـیـلەك لازمــە دا فیــعل و ئەســـەر پــەیدا بـت

گـەر تـو حـەداد نەبت، کوورەیێ حـەداد چ کت"[(1)]

واتای دێڕە شیعرەکان زۆر ئاشکرایە و پێویستی بە لێ ووردبوونەوە و قووڵبوونەوەیەکی وا نییە،زۆر ئەستەمیشە کە باس لە پلەکانی واتا و ناروونی و زنجیرەیەك لە مەدلوولەکان بکرێت،پەیوەندییە سینتاگماتیکی و پارادیگماتیکییەکانیش ناگەنە ئەو رادەیە کە خۆڵقێنەری نامۆیی بن،جگە لەمانەش خودی ئەو بیرۆکەیەش کە خراوەتە روو ئەوەندە ئاڵۆز نییە و لەوانەیە خوێنەرێکی ئاساییش لە مەبەستی شاعیر بگات،نیشانەکان زۆر بە سادەیی لەنگەریان گرتووە و لەمپەرێك لە رێگای دۆزینەوەی مەدلوولەکانیان دا بەدی ناکرێت،شاعیر زیاتر کۆدی بەکارهێناوە بۆ نموونە لە لێکدانەوەی دێری یەکەم زۆر بە سادەیی دەتوانین بڵێین کە مەبەستی شاعیر ئەوەیە کە ئەگەر کەسێکی یارمەتیدەر نەبێت کە یارمەتیمان بدات ،گلە و گازندە فریاد بێ سوودە، ئەمەش

---

(١) نفس المصدر السابق ، ص١٣٠-١٣١.

وەرگێڕانێکە بۆ دێڕە شیعرەکە،واتە دیاردەی گەمەکردن بە نیشانەکان و لێکترازانی دال و مەدلوولەکان لە ئاستی سیمبۆلسازی دانییە و کۆدسازی زالە بە سەر سیمبۆلسازییەوە.

دیاردەیەکی تر لە هەندێ لە شیعرەکانی (جزیری) دا بەدی دەکرێت ئەویش ئاوێتەکردنی هەر دوو سیستەمی کۆدسازی و سیمبۆلسازییە،واتە شاعیر لە چەند دێرێك دا هەوڵی ناردنی پەیام و بەکارهێنانی کۆمەڵە نیشانەیەك دەدات کە لە کۆدەوە نزیکن،دوای ئەمە لە چەند دێڕێکی تر دا سیستەمی سیمبۆلسازی بەگەڕ دەخاتەوە و ووشەکان سیفەتی سیمبۆلیکی بە خۆیانەوە دەگرن،یەکێك لەم شیعرانە شیعرە بەناو و بانگەکەی (جزیری)ە کە بە نیوە دێری(الله سەحەر گاها ئەزەل)ەوە دەست پێ دەکات:

کۆدسازی:

"ئـەم تێك هەویاتین یەقین، ئیسمین ژ مـەصدەر موشتەقین
مــەوهوم و لاشەی موطلەقین، عــــــــەکسین دنیڤ ئایینە دا
پــەرتەو ژ عــــــــەینێ نورەکی، تێن تێن تەجەللا طورەکی
ئەو سەر ددەت یەك فورەکی، لەو چەند لب لب قەطرە دا"(١)

سیمبۆلسازی:

رەنگ رەنگ حوسنێ صورەتان، نەقش و نیگار و دەست خەطان
بــالا و بــەژن و قــامــەتــان، شـــــیرین لەبان پوڕ خــــەندە دا
شــیــریــن لەبێن قەد نەی شەکەر، سیـمین بەرێن نازك بەشەر
زولـــفـــان ســــتار بوو رۆژ د بەر، بسکان ل مسکێ طەعنە دا(٢)

ئەگەر چاك لەم دوو پارچە شیعرە ووردبینەوە دەبینین لە پارچەی یەکەم دا سیستەمی کۆدسازی زالە، (هەویات،موشتەق،مەصدەر،یەقین...تاد)کۆمەڵە ووشەیەکن کە لە پێناو گەیاندنی پەیامێکەوە بەکارهێنراون بەلاَم لە پارچەی دووەم دا دا ووشەکان دەبنە خاوەنی چەند پلەیەکی واتایی و پەیوەندی ئایکۆنی لە زنجیرەی مەدلوولەکان دێتە ئارا و ئەرکی ئیستاتیکی ووشەکان بە سەر ئەرکی پەیوەندی کردنەوەیان دا زال دەبێت.

---

(١) نفس المصدر السابق، ج ٢، ص٨٥٢.
(٢) نفس المصدر السابق، ص ٨٥٣.

ئەگەر لە شیعرەکانی (جزیری) بکۆڵینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هێشتا نموونەی کۆدسازی لە شیعرەکانی دا بەدی دەکرێن بەڵام ئەم نموونانە لە چاو نموونەکانی سیمبۆلسازییەوە زۆر کەمن و سیمبۆلسازی زیاتر زاڵە بە سەر کۆدسازییەوە و شاعیر زیاتر خەریکی بەرزکردنەوەی ئیستاتیکای شیعر و بەهێزکردنەوەی ئەرکی شیعریی زمانە تا وەکو گرنگیدان بە پەیوەندیکردنەوە و گەیاندنەوەی پەیام.

## • تەوەرەی دووەم: سووانەوەی سیمبۆلەکان و لاوازبوونەوەیان:

ئەگەر سیمبۆلێك بە رادەیەکی زۆر بەکارهێنرا بە شێوەیەك کە مەدلوولەکانی بۆ خوێنەران ئاشکرا بوون و حاڵەتێکی ئاساییان بە خۆیەوە گرت نیشانەی ئەوەیە کە سیمبۆلەکە بەرەو سووانەوە رۆیشتووە و هێزی ئیستاتیکی سەرەتایی خۆی لە دەست داوە،لە ئەنجامی دووبارەبوونەوە و نەبوونی گۆڕانێکی بنەڕەتی خوێنەران ئاشنای چۆنیەتی خۆ نوواندنەوەی ئەم سیمبۆلانە بوونەتەوە،نموونە بۆ ئەم جۆر نیشانانە لە شیعرەکانی (جزیری) دا بە بەرفراوانی دەبینرێن،ئەمانە سیمبۆلن و نکۆڵی لە سیمبۆل بوونیان ناکرێت بەڵام بە هۆی ئەوەی کە هەندێکیان وەکو میراتێك گەیشتوونەتە (جزیری) و هەندێکی تریان بە شێوەیەکی بەرچاو لە لایەن خودی شاعیرەوە دووبارە کراون ناروونی و نامۆیی جارانیان نەماوە و دەتوانین بە ئەو سیمبۆلە سوواوانە لە قەلەمیان بدەین کە رەوتی بە کۆد بوونیان گرتۆتە بەر،ئەمەش وەکو پێشتریش ئاماژەمان پێدا گرفتێکی گشتیی شیعری سۆفیگەریی رۆژهەڵاتی ناوەراستە.

یەکێك لەم سیمبۆلە سوواوانە (لەعل)ە کە خۆی ناوی بەردێکی بە نرخە و بۆ لێوەکانی خۆشەویست بەکارهێنراوە،ئینجا یان لە پەیوەندییێکی سینتگماتیکی دا وەکو سیفەتێك دراوەتە پاڵی یاخود لە پەیوەندییێکی پارادیگماتیکی دا بۆی خوازراوە،(جزیری) چەندین جار ئەم ووشەیەی بەکارهێناوە،راستە کە لەوانەیە ئەم ووشەیە هەر جارە و کاریگەریەکی جیاوازی نوواند بێت بەڵام پەیوەست بوونی بە لێوەکانی خۆشەویستەوە وەکو دەستوورێکی چەسپاو لێهاتووە،ئەمانە هەندێ لەو دێڕە شیعرانەن کە (جزیری) لە تانوپۆیان دا ئەم ووشەیەی بەکارهێناوە:

"جـــــارنـان بـەندەيێ دل سۆهتيێ مــــەهجور ڤەنێر
ب لەبێ لـــــەعلێ شەكەر بار و ژ عـــەينێ كەرەمێ"[1]

"مە ژ لەعلێ لەبێ يارێ خــــــوە ڤـەخار ئاڤێ حەيات
ئـــــــەغـيـار بـــــــلا تـێـك بــــچـن دارينێ"[2]

"ژ لـەبێ لـەعـلێ شەكەربار تە وەك شــــەكەر و شيرم
مــە ژ سەر تا ب قەدەم سوهتييە وەك ئاتەش و عودێ"[3]

لەم نموونانەی سەرەوە دا لە پەيوەندييێكی سينتاگماتيكی دا لەعل دراوەتە پاڵ لێوەكانی خۆشەويستەوە،ئەم جۆرە بەكارهێنانە لە تەوەرەی ئاسۆيی دا خۆی هۆكارێكی گەورەيە بۆ زياتر ئاشكرا كردنی ئەو پەيوەندييەی كە لە نێوان لەعل و لێو دا سازكراوە،هاندەرێكە بۆ ئەوەی پەيوەندييەكە بەرەو سوواونەوە بڕوات و دوواتريش كە ووشەی لەعل خۆی لە شێوەی سيمبۆلێك دا دەنوێنێت ئيتر هەر ئەم پەيوەندييە سوواوەيە بۆ تەوەرەی پاراديگماتيكييەوە دەگوێزرێتەوە:

"دوو زولفێ عەنبەر ئەفشانن، دوو لەعلێن شەككەرستانن
دوو چەشمێ سيحرێ فەتتانن، دلێ من وان خەدەنگ دانێ"[4]

"مـــــن گو ژ دلێ شـوبهی بخور خــــــوەش تە بكەر كر
كــــەر كر ب دوو لەعلێن خوە شـەكر، گو عەدەسی تو"[5]

لەمانەی سەرەوە دا لەعل بە ئاشكرايی نەدراوەتە پاڵ لێوەوە بەڵكو پەيوەندييەكە ناراستەوخۆيە واتە پاراديگماتيكييە بەڵام بەهۆی ئەو ئاشناييەی كە لە ئەنجامی دووبارە

---

(١) نفس المصدر السابق، ص ٦٨١.
(٢) نفس المصدر السابق، ج ٢، ص٧٦٢ .
(٣) نفس المصدر السابق، ص ٧٨٧.
(٤) نفس المصدر السابق، ص٦٩٥.
(٥) نفس المصدر السابق، ص ٦٢٩.

بوونەوەی ووشەکە و بەکارهێنانی بەردەوامی  لە پەیوەندییێکی سیناتگماتیکی ئاشکرا دا هاتووتە ئاراوە ئیتر سیمبۆل بوونی ئەم نیشانەیە کەوتووتە گۆمانەوە و وەکو کۆدێك لێهاتووە کە مەدلوولە ئاساییەکەی لێوەکانی خۆشەویستە.ئەم سووانەوەیە گەیشتووتە ئەو رادەیە کە لە هەندێ دێڕە شیعری وا دا کە سیاق بەلگەیەکی وامان بەدەستەوە نادات کە بیر لەم پەیوەندییە بکەین،یەکسەر بیرمان بۆ ئەم پەیوەندییە دەچێت و لەعل ب لێوەکانەوە دەبەستینەوە:

"تـــــــە چ حاجەت ب ســــــولەیمانیێ حــــــــــوسنێ
خــــــــاتەمەك لەعلـە ب گــــــــــــەوهەر ئـانی"[1]

لێرەدا ووشەی لەعل وەکو سیمبۆلێك هاتووتە مەیدانەوە،پەیوەندییە سینتاگماتیکییەکانیش ئەوەندە ئالۆزن کە دۆزینەوەی مەدلوولەکانی ئەم سیمبۆلە کارێکی ئاسان نییە و لـە تواناش دا نییە کە بریارێك دەربارەی مەدلوولەکانی بدرێت بەلاّم بە هۆی ئەو مێژوویەی کە ووشەکە بە خۆیەوە بینیوە و ئەو سووانەوەیەی کە تووشی بووە،لە خوێندنەوە دا یەکسەر بیر لەو رێککەوتنە تازەیە کە باو بۆتەوە دەکرێت، سیمبۆلەکە بەو پەیوەندییە سوواوەیە دەبەسترێت کە گوایە لەعل دەلالەت لە سەر لێوەکانی خۆشەویست دەکات، بەمەش هەمیشە ئەم گرفتە لە ئارا دا دەبێت لەعل وەکو کۆدێکی ئاسایی زمان دێتە بەرچاو.

(تیر) و (خەدەنگ) و (گەزمە) و کۆمەڵە چەکێکی تریش لەو سیمبۆلانەن کە تووشی سووانەوە بوونەتەوە، ئەمانە زۆربەی جاران بە برژانگ یاخود سەری زولف و ئاوڕەکانی خۆشەویستەوە دەبەسترێن ،بەم شێوەیە رادەی سیمبۆل بوونیان بەرەو کەمی دەروات و لە کۆدەکانەوە نزیك دەبنەوە،ئەوەندەی کە بەکار دەهێنرێن و دووبارە دەکرێن ئاشنابوون و شارەزایی خوێنرانیش بەرزتر دەبێت تا وەکو لە ئەنجامی ئەمەوە سیمبۆلەکان وەکو کۆد دێنە بەرچاوەوە:

---

(١) نفس المصدر السابق، ص٧٤٠ .

"تـیـرەك ژ قـــــەوسـێ مـال زراڤ،تـێ دل قەوی تاڤێژە ناڤ
خوون تێ پوڕی تـەشبیهێ ئاڤ، فەریاد و ئەفغان سەد ئەسەف"[1]

"ئـیـرۆ ژ نو پوڕ ئاتـــــەشم دیـــــسان ژ رەمزا دلبەرێ
مـــــەجروحێ قەوسێ پەڕوەشم، تیر دانـە نیڤا جەگەرێ"[2]

"صەد خەدەنگ دانە جـــەگەر سینە ب ضەربێ بکەری بوو
ل مــــــە ئـێش و ئـەلـەمـان زێدە ژ تیرا قەجەری بوو"[3]

"ژ خەەنگێن قــــــــەجەری سینە تـــەژی گەزمە و تیرن
دل دنـیـڤ حــــــەلقەیێ زولفا سیـــــەها بو ژ عەبیرم"[4]
"گـــــــەزمەیێن وان صاد و نوونان، ئاورێن ئەسوەد عیوونان
رادکــــــەن ئـەو قەتل و خوونان من دییە ودل شەهدەیە"[5]

ئەمانە و چەند دێری تر کە قەبارەیەکی بەرچاو لە شیعرەکانی (جزیری) بە خۆیانەوە دەگرن هەڵگری ئەم سیمبۆلانەن کە زۆربەی جاران لە سەر بناغەی ئەو پەیوەندییانەی کە ئاماژەمان پێدان لێك دەدرێن بەم جۆرە لە کۆدەوە نزیك دەبن،هەر چەندە ئەم سیمبۆلانە هەر جارە و کاریگەریەکی جیاوازیان هەیە و لەوانەیە هەندێ جار مەدلوولی جیاوازیانیش هەبێت بەڵام بە هۆی دووبارەکردنەوەیان لە قالبێکی پەیوەست بەو پەیوەندییە سوواوانەی کە باسمان کردن بەرەو هەمان رێرەوی کۆن و لە سەر رێکەوتووەوە ئاراستە دەکرێن.

(١) نفس المصدر السابق، ج ١، ص ٣٥٤.
(٢) نفس المصدر السابق، ج ٢، ص٧٢٣.
(٣) نفس المصدر السابق، ص ٧٨٠.
(٤) نفس المصدر السابق، ص ٧٨٦.
(٥) نفس المصدر السابق، ص٥٥٢ .

هەر چەندە ئەمانە و زۆر سیمبۆلی تر لە شیعرەکانی (جزیری) دا ڕێرەوی بە کۆدبوونیان گرتۆتە بەر بەلاّم لە لاییێکەوە ناتوانین بیانبەینە ریزی کۆدەکانەوە چونکە نەگەیشتوونەتە ئەو رادەیە کە بە کۆد دابنرێن و هێشتا زۆر دوورن لە زمانی ئاساییەوە و لە لایەکی ترەوە ناکرێت ئەم خالە فرامۆش بکرێت کە ئەگەر زۆربەی ئەم سیمبۆلانە بە بەراوورد کردن لەگەڵ ئەدەبی میللەتانی دراوسێیەوە بەرەو سووانەوە رۆیشتبن ئەوا بە بەراورد کردن لەگەڵ ئەدەبی کوردییەوە بە شتێکی نوێ لە قەلەم دەدرێن و بۆ خوێنەری کورد زمانی ئەو کاتە تازەیی خۆیان هەبووە.

## • ئەوەرەی سێیەم: بە سیمبۆل کردنی هەندێ لە کۆدەکان:

لەگەڵ ئەوەی کە لە شیعرەکانی (جزیری) دا هەندێ لە نیشانەکان کە لە سەرەتا دا وەکو سیمبۆل بەکار هێنراون و دوواتر رەوتی بە کۆدبوونیان گرتۆتە بەر بوونیان هەیە،رەوتێکی پێچەوانەش بەدی دەکرێت کە بریتیە لە ئاراستەکردنی هەندێ لە کۆدەکان بەرەو ڕێرەوی بە سیمبۆلبوونەوەوە.

(جزیری) لە شیعرەکانی خۆی دا کۆمەڵە ووشەیەکی بۆ یەکەمین جار بەکارهێناوە و هێناویانەتە ریزی سیمبۆلەکانەوە یاخود لێیان نزیکی کردوون،یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ووشانە ئەوەیە کە بە قەد سیمبۆلە لاسایکراوەکانی پێشوو دووبارە ناکرێن و زۆربەیان تەنیا یەکجار یاخود زۆر کەم بەکارهێنراون، ئەدگارێکی تری ئەم ووشانە ئەوەیە کە زۆربەیان خۆمالین و پەیوەندییان بە جڤاکی کوردییەوە هەیە:

"تو نارێ فیرقەتێ زانی دکارم ئەز تـــــەحەمول کەم
د باری کـوهێ قەندیلم، مەگەر فیلم د عیشقێ دا"(1)

(قەندیل) ناوی کێوێکە لە کوردستان، شاعیر لە پەیوەندییێکی سینتاگماتیکی دا خۆی بەم کێوە چوواندووە،بەمەش ووشەکە رێگەی ئەوەی گرتۆتە بەر کە ئەدگارەکانی

---

(1) نفس المصدر السابق، ج ١، ص ٥٤.

سیمبۆلێك بە خۆیەوە بگرێت بەلاّم تەنیا لەم دێڕە شیعرە دا بەكارهێنراوە و بووار بۆی هەموار نەكراوە كە وەكو سیمبۆلێك بێتە پێشەوە.

"دل گەشتەمە ژ دێرێ نـــــاچم كەنیشتەییێ قەت
میحرابێ وێ ب مـــــــن را وەر دا بچین لالەش"[1]

ووشەی(لالەش) كە شوێنێكی پیرۆزە لای كوردە ئێزدییەكان بۆ یەكەمین جار لە شیعری سۆفیگەری دا بەكار هێنراوە، ئەم ووشەیە لە تەك هەندێ لەو سیمبۆلانەی كە لە شیعری سۆفیگەری دا باوبووینە وەكو (دێر) و (كەنیشتە) بەدی دەكرێت، شاعیر دەیەوێ (لالش) بهێنێتە ریزی ئەم سیمبۆلانە و هەمان باری واتایی ئەوان یاخود لەوانەیە زیاتریش بخاتە سەری،دەكرێت بلّێین ئەم ووشەیە بە تەواوی گەیشتووتە ئەو قوناغە كە لە سیستەمی كۆدسازییەوە دەركەوتبێت و بەرەو سیمبۆلسازییەوە رۆیشتبێت.

"صەف صەف مـــە دین هندی و زەنگ، چەنگیز هات تەیموورێ لەنگ
خـــەف وان رەشاندن دل خـــەدەنـگ، تـەشبیهێ تیرێن خان شەرەف"[2]

ئاماژە كراوە بە (خان شەرەف) كە یەكێك بووە لە میرەكانی جزیرەی بۆتان و بە سووارچاكی ناوی دەركردووە، بەكارهێنانی ئەم ناوە لە تەك هەندێ ناوی تایبەتی تر وەكو (چەنگیزخان) و (تەیمووری لەنگ) رەهەندێكی سیمبۆلیكی بە ناوی (شەرەف خان) بەخشیوە و هێناویەتییە ریزی ئەو سیمبۆلانەی كە واتایەكی بەرفراوانیان لە پشتەوەیە، بەمەش ئەم ناوە لە قالبی كۆدئاسا بوونی خۆی دەركەوتووە چونكە تیرەكانی (خان شەرەف) بە كەزییەكانی خۆشەویست چوێنراون، ئەمەش دەكرێت بە سیمبۆلێكی خۆمالی لە شیعرەكانی (جزیری) دا لە قەلەم بدرێت.

"مـیـر و كـرمـانـج ل هـــــــەولان قـەدەرەك وەسـتـانـە
لێ ب نیڤێ ب صـــەف و تیپێ عەرەب هاتنە جەنگ"[3]

---

(١) نفس المصدر السابق، ص ٢٩٣.
(٢) نفس المصدر السابق، ص ٣٥٢.
(٣) نفس المصدر السابق، ص ٣٩٣.

(میر) و (کرمانج) دوو ووشەی تایبەتن بە مێژووی میللەتی کورد و بۆ یەکەمین جار لە لایەن (جزیری)ەوە هێنراونەتە چوارچێوەی شیعری سۆفیگەرییەوە و لە یەکەمین بەکارهێنانیان دا وەکو سیمبۆل رۆلی خۆیان بینیوە چونکە تووشی لێکترازان بوونەتەوە و ئیتر دەلالەت ناکەنە سەر واتای ئاسایی خۆیان بەڵکو بۆ زولف و کەزییەکانی خۆشەویستەوە بەکارهێنراون.

"مـــــوویەکێ ئەز ژ تە نادم ب دووسەد زین و شرینان
چ دبت گـــەر تو حسێب کی مە ب فەرهاد و مەمێ"[1]

شاعیر ویستوویەتی ناوی ئەم دوو خۆشەویستە (مەم و زین) بگەیێنێتە ریزی ناوی ئەو خۆشەویستانەی کە لە شیعری سۆفیگەریی پێش ئەوەوە بەکاردەهێنران وەکو (فەرهاد و شیرین) کە لە دێری پێشوو لە تەك مەم و زینەوە بەدی دەکرێن، هەرچەندە شاعیر بەردەوامی بە بەکارهێنانی ئەم دوو نیشانەیە نەداوە تاوەکو سیمبۆلێکی راستەقینە لە شیعری سۆفیگەری دا رۆلی خۆیان ببینن.

ئەمانە و کۆمەڵە نیشانەیەکی تریش لە شیعرەکانی (جزیری) دا بەدی دەکرێن کە بۆ یەکەمین جارە لە چوارچێوە شیعری سۆفیگەرییەوە بەکارهێنراون هەندێکیان لە چوارچێوەی کۆدئاسا بوونی خۆیان دەرنەکەوتوونەتەوە و هەندێکیان رێرەوی بە سیمبۆل بوونیان گرتۆتە بەر بەلأم بە گشتی ژمارەیان کەمە و لە ئاستی پێویست دا نین و رەوتی پێچەوانەیان واتە بەکارهێنانی سیمبۆلە سوواوەکان زالە بە سەر شیعرەکانی (جزیری)یەوە.

---

(١) نفس المصدر السابق، ج ٢، ص ٦٨٦.

# باسی شەشەم: کاریگەریی پەیوەندییە دەقگیرییەکان( دەقاویزان ):

شیعری (جزیری)یش ئەو دەقە دەگمەنە نییە کە هەر لە خۆیەوە و دوور لە کاریگەری دەقەکانی ترەوە سەری هەڵدا بێت،بەڵکو بە پێچەوانەوە کۆمەڵێك پەیوەندیی جۆراوجۆر لە ئارا دان کە شیعرەکانی (جزیری) بە هەندێ سەرچاوەی دەرەکییەوە دەبەستن،ئینجا لەوانەیە ئەمە دەقێکی شیعری یاخود سەرچاوەیەکی ئایینی یان زانستی بێت کە شیعری (جزیری) لە رووی نیشانەییەوە پێ موتوربە کراوە:

## • تەوەرەی یەکەم: دەقە شیعرییەکان:

کاتێك کە لە شیعری (جزیری) وورد دەبینەوە و بیر لە پەیوەندییە دەقگیرییەکان دەکەینەوە هەست بەوە دەکەین کە تۆڕێکی گەورە لە پەیوەندییەکانمان لە بەردەم دایە،لێرە دا جگە لەوەی کە مەسەلەی دەقاوێزان وەکو راستییێك خۆی دەنوێنێت،کاریگەری نەریتی شیعری کۆنی رۆژهەلاتی ناوەراست و مەسەلەی لاسایکردنەوەش بەرجستە دەبێت، (جزیری) وەکو شاعیرێکی کۆنی رۆژهەلاتی ئیسلامی پەیرەویی ئەم نەریتەی کردووە بۆیە هەندێ جار دێر یاخود نیوەدێری شیعری شاعیرێکی تری پێش خۆی تێهەلکێش کردووە یاخود شیعری هەندێ لەو شاعیرانەی کردووە بە بناغە بۆ نووسینی شیعری خۆی بەلاّم ئەوەی بە لامانەوە گرنگە مەسەلەی لاسایکردنەوەی نیشانەیی یاخود وەرگرتنی نیشانەکانە کە پەیوەندییێکی وای بە مەسەلەی تێهەلکێش کردنەوەوە نییە.

(جزیری) وەکو شاعیرێکی سۆفی نەی توانیوە خۆی لە چنگی ئەو خواستن و لێکچوواندنانە رزگاربکات کە وەکو نەریتێك لە لایەن شاعیرە سۆفییەکانی پێش ئەوەوە بەکاردەهێنران،هەر نیشانەیەك لە پەیوەندییێکی سینتاگماتیکی یان پارادیگماتیکی دیاریکراو چەسپاوەوە بەکار دەهێنرێت بۆ نموونە چاو و برۆ لە شیعرەکانی (جزیری)

خشتەی تایبەتی خۆیان هەیە کە لەو خشتە لاسایکراوەی کە لە لایەن شاعیرانی پێشووەوە بەکاردەهێنرا تێپەڕ نابێت ئەویش بریتیە لە (قەوس، کەمان، میحراب، هیلال،... تاد)، واتە ئەگەر بمانەوێ دەتوانین بۆ هەر ووشەیەك کۆمەڵە پەیوەندی چەسپاو دەستنیشان بکەین کە بە دەگمەن نەبێت لێیان دوور ناکەون، بەم شێوەیە دیکتاتۆرییەتی نیشانەکان لە شیعرەکانی (جزیری) دا جێگیر دەبێت و ئەم زیندانە نیشانەییە رۆڵی نێگەتیڤانەی خۆی دەگێڕێت،ئەوا لێرەوەیە کە دەتوانین زاراوەی لاسایکردنەوە بخەینە پاڵ زاراوەی نێودەقییەوە .

ئەم جۆرە پەیوەندییە نێودەقیانە لە شیعرەکانی (جزیری) دا زیاتر بە شیعری عەرەبی و فارسی کۆنەوە دەبەسترێن بۆیە لێرەدا هەول دەدەین هەندێ لەو نیشانانە دەستنیشان بکەین کە لە ژێر کاریگەری ئەم دوو ئەدەبەوە هاتوونەتە ناو شیعری (جزیری)یەوە:

**أ- سەلما:**

(سەلما) ناوێکی عەرەبییە کە بۆ ناولێنانی ئافرەتان بەکاردەهێنرێت،ئەگەر بێت و ئەو چیرۆك و سەربووردانەی کە دەربارەی خۆشەویستی (جزیری) و (سەلما) کەلاوەبخەین دەتوانین لە چوارچێوەی دەقاوێزانێکی زۆر بەرفراوانەوە تەماشای ئەم ناوە بکەین:

(جزیری) لە شیعرەکانی خۆی دا تەنیا یەك جار ئاماژەی بەم ناوە داوە ،ئەویش لە نیوە دێڕێکی عەرەبییەوە بەدی دەکرێت:

"ما ب لەعلێن جانفەزا ناڤێ مە بینت جارەکێ
(بالــدعا بلـغ تــحيـاتى لسلمى يا بريد)"(١)

ئەم ناوە تەنیا لە لایەن (جزیری)یەوە بەکار نەهێنراوە بەڵکو مێژوو و سەربووردەیێکی دوور و درێژی هەیە، لە ئەدەبی عەرەبی دا ئەم ناوە خۆی وەکو ئەفسانە یان سیمبۆلێك لێهاتووە، ژمارەیەکی زۆر لە شاعیران بەکاریان هێناوە،بۆ نموونە یەکێك لە شاعیرانی سەردەمی جاهلی واتە (زهیر بن ابی سلمی) دەڵێت:

---

(١) نفس المصدر السابق، ج ١، ص ٢٢٨.

"صحا القلب عن سلـــــــمى و أقصر باطله
و عــــــرّى أفـراس الـصبـا و رواحـلـه"[(١)]

(بشربن غانم الاسدى)ش كه شاعيرێكى ترى جاهلييه دەڵێت:

"تعنّى القلب مـــــن ســــــــلمى عناءُ
فــــــــما للقلب مـﮋ بــــــانوا شفاءُ"[(٢)]

ژمارەيەكى تريش لە شاعيرانى سەردەمى جاهلى ئەم ناوەيان بەكارهێناوە و بەم شێوەيە گوێزراوەتەوە بۆ قوناغەكانى ترى شيعرى عەرەبى بۆ نموونە (ابن دمينه) كە شاعيرێكى سەرەتاى سەرهەڵدانى ئايينى ئيسلامە وتوويەتى:

"رعــــــــــاك الله يــــــا سلمى رعاك
و دارُكِ بــــــــــــاللوى ذات الأراك"[(٣)]

(جرير)يش كە شاعيرێكى سەردەمى ئەوەمييە دەڵێت:

"أواصـــل أنـــت سلـــمى بعـــد معتبه
أم صـــارم الحبـــل من سلمى فمصرومُ"[(٤)]

(بشار بن برد)يش وەكو شاعيرێكى سەردەمى عەباسى دەڵێت:

"إن دهرا يـــضم شمـــــــلي بــــسلمى
لــــزمان يـــــهم بــــــالاحـــسان"[(٥)]

---

(١) الأسماو النسائيه المذكورة في الشعر العربي الفصيح: www.majalisna.com .
(٢) نفس المصدر السابق.
(٣) نفس المصدر السابق.
(٤) نفس المصدر السابق.
(٥) نفس المصدر السابق.

(ابی تمام)یش كه شاعیری هەمان سەردەمە وتوویەتی:

"سلم عـــلى الربـــع مـن سلمى بذي سلم
عــــليه و ســــمٌ مـن الايام و القدم"[1]

بەم شێوەیە ژمارەیەكی زۆر لە شاعیرانی عەرەب جگە لەمانەی كە ئاماژەمان پێدان ئەم ناوەیان بەكارهێناوە و یەكێك بووە لە نیشانە باوەكانی شیعری عەرەبی كۆن تا وەكو گەورە شاعیرێكی رێبازی سۆفیگەری واتە (ئیبن عەرەبی)ش سوودی لەم نیشانەیە بینیوە:

"ســــلام عـــلى سلمى و من حل بالحمى
و حـق لـــــــمـثلي رقـــــه ان يسلما"[2]

ئەم ناوە كە رەگ و ریشەیێكی كۆنی لە ئەدەبی عەرەبی دا هەیە دوواتر گوێزراوەتەوە بۆ نێو ئەدەبی فارسییەوە بۆ نموونە دێڕە شیعرێك هەیە كە دەدرێتە پاڵ (روودەكی) یان (ڤگران) كە دوو شاعیری كۆنن لە مێژووی ئەدەبی فارسی دا،لەم دێڕە شیعرە دا سوود لەم ناوە وەرگیراوە:

"مــــــشوش اســـت دلم ز كــــرشمه سلمى
چـــــــنانكه خـــــاطر مجنون ز طره ليلى"[3]

دیسانەوە چەندین شاعیری تری ناودار لە مێژووی شیعری فارسی دا سوودیان لەم ناوە بینیوە و وەكو سیمبۆلێك بۆ خۆشەویستی بەكاریان هێناوە لە هەموویان گرنگتر شاعیری ناوداری رێبازی سۆفیگەری واتە(حافزی شیرازی)یە،ئەمانەش هەندێ لەو دێرانەن كە شاعیر لە ناویان دا ئاماژەی بە ناوی (سەلما) داوە:

"قــــــاصد منزل ســـلمى كـــه سلامت باشد
چــــه شود گر به ســـلامى دل ما شاد كند"[4]

---

(١) نفس المصدر السابق.
(٢) امين يوسف عوده. نفس المصدر السابق، ص ١٠٦.
(٣) محمد رضا شفيعي كدكني. همان مأخذ سابق، ص ٤٤٦.
(٤) نوزاد ملاخليل مشەختی. سەلمایا (جزيرى) گەلەك ئەڤیندارێت دی ژی هەبوون، گۆڤارا مەتین، ژمارە ١٠٧، كانوونا ئێكێ، ٢٠٠٠، ل ٦٢.

"منزل سلمی که بادش هر دم از ما صد سلام
پـر صـدای سـاربانان بینی و بانگ جرس"[1]

"بسا گفتەام از شـــوق بـــا دو دیـــــده خود
أیـــا مـنـــــازل سلـــمی فایـــن ســـلماك"[2]

بەم شێوەیە ئەم نیشانەیە بە نیشانەیەکی هاوبەش لە نێوان هەر سێ ئەدەبی عەرەبی و فارسی و کوردی دەژمێردرێت کە بە هۆی دەقاوێزانەوە گوێزراوەتەوە،ئەم نیشانەیە تاوەکو گەیشتووتە شیعرەکانی (جزیری)یەوە بە چەند قوناغێك تێپەڕییوە و ڕۆژ بە ڕۆژ واتای تازەی خراوەتە سەر و لە حالەتی ئاسایی و سەرەتایی خۆی دوورکەوتووتەوە بۆیە دەست نیشان کردنەوەی ئەو پەیوەندییە نێ دەقیانەی کە لە پشتەوەن جێگای گرنگی پێدانەوەیە.

**ب- داس و مەهێ نەو:**

(جزیری) لە دێڕە شیعرێکی خۆی دا دەڵێت:

"تو بـنـێ مـــاهێ نـــەو و دەســـتێ قـــەزایێ هەی هەی
نـــە ل زەرعێ فـەلەکێ بەلکو ل عەمرێ مە ب داس"[3]

لێکچوواندنی مانگی تازە بە داس یاخود بەکارهێنانی داس لە شوێن مانگی تازە لە شێوەی خواستن واتە لە چوارچێوەی پەیوەندییێکی پاردیگماتیکی دا پێش مەلای (جزیری) باو بووە و (جزیری) لەم دێڕە شیعرەی خۆی دا سوودی لێ بینیوە،کۆمەلێك لە شاعیران پێش (جزیری) ئەم پەیوەندییەیان سازکردووە،بۆ نموونە شاعیری فارس (معزی) لە شیعرێکی خۆی دا دەڵێت:

---

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣.
(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٣.
(٣) احمد بن الملا محمد الزفنکی. ج ١، نفس المصدر السابق، ص ٢٨٤.

"گـــردون چو داس و در او مـــاه نو چو داس

گفتی كه مـــرغزار هـــمه بدرود گیاه"[1]

(انوری ابیوردی) كه یەكێكه له شاعیرە كۆنەكانی ئەدەبی فارسی دەڵێت:

"گاه گردون هرگز اندر خرمن عــمرت مــباد

تـــا مـه نـو كشتزار آسمان را هـست داس"[2]

(كـــمال الدین اسماعیلی)ش دەڵێت:

"گردون بـــه داس مـــاه نو هـــنگام ارتـــفاع

از خـــرمن هـلال تو همواره خوشه چین"[3]

دیسانەوە (حافزی شیرازی) كه كارێكی گەورەی كردۆتە سەر مەلای (جزیری) و ئەدەبی كۆنی كوردی بە گشتی وتوویەتی:

"مـــزرعه سبز فـلك دیــدم و داس مه نو

یادم از كشته خـــویش آمد و هـنگام درو"[4]

پێش ئەمانەش ئەم پەیوەندییە لە ئەدەبی عەرەبی دا سازكراوە،بۆ نموونە (ابن معتز) وتوویەتی:

"انـــــظـر الــــى حـــسن هــلال بدا

یـــــهـتـك مـــــن انـــواره الحندسا

كـــمنـجل قـــد صیـــغ مـــن فـــضة

یـــحصد مـــن زهـــر الـدجی نـــرجسا"[5]

---

(١) سعید نیاز كرمانی. حافظ شناسی، بخش اول، همان مأخذ سابق، ص٩٧.

(٢) همان مأخذ سابق، ص ٩٨

(٣) سعید نیاز كرمانی.حافظ شناسی، بخش اول، همان مأخذ سابق ، ص٩٨.

(٤) همان مأخذ سابق ، ص٩٦.

(٥) محمد رضا شفیعی كدكنی. همان مأخذ سابق ، ص ٣٤١.

ج- زولف و عەقرەب:

پێکەوە بەستنەوەی زولف بە دووپشك یاخود عەقرەب پەیوەندییێکی نیشانەییە کە چەندین جار لە لایەن جزیرییەوە بەکارهێنراوەتەوە،ئینجا لە شێوەی لێکچوواندن یاخود خواستنەوە بێت:

"زۆهـرە و خــــۆرشـید مـــن دیتن د قـــەوسێ هـەم قیران
ســــۆڕی دا دل عـــەقرەبان چـــەرخ و ســــەما و هەی هـەیە
عـــەقرەب و قـــەوس و قوزەح، ڤـــێرا مـــوقابیل موشتەری
رۆژ و شــــەڤ و نــــوور و تیرێژ، بەرق و هەم ئسپێدەیە"[١]

"ئـیرۆ عــــەقارب هاتە خوار، چوو نـــیڤا باغێ گـولعوزار
ئــــەو بوغچەیا هەر لێ بوهار، لەو بولبولان لێ ڤال و شەر"[٢]

(جزیری) لە چەندین دێری تریش سوودی لە ووشەی عەقرەب وەرگرتووە و زۆربەی جاران بۆ زولف و کەزی و بسکی خۆشەویست بەکاری هێناوە جگە لە هەندێ حالەت کە مەبەست بورجی دووپشکە کە یەکێکە لەو بورجە ئاسمانیانەی کە ئەستێرەناسان بڕوایان پێ هەبووە.

ئەم وێنەیە پێش جزیریش باو بووە،بە تایبەت لە سەدەی چوارەمی کۆچی دا کە شاعیرە فارسەکان بە رادەیەکی بەرچاو بەکاریان دەهێنا،ئەمانەش هەندێ نموونەن بۆ سەلماندنی ئەم راستییە:

(دقیقی) کە یەکێکە لە کۆنترین شاعیرانی مێژووی ئەدەبی فارسی وتوویەتی:

"زخــــــم عـــــقرب نــــــیستی بـر جان
گـــــــــرورا زولف مـــــــعرقب نـیستی"[٣]

---

(1) احمد بن الملا محمد الزفنكي. ج ٢ ، نفس المصدر السابق، ص٥٠٢.
(2) نفس المصدر السابق،ج ١، ص ٢٤٨.
(3) محمد رضا شفيعى كدكنى. همان مأخذ سابق، ص ٣٦١

(منوچهری)ش که له سەردەمی (دقیقی)ەوە نزیکە دەڵێت:

"زانکە زلفش کژدم است و هر کە را کژدم گزید
مـــرهــم آن زخـــم را کـــژدم، کـــژدم فـسای"[1]

خودی ئەم وێنەیەش لەوانەیە لە ڕێگەی ئەدەبی عەرەبییەوە هاتبێتە ناو شیعری فارسییەوە،بۆ نموونە (ابن معتز) پێش ئەوان وتوویەتی:

"تـــــحـلی ذوائــــــبها فــی
رواحــــــهـا و الـمـــــحبه
عـــــقــاربــــا شـــــائلات
اذنـــــابـــــها مــحميه"[2]

## د- گۆی و چەوگان:

ئەم دوو نیشانەیە زۆربەی جاران لە تەك یەكترەوە بەكاردەهێنرێن ، جاری واش هەیە یەكێكیان بە تەنیا بەكاردەهێنرێت بەڵام بە هۆی ئەو پەیوەندییە مێژووییەی كە لە نێوانیان دا هەیە بە بیرهێنەرەوەی ئەوی ترن.

ئەم دوو نیشانەیە كە دەلالەت لە سەر گەمەیێك دەكەن كە لەو كاتە دا باو بووە هەر لە كۆنەوە لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەلات دا سوودی لێ وەرگیراوە،ئینجا جاری وا هەیە زوڵف بە چۆگان چوێنراوە و خودی شاعیر كراوە بە گۆی كە دەكەوێتە بەر شەكەكانی چۆگانی خۆشەویست، جاری واش هەیە كە خۆشەویست چۆگان بە دەست پیشان دەدرێت كە خەریكی شەك تێ هەلدانە بە گۆی لاوازەوە كە مەبەست شاعیرە, (جزیری) لە هەندێ دێڕە شیعری خۆیدا سودی لەم پەیوەندییە بینیوە:

"دفـــەرمـانــێ قـــەوەستاییم، دبــەندا خدمەتێ داییم
وەكو گۆی بێ ســەر و پاییم، هــەما لێدی تو چەوگانێ

(١) همان مأخذ سابق، ٣٦١.
(٢) همان مأخذ سابق، ص ٣٦٢.

ل بـەر چـــەوگان و کاشۆیان، ژ دەربا تـورك و هندویان
دبـــازم ئـەز وەکو گـۆیان، دەما ئەو تێتە مەیدانێ"[1]

"مـــسلێ گۆیێ بێ سەر و پا بووم ل بەر ضەرب و شەکان
لـەو ب چـــەوگـانێ جەفایا خوە ژ دل هوور کرین"[2]

(حافیزی شیرازی) پێش مەلای (جزیری) ووتویەتی :
"گـــر دســـت رســد در ســر زلــفین تـــو بـــازم
چـــون گـــوی چه ســرها که به چوگان تو بازم"[3]

له دێڕه شیعرێکی تریش دا دەڵێت:
"چـــوگان حـــکم در کـــف و گـــوی نمـــیزنـی
بـــاز خـــنجر بـــه دست و شـــکاری نــمیــکنی"[4]

(خواجوی کرمانی)ش که دەکەوێتە پێش حافیزی شیرازی یەوە دەڵێت:
"گر دست رســد خواجــو بـــرخیزد چـــو سرمـستان
بـا زلـف چـــو چـــوگانش امـــروز بـــزن گـوئی"[5]

دیسانەوە دەڵێت:
"چـــون تو سرگـــردان نگشتی مــنکر گوی از چه گردی
چـون تو در میدان نبودی حال چوگان را چه دانی"[6]

---

(١) احمد بن الملا محمد الزفنکی. ج ٢، نفس المصدر السابق، ص٦٩٢-٦٩٣.
(٢) نفس المصدر السابق، ص ٤٥٨.
(٣) سعید نیاز کرمانی. حافظ شناسی، بخش دوم، همان مأخذ سابق، ١٣٦٨، ص٩٧.
(٤) همان مأخذ سابق، ص ٩٧.
(٥) همان مأخذ سابق، ص ٩٧.
(٦) همان مأخذ سابق، ص ٩٧.

(رودکی) که دەتوانین بڵێین دامەزرێنەری شیعری کلاسیکی فارسییە پێش ئەوان ووتویەتی :

"بـــــزلف چـــوگان نـــــازش هـــمی کـــنی تـــو به دو
نـــــدیدی آن که او را کـــه زلـــف چـــوگان بـــود"[1]

پێش ئەمانەش ئەم پەیوەندییە لە شیعری عەرەبی دا ساز کراوە بۆ نموونە(ابن معتز) دەڵێت:

"و ان يـــــكن للقـــوم ساق يعشق
فـــجـفـنـه بـــجـفـنـه يـــدبق
و راسـه كـــمثل فـــرق قـــد مطر
و صـــدغه كصـــولجان منكسر"[2]

ژمارەی ئەم نیشانە و پەیوەندییە هاوبەشانە کە لە شیعری (جزیری) دا بە کار هێنراون زۆرترە لەوەی کە بتوانین باس لە هەموویان بکەین و نموونەیان بۆ بهێنینەوە بۆیە تەنیا ئەمانە دەکەین بە نموونە و ئەوانەی تر بەجێ دێڵین بە تایبەت هەندێکیان کە زۆر ئاشکران وەکو(بەژنی سەلوا,لێوی لەعل,مەحەکی تەجرۆبە, پیری موغان, وەسفەکانی تایبەت بە مەی و مەی خواردنەوە, هێما ئایینیەکان وەکو خاچ, چلیپا, زونار, دێر و کومەلە نیشانەیەکی تر).

## • تەوەرەی دووەم: قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر:

هەرچەندە لە بەشەکانی پێشوو لە پێناو بەدیارخستنەوەی هەندێ خالی ترەوە ئاماژەمان بە کۆمەڵێك لەم جۆرە نیشانانە داوە بەلاّم پێویستە لە باسی پەیوەندییە

(١) محمد رضا شفیعی کدکنی. همان مأخذ سابق، ص ٣٦٢.
(٢) محمد رضا شفیعی کدکنی. همان مأخذ سابق، ص ٣٦٢.

نێودەقییەکانیشەوە ئاماژەی پێ بدرێت چونکە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ) وەکو سەرچاوەیەکی کراوە لە قەلەم دەدرێن کە شاعیر هەر کاتێك دەتوانێت رووی لێ بکات و سوودی لێ وەربگرێت، (جزیری) لە چەندین شوێن بە شێوەیەکی راستەوخۆ بێت یان ناراستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ ئەم سەرچاوانە دا سازکردووە، ئەم پەیوەندییە لەوانەیە بە پەیوەندییێکی نێوان شاعیرانیشەوە دابنرێت بەڵام پێش ئەوەی کە بە پەیوەندییێك لە نێوان (جزیری) و شاعیرانی پێش خۆیەوە دابنرێت بریتیە لە پەیوەندییێکی راستەوخۆ لە نێوان شاعیر و سەرچاوە رەسەنەکان:

"ب حـــوسنا (احسن التقویم) و ظاهیر صـــورەتێ ذاتـــی
نـــە ظەر دی (علم الاسماء) و بـــاطن عـــەینێ میرئاتی"[1]

(احسن التقویم) ئاماژەیە بەو ئایەتە کە خوا فەرموویەتی من مرۆڤم بە جوانترین و رێکترین شێوە ئافراندووە،(علم الاسماء)یش لەو ئایەتە وەرگیراوە کە خوا تێدا باسی چۆنییەتی خۆلقاندنی مرۆڤ و کرنۆش بردنی فریشتەکان بۆ ئەم مرۆڤە دەکات، ئەمە خۆی جۆرە تەلمیحێکە بەڵام کاریگەریەکی گەورە دەکاتە سەر تەواوی نیشانەکانی دێڕە شیعرەکە چونکە ئەمانە تەواوی ئەو ئایەتەی کە لێی وەرگیراوان،سەرەرای ئەو سەربووردە و لێکدانەوانەی کە لە پشتەوەیانن بە بیرمان دەهێننەوە.

حـــــوسنا سوڕا صـــورەتێ، کـــــەس ددرت قـــودرەتـــێ
لـــــەو د ئـــــەصل دوورە ژێ، طەعنـــــەیـــێ (لا افل)[2]

(لا افل) واتە کاتێکە ئاوا بوو،گرنگیکەشی لەوە دایە کە عەرەبییە چونکە نیشانەی لە ئارا دا بوونی پەیوەندییێکی دەقگیرییە،وەکو ئاشکرایە زۆربەی جاران لە ئەنجامی ئەو دەقاوێزانەی کە لە نێوان قورئان و شیعرەوە سازدەکرێت ووشەکان وەرناگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی بەڵکو زیاتر وەکو خۆیان واتە بە زمانی عەرەبییەوە دەگوێزرێنەوە.ئەمە ئاماژەیەکە بۆ سەربووردەکەی حەزرەتی ئیبراهیم لە قورئانی پیرۆز دا، ئەو کاتەی کە

---

(١) احمد بن الملا محمد الزفنکی. ج ٢، نفس المصدر السابق، ص٦٩٩.
(٢) نفس المصدر السابق، ج ١، ص ٤٠٤.

حەزرەتی ئیبراهیم بە دوای خوای راستەقینە دەگەڕێت و جارێ ئەستێرە و جارێ مانگ و جاریش خۆر بە خوای خۆی لە قەلەم دەدات تاوەکو دەگاتە ئەو پلەیە کە راستی بۆ روون دەبێتەوە، لەم دێڕە شیعرە دا ئەم دەربرینە تەواو بۆ مەبەستێکی دوور لە دەقی رەسەنەوە بەکارهێنراوە و لە وەسفی جوانی خۆشەویست دا سوودی لێ وەرگیراوە بەلأم ئەمە لەمپەرێك نییە بۆ ئەوەی کە لە کاتی خوێندنەوە دا بیر لە سیاقە قورئانییەکەی ئەم دەربڕینە نەکرێت و دوواتر نەگوێزرێتەوە بۆ ناو تان و پۆی واتایی شیعرەکەوە.

"گەر خەبەرداری ژ سیڕا (کنت کنزا) تو بنێر
دا ب صەد تەورێ بەیان کەت مەعنیێ (لولاك) رووح"[1]

(کنت کنزا) ئاماژە دەدات بەو فەرموودەیەکی قودسی کە وتوویەتی خوا گەنجینەیەکی شاراوە بووە،پێویستی بە ناسینەوە هەبووە بۆیە جیهانی خولقاندووە،(لولاك)یش ئاماژەیە بەو فەرموودەیەی پێغەمبەر(د.خ) کە دەڵێت خوا ووتوویەتی ئەگەر تۆ واتە پێغەمبەر نەبوویتایە من جیهانم نەدەخولقاند،نیشانەکان هەر وەکو خۆیان واتە بە زمانی عەرەبییەوە پارێزراون،بەم شێوەیە تەواوی ناوەڕۆکی فەرموودەکان و ئەو کێشە و گرفتانەی کە لە ئەنجامی بەیەکەوە گەیشتنیان دێنەئاراوە دەگوێزرێنەوە بۆ ناو ناوەڕۆکی دێڕە شیعرەکەوە.

جگە لەمانەی پێشوو شیعرەکانی (جزیری) بە چەندین سەرچاوە و دەقی دەرەکی تر دەبەسترێنەوە و بەم شێوەیە زۆربەی جاران نیشانەکان جگە لەو پەیوەندیانەی کە لە سیاق دا هەیانە خاوەنی هەندێ پەیوەندیی ترن کە بە هەندێ نیشانەی ترەوە کە لە دەقە دەرەکییەکان دا رۆلی خۆیان دەنوێن دەبەسترێنەوە واتە کاتێك کە لە روانگەی پەیوەندییە نێودەقییەکانەوە تەماشای شیعرەکانی (جزیری) دەکەین نیشانەکان دەکەونە نێو تۆرێکی بەرفراوانەوە و دەتوانین بڵێین جۆرە سیاقێکی دەرەکیش دێتە کایەوە.

---

(١) نفس المصدر السابق، ص ١٩٠.

# باسی هەفتەم: شیعرەکانی ( جزیری ) لە پرۆسەی خوێندنەوە دا

## • تەوەرەی یەکەم: کاریگەری مەسەلەی (سەلما ) لە سەر پرۆسەی خوێندنەوە دا:

ئاماژەمان بەوە دا کە دەکرێت لە چوارچێوەی پەیوەندییێکی نێودەقییەوە باسی ناوی سەلما بکرێت بەلاّم کە دێینە سەر پرۆسەی خوێندنەوەوە بابەتەکە روویێکی تر بە خۆیەوە دەگرێت وکاریگەریەکی بنەڕەتی دەکاتە سەر ئەم پرۆسەیە.

دەربارەی خۆشەویستی (جزیری) و سەلمای کچی میری جزیرەی بۆتان چەندین حەکایەت و سەربووردەی جیاواز لە ئارادان،هەندێ جاریش ئەم سەربووردانە شێوەی ئەفسانە و خۆرافە بە خۆیانەوە دەگرن،هەر چۆنێك بێت تەواوی ئەم سەربووردە و حەکایەتانە یاخود بەشێکیان لە مێشکی ژمارەیەکی زۆر لە خوێنەران جێگیر بوونەتەوە و بارێکی قورسیان خستووتە سەر مێشکی خوێنەرەوە، وایان لێ کردووە کە لە کاتی خوێندنەوە دا هەر نیشانەیەك کە دەکەوێتە بەر لێکدانەوەوە بە سەلما و خۆشەویستی (جزیری) بەرامبەر بەم ئافرەتە ببەسترێتەوە، بەم شێوەیە (سەلما) وەکو نیشانەیەکی سەنتەری خۆی دەنوێنێت کە نیشانەکانی تر بە دەوری دا دەسووڕێنەوە و سەرەرای ئەوەی کە خۆی وەکو نیشانە لە شیعرەکانی (جزیری) دا ئامادەبوونێکی بەرچاوی نییە بەلاّم بە هۆی ئەو پاڵەپەستۆ دەرەکییەی کە لە پرۆسەی خوێندنەوە دا دەخرێتە سەری کار دەکاتە سەر زۆربەی نیشانەکان و شوێن پەنجەی بە شێوەیەکی راستەوخۆ بێت یان نەراستەوخۆ بە سەر زنجیرەی مەدلوولەکانی زۆربەی نیشانەکانەوە بەدی دەکرێت.

(هەژاری موکریانی) یەکێکە لەو نووسەرانەی کە شیعرەکانی جزیریی لێکداوەتەوە و زۆر جار لە ژێر کاریگەری فاکتەری خۆشەویستی (جزیری) بەرامبەر بە سەلما تەماشای دێڕە شیعرەکانی کردووە، بۆ نموونە با بڕوانینە ئەم دوو دێڕە شیعرەی (جزیری):

"جـــانــێ مـــــەلــێ ژ قـــالوبـــەلێ، بـــەندم وەلێ دەر کـــاکـــولێ

بــــەلگێن گــــولێ رووهـــــەیکەلێ، ئــــەو مـــیسکە لێ جارەك هەلێ

پــــــەردە و ســـــــتوور دایێ قـــصور، بـــێتن ظهور دێمێ ب نوور

نوورا غـــەفوور خالێن د هوور جاما طهوور لەعلێن شەفەق"[1]

هەژار لە شیکردنەوەی ئەم دێرانە دا وتوویەتی:"سەلما گیانە شیرینەکەی مەلا،هەر لەو ساوە کە خوا گیانەکانی دروست کرد و هێشتا دە ناو رکەی رەشی لەشی خاکی نەکردبوون،من گیرۆدەم، بەلاّم...تاد"[2]

یاخود ئەم دێڕە شیعرە:

"بـل ژ ســـولـتانێ قـــیدەم مـــن ب تو ئیقرار نەهن

گـــەر ل کـــابا مە نهەن مەتقەب و بزمارێ حدوث"[3]

(هەژار) لە لێکدانەوەی ئەم دوو دێرە دا دەڵێت:"من کە دڵم داوە بەو جوانییەی یار و صەتان گرێم کەوتووتە دڵ لە دیتنی زولفی چین چین و پڕ گرێی، هەر بۆیە کە بە جوانی خوای دەزانم و لام وایە بەر لە پەیدا بوونی دنیا هەر بۆیە و گۆڕانی بە سەر نایە... جوانی خوا لە رووی سەلما دا دەبینم"[4]

لەم دێڕە شیعرانە دا ئاماژەیەکی راستەوخۆ بە سەلما نەکراوە و دیارە نووسەر کەوتووتە ژێر کاریگەری فاکتەرە دەرەکییەکان و نیشانەکانی لە ژێر چەتری ئەم خۆشەویستییە دا کۆکردووە، کاتێك کە نووسەرێك تا ئەم رادەیە لە ژێر کاریگەریی ئەم فاکتەرە دابێت ئەوا خوێنەرە ئاساییەکان زیاتر روو دەکەنە ئەم فاکتەرە و زیاتر بە سەر دەق و نیشانەکانی دا زاڵی دەکەن.

---

(١) هەژارموکریانی، دیوانی عارفی ربانی شیخ احمد جزیری، انتشارات: سروش، تهران، ١٣٦١ ل ٣٢٤.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٥.

(٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٦.

(٤) هەمان سەرچاوە پێشوو، ل ١٥٦.

وەك ووتمان رێژەی بەکارهێنانی ئەم ناوە لەو ئاستە دا نییە کە مەسەلەی خۆشەویستی (جزیری) و سەلما تا ئەم رادەیە بە سەر شیعرەکان دا زال بکرێت هەر بۆیە (مەلا عبدالسلام) و (زڤنگی) لە راڤەکردنەکانی خۆیان دا ئاماژەیان بە ناوی سەلما نەداوە جگە لەو شوێنە نەبێت کە ناوی سەلما بەکارهێنراوە هەرچەندە لەوانەیە ئەم خۆ دوورخستنەوەی ئەمانە لە مەسەلەی خۆشەویستیی سەلمایەوە بۆ میزاجی سۆفیزمانەیان بگەرێتەوە.

ئەم فاکتەرە واتە خۆشەویستیی کچێك بە ناوی سەلما و رادە و چۆنییەتی کارتێکردنی،خۆی چەند رێرەوێك بۆ پرۆسەی خوێندنەوە و لێکدانەوە دەستنیشان دەکات و دەتوانین بڵێین خوێنەران دەبن بە سێ دەستەی سەرەکی:

ا-ئەوانەی کە بڕوایان بەم خۆشەویستییە هەیە و تەنیا لەم روانگەیەوە شیعرەکانی (جزیری) دەخوێننەوە، ئەمەش زۆربەی خوێنەران بە خۆیەوە دەگرێت چونکە ئەمانە ئاشنای سەرباوەڕەکانی سۆفیگەری نین تا وەکو هەوڵویستێکی تایبەتی بەرامبەر بەم مەسەلەیە هەلبژێرن بۆیە لە کاتی خوێندنەوە دا زۆربەی نیشانەکان ئاوێتەی لایەنی خۆشەویستی دەکرێن.

ب-ئەوانەی لە روانگەیەکی سۆفیگەرییەوە دەروانن بابەتەکە و وا بۆی دەچن کە (جزیری) یەکەم جار بەم خۆشەویستییە مەجازییەوە تێپەڕیوە و دوواتر رووی کردووە خۆشەویستی راستەقینە کە خۆشەویستیی خواییە، واتە وەکو پردێك تەماشای ئەم خۆشەویستییە دەکەن بۆیە لە کاتی خوێندنەوەی شیعرەکان دا نیشانەکان بەرەو هەر دوو ئاراستە دەبرێن.

ج- ئەوانەی کە بڕوایان بەوە نییە کە ئافرەتێك بەم ناوە بوونی هەبێت واتە (جزیری) لە سەر رێچکەی شاعیرانی پێش خۆی رۆیشتووە و ئەم ناوەی بەکارهێناوە هەر وەکو چۆن کۆمەڵە نیشانەیەکی تر بەم رێگەیە هاتوونەتە نێو شیعرەکانی، ئەمانە لە کاتی خوێندنەوە دا ئەوەندە گرنگی بە مەسەلەی ئەم خۆشەویستییە نادە بۆیە نیشانەکان زیاتر رێرەوێکی سۆفیزمانە و ئایینی و بەگشتی مەعنەوی دەگرنە بەر.

لێرەدا ناتوانین رێگە لە بەردەم دوو لەم کۆمەلانە بگرین و تەنیا یەکێکیان بە راست لە قەلەم بدەین، کەواتە هەر سێ رێرەو لە ئارا دان و هەر خوێنەرێك لە دیدی خۆیەوە رێرەوێك هەڵدەبژێرێت و بە هۆیەوە دەچێتە پێشوازی نیشانەکانەوە ئەمەش خۆی

هاندەرێکە بۆ ئەوەی کە رادەی کراوە بوونی شیعرەکانی (جزیری) بەرزببێتەوە و پرۆسەی خوێندنەوە جۆراوجۆرێك بە خۆیەوە ببینێت.

هەر چۆنێك بێت مەسەلەی سەلما وەکو هەلامەتێك وایە کە هەر خوێنەرێکی شیعری (جزیری) بیەوێ نەیەوێ بە جۆرێك لە جۆرەکان دەکەوێتە ژێرکاریگەریی،ناتوانین نکۆلی لەوە بکەین کە هەر خوێنەرێك لە کاتی خوێندنەوە دا بە هەولوێستی تایبەتی خۆی بەرامبەر بە سەلماوە دێتە مەیدانی خوێندنەوە بەمەش چارەنووسی زۆربەی نیشانەکان دەستنیشان دەکات.

## • تەوەرەی دووەم: کاریگەریی فەرهەنگەکان:

هەر چەندە خوێنەرە ئاساییەکان یاخود ئەو خوێنەرانەی کە شارەزاییان لەگەڵ سۆفیگەرییەوە نییە ناتوانن ئەم رۆلە بگێڕن بەلاّم هەندێ لە شیکەرەوەکانی شیعرەکانی (جزیری) کە مەیلێکی سۆفیزمانەیان هەبووە و شارەزای سۆفیگەری بوون، هەوڵیان داوە کە پشت بەو فەرهەنگانە ببەستن کە بۆ زاراوەکانی سۆفیگەری دانراون واتە بۆ زۆربەی ووشەکان واتای خوایی و ئایینی دابنێن،ئەم رەوتە کاری کردۆتە سەر پرۆسەی خوێندنەوە و گیانی نیشانەکانی خستووتە مەترسییەوە کاتێك کە بۆ هەر نیشانەیەك واتا و مەبەستێکی چەسپاو دابنرێت ئەوا ئیتر توانای داهێنان لە خوێنەر دەستێنرێت.

(زڤنگی) و(مەلا عبدلسلام) لە چەند شوێنێك دا سوودیان لەم بە فەرهەنگی کردنەوەیە بینیوە و لە سەر ئەم بناغەیە شیعرەکانی جزیرییان لێکداوەتەوە:

"نەوایا موطریب و چـەنگێ فیغان هاڤێتە خـەرچەنگێ
وەرە سـاقی هـەتا کـەنگی نەشووبین دل ژ ڤێ ژەنگێ
حـــەیـاتـا دل مـــەیا بـاقی بـنووشین دا ب موشتاقی
الا یــا أیــــها الـــــساقی ادر کــــأسا و نـــاولـــها"(١)

---

(١) ملا عبدالسلام الجزری. شرح دیوان الشیخ الجزری، الجزو الاول، دار سپیریز للنشر، دهوك، ٢٠٠٤، ص ٢١.

(مەلا عبدالسلام) لە شیکردنەوەی ئەم کۆپلەیە دا وای بەدیارخستووە کە مەبەست لە ساقی (رابەری پێگەشتوو و تەواوە)ە، مەبەست لە (مەی)ش خۆشەویستیی خواییە، (ژەنگ)یش بریتیە لەو وناه و تاوانانەی کە مرۆڤ توشیان بۆتەوە، لە بەردەوامیی لێکدانەوەش وا بەدیاردەخاتەوە کە مەست لە (موتریب)یش خوای گەورەیە.[1]

(زڤنگی)ش لە شیکردنەوەی ئەم دێرانە دا هەموو نیشانەکانی بە خۆشەویستیی خوایی بەستووە و وا لێکیداوەتەوە کە مەبەست لە مەی خۆشەویستیی خوای گەورەیە.[2]

با بڕوانینە لێکدانەوەی (مەلا عبدالسلام) بۆ ئەم دێڕە شیعرەی (جزیری):

"للە وەرە ساقی ب دوو جامان مە جوان کە
موطریب ب دەفێ را بدە سیگاه و شەبابێ"[3]

ناوبراو دوای لێکدانەوەی روالەتیی دێڕە شیعرەکە دەلێت"هەندێ لەوانەی کە بڕوام بەوانە هەیە لە هەندێ لە شێخەکانمان گێڕاویانەتەوە کە لەم دێڕە شیعرە دا مەبەستی شاعیر لە ساقی پێغەمبەر(د.خ) و موتریبیش حەزرەتی حەقە"[4]،بەم شێوەیە لە روانگەیەکی سۆفیزمانەوە واتایەکی مەعنەوی دەدرێتە پاڵ نیشانەکانی دێڕە شیعرەکە و رەوتی بە فەرهەنگی کردنیش زۆر بە ئاشکراییەوە دیارە.

(مەلا عبدالسلام) زۆر جار لە شیکردنەوەکانی خۆی دا ویستوویەتی بە هەر شێوەیەك ئەم رەوتە بپارێزێت بۆ نموونە بە هۆی ئەوەی کە لە فەرهەنگەکانی زاراوە سۆفیگەرییەکان دا واتایەکی خوایی بۆ (ساقی) و (خەرابات) و (مەیخانە) دانراوە بۆیە هەول دەدات ووشەی (موغان)یش بە هاوواتای ساقی و (دێری موغان)و (لالش)یش بە هاوواتای خەرابات و مەیخانە لە قەلەم بدات و هەمان واتایان بداتە پاڵ:

دل گەشتەمە ژ دێرێ ناچم کەنیشتەیێ قەت
بەحرا دلا ب من دا وەر دا بچینە لالەش[5]

---

(١) نفس المصدر السابق، ص٢٣.
(٢) احمد بن الملا محمد الزفنكي. ج ١، نفس المصدر السابق، ص٢-٣.
(٣) ملا عبدالسلام الجزری، نفس المصدر السابق، ص٤٥٢.
(٤) نفس المصدر السابق، ص٤٥٢.
(٥) نفس المصدر السابق، ص ٤.

(لالش) شوێنێکی پیرۆزە لە لای کوردە ئێزدییەکان و لە تەك هەندێ ووشەی وەکو (دێر) و (کەنیشتە) بەکارهێنراوە، (مەلا عبدالسلام) دوای پێشکەش کردنی کۆمەڵە زانیارییێکی هەلە و بێ بناغە دەربارەی لالش و ئێزدییەکان دەڵێت لەوانەیە کە ووشەی لالش بۆ مەیخانە خوازرابێتەوە هەر وەکو چۆن(دێر) لە زاراوەی عاشیقان دا بۆ مەیخانە بەکارهێنراوە.(١)

بەم شێوەیە (مەلا عبدالسلام) دەیەوێ ئەوەمان بۆ رابگەیێنێت کە ووشەکانی (لالش،دێر، کەنیشتە) بۆ هەمان واتای مەیخانە خوازراوەنەتەوە و لە ئەنجام دا هەموویان لە(خەرابات)ەوە دەچن کە مەبەست و ئامانجێکی سۆفیزمانەی فەرهەنگییان بۆ دانراوە،ئەمەش یەکێك لە گرنگترینی ئەو هەولانەی کە بۆ پاراستنی رەوتی بە فەرهەنگی کردنی شیعرەکانی (جزیری) دەدرێن واتە بۆ هەر ووشەیەك کۆمەڵە هاوواتایەك دانراوە و دوواتر واتایەکی مەعنەوی هاوبەش دراوەتە پاڵیان، ئەمەش وەکو دیارە زیاتر کاریگەریەکی نێگەتیڤانەی بە سەر پرۆسەی خوێندنەوەی شیعرەکانی (جزیری) هەبووە و فاکتەرێکە کە لە رادەی کراوە بوونی دەق کەم دەکاتەوە و بەرەو داخراوی دەباتەوە.

## • تەوەرەی سێیەم: کاریگەریی گرفتی فرەزمانی:

دیاردەی فرەزمانی و ئامادەبوونی ووشەکانی سێ زمان بە شێوەیەکی سەرەکی سەرەرای هەندێ زمانی لاوەکی تر دەبێتە هۆی ئالۆز بوونی پرۆسەی خوێندنەوە و چێژوەرگرتنەوە دا،کەمتر دەتوانین خوێنەرێك بدۆزینەوە کە ئاشنایی تەواوی لەگەڵ ئەم زمانانە دا هەبێت،سەیر ئەوەیە کە هەندێ جار ووشە کوردییەکانیش بە هۆی تێپەڕبوونی ماوەیەکی درێژ بەسەریان دا دەبنە لەمپەرێك لە رێگەی خوێندنەوە دا.

لەوانەی سەرەکی ترین هۆی دوورەپەرێز بوونی خوێنەران لە شیعرەکانی (جزیری) بۆ ئەم دیاردەیە بگەرێتەوە،خوێنەرێك کە بەردەوام روو لە فەرهەنگە جیاوازەکان دەکات و دەیەوێ واتای ووشەکان بدۆزێتەوە لەوانەیە تووشی ماندوو بوون ببێت، جگە لەمە تەنیا زانینی واتای ووشەکان یارمەتی خوێنەر نادات چونکە هەر ووشەیەك وەکو پێشتریش لە

---

(١) نفس المصدر السابق، ص ٥.

باسی سیاق دا ئاماژەمان پێدا لە زمانی سەرەکی دا خاوەنی کۆمەڵە پەیوەندیی تایبەت بە خۆیەتی و زانینی ئەم پەیوەندییانە و بەگەڕخستنەوەیان لە پرۆسەی خوێندنەوە دا دەبێتە هۆی ئەوەی کە چێژ وەرگرتنی خوێنەر روویێکی پۆزەتیڤانە بەخۆیەوە بگرێت:

"تەشبیە ب جـەدوەل مە دنیف ئــاتەشێ عیشقێ
دل قــەلبێ حەقیقەت بت و ئێکسیر هەما گرت"[1]

خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی ئەم دێڕە شیعرە دا پێویستە شارەزای زمانی عەرەبی بێت و بزانێت کە ووشەی جەدوەل لەم زمانە دا چەند واتایەکی هەیە کە دووانیان لێرە دا رۆڵ دەنوێنن یەکەمیان بە واتای پەرگال و ئەوی تریش بە واتای جۆگەی بچووکەوە دێت،سەرەرای ئەمە پێویستە ئاگاداری واتای ووشەی فارسیی ئاتەش بە واتای ئاگرەوە بێت و ئەو پەیوەندییانەش فرامۆش نەکات کە ئەم ووشەیە لە زمانی فارسی دا هەیە لە تەك هەندێ ووشەی تری وەکو (ئاتشکەدە) و (ئاتەش پەرست) کە لە سەر بناغەکەی هاتوونەتە کایەوە.

"وی ب ســەد پــەنجەرەیــان دایە شــوعاعا قیــدەمێ
گــونبەدێ عــیشقێ ل سەر کورسیێ دەوارێ حدوث"[2]

خوێنەر دەبێت ئاگادارییێکی باشی لە زمانی عەرەبییەوە هەبێت بۆ ئەوەی هەست بە دووانەیی (قیدەم) و (حدوث) بکات و بزانێت ووشەی (شوعاع)یش چ واتایەك دەبەخشێت.

نموونە بۆ ئەم حاڵەتانە لە شیعرەکانی (جزیری) دا بە بەرفراوانی دەبینرێن و بە کۆسپی سەرەکی پرۆسەی خوێندنەوەی شیعرەکانی لە قەڵەم دەدرێت،ئەم گرفتەش رۆژ بە رۆژ روو لە بەرفراوانی دەکاتەوە چونکە ئەگەر لە سەردەمانی پێشوو چینی خوێندەواران شارەزاییان لەم زمانانە دا هەبووە ئەوا لەم سەردەمە دا رۆژ بە رۆژ ژمارەیان بەرەو کەمبوونەوە دەروات و بەمەش پرۆسەی خوێندنەوە ئاستەنگی تازە بە خۆیەوە دەبینێت.

---

(١) احمد بن الملا محمد الزفنكي. ج ١، نفس المصدر السابق، ص١١٢.
(٢) نفس المصدر السابق، ص ١٦١.

## • تەوەرەی چوارەم: کاریگەریی سەردەم و جۆراوجۆریی خوێندنەوەکان:

چۆنییەتی هەلسۆکەوت کردن لەگەڵ نیشانەکان بە پێی سەردەمەکانەوە گۆڕانی بە سەر دا دێت،شیعری (جزیری)ش دەقێکی زیندووە کە بە چەندین قۆناغی مێژووییەوە تێپەڕیوە، نابێت چاوەروانی ئەمە بین کە چۆن لە سەردەمی خۆی دا خوێنراوە لە سەردەمەش بە هەمان شێوە بخوێنرێتەوە.

ئەگەر خوێنەری جارانی شیعری (جزیری) بە چاوی شێخێکی گەورە کە پەیوەندییێکی بەهێزی بە ئیلهامەوە هەیە تەماشای جزیریان دەکرد و وا بۆی دەچوون کە قسەکانی پیرۆزن و دەربڕین لە راستییە بەرزەکان دەکەن ئەوا زۆربەی خوێنەرانی ئەم سەردەمە وەکو شاعیرێکی گەورە تەماشای دەکەن و رادەی پیرۆزیی ئەم شاعیرە وەکو جاران نییە،خوێنەری جاران پێش ئەوەی دەستی دابایە خوێندنەوەی شیعرەکانی (جزیری) بیری لە گەورەیی و پلەی ئەم سۆفییە دەکرد و زیاتر لە چێژوەرگرتن بیری لە سوودوەرگرتنەوەوە دەکرد هەر ئەم فاکتەرەش دەبووە هۆی ئەوەی کە ژیانی نیشانەکان لە پرۆسەی خوێندنەوە دا تووشی گۆڕانێکی بنەڕەتی ببێت و مەدلوولەکان رەهەندێکی مەعنەوی بە خۆیانەوە بگرن ، لەم سەردەمە دا هەرچەندە کە شێنەوارەکانی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بە جێماون بەلأم هێزی جارانیان نەماوە و لە کردەوەی خوێندنەوە دا نیشانەکان تەنیا رەهەندی مەعنەوی بە خۆیانەوە ناگرن بەڵکو بە پێچەوانە جاری وا هەیە کە ئەم مەعنەوییەتە دەکەوێتە گۆمانەوە:

"سورِ شـرینێ، نـازەنینێ، کـوشتم و نـاکەت یــەقیـــنێ
وێ ب چـــەنـگـالا ئــەڤـینێ، دل ژمــن بــر دل ژ مــن"(١)

ئەستەمە کە خوێنەرێکی ئەم سەردەمە لە کاتی خوێندنەوەی ئەم دێڕە شیعرە دا بیر لە لایەنی خوایی و ئایینی بکات بەڵکو زیاتر بەرەو مەسەلەی خۆشەویستی و ئاراستەی تایبەتی خۆی بە نیشانەکان دەبەخشێت.

"من د باغێ گول فروشان دی عــەجەب رەسمــەك غــەریب
خـــارطەبعان گول ددەسـت و گــولـپەرستان خار بــەس"(٢)

---

(١) نفس المصدر السابق، ج ٢، ص٤٨٢.

(٢) نفس المصدر السابق، ص٢٩٠.

لەوانەی خوێنەرێکی ئەم سەردەمە لە ئەنجامی خوێندنی ئەم دێڕە شیعرە لێکدانەوەیەکی سیاسی یاخود کۆمەلایەتیی تایبەت بە خۆی هەبێت واتە بەرەو ئەو مەبەستە سۆفیزمانە یاخود ئایینییە نەروات کە خوێنەرێکی سۆفی مەشرەب بیری لێ دەکاتەوە.

جگە لە کاریگەریی فاکتەری مێژووییەوە مەسەلەی بەرفراوان بوون و جۆراوجۆری کردەوەی خوێندنەوەش دێتە ئاراوە تەنانەت لە یەك کات دا هەر خوێنەرێك دەتوانێت لێکدانەوە و تێگەیشتنی تایبەتی خۆی دەربارەی شیعرەکانی (جزیری) هەبێت، خوێنەرێك لەوانەیە داکۆکی لە لایەنی مەیگێڕی بکات و چێژ لەم خالە وەربگرێت،کاتێك کە باسی مەی و سەما و جوانی ئافرەت دەکرێت ئەم خوێنەرە ئامادە نییە لە کاتی خوێندنەوە دا بەرەو ئەو واتا قوولانە بڕوات کە گوایە لە ژێر چەند چینی واتایی دا شاردراونەتەوە، خوێنەری وا هەیە لە هەندێ خال دا ئەم ئاراستەیە دەگرێتە بەر بۆ نموونە لە باسی مەی و مەی خواردنەوە دا بیر لە واتایەکی مەعنەوی دەکاتەوە بەلاّم لەوانەیە لە باسی ئافرەت و جوانی ئافرەتەوە بەرەو ئەم ئاراستەیە نەروات،ئەمانە و چەندین جۆر و شێوەی تری خوێندنەوە بۆ شیعرەکانی (جزیری) بوونیان دەبێت،ئەمەش نیشانەی کراوە بوونی زۆربەی شیعرەکانی (جزیری)ە، ئەو شیعرانەی کە هیچ کاتێك بە تەواوەتی لەنگەر ناگرن و خاوەنی چەندین ئاستی واتایین.

# ئەنجامەکان

# ئەنجامەكان:

١- ناكرێت بۆچوونی سۆفییەكان دەربارەی واتای شیعرەكانیان بكرێت بە پێوانە بۆ روونكردنەوەی رەهەندەكانی سیمیۆلۆژیای زمانی سۆفیگەری،هەرچەندە ئەم بۆ چوونانە هەندێ جار سوود بەخشن بەلآم هەندێ جاریش كاریگەریەكی نێگەتیڤانەیان بە سەر شیعری سۆفیگەری هەیە.

٢- لە شیعرەكانی (مەلای جزیری) وەكو شاعیرێكی سۆفی، هیچ دەستوورێكی چەسپاو بۆ چۆنییەتی كاركردنی نیشانەكان و چۆنییتی واتا بەخشینیان بەدی ناكرێت، نیشانەكان لە گەمەیەكی بێ سنوور دان و بەردەوام دال و مەدلوولەكان لە یەكتر دوور دەكەونەوە و پەیوەندیی تازە سازدەكەن، بۆیە هەر هەولێك بۆ سنووردارکردنی واتا و دیاردەی چەند واتایی بدرێت، رێ بۆ هیچ شوێنێك نابات.

٣- نیشانەكان لە شیعرە سۆفیگەریەكانی (جزیری)دا بە چەندین شێوەی جیاواز رێگەی بەرفراوانبوون دەگرنەبەر، زۆربەی جاران چەندین پلەی واتایی یاخود زنجیرەیەك لە مەدلوولەكان بوونیان هەیە و نیشانەكان دەگەن بە پلەی ئەفسانەیی واتا كە هاوكاتە لەگەڵ پەیوەندییێكی ئایكۆنیی تازە،هەندێ جاریش بەرەو پلەی ئایدۆلۆژیی واتا دەچن.

٤- لە شیعرەكانی جزیری دا تەنیا نیشانە ئاساییەكانی زمان بەكار ناهێنرێن بەڵكو هەندێ لە نانیشانەكانیش دەكرێن بە نیشانە،ئەم بە نیشانەكردنەش زۆربەی جاران سروشتێكی ئایكۆنیی هەیە و جیایە لە نیشانە زمانییەكانی تر.

٥- نیشانە لە شیعری سۆفیگەری داپەیوەندییێكی پتەوی بە ئایینەوە هەیە و لەم روانگەیە دەتوانین شێوازەكانی سانسۆركردن لە شیعری سۆفیگەری دا دستنیشان بكەین، (جزیری) وەكو شاعیرێكی سۆفی زیاتر ئەو نیشانانەی بەكارهێناوە كە لە زنجیرەی مەدلوولەكانیان دا نەگونجانی ئایینی یاخود شەرعی سازكراوە.

٦- شیعرەکانی (جزیری) لە ئاستێکی بەرزی سیمبۆلسازی دان و کۆدسازی دیاردەیەکی لاوەکییە، ئەمانە زۆر لە زوهدەوە دوورکەوتوونەتەوە و لە رووی واتاییەوە زیاتر ئاراستەیەکی ناوەوەیان هەیە.

٧- لە لێکدانەوەی شیعری سۆفیگەری دا زۆربەی جاران رۆڵی سیاق فەرامۆش کراوە و گرنگی بە واتای ئامادەی نێو فەرهەنگەکانەوە دراوە،ئەمە لەو کاتە دا کە ئەم فەرهەنگانە کاریگەریەکی نێگەتیڤیان بە سەر خوێندنەوەی داهێنەرانەی شیعرەکانی (جزیری) هەبووە.

٨- ئەو نەریتە ئەدەبیانەی کە لە شیعری عەرەبییەوە کاریان کردۆتە سەر شیعری کوردی، هەندێ جاران کاردانەوەیەکی خراپیان بە سەر شیعری (جزیری)دا هەبووە و بوونەتە هۆی هاتنەکایەوەی چەند زیندانێکی نیشانەیی.

٩- بەکارهێنانی ووشەکانی چەند زمانێکی بێگانە لە شیعری سۆفیگەری دا دەبنە هۆی بەرفراوان بوونی پەیوەندییە نیشانەییەکان، تەوەرەکانی سینتاگماتیك و پارادیگماتیك بەرەو ئالۆزییێکی زۆرتر دەچن و پرۆژەی خوێندنەوە تووشی کۆمەڵە کۆسپێك دەبێت.

١٠- شیعری جزیری سیاقێکی داخراوی نییە بەڵکو سیاقێکی دەرەکیی بە هێزیش رۆڵی خۆی دەبینێت، شیعرەکانی پەیوەستن بە کۆمەڵە دەقێکی ترەوە کە کارێکی زۆریان کردۆتە سەر شیعرەکانی.

١١- شیعری سۆفیگەری شیعرێکی کراوەیە بۆیە دەبێت خوێنەریش سوود لەم سیفەتە وەربگرێت، کەواتە هەر خوێنەرێك بۆ خوێندنەوە و چێژ وەرگرتن شێوازی خۆی دەبێت ناکرێت بە زۆرەملی واتایەکی ئایینی بە سەر خوێنەران دا بسەپێنرێت.

١٢- لە تەوەرەی سینتاگماتیکیی زۆربەی ووشەکان لە سروشتی ئاسایی خۆیان دوور دەکەون، (جزیری) بە هۆی بەکارهێنانی تواناییەکانی ئەم تەوەرەیە گۆڕانێکی بنەڕەتی دەخاتە نێو نیشانەکانەوە.

١٣- لە تەوەرەی پارادیگماتیکی شیعرەکانی جزیری دا چەند کێلگەیەك چالاکن، لە هەموویان گرنگتر کێلگەی جەنگ و چەکە جەنگییەکانە.

١٤- لە هەر دوو تەوەرەی سینتاگماتیکیی و پارادیگماتیکیی شیعرەکانی جزیری ئافرەت و جوانیی ئافرەت زۆربەی جاران چینێکی واتایی یاخود مەدلوولێکی سەرەکیی زنجیرەی واتاین.

١٥- له زۆربەی شیعرەکانی (جزیری)دا پەیوەندییێکی پتەو لە نێوان دێڕە شیعرەکان بەدی ناکرێت واتە یەکێتی بابەت بوونی نییە،سەرەرای ئەمەش لە هەندێ شوێن دا (جزیری) بە هۆی هەندێ شێوازی تایبەتییەوە توانیویەتی لە کاریگەریەکانی ئەم دیاردەیە کەم بکاتەوە.

١٦- (سەلما) نیشانەیەکە کە دەکرێت لە چوارچێوەی دەقیگیریی یاخود دەقاوێزانەوە لێکبدرێت بەلاّم لە پرۆسەی خوێندنەوە دا روویێکی تر بە خۆیەوە دەگرێت و وەکو نیشانەیەکی ناوەندی دێتە بەرچاو کە نیشانەکانی تر دەخاتە ژێر سایەی خۆی.

# لیستی سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان:

**أ- بە زمانی کوردی:**

١- ئەحمەدی خانی. مەم و زین، ڤەژاندنی: پەرویزێ جیهانی، ناوەندا وەشانێن فەرهەنگ و ئەدەبا کوردی، انتشارت صلاح الدین، ارومیە، ١٣٦٧ .

٢- د. عەزیز گەردی. سەرواسازی لە شیعرەکانی جزیری دا، گۆڤارا زانکۆیا دهوك(ژمارا تایبەت ب کونگرا زانستی یا ئێکێ ، پەربەندێ٢، هژمارە٦، نیسان، ١٩٩٩ .

٣- د. کەمال مەعروف، ئەدەبیاتی کلاسیکی نوێخوازی کوردی، چاپخانەی: ژین، سلێمانی، ٢٠٠٣.

٤- مسعود خالد گولی. فەرهەنگوکا کلاسیکێن کورد، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خەبات، دهوك، ٢٠٠١.

٥- نوزاد ملاخلیل مشەختی. سەلمایا جزیری گەلەك ئەڤینداریێت دی ژی هەبوون، گۆڤارا مەتین، ژمارە ١٠٧، کانوونا ئێکێ، ٢٠٠٠.

٦- هەژار موکریانی، دیوانی عارفی ربانی شیخ احمد جزیری، انتشارات: سروش، تهران، ١٣٦١.

**ب- بە زمانی عەرەبی:**

٧- احمد بن الملا محمد الزفنكي. العقد الجوهري في شرح ديوان الجزرى، الجزء الاول، الطبعة الثانية، مطبعة الصباح، بدون مكان، ١٩٨٧.

٨- احمد بن الملا محمد الزفنكي. العقد الجوهري في شرح ديوان الجزرى، الجزء الثاني، الطبعة الثانية، مطبعة الصباح، ١٩٨٧.

٩- احمد حمد بدوي.. اسس النقد العربي عند العرب، مطبعة الرسالة، القاهرة، بلا.

١٠- ادوارد براون. تاريخ الادب في ايران، الجزء الاول بابان الثالث و الرابع، الترجمة: احمد كمال الدين، من منشورات المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة، ٢٠٠٥.

١١- امين يوسف عودة. تأويل الشعر و فلسفته عند الصوفية ابن عربي، من منشورات رابطة االكتاب الاردنيين، عمان، ١٩٩٥.

١٢- بيرجيرو. الاسلوب والاسلوبية، ترجمة: منذر عياشي، مركز الانماء القومي، لبنان،بلا.

١٣- حياة جاسم. وحدة القصيدة العربي حتى نهاية العصر العباسى، دار الحرية للطباعة، مطبعة الجمهورية، بغداد،١٩٧٢.

١٤- رولان بارط. درس السيميولوجيا، ترجمة: عبدالسلام بنعبد العالى، تقديم: عبدالفتاح كيليطو، من منشورات: دارتوبقال، دارالبيضاء، ١٩٨٦.

١٥- رومان جاكوبسن. قضايا الشعرية، ترجمة: محمد الولى و مبارك دنوز، من منشورات دار توبقال، بلا، دارالبيضاء،

١٦- د.زكي مبارك.التصوف الاسلامى في الادب و الاخلاق، الجزء الاول، مكتبة الثقافة الدينية، القاهرة، ٢٠٠٤ .

١٧- ستيفن اولمان. دور الكلمة في اللغة، ترجمة: كمال بشر، الطبعة الثانية، دار غريب للطباعة و النشر و التوزيع، القاهرة، بلا.

١٨- سعيد الغانمي. اقنعة النص، دار الشؤون الثقافية العامة، بلا، ١٩٩١.

١٩- د. شوقي ضيف. البلاغة تطور و تاريخ، الطبة الحادية عشرة، دار المعارف للنشر، بلا، بلا.

٢٠- د. شوقي ضيف. في النقد الادبي، دار المعارف، بلا، القاهرة.

٢١- غراهام هاف. الاسلوب و الاسلوبية، ترجمة: كاظم سعدالدين، دار آفاق عربية، بغداد، ١٩٨٥.

٢٢- عاطف جودة نصر.الرمز الشعرى عند الصوفية، دارالاندلس للطباعة و نشر و التوزيع، بيروت، ١٩٧٨.

٢٣- د. عبداقادر موسى المحمدي. الاغتراب في تراث صوفية الاسلام، بيت الحكمة، بغداد، ٢٠٠١.

٢٤- د. عبدالقادر الرباعى.جماليات المعنى الشعرى ((التشكيل و التاويل))، الؤسسة العربية للدراسة و النشر، بيروت، ١٩٩٩.

٢٥- عبدالله بن مسلم ابن قتيبة. الشعر و الشعراء، دار الثقافة، بيروت، ١٩٦٤.

٢٦- عبدالملك مرتاض. التحليل السيميائي للخطاب الشعري(تحليل بالاجراء المستوياتي لقصيدة شناشيل ابنة الجلبي)، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٥، الموقع: www.awu-dam.org.

٢٧- عدنان حسين العوادي. الشعر الصوفي حتى افول مدرسة البغداد و ظهور الغزالي، دار الحرية للطباعة، بغداد، بلا.

٢٨- د. عزالدين اسماعيل. اسس الجمالية في النقد العربي، القاهرة،١٩٦٠.

٢٩- علي الطاعي. الشعر و المناهج النقدية الحديثة (مهرجان المربد الشعري الثالث عشر، بحوث الحلقة الدراسية)، دار الشؤون الثقافة العامة، بغداد، ١٩٨٨.

٣٠- د.علي وردي. اسطورة الادب الرفيع، الطبعة الثانية، دار كوفان، لندن، ١٩٩٤.

٣١- د. غنيمى هلال. النقد الادبى الحديث، الطبعة الثالثة، دار و مطابع الشعب، القاهرة، ١٩٦٤.

٣٢- فاطمة الطبال بركة. النظرية الالسنية عند رومان جاكوبسون(دراسة و نصوص)، المؤسسة الجامعة للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت، ١٩٩٣.

٣٣- كريم حسام الدين. ((التحليل الدلالي)) اجراءاته و مناهجه، الجزء الاول، دار غريب لطباعة و النشر، بلا،٢٠٠٤.

٣٤- كمال ابو ديب. في الشعرية، مؤسسة الابحاث العربية، بلا،١٩٨٧.

٣٥- د. محمد جلال شرف. دراسات في التصوف الاسلامى شخصيات و مذاهب، دار النهضة العربية، بيروت،١٩٨٠.

٣٦- ملا عبدالسلام الجزرى. شرح ديوان الشيخ الجزري، الجزء الاول، دار سپيريْز للنشر، دهوك، ٢٠٠٤.

٣٧- د. مولاي علي بو خاتم.مصطلحات النقد العربي السيمياءوي (الاشكالية و الاصول و الامتداد)، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٥، الموقع:www.awu-dam.org.

٣٨- ميلكا فيتش. اتجاهات البحث اللساني، ترجمة:سعد عبدالعزيز مصلوم و وفاء كامل فايد، الطبعة الثانية، المجلس الاعلى للثقافة، بلا، ٢٠٠٠.

٣٩-د. نصر حامد ابو زيد. هكذا تكلم ابن عربي، الهيئة العامة للكتاب، القاهرة، ٢٠٠٢.

٤٠- ولتر ستيس. التصوف و الفلسفة، الترجمة و التقديم: امام عبدالفتاح. من منشورات مكتبة المدبولي، بلا،١٩٩٩ .
٤١- وليد محمود خالصي. الدرس النقدي القديم بين النظرية و المصطلح، من منشورات، مؤسسة الوراق للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠٠٢.
٤٢- د. يوسف زيدان. الحلاج و محاولة تفجير اللغة، الموقع: www.islamicmanuscript.com
٤٣ - الأسماء النسائية المذكورة في الشعر العربي الفصيح: www.majalisna.com.

## ج- به زمانی فارسی:

٤٤- د. ابراهیم چکنی. فرهنگ دائره المعارفی زبان و زبانها، نشر بهنام، تهران،١٣٨٣.
٤٥- ابوالحسن نجفی. مبانی زبانشناسی و کاربرد ان در زبان فارسی، چاپ هشتم، انتشارات نیلوفر، تهران، ١٣٨٢.
٤٦- ار.اچ. روبینز. تاریخ مختصر زبانشناسی، ترجمه: علی محمدحق شناس، چاپ پنجم، نشر مرکز، تهران، ١٣٨١.
٤٧- اسیتون کتز. ساختگرایی سنت و عرفان پژوهشی در زمینه عرفان، ترجمه و تحقیق: سید عطاء انزلی، نشر آبان عشق، چاپخانه: زیتون، تهران، ١٣٨٣.
٤٨- ام. اچ. ابرامز. فرهنگ توصیفی اصطلاحات ادبی، ویراست هفتم، ترجمه: سعید سبزیان مرادبادی، انتشارات رهنما، چاپخانه: هاتف، تهران، ١٣٨٤.
٤٩- آنه ماری دینه سن. درآمدی بر نشانه شناسی، ترجمه: مظفر قهرمان، نشر پرسش، آبادان، ١٣٨٠.
٥٠- بابك احمدی. از نشانه‌های تصویری تا متن، نشر مرکز، تهران، ١٣٧١.
٥١- بابك احمدی. ساختار و تأویل متن، چاپ هفتم، نشر مرکز، تهران، ١٣٨٤.
٥٢- برناردکامری، جان ماونتفورد، ویون لا، اکروز. زبانهای دنیا چهار مقاله در زبانشناسی، ترجمه: کورش صفوی، انتشارات سعاد، سلسله متن فکر، تهران،١٣٨٤.
٥٣- تری ایگلتون. پیشدرآمدی بر نظریه ادبی، ترجمه:عباس مخبز، چاپ سوم، نشر مرکز، تهران،١٣٨٣.
٥٤- تزوتان تودورف. بوطیقای ساختارگرا، ترجمه: محمد نبوی، تهران، نشر آگاه، تهران، ١٣٧٩.

۵۵- پی یر گیرو. نشانه‌شناسی، ترجمه: محمد نبوی، چاپ دوم، انتشارات آگاه، تهران، ۱۳۸۳.
۵۶- حسین حیدرخانی. سماع عارفان بحثی کامل و فراگیر پیرامون سماع، چاپ دوم، انتشارات سنائی، تهران، ۱۳۷۶.
۵۷- حنا فاخوری و خلیل جر. تاریخ فلسفه در جهان اسلام، مترجم: عبدالمحمد آیاتی، چاپ هفتم، انتشارات علمی فرهنگی، تهران، ۱۳۸۸.
۵۸- خسرو فرشید ور. درباره ادبیات و نقد ادبی، چاپ چهارم، جلد اول، مؤسسه انتشارات امیر کبیر، تهران ،۱۳۸۲.
۵۹- ژان ایو تادیه. نقد ادبی در قرن بیستم، ترجمه: مهشید نونهالی، انشارات نیلوفر، چاپخانه گولبان، تهران، ۱۳۷۸.
۶۰- رابرت اسکولز. درآمدی بر ساختارگرایی در ادبیات، ترجمه: فرزانه طاهری، نشر اگه، تهران،۱۳۷۹.
۶۱- راجر فالر و رمن جاکوبسن و دیوید لاج. زبانشناسی و نقد ادبی، ترجمه: مریم خوزان و حسین پاینده، نشر نی، تهران، ۱۳۷۷.
۶۲- رامان سلدن. راهنمای نظریه ادبی معاصر، ترجمه: عباس مخبز، نشر طرح نو، تهران، ۱۳۷۲
۶۳- رولان بارت.اسطوره امروز، ترجمه: شیرین دخت دقیقیان، چاپ سوم، نشر مرکز، تهران، ۱۳۸۴.
۶۴- رولان بارت. درجه سفر نوشتار، ترجمه: شیرین دخت دقیقیان، نشر هرمس، تهران، ۱۳۷۸.
۶۵- ریچارد هارلنابر ساختگرایی و فلسفه ساختگرایی و پسا ساختگرایی، ترجمه: فرزان سجودی، نشر سوره مهر، تهران، ۱۳۸۰.
۶۶- سعید جعفر سجادی. فرهنگ اصطلاحات و تعبیرات عرفانی، چاپ چهارم، چاپخانه گلشن، تهران، ۱۳۷۸.
۶۷- سعید کرمانی. حافظ شناسی، بخش اول، چاپ سوم، انتشارات پاژنگ، تهران، ۱۳۶۷.
۶۸- سعید کرمانی. حافظ شناسی، بخش دوم، چاپ سوم، انتشارات پاژنگ، تهران، ۱۳۶۸.
۶۹- د. گل بابا سعیدی. فرهنگ اصطلاحات عرفانی ابن عربی، انتشارات شفیعی، تهران، ۱۳۸۳.

٧٠- گلن وارد. پست مدرنیسم، ترجمه: قادر فخر رنجبری و ابوذر کرمی، نشر ماهی، تهران، ١٣٨٤.
٧١- فردیناند دوسوسور. دوره زبانشناسی عمومی، ترجمه: کورش صفوی، چاپ دوم، نشر هرمس، تهران، ١٣٨٢.
٧٢- فرزان سجودی. درآمدی بر نشانه‌شناسی شعر، مجموعه مقالات چهارمین کنفرانس زبانشناسی، سایت : www.degaran.com.
٧٣- فرزان سجودی. نشانه‌نشناسی کاربردی، نشر قصه، تهران،١٣٨٣.
٧٤- کاترین بلزی. عمل نقد، ترجمه: عباس مخبز، نشر قصه، تهران، ١٣٨٤، ص١٣٧.
٧٥- کورش صفوی. از زبان شناسی به ادبیات، جلد اول، نشر چشمه، تهران،١٩٧٣.
٧٦- مایکل پین. بارت فوکو التوسر، ترجمه: پیام یزدانجو، ویراست دوم، نشر مرکز، تهران،١٣٨٢.
٧٧- مجید یکتائی. شناسائی راه و روش علم و فلسفه، انتشارات نقش جهان، چاپ سوم ، چاپخانه مسعود سعد، تهران ،١٣٥٤.
٧٨- د. محمد رضا شفیعی کدکنی. صور خیال در شعر فارسی تحقیقی انتقادی در تطور ایماژهای شعر پارسی و سیر نظریه بلاغت در اسلام و ایران، چاپ نهم، تهران، ١٣٨٣.
٧٩- محمد رضایی راد. نشانه‌شناسی سانسور و سکوت سخن، نشر طرح نو، تهران، ١٣٨١.
٨٠- محمد ضرابیها.زبان عرفان (تحلیلی بر کاربرد زبان در ادبیات و دریافتهای عرفانی)، انتشارات بینادل، تهران، ١٣٨٤.
٨١- محمد ضمیران. درآمدی بر نشانه شناسی هنر، چاپ دوّم، نشر قصه، تهران،١٣٨٣.
٨٢- مهیار علوی مقدم.نظریةهای نقد ادبی معاصر، انتشارات سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاهها، تهران،١٣٧٧ .
٨٣- نورتروپ فرای. تحلیل نقد، ترجمه: صالح حسینی، انشارات نیلوفر، تهران، ١٣٧٧.
٨٤- ویلیام پی الستون. فلسفه زبان، ترجمه: احمد ایرانمنش و احمد رضا جلیلی، دفتر پژوهش و نشر سهروردی، تهران، ١٣٨١.
٨٥- یان موکارفسکی، مطالعه نشانه‌شناختی هنر، ترجمه: محبوبه مهاجر، مجله بخارا، شماره ٣٣و٣٤، سایت: www.bukharamagazine.com.

# ملخص البحث

سيميائية لغة التصوف في اشعار(مەلای جزیری)، عبارة عن دراسة سيميائية تبحث عن خصائص السيمات و ديناميكيتها في اشعار(مەلای جزیری) حينما يتخذ اشعاره منحاً صوفياً.

ينقسم البحث الى ثلاثة فصول، حيث يتناول الفصل ألاول ظهور و تطور السيميائية و علاقتها بالمجالات الاخرى و خصوصاً الادب و اللغة و كذلك يتناول مجموعة من المبادىء السيميائية بمفهومها العام و السيميائية الحديثة و علاقتها بالمجالين الانفي ذكرهما، أما في الفصل الثاني فحاول الباحث أن يوضح العلاقة بين لغة التصوف و السيميائية وفي هذا المجال بحث عن مجموعة من خصائص و مشاكل(السيمة) في اشعار الصوفية، اخيراً و في الفصل الثالث تناول الباحث بعض ابعاد لغة التصوف في اشعار(مەلای جزیری) كأحد كبار شعراء الصوفية في الادب الكردي الذي لديه اساليب مختلفة و متنوعة في التعامل مع السيمات.

وفي الختام عرض مجموعة من الاستنتاجات وابرزها، عدم امكانية دراسة ديناميكية السيمات في اشعار الجزيري عن طريق دراسة العوامل الخارجة عن النص وحدها، او من خلال دراسة نصية مجردة ولذلك يستوجب الخلط بين دراسة نصية و بعض العوامل الخارجية المؤثرة على النص و لهذ ا يعتقد الباحث بأن السيميائية وسيلة مفضلة لدراسة اشعار الجزيري لانه يجمع بين الدراستين.

# Abstract

The semiologie of mystic language in Malai Jiziry's poetry is a semiotic study that deals with the characteristics of signs and their dynamics in Jiziry's poetry in a time his poetry takes a mystic deflection.

However, this study runs in three chapters. **Chapter One** deals with the appearance and development of semiologie and its relation to other aspects, especially language and literature. It also deals with the main concepts of some semiotics principles, modern semiologie, and the relation to the above-mentioned aspects.

**Chapter Two** highlights the relation between the mystic language and the semiologie, in which a group of sings' characteristics and obstacles are clarified.

**Chapter Three** deals with certain dimensions of mystic language in Jiziry's poetry as he is one of the fathers of mystic poetry in Kurdish literature. In fact, he has different and myriad attitudes at dealing with the signs.

Finally, the thesis ends up with **Conclusion**. It sums up mainly that one is unable to deal a dynamic sing study in Jiziry's poetry through studying the external factors of a text alone, or through an abstract study of the text. Hence, the two studies should be interlinked, in which semiologie is the appropriate method to deal with the abovementioned poet's poetry since it mixes between the two studies.

# فەرهەنگۆك:

**أ- کەسەکان:**

**ئامەدی:** ناوی(الحسن بن بشر بن يحيى الآمدي، البصري)ە، ئەدیب و رەخنەگر و نوسەر و شاعیر بووە، لە ساڵی(٣٧١ك / ٩٨١ز) لە شاری بەسرە لەدایکبووە و هەر لەوێش گەورە بووە دوواتر بەرەو بەغداد رۆیشتووە لەوێ خوێندوویەتی، گرنگترین بەرهەمەکانی بریتین لە: المختلف والمؤتلف في أسماء الشعراء، الموازنة بين أبي تمام والبحتري.

**ئەبو عەتاهیە:** ناوی(إسماعيل بن القاسم بن سُويد)ە،لە ساڵی (١٣٠ك) لەدایکبووە،لە تەمەنی منداڵی باوکی لەبەر نالەباربوونی بارودۆخی ژیان رووی کردۆتە شاری (کوفە) و لەوێ نیشتەجێ بووە.( ئەبو عەتاهیە) لە خێزانێکی هەژار و نەدار دا گەورە بووە،لە سەرەتای تەمەنی لاوێتی خەریکی خۆشگوزەرانی و رابوواردن بووە بەلأم دوای ماوەیەك وازی لەم شێوازە هێناوە و رووی کردۆتە رێبازی زوهد، یەکێکە لە پێشەنگانی شیعری زوهد، شیعرەکانی سادە و رەوانن.

**ئەبوحەیانی تەوحیدی:** ناوی( علي بن محمد بن العباس التوحيدي) لە ساڵی(٩٥٣ز) لەدایکبووە ولە ساڵی(١٠٢٣ز) کۆچی دوایی کردووە، لە شاری شیراز لەدایکبووە، دواتر رۆیشتووە بۆ بەغدا و وەکو وەزیری (أمير الأمراء معز الدولة) دەست بەکاربووە، دواتریش بۆ زۆر شوێنی تر رۆیشتووە، لە زۆربەی زانستەکانی سەردەمی خۆی دا شارەزا بووە.

**ئەبی تەمام:** ناوی(حبيب بن أوس الطائي)ە، لە نزیك ساڵی (١٩٠ك-٨٠٦ز) لەدایکبووە لە دەوروبەری ساڵی(٢٣١ك-٨٤٦ز) کۆچی دوایی کردووە، لە گەورە شاعیرانی عەرەبی سەردەمی عەباسییەکانە، لە یەکێك لە گوندەکانی وەلاتی شام لەدایکبووە کە ٤٠کم لە باشوری شاری دیمەشەوە دوورە، هەر لە شام ژیاوە و ژیانێکی هەژارانەی بردۆتە سەر، دوواتر تێکەلاوی ئەنجومەنە ئایینی و ئەدەبییەکانی سەردەمی خۆی بووە، بە هۆی ئەوەی کە مرۆڤێکی بەتوانا بووە زوو سەرکەوتنی لە بواری شیعردا بەدەستهێناوە، رەخنەگرە عەرەبەکانی سەردەمەکەی و هەندێ لەوانەی کە لە دوایەوە هاتوون

ڕەخنەیەکی زۆریان ئاراستەی کردووە چونکە زۆر شتی تازەی داهێناوە و زۆر جار لە سەر ڕێچکەی پێشینان نەڕۆیشتووە، ئەم شاعیرە لە شاری موسل کۆچی دووای کردووە.

**ئەحمەدی شاملو:** لە ساڵی (١٣٠٤هـ. ش) لە شاری تاران لە دایکبووە، قوناغەکانی خوێندی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی زۆر بە سەختی بردۆتە سەر بە هۆی ئەوەی کە باوکی لە لەشکەری ئێران دا ئەفسەر بووە و بەردەوام لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگوێزرانەوە. لە ساڵی (١٣٢٢هـ. ش) بە هۆی کۆمەڵە چالاکیەکی سیاسی خرایە بەندیخانەی هاوپەیمانانەوە بەمەش لە خوێندن دابڕا، (شاملو) یەکێکە لەو شاعیرانەی کە ڕۆڵێکی کاریگەری لە بواری نوێکردنەوەی شیعری فارسی دا هەبووە هەر وەها بە بیرمەند و ڕۆشنبیرێکی نوێخوازیش لە قەلەم دەدرێت، لە بواری لێکۆلینەوەی ئەدەبیش ڕۆلێکی چالاکی هەبووە،ناوبراو لە ساڵی(١٣٧٩هـ. ش)کۆچی دوایی کردووە.

**ئیبن خەلدوون:**( عبد الرحمن محمد بن خلدون) لە ساڵی( ١٣٣٢ز) لە تونس لەدایکبووە، لە ڕێگەی باوکییەوە ئاشنای ئەدەب بووە، لە زۆر بوار دا کاری کردووە، بەناوبانگترین بەرهەمی ئەم نووسەرە(المقدمة)یە، کە تا وەکو ئێستاش بە سەرچاوەیەکی گرنگ دادەنرێت، (ابن خلدون) لە ساڵی(١٤٠٦ز) کۆچی دوایی کردووە.

**ئیبن عەربی:** ( محي الدين ابن العربي)لە ساڵی (٥٦٠ك - ١١٦٥ز)  لە شاری(مورسیە) لە ڕۆژهەلاتی ئەندەلوس لەدایکبووە، دوای ماوەیەك بەرەو (ئەشبیلیە) ڕۆیشتووە و بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ لەوێ ژیاوە،هەر لەم ماوەیە دا بۆ چەندین جار سەردانی مەغرب و تونسی کردووە، لە ساڵی(٥٩٨ك) بە مەبەستی بەجێهێنانی فەریزەی حەج بەرەو ڕۆژهەڵات هاتووە و ئیتر نەگەراوەتە ڕۆژئاوا، دوای ئەوەی لە چەند شارێکی ڕۆژهەلاتی ئیسلامی ژیاوە  بەرەو بەغداد ڕۆیشتووە و لەوێ نیشتەجێ بووە، ناوبراو سەری لە چەندین شار و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست داوە و بەردەوام خەریکی گەڕان بووە تا وەکو لە ساڵی(٦٢٠ ك) لە دیمەشق گیرساوە و هەر لەوێ و لە ساڵی (٦٣٨ك) کۆچی دووایی کردووە، ناوبراو کاریگەرییەکی زۆری بە سەر ڕێبازی سۆفیگەری و شیعری سۆفیگەری هەبووە و چەندین بەرهەمی لەم زەمینەیە دا پێشکەشکردووە.

**ئیبن موعتەز:** ناوی (عبد الله بن جعفر ابن محمد بن هرون بن العباس بن المعتز بن المتوكل بن الرشيد بن المهدي بن المنصور الخليفة )له بنەماڵەی عەباسییەکانە، لە ساڵی (٢٤٧ك - ٨٦١ز) لەدایکبووە، شاعیر و پەخشاننووسێکی باڵادەست بووە، نازناوەکەی(المرتضى بالله) بووە، ململانێیەکی زۆر لە نێوان(ابن المعتز) و (مقتدر بالله) لە پێناو بەدەستهێنانی خیلافەت لە ئارا دابووە، لە ئەنجام دا جەنگێك لە نێوان هەر دوو لایەن دا رووی داوە و (مقتدر بالله) سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، (ابن المعتز)یش کوژراوە، ئەمەش لە ساڵی(٢٩٦ك - ٩٠٩ز) روویداوە.

**ئیبن ئەسیر:** ناوی(أبو الفتح نصر الله بن أبي الكرم محمد بن محمد)ە، لە ساڵی(٥٥٨ك) لە جزیرەی بوتان- کوردستانی باکوور- لەدایکبووە، دوواتر رۆیشتووە بۆ شاری موسل لەوێ خوێندوویەتی، ماوەیەکی زۆر لە خزمەتی کوڕەکانی سەلاحەددینی ئەیووبی بووە، زۆر گەڕاوە، خاوەنی چەندین بەرهەمە لە بواری ئایین و ئەدەب دا، گرنگترینیان(المثل السائر في أدب الكاتب والشاعر)ە.

**ئیبن رەشیق:** ناوی(أبو علي الحسن بن رشيق القيرواني)ە، لە بواری ئەدەب و رەوانبێژی دا دەستێکی باڵای هەبووە، دەربارەی شوێنی لەدایکبوونی زانیارییەکی تەواو لەبەر دەست دا نییە بەڵام لە ساڵی(٤٠٦ك)لە دورگەی (سیسلیا) کە عەرەبەکان (صقلية)ی پێ دەڵێن کۆچی دوایی کردووە.

**ئیبن قوتەیبە: ناوی**(أبو محمد عبد الله بن مسلم بن قتيبة الدينوري)ە، باوکی خەڵکی (دینوەر)بووە بەڵام خۆی لە شاری کوفە لەدایکبووە و لە ساڵی (٢٧٦ك) کۆچی دوایی کردووە، نووسەر و ئەدیب و زمانەوانێکی ناوداری سەردەمی عەباسییەکان بووە، لە نیوەی دووەمی سەدەی سێیەمی کۆچی واتە لە سەردەمی (مأمون)دا ژیاوە، لە بەغداد خوێندوویەتی و فێری زۆربەی زانستەکانی سەردەمەکەی بووە، دواتر وەکو دادوەری شاری (دینەوەر) دەستنیشانکراوە، دوای ماوەیەك دوبارە گەراوەتە بەغداد،یەکێك لە گرنگترین بەرهەمەکانی (الشعر و الشعراو)ە کە تێیدا ئاماژەی کردووە بە هەندێ لەو پێوانە رەخنەیانەی کە لە سەردەمەکەی دا باو بووینە.

**ئیبن هەرەمە:** ناوی(إبراهيم بن علي بن هرمة) ژمارەیەکی زۆر لە شیعرەکانی فەوتاون، هەندێ لە شیعرەکانی کۆکراونەتەوە و لە دیوانێك بە ناوی(ديوان إبراهيم بن هرمة) لە ساڵی ١٩٦٩ز لە بەغداد چاپکراون.

**ئێمبرتۆ ئێکۆ:** لە ساڵی (١٩٣٩ز)لە  لە شارێکی بچوک لە رۆژهەلاتی شاری (تۆرین)ی ئیتالیا لەدایکبووە، یەکەمین بەرهەمی لە بواری ئەدەبیات دا کتێبی(سێن توماس و باسی ئیستاتیکا) بووە کە لە ساڵی (١٩٥٦ز)بلاوکراوەتەوە، دواتر چەندین کتێب و باسی لە بواری لێکۆلینەوەی ئەدەب و رەخنەی ئەدەبی و بە تایبەت سیمیۆلۆژیا دا بلاکردۆتەوە، رۆلێکی گرنگی لە  ئاوێتە کردنی سیمیۆلۆژیای (سۆسێر) و سیمیۆتیکی (پیرس) دا هەبووە.ئێستاش مامۆستای زانکۆی (بۆلۆنیا)ی ئیتالیایە، لە بواری نووسینی رۆمانیش دا دەستێکی بالای هەیە، ناوبرا خاوەنی زیاتر لە (٣٠) نامەی دکتۆرای فەخری و کۆمەلێك دیاریی ئەدەبی و زانستییە.

**بۆدریار:** فەیلەسۆف و بیرمەند و بیردۆزەوانی فەرەنسی لە ساڵی (١٩٢٩ز) لە فەرەنسا لەدایکبووە، ناوبراو بسپوری زمانی ئەلمانی بووە و ژمارەیەك لە بەرهەمەکانی (برێخت)ی وەرگێراوەتە سەر زمانی فەرەنسی، ماوەیەك لە زانکۆ لە بواری کۆمەلناسی دا وانەی ووتووە، بە یەکێك لە نوێنەرانی پۆست مۆدێرنیزم لە فەرەنسا لە قەلەم دەدرێت، لە بواری سیمیۆلۆژیا دا کۆمەلە لێکۆلینەوەیەکی گرنگی هەیە. ئەم بیرمەندە لە ساڵی(٢٠٠٧ز) کۆچی دوایی کردووە.

**بالی:** یەکێکە لەو دوو قوتابییەی (سۆسیر) کە وانەکانی ئەویان لێکداوە لە شێوەی کتێبێك بە ناو(کۆرسی زمانەوانی گشتی) بلاویان کردووە. گرنگیی بە بۆچوونەکانی مامۆستاکەی داوە دواتر خۆی رێبازێکی بەناوی(شێوازگەریی دەربڕین)دامەزراندووە.

**بەشار:** مەبەست شاعیر (بشار بن برد العقيلي)ە کە لە کۆتایی سەردەمی ئەمەوییەکان و سەرەتای سەردەمی عەباسییەکان ژیاوە،لەوانەیە گەورەترین شاعیری سەردەمەکەی بووبێت، لە ساڵی (٩٥ك - ٧١٤ز) لەدایکبووە و لە ساڵی(١٦٧ ك-٧٨٤ز)کوژراوە، لە بنەرەت دا فارس بووە، بەوە ناسراوە کە لە سەر فارسەکان زۆر دەمارگیریی لە خۆی نیشانداوە و خەمخۆری شارستانیەتی کۆنی ئێران بووە و زۆر گالتەی بە عەرەبەکان کردووە، دیسانەوە بەشار بە کۆمەلە شتی تریش تاوانبار دەکرێت  کە گرنگترینیان کوفر و زەندەقەیە.

**بلۆمفیلد:** زمانەوانێکی ئەمریکییە، بە دامەزرێنەری رێبازی بنیاتگەریی ئەمریکی دادەنرێت، لە ساڵی (١٨٨٧) لە دایکبووە و لە ساڵی(١٩٤٩ز) کۆچی دوایی کردووە.

**بوحتوری:** ناوی (أبو عبادة الوليد بن عبيد بن يحيى الطائي)ە، لە ساڵی(٢٠٦ك-٨٢١ز) لە نزيك شاری (حەلەب) لەدايكبووە و لە ساڵی(٢٨٤ك - ٨٢١ز) کۆچی دوایی کردووە، شاعری شەش خەلیفەی عەباسی بووە و پیانی هەڵداوە و ماوەیەکی زۆر لە داری خیلافەت بووە، دیوانەکەی چەندین جار چاپکراوە.

**تۆدۆرۆف:** ناوی (تزڤتان تۆدۆرۆف) لە ساڵی (١٩٣٩ز) لە شاری (سوفیا) لە بولگاريا لە دایکبووە، تەمەنی (٢٤) ساڵان بووە کە بەرەو فرەنسا رۆيشتووە و لەوێ نیشتەجێ بووە. لە یەکەمین هەنگاوەکانی خۆی دەستی دایە وەرگێڕانی بەرهەمی فۆرمالیستە رووسەکان و دوواتر بە هاوکاری ل گەڵ(ژیرا ژنت) کتێبی (بیۆتیکا)یان دەرخست، لە دووای ئەمەش بەردەوام بووە لە سەر پێکەشکردنی کۆمەڵە بەرهەمێکی گرنگ لە بواری رەخنە و لێکۆلینەوەی ئەدەب دا، هەروەها لە بوارەکانی (مێژوو،سیاسەت)یش دا بەرهەمی هەیە، بە پێی زانیاری دوا بەرهەمی بە ناوی(سەیر و سەمەرەکانی دیکتاتۆریەت) لە ساڵی (٢٠٠٦ز) بلاوکراوەتەوە.

**تێری ئیگلتون:** لە ساڵی (١٩٣٤ز) لە سالفوردی ئینگەلتەرا لەدایکبووە. لە زانکۆی (کەمبریج) بەشی زمان و ئەدەبی ئینگلیزی خوێندوویەتی، دواتر بۆ ماوەی(٣٠) ساڵ لە زانکۆی ئەکسفۆرد خەریکی چالاکی زانستی بووە تاکو بووە بە مامۆستای ئەدەبی ئینگلیزی، ناوبراو ئێستا پرۆفیسۆرە لە بواری بیردۆزی رۆشنبیری و لە زانکۆی (مەنچستر) وانە دەڵێتەوە. خاوەنی چەندین بەرهەمە لە بواری لێکۆلینەوەی ئەدەب و رۆمان و دراما دا.

**پیرس:** بیرمەندێکی ئەمریکییە، ناوی(چارلز ساندرز پیرس)ە لە ساڵی (١٨٣٩ز) لە دایکبووە لە سال(١٩١٤ز) کۆچی دوایی کردووە، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی زانستی نیشانەکان کە ناوی لێناوە(سیمیۆتیك)، ئیستا تا رادەیەکی زۆر هاوواتای سیمیۆلۆژیای (سۆسێر)ە، (پیرس) لە بواری فەلسەفە و لۆژیك دا کاری کردووە و هەر لەو چوارچێوەیە دا بناغەکانی سیمیۆتیکی دامەزراندووە.

**جاك درێدا:** لە ساڵی (١٩٣٠ز) لە (البيار)ی جەزائیر لەدایکبووە،دوواتر گەراوەتە فەرەنسا و خوێندوویەتی، ماوەیەك لە زانکۆکانی (هاروارد)ی ئەمریکی و (سوربون)ی فەرەنسی مامۆستای یاریدەر بووە،لە ساڵی(١٩٦٥ز)لە زانکۆی (نرمال ساپ) بووە بە مامۆستای فەلسەفە، بۆ ماوەیەکی درێژلە نێوان زانکۆ ناودارەکانی فەرەنسا و ئەمریکا

خەریکی وانەووتنەوە بووە،لە ساڵی (١٩٨٣ز) کۆلیژی نێودەولەتی فەلسەفەی دامەزراند و بوو بە سەرۆکی، ناوبراو خاوەنی چەندین بەرهەمی گرنگە کە کارێکی زۆریان کردۆتە سەر رۆشنبیری ئەوروپی، (جاك دریدا) لە ساڵی (٢٠٠٤ز) کۆچی دوای کردووە.

**جەلالەدینی رومی:** ناوی (محمد)ە و بە (جلال الدین) ناسراوە، هەر وەها بە (مەولەوی)ش ناوی دەرکردووە، لە ساڵی(٦٠٤ ك) لە شاری (بەلخ) لەدایکبووە، ماوەیەکی زۆر لە شاری (قونیە) ژیاوە و هەر لەوێش کۆچی دوایی کردووە، بۆیە بە (رومی)ش دەناسرێت، یەکێکە لە گەورە پیاوانی رێگای سۆفیگەری، هەر وەها دەستێکی باڵای لە هۆنینەوەی شیعری سۆفیگەری بە زمانی فارسیش هەبووە، گرنگترین بەرهەمەکانی لە بواری شیعر دا بریتین لە(مثنوی معنوی) و دیوانی(شمس تبریزی)، ناوبراو لە ساڵی(٦٧٢ك) کۆچی دوایی کردووە.

**رۆلان بارت:** نوسەر و لێکۆلەرەوە و بیرمەندی فەرەنسی(رۆلان بارت) لە ساڵی(١٩١٥) لە شاری (شربورگ) لەدایکبووە، دوای مەرگی باوکی لە شاری (بیون) ژیاوە و دوای بە کۆتایی هێنانی خوێندنی سەرەتایی بەرەو پاریس رۆیشتووە و لەوێ ژیاوە و بەردەوامی داوە بە خوێندنی خۆی، دواتر ماوەیەك خەریکی وانە ووتنەوە بووە و دوای ئەمەش رووی کردۆتە هەندێ کاری تر، ناوبراو لە بواری ئەدەب و رەخنەی ئەدەبی دا خزمەتێکی شایانی پێشکەشکردووە بەلام گرنگترین بوار کە (رۆلان بارت) بە یەکێك لە دامەزرێنەرانی لە قەلەم دەدرێت سیمیۆلۆژیایە مۆدێرنە،(بارت) لەم زەمینەیە دا خاوەنی چەندین بەرهەمە کە بە یەکێك لە بناغەکانی سیمیۆلۆژیای مۆدێرن دادەنرێن.

**رۆمان جاکۆپسن:** لە ساڵی (١٨٩٦ز) لە بنەماڵەیەکی یەهودی لە وەلاتی روسیا لەدایکبووە، دایك و باوکی گرنگییەکی زۆریان بە رۆشنبیری و زانین دەدا بۆیە (جاکوپسن)یان ناردە فرەنسا و ئەلمانیا بۆ ئەوەی فێری زمانە ئەورپییەکان ببێت، (جاکوپسن) یەکێکە لە ناودارترین زانایانی بواری زمانەوانی و لەم بووارە دا چەندین بەرهەمی هەیە، ناوبراو رۆلێکی گەورەی لە دامەزراندنی قوتابخانەی (پراگ) دا هەبووە، خزمەتێکی شایانی لە بواری لێکدانەوەی تایبەتمەندییەکانی زمانی ئەدەب و بە تایبەت شیعر پێشکەشکردووە، لە ساڵی (١٩٨٢ز) کۆچی دوایی کردووە.

**رابیعەی عەدەوی:** ئافرەتێکە کە لە مێژووی ئیسلامەتی دا بە زوهد خواپەرستی بە ناو بانگە و هەندێ کەس وا بۆی دەچن کە هۆنراوەکانی بە سەرەتا سەرهەڵدانی شیعری سۆفیگەری دادەنرێن، ناوی(رابعة بنت اسماعیل ) بووە، لە شاری بەسرە لەدایکبووە، ژیانی زوهدی هەڵبژاردووە و بە گۆشەگیری ژیانی بردۆتە سەر.

**سەنائی:** ناوی (ابوالمجد مجدودبن ادم) ناسراوە بە (سەنائی غەزنەوی) شاعیر و عارفی ئێرانیی سەدەی شەشەمی کۆچییە. گوایە کە یەکەمین کەسە کە بیرۆکە و زاراوە عیرفانییەکانی لە گەڵ ناوەرۆکی دڵداری شیعر ئاوێتە کردووە و هەر وەها بابەت و گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی بە شێوەیەکی بەرفراوان خستووتە روو. لە بەرهەمەکانی:حدیقه الحقیقه، سیر العباد المعاد، طریق التحقیق وکارنامە

**شۆلۆفسکی:** یەکێکە لە فۆرمالیستە رووسەکان، بۆچوونەکانی کارێکی گەورەیان کردۆتە سەر گەشەسەندنی رەخنەی زمانەوانی.

**شیخ ئەبو سەعیدی ئەبوالخەیر:** ناوی(شیخ ابوسعید فضل الله بن ابي الخیر محمد بن احمد میهني) بە یەکێك لە سۆفییە ناودارەکانی کۆتایی سەدەی چوارەم و سەرەتای سەدەی پێنجەمی کۆچی دەژمێردرێت، لە ساڵی (٣٧٥ك) لە شاری (میهەنێ)ی سەر بە خوراسان لەدایکبووە، هەر لە سەرتاوە رێگای زانستی گرتۆتە بەر لەم پێناوە دا زۆر گەڕاوە تاوەکو شارەزای زۆربەی زانستەکانی سەردەمی خۆی بووە، ناوبراو بە یەکێك لە پێشەنگانی سۆفیگەری و شیعری سۆفیگەری دادەنرێت.

**شیخ شەهابەدینی سوهرەوەردی:** ناوی(شیخ شهاب الدین ابوالفتوح یحیی سهروردی)یە، بە (شیخ الاشراق)، (شهاب المقتول)، (شیخ المقتول) ناسراوە، بە دامەزرێنەری حیکمەتی ئیشراق دادەنرێت، بە یەکێك لە زانایانی گەورەی سەدەی شەشەمی زایینی دەژمێردرێت. لە شاری حەلەب بە ئیلحاد و زەندەقە تاوانبارکرا و لە سەر داواکاریی فەقیهەکان و بریارەکەی سەلاحەددینی ئەیووبی و لە رێگەی (مەلیك ڤاهری) کوڕی سەلاحەددینەوە دەستەسەر کرا و دواتر کوژرا.

**گریماس:** یەکێکە لەوانەی کە رۆلێکی بەرچاوی لە دامەزراندنی بناغەکانی سیمیۆلۆژیای ئەدەب بە تایبەت لە بواری چیرۆك و رۆمان دا هەبووە، هەر وەها توانیوێتی لە رێگەی لێکۆلینەوە سیمیۆلۆژییەکانی ژمارەیەك لەو بنەما هاوبەشانەی کە لە حیکایەتە میللیەکان دا دەبینرێن بەدیاربخاتەوە.

**ڤوهیرەدینی فاریابی:** (ظهيرالدين طاهر بن محمد فاريابي) ناسراو بە (ظهير فاريابى) لە شاعیرانی گەورەی ئەدەبی فارسییە، لە شاری فاریابی سەر بە خوراسان لەدایکبووە ـ ئێستا ئەم شارە دەکەوێتە ناو خاکی ئەفغانستان ـ فاریابی لە سەردەمی (قزل ئەرسەلان) رۆیشتووە بۆ ئەزربیجان و بە شیعرەکانی خۆی ناوبراوی ستایش کردووە. فاریابی لە ساڵی (٥٩٨ك) لە شاری تەورێز کۆچی دوایی کردووە. شیعرەکانی بەهێز و کاریگەر بوونە و بە شاعیرێکی گەورە لە مێژووی ئەدەبی فارسی دادەنرێت.

**عەتاری نیشابوری:** (شيخ فريد الدين عطار نيشابورى) شاعیر و عارفی ئێرانیی سەدەکانی شەشەم و حەوتەمی کۆچییە. تەنها یەك بەرهەمی لە شێوەی پەخشان نووسیوە ئەویش(تذکرة الاولياء). بەڵام بەرهەمە شیعرییەکانی بریتین لە: الهى نامە، مصيبت نامە، مختار نامە، منطق الطير.کاریگەرییەکی زۆری بە سەر شیعری سۆفیگەری هەبووە.

**غەزالی:** ناوی (أبو حامد الغزالي بن محمد بن محمد بن محمد بن أحمد الغزالي) لە ساڵی(٤٥٠ك - ١٠٥٨ز) لە گوندی (غەزالە) لە نزیك شاری توسی سەر بە هەرێمی خوراسان لەدایکبووە، باوکی سۆفی بووە و زۆر حەزی لەوە بووە کە کوڕەکەی ئەم رێگایە بگرێتە بەر بۆیە هەموو هەوڵی خۆی لەم پێناوە دا تەرخانکردووە. غەزالی شارەزای زۆربەی زانستەکانی سەردەمی خۆی بووە و بە یەکێك لەو سۆفیانە دادەنرێت کە سۆفیگەریان خستۆتە چوارچێوەیەکی تازە، دەکرێت بڵێین کە (غەزالی) و (ئیبن عەرەبی) سۆفیگەریان لە رێبازێکی زەوقی بەرەو رێبازێك کە گرنگی بە نووسین و توومارکردنی بۆچوونەکانیان دەدەن بردووە .

**فردیناند دیسۆسێر(١٨٥٧-١٩١٣):** زمانەوانێکی سویسرییە لە جنف لەدایکبووە، لە شارەکانی پاریس و جنف دەرسی داوە، دوواتر ئەم وانانە لە پەرتووکێك بە ناوی(کورسی زمانەوانی گشتی) کۆکراونەتەوە، ئەم پەرتووکە لە ساڵی ١٩١٦ز بڵاوکراوەتەوە، (سۆسێر) بە دامەزرێنەری زمانەوانی بنیاتگەرا لەقەلەم دەدرێت کە کاریگەرییەکی زۆری کردۆتە سەر زۆربەی زانستە مرۆڤایەتییەکان.

**کریستوڤا:** (ژولیا کریستوڤا) لە ساڵی (١٩٤١ز) لە بولگاریا لە دایکبووە، لە ساڵی (١٩٦٤ز) بۆ فەرەنسا رۆیشتووە و لەوێ خوێندوویەتی، سەرەتای ژیانی ئەدەبی لەو نووسینانە دەست پێ دەکات کە لە بڵاوکراوەی (تیل کوڤ)ەوە هاوشان لە گەڵ گەورە نووسەرانی

وەکو(رۆلان بارت) و (میشل فۆکۆ) بلاوی دەکردن. کریستوا نووسەرێکی چالاکە و لە چەندین بواری جۆراوجۆر دا لێکۆلینەوەی هەیە وەکو فەلسەفە، زمانەوانی، سیمانتیک، رەخنەی ئەدەبی، سایکۆلۆژی، سیاست، ئیلاهیات. کریستوڤا سەر بەو نووسەرانەیە کە لە فرەنسا بە دامەزرێنەرانی پۆست بنیاتگەری یاخود پۆست ئستراکچریزم دەژمێردرێن. یەکێك لە گرنگترین بەرهەمەکانی دکتوراکەیەتی بە ناوی (شورش لە زمانی شیعری دا) کە لە سالّی (١٩٧٤) گفتگۆی لە سەر کراوە.

**مەنصوری حەلاج:** (ابومغيث عبدالله بن احمد بن ابي طاهر) ناسراو بە (حسين بن منصور حلاج) لە سۆفییە ناودارەکانی سەدەی سێیەم و سەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچی بووە. خۆی خەلکی (بیضا)ی فارس بووە. بە شیمانەیەکی زۆر لە سالّی ٢٤٤ هجری لە دایکبووە. بە هۆی کۆمەلە قسە بیر و بۆچوونی تایبەتی لە سالّی ٢٩٦ کۆچی لە بەغدا بە ئیلحاد و زەندەقە تاوانبار کرا بۆیە بەغدای بە جێ هێشت و بەرەو ئەهواز رۆیشت و بۆ ماوەی سێ سال خۆی لەوێ شاردەوە دوای ئەم ماوەیە شوێنەکەی دۆزرایەوە و لە شاری بەغدا خرایە بەندیخانە، بەم شێوەیە نۆ سالّ لە بەندیخانە مایەوە تاکو لە دووا دانیشتنی دادگایکردنەکەی دا خوێنی حەلاجیان بە حەلال لە قەلەم دا، بەم پێیە لە سالّی (٣٠٩ك) خەلیفەی عەباسی واتە (المقتدر بالله) بریاری کوشتنی حەلاجی ئیمزاکرد و لە کارەساتێکی ناودار لە مێژووی سۆفیگەری دا و بە ڤێزەونترین شێوە ناوبراویان کوشت،(حەلاج) بە یەکێك لە گرنگترین هیماکانی سۆفیگەری دەژمێردرێت.

**مورتەضا موطە هەری:** (آية الله سيد مرتضى مطهرى) یەکێك بووە لە پیاوە ئایینیە ناودارەکانی شیعە لە ئێران، ناوبراو خاوەنی چەندین کتێبە لە بوارەکانی بیر و مەنتیق و فەلسەفەی ئیسلامی، رۆلێکی کاریگەریی لە سەرخستنی شۆرشی ئیسلامی لە ئێران هەبووە، ناوبراو لە سالّی ١٢٩٨(هیجریی شەمسی) لە شاری مەشهەد لەدایکبووە و لە سالّی (١٣٥٨ هـ.ش) دوای سەرکەوتنی شۆرشی ئیسلامی لە ئێران بە دەستی تاقمێك بە ناوی (فورقان) تیرۆر کراوە.

**میخائیل باختین:** میخائیل میخائیلوڤیچ باختین( Bakhtin Mikhailovich Mikhai) فەیلەسۆف و بیردۆزەوانی گەورەی روسی لە سالّی (١٨٩٥ز) لە شاری (موسکو) لەدایکبووە، لە سالّی ١٩١٣ز لە زانکۆی (ئیدسا) وەرگیراوە و دوای سالّێك خۆی

گواستووه بۆ زانكۆی(سنت پترزبورگ)، لەوێ خەریكی خوێندنی زمانی لاتینی و یونانی بووە، یەكێك لەو رۆشنبیرانە بوو كە دژی سیاسەتی(ئستالین) وەستاوە، (باختین) لە رێگەی بەرهەمەكانی خۆی خزمەتێكی گەورەی پێشكەش بە بوارەكانی فەلسەفە، ئەدەبیات، زمانەوانی، سایكۆلۆژی، سیاسەت و پەیوەندییەكانی كردووە، گرنگترین بەرهەمەكانی لە ساڵانی ١٩٢٤ – ١٩٢٩ نووسراون بەڵام زۆربەی ئەو بەرهەمانەی كە پێش ساڵی ١٩٣٠ نووسراون سەر بە بواری ئەدەب نین.

**میشێل فۆكۆ:** لە ساڵی (١٩٢٦ز) لە فەرەنسا لەدایكبووە و لە ساڵی (١٩٨٤ز) لە تەمەنی ٥٧ ساڵی دا بە هۆی نەخۆشی ئایدزەوە كۆچی دوایی كردووە.لە زانكۆ سایكۆلۆژیا و فەلسەفەی خوێندووە، بە یەكێك لە گەورەترین بیرمەندانی سەدەی رابردوو دەژمێردرێت، بۆچوونەكانی كارێكی گەورەیان كردۆتە سەر بوارەكانی فەلسەفە و سایكۆلۆژی و سیاسی و ئەدەبی.

**نابیغەی زوبیانی:** ناوی(زیاد بن معاویة بن ضباب بن جابر بن یربوع بن مرّة بن عوف بن سعد الذبياني)ە، ساڵی لەدایكبوونی بە تەواوەتی دیار نییە بەڵام وا بۆ دەچن كە لە ساڵی (١٨ك - ٦٠٥ز) كۆچی دوایی كردووە. یەكێكە لە گەورەترین شاعیرانی سەردەمی جاهلی، لە ئەدەبی عەرەبی دا شانازییەكی زۆر بەم شاعیرە دەكرێت، لە بازاری عوكازی نزیك مەككەش رۆڵێكی كاریگەری هەبووە لە هەڵسەنگاندن و تەقیم كردنی شیعری شاعیرانی تر.

**نیفەری:** ناوی( محمد بن عبد الجبار بن الحسن بن أحمد النفّري)یە لە شاری (نفر)كە دەكەوێتە سەر كەنارەكانی رۆژهەلاتی رووباری فرات لە دایكبووە، ناوبراو لە ساڵی(٣٧٥ك) بەرامبەر بە (٩٦٥ز) كۆچی دوایی كردووە، ژیان و سەربووردەكانی نیفەری زۆر نارروونن و زانیارییەكی كەممان لە سەریان هەیە تەنیا ئەوەندە ئاشكرایە كە لە سەدەی چوارەمی كۆچی ژیاوە. بۆچوونەكانی كارێكی زۆریان بە سەر سۆفیگەری هەبووە.

**هاورانگ:** یەكێكە لە فۆرمالیستە رووسەكان، بۆچوونەكانی كارێكی گەورەیان كردۆتە سەر گەشەسەندنی رەخنەی زمانەوانی.

**ویلیام پی ئالستۆن:** لە ساڵی (١٩٢١ز) لە ئەمریكا لەدایكبووە،سەرەتا گرنگی بە فەلسەفە داوە بەڵام دوای ماوەیەك رووی كردۆتە فەلسەفەی زمان، لە سەرەتای هەفتاكان لە

بواری مەعریفە و فەلسەفەی ئایین کاری کردووە، بە یەکێك لە دیارترین شارەزایانی فەلسەفەی ئایین دەژمێردرێت.

**یان مۆکارۆفسکی:** یەکێکە لە فۆرمالیستە رووسەکان، بۆچوونەکانی کارێکی گەورەیان کردۆتە سەر گەشەسەندنی رەخنەی زمانەوانی، رۆلێکی کاریگەری لە دامەزراندنی قوتابخانەی زمانەوانی (پراگ) هەبووە، گرنگییەکی زۆریشی بە سیمیۆلۆژیا لە بواری ئەدەب داوە.

**یێلمزلۆڤ:** زمانەوان و سیمیۆلۆژیستێکی دانیمارکییە، لە بواری سیمیۆلۆژیا دا و بە تایبەت چەسپاندنی بۆچوونەکانی سۆسێر خزمەتێکی شایانی پێشکەشکردووە،بە یەکێك لە دامەزرێنەرانی سیمیۆلۆژیای مۆدێرن دادەنرێت.

**ب- زاراوەکان:**

**Homonymi:** بریتییە لەوەی کە داللێك چەند مەدلوولی هەبێت.

**Polsemy:** بریتییە لەوەی کە چەند داللێك بۆ مەدلوولێك بەکاربهێنرێن، وەکو ووشە هاواتاکانی نێو زمانێك.

**ئۆنۆماتۆپیا:** بریتیە لەو ووشەیە کە پێکهاتە دەنگییەکەی لاسایکردنی دەنگێکی سرۆشتی بێت وەکو(ورشە ورش، خرپە خرپ، باڕەباڕ، بۆڕەبۆڕ... تاد).

**ئایکۆن:** جۆرێکە لە جۆرەکانی نیشانە، لەم نیشانەیە دا پەیوەندیی لێکچوون لە نێوان دال و مەدلوول دا بەدی دەکرێت، بە گشتی وێنە سروشتێکی ئایکۆنی هەیە، هەروەها نیشانەکانی هاتوچۆش بە نیشانەی ئایکۆنی دەژمێردرێن.

**ئیندێکس:** جۆرێکە لە جۆرەکانی نیشانە کە تێیدا پەیوەندییەکی هۆکاری لە نێوان دال و مەدلوول دا بەدی دەکرێت، وەکو دووکەڵ کە نیشانەی ئاگرە.

**پۆست ئستراکچریزم:** یاخود پۆست بنیاتگەری کە عەرەبەکان (ما بعد البنيوية)ی پێ دەڵێن. میتۆدێکی رەخنەییە کە لە دوای بنیاتگەری بەڵام هەر لە سەر بناغەکانی بنیاتگەرییەوە دامەزراوە.

**پارادیگماتیك:** ئەو پەیوەندییەیە کە لە نێوان رەگەزە نائامادەکانی زمان دا لە ئارادایە، شوێنی ئەم پەیوەندییانە مێشکی مرۆڤە، لە سەر ئەم بناغەیە دەتوانین بە پەیوەندییە پارادیگماتیکییەکان بڵێین پەیوەندییە جێنشینییەکان، بۆ نموونە لە **رستەی:** رزگار نانی خوارد. ناوی رزگار لە گەل هەندێ ناوی تری وەکو شاخەوان، نازدار،...تاد لە پەیوەندییەکی جێنشینی دان، دیسانەوە ناوی گۆشتیش لە گەڵ ناوەکانی سێو، گۆشت،... تاد لە پەیوەندییەکی جێنشینی دان.

**پارۆل:** بەشە تاکە کەسییەکەی توانایی دووانە، واتە (ئاخاوتن) کە لایەنی پەرەزمانیش بە خۆیەوە دەگرێت، ئەم بەشە فیزیکی - دەروونیە، کەواتە پارۆل یاخود ئاخاوتن ئەو بەشەیە کە دیاردە تاکەکەسیەکانی زمان بە خۆیەوە دەگرێت، یاسا و دەستوورە چەسپاوەکانی زمان بەرپرسیار نین لەو شێوازەی کە قسەکەر لە زمانی رۆژانە دا بەکاری دێنێت، لەوانەیە زۆرجار لەم یاسایانە لا بدات بەلاّم ئەمە پەیوەندیی بە جەوهەری زمان واتە لانگەوە نییە بەڵکو دەچێە چوارچێوەی پارۆلەوە.

**خەرقە:** جلێکی تایبەت بە سۆفییەکانە بە تایبەت ئەوانەی کە لە سۆفیگەری دا چەند قۆناغیان بڕیوە وەکو شێخەکانی ئەم ڕێبازە، خەرقە هێمایەکە بۆ دوورکەوتنی سۆفی لە خۆشی و لەززەتەکانی جیهانی ماددی.

**دایکرۆنیک:** ئەوەیە کە بە هۆیەوە لەو گۆڕانکارییە مێژووییانە کە بە تێپەڕبوونی کاتەوە لە زمانەکان دا روو دەدەن دەکۆلینەوە، دەکرێت بە لێکۆلینەوە دایکرۆنیکیەکان بلێین لێکۆلینەوەی مێژوویی.

**دەقاوێزان:** لە زمانی فەرەنسی(Intertextualit) و لە زمانی ئینگلیزی دا(Intertextuality)ی پێ دەوترێت، زاراوەیەکە لە زاراوەکانی سیمیۆلۆژیای مۆدێرن، لە ڕەوانبێژی کۆن دا لە ژێر تیشکی زاراوەی دزی ئەدەبی باسی لێوە کراوە، لە سەر ئەم بنەمایە کار دەکات کە هەر دەقێك پەیوەندی بە دەقەکانی پێش خۆی و هەر وەها دەقەکانی دەورو پشتی خۆی هەیە و هیچ دەقێکی دابڕاو لە قەکانی تر لە ئارادا نییە.

**سماع:** واتە فەرهەنگییەکەی بریتییە لە گوێگرتن بەلآم لە بواری سۆفیگەری دا بۆ ئەو سەما و لەیزینە بەکار دەهێنرێت کە هاوکات لەگەڵ ناى و دەف و خوێندنی شیعر و گۆرانی ئەنجام دەدرێت.

**سنکرۆنیکی:** ئەوەیە کە بە هۆیەوە هەر زمانێك لە سەردەمێکی دیاری کراو وەکو سیستەمێکی پەیوەندی کردنی سەر بەخۆ باسی لێوە دەکرێت و لێی دەکۆلرێتەوە، واتە بریتییە لە لێکۆلینەوە لە زمانێکی دیاریکراو لە سەردەمێکی دەستنیشانکراو دا، دەکرێت بە لێکۆلینەوە سنکرۆنیکییەکان بلێین لێکۆلینەوەی وەسفی.

**سیگنال:** عەلامەت، زیاتر بۆ نیشانە نازمانییەکان بەکاردەهێنرێت.

**سیمبۆل:** لە روانگەی پیرس جۆرێکە لە جۆرەکانی نیشانە، لەم جۆرە نیشانەیە دا پەیوەندیی لێکچوون یاخود پەیوەندییەکی لۆژیکی و سروشتی لە ئارا دا نییە وەك نموونە دەتوانین ئاماژە بدەین بدە سیستەمی زمان کە تێیدا هیچ پەیوەندییەکی لۆژیکی لە نێوان دالەکان و مەدلوولەکان دا نییە، بۆ نموونە هیچ پەیوەندییەك لە نێوان ووشەی دیوار و ئەو چەمکەی کە لە پشتییە نییە و لە هەر زمانێکدا ووشەیەکی تایبەتی بۆ بەکاردەهێنرێت، بەلآم لە روانگەی (سۆسێر) زاراوەی سیمبۆل جیاوازە لە نیشانە چونکە لە سۆسێر لە روانگەی رەخنە و رەوانبێژی کۆن روانیوەتە

چەمکی ئەم زاراوەیە، لە سیمبۆل دا پەیوەندییەکی لێکچوون لە نێوان دال و مەدلوول دا هەیە وەکو ئەوەی کە دەووترێت تەرازوو سیمبۆلی دادوەرییە، لە پێناو جیاکردنەوەی ئەم دوو جۆر بەکارهێنانە لە هەر شوێنێك کە پێویست بێت ئەوەمان بەدیارخستووە کە مەبەست روانگەی کام لەم بیرمەندانەیە. لەم نامەیە دا چ لە بەشی تیۆری و چ لە بەشی پراکتیکی دا سوود لە هەر دوو روانگە وەرگیراوە واتە وەکو سۆسیر سیمبۆلمان لە چەمکی نیشانە دوورنەخستووە و وەکو پیرسیش بە تەواوەتی ئەو چەمکە کۆنەی کە لە پشت زاراوەکە دایە فرامۆش نەکراوە.

**سینتاگماتیك:** بریتییە لەو پەیوەندییانەی کە لە نێوان ئەو یەکانەی سەر بە ئاستێکن و لە یەکەوە نزیکن و لە چوارچێوەی ووتەیێکی دیاریکراو یان دەربرینێکی دیاریکراودا دەبینرێن، واتە دەکرێت بڵێین مەبەست ئەو پەیوەندییانەن کە لە تەوەرەی ئاسۆیی زمان دا لە نێوان یەکە پێکهێنەرەکانی دا بەدی دەکرێن و دەتوانین ناوی لێ بنێین پەیوەندییە هاونشینەکان، بۆ نموونە لە رستەی: رزگار نانی خوارد، لە نێوان ووشەکانی رزگار، نان، خوارد پەیوەندییەکی سینتاگماتیکی لە ئارا دایە.

**لانگ:** یاخود(زمان) ئەو بەشە ئۆرجینالەیە کە لە جەوهەری خۆی دا کۆمەلایەتییە ،ئەم بەشە تەنیا لایەنێکی دەروونی بەخۆیەوە دەگرێت بەم پێیە زمان سیستەمێکە کە لە کۆمەڵە یاسا و پێوەرێکی چەسپاو پێك دێت و بە شێوەیەکی روون لە مێشکی تاکەتاکەی قسەکەرانی زمانێك دا هەیە و لە سەری دەرۆن.

**هێرمۆنۆتیك:** زاراوەی (هێرمۆنۆتیك) لە بنەرەت دا ووشەیەکی یونانییە، مەبەست زانستی راڤەکردن یاخود (تأویل)ە، سەرەتا بۆ لێکدانەوەی دەقە ئایینیەکان (تەورات و ئنجیل) بەکاردەهێنرا دواتر گوێزراوەتەوە بۆ بوارەکانی تر.